
ڕامان
مانگنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات
١٩٥



کاری هونەری هونەرمەند: شۆرش ئامین
(سرود)

# ڕامان

١٩٥

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ ئابی ٢٠١٣



- **خاوەن ئیمتیاز**

  شەوکەت شێخ یەزدین

- **سەرنووسەر**

  ئازاد عەبدولواحید

- **بەڕێوەبەری هونەری**

  سەرکەوت وەلی

- **مۆتیڤ و پۆرترێت**

  قەرەنی جەمیل

- **بەرگ**

  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 009647504494662

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی رامان

● **دەق**


- ڕەنگ کردنی کەش/ جەلال بەرزنجی/ 3
- بۆق/ ئەدیب نادر/ 4
- شیرین و جوانە زمانی عیشق/ نالە حەسەن/ 7
- خەو لێ هەڕمی/ بێری بهار/ 8
- سەگان و گورگان/ لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی/ 9
- حەمایل/ مقداد شاسواری/11
- لە شەوێکی بارانیدا/ ک. د. ئازاد/ 15
- هەمین دڵی گیرابوو/ ناسر فەتحی/ 20
- تەختکۆ/ ئاهوارا ئاکۆ/ 28
- کچۆڵە/ لە فارسییەوە: نەشمیل کرمانج/ 30


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (عەلی ئولفەتی) شاعیری هاوچەرخی کرمانشان/ ئا: شەریف فەلاح/ 33
- وتوویژێک لەگەڵ (فەهمی کاکەیی)ی نووسەر سەبارەت بە ڕێنووس و زمانی کوردی/ ئا: حەیدەر عەبدوڵڵا/ 47


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- ئەدەبی بنیادنانەوەی مرۆڤ/ عەبدولغەنی کاکۆ/ 53
- ڕێبواری عیشق و ئازادی/ ئەکرەمی میهرداد/ 74


● **وتار**


- پێرستی ئۆتۆماتیکی/ محەمەد ئەمین شاسەنەم/ 79
- دەوری ژن لە چەند دەقێکی ئەدەبی زارەکی و نووسیاریدا/ عومەر محەمەدی/ 82
- فەلسەفەی لائۆتسە و کۆنفشیۆس/ لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد/ 87


● **هزر و فەلسەفە**


- ڕەهەندەکانی فەلسەفەی زانستی کەلام/ د. حەمید عەزیز/ 91


● **بیرەوەری**


- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 103


● **زمانزانی**


- زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عیراق و دەستووری هەرێمی کوردستاندا/ د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 109


● **مێژوو**


- مووساسیر، ڕووگەی ئوورارتوویەکان/ شاڕوخ حەسەن زادە/ 121


● **هونەر**


- سەدەی ڕابردوو، بارودۆخی نووسین و کاری دراماتۆرگی!/ مەهدی ئومێد/ 129
- دوالیزمی سەرەتا و کۆتایی/ وەهبی ڕەسووڵ/ 135
- هونەری هەورامان لە تەرازووی بەراورددا/ دارا محەمەد عوسمان/ 139


● **خوێندنەوەی کتێب**


- خۆشیی دەق/ هاشم سەڕاج/ 148
- بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە/ ئەحمەد حەقناس/ 155


● **نرخاندن**


- (ڕامان) گۆڤاری قەڵەمە جیاوازەکان/ نەژاد عزیز سورمێ/ 158


● **سووکە لەنگەر**


- لە بێ تەعەسوبی کوردان/ د. هیوا شەمسی بورهان/160

# ڕەنگ کردنی کەش

**جەلال بەرزنجی**
**(کەنەدا)**

هەندێ جار،
پاش بارانی ئێوارەی بەهاران،
پەلکەزێڕینە،
دەبێتە قەڵەم ڕەنگێکی سێ چوار سەر،
لە باخەڵی سروشت دێتە دەرەوە،
لەبەر مەزنیی ئاسمان دەچەمێتەوە،
ئازادە ئەوەی بەکاری بێنێ.
ئەو ڕۆژانە کە دەچمە دەرەوە،
قەڵەم لەگەڵ خۆم نابەم،
ئەو بەدەست دەگرم،
کەشی هەستمی پێ ڕەنگ دەکەم.
کە بەهاریش تەواو دەبێت،
ئەو جارە هەستم،
بە ڕووتی،
دەچێتە دەرەوەی خۆم،
گەرما ڕەنگ دەکات.
دەرگای ماڵەکەم
ڕووی لە چیایە.
هەمیشە واڵایە.
ئەو جووڵەی بای باکوور،
ناوە ناوە لە ناو هەوا دروستی دەکات،
یەکسەر لە لامە،
هەستم بە ئارەزووی من ڕەنگ دەکات.
جاران ئەرکی گرتنەوەی ڕەنگم بە خەیاڵم سپاردبوو.
ئێستا،
خەیاڵم چیتر ئەوەم بۆناکات.
نیگەران نیم.
وشەم هەیە،
بۆ ڕەنگ کردنی کەشی هەستم،
لە هەموو وەرزەکان،
ئەو ڕەنگەم بۆ دەگرێتەوە،
کە مەبەستمە.



# بۆق

**ئەدیب نادر**
**(بەریتانیا)**



لێرە.. ئاسمانی سێپتەمبەر سەرشارە بەو باڵندانەی کۆک دەکرێن، ئەو شەقامەی بازاڕێکی بچکۆلانە لە پشتی خۆیەوە دەئالێنێ، ئاشنای سەربوردە قەوزاوییەکان دەبێت، شتەکان... دەست پێدەکەن، ژیانێکی تۆزاوی، دنیایەکی دووبارە، یادەوەرییەکی درێژکراوە هەتا نێو دارەباز و خۆڵەمێشێک کە تارماییە هیساوییەکان لە تاریکییەکەدا بەجێیان هێشتووە، بۆقێکیش کە دەڵێی گەڵایەکی ڕەونەقدارە بە زاری کاوڕێکەوە کوڵمەی لەککاوی خۆی دەڕووشێنێ و ئیکسیری شەونخوونیی چاوە دەرپۆقیوەکانی ژاوە دەکەن، دەیەوێ چەمە لەناو یادی شار بەجێماوەکە گۆرانییەکانی خۆی وەبیر بێتەوە، بەڵام ئاسمان.. بیابانە بیابان، زەویش.. وەک لم شانازی بە زەردییەکانی خۆیەوە دەکات بانێژەی دنیا و منداڵدانی یادەوەری لێرەدایە، ئەو شوێنەی هەموو بەیانییەک تاریکیی دەموچاوی خۆی لێ دەشوات، شتەکان.. لێرەوە دەست پێدەکەن، تارماییە ناسازەکان ماڵەکەی باوکی دەکەن بە پێستەی قەقنەس و خۆڵەمێشیش نغرۆیی نیشتمان مشتوماڵ دەدات، ژیان کتێبێکی نادیارە شەو نووسینە داگیرساوەکەی بە کوژانەوە فریو دەدات، یادەوەری هەمیشە لێرەیە، چی لەگەڵ دنیایەکدا پێدەکرێت کە لە ڕاکردن بەولاوە فێری هیچی دیکەی ناکات، لەوە زیاتر کە دروستی بکاتەوە.

کە لە سایەی تەنەکە ژەنگنەکانی ئۆردووگایەک ڕادەوەستێ، دەڵێی پۆرترێتێکی بێ ڕتووشە، دیوارە هیساوییەکان لە چوارچێوەیان کێشاوە، ناتوانێ ببێتە سیحربازێکی کارامە و فوویەکی سپی بکاتە ناو کڵاوە ئارەقاوییە بۆن ناخۆشەکەی، ئەنگووستەکانی دە منداڵی هاروهاج نین یاری بە تۆپەڵە پەڕێکی بێگەرد بکەن، یاری بە چڵەدارێکی تۆزاوی بکەن، لێرە.. تەنیا هەڵاتن ستایشی بەردەکەوێت، لێرە.. یادەوەری هەرێمی بەزەیی نەناسی ئەشکەنجەیە، تەنیا دڵی بەجێماوی سەرنشینە

ناچیزەکان بە ستایش لێوانلێوە، لە کوێن، لەسەر پشتی بەردەکان چوارناڵەیانە، یان.. لەسەر قیژەی بریندار تیترواسکە نادیارەکانی ئێواران، سەرەمەرگی ڕۆژێکی دیکە بەیان دەکەن، یان.. لەسەر ئاستانەی ئەو مانگە بابانییەدان کە تریفەی نییە، بکەوێتە سەر بێشکەی ماڵە نەزۆکەکان، لەسەر لاپەڕەی جەڕێنراوی چامەیەکدان کە دێرە سیخناخەکانی وەک تەناف ڕووت و قووتیان دەکاتەوە و لە هەناسەی درێژی شەوەکاندا قەتیس دەمێنن، یان.. دنیا و یادەوەری لێرەوە دەست پێدەکەن مانگێکی بابانیی لەککەدار لەچاوە پەژمووردەکانییەوە بەدنیای تاریکی شەودا شۆڕدەبێتەوە خوارێ، شەباقە بەقەوارەی دەبەخشن ڕێژنەیەکی چەمووش شکۆی شتەکان لە ڕێکوپێکیی دوور دەخاتەوە، دەڵێی دەسترێژی قەدەرە دەیهێنێتە ژێر چارداخی گەڕیدەیی پێڵووە قورسەکانی هێشتا دەسازۆ نین لە دڵۆپەکاندا سمکۆڵ دەکەن، سەرنجە پەرتەوازەکانی شالاوی تلۆربوونەوە ڕایان دەماڵێت، دەزانێ.. ئیدی لەودیو ئێوارە پێشبینی نەکراوەکاندا، بێشەلانی بەیەکداچووی پیتەکانی ئەلفوبێ بواری ڕۆشنایی پێشبینییەکی نوێ نادەن، سەری دەبێتە تەلەزمی بە نێلە نێلی هەسارەیەکی گەڕیدە بێ هەدادان بەرەو پێوارییەکان دەکشێت، بێ هەدادان بە وێڵگەکانی دنیادا ڕادەبوورێت، میداڵیای گوزەرانە ونجرونجر و کلۆڵ کلۆڵ ڕەتبووەکەی، لە ئەڵهایدا هەروەکو باڵندەی سرووش ڕووناکییەکە هەڵدەنیشێت، تونێلی ئومێدە ڕاپسکاوەکان بزری دەکەن و ئیتر دەکەوێتە پێش چوارناڵە بەردەوامەکانی دووبارە خۆ دۆزینەوە.

ئەبجەدییەتەکەی ئەو، جوگرافیایەکی ئابلۆقە دراوە، کافێک سەرقافڵەچییەتی، کاف ئیسفەنجێکی دوو ڕەنگە فرمێسکی هەورەکان هەڵدەقوڕێنێ و هیسی سەر دیوارە کۆنەکان مشتوماڵ نادات، دەزانێ.. شەوەکەی ئەو بە شەوی هیچ کەسێک ناچێت، هەیڤێکی پیس و لەککەدار خۆی پیادا هەڵدەپەسێرێت، تەنیا هەڵەتە ڕژدەکان دەکات بە خلیسکەی سەرپۆشی تریفە چلکنەکانی، ئیتر بە پەڕەسێلکە هەمیشە نائارامەکان شەباهەت پەیدا دەکات ڕوحی پاکانە بۆ ئەو ساپیتانە دەکات کە باڵەفڕە بێ دواییەکانی ڕەسم دەکەن و دەبن بە ڕازی سەمەرەی هاتووەکان چاو بۆ ماڵی خوا دەنێرێت، ئاشیانەی نیگا بەرزەفڕەکانی تێدا هەڵواسێت، لە تەلیسمێکی وەدی نەهاتوو بەولاوە هیچی دیکەی بەدی ناکات، مەحکوومە، ئەو گوڵەگەنمەی دنیا دەکات بە کێڵگەی زێڕ، هەورە برووسکە دەیخاتە باوەشی بێ میهریی قەرەبرووت هەستی گلاو بوون ئاڵوودەی دەکات، لە دنیایەکدایە دەستەپاچە، دەستەپاچەیە بتوانێ شتێکی لەگەڵدا بکات.

کاف ئاوەدانییەکە دارستانی ڕەشی دووکەڵ سەرهەڵبڕینەکانی دزێو کردووە، زرێپۆشی ساڵەکانیش هەتاکو مەوداکان بڕکات کشاون، بانیجە دوورەکانی جۆلانەی تیشکن بەر شووشەی پەنجەرەیەک ناکەون، جێگایەک پڕناکەن لە بینین، لەژێر سێبەری سەرنجی خامۆشی پەنجە برۆنزییەکانیدا، خۆڵەمێش خەریکە سەدای خۆی بیر نایەتەوە هەناسە ماندووەکانی پاشماوەی میعراجی ئەو مەشقەلانە بەردەوامەن کە سیمبۆلی ئەو دیبارەیە پاسارییە سەرگەردانەکان لەبیر خۆیانی دەرناکەن.

کاف.. ئاوایی عیشقە، باوکی بۆی بەجێهێشتووە، دیواری بەرزی هیساوی دەوری دەدات، سەرڕووی دەلاقەکانی برین ڕوونیان دەکاتەوە و پیتەکان.. تاسەی یەکگرتن دەیانخاتە چنگەکڕێ، هەڵدەوەرن ماڵی دڵێک تاریکی بەیاد ناسپێرێت، هومایۆن.. تاجێکی لەپەڕ دروستکراوە و نایەتە بیری، کەی لەسەری شەبەنگە مەلوولەکەیدا هەڵنیشتووە، نایەتە بیری تاراوگە چەنێکە خەونەکانی خستووەتە نێو دەریاوە، مەودا ئەبەدییەکان ناخیان خاڵی کردووە لە شالوورەکانی سەراب، تازە باران سەمای تەڕبوونی فێر ناکات، تازە ژیان ڕۆژێکی بەسەرچووی یادی ئەوە و هەر بەتەنیا پەلکەزێڕینە دوورەکان، گیرفانی منداڵییە بەتاڵەکەی سەرشار دەکەن.

کاف.. ئاوایی عیشقە، بە درێژایی خەونە پێوارەکانی، ساتەکان دەستەمۆن، ئاسمانی منداڵییە تازە دەرکەوتووەکەی پڕە لە باڵندەکانی تیشک، پیاسەی ڕەبەنییە هەمیشەییەکەی درەوشانەوەی ئەو شەقامەی لێ دەچۆڕێت، کە خۆی لە ڕەنگی خۆڵەمێش هەڵناکێشێ، چەشنی لاولاوە لێک دوورەکانی ئەڵماس، دەیەوێ.. بەژنی داستان ئامێزی چامەیەک بۆ هەڵگەڕان پەیدا بکات، وەک چرۆ لە پەپوولە دوورەکانیش تاسەی ئەوەی تێدا هەڵقووڵێت کە خۆرێک بگەڕێتەوە و ئاسۆ بکات بە

کەناری دەریای تەڵایی خەونەکان، لە فەزایەکی کێویلەدا لە پشت ئەو درەختە دووکەڵاوییانەدا ملەقوتێ لەگەڵ هاتوودا بکات کە لە دوورگەی چاوەڕوانیدا وەک تاپۆ ڕاوەستاون سەرگوزەشتەکانی ژێر سمی ئەسپە ئاسنینەکانیان وەبیر دێتەوە، هێشووی دووکەڵە سەخییەکانی کاف و دووکەڵی نەزۆکی کاتیان وەبیر دێتەوە.

لە ئێوارەیەکی وادا.. فلاشباکێک، ئەو ئەفریدە ڕیوەڵە و ساویلکە، وەک پەپوولە لە دەوری چراوگێکی فریودەر کۆدەکاتەوە، لەسەر سیمای ئاوێنەکانی دوێنێ نیگا میلانکۆلییەکانیان، دەستەگریاوەکانی پاڕانەوەن ئەو کەوشانەیان نیازە کە پێیە ڕاکردووەکان لەبیریان کردوون، لە دڵنیاییە لەبارچووەکانی دوێنێ سەرسام دەبێت حیلەی کۆلکەزێڕینە نادیارەکان و بازدانەکانی بەسەر تراویلکە چەمووشەکان پاشەکەوت دەکات، نەزۆکیی ئاسمانەکان چارداخی ڕۆژە بەتاڵەکانێتی، دەیەوێ.. باوەڕ بەوە بێنێت کە ڕۆژێک، دەگاتەوە ئەو جوگرافیا پڕ سنوورەی هەورێک نییە جاربەجارێ بۆی بگریەت، دەیەوێ.. باوەڕ بەوە بێنێت کە ڕۆژێک دەگاتەوە ئەو ئەسپە سرکەی لە زینە هیساوییەکان بێزارە تا لەسەر پشتی زێڕینیدا چوارناڵە دەوڵەمەندەکان، لانەی بزری سوێسکە بە حیکمەتەکان و ڕەگوڕیشەی گۆیژەکانی سەر ڕێگای بۆ دەدۆزنەوە، بەڵام ڕۆژەکەی لە بالەکۆنەیەکی پڕ تۆزوگەردەوە هەڵدەدێرێ لە کلاوڕۆژنەیەکەوە داهاتوو نابینێ، شیوەنەکانی وەک پەڕەسێلکە لە بنمیچی یاد دەدا، ئاسمان.. نەزۆکە نەزۆک، زەویش.. وەک دووکەڵ شانازی بە سووتانەکانی خۆیەوە دەکات، لەبەردەمیدا چوارچێوەی پەنجەرەیەک نییە ڕووبەڕووی تەوەفانێکی جوانی بکاتەوە، کناچەی ئێوارەکانی غەریبیی بۆ وێستگەکانی ڕابردوو دەیگێڕنەوە ئەو وشانە بەسەریدا دەبارێن کە لە ژێر گومەزە درۆزنەکاندا دەبوون بە نامە، دەبوون بە قۆزاخەی ئەو ڕاڕاییانەی پڕیان دەکرد لە سەدای دەنووک و چڕنووکە تۆخەکان، دیسان دووکەڵ و هیسە تاریکەکان هێرش بۆ ئەو گاڤە دەبەن کە یادەوەری داڵدەی دەدات، دەربیجەکانی ئەندێشەی بەڕوودا زەردهەڵدەگەڕێت، وەک تاسەی ئەو گوڵەبەڕۆژانەی ڕوخساری هەتاو سەریان قورس دەکات، گوێی لە شەقەقەی باڵەکان نابێت، دیسان لە ئاوێنەی ئاوڕدانەوە خۆی دەبینێتەوە، دەمامکێکی خوازراوی نییە هەتاکو بیشارێتەوە، ژیانی ڕاکردووی دەکەوێتە ژێر دیوارە هیساوییەکان و دووکەڵ باڵندەکانی ئێستای موتوربەی وەرزێک دەکات، کافە تاریکەکەی دەخاتە ژێر ڕەشماڵی گەڕەلاوژە ئیتر هیچ شتێکی ناوێ هەر بە تەنیا بەرماڵە کۆنەکەی دایکی و بۆنوبەرامەی ئەو زەمینەی هێشتا باوەش بە هەڵاڵە سەخییەکانی گشت وەرزەکاندا دەکات و ئەو نزا خەمناکانەیش کە بە نینۆکی هەڵکێشراویان بۆ دەربیجەیەک دەگەڕێن پێیدا بچێتە ژوورەوە و ببێت بە بۆقێکی بچووک، لەناو ئەو تۆزقاڵە ئاوەی گۆرانی لەبیرچووەتەوە ژاوەژاوی دەنگی بپژێ و بگاتە ئا ئەو شەقامەی هەرچەنێ دوورکەوێتەوە منداڵییە چڵکن و قەوزاوییەکەی هێشتا پیاسەی لەسەر دەکات.

**ئاب ١٩٩٦: لەندەن– ئۆکتۆبەر ٢٠١٠: هەولێر**

# شیرین و جوانە زمانی عیشق

**ناڵە حەسەن**
**(کەنەدا)**



کچێک لە نێو کتێبە پیرۆزەکانی عەشق
خۆی بە من ناساند
منیش لەنێو هاوارە ئیرۆسییەکانی شیعر

ئەو بە ڕەنگە زەردەکانی پاییز و
منیش بە ڕەنگە شەرابییەکانی شیعر

لە بەیانییەکی غەمزەیی خەونێکی سپیدا
تابلۆی ئاوێزانبوونەکانمان ڕەنگ دەکەین

ئەو بە پارچە سوورەکانی مانگ و
منیش بە ئەستێرە پڕشنگییەکانی شیعر
لە شەوە تاریکەکانی عیشق
بەدوای یەکتریدا دەگەڕێین

ئەو لەگەڵ پەپوولە سپییەکانی بەهار و
منیش لەگەڵ وردە ماسییە دڵگەشەکانی شیعر
گۆرانی عیشق بۆ یەکتری دەڵێین

ئەو بە دڵۆپە شەونمەکانی ئارەزووی
منیش بە وشە ئیرۆسییە دڵتەڕەکانی شیعر
لێوە وشکەکانی یەکتری تەڕ دەکەینەوە

ئەو بەتارایەکی وەنەوشەیی تەنک و
منیش بە گەڵای گوڵە شلێرییەکانی شیعر
لە مانگەشەوێکی هاویندا
یەکتری دادەپۆشین

ئەو بە زمانی شیرینی عیشق
منیش بە زمانی شەونمی شیعر
هەموو شەوێک یەکتری دەلاوێنینەوە

ئەو بە زەردەخەنە زێڕینییەکەی سەر ڕوخساری
منیش بە نەرمە بارانە دوای نیوەڕۆیەکانی شیعر
حەسرەتەکانی غوربەتمان دەڕەوێنینەوە

ئەو بە ماچ و لێو مژینە نەرمەکانی
منیش بە خونچە خەیاڵێکی تازەی شیعر
هەموو بەیانیان یەکتری بێدار دەکەینەوە

**سەرەتای پووشپەڕی ٢٠١٣**

# خەو لێ هەڕمی

**بێری بهار**
**(ئامەد)**



دیسا شەڤ د ناڤا خوە دە قەهری
خەوا شەڤێ لێ هەڕمی...

عەورێن بار(ان) گران،
ژ شەڤێ ڕەشتر،
ب سەر دە دگری،
لەهیا هێسران دحەڕکە هێدی هێدی،
وەک بچە دزیا فەقیران،
ل کۆلانێن بێخوەدی،
هێدی هێدی دلڤینن سڤێرنەکێن پووش...

خەو هەڕمی،
دژواری،
د دل دە دلیزە،
هەمان شانۆیێن واتەشوور،
قەتلا گومانان دکە،
ب پەیڤ و هەڤۆکان...

هەر تشت ب سەر دە تێ،
دبە قووپک.
گرەک بلند، سەر سپی.
هەمان خرابی جهێن خوە دزانن،
شەڤرەشی،
خەوهەڕمی،
غەریبی،
و...
د ناڤ گەرماهیا هلمەک تینناس،
ل نک تە درێژ،
دەستێن خوە درێژ بکی، وێ ماچی بکە.
هلما ئەڤینەکە، هوورک،
وەک کولیلکەکە هەسپان، هەری سپی، چاڤبەلەک،
ئەوە، مانیا ل دووری مایین،
کو تە،
بێ وەلات دئەگلینە، سیا هلمەک گەرمە، تە ل دووریتیێ
ب شیر و هنگڤ،
خوەدی دکە...

**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (فیغانا پێنووسێن نازک) ڕووپەلێن (٤٢-٤٣) هاتیە وەرگرتن، پەرتووک ژ بەرهەڤکرنا (ئەڤین شکاکی)یە و ژ وەشانێن دەزگەهێ (ڕۆناهی: ئانتۆلۆژی٣١)یە، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا ٢٠١٢ێ ل ئامەدێ چاپبوویە.**
**«ڕامان»**

# سەگان و گورگان

**مەهدی ئەخوان سالێس**
**لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی**
**(تاران)**

(١)

هەوا سارد و بەفر هێور دەبارێ،
لە هەوری بێ سەدا و بۆر باوی بێ دەنگ
بە داباریني ورد ورد و لەسەرخۆ
دەنێرێ بۆ زەوی مەودا بە مەودا بەرگی تازە

سروودی هۆبەیی بێ ڕۆژەنی شەو
سروودی ڕێژنە باران و کڵاوەی بەفرە ئەمشەو
بەڵام لەم لوورە لوورەی باوە دیارە
کە شەو میوانی با و بۆرانە ئەمشەو

بەنێو دانەی بەفردا «با» لە خولدایە و
بەخوڕ دەڕژێ بەسەر باڵی کراوەی باوە، باران
لە ناخی هۆبەیی تاریکی شەودا،
شەوی تۆف و کڕێوەی ساردی زستان بۆتە میوان.

دەنگی سەگان:
– «زەوی سارد و بەفر پۆش و تەڕ و تووشە،
هەوا تاریک و با و بۆرانی تووڕە
بە شێوەی گورگی دەشتان با دەلوورێنێ
بەڵام ئێمەی بە بەخت و بەختەوەر بۆچی بترسێین؟»
– «لە کن چێشتخانەیی ئەربابی خۆمان
لەسەر ئاردی هەڕەی خۆش و نەرم نووستن،
چ خۆش و دڵپەسەندە، جا لەوێدا
ئەزیزت پێ بڵێن و گیان ببیستی

– «لەسەر خوانیش هەرچی بۆت ماوە بیخۆی،»
– «ئەوەش خۆ گەر نەبێ، ئێسکێ دەبێ هەر.»
– «چەنێ عومرێکی ئاسوودە و چ دنیایەکی خۆشە،
– چ ئەربابێکی ئازیز و بە ڕوحمە!»

– «بەڵام قەمچی!.. بەڵایەکی گرانە..»
– «بەڵێ وایە، دەبێ هەر جۆرە ڕاوەستین لە بەریا
ئەگەرچی ئێشی ئێجگار زۆرە ئەمما
دڵی پێمان دەسووتێ ئاخر ئەرباب،



دەهێڵێ وەختێ ئەهوەن بۆوە ڤینی،
کە سەر دانێینە سەر پێڵاوەکانی
دە ئەژمێرێ ژمارەی زامەکانمان
کە ئەم دڵسۆزییەش ئێمە، هەلێکی باش دەزانین..»

(۲)

گڤەی دێ با و دەبارێ بێ وچان بەفریش،
لە تاقی هۆبەیی بێ ڕۆژەنی شەو،
شەوی تۆف و کرێوەی ساردی زستان
وەها زستانی وەیشوومێ، کە سواری ئەسپی مەرگە

دەنگی گورگان:
– «زەوی سارد و بەفرپۆش و تەڕ و تووشە،
هەوا تاریک و با و بۆرانی تووڕە
بەشێوەی دەستەیی سەگ با دەلوورێنێ
زەوین و ئاسمانیشمان لەگەڵدا هەر بە ڤینە»

– «شەو و باداوەیی سامناک و یاخی،
شەو و سارای بەخۆف و سۆزی سەرما
بەڵای مردن، تەزووی سەرما،
بەسەر ئێمە و بەسەر دەشتا دەکا حوکمات..»

– «نە سووچی گەرمی ناو هێلانە هانایە و
نە ئەشکەوتی لە کوێستان سەرپەنایە»
– «تەنانەت لێرەوارێکی بچووکیش ئێمە شک نابەین
کە بێ ترس ماندوویی لێ بەدەر کەین جاروبارێ..»

– «لە بۆسە دوو دوژمن دەژی دایم
دەدەن ئازاری ئێمە بەردەوام ئەم دوو نەیارە
دەرێ: سەرما، لە ناخی ژوورەوەشدا: تینی برسێتی
هەموو ئازای وجوودی داتەنیوین..»

– «بەڵێ دوو... ئێستێ ئەمما.. سێیەمین دوژمن...
لەناکاو
لە بۆسەی هاتە دەر بۆ گیانی ئێمە.
.. تفەنگی پڕ لە گوللە و... بێ بەزە و دڵ ڕەق
.. نە پێی ڕۆیین بەرەو پێشێ، نە گەڕیانیش بەرەو
دواوە....»

– «بەفر وەختێتی بینۆشە! شەڵاڵی خوێن بە، داگیرسێ
کەوا ئەم خوێنە، خوێنی داڕژاوی لانەوازانە
کەوا ئەم خوێنە هی گورگانی برسی بێ نەوایە
کەوا ئەم خوێنە، خوێنی ڕۆڵەکانی دەشت و سارایە»

– «لە ئەم سەرمایەدا، زامار و برسی،
پەشێو و دڵ پەرۆش هەڵدێین بەسەر بەفرا، وەکو با
بەڵام سەربەرزی ئازادی هەتا هەین
دەپارێزین، کە ڕزگارین و ئازاد..»

**فەرهەنگۆک:**

**ڕۆژەن: ڕۆچن، ڕۆچنە**

**باداوە: تۆف، کرێوە**

**تۆۆش: هەوای زۆر سارد و بارانی**

**ئاردی هەڕە: ئاردە مشار (خاک ارە)**

**کڵاوە: دەنکی درشتی بەفر**

**وەیشووم: بەڵا، نسیبەت**

**بۆسە: کەمین**

**سەرچاوە: کتاب «زمستان»، انتشارات مروارید، تهران، چاپ اول ۱۳۳۵(۱۹۵٦ز).**



# حەمایل.....

**مقداد شاسواری**

پەری وەک ئەوەی کەسێک ڕاوەدووی نابێ بە پرتاو خۆی کوتایە ژوورێ، کە تۆی بینی خۆت خەملاندووە و هەستاویتەتەوە و ئامادەی دەرچوونی، واقی وڕما و بە نەرمی بەسەرتدا قیژاندی.

– شێت بوویتە؟ ئەقڵت مابوو ئەویشت لە دەست دا.. ئاخر بەم دنیا تووشەوە کەس دەچێتە دەرێ داپیرەکەم.. دەبچۆ بزانە گوێت لە چریکەی باڵندەش دەبێ تا بە مرۆڤ ڕابگا..

تۆ ژوانت هەبوو، هەر دەبوایە بچیتە دەرێ، نەخاسمە ئەمڕۆ، کە دڵەکوتێیەکی سەیرت بوو. هەندێ جار پێکەنینت بەخۆت دەهات. " ئاخر مەگەر ئەم دڵە پیر و تەمەڵەی من ئەو هێز و تاقەتەی تێدا ماوە ئەم کوتە کوتە بکات" بە دەستە لەرزۆکەکانت بەدوای حەمایلەکەی سەر دڵتدا گەڕایت و کاتێ کەوتە ناو دەستەکانت بردت بۆ دەمت و ڕاتمووسی. ساڵەهای ساڵە ئەم حەمایلەی ملت هێزی مانەوەت پێ دەبەخشێ و ترپەی دڵت ڕێک دەخات. پڕت دەکات لە وزەی چاوەڕوانی و بۆتە کانیاوێک بەردەوام هەداری و سەبرت تێدا دەڕژێنێ. خۆت نەبێ کەس نازانێ ئەم حەمایلە چی تێدایە. ئەو هەموو ساڵە نە بۆ کەسێکت درکاند و نە بۆ چرکەیەکیش لە خۆتت جیاکردەوە. هەمیشە دەستێکت لەسەر دڵت و لەسەر ئەم حەمایلە بووە. دەتگوت هێزی ژیان و وزەی چاوەڕوانی لێ وەردەگری. تۆ نەتبینی، بەڵام پەری بە حەپەساوی بەدیارتەوە ڕاوەستابوو، چاوەکانی ئەبڵەق و دەمی کراوە و هەردوو دەستی بەسەر ڕوومەتەکانییەوە بوو. دەتگوت ئەمڕۆ داپیرەیەکی جیاوازتر لە داپیرەی ڕۆژان و ساڵانی پێشوو لە بەرانبەری خۆیدا دەبینی. ئەو ڕوخسارە پیرەی کە دەتگوت زەوییەکی بێ پیتە و جووتیارێکی نەشارەزا و بێ ئومێد بە دوو وڵاغی چەمووش و هەوجاڕێکی کوول کێڵابووی و هەموو هێڵە چرچەکانی بەناویەکدا چووبوون و تێک ئاڵابوون، ئەمڕۆ

درەوشانەوەیەکی سەیری تێ کەوتبوو. پەری نەیدەزانی لێت دەترسێ، یان دەبێ باوەڕ بەوە بکات نوورێک زاوەتە نێو شانە مردووەکانی پێستی ڕوخسارتەوە. پەری بە ترسەوە سەیری چاوەکانتی کرد و وای هەست کرد بینایی لە دەستچووت گەڕابێتەوە، تەنانەت بێ گومان بوو لەوەی تۆ ئێستا ئەو دەبینی، بەتایبەت کاتێ کە بزەی سەر لێوانتی بینی، هیچت لە دوێنێ نەدەچوو، چیت بەسەرهاتووە، چ موعجیزەیەک رووی داوە؟ دەستێکی لەبەرانبەر چاوەکانتدا هێنا و برد، بەڵام هیچ جووڵەیەکی لە ئاراستەی نیگات بەدی نەکرد.

– داپیرە.. چی ڕوودەدا.. ئەمڕۆ هیچ لە ڕۆژانی تر ناچیت..

تۆ پێکەنیت، پەری وای هەست دەکرد، مێشکی وەک بەستەڵەکی بەر هەتاو خەریکە شەقاری تێ دەکەوێ، ترسا لە شێت بوون.

– ئەمڕۆ ڕۆژی پێک گەیشتنە کچەکەم.. تەواو، کۆتایی هات، ئەی گوێت لە ترپە شێتانەکانی دڵم نییە، ئەمڕۆ کۆتایی بە ساڵانی چاوەڕوانیمان دێ، تەواو.. دەرگاکان بکەوە پەری.. پەنجەرەکان بکەوە کچەکەم.. ماڵ برازێنەوە، چێشتێکی خۆش لێ بنێ، ئەمڕۆ هەموویان دێنەوە.. هەموویان..

پەری لە ترسی شێت بوونی خۆی، وەرسووڕا. نەیوێرا زیاتر ڕووبەڕووت ڕاوەستێ و سەیری ئەو حاڵەتە بکات کە تێی کەوتبووی. لایەکی دەرگای کردەوە. هوڕوژمی بایەکی سارد و پڕووشکە باران و دەنگی گرمەی هەور، وەک ڕەوە گورگێکی هار ویستیان پەلاماری ژووری بدەن، خێرا و بە زەحمەت دەرگای داخستەوە.

– گوێت لێ بوو داپیرەکەم.. هەورێکی ئەوەندە ڕەش و ترسناکە دەڵێی ئاسمان هەر هێندەی بەژنی مرۆڤێکی ماوە داتەپێتە سەرزەوی و هەموومان پان بکاتەوە.

تۆ، وەک ئەوە وابوو جووتێ باڵت پێوە هاتبێ و مەیلی زۆرت بۆ هەڵفڕین هەبێ و هەموو کون و ڕێگایەکی دەرچوونی لێت گرتبێ. وردە وردە تووشی هەناسە تەنگی دەبووی. گەیشتبوویە حاڵەتێک بەسەر پەریدا بقیژێنی. تووڕە بوونێک و پێویستیت بە هاوارکردنێک لەناخەوە هەڵدەکشا و گەیشتبووە ناو قورگت، بەڵام پەری، ئەو یادگارە جوان و شیرینەی لەدوای ڕۆژە ڕەشەکەدا لە باوەشت لەنگەری گرت و دواتر بۆت بوو بە هەناسەی ژیان، لە پەرۆشیی بوو بۆ تۆ کە نەیدەهێشت بەم باوبۆران و هەورە تریشقەیەدا بچیتە دەرێ. ئاخر تۆش بۆ ئەو، یادگارییەک بووی لە هەموو کەسەکانی، کە دەبوایە بمێنی. دەبوایە بە زیندوویی بمێنی تاکو بە یەکجاری بێ کەس نەمێنێتەوە، تۆ بۆ ئەو بۆنی باوک بوویت و ئامێزی دایک، نەشیدەزانی تۆ شەوی ڕابردوو، خەونی گەڕانەوەی هەموو ئەوانەت بینیوە کە لە ڕۆژە ڕەشەکەدا، کەوتنە نێو کەڵبە تیژەکانی ڕەوە سەگێک و گەردەلوولێک بردیانی.. ئەنفالێک هەموویانی ڕاپێچ کرد و کەس نەیزانی بۆ کوێی بردن...

– پەری.. کچەکەم لەسەر ڕێگام لاچۆ و ئەو دەرگایەم بۆ بکەرەوە.. هەناسەم تەنگ بووە.. خەریکە دەخنکێم گوڵەکەم..

تۆ دەنگت لەرزی و پەریش دڵی، ئاخر لەرەی گریان لەناو دەنگتدا بوو، پەری هەستی پێ کرد، بۆیە دڵی لەرزی، بەهێواشی لەسەر ڕێگات لاکەوت و دەرگاکەی بۆت خستە سەر پشت. بە دەست، ئەوت کە دەیویست لەگەڵتا بێت، گەڕاندەوە و بە بێ دەنگی تێت گەیاند حەزت لێیە بە تەنها بڕۆیت. تەوژمی "با" بە هێزەکە، پاڵی پێوە نایت بۆ ژوورەوە، بەڵام تۆ هەموو هێزت دایە بەرخۆت و بێ منەتانە لە "با" و سەرما و پڕووشکە ساردەکانی باران دەرگاکەت لە پشت خۆتەوە پێوەدا. کەمێک ڕاوەستایت، سەرێکت بەرزکردەوە، دەستیشت بەرز کردەوە، بەڵام بەر ئاسمان نەکەوت " ئەی پەری بۆ گوتی هێندەی بەژنی مرۆڤێکی ماوە ئاسمان بگاتە سەر زەوی" دەتگوت لەناو هەورە ڕەش و تێکچڕژاوەکاندا بەدوای کەسێک، یان شتێک، یان پەیامێکدا دەگەڕایت. دەتگوت ژوانت لەگەڵ کەسێکا هەیە و دەتەوێ پێی بڵێی " ئەوەتا من هاتم.. ئەی کوا تۆ.. لە کوێیت" پێویستیت بە کەس نەبوو بتخاتە سەر ڕێگاکە و ڕێنوێنیت بکات. ڕێگاکە خۆت دروستت کردبوو، چەندان ساڵ، بەهەموو ڕۆژەکانییەوە بەسەر ئەم ڕێگایەدا ڕۆیشتبوویت، نیازت بە چاو و بە بینین نەبوو تا بە سەریدا بڕۆیت و نەکەویتە لاڕێوە. ئەمڕۆ شپرزەیییەک بە هەنگاونانتەوە دیاربوو. ئەو هەندە بە خێرایی هەنگاوت دەنا قاچەکانت تێک دەئالان. ڕێگاکەت بەلاوە هەر درێژ و درێژتر دەبۆوە. نەتدەزانی تۆ چاوەڕوانی کەسانێکیت، یان کەسانێک لەو سەرگردەوە دانیشتوون و چاوەڕێی

چوونی تۆ دەکەن بۆ لایان. دەستێکت بەسەر حەمایلەکەی سەر دڵتەوە بوو، دەستێکیشت دابووە بەرخۆت تا چڕنووک لە عەرزە تەڕەکە گیرکەیت و هەورازاییەکە ببڕیت. پێیەکت خلیسکا و کەمێک خشایتە دواوە، دڵیشت لەناو سنگتا خلیسکا و دارڕژا، شەوقی ترسناکی برووسکەکەت نەبینی چۆن پانایی ئاسمانە ڕەشداگیراوەکەی وەک بریقەی شمشێرێک لەتوپەت کرد، بەڵام گوێت لە شریخە و گرمەی هەورەکە بوو کە دەتگوت هەموو قووڵایی ئاسمانەکەی تەنی. ڕۆژان و ساڵانی ڕابردوو تووڕەبوونێک هەموو گیانتی داگیر کردبوو. نەتدەزانی لە کێ و لە چی، بەڵام تووڕەبوونێک وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو، کە هەرگیز نەتەقێتەوە، لەناو دڵت دانرابوو. هەموو فەزای ناو سنگت و کاسەی سەرتی پڕ کردبوو لە هەوایەکی قورس. ئەمڕۆ، لەوە دەچوو ئەو تووڕەبوونە لەناو دڵی تۆ لاکەوتبێ و چووبێتە ناو دڵی ئاسمانەوە. ئەمڕۆ ئاسمان لەباتی تۆ تووڕە بوو. هەورەکە بێ پرانەوە دەیگرماند و دەیشریخاند. نە لەوە دەچوو قولپی گریانێکی زۆر قورس، گەرووی ئاسمانی گرتبێ و توانایی گریانی نەبێ، نە ئاسمان هێلنجی دەهات و دەیویست بەسەر ئەم زەوییە پیس هەڵگەڕاوەدا بڕشێتەوە و هێزی ڕشانەوەی تێدا نەبێ، نە ئاسمان دەیویست بە پانایی خۆی بەسەر زەویدا بتەپێ و هەموو شتێک لەژێر قورسایی خۆیدا بخنکێنێ و چی هەناسەیە ببیڕێت.

ئاخر نەدەبوایە مرۆڤەکان ڕۆڵی ئاژەڵە دڕندەکان ببینن. پەیامی ئاسمان وانەبوو زەوی ئاوها پیس هەڵگەڕێ و بۆگەنی دایگرێ. ویستی ئاسمان وانەبوو مرۆڤەکان یەکدی بخۆن و بەسەر خۆیاندا بڕشێنەوە.

تینت دایە بەرخۆت و لە هەورازاییەکە سەرکەوتی. چوویتە ناو کوخەکە و لەسەر تاشەبەردەکە دانیشتی و چاوت بڕییە ڕێگاکەوە. پێویستت بە بینایی نەبوو. ئێستایش کە تەمێکی خەست هەموو ئەو خوارە و ناو چەمەکە و قەدپاڵی کێوەکانی بەرانبەرتی داگرتبوو، تۆ بە زولاڵی ڕێگاکەت دەبینی، تەنانەت هێلانەیەکت بەسەر دارێکەوە بینی کەوتە بەر چەپۆکی ڕەشەباکە و چۆلەکە دایکانەکەت بینی زەرنەقووتەکانی یەکە یەکە بە دەمەوە دەگرت و دەیویست بیانگوازێتەوە بۆ شوێنێکی پەنا، کەچی لە نێوانی ڕێگادا، یەکە یەکە لە دەمی کەوتن و کەوتنە بەر ڕەشەبا و دڵت بۆیان سووتا. دەروێشێکت بینی کەشکۆڵێکی بە ملەوە بوو خۆی سپاردبوو بەدەم بایەکەوە، تەنانەت گوێت لە قاقای پێکەنینەکانی بوو. دەتگوت گاڵتە بە دنیا و گەمەکانی دنیا دەکات. لە پڕا برووسکەیەک لێی دا و ئەوەندە بە خێرایی تواندییەوە دەتگوت هەر لە بنەڕەتدا دەروێشێک بوونی نەبووە، تۆش بزەیەک هاتە سەر لێوت. مام جووتیارت بینی لە چۆمەکەوە دەرچوو، توند ئامێزی بە بنەدارێکەوە ناو لە ترسی ئەوەی نەوەکا وەکو پووشەکایەک، ڕەشەباکە بیبا و چیدی کەس نەیبینێتەوە، کەچی ڕەشەباکە دارەکەی لە ڕەگەوە هەڵتەکاند و بە مام جووتیارەوە بردی. " دەبێ ئەمە دنیایەک بێ و ئێمەی مرۆڤیش تێیدا بژین، یان هەموومان ئەکتەری ناو فیلمێکی ترسناکین و هەرکەسە و ڕۆڵێک دەبینێ و لە شوێنێک و بە شێوەیەکی هەندێ جار کۆمیدی و هەندێ جاریش تراژیدی کۆتایی بە بوونی دێ". ڕێگا پێچاوپێچەکەشت وەک هەموو ئەو ڕۆژانە دەبینی کە هێشتا بیناییت ڕووناک بوو. پەری بە لێوەلەرزە و بۆڵە بۆڵە بێ بڕانەوەکەی، خۆی فڕێ دایە نێو کوخەکە و لە شوێنێکا گرمۆڵە بوو.

-ئاخر ئەوە من دەتناسم و گومانم لە ئاقڵ بوونتان نییە. هەر کەس بەم وەزعەوە بتبینێ ناڵێ پیرێژن شێت بووە. بەم سەرماوسۆڵە و تۆش...

– منیش بەم دووچاوە کوێرە...

– ئاخر داپیرە.. ئەوە گریمان ئەوان بەربوون. بەم دنیا تووشە ملی ڕێگا دەگرن؟! نەوەڵلا.. لە شوێنێکا ئۆقرە دەگرن تا دنیا خۆش بکا ئەوجا دێنەوە... ئەویش ئەگەر...

– دڵی من ئەو ئەگەرەی تێدا نییە پەری.. کچەکەم. دڵی من ئەمڕۆ وەک هیچ ڕۆژێکی تر نییە. دەڵێی باڵندەیەکە و مژدەی ئەوەیان پێ داوە ئەمڕۆ لە قەفەز دەردەچێ. من ئەمڕۆ دڵنیام ئەوان دێنەوە..

– داپیرە... بە قوربانی ئەو دڵەت بم.. تۆ ئەم هەموو ساڵە لە چاوەڕوانیدا وەڕەز نەبووی؟.. بێ تاقەت نەبووی؟.. ئومێد بڕاو نەبووی؟.. ئەوە سەبری ئەیووبە تۆ هەتە.. یان خۆڕاگری یەعقووب. تۆ ئەوەهەندە خۆت ئازار دەدەی لە کاتێکا هەمووان دەڵێن ئەوان...

– ئەوان نەماون؟! نا، ئەوان ماون. دڵی من وا ناڵێ پەری، هەناسەیەکی ساردت هەڵکێشا و ماوەیەکی پێ

چوو تا هەناسەکەت دایەوە. پەری ترسا، ترسا لەوەی ئەو هەناسەیەی هەڵتکێشا نەیەتەوە و تۆ بەم سەرماوسۆڵە وشک و ڕەق هەڵگەڕێیت. هەناسەکەت گەلێ سارد بوو. هێندە سارد بوو خەریک بوو ڕوحت بمەیەنێ. هەندێ تینت دایەوە بەرخۆت. ئاراستەی نیگات پاشییەوە سەر ڕێگا هەزار پێچەکەی بەردەمت و لە زەینتدا گەڕایتەوە بۆ ڕۆژە ڕەشەکە.

– دواتر گوێم لە " سعاتی سفر" بوو. پێشتر بەر گوێم نەکەوتبوو. ئەو بەرەبەیانە لە چرکەساتێکا دەتگوت بوومەلەرزەیەکی یەکجار بەهێز گوندەکەی ڕاتەکاند. کەس نەیزانی چی ڕوودەدا. دەنگی تەقە و هاتوهاوار و فیزاح و بگرە و بەردەیەک بوو هەمووماں پەشۆکاین. هەر نەمانزانی دەبێ چی بکەین. لەچی و لە کێ هەڵبێین و بەرەو کوێ و ڕوو لە کێ هەڵبێین. هەر نەمانزانی مەترسییەکە لە ئاسمانەوەیە، لە ژێرمانەوەیە لە زەوی، لەسەر ئەرزەکەیە.. نەمانزانی. وەک شارە مێروولە چۆن دەکەوێتە ژێر پێی فیلێک، وامان لێ هات. ملمان بەیەکەوە دەنا. هەمووی دەگریا. ئایەت و ویرد و دوعامان دەخوێند. سەرمان هەڵبڕیبوو بۆ ئاسمان قودرەتێک بەهانامانەوە بێت. ڕەوە گورگێکی کەڵب تیژ و برسی بوون تێمان بەربوون، یان ڕەوە سەگ بوون و هار ببوون... نەمانزانی، بەڵام هەرچییەکی بوون، کەسێک نەبوو چغەیەکیان لێ بکات کچم پەری... کەس نەبوو. لە ئاسمان هەر تەنها برووسکە دەیشریقاند و هەور بێ ڕاوەستان گرمەی لێوە دەهات. وامانزانی ئەمە ڕۆژی حەشرەکەیە. ئێ بەڵام بۆ هەر ئێمە؟ خۆ قابیلە ڕۆژی حەشر هەر بۆ گوندەکەی ئێمە هەلستابێ.. ئەی بۆ کەس بە هاوارمانەوە نەگەیی.. بۆ کەس وەحەیەکی لەو ڕەوە گورگە نەکرد.. نازانم.. بەبەرچاومانەوە دەیانگرت و دەیانکوشت و دەیانشێلاو دەیانفلیقاندەوە و دەیانسووتاند و.. چووزانم. ڕۆژێکی ڕەش بوو. هەمووان نووستبوون تا ئێمە قڕ بکرێین. کەس واگا نەهات. کەس ورتەی لێوە نەهات. ئێ خۆ ئێمە لە دوورگەی واقواق نەبووین. بۆ وا تەنها کەوتینە بەر کەڵبەی ئەو گورگانە، نازانم.. هەرچی نێرینە بوو بردیان. ڕاپێچیان کرد، هەرچی کچی عازەب و جوان بوو بژاردەیان کردن و بردیانن.. دەستیشیان لە کەس نەپاراست. باپیرەتیان برد. باوکت.. هێشتا دەنگی باوکت لەناو گوێچکەکانما دەزرینگێتەوە " دایە.. دایە.. پەری ئەمانەتی خوا و تۆ.. پەری ئەمانەتی خوا و تۆ".. دەنگی پڕ بوو لە گریان.. لە بێ چارەیی. لە بێ دەسەڵاتی. من لەپەوڕوو کەوتبوومە سەر ئەرزەکە و هەر بە چنگم زەویم دەڕنییەوە.. نەمدەزانی سەیری کامیان بکەم. فریا نەکەوتم تێر سەیری هیچ کامێکیان بکەم.

دایکت..

قوڵپی گریان قسەی پێ بڕیت. ماوەیەکی پێ چوو تا ڕێگای هەناسەت کرایەوە..

– دایکت.. کتومت وەک تۆ و ئێستات وا بوو.. باڵابەرز و باریک و جوان.. بینیم کەوتبووە بەر پێیەکانی یەکێک لە گورگەکان. هەردوو پێی گورگێکی لە ئامێز گرتبوو.. دەپاڕایەوە.. دەکڕووزایەوە. بە قوربانی دەبوو.. عەرد و ئاسمانی هێنایە شەفاعەت. ئەوان بە زمانی ئێمە قسەیان نەدەکرد. زمانێکی تریان بوو. ئێمە هیچ نەماندەزانی ئەوان چی دەڵێن. ئەوانیش لە ئێمە نەدەگەیشتن. نازانم لە کوێوە هاتبوون. ئەوسا وامانزانی لەو بەرزاییانە لە هەسارەیەکی نەدۆزراوەوە هاتوون، یان چڵکاوی ژێر زەوی بڵقی داوە و ئەمانی لێ دەرچوون. هیچیان لە مرۆڤ نەدەچوو. ئاخر مرۆڤ شەڕ دەکا، بەڵام ئاوها دڕندانە ناکەوێتە وێزەی هەموو شتێک. نا.. بێ گومانم ئەوان لە ڕەگەزی مرۆڤ نەبوون.. بینیم، ئەو دڕندەیەم بینی بە بەرچاومەوە، دەمانچەکەی لەناو قەدی کردەوە و هەموو گوللەکانی لەناو سەری دایکت بەتاڵ کرد. پێم سەیر بوو. ئاخر گورگ و سەگیش هەندێ جار بەزەییان دەجووڵێ، کەچی ئەمانە جۆرێکی جیاواز بوون لە ئاژەڵی دڕندە. من لە ترسا تۆم گرتە ئامێز و هەڵاتم. ترسی ئەوەم هەبوو تۆش بکوژن، چونکە منداڵی زۆریان کوشت. خۆم کوتایە ناو مزگەوتەکە، کە نیوەی ڕووخێندرابوو، ئاگریشی تێ بەردرابوو. گوتم، بەڵکو فریشتەکانی خوا لەوێ بن و تکایان لێ بکەم تۆ بپارێزن، بەڵام لەوێش نەبوون، چونکە هەموو کتێبە پیرۆزەکانیش ئاگریان گرتبوو و دەسووتان. پەلاماری یەکێک لەو کتێبە پیرۆزانەم دا. هەموو پەڕەکانی شەهید ببوون، هەندێکی لێ مابوو. لێم کردنەوە و نەمهێشت بسووتێن. چەند پەڕەیەکم لێ کردەوە و هەڵمگرت نەمهێشت بسووتێن. ترسام نەوەکا خوا غەزەبمان لێ بگرێ، هەرچەندە ئێمە نەمانسووتاندبوو، ئەو دڕندانە

سووتاندبوویان، بەڵام ترسام باریتەعالا غەزەب لە ئێمە بگرێ، بەڵام دڕندەکان ئاگریان لە هەموو شتێ بەردا، تەنانەت دەستیان لە کەلامی خواش نەپاراست، بۆیە زانیم مەلائیکەتەکان لەوێش نین. پەڕەکانی کتێبە پیرۆزەکە و تۆم هەڵگرت و هاتینە دەرێ و مزگەوتەکە بەسەریەک داڕما. ڕۆژێکی ڕەش بوو.. گەلێ ڕەش...

دەستێکت بە حەمایلەکەی ملتدا هێنا. بردت بۆ دەمت و ماچت کرد و ڕاتموسی، دواتر گەڕاندتەوە شوێنەکەی خۆی، سەر دڵت. دەستێکی ترت بە ئارامی بەسەر داهێنا..

– نازانم چەند ساڵ.. چەند سەد ساڵ.. چەند هەزار ساڵ.. چەند ملیۆن ساڵی کێشا.. ڕۆژە ڕەشەکە دەڵێم.. گەلێ زۆری کێشا.. وەختی بینیم گورگەکان و سەگەکان لەوێ نەماون، باوکت و باپیرتیش نەماون.. تەرمی دایکیشت لەوێ.. لەسەر زگ ڕاکشابوو و سەری لەناو گۆمی خوێن چەقیبوو. سێ مامەت، چوار برای من.. دوو خاڵۆت.. چووزانم.. هەمووی.. هەموویان بردن.. بۆ کوێ نازانم.. لەو ساوە ساڵەهای ساڵە چاوم بڕیوەتە ئەو ڕێگا هەزار پێچەوە تا ڕۆژێک ببینم وا ڕێچکەیان بەستووە و یەک بەدوای یەک دێنەوە.. ڕۆژانە هەر لە سپێدە زووەوە تا ئێوارە.. لە کازیوەوە بۆ زەردەپەڕ.. هەر چاوەڕوانم.. شەوانیش ڕێگاکە لوول دەدەم لەناو چاوەکانمدا و کاتی خەوتن ڕای دەخەمەوە و دیسان هەر چاوەڕوانم.. نەوەکا شەوێک بێنەوە و ئاگام لێ نەبێ.. ئیدی نازانم ئەوە ڕێگایە وەک مارێکی درێژ پەپکەی داوە، یان پێڵووی چاوەکانی منن ڕاکشاون.. زۆر پاڕامەوە خوا چیم لێ دەسەنێتەوە با بیسەنێتەوە بەس تەنها چاوەکانم بۆ بێڵێ تا چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بم، بەڵام ئەویشم بۆ نەمایەوە.

– دەی باشە داپیرە، کە بینایت نەماوە با نۆرەی گوێچکەکانت بێ، لە ماڵەوە دانیشە و گوێ شل کە بۆ دەنگی دەرگا، هەر وەختێ هاتنەوە لە دەرگا دەدەن..

– نا کچم نا.. نا پەری.. کێشەی من لەم چەند ساڵە کورتەدا نییە کە لەم دنیایە چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکەم. من دەبێ لەو دنیاش بەدیار ڕێگای گەڕانەوەیاندا چاوەڕوانی بکەم تا قیامەت هەڵدەستێ..

– پەری هەستا و گوتی: باشە داپیرە.. با بە دڵی تۆ بێ.. من دەچم خواردنت بۆ دێنم. دەبێ برسیت بووبێ..

هەستت دەکرد هەوا قورسەکەی نێو سینگت نەماوە. ئیدی دڵت نەپەڵماوە. هەستت بە سووک بوون و ئاسوودەییەکی زۆر دەکرد. ئیدی نە گوێت لە گرمەی هەور دەبوو و نە جەستەت هەستی بە سەرما دەکرد. دەتگوت باڵت لێ ڕوواوە و مەیلی فڕینت هەیە. ئا.. مەیلێکی سەیرت بۆ هەڵفڕین هەیە.. تەنانەت هەستت بە شەقەی باڵەکانت کرد. سەروەختێ خۆتت بینی لە ئاسمانێکی بێ سنووردا دەفڕیت و بینایت ئەوەندە تیژە هەموو نهۆمەکانی گەردوونی تێدا جێ بۆتەوە. دوای مردنت، تەقەڵەکانی حەمایلەکە، بە دەستی مەلای گوند کرایەوە. ئەویش ماچی پەڕە پیرۆزەکانی کرد و گوتی: ئەمە سورەتی پیرۆزی ئەنفالە لەناو ئەم حەمایلەوە و نوور لە گۆڕی ببارێ هەم کاتی خۆی لە سووتان ڕزگاری کردووە و هەم ماوەی ۲۳ ساڵە کردوویەتی بە حەمایل و لەسەر دڵی دایناوە...



# له شەوێکی بارانیدا

**ک.د. ئازاد**
**(بانە)**

له تاران دەگەڕامەوە!

باران به خوڕڕەم دەباری و شیشـه پاککەرەوەی ماشـێنەکەم فـریا نەدەکەوت بارانەکـه پاک وەکا. به جـوانی جادەی پێشەوەی خۆم نەدەدی.

کات، له نیـوەشـەو لای دابوو. شـەو، تاریک و جاده چۆڵ بوو. به دەگمـەن له ڕووبەڕووم ماشـێنێک دەهات و ڕەت دەبوو. که ماشێنێک له ڕووبەڕووم ڕا دەهات، چاوم بەر شەواره دەکەوت.هیچم نەدەدی. ناچار هێواش دەڕۆیشتم.

دەنگی زیرەک له ناو مـاشـێنەکـەدا تێکەڵ به دەنگی ڕکـێـفکوتی باران و غـژەی ڕۆیشـتنی مـاشـێنەکـه دەبوو و سەمفۆنیایەکی بێ وێنەی دەخولقاند!

**«دەچمه سەر ناڵه شکێنێ بەرانبەر مەحموود ئاوا**
**وەی وەی بەرانبەر به میراوا**
**یاری من هەر کەژاڵه چاوی کاڵه**
**سووره گوڵی باخی ساوا پێم بڵێن بۆچی تۆراوه......»**

* * *

گەیشتمه سنووری پارێزگای کوردستان!

بارانی بەهاری تاوێک خۆش دەبۆوه و دووباره به خوڕڕەمتر دادەبارییەوه!

بە شاری بیجاڕدا تێپەڕیم، ویستم لادەم و نانێک بخۆم، زۆربەی چێشتخانەکان بەسترابوون.

- قیروسیا لە قاوەخانەیەکی سەر ڕێگا نان دەخۆم!

کە دەمویست لە شاری بیجاڕ وەدەرکەوم، لە دوورەوە شۆقی ماشێنەکەم دای لە کەسێک کە بەو نیوە شەوە دەستی لە ماشێنەکە حەوا دەدا تا ڕاوەستم.

" با کەسێک بەم شەوە هاوڕێم بێ و لە تەنیایی دەرم بێنێ! "

خێرایی ماشێنەکە زۆر بوو و نزیکەی زیاتر لە بیست سی میتر دوورتر ڕامگرت و پاشەو پاش کشامەوە.

گەیشتمە عاستی کەسەکە و ڕاوەستام. دەرگای کردەوە و هاتە ژوور.

تازە زانیم ژنە!

- سوپاس کە ڕاوەستان

- ببوورە بۆ کوێ دەچی؟

- بۆ سنە!

ناچار وەڕێ کەوتم. نەمدەتوانی بڵێم دەگەڵ خۆم ناتبەم!

دەنگی زیرەکم کز کردبوو و هێواشتر دەڕۆیشتم.

ژنەکە تەڕ تەڕ بوو و لە هەموو گیانی باران دەتکا.

- ببوورە ماشێنەکەشم تەڕ کردی! سەعاتێک زیاترە چاوەڕوانم!

لەچکەکەی دانا و هاویشتییە سەندەڵییەکانی پشتەوە و لە ناو جانتاکەی دەستی، لەچکەیەکی تازەی دەرهێنا و لە سەری کرد.

بە گەرمای کوورەی ماشێنەکە گیانێکی تری هاتەوە بەر.

- بەم نیوە شەوە و بارانە، چۆنە سەر ڕێ کەوتووی؟

- ناچارم!

لە بەر شۆقی چرای ژووری ماشێنەکە جار جار لام دەکردەوە و سەیرم دەکرد.

تەمەن، نزیکەی بیست و پێنج ساڵانە. چاو و برۆی کێشراو و جوان و دەموچاوێکی سپی و ڕێک. دەستێک قژی ڕەشی مەیلەو خورمایی بە ناوچاوانە بڵێندەکەیدا لە چەپەوە بۆ ڕاست کشابوون.

باران هێواشتر ببۆوە.

هەر دوو بێ دەنگ بووین!

زیرەک هێواش دەیناڵاند:

**ئەی مانگ من و تۆ هەر دوو هاو دەردین**

**هەر دوو گیرۆدەی( با نەمێنم) یەک ئاهی سەردین**

.......................

لام کردەوە. هاوڕێکەم ئەوەندە ماندوو بوو، خەوی لێ کەوتبوو.

لە دوورەوە چرای قاوەخانەیەک وەدیار کەوت. نیزیک بووومەوە و لەبەر دەرکەی قاوەخانەکە ڕامگرت.

دڵم نەهات ژنەکە وەخەبەر بێنم. سووک دابەزیم و چووم بو ژوورەوە. بەو نیوەشەوە بارانییە و لەو چۆڵەوانییە، قاوەخانەکە مشتەری نەبوو. قاوەچی پیاوێکی تێکسمڕاوی بە خۆوە بوو. تەمەنی زیاتر لە چل ساڵ دەبوو.دیار بوو چاوەڕوانی مشتەرییەکی وەک منی دەکرد!

- سڵاو. چایی و نانێک دەخۆم. هەیە؟

- بە خێر بێی. فەرموو. هەرچی بتەوێ!

- تکایە یەک دوو هێلکەم بۆ بکەرە هێلکە و ڕۆن و دەگەڵ ماست و...چایی...

- بەسەر چاو!

چایەکی بۆ دانام و چوو بۆ لای سازکردنی شێوەکە!

من خەریکی نان خواردن بووم و قاوەچیش دەگەڵ سەماوەر و چایەکەی خەریک بوو. لە پڕ ژنەکە وەژوور کەوەت!

قاوەچی هاواری کرد:

- فەرموو خوشکم!

دوایە ڕووی لە من کرد:

- ئەی بۆ نەتفەرموو کە خێزانیشت دەگەڵە!

ژنەکە نەیهێشت من وەڵام دەمەوە بە بزەیەکی شیرین جوابی قاوەچی دایەوە!

- خەوتبووم. دڵی نەهاتووە خەبەرم کاتەوە! تکایە بۆ منیش یەک دوو هێلکە بێنە.

قاوەچی وەشوێن سازکردنی شێوی ژنەکە کەوت و ژنەکەش هات و بەرانبەرم دانیشت.

- ببوورە! ئاوا باشترە! با هەر وا بزانێ ژن و مێردین!

- فەرموو تا نانەکەی ئێوە دێ شتێکم دەگەڵ بخۆ.

زۆر ئاسایی و وەک ئەوەی هەر بەڕاست ژن و مێرد بین، هات و دەستی بە خواردن کرد.

قاوەچی هێلکە و ڕۆنی ژنەکەی هێنا و لە سەر مێزەکەی دانا و خۆی ڕۆیشت!

دوو بە دوو ئەویشمان خوارد. ژنەکە هیچ ئاڵقەیەکی کە نیشان بدا ژنی مێردانە لە دەستیدا نەبوو!

"که وایه شووی نەکردووە"!
وا ئاسایی دەجوولاوە دەتگوت ساڵەهایە یەکتر دەناسین!
- تکایە ئەو ئاوە.
پەرداخێکم بۆ پڕ کرد. یەک بین خواردییەوە.
- ناوم بارانە!
قاقایەکم بۆ کێشا!
قاوەچی، بەسەر سورمانەوە سەرێکی هەڵێنا و چاوێکی لێ کردین دوایە خەریکی کاری خۆی بوو.
- بۆ پێکەنی؟
بەم شەوە بارانییە و تۆش هەر باران! زۆر لام سەیر بوو. ببوورە پێکەنیم.
بە خۆم نەبوو!
ئەویش پێکەنی. تا ئێستا باشم سەیر نەکردبوو. زۆر جوان بوو. بە پێکەنینەکە، ئەوەندەی تر جوانتر و ڕەزا شیرینتربوو!
دوای نان، یەک دوو چامان خواردەوە.
هەستام تا پووڵی خواردنەکە، بدەم بە قاوەچی، دەستی گرتم:
- تکایە پەلە مەکە!من ماندووم! ئەگەر دەکرێ با چەند ساعەتێک لێرە بمێنینەوە!
لە قسەکانی و لە چاوانیدا، جۆرێک پاڕانەوە و داخواز بوو کە نەمتوانی بڵێم نا!
- دەی باشە!
چوو بۆ لای قاوەچی. قسەی دەگەڵ قاوەچی کرد.
هاتەوە و وتی: با بڕۆین بخەوین!
قاوەچی وەپێشمان کەوت و لە نهۆمی سەرەوە دیوێکی پێ نیشانداین:
- ئێرەیە! با جێ و بانتان بۆ ڕاخەم.
من چووم ماشێنەکە تاقەت کەم. کە گەڕامەوە باران لە بەر دەرکەی ژوورەکە چاوەڕوانم بوو!
- فەرموو!
وەژوور کەوتم! دیوێکی خۆش و تەختێکی خەوی دوو نەفەرە و لە سووچێکی دیوەکەشدا حەمام و...!
- ئاخر!
- تکایە! با قاوەچی هەر وا بزانێ ژن و مێردین!
وەک ئەفسوون لێکراوانم لێهاتبوو. لە ژوورەوە باران خۆی نیوەڕووت کردەوە و لە جێگا خزا!
- وەرە! بۆ داماوی!

منیش کەمێک لە لیباسەکانم دانا و لە پەنا باران ڕاکشام!
باران، زۆر خۆمانە و ئاسایی قسەی دەکرد، وەک ئەوەی دەمێک ساڵە ئاشنای یەک بین!
سەری خستە سەر سینگی من!
- بۆ ناپرسی کێم و چ کارەم؟
- بۆخۆت بڵێ. تازە زانیشم چ سوودێکی هەیە؟ من و تۆ چەند ساعەتێک هاوڕێی یەکترین و دوایی دەبینەوە بە غەریب و ناوی یەکتریشمان لە بیر دەچێتەوە. ئەمشەویش دەبێتە بیرەوەری و...
- هەر هاتمە ناو ماشێنەکەت زانیم وەک زۆر کەس ناچی! بۆیە نامەوێ هەر بیرەوەرییەکی شەوێکی بارانی بم و بەس!
-..........
- تاقە کچ و تەنیا منداڵی باوک و دایکی خۆمم.بیست و چوار ساڵمە! دوو ساڵ لە دانشگای هەمەدان، مێژووم خوێند و لە سەر داوای باوکم، دوو ساڵ پێشتر شووم بە ئامۆزای خۆم کرد و دەستم لە خوێندن هەڵگرت. پاش دوو مانگ زانیم مێردەکەم موعتادە و وازم لێ هێنا و تەڵاقم لێ وەرگرت. باوکم بازرگان و زۆر ساماندار بوو. پارەکە بە ڕەحمەتی خوا چوو و دایکیشم دوای مردنی باوکم، شووی بە دەوڵەمەندێکی سنەیی کردەوە. من بە تەنیا مامەوە. تەنیا و بێکەس. ئەمشەو سەر لە ئێوارە خەبەریان پێدام کە دایکم زۆر نەخۆشە، بۆیە بەو نیوە شەوە سەر ڕێ کەوتووم. ڕاستی تۆ ژنت هێناوە؟ تەمەنت چەند ساڵە؟ ناتەوێ باسی خۆتم بۆ بکەی؟
- تەمەنم بیست و هەشت ساڵە. تا ئێستا بیرم لە ژن هێنان نەکردۆتەوە! یانی ماوەم نەبووە! تا سێ چوار ساڵ پێشتر دەمخوێند و دوایە چووم بۆ سەربازی و ئێستا پتر لە ساڵێکە وەک ئەندازیاری بیناسازی لە تاران دامەزراوم!

* * *

ئەو شەوە وەک خەون و خەیاڵێک بوو. لە باوەشی گەرمی باراندا، فەرامۆشم کرد کێم و چ کارەم.
باران، ئەفسوونی کردبووم. هەستم دەکرد لە بەهەشتی خودا دام و دەگەڵ فریشتەیەک شەو بەسەر دەبەم. ئەو شەوە باران، منی تا ئەو پەڕی خۆشی برد. من لە باوەشی باراندا و باران لە ئامێزی مندا وەک یەک جەستە و یەک

گیانمان لێهاتبوو. باران، پارچە ئاورێک بوو کە منی کردە خۆڵەمێش!

هەردووکمان وا مەستی ئەو بە یەک گەیشتنە بووین، کە بە جارێک دنیا و دەوروبەرمان لە بیر چوبۆوە!

نازانم کەی و چۆن خەوم لێکەوت؟ خەوتم، یان لەوپەڕی خۆشیدا بێهۆش بووم؟ باران زووتر خەوت، یان من؟ نازانم!

* * *

هەتاو، لە پشت پەردەی پەنجەرەوە دیوەکەی گەرم داهێنابوو و لە چاوانم چەقیبوو!

هەستام و لە جێگادا دانیشتم. بۆ ماوەی چەند چرکەیەک نەمدەزانی لە کوێم.

جێگایەکەم غەریبە هاتە بەر چاو!

وردە وردە بارانی دوێ شەو و ڕێگای تاران و.....

- باران؟

دەستم بە جێیەکەی باراندا هێنا. جێگە خەوی باران ساردوسڕ بوو.

"ڕەنگە چووبێ بۆ حەمام..."

هەموو کەلێن و قوژبنێکم پشکنی!

باران دیار نەبوو!

"ڕەنگە لە قاوەخانەکە خەریکی نان خواردن بێ!"

بە هەڵەداوان خۆم پۆشتە کردەوە و داگەڕام بۆ قاوەخانەکە.

قاوەخانە، سێ چوار مشتەری لێ بوو. باران لە ناویاندا نەبوو!

قاوەچی لە پشتی پێشخانەکەی چایی بۆ مشتەرییەکان تێ دەکرد.

- سڵاو! بەیانیتان باش.

- سوپاس! لە کوێیە؟

- کێ؟

- ژنەکەم!

- سەعاتێک لەوە پێش هات و وتی من بە پەلەم وکارم هەیە. بە سواری ماشێنێک بەرەو سنە ڕۆیشت!

- هیچی نەگوت؟

- نا! تەنیا وتی مێردەکەم ماندووە و لێی گەڕێ با بخەوێ! دوایە کرێی خەو و خۆراکی دوێشەو و تەنانەت نانی بەیانی تۆش کە هێشتا نەتخواردووە، هەمووی حیساب کرد!

بە خوا برا گیان، ژنێکی زۆر بە حورمەت و باشت هەیە! قەدری بزانە!

* * *

بارانی سروشت تەواو ببوو و ئاسماڵ ساماڵ و ڕۆژ بە تاقی ئاسمانەوە دەدرەوشاوە!

بەرەو سنە وەڕێ کەوتم!

پێچەوانەی شەوی ڕابردوو، نە بارانی سروشت دەباری و نە بارانم لە لا بوو.

لە سنە زۆر گەڕام. هەموو خەستەخانە و دەرمانگاکانم پشکنی. باران، وەک بارانی بەهاری بە زەویدا ڕۆچووبوو!

* * *

ئێستاش لە پاش شەش ساڵان، بەهارانە کە باران ڕکێفکوت دەبارێ، تەنیا بە سواری ماشێنەکەم دەچمەوە ئەو قاوەخانەی سەر ڕێگای بیجاڕ. هەرچەند بینای قاوەخانەکەیان تێکداوە و کردوویانە بە میوانخانەیەکی ئەمڕۆیی، بەڵام هەر جارێ دەچم بۆ ئەو شوێنە سوکنایی بە گیانم دادێ!

تەنیا شتێک کە بیرەوەری باران بۆ من تازە دەکاتەوە و شکێکم نامێنێ کە باران خەون نەبووە، لەچکەکەیەتی کە شەوی بارانەکە لە سەندەڵی پشتەوەی ماشێنەکەدا لێی بە جێمابوو!

باوک و دایک و کەسوکارم زۆر بە گوێمدا دەخوێنن کە ژن بێنم!

بەڵام من دڵم ساغ نابێتەوە!

هەر دوێنێ بوو مامم دەیگوت:

- ژن هێنان سەردەمانێک خۆشە، ئەگەر لەو سەردەمە لادا، پیاو ناتوانێ دڵی ساغ وەکا ژن بێنێ!

دایکم دەڵێ:

- ڕۆڵە خێرا ژن بێنە! با ئارەزووی لە ئامێز گرتنی نەوەکەم نەبەمە ژێر گڵ!

هیچیان نازانن من وەک شۆڕەکات، چاوەڕوانی بارانم!

ئێستاش هەموو بەهارێک، سنە و بیجاڕ دەگەڕێم تا دووبارە باران وەبینم!

ئاخر باران خۆی پێی وتم:

- نامەوێ هەر بیرەوەرییەکی شەوێکی بارانی بم و بەس!



# هەمین دڵی گیرابوو، وانێک دڵی دایەوە


**ناسر فەتحی**
**(بۆکان)**


دەزانم، دەزانم! ئەم جارەشیان لە سایە سەری هەمین و وانێک بەبێ ئەوەی بابەتێکی دیاریکراوم بە دەستەوە بێ، دەتوانم بۆ زنجیرەی ئەم جارەشیان خۆم قوتار کەم. بۆ بێکاری و نەداری لێ دەگەڕێ، هەر هیچ نەبێ ناچار نەبی بۆ بژێوی ڕۆژانەت بە زۆری زۆرداری قەوە ڕەخۆت بدەی و خۆت و پێنووس و تێنووسیشت شەرمەزاری نووسین و دنیای نووسین نەکەی!؟ ئەویش لەسەردەمێکی وادا! کوڕە کێ دەڵێ هەر خەتای ئەم سەردەمە هیچە نییە!؟ بۆ لەخۆڕا داکۆکی لەم سەردەمە کەموکورتە بکەم؟!

خۆشییەکەی لەوە دایە، لەم وڵاتە، یان هیچ کات بۆ بابەت پەکت ناکەوێ، یان زۆری بابەتەکان وات لێ دەکەن، سەرت لێ بشێوێت و نەزانی لە کوێڕا دەست پێ بکەی، یان کابرا ناهومێد دەبێ و هیچی بۆ نانووسرێ! یانیش مرۆڤ نازانێ کام کێشە بکاتە بابەتی سەرەکی و کامە بکاتە ناوەکی و بنەکی و لەو قسانە. جارێ.. دەی با خۆم لە گێلی بدەم و وەک ئەوکەسەی هڕە لە بڕەی هیچ شتێک ناکاتەوە و دەم لە هەموو شتێک وەردەدا، دەمێک لە هەندێک شت وەردەم، بۆ من چیمە خۆ من گۆج نیم. خۆ هەر هیچ نەبێ تایپ دەزانم! نەوەڵا.. باسی هیچ ناکەم! با.. کاکە من گۆجم! گۆجیش نەبم زمانم بە ڕاست ناگەڕێ، بۆیە هیچ نەڵێم و گەوجە گەوج نەکەم لە هەمووی باشترە! "نا نا.. ئەوە دیسان خۆت تووشی سەفسەتە و ئەو قسە قۆڕانە کردەوە؟ کوڕە لەبرسان دەمری! شەکری زیادی مەشکێنە و دەست پێ بکە! دەی! دەی دەست پێکە دەی!" دەی باشە، خۆ ڕاستیش دەکەی، چ بکەم ناچارم ئەم جارەش خۆیەکی بەحاڵی لێبدەم، بابزانین چ دەبێ:

سەرەتا بەر لەوەی دەنگوفەنگی نووسینم بێتە دەستی، هیچ کات نەمدەتوانی لە لاپەڕەیەک زیاتر بنووسم، دیارە

ئێستاش کە لە قسان، دەنگوفەنگەکەیم هاتۆتە دەستی، واش نییە زۆر باش بنووسم و هەموو جارێکش بتوانم لە لاپەڕەیەک زۆرتر ڕەش بکەمەوە! "تۆ چ کارت بەم قسانە داوە؟ بۆ خۆت سووک دەکەی!" بێ دەنگ بە! نا.. بەڵکو ئێستا تەنیا ئەوەندەم هەیە، دەستم لەنووسین یاخی بووە و سـەـــڵی شکاوە و تووی تکاوە و لە نووسین ناپرینگێتەوە، واتە ئەگەر نەڵێم برێک لە نووسینا بوێرتر بووم و بەخۆمدا هەڵنەگوتبێ، دەتوانم بڵێم لە نووسیندا بێ ئەدەبتر و چەنەوڕتر و ڕووهەڵماڵدراوتر بووم. دەنا هیچ گوڵێکی ئەوتۆم لەسەری پانتایی نووسین نەداوە، بەڵام قسەی خۆشمان بێ جار جارەش کە سەر پێوە دەنێم، هەرکە سەر هەڵدەبڕم، دەبینم کۆڵێک لاپەڕەی بەستەزمانم پڕ لە مێروولە کردووە، دیارە بەمێروولە شوبهاندنی نووسین لەسەر لاپەڕەی سپی قسەی من نییە و قسەی خەسوومە، بەڵام بەڕاستیش پێکچواندنێکی شیاوی بیر لێکردنەوەیە. "هەی ژن مردوو" هەنێک جاریش مێروولەکانم ئاداریان بەسەر پاداریانەوە نییە و هەرچی لێیان دەڕوانم، ئەو بارەی پێیانە و بەدوای خۆیاندا ڕایدەکێشن، یان لە زاریان زلترە، یان هیچ کەڵکێکیان نییە و تەنیا بۆنیان خۆشە، وەک تۆخڵە توو "مەبەستت پێکڵ و توێکڵی گوڵە بەڕۆژەیە؟" ئا.. توێکڵە گوڵەبەڕۆژە!

بەهەرحاڵ ئەگەر بمەوێ لە دار لەسەر بەرد نەبوونی ئەم نیشتمانە و کەموکوڕییەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەست پێ بکەم و دواییش بەپێی ئەو زانیارییە جۆراوجۆر و سەیروسەمەرە، یان هەندێک جار ڕاستەقینانەی، لە کۆمەڵگاکانی دیکە خوێندوومنەتەوە و لە سینەماکانیان بینیومە، بای دەمەوە بۆ بارەکەی دیکەی، واتە لێکدانەوە و بەراوردی کۆمەڵگای خۆمان و ئەوان، زۆری پێدەوێ و دڵنیاشم من گای ئەو جووتە نیم و "دیسان خۆت سووک کرد؟" وەک ئەو مێروولە گەمژەیی توێکڵە گوڵەبەرۆژە دەبات بارێکی بێ هوودەم لەکۆڵ داوە و هەر بارەبەرییەکەم بۆ دەمێنێتەوە و هیچی تر!

ئاخر ئەم کەرەی من بینیومە، وا "خەفتۆ و بارەکەی کەفتۆ " کە بە هەزار ئایەتەلقەوەت و تۆفانە فوو و هەڵدێرە تفوو لیک و پەکوو و مەکوویەکیش هەڵناستێتەوە، مەگەر هەر خۆی سەری لێ بشێوێ و ڕەحم بکات و هەستێتەوە سەر پاشووان! هەر بۆیە با جارێ دەستەوئەژنۆ چاوەڕوانی ئەو سەرلێشێوانە دانیشین و بۆخۆمان ئاوڕێک لە دواوە بدەینەوە، هەر هیچ نەبێ، ئەگەر پێشەوە جارێ فت بووە خۆ دواوە هیچ منەتی پێناوێ ئاوڕێکی لێ بدەینەوە و چیرۆکێکی لێ ساخ بکەینەوە. دوای ماوەیەک کە پێم وابێ سێ مانگ دەبوو، پەیامێکم بۆ نارد و نووسیم:

– سڵاو هەمین! شەو باش! پێ ناچێ خەوتبێتی!؟ وازت چۆنە؟!

– سڵاو، شەوی خۆشت باش، تۆ چۆنی "وانێک"گیان؟! نا.. نەخەوتووم، تۆ چی؟ بەتەما نیت بخەوی؟!

کاتێک ئێس ئێم ئێسەکەم بۆ نارد، کاتژمێر دوازدە و نیوی شەوێ بوو. تازەش کارەبا ڕەزا شیرنەکەمان، لە یارییە شۆبە شۆبێنەکەی ئەمشەوماندا چاوی قوچاندبوو!

جارێ تا هەمین پەیامەکەم دەخوێنێتەوە و وەڵامم بۆ دەنێرێتەوە، با بزانین کاکی گێڕەرەوە چیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

– ئەم ئێوارێیەش وەک زۆربەی ئێوارەکانی تر، من و هاوڕێکەم زۆر بێ تاقەت بووین، من و ئەو هاوڕێیەم کاتێک بێ تاقەت دەبین، هەر لەخۆڕا سەرپێوەدەنێین و یاڵڵا بۆ پیاسە. زیاترەکەی خۆمان لە پارک دەبینینەوە، بەڵام ئەم جارەیان چووین بۆ مۆڵێکی نزیک بازاڕ، ئەویش نەک بۆ خۆ مۆڵدان لە کچ و کاڵ و مۆڵ کەوتن لێرەو لەوێ، بەڵکو هەروا لەخۆڕاوە و بەبێ پلانی پێشوەختە خۆمان لەوێ دیتەوە. دوو سێ کچ و کوڕێک و ژنێکمان بینی، هەر لەخۆڕا برێکمان چاو لە کچەکان کرد، دیار بوو ئەو چاو لێکردنەی ئێمەیان پێ خۆشە، ئەوان لەبەر بنەماڵەکەیان و ئێمەش لەبەر بنەماڵەکەیان و شەپی ناوەخت و لەبەر ئەوەی نەماندەزانی لەبەرچی و چیمان لێیان دەوێ، نەمانوێرا بەیەکەوە قسە بکەین و چوزانم ژمارە تەلەفۆن و شتی واش بە یەکتر بدەین. ئەوان چوون سواری سەیارە بن، ئێمەش هەروا سەیرمان دەکردن، سواری سەیارە بوون، هەستێکی سەیر دایگرتم، هەستم دەکرد چاوەکانیان هێشتا سواری سەیارەکە نەبوون، وەک بڵێی بیانەوێ چاوەکانیان لەدوای خۆیان جێ بهێڵن، سەیارەکەیان وەڕێ کەوت، چاوەکانیان بە هەڵات هەڵات و پاشاوپاش وەدوای سەیارەکەیان کەوت، ئەوان ئێستا چوونەتەوە بۆ ماڵەوەیان و لەوانەشە بۆ

شـوێنێکی دیکە چووبێتن، بەڵام ئێـمـە گـەڕاینەوە بۆ مۆڵگەی خۆمان، واتە بۆ باڵەخانە بۆگەنەکەمان، چونکە ئێمە سەیارەمان "پێ" بوو و خێرایی سەیارەکانمان کەم بوو و هیچ هەڵبژاردنێکی دیکەشمان نەبوو، بەڵام ئەوان پێیان لەناو سەیارەدابوو و زۆر هەڵبژاردنی دیکەشیان هەبوو، من دڵنیام ئەوان ئێمەیان لەبیر چۆتەوە و ئێمەش ئەوان لەبیر خۆمان دەبەینەوە، بەڵام ئەوان ئاسوودەترن لەئێمە، چونکە ئەوان بۆ لەبیر بردنەوەی ئێمە خۆیان هیچ ماندوو ناکەن، کەچی ئێمە ئاسوودە نین، چونکە ئێمە ڕۆژانە دەبێ هەوڵ بدەین ئەوان و هەزارانی دیکەی وەک ئەوان لەبیر خۆمان بەرینەوە، ئەو هەوڵانەش خۆتان دەزانن مرۆڤ ماندوو دەکات، پشتی تاقەتت دەشکێنێ!

ئەها جووکەیەک لە مۆبایلەکەم هات! جووکە نەک نووکە، دیارە کورتەنامەیە، بەر لەوەی بیکەمەوە و بۆتانی بخوێنمەوە، حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەکم لەمەڕ ناوە نوێیەکەی خۆم هەبێ.

هەمین ماوەیەکە پێم دەڵێ: شرێک.

دەبێ هەمووتان فیلم کارتۆنی شرێک و کەرەکەیتان بینیبێت! منیش پێی دەڵێم: کەرەقوڵە. کەرەقوڵە هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی و زۆر نزیکی شرێکە، ئیتر ئەوەیان شتێک نییە من پێتان بڵێم و بۆ خۆشتان باش دەزانن، هەروەها دەزانن کە ئێستا شووی بە ئەژدیها کردووە و شەش حەوت جاشکی کەرئەژدادییان بووە! دیارە ئەوە قسەی تا پێش ئیدیت کردن و جیاکردنەوەی پادارەکان لە بێ پاکانی ئەم مێروستانەیە، بەڵام گوایە وێرژێنی نوێشی هاتووە و دەڵێن ئەوە خەریکن ڕێکلامی بۆ دەکەن. جا ئیدی درۆ و ڕاستان نازانم جاشکۆڵە و ماشکۆڵە چییان لێ بەسەر هاتووە.

ئەم ناوانە لە سەر ویست و پێشنیاری هەمین بوو، منیش پەسندم کرد. ئەو کاتانەی کە زۆر بیری یەکتر دەکەین و هەستمان ناسک دەبێتەوە و ناز بۆ یەکتری دەکەین، ئەو ناوانە دەکار دەکەین. یانی ئەو بەمن دەڵێ: شرێک گیان و منیش بەو دەڵێم: کەرە قوڵەگیان!

من و هەمین زۆر لەمێژ نییە یەکتر دەناسین، نا.. ئەگەر لەبیرتان بێ، لەو ڕۆژەوە یەکتر دەناسین کە لە ناو پاسەکەدا تووشی یەکتری بووین و ڕانمان بەرانی یەکترەوەنا و باسی بۆن و شتی وامان کرد! لەو کاتەوەی کە یەکترمان ناسیوە تا بە ئێستا نزیک بە شەش مانگی بەسەر دا تێپەڕیوە.

دوای ئەوەی لە کۆڕەکەدا ویستم وتارەکەم بخوێنمەوە و مێشەکەم لە گەروو گیرا، بەهانەیەکی باشم دەست کەوت کە زیاتری لێ نزیک ببمەوە و زیاتری بناسم. من پێشتریش هەمینم بینیبوو، لە زانکۆی ئێمە لە بەشی زمانی کوردی دەخوێنێ، منیش ئێوە سڵامەت و دوور لە ڕووتان خەریکم فەلسەفە دەخوێنم! سەبارەت بە گێڕەرەوەی ئەم چیرۆکە و چیرۆکەکانی تری من و هەمین، دەبێ هەندێک ڕوونکردنەوەتان پێ بدەم، بەڕێزم چاوی من، خوێنەری خۆشەویست، ئەم گێڕەرەوە بەڕێزە هەندێک جار لەخۆڕا شتەکان زۆر گەورە دەکاتەوە، لەبیرتانە لە گێڕانەوەیەکیدا چەند بەناحەزی و بێ ویژدانانە باسی هەمینی کردبوو، خۆ ئەگەر من خۆم لەسەر تەختەی شانۆ نەبوایەم و بەتەمای خوێندنەوەی وتار نەبوایەم و دوایەش ئەو بەڵای مێش لەقوڕگ گیرانەم تووش نەبوایە، پێتان وایە ڕێگەم دەدا ئاوا بە ناحەزی باسی هەمین بکات؟! نا کاکە نا.. ڕێگەم پێ نەدەدا، وەڵا ئەگەر ئەوە حاڵم نەبوایە لێی دەهاتمە خوارێ و حەیام پێوە نەدەهێشت، ئەوە بۆ ئەوەی برێک بزە بخاتە سەرلێوی ئێوە ئەو درۆ و دەلەسەیە ڕێک دەخات، دەنا نە هەمین ناحەزە و نە منیش بەو جۆرەم کە ئەو باسم دەکات، کاکم لە چیرۆکێکیدا دەڵێ هەمین ڕەچەڵەکی دیار نییە، نەخێر وا نییە! هەمین کچە کوردە و ڕەچەڵەکی دیارە، بەڵام چونکە لە بەشی کوردی دەخوێنێت و زۆری خەمی زمانی یەکگرتووی کوردییە، بە زمانێک قسە دەکات کە پێکهاتووە لە هەموو زاراوەکانی کوردستان، ئەوە بۆیە، دەنا ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو کورد نەبێ، تازە دەبوایە زۆر زۆریشی پێدا هەڵبگوتبایە، نەک ئاوای پێ بڵێ، بۆ ئەوەش کە دەڵێ هەمین ناحەزە، ڕاست ناکات، ناڵێم خەڵک پێی جوانە، بەڵام ئەوەندە دەزانم لەبەرچاوی من زۆر جوان و دڵڕفێنە، بەهەرحاڵ ئەگەر ئەم جارە چیرۆکی من و هەمین، یان چیرۆکی هەرکەسێکی دیکەتان لە نووسینی ئەو نووسەرە خوێندەوە، هەوڵ بدەن زۆری باوەڕ پێ نەکەن، بەختەکەی من ئەوەیە ئەو گێڕەرەوە خاوێنە زوو زوو گووی دێت و هەموو جارێ تا ئەو دێتەوە دەرفەتی ئەوەم هەیە هەندێک لە چەواشەکارییەکانیتان بۆ لەقاو بدەم، باشییەکی دیکەش کە هەیەتی ئەوەیە کە نووسین و لەقاودانەکانی من لەدوایین پێداچوونەوەی

گێڕانەوەکانیدا ناسڕێتەوە، ئەوە لەبەر ئەوە نییە کە زۆر مێشک کراوە و سەردەمیانەیە و زۆری باوەڕ بە ئازادی ڕادەربڕین هەیە، نا، بەڵکو ئەوە لەبەر ئەوەیە ئەم شتانەی من دەیاننووسم، بەر لە هەموو شتێک ژمارەی وشەکان و لاپەڕەکانی بابەتەکەی زۆر دەکات و ئەوەش بۆ وەرگرتنی پارە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەقازانجێتی، ئاخر ئەوان بەپێی ژمارەی وشەکان پارەدەدەن، دواتریش لەبەر ئەوەی ئەم ڕوونکردنەوانەی من دەیاننووسم لە ڕاستیدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ دەبن بە جۆرێک لە تەکنیکی گێڕانەوە و ئەو سەگەش ئەوە دەزانێت و هەر لەبەر ئەوەی گێڕانەوەکانی تەنیا گێڕانەوەیەکی ساکار نەبێت، جار و بارە تەکنیکیشیان هەبێت، ئامادەیە ئەم لەقاودان و وەدرۆخستنەوانەی من لەسەر خۆی بەهەند نەگرێ و چاوپۆشییان لێ بکات، بۆ ئەوەی ئێوەی خوێنەر بڵێن وەڵڵا بابە کاکی گێڕەرەوەمان زۆر زیرەکە و زیرەکانە ئەو تەکنیکەی بەکار هێناوە. دەنا نە پێی خۆشە، نە باوەڕیشی بە لەقاودانەکانی من هەیە، هەروەها خۆشی سەگێکیشی لێم نایەت، ئەگەر لەدەستی هاتبایە شورت و گومی دەکردم! کە شتێک دەنووسێ.. ئا.. ئا.. ببوورن.. هاتەوە! هاتەوە، لە گووکردن هاتەوە، جارێ لای ئێوەم خۆش، لای ئێوەم...

هەمین و من وەک سەگ و پشیلە واین، هەمیشە وەک کەڵەشێری لاری بە سەروگوێلاکی یەکتردا هەڵدەپڕژێین! هەموو کەس، مەبەستم کوڕەکان و کچەکانی زانکۆیە، وا دەزانن من و هەمین، ئێ...ی! کەینەو بەینەیەکمان هەیە! ئەوان پێیان وایە پێوەندییەکەی من و هەمین پێوەندییەکی خۆشەویستانە و ئاشقە و ماشقانەیە، بەڵام، نا.. ئەوە هەڵەیەکی تەکنیکییە و دیارە ئەو خەڵکانەی نەدی و بدی و مێشک لاڕێن ئەو بیرانە دەکەنەوە، چ بکەن خۆ تاوانی خۆشیان نییە، ئاخر هێشتا لەم وڵاتەی ئێمە هاوڕێیەتی نێوان کچ و کوڕ شتێکی نا ئاسایی و سەمەرەیە، کە تەنیا بۆ نێو تەلەڤزیۆن و فیلمەکان بە ڕەوا دەبیندرێ، مەبەستم بە گشتی خەڵکی ئەم وڵاتەی خۆمانە! ئیتر ئەگەر کچێک و کوڕێک خوا نەخواستە غەڵەتی وا بکەن و بەیەکەوە ڕابوەستن، یان پێوەندی هاوڕێیەتی بگرن، ئیتر ئەوە هیچ جێگای پاساو و داوای لێبووردنێکیان بۆ نامێنێتەوە و دەبێ حەتمەن بە خراپترین شێوە سەرکوت بکرێن! قسەی خۆشمان بێ هەندێک جار ئەو کچ و کوڕانەش بەڕاستی هاوڕێیەتی و ماوڕێیەتی تێکەڵ دەکەن و پیاو شەرمەزار دەکەن و پەشیمان دەبییەوە لەو داکۆکییەی لێیان دەکەی!

هاوڕێیەکی خۆم دەیگوت: کوڕە واز لەو قسانە بێنە، ئەوە کڵاو دەخەیتە سەر کێ؟! من بۆ خۆم کڵاودرووم، من ڕەنگ دەکەی؟ من بۆخۆم ڕەنگرێژم! هاوڕێیەتی چی و فشقیاتی چی؟! ڕێک و ڕەوان بڵێ: خۆشم دەوێ و هەستە حەوا! ئەگەر نا بڵێ ئیشتیام چۆتێ و تەواو!

من و هەمین وەک سەگ و پشیلە واین، دایم و دەرهەم خەریکین بە یەکتر و بە کارەکانی یەکتری هەڵدەپڕژێین!

ڕۆژێک لێک دەڕەنجێین، ڕۆژێک پێکەوە ئاشت دەبینەوە، ڕۆژێک لووتمان لەیەکتر هەڵدەماسێنین و ڕۆژێکیش زمانمان لەیەکتر خوار دەکەینەوە.

هەمین کچێکی جیاوازە، یانی جۆرێکە، ئەوەندەی هەیە وەک کچەکانی دیکە ناچێ! لەوانەشە وا نەبێ و من وای لێ تێگەیشتبێتم، بەڵام بەهەر حاڵ ئێستا بەلای منەوە جیاوازە، لەوانەشە ئەم جیاوازییەی هی ئەوە بێ کە کچێکی نهێنی کارە، دیارە لەمەڕ زۆر شت نهێنی کاری دەکا، بەڵام زیاترەکەی سەبارەت بە ڕەچەڵەکی خۆی نهێنی کاری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر قسە لەڕوو و قسە قوتە! سەبارەت بە ڕەچەڵەکەکەشی، ئەوەی ڕاستی بێ، هەر وەک پێشتریش پێم گوتوون، شتێکی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە، کە بیسەلمێنێ ئەو کچە کوردە، یان کورد نییە!

– ڕاوەستە..! ڕاوەستە!

– بۆ ڕاوەستم؟ بۆ درۆ دەکەم؟!

– تۆ ڕاوەستە!

– دەی باشە فەرموو ئەم جارە چۆنم وەدرۆ دەخەیەوە؟ خۆ ئەم جارە لە گووکردنیش نیم، کوڕە ڕۆڵە تۆ بۆ ئەوەندە بێ شەرمی، لانی کەم ئەوکاتەی دەچم بۆ ئاودەست و بۆ ئاو خواردنەوە و شت بەقسەی خۆت وەدرۆم خەوە، ئێستا کەی کاتی دەم تێوەردانی تۆ بوو؟ بۆ لێ ناگەڕێی چیرۆکەکەم بگێڕمەوە؟ بەزیادی خێری ئەو وشانەشم نەکرد کە تۆ بۆم دەنووسی! بۆیە پارەی ئەم نووسینە بێ قیمەتانە هیچ جێیەکم بۆ ناگرن، ئاخر ئاوایە بۆیە! بۆیە هیچ کونێکم پێ ناگیرێ!!

– تۆ ڕاوەستە! تۆ ئیزن بدە!

– دەی باشە فەرموو! دەفەرموو!

– کاکە تۆ دەڵێی من و هەمینت پێ پێ وانێکە!
– هەر بۆخۆت وانێکی، دەی!
– دەڵێی ئێمەت پێ شێتە...

چیرۆکنووس لەم کاتەدا، تەنیا سەری ڕادەوەشێنێ و بزەیەکی لە شێوەی گاڵتەجاڕی پێ کردنی لەسەر لێوە و تەنیا گوێی ڕاگرتووە.

... یانیش ئەگەر پێت شێت نەبین، لەوانەیە ئێمەت زۆر پێ ساویلکە بێت! دەی باشە ئەوە چاوپۆشیم لەوە کرد کە دەفەرمووی من و هەمین وەک سەگ و پشیلە هەمیشە بەیەکەوە بەشەڕدێین و ئەوەم بە حیسابی چیرۆک بوونی بابەتەکە دانا، بەڵام ئەو درۆیە چییە بەزمانی منەوە دەیکەی و لە زمانی منەوە دەڵێی کە هەمین ڕەچەڵەکی نادیارە، ئەرێ کاکە تۆ جیاوازی گێڕەرەوەی زانای زاڵ لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەت نازانی؟ یانی تۆ نازانی من و جەنابت جیاوازیمان هەیە؟ باشە بۆ من و خۆت تێکەڵ دەکەی؟! ها! ناکا بڵێی ئەمەش تەکنیکێکی نوێیە لە نووسیندا، ئەگەر ڕای منت دەوێ دەڵێم نەخێر جەناب ئەوە تەکنیک نییە کە بەڕێزت بەکاری دەهێنی ئەوە دەردی نەزانییە، ئەگەر دەردی نەزانیش نەبێ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێشتا جەنابت نەتتوانیوە خۆت یەکلا بکەیتەوە کە ئایا خۆت کێیت و من کێم! ئەگەر نازانی با من پێت بڵێم...

– باشە باشە! لێی ببڕەوە! لەوە زیاتری لێ بڵێی لە چیرۆکەکەم وەدەرت دەنێم، پێویست ناکات تۆ بەمن بڵێی چی بکەم و چی نەکەم، خۆ تۆ لەمن باشتر نازانی، نەخێر جەنابی کاک وانێک من لەم چیرۆکەدا زانای زاڵ نیم، لەسەروو منیش کەسێکی دیکە هەیە کە من ڕادەدات، ئەوەی ڕاستی بێت منیش تا ئێرەی ئەم بەزموڕەزمە هەر وام دەزانی خۆم و خۆتین و من تۆ دەگێڕمەوە و تەواو، بەڵام هەروەک بینیت لەسەری کەسێک هاتووە و من و لە هەستەکانم دەکات، بەهەرحاڵ جارێ ئەوە زۆر کێشە نییە، جا جوان گوێ ڕادێرە و ئەم جارەیان خۆ لە قسەکانم هەڵمەقورتێنە، هەرکاتێک چووم بۆ گووکردن، ئەوە تۆش هەر گوویەکی پێت خۆشە بیخۆ!

چیرۆکنووس لە داخی ئەوەی تاقانەییەکەی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە و شەڕیکی بۆ دروست بووە، دۆخی دەروونی بەجۆرێک تێکچووە کە بە شێوەیەکی نەخوازراو ئەو قسە بێ ئەدەبییەی سەرەوەی دەنووسێ.

بەڵێ، لە کوێدابووین؟ ئەها.. ڕۆژێک بڵاو دەبێتەوە کە هەمین عەرەبە، ڕۆژێکی دیکە دەنگۆی ئەوە بەگۆڕەوە وەردەبێ کە تورکە، جارێکیشیان گوتیان فارسە، زۆر ڕەچەڵەکی دیکەشیان تا بەئێستا بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا گرنگە و خۆشی حاشای لێ نەکردووە، ئەوەیە کە ئەو خۆی بە کورد دەزانێ، خەڵکەکەش بەس ئەوەیان بەلاوە گرنگە، بۆیە زۆر سەر ناخەنە سەری.

ڕۆژێکی بە هەمینم گوت: ئەرێ هەمین دەزانی خەڵک لەبارەی ئێمەوە چۆن بیر دەکەنەوە؟! گوتی: ئا! گوتم: چارەمان چییە؟! گوتی: گوێ مەدەرێ، هەرچی چۆنێک بێ، ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگ نییە کە خەڵک سەبارەت بە ئێمە دەڵێن چی، گرنگ ئەوەیە خۆمان لە خۆمان چۆن دەڕوانین و بۆخۆمان چی دەڵێین!

خوێنەری بەڕێز، ئەگەر لەبیرتان بێ جاری یەکەم کە چووم بۆ گوو کردن، جەنابی کاک وانێک لە نەبوونی مندا فەرمووبووی کە هەمین کوردە و بە زاراوەیەکی تێکەڵ لە هەموو زاراوەکانی کوردی کەڵک وەردەگرێ، بەڵام هەروەک خۆتان لەسەرەوە دەبینن نەک هەر ئەو هونەرەی دەکار نەکردووە، بەڵکو ڕێک وەک ئەمن و ئێوە قسە لەگەڵ وانێک دەکات، ئەی ئەوە چی دەگەیەنێت؟!

ناڵێم، هێندە دەمارەکانی گرژ بووە ئاگای لە دەمی نەماوە و وەک کەسێک کە گرێی دەروونی ناڕوونی هەبێت، هەڵدەکوتێتە سەر کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکەی خۆی و ئیتر ئەوەکەی تریشی بۆ خۆتان دەیبینن.

باشە مادام وای لێهات، بۆ ئەوەی من وەک مرۆڤێکی بەگرێوگۆڵ – کاکم گوتەنی لەپێنووس نەدرێم ئەم جارەیان نە بێ ئەدەبی دەکەم، نە وانێکیش سەرکۆنە دەکەم، بەڵام ئێوە لە زمانی منەوە پێی بڵێن: هەر هیچ نەبێ لەوە زیاترت چاکە لەگەڵ ناکەم و ئەم جارەیان لەجیاتی ئەوەی لە تەکنیکی خۆڵەجێیی کارەکتەری سەرەکی دانان کەڵک وەرگرم، بەتەنیا بەرەڵڵای دەکەمە ناو چیرۆکەکەی خۆیەوە، بۆ لە خۆڕا خۆم ماندوو کەم؟ بۆ کێ؟ ئەوە نییە پێ نازانن! تەنانەت ئەوەندە سپڵەیە پێشی شەرمە پێم بڵێ چیرۆکنووس، منی پێ کەمە، پێم دەڵێ گێڕەرەوە، دەزانم ئەوە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ، ئەوە لەو سووچەی مێشک و دڵییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی دەڵێن ئیرەیی، بۆ بابە ئیرەییم پێ دەبەی؟ بۆ من بەشی تۆم

خواردووه؟ بێجگە لەوەی لە چیرۆکەکانمدا باست دەکەم و ناوبانگێکت بۆ دروست دەکەم چ تاوانێکم لەئاست تۆدا کردووه؟ جا بۆیە مادام ئەوەندە گەمژەی و پێت وایە من بە شارەزاییەوە ئەو تەکنیکانە بەکار ناهێنم و خۆم لەگەڵ تۆ لێ تێکەڵ دەبێ، بزانە چۆن خۆمت لێ بەری دەکەم! سەیرکە من خۆم هێناوەتە ڕیزی کێوە؟! ئەوە کوڕە خۆ پێی وایە من ئەم کارانە لە ڕووی نەزانی و بەبێ پلان دەکەم، دەی باشە! با وابێ! با بزانین کێ دەیباتەوە، ئەوە من خۆم لە خاوەندارێتی کارەکتەری سەرەکی هێنایە دەرێ و خۆ لەبری دانان و هەستی هاودەردی و هاودڵیم لێرە بەولاوە لێ بڕی و با بزانم چی دەکات! بابزانین کێ دەیباتەوە!؟ خۆ من لەبەر خاتری خۆیم بوو ئەوکەرە، دەنا من چ کارم بەو دەردی سەرە داوە کە خۆم لەجیاتی کەسی دیکە دابنێم و لەو قسە قۆڕانە؟!

– بەڵێنت دا وەک مرۆڤێکی بێ گرێوگۆڵ قسە بکەی، نەک بەڵێنەکەت نەبردە سەر، زمان شڕانەتر و دەمارگرژانەتریش هەڵوێستت گرت!

– برۆ بابە تۆش، کەس نازانێ تۆ لە کوێرا هاتووی! تۆ خۆت پێ چییە؟ بۆ هاتوویەتە سەر سەرم و ورتە ورتت داناوە؟

تاقەتی گفتوگۆی دوورودرێژ و بێ ئەنجامم نییە، چیرۆکی هەمین و وانێک لێخورە بزانین بە کوێ دەگات!؟

جەنابی وانێک ئەو قسەیەی هەمینی زۆر بەدڵ بوو ئەو قسەیەی وا گوتی گرنگ ئەوەیە خۆمان لە خۆمان چۆن دەڕوانین، هەر لەو ڕۆژەشەوە بوو ئاوا یەکجار هەمینی کەوتە بەردڵی، دەنا من دڵنیام نە پێی جوان بوو نە پێشی تێگەیشتوو بوو. ئاخر بەم قسەیەی هەمین، ئەویش هەستی متمانە بەخۆ بوونی چووە سەرێ و لەوکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی گەنجێکی جوان نییە، خۆی زۆر پێ جوان و قۆزە و زۆر لە خۆی ڕادەبینێ، ئەمەشی لە سایەی سەری هەمینەوە دەست کەوت، دەنا دەبوایە وەک هەمیشە هەر بەدوای سیاسەت و وتاری قۆڕ قۆڕی سیاسیدا بچێت و مێشکی خەڵک بە وتارم هەیە وتارم هەیە بخوات، ئەویش بۆ ئەوەی کەسێک ئاوڕێکی لێ بداتەوە، بەڵام لەوەتی هەمین ئەو قسەیەی کردووه، ئەو زۆر لەخۆبایی بووه، زۆر بەرز لە خۆی دەڕوانێ، جگە لە سیاسەت ئێستا وتاری کۆمەڵایەتی و هزری و فەلسەفیش پێشکەش دەکات، خۆ لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنێ، تەنانەت لەسەر فەلسەفەی قوون لە حەواکردنیش ڕاوبۆچوونی تاکی خۆی هەیە، وای لێهاتووه خۆ لە ناوەرۆکی چیرۆکی ژیانی خۆشی هەڵدەقورتێنێ، دەڵێی من عووجم! خۆ دۆج و گۆج نیم! چۆن نی، کاکە ئەوەنێ هاوساری بەچیرۆک کردنی ژیانی تۆم پێیە، ئیتر بۆ واز لەخۆت ناهێنی؟ ئەگەر ڕێگەم دا دوو قسە لەبارەی ژیانی خۆتەوە بکەی، ئیتر بۆ هار بووی؟!

چیرۆکنووس، بزەیەکی تاڵ لێوەکانی داگرتووه، لە دڵی خۆ دا دەڵێ: سەیری ئەو چیرۆکنووسە تووڕە و گرێ لەدڵە!

– ئەی گیان ئەوە تۆش هاتی؟! وەڵا بابە بەزمەکە خۆش بوو، ئێستا بە جەنابت و من و وانێک و منگێڕەوە ئەوە چوار! دەبێ خۆی دەی هاتوویە سەر سەرم و ورتە ورتت دانابوو، ئەوە تۆش کەڵەگایەکت لەسەر سەری لێ پەیدا بوو تا لێت بخوڕێ!!

– بەئەدەب بە! ئەوە پێوەندی بە تۆوە نییە، کە من ئەو لێدەخورم و ئەویش تۆ، یان کێ کێ لێدەخوڕێ! تۆ وانێکی خۆت لێخوڕە و لەسەری مەڕۆ!

– دەی باشە بابە چیمان گوتووه:

هاوڕێکەم لەو پیاسەیەی ئەمڕۆ زۆر ماندوو بووه، وا لەسەر پشت بۆی خەوتووه و پرخە پرخی داناوە دەڵێی قەت نەخەوتووه، منی قوڕبەسەریش زۆر ماندووم، ئەو هەتیوە وانێکەش زۆری ماندوو کردم، ئێستا حەو زەمان بوو چیرۆکەکەم تەواو کردبوو، وازی نەهێنا و نەهێنا، سەرباقی ئەوەش دوو کەڵەگای دیکەشم لێ پەیدا بوون، تا گەیاندیانینە ئێرە. شەویان لێ درەنگ کردم و چیرۆکەکەشم پێ تەواو نەبوو، بەڵێ کاک وانێک وەک جەنابت دەفەرمووی دەبێ ژمارەی وشەکانم زۆر بکەم بۆ ئەوەی چەند دراوێکم دەست کەوێ، ئێستا لێ دەگەڕێی تەواوی کەم؟!

– زۆرم خەو دێ! نابێ بخەوم، دەبێ چیرۆکی ئەم جارەشیانم بەهەر شێوەیەک بووبێت تەواو کەم، دیارە ئەگەر لێ گەڕێی!

– کێ لێگەڕێ؟ لەگەڵ کاممانتە؟

– کاک وانێک، گەر کاک وانێک لێ گەڕێ!

چاوێکم بە ئیمەیلەکانمدا خشاند، نازدار حەیران هاتە سەر خەت، بەتەواوێتی دوو قسەم لەگەڵ نەکردبوو کە

کتوپڕ، پلّق! فریا نەکەوتم مالاّوایی لێ بکەم، کارەبا بڕا!

وەک زۆربەی شەوانی پێشوو پێخەفەکەم ڕاخست و چرا نەوتییەکەم هەلّکرد، پرتە پرتی چراکە لە کوژانەوەیم دەترسێنێ، نەفتێکی زۆر کەمی تێداماوە، بەشکم تا ئەم چیرۆکە دەبڕێتەوە نەکوژێتەوە. تاقەتی ئەوەشم نییە بچم پڕی بکەمەوە لە نەوت.

یەک دوو بالیفم خستە بن زگمەوە، دەستم کردەوە بە بەرەڵلاکردنی مێرووڵە بۆ سەر لاپەڕەکانی بن دەستم:

دوای سێ مانگ دەنگداگۆڕان و نێوان تێکچوون لەگەڵ هەمین، ئەم شەو دیسان (ئێس ئێم ئێس) م بۆ نارد، ئێمە هەمیشە بێ پێشەکی پێک دێینەوە، وەبیرم نایە لەو ماوەیەی کە بەردەوام لێک دادەبڕاین، هۆکاری دەنگداگۆڕین و لەیەکتر توورەبوونەکانمان بۆ گرنگ بووبێت. ئیتر ڕابردوو و هۆکارەکەیان نەکردۆتە بنێشتەخۆشە و هەر بیلّێین و بیلّێینەوە! هەرکات یەکێکمان بۆ ئاشتبوونەوە، یان پێک هاتنەوە دەستپێشخەر دەبوو، ئیتر وەک ئەوەی هیچ کات و بۆ یەک چرکەش لێک دانەبڕابێتین، دەستمان دەکردەوە بە قسە و باسە ئاساییەکانی جارانمان.

با پەیامەکەی هەمینتان بۆ بخوێنمەوە: ئە..ی...! جارێ ماوم، هێشتا نیخەم دێت، لە جێخەوەکەمدام، دەمەویست بخەوم، گوێم بۆ گۆرانییەک شل کردووە، خۆت چۆنی؟ "وانێک" گیان **٢٣** سەنتم پێ ماوە، ئاگاداربە، ئەگەر وەلاّمم نەدایەوە بزانە سەنتم لێ بڕاوە، تۆ خەریکی چیت؟ لەگەڵ ئەم دنیا کەر و بارگینە چۆنی؟! ئاخ ئەم کەر و بارگینە ئەمنیشی پیر کرد، ئا..خ! شرێک گیان زۆر بێ تاقەتم، حالّم گیراوە! قوربانت – واژۆ: کەرەقوڵە!

کە باسی کەر و بارگینی کرد، لەخۆڕا وەبیر ئەو کەرە بەستەزمانانەی لای مەنتەقەی سەناعە کەوتمەوە، ئاخر گوایە شەوانە هێندێک لەو گەوجانەی.. ئا ببوورن.. ئەو گەنجانەی ئەو مەنتەقەیە، بۆ ڕابواردن و پێکەنین و شتی وا، دەچن کلکی کەرە بەرەڵلاکانی ئەو مەنتەقەیە لە بن بنەوە دەبڕنەوە، جا نازانم بەڕاستی هۆکاری سەرەکی ئەم کارەیان چییە و لەبەر چییە؟! ئەی باشە فەلسەفەی لووشکە لەوێ چی لێ بەسەر هاتووە؟ بۆ کەس تا ئێستا لووشکەی بەرنەکەوتووە؟! زۆر سەیرە! ئەوەندەی من ئاگادار بم کلکی کەر بەکەلّکی هیچ شتێک نایە، خۆ کلکی کەروێشک نییە بۆ جوانی لەپێش ترۆمبێل هەلّیواسن! ئەی بلّێی بۆ چییان بێ؟! باشە ئەو کەرە بێ چارانە هاوینان چۆن مێش و مێشوولە و شتی وا لەخۆیان دەر بکەن؟ وەللا خۆ بە کلکی براویشەوە مێش و مەگەس چاویان دەردێنن! بەلاّم قسەی خۆمان بێ، ئەمەیان قسەی سەر لاپەڕە و نێو چیرۆک و شت نییە، بیستوومە دەلّێن، کوێربم، دەلّێن:... لێی گەڕێ بەڕاستی...

– ئەوە لە کەنگێوە ئەوەندە بە ئەدەب بووی، دەبیلّێ دەی! مادام سەرەکەیت گوتووە، بنەکەشی بلّێ دەی!

– نایلّێم با تووت بتکێ!

منیش ئاوا وەلاّمی ئێس ئێم ئێسەکەی هەمینم دایەوە: گوێ مەدەرێ، ژیانە ئیتر، ئەوە ناهێنێ خۆتی زۆر پێوە نارەحەت بکەی، ئەم ڕۆژانە شەرگەلێکن کە داندراون بۆ ئەوەی ئێمە بیانکەین و لێیان نەکۆڵینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە تاوانەکانیان خۆش بین و بۆخۆشمان بۆیان بشۆینەوە! هەرچەند ئەو ژیان و ڕۆژە هەش بەسەرانە هیچ تاوانێکیشیان نییە و ئەوە خۆمانین کە تاوان بارین! پیریش چی لەگەڵ نایە، ڕەوتێکە و بەرۆکی هەموومان دەگرێتەوە، کە نەتویست ئەم ڕەوتە بگۆڕی و بەرەو ئەو ئاراستەیە چووی، چار چییە؟! دەبێت بەرەو پیری بچین و خۆمانی لەسەر سەرکۆنە نەکەین!

– شرێک گیان بەسەری کەرەقوڵە، زۆر بێزارم، تەواو لەو ژیانە وەڕەز بووم، ئەم شەو کۆتایی بەخۆم دەهێنم! وانێک گیان، بالانسەکەم تەواو بوو، گەردنم ئازاکە، بۆ دواین جار و بۆ هەمیشە مالاّوا، بۆیەش بەتۆم گوت، چونکە...!

دووسێ جارم ئەو پەیامە خوێندەوە، نا.. وادیارە بەڕاستی خۆی داوە لەباری کەرێتی! زۆر نیگەران و خەفەتبار بووم، چ بکەم؟ زۆر بەپەلە پەیامێکم بۆ نارد و نووسیم: هەمین، ئەگەر سێنتت پێ ماوە، تەنیا ئەوەندەم پێ بلّێ، دەتوانم تەلەفۆنت بۆ بکەم، دەتوانی وەلاّمی تەلەفۆنەکەم بدەیەوە؟ ئا.. یان.. نا؟!

– ئەرێ!

زۆر بەپەلە چوومە سەربانی شوقەکەمان. ژمارەکەی هەمینم گرت. هەمین وەلاّمی دایەوە. دەستمان بە قسەکردن کرد. لە دەردی دلّەوە بیگرە هەتا قسەی قۆڕ و عەنتیکە، هیچ نەما باسی نەکەین! زیاتر لە یەک

ساعەتم قسە لەگەڵ کردووە، لە سەرەتاوە زۆر بە ئارامی و بەبێ ئەوەی یەکسەر دەست بکەم بە نەسیحەت کردنی، قسەم لەگەڵ کرد! دوایە کە زانیم بڕێک نەرم بۆتەوە، خۆم لێ تووڕە کرد و گوتم: ئاخر ڕۆڵە ئەوە بۆ خۆت کەر کردووە، کۆتایی بە خۆ هێنانی چی و خۆکوشتنی تەرەماشی چی؟! بۆ تۆ پێت وایە هەر بۆخۆت دەژیت؟! ئەی ئەو کەسانەی دڵیان بە تۆ خۆشە و بوونی تۆ بە بوونی ئەوانەوە گرێ دراوە، ئەی ئەوان چی؟! ئەوان چ لێ دەکەی؟! هەروا لە گۆترە و بە هیوای "با"ی بەقەوەتیان بەجێ دەهێڵی و هەموو شتێک فت؟!

– نەسیحەت کردن بایەخی چیرۆک کەم دەکاتەوە، ئاگادار بە، خەریکە خەڵک ئامۆژگاری دەکەی!

– تۆ کامیانی، ئەوەی سەرمی، یان ئەوەی سەرووی؟

کەس وەڵامی ئەم پرسیارەی نەدایەوە.. لێخوڕەری هەمین و وانێک بەرە بەرە هەستی دەکرد زۆر دەبێ.. ژمارەی خۆی زۆر دەبێ.. ژمارەی وەک خۆی.. وەک ئێمە.. ژمارەی...

لە ناوەڕۆکی قسەکانی هەمین ڕا دەرکەوت کە زۆریش لەسەر ئەو بڕیارەی سوور نییە، تا ڕادەیەکیش بێ بیرکردنەوە بەو ئەنجامە بێ جێیە گەیشتووە، ئەوەی بەرچاو و دیار بوو ئەوەبوو، کە دڵی گیرابوو و حەزی دەکرد لەگەڵ کەسێک دەردی دڵ بکات، بەس نەبوو ئەم شەو من جندۆکەکانم لە خۆم دوور خستەوە و وازم لە پێ چەقاندن هێنا و ئەو پەیامەمم بۆ نارد! خۆ دەنا ئەگەر پشتگوێم خستبایە، لەوانەبوو شتێک، یان بەڵایەکی بەسەر خۆی هێنابایە!

– جەنابی وانێک، ئەگەر من بوایەم نەمدەهێشت ئەو قسە و نەسیحەتە ڕووت و ساکارانەت کردبایە، بەڕاستی بەو قسانە بۆم دەرکەوت زۆر کەسێکی بێ ئەزموون و منداڵی، خۆزگە ڕێگەم نەدابایەی درێژەی چیرۆکەکەم بە گێڕانەوە لە زمانی تۆوەبێت، بەڕاستی بەداخم بۆ ئەو دەسپێکە باشە و بۆ ئەو بەرەو کۆتایی هێنانە خراپەی کە ئەویش لە نێوچاوانی تۆوەیە.

– خۆت کەر مەکە، جارێکی دیکە حەز ناکەم لەم کەرەکەرانە بکەی، بەسەری شرێک، جارێکی دیکە بیر لەو بیرە بەلاشانە بکەیەوە، دێم هەر بۆخۆم دەتکوژم؟!

– وام زانی لەگەڵ منتە؟

– بۆ لەخۆڕا پێت وایە نەدەبوایە لەگەڵ تۆی بایە؟!

– ڕاست دەکات، هەرچەند ئەوە کارەکتەری منە و من لێی دەخوڕم، بەڵام قسەکەی ڕاستە، تۆ بۆ پێت وایە دەسپێکێکی باشت هەبووە و لێخوڕی هەمین و وانێک لێی تێک داوی؟! کێ دەڵێ وایە؟! هەر بە قسەی خۆت!

– لێم گەڕێن بابە با چیرۆکەکەم تەواو کەم، فریای هەمووتان ناکەوم.. کچێ بۆ پێ دەکەنی؟! دەڵێم دەتکوژم خۆ ناڵێم ماچت دەکەم! باشە پێ مەکەنە! ئێستا دەزانم گەرەکێکت وەخەبەر هێناوە! سەری خۆت هەمین، ئەگەر ئەم جارەیان ویستت بیری قۆڕ بکەیەوە، کۆمپیوتەرەکەت هەڵکە و وەرە سەر خەت با بەیەکەوە چات بکەین! ئاوا دەری ناهێنێ، ئێمەش جار جارە خۆمان لە گەوجی دەدەین، ئەگەر کەسێکیش نەبێ و لەو کەرێتی و گەوجێتییە بمانهێنێتە دەرێ، ئەوە.. هەر.. هیچ و ئەهە...!!

من و هەمین ئێستا هەموو شەوێک بەر لەوەی کارەبا ببڕێ، بەیەکەوە تەغارێک چات دەکەین و کۆڵێک گۆرانی و وێنەی سەیروسەمەرەی ئینتەرنێتی بۆ یەکتر بەرێ دەکەین.

– پێ مەکەنە باشە کچێ، گەدەت وەدیار دەکەوێ!!!

– گێرەرەوە لەبەر ئەوەی زۆری خەوەدەهات و نەیدەتوانی چیتر بنووسێ، لێرەدا کۆتایی پێ هێنا و.. ئا.. بەڵێ.. باشە باشە.. کاکە ببوورن لێخوڕەری من دەڵێ کاتی بەرنامەکە تەواو بوو.. ببوورن.. ببوورن..

ئازیزان، گوێگرانی خۆشەویستی ڕادیۆی زانکۆ، ببوورن کە ئەمڕۆ بەبێ سڵاو و چاک و چۆنیش دەستمان پێکرد، بە چاوی تەکنیکمان ببەخشن! بەهەر حاڵ لێرەدا دەگەینە کۆتایی ئەڵقەیەکی تری بەرنامەی "چیرۆکی ڕۆژ" و ئیتر تا پێک گەیشتنەوەیەکی تر و چیرۆکێکی تر، بە هێن.. بە ئەوە.. بە وانێکتان دەسپێرین! هەر شاد بن.



# تەختکۆ

ئاهوارا ئاکۆ
(قامشلۆ)

شەڤ دەرەنگ بوو. خوە ئاڤێت ڤی ئالی، وی ئالی، لێ خەوێ تو هەدان نەدانە وی
ب خەمکێشی جارێ زین دبێژە
– تە خێرە تو راناکەڤی
ب وەستیان دەنگێ وی دەرکەت:
– ئەز دکم ناکم، ئەڤ ئێمێل ژ گوهێ من.. بیرا من دەرناکەڤە.
– زین دبێژە
ئە... ئە.. مایل.... یانی چ؟
– وی گۆت:
ئازادی
– زینێ ب دلگەشی گۆت
ئە.... ئە ئەرێ..
ئا، زا، دی.................
رۆژێ تایێن خوە هووناندن ناڤ لڤینا وان، رازان پڕ ب وان خوەشبوو.
– نا... ئە.... ئە.. نە... ئەزم نە ئە ز م.....؟
زین ب نازی دەستێن خوە د سەر سینگا وی رە بر و گۆت :
ئەز قوربان.....ئەڤدالۆ
خەونە خەو ن ئە... خ خ خونە، من ژ خەونا خوە پاڤێ

...... شیار به....
زین ولۆ ب دل نەرمی گۆت.
- دەرمانێ تە رازانە..... رازان.
بەسە ما تێ هەتانی کەنگی شیاری ئیمێل بە.... خەونێ ... بە.
تەختکێ من.....
رابە سەر خوە...... رۆ ل مارس هلات،...... هینا تو .... خەون نەما ب کێری تە تێ لۆ،
قوربان.
- وی گۆت.
تە خێرە... ڤێ. سبەهێ ؟
تە چ ژ خەونا منە ؟
تە چ ژ ئیمێلا منە.... ؟
وی ولۆ گۆت و خوە د ناڤ نڤینێ دە ڤەشارت.

٢

د ئودەیەک نزم دە سێ کەس روونشتینە.
- ناڤێ تە و پاشناڤێ تە.
تو ل کیژان باژارێ ژ دایک بوو..ی؟
ب رازیبوون و ڤەگەڕاند
- ئە.... ئە... ئەز بەنی! ناڤێ من،
تەختکۆ یە
ئێ باڤێ من تەختکە و ژ خوە کالکێ من تەختۆکۆ یە.
ژ دایک بوونا من نایێ بیرا کەسی.
لێ ولۆ ژ من رە گۆتۆن.
کو د دەما پالەیا جەهان دە، تو چێبوو.
ژ خوە جهێ ژ دایکبوونێ ئاناها نەمایە.
گوندیا هەتانی ب بێندەرا
ئەرێ ب خوەدێ
ل هەڤ پار کرنە.
دکەنە و ب سەر ڤەدکە
- ناڤێ هەرێمێ ژی نەما تێ بیرا من.
یەکی ژ وانا پرسی؟
- ناڤ نیشانا تە؟
- راستی تو ناڤ نیشان د باژارێ مە دە تونە نە....
لێ هەڤالەکی من ژ من رە. (p. o) بۆکسەک جهێکری یە.
ئەو ژی ٤٤٤٤ ئەزبەنی.
خوە پڕ مەقەهەرین وەلاتەک وەک وەلاتەک ب سەرێ خوە پۆستا وی تونە وێ ئا یەکی وەک من بەلەنگاز هەبە.
ب سەرهەژینەک مەلوول کەنۆک ب سەر ڤەدکە.

ناڤنیشانێ تە ژ مە رە پڕ گرنگە
- ناڤینیشانا تە......
ناڤ نی شا نا ئا من ژی ولۆ دبێژن
- ژ ڤان ئاگەهداری یان پێڤە ب راستی ل با من تونە نە.
تەختکێ تەختۆکۆ
کۆلانا تەختا،
ن.١٦ باژارێ بێ تەخت
ژێ پرسین؟
- ناڤنیشانا تە یا ئەلکترۆنی- ئیمێلا تە؟
وی ب دلەکی نازک و رەوا گۆت
- ئەرێ ئەو ژی هەیە.
ئا هەری نو هینا ژ کەسی رە نەجهوویە ها...
ئو ل با تو کەسی ژی تونە یە....
(textik@hotmail.com)ە
دیسا هات پرس کرن:
- تو هەڤالێ کیژان پارتی یێ ی، ئان ژی رێخستن ئێ ی؟
ب دلکەسەر وی گۆت:
- ب .... ب... ئەز هەڤالێ هەموو پارتی یا مە.
ئو ژ خوە پارتی یا وە یا هەری نێزیکی داخوازێن منە.
رێخستن ژی هەما تو بێژە کیژان رێخستن،... تەڤ باشن و کارێ خوە دکن پارتی و حکومەت ژی ولۆ نە.
- هەرسێ یان ل هەڤ نەری
- یەکی ژ وان گۆت:
ئانها تو کارە هەرە.

٣

- زین:
رابە سەر خوە رابە خەونا تە هات جی.
ئاگر ل هەر دەرێ گور کرنە.
ئاگر و دەنگێ زینێ خوە ل گوهێ تەختکۆ پێجهان. ژ خەون ئێ... خەو ئێ جەنگ بوو.
- زین:
- چەند لب شەکر ئەز بەنی؟
تەختکۆ گۆت
لبەک تە، یەکی بۆ دیا تە و یەک بۆ کالێ من.
ب دلشادی زین گۆت.
- ولۆ قەهوە وێ شیرین بە، ئەز قوربان تەختکێ من تێ ولۆ بشەوتە ژ شیرانی....
وی د سەر بالگەهێ رە ل زینێ نەری کەنی یا و گۆت:
- ژبۆ حەزکرنا تە و ئازادی یێ، ئەز ئێ هەر رۆژ شەکر ب قەهوێ رە بخۆم. ......
بەرا ئەز ب شیران یا ئەڤینا تە بشەوتم.



# کچۆڵە

**فەریبا وەفی**
**لە فارسییەوە: نەشمیل کرمانج**
**(بۆکان)**

بە نووکی پێم لێفەکەم لادا:
"هەستە، کچێ."

بەرەو بەیان کە شیرم بە غەزەل دەدا بە ترووکە ترووکی پێڵووەکانی چاویدا زانیم بەخەبەرە. هەمیشە هەر وایە. ئەو شەوەی وا بڕیار بێ بەیانی دایکی ببینێ، خەوی لێ ناکەوێت.

گورج و گۆڵ لە جێیەکەی دێتە دەر. ئەمڕۆکە حەمید لە ماڵ نییە کە بڵێ:
"ئازا بووە ئەم خانمە!"
منیش بە تەوسەوە بڵێم:
"بکەونە دووی وەڵامی ئەم مەتەڵە."
حەمیدیش پێی سەیر بێ:
"یانی ئەمڕۆ کۆتایی مانگە؟"

دوا ڕۆژی هەموو مانگێک، کاتژمێر دووی ڕێک، من کچە دەبەمە ماڵی دایە گەورەی و کاتژمێرێک دواتر دایکی دێ و لەگەڵ خۆی دەیبات. کچە دەست دەکا بە شت گێڕانەوە و قسە و باس هێنان و بردن. دەزانم کە هەر پای نا ئەو دیوی دەرکە، ئیتر ئەو کچە کەڕ و لاڵە نییە وا بە حەپۆلی و خاوە خاوەکانی ئینسان لە دین دەباتە دەر. شەوێش کاتێ دەیهێننەوە وەک بڵێی تەواوی خوێنیان مژیوە و وەک باڵندەیەک وشکیان کردووەتەوە چەند کاتژمێر بە دیوارەکەوە جووڵە ناکات. منیش هەست دەکەم ئێستەکە درەختەکانی شاریش دەزانن حەمید زللەیەکی لێداوم، نەخوازە بەشەرەکان و ژنگەلێکی وەک دایکی ئەو کە دەتوانێ چارەڕەشی لە بیر بکات و بە ئاسانی پێبکەنێ . بەدفەڕانەش بڵێ:

"داماو."

حەمید نەیگوت داماو. گوتی:

"ناشایست."

گوتی: "ئەگەر بایی قڕانێکت خوێندەواری هەبوایە نەدەهاتی خۆت بەسەر من و ئەو کچەدا ببڕی."

نە گریام و نە جنێوم دایە و نە بەریش بوومە سەر و گوێلاکی. ئەو کارانەی ژنەکەی پێشووی دەیکردن. بە لەسەرەخۆییەوە یەکەم شتم دەربڕی کە بە مێشکمدا هات:

"نایبەم. قەتی نابەم."

لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە کردەوە کە لەمێژ بوو ئەم فکرە وەک ئاوڵەمەیەک لە ناو دڵمدا جینگڵی دەدا و من بە سەر خۆمم نەدەهێنا. ئێستەکە لەوەی کە ئاوا دەمتوانی بە ئاسانی و خێرا قسەی دڵم بکەم، هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد. غەزەل دەگریا. کچەش نینۆکی دەجوو. بە سەریدا قیژاندم:

"برۆ شیری ئەو منداڵە بێنە. مەگین چاوت لێ نییە ئەو منداڵە هێند گریا خەریکە دەپسێ."

کچە ون دەبێ و منیش بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر ئەو نەبوایە، ئێمەش دەمانتوانی وەک گشت ژن و مێردەکانی دنیا پاش شەڕێکی قورسیش سووک و سانا ئاشت بینەوە.

کچە بەروسفرەی بەیانی کۆکردووەتەوە و ئاگای لەوەیە هەڵە نەکات. هێلکەکەی غەزەل بەرەو ڕووم دێنێ:

"مەیکە بە چاومدا. نەختە نەختە بیدەیە بیخوات."

چاوێکی لە منە و یەکێکی لە سەعاتەکەیە. پێم خۆشە پاتری سەعاتەکە دەربێنم و زەمان ڕابگرم.

پیاڵەکەی لە دەست وەردەگرم:

"بمدەیە بزانم ئاگات لە کوێیە؟"

غەزەل قلەسەمای بۆ دەکا و پێدەکەنێ. کچە لە دواوەم ڕاوەستاوە و بە قاقاکێشانەکەی غەزەلدا دەزانم خۆی بۆ کردووەتە مشک.

"گسک لە حەوشە بدەم؟"

تاقەتی خۆ شیرین کردنەکانیم نییە.

"نایەوێ."

دەموچاوی غەزەل دەشوات و سەری لووتی ماچ دەکا و بە شانەیەکی بچووک قژی بۆ دادێنێ و دەم بە دەم ، چاو لە سەر سەری دەکات وا سەعاتەکەی پێوەیە، هەیەجانی کەسێکی هەیە وا دوایین ساتەکانی بەندیخانە تێدەپەڕێنێ. گوپەکانی سوور هەڵگەڕاون و چاوەکانی وەک کەسێک دەدرەوشێنەوە کە تای بێت.

"ئەم هاتوچۆیە تەواو هەوا دەخەنە کەللەی کچەوە. ناهێڵن بەم ماڵە ڕابێت."

ئەم قسەیە من دەیکەم و زۆر کەسیش قەبووڵیەتی، بەڵام حەمید بیانوویەکی وە چنگ دەکەوێ کە هەر چییەک سەبارەت بە سۆزی دایک و فرزەندایەتی دەزانێ باسی بکات.

"ئەگەر دایکە بەڕاستی بەزەیی بە منداڵەکەیدا بهاتبایە، بەرەڵڵای نەدەکرد."

هێشتاش نازانم حەمید ئەوی بەرەڵڵا کردووە، یان دایکە کچەکەی حەمید. دایکیم جارێک دیبوو. بە دزییەوە و لەبەر وەی زیاتر سەرەندەری لێ بکەم. بەژنی وەک پەریان دەچوو و دەموچاوێکی ڕێکوپێک و ئاسایی. هێند ئاسایی کە لە نێو ملیۆنێک ژنی دیکەدا ون دەبوو. تاقە جووڵەی نادیاری دەمی بوو کە ئەوی لە نێو ئەو هەموو ژنە دەرباز دەکرد و ساکاری و بەستەزمانییەکی لەڕادە بەدەری دەدایە. هەر ئەو شتەی حەمید پێی دەگوت: بێ عەقڵی زاتی.

زەفتەکە هەڵدەکەم و لەبەر تاوەکەدا کە لە کەلێنی پەردەکانەوە وە دەموچاوم دەکەوێ، ڕادەکشێم. دەتوانم لە کەلێنی درگاکەوە چاوم لە غەزەل و کچەکە بێ. غەزەل گاز لە سەری کەروێشکە لایلۆنییەکە دەگرێ و کچەش چاوی تێبڕیوە.

"خەو نەتباتەوە. منداڵەکە خنکا."

پێش مووایە ئاخری خەریکە تێدەگات کە ئەمڕۆکە دایکی نابینێت. مۆسیقاکە ڕیتمە خێراکەی نەماوە و ئێستەکە خاوتر بووەتەوە. ئەمە ئەو شریتەیە حەمید لە ڕۆژەکانی سەرەتادا پێی دابووم. وەبیر ئەو بلووزە زەردە دەکەومەوە وا ئەو ڕۆژانە لەبەرم دەکرد و لەخۆڕا پێدەکەنم. ئەو ڕۆژانە، کچەی لێ نەبوو. وەبیرم نایەتەوە. تاقە بەبە بچکۆلەیەکی جلوبەرگ جوان بوو کە بە شۆکۆلاتێک دایەی دەگوت و لە باوەشی هەموو کەسێکدا پاڵی دەداوە و هەر دەتگوت بە هیوا نییە گەورە بێت.

بە زیقەی غەزەل لەو کەمە خەوەم ڕادەچەنم. غەزەل پڕی داوەتە قژە درێژ و ئاڵۆزەکەی کچە و دەیکێشێ.

کچە سووک دەڵێ:

"مەیکێشە، دەڵێم مەیکێشە."

بەرەو دواوەش دەکشێتەوە. غەزەل لە کۆڵی نابێتەوە و

هەر دەیکێشێت.
"وەرە باوەشم دایە گیان."
خرتە خرت دێتە لام. دەیخەوێنم و لایە لایەی بۆ دەڵێم و ئاماژە بە کچە دەکەم هێندە تەقە لەو قاپ و کەوچکە هەڵنەستێنێت و سفرەکە کۆ کاتەوە و خۆشی بچێتە چێشتخانەکە. ئیشتیام هیچ نابات و زۆر زوو خەوم لێدەکەوێت و کاتێک هەڵدەستم خۆر لە ژوورەکەدا نەماوە. بەتانییەک بە غەزەلدا دراوە و مەلافەیەکیش بە مندا.
کچە بە چاوە سوور هەڵگەڕاو و ماسیوەکانییەوە ئاگای لێمە. بایەخێکی نادەمێ و چاوم دەقوچێنم و هەوڵ دەدەم بیر لە شتێکی تر بکەمەوە. لە هەموو شتێک بێجگە لەو باڵندە سرِ و کرەی وەلا سەرووم کەوتووە و لە هەموو کاتان نامۆتر دێتە بەر چاو. لە بەر خۆیەوە شتێک دەڵێتەوە و چاو لەو سەعاتە ناترووکێنێ، وا ئێستەکە میلە چکۆلەکەی لەسەر سێ ڕاوەستاوە.
چاوم هەر ئەوندە هەڵدێنم کە تاقە کونی گۆرەوییەکەی دەبینم و قامکەکانی لاقی هەر دەیانقوچێنێ و دەیانکاتەوە. دەبیستم بە دڵێکی پڕەوە دەڵێ:
"چایی بێنم؟"
سەروچاوم لە ناو تاریکایی پاڵەپەستۆی باسکەکانمدا دەشارمەوە و هەوڵ دەدم هەموو شتێک لەبیر خۆم بەرمەوە. حەمید و غەزەل و خۆم و کچەش وا هەر وەک جادووبازێک دوعا دەکات و بێ دەنگ دەگری. چاوی لێدەکەم؛ دەموچاوی وا خوساوە دەڵێی بە هەزار چاو دەگری. چاو دەبڕمە چرکە ژمێری سەعاتەکە و متەق لە خۆم دەبڕم. نازانم چەندەی لێ تێدەپەڕێت. کچە ئیتر ناگری. هەڵدەستمە سەر چۆک؛ سەیری جانتا چکۆلەکەی کچە و لەچکە قەد کراو و ئامادەکەی خۆم دەکەم و لەو، وا سووک نینۆکەکانی لە بن ددانی دێنێتە دەرێ و لە بن لاقی دەیانشارێتەوە. چاوە بۆشەکانیشی تێبڕیوم. منیش دەتوانم لەرە لەرە سووکەکەی دەمی ببینم. لا دەکەمەوە و گوێم لە دەنگە تووڕەکەی خۆم دەبێ:
"ئامادەبە، بڕۆین، وەدرەنگ کەوتووین."

**سەرچاوە:**

**حتی وقتی می خندیم، فریبا وفی، مجموعه داستان، نشر مرکز، تهران، ۱۳۸۳، ص۸۳-۸۷.**



**«عەلی ئوڵفەتی» شاعیری هاوچەرخی کرماشان: شیعرێک دەبێتە شیعر کە ڕەسەن بنووسرێت و ئەدەبییەت و هونەر بەسەریدا زاڵ بێت.. ئەو کەسانەی دەشیانەوێ شیعر بەرەو سادەنووسی و قسەی ڕۆژانە ببەن، ئەوانە تێکدەری شیعرن.**

**سازدانی: شەریف فەلاح**

لەناو ئێڵی گەورەی کەلهوڕ، یان بە زاراوەی خۆیان "کەڵڕ" و لە گوندێکی شاری "سەرپێڵ زەهاو" هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورە بووە، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێک لەو کەسانەیە کە لەناو پرۆسە و ڕەوتە ئەدەبییە تازەکانی کرماشان و دەورووبەری حزووری هەیە و ڕۆڵی گێڕاوە، بەڵام پابەندی ئەدەب و دەربڕینی ڕەسەن و خۆماڵییانەیە. کەسێکی کونجکۆڵ و قسە لە ڕوو و ڕاستگۆیە، قەڵەمێکی جددی و پێداگر لەسەر داهێنانی نوێ. لە شیعری کوردیدا جیا لەوەی زمان و دەربڕین و نیگای تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام هێشتا لە قاڵبی غەزەلدا سەرکەوتووترە کە کۆمەڵە شیعری "گەرمەشێن" دەربڕی ئەم ڕاستییەیە.

جیا لە نووسینی شیعری کوردی، بە زمانی فارسیش شیعر، چیرۆک و ڕەخنە دەنووسێت، لە فارسیدا خاوەنی زمانێکی ئاڵۆزە و لە قاڵبی شیعری سپی فارسیدا دەنووسێت، جاروبارەش بە زمانی فارسی ڕەخنە و بابەتی خوێندنەوە لەسەر کۆمەڵە شیعری کوردی و فارسی شاعیرانی هاوچەرخی کرماشان دەنووسێت.

پێکەوە لەم دیمانەیەدا زیاتر لەگەڵ جیهانبینی و تێڕوانینی عەلی ئوڵفەتی بۆ شیعر و ئەدەبی کوردی لە کرماشان ئاشنا دەبین.

* پێناسەی تۆ بۆ بارودۆخی زمان و فەرهەنگ، زاراوە و دیالێکتە جیاجیاکان و چۆنیەتی فۆرم گرتنیان لە کرماشان چییە؟

– بەرلە هەموو شتێک من خۆم لەو ئاستەدا نابینم کە لەبارەی ئەدەبیات و زمانی ناوچەی کرماشانەوە قسە بکەم، ئەمە پرسێکی گرینگ و گرانە، منیش یەکێک لەو کەسانەم کە بۆ بەرەوپێش بردنی زمانی دایکی خۆیان زەحمەتیان کێشاوە. من لەم بارەیەوە بیر دەکەمەوە و سەرەنجام دەگەمە بنبەست، چونکە ئەو شتەی کە ئێستا لە مەیدانی ئەدەبی کرماشاندا هەیە، ناتوانێت قانعم بکات، ناتوانێ تینوێتیم بشکێنێ، چونکە بە جۆرێک هەست دەکەم دەبێ کاری باش و هەوڵی سەرکەوتووتر لەوەی کە ئێستا هەیە بێتە ئاراوە.

من قەت ناتوانم ئەوە قبووڵ بکەم کە شیعر لەناو ناوچەی کرماشان و لەناو زاراوەی گۆران، کەلهوڕ، کە هێندێ جار بە کولیایی و سنجاوی و...تاد ناو دەبرێت هەر لە یەک ئاست و قۆناغدا بمێنێتەوە.

لە ڕوانگەی منەوە ئەم بەرفرەیی زاراوانە زۆر جوانە و بە دەسکەوتی دەزانم و هیچ کێشەیەکم لەگەڵ هەر جۆرە ناوێک کە لەسەریان دادەنرێت نییە، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی دەڵێن با ئەم زاراوە و دیالێکتانە بکرێنە یەک و ناوی زمانی یەکگرتووی لەسەر دادەنێن، من ئەم پرسە لەناو ئەدەبیات و ئەم هەوڵە بە کارێکی پڕ مەترسی و غەیری زانستی و تەکنیکی دادەنێم و بەڕای من ئەمە یەکێک لە تایبەتمەندییە جوانەکانی دەڤەری کرماشانە کە پێنج هەتا شەش جۆر زاراوە و دیالێکتی جۆراوجۆری نووسین و ئاخافتن هەیە، ئەمە لە بنەڕەتدا خاڵێکی بەهێزە، نەک لاواز. من ئەوە بە کارێکی ناشایستە دادەنێم کە ئەگەر بێتو تەنانەت تاقە وشەیەک لەناو زمان و زاراوەی خۆمان بگۆڕین، یان وەلای بنێین، لەبەر ئەوەی کە خەڵکانی دیکە خۆشیان بێت، یان نا هەر شتێک لە جێگا و شوێنی خۆی جوانە.

دەڵێن لە ئەفریقا تایفەیەک کە سێزدە کەس بوون بە زاراوە، یان بن زاراوەیەکی تایبەت قسەیان کردووە، ئەمە هێندە گرینگە لەباری زانستی زمانناسییەوە کە توێژەرانی ئەم بوارە کات و دەرفەتێکی بۆ ئەو تایفە سێزدە کەسییە تەرخان کردووە و توێژینەوەیان لەبارەوە کردوون، بەڵام بۆ لەسەر حەشیمەتگەلێکی بەربڵاو و گەورەی وەک "گۆران، کەلهوڕ، سنجاوی، کولیایی، فەیلی، لەک و...تاد کارێکی ئەوتۆ نەکراوە و زۆر کەس هەن چاوەڕوانی ئەوەیان هەیە کە هەموویان بکرێنە یەک، نا ئەمە بەڕای من کارێکی نازانستییە و هەرکامەیان لە شوێن و پێگە و تایبەتمەندیی خۆیان جوان و ڕەنگینترن، چونکە هەرکامەیان خاوەنی پاشخانی فەرهەنگی و مێژوویەکی دووروودرێژن، ئەمە پرسێکی باس هەڵگر و هەستیارە کە بەردەوام من لەگەڵی بەرەوڕووم. ئێستا وای دابنێین کە لەسەر بنەمای هەر ڕووداوێکی مێژوویی، سیاسی، ناوچەیی، یان حکوومەتەکانی ڕابردوو بوون کە بوونەتە هۆی ئەم دابڕانە، ئەوە باسێکی دیکەیە. بۆ وێنە هەر لە سەردەمی مادەکانەوە ئێرە نیشتمان و شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێمە بووە، یان سەردەمی ساسانی و ئەشکانییەکان، کە بەداخەوە ئەشکانییەکان هێشتا چارەنووسیان دیار نییە و هەتا ئێستا لەم بارەوە شتێکی بەرچاو و بەڵگەمەند نەکەوتۆتە بەردەست کەوناراناسەکان و خۆی لە خۆیدا چوار سەد ساڵ لە مێژووی ناوچە و سەردەمێکی ڕەنگین وەلا دەنرێ، ئەمە بۆ خۆی پرسیارێکی بێ وەڵامە کە لەوانەیە ئەشکانییەکان کورد بووبێتن، هەروەک ساسانییەکان کورد بوون، چونکە پاش هەخامەنەشییەکان، دەبینین سەردەمی ئەشکانی کە چوار سەد ساڵ بووە هیچ هەواڵ و زانیارییەک لەبارەیانەوە نییە، ئێستا لەوانەیە بەردەنووس، یان هەڵکۆڵراوەیەک هەبێت، بەڵام شتێکی ڕاستودروست و بەرچاو لەبەر دەستدا نییە، ئەم نارِوونییە لەباری مێژوویی ئەو دەورانەوە گرفتێکی بۆ توێژەری ئەمڕۆ کە شارەزایە لە فەرهەنگ، زمان و شیعری ئەو قۆناغە هەبێت.

من ئێستا خۆم جاروبار تاقە بەیتێک لەو دەورانەم بەرگوێ دەکەوێ لە زاراوەی کەلهوڕی، یان ناوی هەر زارێکی دیکەی وەک جنووب، باشوور، یان کرماشانی لەسەر دابنێین من هیچ گرفتێکم نییە، چونکە زۆر کەس لەو هەوڵەدان و لە ئاخاوتنەکانیاندا بە تەمان من وەک کەسێکی توند و پان کەلهوڕیزم بناسێنن، ئەم مەسەلەیە ڕاست نییە، من پان کەلهوڕیزم نیم و کەسێکی غەیرە کەلهوڕیش نیم، تەنیا کەسێکی کەلهوڕیم و ئەمە ڕاستییەکە و منیش نایەم لەبەر ئەوەی کەسێک پێی خۆشە، زاراوەی خۆم بگۆڕم. کاتێک بە وردی توێژینەوە و خوێندنەوەیەک لەبارەی زاراوەکانی دەڤەری کرماشانەوە ئەنجام دەدەین، بەتایبەت دیالێکتی کەلهوڕ، دەبینین تاقە بەیتگەلێک هەن کە من وەک کەسێک کە شیعر دەڵێم و

شیعر دەناسم، بۆم دەرکەوتووە ئەو بەیتەی کە لەو سەردەمەوە بەجێماوە، بەیتێکی زۆر بەهێز و سەنگینە کە هەتا ئێستا ماوە. بێ گومان بەر لەو شیعرە زارەکی و بەندانە شیعرگەلێکی دیکەش هەبوون، چونکە پرسی نووسین و خوێندن نەبووە، سەرچاوە و هەوێنە سەرەکییەکەی ماوەتەوە. بۆ وێنە لەناو غەزەلێکی ئەو سەردەمە دەبینین شا بەیتەکەی ماوەتەوە.

لەبارەی ئەدەبیاتی زارەکییەوە بە بوێرییەوە دەتوانین بێژین لە پشتی هەر بەیتێکەوە لەوانەیە پێنج سەد بەیت هەبووبێت، لەبەر ئەوەی کە نووسین نەبووە و ئەدەبی زارەکی و دەماودەم باو بووە، لە قۆناغە جیاجیاکاندا گۆڕاون و کەم و زیاد کراون، یان لەبیر چوونەتەوە. ئەم باسە باسێکی زانستی و کارناسانەیە، پرسی نەبوونی نووسین و خوێندن لەلایەک و لەلایەکی دیکەش لەناو گۆڕانەکان، بەتایبەت یارسانەکان کە لە پەنا دەستی کەلهوڕ بوون، دەبینن بە بەڵگە و دەق و دەفتەر و دیوانەوە ماونەتەوە و ئەو ڕێچکەیەیان گرتۆتە بەر بەناوی ئەدەبی یارسان، بەڵام چۆنە لەبارەی زاراوەی کەلهوڕەوە بەڵگە و دەقێکی ئەوتۆ نییە؟ ئەمە مەسەلەیەکە کە بەڕای من دەبێ زماناناس و مێژوونووسان لەبارەیەوە توێژینەوە بکەن کە ئایا چ ڕووداوێک لەو سەردەمەدا هاتۆتە ئاراوە؟ ئاخۆ لە بنەڕەتدا قەدەغە بووە؟ یان ئاخۆ زمانی لەو سەردەمەدا، کوردی زمانێکی تایبەتی مەزهەبی بووە؟

* لێرەدا باست لە ئەدەبی یارسان کرد، هەروەک دەزانین باباتاهیری هەمەدانی (عوریان) کە خۆی یەکێک لە پەیڕەوان و باباکانی ئایینی یارییە، دەبینین ماوەی چەند ساڵێکە ڕێگا دراوە توێژینەوە و کار لە ڕاستای زیندووکردنەوەی ئایینە کۆنەکانی کرماشاندا بکرێت، وەک (کاکەیی، ئەهل هەق، و...تاد) لەوانەیە ئامانجێکی دیکەی لە پشت بێت، بەڵام خزمەتێکە بە فەرهەنگ و دابونەریتی ئایینە کۆن و ڕەسەنەکانی کورد، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە لە ڕابردوودا پێگەی ئەدەب لەناو یارسانییەکان لە چ ئاستێکدا بووە، هەروەک باسێشت لێکرد دەقەکان لەو ئایینەدا ماونەتەوە، بەڵام لەلای مەزهەب و ئایینەکانی دیکەی وەک شیعە و سوننە لە کرماشان، بەتایبەت زاراوەی کەلهوڕ و بن زاراوەکانی دیکەدا کەمترن، بەڕای تۆ هۆکارەکانی کامانەن؟

**هاتوهاوار و هەڵا و هەنگامە سازکردن، سواری هەست و سۆزبوون، خستنە سەر ڕێی ئەنارشیزم و خۆنواندن نابێتە شیعر**

– لە ڕاستیدا دەتوانین بێژین یەکەم ئایینی ڕەسەنی کوردستان، ئایینی یارسانە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە من مێژووزان نیم و زانیاری زۆری مەزهەبیم نییە و خۆشم لەو ئاستەدا نابینم لەبارەی فەلسەفەی ئایینی یارییەوە قسە بکەم، تەنیا وەک کەسێک کە ئەوە بۆم پرسیارە، ئاخۆ چۆن پێنج سەد هەتا هەشت سەد ساڵ نووسینی دەق لەناو ئایینی یارسان ماوەتەوە، ئاخۆ کەلهوڕەکان کاریان نەکردووە، ئاخۆ پێشگیری و لەمپەر هەبووە؟ تەنیا پێشبینییەک کە دەتوانین لەبەرچاوی بگرین لەوانەیە لە سەردەمێکدا قەدەغە بووبێت، بەڵام ئەوەش ناتوانین بڵێین کە زمانی کوردی زمانێکی مەزهەبی بووە، چونکە باسێک بەناوی "ئەدەبیاتی زارەکی" لە گۆڕێدا هەبووە و لە کرماشان و لەناو کەلهوڕەکانیش بەهێزە، بەداخەوە شیعر وەک هونەری کۆنی کورد کەوتۆتە ژێر ئەم هەژموونییە و لەناو کەلهوڕیش لە دەورەیەکدا بۆ "گاڵتە و جەفەنگ و پێکەنین" بووە کە کەسانێک بەناوی "دەلوو" بۆ وێنە تەنیا شیعریان بە باڵای ژنی خان و خانەداندا هەڵگوتووە و لەبارەی کەسایەتی و پێگەوە، کەسانێکی پلە بەرز نەبوون و ڕوحی شیعر لەلای ئەوان جووڵەیەکی ناشیرین و قێزەون بووە، بۆ وێنە ئەگەر دەبینین ئێستا دەقی "خان مەسیور" ماوەتەوە، خان مەسیور خۆی خان بووە، بەڵام چونکە خان بووە شیعر وتن بۆی عەیب و عار نەبووە، یان بۆ وێنە شامی لەباری "شامی کرماشانی"یەوە خۆی لە چینی خوار و لاوازی کۆمەڵگا بووە، بەڵام توێژی خوێندەواری ئێمە لەو سەردەمەدا (خان و ئاغاوات) پێشیان بە گەشەی فەرهەنگ و ئەدەب گرتووە، هەرچەند لەناو شێوەزاری سۆران لە ڕاستیدا خانەکان لە ڕاستای پاراستنی پێگەی خۆشیاندا بووبێت، یارمەتییان بە زمان و فەرهەنگ کردووە، بەڵام لەناو کەلهوڕ و کرماشان خان و ئاغاکان تەنیا لەبیری زوڵم و زۆر و پەروەردەی کەسانی خۆیاندا بوون.

بۆ وێنە مەلا، یان خانێک کە مامۆستایەکی هێناوەتە ماڵەکەی بۆ منداڵەکانی نەیدەتوانی دە منداڵی کەسانی دیکەش پێ بگەیەنێ؟ ئێمە لە ڕابردوودا کەسانێکی کوێر

بووین، چونکە کەسێک کە نەخوێندەوار بێت، کوێرە ئیدی. کەش و دۆخەکە لەژێر هەژموونی خان و خانبازی و زوڵمدا بووە و گەشەی نەکردووە، ئەگەریش دەقێک مابێتەوە، بۆ ئەوان ماوەتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە کاتێک هێندێ تاکە بەیت بۆ وێنە لەناو "هۆرە"ی ناوچەی کەلهوڕ بەرگوێمان دەکەون بەو هەموو جوانییەوە، ئەوەمان بۆ دەسەلمێت کە ئەگەر ئەوە هونەر و دانەرەی شاعیر بووبێت هەر ئەو تاکە بەیتەی بەسە.

ئەمڕۆ لە دنیای شیعردا شاعیرێک چوار پێنج شیعری باشی هەبێت بەسیەتی، بۆ وێنە خودی شاملوو بەڕای من دوو سێ شیعری زۆر بەهێزی هەیە، هەر ئەوەی بەسە، یان "نیما"ش بەڕای من دوو شیعری بەهێزی هەیە. بەگشتی ناتوانین بڵێین لە ڕابردوودا شیعر لەناو کەلهوڕدا نەبووە، بۆ وێنە لە هێندێ سەردەمدا لە بەهێزترین فۆرم و پێکهاتەدا دەرکەوتووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دۆخی نووسین و چاپ نەماونەتەوە، ئەمەش دەبێ توێژینەوە و بەدواداچوونی لەبارەوە بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێ کە هۆکارەکانی ئەم لاوازی و کەم حزوورییە چییە، بەڵام لەبەر ئەوەی من زمانناس و مێژوونووس نیم، ناتوانم زیاتر لەم بارەیەوە بدوێم، بەڵام تەنیا وەک شاعیرێک کە شیعری بەرە و نەوەکانی پێشوو دەخوێنمەوە، بەوە دەگەم کە ڕابردوو و پاشخان و ئەدەبی زارەکیی ئێمە لە بەشی حیماسی و بەرخوداندا بووە.

دەتوانم بێژم خاوەن ئەدەبێک بووین کە شانبەشانی نەتەوەکانی دیکە گەشەی کردووە، تەنانەت دەتوانین ئەو ئیدیعایەش بکەین کە ئێمە زووتر لە سۆرانەکانیش کارمان لەسەر ئەدەبی زارەکی و حیماسی کردووە، ئەدەبی ئێمە لە قاڵبی شیعر و بڕگەییدا بووە و خۆشتان دەزانن کێشی بڕگەیی مێژوو و پێشینەیەکی زۆری هەیە، تەنانەت دەقی خودی زەردەشت-یش بە کێشی بڕگەیی نووسراوە.

شیعری ئێمە لەسەر کێشی عەرووز نەبووە، بەپێچەوانەوەی ئەدەبی فارسی کە لەسەر کێشی عەرووزی بووە و کێشی بڕگەییان زۆر کەمە، بەڵام ئەدەبی بڕگەیی ئێمەی کورد لەوان زیاترە. باوەڕم بەوەش هەیە کە ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەبێ بڕگەیی بێت، هێندێ جار لەناو کێشی بڕگەییەوە دەڕواتە ناو چوارچێوەی عەرووزەوە، ئەمەش لەوەوە دێت کە هێندێ جار کێشی عەرووز دزە دەکاتە ناو کێشی بڕگەییەوە، یان هێندێ جاریش شیعرە بڕگەییەکانیش لە فۆرمی عەرووزدا دەردەکەون، بەڕای من ئەوە لە لاوازیی کێش و شیعری عەرووزەوەیە کە لە هەمبەر کێش و شیعری بڕگەییدا خۆی دەردەخات، ئەمە باسێکی زۆر جددی و گرینگە. کەوایە ئەدەبی زارەکی ئێمە زۆر بەهێزە و خودی باباتاهیر کە باست لێوە کرد، لە چوارچێوەی "پەهلەوی"، یان ئەدەبی "پاڵەوانی" دایە، یان هێندێ جار ئێمەی کەلهوڕ وەک پەهلەوی ناودێر دەکەن، من خۆم توێژینەوەیەکم لەسەر ٢٥٠ وشەی ناو شیعری فیردەوسی کرد، واتە ئەو دووسەد و پەنجا وشەیەی کە لە ئێرانی کەونارادا هەبووە، بۆ وێنەی وشەکانی وەک: "باران"، "بچە" و "بهار" لەناو فارسی لە بنەڕەتدا (واران)، (وەچکە) و (وەهار) بوون، لێرەدا دەتوانم بەو قەناعەتە بگەم کە ئێمە لە جێی خۆمان ماوینەتەوە و وەک شێوەزارێکی زمانی کوردی ئەدەبی زارەکیمان ماوەتەوە و لەلایەکیشەوە لەوە خۆشحاڵم کە کاری لەسەر نەکراوە، چونکە لەوە دڵنیام ئەو پاشخان و ئەرشیڤە دەست لێنەدراوەی کە ئێستا لەبەر دەستی نەوەی ئەمڕۆدایە نەدەمایەوە و لەناو دەبرا، کە بۆ وێنە لەناو شێوەزاری سۆران لە هێندێ ناوچە دەبینین کە کاریان لەسەر کردووە بەشێکیان فەوتاندووە، بەڵام ئەگەر لەلای ئێمە، تەنانەت لەژێر خاکیش بوون وەک خۆیان ماونەتەوە و نە با، نە باران نەیانتوانیوە بیانگۆڕن و ئەمانەش گەنجینەیەکی بەپێزن و من لەم گۆشەنیگایەوە دەڕوانمە ئەدەبی زارەکی ناوچەی کەلهوڕی کرماشان.

* لەبەرچی لە ڕابردوودا، تەنانەت ئێستاش گوتاری شیعر بۆتە گوتاری زاڵ و هەژموونی بەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگاوە دیارە، هۆیەکەی چییە دەقی دیکەی وەک: پەخشان، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆنامە و هونەرەکانی دیکە درەنگ بووژاونەتەوە، ئاخۆ هۆکارەکەی بۆ بیر و ڕوانینی کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە، یان پێوەندییان بە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی شیعر وەک: کێش و ئاسان لەبەر کردنەوە هەیە؟

- لە هەر شوێنێک کە ئەدەبی نووسراو و پەخشان ڕۆڵی کەم بێت، ئەدەبی ڕیوایی و گێڕانەوە ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ، چونکە شیعرەکانی ڕابردووی ئێمە ڕیوایی و گێڕانەوەن و دەیانەوێ داستان و بەسەرهاتێک بگێڕنەوە و توخمی چیرۆکیان تێدایە، یان دەتوانین بێژین خۆیان چیرۆکن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پرۆسەی نووسین و

چاپ و خوێندەواریی باڵا نەبووە، شیعر هاتووە کاری پەخشانی کردووە. یانی هاتوون مەتەڵێکیان بە ڕیتم، کێشی شیعر وتووە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی کە هەم ئاهەنگی تایبەتی هەیە کە ئاسانتر لەبەر بکرێت و هەم خێراتر بگوازرێتەوە، واتە لە بنەڕەتدا ئەو دوو خشتەکی و هۆنراوە کۆنە کوردییانەی کە لە ڕابردوو بۆمان ماونەتەوە، هەموویان ڕیوایین و کرۆکی چیرۆکیان هەیە، هۆیەکەی چییە؟ کە مەسەلەی سەرەکی لێرەدایە، کاتێک زمانێک زمانی فەرمی (پێوەر) نەبێت، کاتێک زمان زمانی دەسەڵات نەبێت، کاتێک بڕیار، یان نامەیەکی ئیداری پێ نەنووسرێت، چۆن دەکرێ پەخشان لە گۆڕێدا بێت، بۆچی بنووسرێت، ئێمە تەنانەت ئێستا بۆ خۆم وەک نووسەرێک کاتێک کوردی دەخوێنمەوە گرفتم هەیە، دەبێ چ چاوەڕوانییەکم لەو خەڵکە نەخوێندەوارە هەبێت. یانی لەبەر ئەوەی ئێمە (ئێلی کەلهوڕ) چەند لایەنێکی کۆمەڵناسیمان هەیە، واتە ئەدەبیاتی ئێمە بەشێکی زارەکی و بەشێکیشی خێڵەکی و تایفەیی بووە و بەشێکی زۆر بچووکی ئەدەبی شار بووە. لێرەدا باسی مەدەنیەت دێتە گۆڕێ کە لەم ناوچەیەدا ئەم پرسە حزووری نەبووە، کولتووری شارنشینی ئامادە نەبووە، دیاردەی شارنشینی نزیک بە ٦٠ هەتا ٧٠ ساڵە لە کرماشان دەستی پێکردووە.

* یانی تۆ لەو باوەڕەدایت ئێستاش ئەدەبی کوردی (شیعر) لە کرماشان و دەوروبەری هەر لە کەش و دۆخی دەربەگایەتیدایە و نەیتوانیوە ئەو فەزایە جێ بهێڵێت و پێ بنێتە ناو چەمکی ئەدەبی شارەوە؟

– ئێستا ڕاست ئەم ڕەوت و شەپۆلە تازەیەی کە لەناو شیعر و ئەدەبی کرماشان دەستی پێکردووە، هەموو سەرقافڵە و پێشەنگانی زادەی گوند و دێهاتەکانن، واتە چینی مامناوەندیی کۆمەڵگان و لە گوندەکان ژیاون (لەوانەیە عەشیرەت نەبووبێتن)، بەڵام هەر ئێستا ئەمانە هاتوونەتە شار و خەریکن بە شێواز، فۆرم و دەربڕینی شار کاری ئەدەبی دەکەن.

* لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، پێت وایە لە وەها دۆخێکدا ئەو بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییانەی کە شیعر لەناو کۆمەڵگا گرتوویەتە ئەستۆ، یانی هەموو پرس و بابەتەکانی لە خۆیدا جێگا کردۆتەوە، بۆ وێنە مەلایەکی ئایینی ویستوویەتی مەبەستی خۆی بگەیەنێ بە گوتاری شیعر دەری بڕیوە، هەر کەسە و هاتووە لە دەروازەی شیعرەوە ناخی دڵی خۆی هەڵڕشتووە و شیعر بۆتە تریبوونی یەکەمی کۆمەڵگا، بەڕای تۆ ئەمە زەربە و خەساری لە لایەنی "شیعرییەت"، جوانیناسی و هونەری ئێمە نەداوە؟

– بە هێنانە گۆڕێی ئەم پرسیارە ئیتر ناچارین باس لە دەیەی حەفتا (دەیەی دەسپێکی شیعر و ئەدەبی نوێ لە کرماشان) بکەین، دەبێ بڵێین ئەمڕۆ شیعر بۆتە ئامراز، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ پرسی شیعرییەتدا مەودا پەیدا بکات، کەسێک هەیە ڕۆژنامەوانە، دەرفەتی ڕۆژنامەوانی نییە، چونکە ڕۆژنامەی کوردی نییە، لەلایەکی تر کەسێک دەیەوێ کاری شانۆگەری بکات، پێی ناکرێ، چونکە شانۆی کوردی لە گۆڕێدا نییە، یان کار لەسەر مۆسیقا دەکات، یان ژەنیارە و هۆگری بە خوێندن و نووسین هەیە، یان بە داوای لێبوردن کابرا "گۆپاڵ وە دەست"ـە دەیەوێ خراپ بە کەسێک بڵێت دێت دەبێتە شاعیر، یانی تەنیا ڕۆژنە و ئاسۆی ژیانیان بۆتە شیعر، ئەمە بۆ نەوەی ئێمە کە جددی و لێبڕاو لەم مەیدانەدا کار دەکەین و مەسەلەی ئەدەبیات و شیعری کوردی کرماشانیمان هێناوەتە گۆڕێ،

**پێکهاتە و کرۆکی زمانی و فەرهەنگی ئێمە لەگەڵ بابەتی پۆست مۆدێرنیزمدا باشتر دەگونجێ**

خەسارێکی گەورەیە، زۆر کەس هەیە سیاسی و خەباتگێڕە دەبێ بڕوات کاری سیاسی بکات، تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەرەتان و هیچ ڕێگایەکی دیکەی نییە، هاتووە بۆتە شاعیر و خۆی بڕیوەتە مل شیعردا و تووشی شەڕ و کێشەیان کردووین و ناهێڵن کاری ئەدەبی خۆمان بکەین. لێرەدا زەربەیەکی گەورە لە پەیکەری ڕەوتی سەرەکی شیعر دەدرێت و شیعری ئێمەش بەرەو قۆناغی دەیەی حەفتای شیعری ئێران (فارسی) دەبات، شیعری دەیەی حەفتای ئێران نەختێ کراوەیی بە خۆیەوە بینی، چونکە چالاکی ڕۆژنامە، گۆڤار و ڕێکخراوەکان و کاری فەرهەنگی بەربڵاوتر بوو، زۆر کەس کە لە بنەڕەتدا ئەدیب و شاعیر نەبوون، هاتنە ناو مەیدان و فەزاکەوە بەناوی شیعرەوە و بیر و بۆچوون گەلێکی شۆڤێنیستی و هێندێ جار ئانارشیستییان خستەڕێ و کە لە بنەڕەتدا هیچ پێوەندییەکی هارمۆنیکییان بە شیعرەوە نەبوو. لە ئەنجامدا غەیری سێ چوار کەسی باش، ئەوانی دیکە

جێیان هێشت و ڕۆیشتنە پەی کاری خۆیانەوە و لە ڕاستیدا سواری شەپۆلێکی هەستۆکی خێرا بوون و ئێستاش خەریکە کۆتایی پێدێت.

لێرەدا دەمەوێ ئەمە بڵێم شیعر وەک هونەرێک، ئەگەر لە هەر دەورەیەکی زەمانیدا، ئەگەر بێتو فۆرم، قەوارە و دەربڕینی سەرەکی خۆی نەدۆزێتەوە، نامێنێ، بەرو لاوازی و لەناوچوون دەڕوات. بۆ وێنە شیعری حافز، سەعدی و مەولانا کە هەتا گەیشتوونەتە ئێستا هەزار ساڵ ڕەخنەی بەرلە خۆی بینیوە، حافز هەتا گەیشتۆتە ئەم دۆخەی ئێستا زیاتر لە حەوت سەد ساڵ ڕەخنەی زەمان هەبووە. زۆر جار کە هەبووە کە خۆشی لە شیعری حافز نەهاتووە، بەڵام چونکە شیعری حافز شیعری ڕەسەن بووە، ماوەتەوە. من لەو باوەڕەدام ئێستاش بەشێک لە شیعری "هێمن" هەتا ڕۆژێک مێژوو هەبێت هەر هەرمان و نەمر دەمێنێت، هێمن شاعیرێکی نیوکلاسیکە.

* بەرلەوەی باس لە قۆناغی دەیەی حەفتای ئەدەبیاتی کوردی لە کرماشان بکەین، ئێمە دەبینین بیری ڕیالیزم لە قاڵبی ئەدەبیاتی داستانیدا لە کرماشان بوونی هەبووە و کەسانێکی وەک"عەلی محەمەد ئەفغانی، لاری کرماشانی، مەنسوور یاقووتی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، لاهووتی و...تاد" هەبوون و ڕێچکەیەکی تایبەتیان بنیاد ناوە، بەڵام بە زمانی فارسی نووسیویانە، ئەو بارودۆخە چۆن هەڵدەسەنگێنی و ئێستا بە کوێ گەیشتووە؟

– لەبەر ئەوەی لەو سەردەمە ئیمکان و دەرەتانی گەشەی زمانی کوردی نەبووە و پەروەردەکردن بە زمانی فارسی بووە، ئەو ئەدیبە گەورانەی ناوت هێنان زۆرێک لە بەرهەمەکانیان بە ناچاری بە فارسی نووسیوە، بەڵام خودی لاهووتی بە زمانی کوردی شیعری هەیە، بەهۆی نەبوونی بەڵگە بۆ سەلماندن هێندێ گومان و دڕدۆنگی لەم بارەوە لە گۆڕێدا هەیە، بەڵام ناوەڕۆک و پێکهاتەی چیرۆکی یاقووتی و دەروێشیان، بەتایبەت "مێردەکەی ئاسکە خاتوون"ی عەلی محەمەد ئەفغانی هەموویان کوردین، یانی بیرۆکە و گەلاڵە (پیرنگ) کە لە ئەدەبیاتی داستانیدا هەیە کوردین، یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین ناوچەییە. بەگشتی بیرێکی چەپ، ڕیالیزمی کرێکاری و بەخودان بەسەر ئەو جۆرە لە نووسینی ئەدیبانی کرماشاندا زاڵە، لە ڕاستیدا ئەمە ئایدیۆلۆژیایەک بووە هاتۆتە ناو چیرۆکەکانیانەوە، دەتوانین بڵێین کە ئەوانە چیرۆک نین، چونکە چیرۆکی ڕەسەنیان نەنووسیوە، کە ئەوەش هەڵێنجراوی بارودۆخی ئەو سەردەمە بووە. من لەو باوەڕەدام کە دەروێشیان جیا لە چیرۆکی "مەزنی" باقی کارەکانی دیکەی لە ئاستی کارە چیرۆکییەکانی یاقووتیدا دادەنێم و هێندێ جاریش یاقووتی لە دەروێشیان بە بەرزتر دادەنێم، بەڵام چیرۆکی "مەزنی"ی بەرهەمێکە کە بە لاسایی کردنەوە لە "هووشەنگ گوڵشیری" نووسراوە، ئەمە ڕاستییەکە، چونکە پێکهاتەی ئەو بەرهەمە لە توخمی ئەدەبی نووسین و داستانی دەروێشیان نییە، مەبەستم چیرۆکی مەزنییە لەناو کۆمەڵە چیرۆکی مەزنی.

لەلایەکی دیکەشەوە بەڕای من لەو سەردەمەدا، چونکە بارودۆخەکە لەبار نەبووە، پێوەندییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان نەبووە و دەرەتانی فێربوونی زمانی کوردیش لە گۆڕێدا نەبووە و بەهۆی ئەوەی کە ئەوانیش هاتبوونە شار و فێری زمانی فارسی بوون و زمانی ناوچەیی و شێوەزاری خۆیان لەبیر کردووە، بیرۆکەیەکیش لە دەیەی چل لە کرماشان هەبووە و دەستەواژەی کرمانج (دهاتی) باو بووە و بەداخەوە ئێستاش بە نەختێ کەمڕەنگترەوە هەر ماوە کە کاریگەری ئەم بیرۆکەیە لەسەر کەمڕەنگتر کردنەوەی زمانی کوردیدا زۆر بووە، هەر بۆیە شێوەزاری ناوچەیی کرماشان و دەوروبەر خەسار و زەربەی زۆری لێدراوە، ئەگەریش ئێستا بەشێکی بە دەست لێنەدراوی و ڕەسەنی ماوەتەوە هی گوندەکانی دەوروبەرە کە نەتوانراوە دەستی تێوەر بدرێت، یان لەلایەن هێندێ لە نووسەرانیشەوە. ئەمە ڕای تاکەکەسی خۆمە کە من حەزم لە شیعری سیاسی نییە، شیعر شیعرە، ئیدی سیاسی چییە؟ ئەگەر کەسێک دەیەوێ کاری سیاسی بکات با بڕوات بۆ خۆی حزبێک پێکەوە بنێت و هەر جۆرێک پێی خۆشە بیر بکاتەوە، یان ئەگەر کەسێک دەیەوێ کاری ئیرۆتیسم بکات، با بە ئاراستەی خۆیدا بڕوات، ڕاستە ئەوەش توخمێک لە شیعری تێدایە، بەڵام لە ڕاستیدا شیعرێک دەبێتە شیعر کە ناب و ڕەسەن بنووسرێت و ئەدەبییەت و هونەر بەسەریدا زاڵ بێت، یان ئەگەر کەسێک بیەوێ بۆ وێنە بەدژی مەزهەب شتێک بنووسێت، ئەم مرۆڤە دەیەوێ دژایەتی لەگەڵ مەزهەبدا بکات، ئیتر چ کارێکی بە شیعر داوە؟ بۆ دەبێ لە ڕێگای شیعر و هونەرەوە ئەم کارە

بکات؟ ئاخر هەر شتێک بۆ خۆی یاسا و پێوەرێکی هەیە، من پێم وایە ئەمە هەڵپەرستی و کەڵکی خراپ وەرگرتنە لە شیعر. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە کەسێکی وەک "ئیحسان تەبەری" بکەین کە دۆڕاوێکی سیاسی بوو لە کۆتاییدا هاتووە کاری ئەدەبیاتیشی کردووە، زۆرێک لەو دۆستانەی ئێمەش لە کرماشان تووشی ئەم پەتایە بوون، بۆ وێنە ئەدەبیاتی دەیەی چلی هەتاوی ئەدەبێکی سیاسی بووە، واتە شکست خواردووان لە سیاسەتەوە روویان لە هونەر کردووە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا خەسارێکە بۆ ئەدەب و هونەری هەموو نەتەوەکان.

* کە دەگەینە دەیەی حەفتای هەتاوی کۆمەڵێک لاو و نوێخواز دێنە مەیدانەوە و دەست دەکەن بە نووسینی کوردی بە شێوەزاری کەلهوڕی و گوڕوتینێکی تر لە کرماشان و دەوروبەری دەکەوێتە گەڕ و لەم قۆناغەدایە کە ئیدی بەرەبەرە تێکەڵ بە بزاوت و جموجووڵە ئەدەبییەکانی سەرووی کوردستان و باشووری کوردستان دەبن، گۆڤارەکانی "ئاوێنە"، "سروە" و...تاد وەک پشتیوانیان دەوریان گێڕا و جەنابیشت وەک یەکێک لە دەستپێشخەرانی ئەو ڕەوتە ئامادەییت هەبووە و بەتایبەت لە بواری شیعرەوە جموجووڵێکتان وەڕێ خست، زەمینە و بەستێنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ڕەوتە لە چیدا دەبینی؟

- ئەگەر بمانەوێ لە بوار و بیاڤی زمانی کوردییەوە لەبارەی ئەم باسەوە بدوێین و بمانەوێ لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی بەراوردی بکەین، دەبێ باس لەوە بکەین کە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە سێ دەیەی جیاوازدا شیعریان نووسیوە، دەیەی یەکەم لەناو سۆرانی زماندا دەتوانین ئاماژە بە جەلال مەلەکشا و شەریف حوسێن پەناهی و کەسانی دیکە بکەین، کە ئەدیبانی کرماشان لەناو دەیەی یەکەمدا حزووری کەمیان هەبووە، ئێمە لەناو دەیەی دووەمدا هاتووینەتە مەیدان، لەلایەکی دیکەشەوە دەتوانین خۆمان وەک بەرەی یەکەمی شیعری نوێی کرماشان ناودێر بکەین، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئاخۆ چۆن بووە بەم شێوە بەرینە لە کرماشان دەست بە نووسینی شیعر بە زمانی کوردی کراوە؟ حیکایەتێکی سەیرە یانی لەبەر ئەوەی کە زمانی پەروەردە و خوێندن لە کرماشان فارسی بووە و خەڵک بە زمانێک قسەیان کردووە و بە زمانێکی جیاواز لەوەی خۆیان خوێندوویانە، خوێندن بە فارسی ئەو چێژ، هەست و شیرینی و ڕەنگینییەی کە لە زمانی ئاخاوتنیاندا هەیە تێیدا بەدی نەکراوە، یانی کەسێک کە کوردە و دێت شیعری فارسی دەنووسێت لەگەڵی نامۆیە، یانی ئەو هەستەی کە لەناو تاکە بەیتێکی کوردی کە پیرەمێردێکی خۆماڵی دەیڵێت هەرچەند بە نوقسانیش بیڵێت، لەناو فارسی بەدی ناکرێت، لە ئەنجامدا زمان و شیعرە خۆماڵییەکە بە بەرزتر دەزانێت.

هەتا ئێستا چەند ڕەوت و جەرەیانێک لە شیعری فارسی لەناو کرماشان هەبووە کە تێمانپەڕاندووە و من لەمە خۆشحاڵم کە پێشتر پێی ناڕەحەت بووم، لەوە خۆشحاڵم کە ئەزموونیان کرد، بەڵام نەیانکردە بنەما و جێگیر نەبووە، ئەوەی کە جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە کە ڕێژەی ئەو شاعیرانەی بە زمانی کوردی لە کرماشان دەنووسن هەم زیاترن و هەمیش لەباری تواناییەوە لەوانی تر سەرتر و بەهێزترن.

من خۆم ئێستا خەریکم بە دوو زمان دەنووسم، ئێستا دەتوانم شرۆڤە و شی بکەمەوە کە شاعیرانی کوردی نووسی کرماشان بە شێوەیەکی جددی خەریکن دەنووسن کێن و لە چ ئاستێکدان و پێگەیان چەندە؟ بەڵام پێشتر نەمدەتوانی. ئێستا بەرەی سێیەم ڕەخنە لە ئێمە دەگرن و دەڵێن ئێوە بە شێواز و فۆرمی کلاسیک نووسیوتانە و دەنووسن، لە حاڵێکدا ئەوان لە ناوەرۆکی مەسەلەکە دوورن و لێی نازانن، ئەوان دروشمیان ئەوەیە کە "ئێمە دەبێ کلاسیک بسڕینەوە" ئاخر ئەوان نازانن کام ئەدەبیاتی کلاسیکمان، کامە، مەگەر ئێمە "حافز و مەولانامان هەیە، ئاخر مەگەر ئێمە "قانع، گۆران، وەفایی، نالی، هێمن و هەژار و حەقیقی"مان هەیە؟ ئێمە هەین و شامی کرماشانی کە داماو ئەویش شاعیرێکی کۆمەڵایەتی بوو ئەگەر زۆرم گوتبێت دەتوانین بێژین شامی بەگشتی کۆتایی هێنەری ڕەوت و قۆناغی شیعری "دەلیو"ی کرماشان و دەوروبەر بوو. یانی شیعری "مەجلیسی" کە شیعرێکی لاواز و کەم ڕەنگ بوو، شامی تێکی شکاند و هات تەنزی هێنایە ناو شیعرەوە، هەرچەند شایەر و دەلیوەکانیش کاری تەنزیان کردووە، بەڵام پرەنسیپ و کەسایەتی کۆمەڵایەتییان نەبووە. شامی هەم کەسایەتی هەبوو، هەم ڕەگ و توخمی تەنز لەناو شیعریدا هەیە و بە شێوەی ورد و ژیرانە کاری لەسەریان کردووە، بۆیە دەتوانین شامی بە دەسپێکی شیعری کلاسیکی کوردی کرماشان ناودێر بکەین و

کەسانێکی دیکەش شانبەشانی هەبوون و دواتریش "پەرتەو کرماشانی" هەبووە کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا کاری کردووە، هێندێ جار خۆی ڕایگەیاندووە کە بۆ وشە کوردییەکان دەست و دامێن دادەمێنێ، یان کەسێکی دیکە بەناوی "چراخان کەهریزی" کە پەرتەو سەردانی کردووە و مانای وشەکانی لێی پرسیوە. ئەم کەسە کاری زۆری بۆ پاراستنی زمانی کوردی کردووە، هەرچەندە هاتۆتە شار و بە فارسی خوێندوویەتی و نووسیویەتی، بەڵام سەرەڕای گشت ئەمانە زمانی دایکی خۆی پاراستووە و پێشی نووسیوە.

ئەگەر بمانەوێ باس لە زەمینە و بەستێنەکانی دەیەی حەفتا بکەین، دەتوانین بێژین ئەو دەیە، دەیەی گۆڕانکارییە جیهانییەکان بووە، یانی دەیەی شکستی زنجیرەیەک بیرۆکە و ڕوانگەی کاریزمایی بووە لە بواری جۆراوجۆردا، یانی هەر لەم کوردستانەی عیراق بزاڤێکی پڕ جۆشیان دەست پێکرد، بەڵام نەیانتوانی بە جوانی گەشەی پێ بدەن، من وەک خۆم بە پەیامبەرگەلی ڕواڵەتییان ناودێر دەکەم، چەند کەسێکیان هەن کە مەگەر هەر خودا یارمەتییان بدات لە کۆڵ شیعر ببنەوە، یانی ئیلهامیان پێ بکرێ، دە لێی گەڕێ بڕۆ کارێکی دیکە بکە، یانی هاتو هاوار و هەڵاو هەنگامە سازکردن، سواری هەست و سۆز بوون، خستنەڕێی ئەنارشیزم و خۆنواندن نابێتە شیعر، کە بەداخەوە هێندێکیان بەم چەشنەن، بەڵام بەشێکی دیکەیان لەڕاستیدا شاعیری سەرکەوتوون و کاری جددی دەکەن و خاوەنی ڕوانگەی شیعرین، دەتوانم بڵێم شیعر دەبێ لە فەزای ئارامیدا بێت، نەک قەرەباڵغی سازکردن و قۆرغ کردنی تریبوون و مەجلیسان. بەداخەوە هێندێک لەمانەی باشوور فرە خۆیان دەگرن، بۆ وێنە میوان لە ئێرانەوە بانگ دەکەن، یان پارە دەدەن شیعرەکانیان لە ئێران بۆیان وەردەگێڕدرێن، بە باڵای یەکتردا هەڵدەڵێن و ئەم بەو دەڵێ تۆ ئیمپراتۆری شیعری دنیای و ئەوی دیکە بەم دەڵێ و کردوویانەتە بازاڕی نان بە قەرز دان بە دیتران و دۆخێکیان پێکهێناوە کە هاونەوەکانی خۆیان لەناوبەرن.

* من لەو باوەڕەدام لە مەیدانی ڕەوت و شەپۆلی شیعری نوێی کوردستانی ئێران و لە هەر چوار پارێزگا کوردنشینەکەدا، ئەگەر بزاوتێکی شیعری لە گۆڕێدا بێت، ڕەوتەکە بەربڵاوە و زۆر کەسی تێدا بەشدارن و دەنگ، فۆرم، دەربڕین و ڕوانگەی جیاواز لەناو جەرەیانەکەدایە و نەبەستراوەتەوە بە تاقە کەس و تاقمێک بۆ خۆیان قۆرخیان نەکردووە، بەڵام لە باشوور پێچەوانەی ئەم مەسەلەیە و بتی شیعری ساز بووە، تۆ پێت وایە لەبەرچی ئەم پرسە لەم دوو بەشەی کوردستاندا پێچەوانەی یەکترن و چۆنی لێک دەدەیەوە؟

– من ئەم باسەم زۆر جار لەگەڵ هاونەوە و هەڤاڵانم لە کوردستانی ئێران هێناوەتە بەرباس و وەک کەسێک کە ئێستا خەریکی کاری شیعرم و کاری خەڵکانی دیکەش دەخوێنمەوە، من لێرەدا دەمەوێ شتێک بڵێم کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا لە بیرم چوو باسی بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەدیبانی ئیلام لە قۆناغی کلاسیکدا زۆر لە شاعیرانی کرماشان بەهێزتر بوون، ئەوان لە قۆناغی نووسین، بەتایبەت کلاسیکدا هەنگاوێک لە کرماشان لە پێشتر بوون، بەڵام بەداخەوە من پێم وایە ئەمڕۆ ئیلام کشاوەتە دواوە، جا نازانم بەڕاستی من بێ ئاگام، یان ئەوان کار ناکەن، هەرچەندە من کەسێکم کە ئاگام لە زۆر شتی دەوروبەرمە. لە وەڵامی پرسیارەکەتدا دەتوانم بڵێم ئەو گرووپەی ئێمە وەک کەسانی دەسپێک لەناو ئەدەبیاتی کەلهوڕ و ئێستاش کە پێنج شەش کەسی دیکەی پێ زیاد بووە، بەخۆشییەوە نەگەیشتووینەتە بیرێکی بەکۆمەڵ و ئەنجامێکی هاوبەش و کارمان بۆ ئەمەش نەکردووە، دەبینین هەر دە کەسمان شیعرمان لەگەڵ یەکتر جیاوازە، یانی شیعرمان پلە و ئاست بەندی بووە ئیتر، واتە هەرکەسەمان زمان و دەربڕینی خۆی هەیە، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و خاڵی بەرچاو و سەرکەوتنی شێوەزاری نووسینی شاعیرانی کرماشانە، یانی زمانی کوردیی کرماشان بەو جێگا و ئامانجەی کە دەبوایە بیست ساڵی دیکە پێی گەیشتبا، ئەمڕۆ پێی گەیشتووە. هۆیەکەی چییە؟ ئێمە ئەزموونی کاری دۆستانی کوردستانی باشوور، شاعیرانی ئیلام، ئەدیبانی پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و شاعیرانی فارسمان لەبەر دەستدایە و لە ڕاستیدا دەستمان پڕە. دەزانین دەبێ چ کارگەلێک نەکەین، ئەمە پرسێکی زۆر گرینگە و هەر ئەدەب و زمانێک لە داهاتوو داهێنەرەکانی بەم چەشنە بیر بکەنەوە، سەرکەوتووە و گەشە دەکات، بەڵام ئەزموونی کوردستانی باشوور هەرچەند ئەوان پێش خۆیان ئەزموونی دیکەیان هەبووە، بەڵام نەیان پاراست و بەرینتریان نەکردووە و لەدەست پاوانی کۆمەڵێک کەسدا مایەوە.

* ناوە ناوە بەرگوێمان دەکەوێ کە لەناو بەرەی نوێی ئەدیبانی کرماشاندا زۆر بە چڕی باسی پرسی مۆدێرن و مۆدێرنیزم لە ئەدەبدا دەکەن، پێت وایە کۆمەڵگای کوردیی ئێمە لە ئەدەبدا ئەمڕۆ بۆ دەبێ مۆدێرن بێت؟ ئاخۆ تایبەتمەندییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردییە دەیانەوێ لە ئەدەبدا بەرجەستەی بکەن، یان کاریگەری و شوێندانەریی ئەدەبی فارسی و بیانییە؟

– لە بنەڕەتدا باس کردن لە پرۆسەی مۆدێرنیزم لە دنیا، من دەتوانم بەم چەشنە پێناسەی بکەم کە، مۆدێرنیزم پرۆسەیەکی دژوار، تووڕە و کوشندە بوو کە شکستی هێنا. یانی مۆدێرنیزم هیچ کات ناتوانێ گشت کەس بە قەناعەت بگەیەنێ، مۆدێرنیزم یاسای پێوەر و گەڵاڵەکانە، لە دەوری بازنەی "دەبێ و نابێ"دا دەسووڕێتەوە، مۆدێرنیزم ڕوحی مرۆڤی تێکدا و ئێستاش زۆرێک لە چالاکانی ئەدەبی کورد گیرۆدەی ئەم مەسەلەیەن و دەڵێن مۆدێرنیزم لە کاتێکدا کە حاشا لە بوون و ناسنامەمان دەکات چۆن چۆنی دەتوانێ پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بێت، ئەمە بۆ خۆی پرسیارێکی جددییە. لێرەدا باس باسی "زمان و فەرهەنگ"ە کە جیاوازی هەیە لەگەڵ تیپ و قەڵافەت و لەگەڵ فیلمدا جیاوازە، ئەمە خۆ گاڵتە نییە و یارییە لەگەڵ ڕوحی شیعر کە زۆر پڕ مەترسیدارە. دەبێ لەم ڕاستییە تێ بگەین کە پێکهاتەی فەرهەنگی ئێمە پێکهاتەیەکی مۆدێرن نییە، بەڕای من شیعری مۆدێرنیش ئێستا شکستی هێناوە، پێکهاتە و کرۆکی زمانی و فەرهەنگی ئێمە لەگەڵ بابەتی پۆست مۆدێرندا باشتر دەگونجێ، پۆست مۆدێرنیزم ئەو فازەی بۆ ئێمە کردۆتەوە.

* بەڕای تۆ کۆمەڵگای ئێمە کە هێشتا بە پوختی مۆدێرنیزمی ئەزموون نەکردووە و تێنەپەڕاندووە، بۆ دەبێ باز بدات و ئامێز بۆ پۆست مۆدێرن بکاتەوە؟

– ئەو باسەی کە لەناو پۆست مۆدێرنی ئەدەبیاتدا لە گۆڕێدایە مەبەستی من نییە، بەڵکو ئەو دۆخەیە کە بۆ جیهان دروست بووە، لە بارودۆخی پۆست مۆدێرندا زۆر لە باوەڕ، تەشک، وردە فەرهەنگ و دابونەریتەکان وەلا نانرێن و ناسڕێنەوە، دەرەتان بۆ مانەوە و هەناسەکێشانیان هەیە، بەڵام لە مۆدێرنیزمدا پێچەوانەیە، واتە مۆدێرنیزم شەپۆلێکی یەکگرتوویی و یەکانگیریی جیهانییە کە دەتوانێ زۆر شت بفەوتێنێ. دەتوانم بڵێم هێندێ جار "هاوتەرازی بیری کۆمۆنیستییە"، بەڵام پۆست مۆدێرن وا نییە، بۆ وێنە ئەمڕۆ لە باسی بیناسازیدا زۆرێک لەو هێما، نیشانە و ڕەنگینیانەی کە لە ڕابردوودا هەبوون ئەمڕۆ پۆست مۆدێرن خەریکە زیندوویان دەکاتەوە. واتە پۆست مۆدێرن فەزایەکی بە تەواوەتی مەدەنی و تژی لە دیموکراسییە، یانی لەناو پرسی پۆست مۆدێرندا، هیچ شتێک وەلا نانرێت، هەموو شت و دیاردەیەک، جێگە و پێگەی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەش لە گۆڕێدایە کە دیاردەکان خۆیان هەتا چەندە بەهێز بن و هەوڵی مانەوە و گەشەکردنی خۆیان بدەن، ئەوە ئیتر پێوەندی بە خۆیانەوەیە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە فەرهەنگی x لە فەرهەنگی y لاوازتر بێت، یان زمانی یەکیان لە شوێنێک بگاتە بنبەست، بەڵام لێرەدا ئیدی بەم چەشنە نییە، من لە وتووێژێکمدا باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە، وتوومە پۆست مۆدێرنیزم بۆتە هۆی ئەوەی ئێمە بگەینە ئەم ئاستەی ئێستا، فەزایەک کە لە شوێنەکانی دیکەش هەبووە و هەیە، بۆ وێنە لەناو "گیلەکی، تەبەری، لوڕ و لەک و...تاد" ئەم دۆخە لە گۆڕێدا بووە.

* مەسەلەیەک کە جێگای پرسیارە، ئەوەیە کە زۆربەی ئەدیبانی کرماشان، چ سەردەمی کلاسیک، تەنانەت چیرۆکنووسەکانیش بە دوو زمان نووسیویانە و ئەم مەسەلەیە ئێستاش لە کرماشان هەر بەردەوامە کە هەم لە ئەدەبی کوردیی کرماشانیدا و هەم لە ئاستی ئەدەبی فارسیدا کەسانێکی ناسراون، ئەمە چەندە کاریگەریی لەسەر پرسی نووسین و ئەزموونی نووسەرانی کوردی ئەو دەڤەرە هەبووە؟

– هەروەک دەزانین زمانی فارسی زمانێکی خۆشە و زۆر کەس پێی دەنووسن، زمانێکە کە لە بواری ئەدەبدا زۆر بەرهەم و شاکاری هەرمان و ڕەنگینی پێ نووسراوە، ئێمە لە کرماشان هەلومەرجێکمان بۆ ڕەخساوە و لەبەر ئەوەی کە زمانی فەرمیی وڵاتەکەمان فارسییە، باشتر لێی تێدەگەین و لەلایەکی دیکەشەوە بەگشتی کرماشانییەکان لە ئەدەبیاتدا بەهێزن و لە چەند دەورەیەکی مێژووییدا خۆیان دەرخستووە و ڕۆڵیان گێڕاوە. بۆ وێنە یەکەم ڕۆمانی مێژوویی لە ئێران بە زمانی فارسی "میرزا باقر خوسرەوی" ئەدیبێکی کرماشانی نووسیویە، یان یەکەم شیعری مۆدێرن و نوێ لە ئێران "ئەبولقاسم لاهووتی" شاعیری کرماشانی نووسیویە، بۆیە کرماشان دەڤەرێکە کە هەمیشە خاوەنی

بەهرە و داهێنان بووە، ئەمانەش ڕۆڵێکی زۆر باشیان گێڕاوە. من لەو باوەڕەشدام ئەم دوو زمان نووسینەش لەوانەیە هێندێ جار خەسار و زەرەر بێت، من ئەگەر خەڵکەکە بتوانن بە ئاسانی زمان و شێوەزاری خۆیان بخوێنن و بنووسن و ئەو دەسەڵات و بارودۆخەش بێتە ئاراوە کە هەموو کەس بە زمانی خۆی بنووسێت، یان گیروگرفتەکان لەناو زمانی کوردی کەمتر ببنەوە و خوێنەری کوردی بەرفراوانتر بێت، من بڕیار دەدەم کە ئیتر بە تەواوەتی کوردی بنووسم. ئەم دوو زمانی نووسینە کات و وزەی شاعیر و نووسەران دەگرێت، لەلایەکی دیکەش بۆ وێنە شاعیرێکی وەک "فەریاد شیری" کە بە فارسی دەنووسێت و زۆریش ناسراوە، ئەگەر بێتو ئەو توانایییەی بۆ زمانی کوردی تەرخان بکات (هەرچەند لە زمانی کوردیشدا کاری زۆری لە بواری شیعر، وەرگێڕان و توێژینەوەدا کردووە) دەبینین بە نیسبەت کەسانی دیکە زۆر بەهێز و توانایییە، لە بنەڕەتدا ئەدیبانی کرماشان لە بواری شیعرەوە خاوەن توانایین. بەڕای من کەسێک کە بیەوێ بە دوو زمان بنووسێت، هەم کات و وزەی دەوێت و هەمیش دەبێ کەسێکی خاوەن توانایی و بەهێز بێت، لە بەرانبەردا هێندێ جار تووشی خەسار و گرفت بووین، بۆ وێنە بەشێک لە شاعیرانی کرماشان ڕووبەڕووی من وەستانەوە و کە تۆ نابێ بە فارسی بنووسیت و دەبێ بە کوردی بنووسیت، یان دەبێ لەم نیشتمانە بچیت، لە بەرانبەر ئەم ئیدیعایانەدا کاتێک شیعرە کوردییەکانیان دەخوێنمەوە بۆم دەردەکەوێ کە بەڕاستی ئەو شیعرە بەهێزە و جێگای مشتومڕ نییە، کە من بێم بەو قسانەیان قەڵس و تووڕە بم، ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە من بێم وەک ئەوان لەو ئاستەدا شیعری کوردی بنووسم، دەبێ بڵێم بەڕاستی ئەو شیعرەی کە ئەو کۆمەڵە کەسە دەینووسن، لە ئاستی شیعری پلە پێنجدایە کە ئەو شێوە کارە ئامانجی من نییە.

* ئێستا لەم دۆخەدا چیرۆکنووسانی کرماشان چ کوردی و چ فارسی لە چ ئاستێکدان، ئاخۆ شانبەشانی شیعر کە خەریکە پرۆسەی ئاسایی خۆی تێپەڕ دەکات، چیرۆکیش توانیویە پاش نەوەی چیرۆکنووسانی دەیەی چل و پەنجا فۆرم و قەوارەی خۆی بگرێت، ئاخۆ کەڵکەڵەی چیرۆکنووسانی ئەو دەڤەرە کامانەن؟

– ئێمە دەتوانین زۆر بە ئاسانی ئەدەبیاتی داستانی (چیرۆکی کوردی کەلهوڕی) تاووتو بکەین، چونکە یەکەم کار لەم بوارەدا "ڕەنگامە" بوو کە عەباس جەلیلیان بەرهەمی هێنا، دواتر خانم نەسرین باباخانی کتێبی "موشتێ خوەشی" چاپ و بڵاوکردەوە، بەڵام بەڕای من بەر لە عەباس جەلیلیان و خانمی باباخانی مەسعوود قەنبەری و سادق سامرەیی بوون کە چیرۆکی کوردیی کەلهوڕییان نووسی، هەرچەندە بەداخەوە هەتا ئێستا کتێبی چیرۆکەکانی چاپ و بڵاو نەکراوەتەوە، چیرۆکی کوردی لە کرماشان هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بکرێ بخرێتە بەر تاووتو و شرۆڤە کردن و تەنیا دەتوانین ئەوە بڵێین کە بوونی هەیە و سەرەتاکانی بنیاد نراوە، چونکە کاتێک من دێم و دەڕوانمە چیرۆکی کوردیی سادق سامرەیی و نەسرین باباخانی بۆم دەردەکەوێ کە جێگای خۆشحاڵی و ئۆمێدە کە چیرۆکی باش و سەرکەوتوو دەنووسن، هەرچەندە ئەگەر نەختێ کێشە و گرفتیان لەباری زمانەوە هەیە، ئەوە گرفتێکی گشتییە و هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمانەکە هەتا ئێستا کەمتر پەخشانی پێ نووسراوە.

* لەم ژانرەدا کارەکتەر و پاڵەوانەکان چۆنن و کێن و کەڵکەڵەیان چییە، ئاخۆ بیر و ڕەفتاریان هەڵێنجراوی واقیعەکانی کۆمەڵگای کوردییە و لەگەڵ کارەکتەرەکانی شیعر چ جیاوازییەکیان هەیە؟

– من لەو باوەڕەدام کە چ لەناو شیعر و چ لەناو چیرۆک کارەکتەرگەلێک دەور دەبینن، ئەمانە سروشتین، بیروڕاکان جیاوازن و هێندێ جار وا بیر دەکەینەوە و لەبەر ئەوەی کە بە زمانی کوردی دەنووسین، دەبێ ئەو کارەکتەرە هەموو ڕەفتار، جلوبەرگی هی ناوچەی خۆمان بێت، یانی دەبێ کارەکتەر بێ ئەم لاو ئەولا پانتۆڵی کوردی لە پێدا بێت؟ ئەگەر بێین و کۆتوشەڵوار و کراواتی لەبەر کەین لەگەڵ بیرمان ناخوێنێتەوە؟ ئێمە تووشی ئەم گرفتەین و تەنیا ڕێگای درێژەدان و هەناسەدان ئەوەیە کە بەو نوسخانەی پۆست مۆدێرن کێشاویە بڕۆنە پێش و درێژە بدەن کە هێشتا لە قۆناغی مەشق و ڕاهێناندایین، بەڵام دەتوانم بێژم ڕاستە کە هێشتا کەمن، بەڵام بەرهەمگەلێکی باشن و ئەو ئومێدەمان پێ دەبەخشن کە دەکرێ چیرۆکی کوردیی کەلهوڕیش بێتە ئاراوە.

* وەک شاعیرێکی جددیی کرماشان و هێندێ جاریش ڕەخنە دەنووسی، پێت وایە ئەو خەسار و ڕەخنانەی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی ئەدەبیاتی ئەم دیارە، بەتایبەت شیعر

بوونەتەوە کامانەن؟

- بەڕای من زۆر سروشتی و ئاساییە کاتێک باسێک لە زەمەنێکی کورتدا دێتە گۆڕێ، عەیب و شەرم نییە کە بێـتـو لە بەرانبـەریدا ڕاوەسـتی و ڕەخنەی لێ بگریت، منیش لەناو ئەو کۆمەڵە لە دۆستان کە دەستمان داوەتە ئەم بزاوت و جـمـوجـووڵە کـە کـەمـتـرینیـان بووم، لەو باوەڕەدام کە لاوازی و کەموکوڕی بە کارەکانمانەوە دیارە، من لە بەرهەمەکانی خۆشمدا هەست بەم کەماسییە دەکەم با هەڤاڵان لێم زیز نەبن. ئەم کێشە و کەموکوڕییانەش باسێکی جـددین و ئەگـەر بێـتـو چارەسـەر نەکرێن، بێ گومان ڕەوت و ڕەوڕەوەی ئەو بزاوتە لە جووڵە دەوەستێ، ئێمە لەناو شـیـعـری ئازادی کوردیی کرمـاشـانیـدا لەبەر ئەوەی کـە ئێـمـە پەخـشـانمان نەبووە، پرۆسـەی نووسین و دەق درەنـگ سـەری هەڵداوە، زمـانی ئەکـادیمیک و زانستگاییمان نەبووە، ئێستا هەرچی زمان و ئاخاوتە و زارەکییە دەقاودەق دەیهێنینە ناو شیعرەوە، یانی قسەی زارەکـیـمـان بۆتە زمـانی شـیـعـرمـان، ئەم ڕەخنەیە ڕووبەڕووی یەکە بە یەکەی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە لەم پرۆسەیەدا بەشدارن، یەکەم کەس خۆشم ئەم کەموکوڕییەم هەیە. لاوازی و نەبوونی پەخـشـان لە ڕابردوودا لێـرەدا دەردەکەوێ. لەبەر ئەوەی کە ئێمە ئیدی وەک سەردەمی پێشـوو شـیـعـری ڕیوایی و حـیکایەت ئاسا ناڵێین کـە کێشەی گێڕانەوە چارەسەر بێت، واتە ئەو وشانەی کە لە شیـعردا بەکـاریان دێنین وشـەی ئاخاوتە و زارەکین، ئەو دەربڕین و دەستـەواژانەن کە لە قسەی ڕۆژانەدا بەکاریان دێنین و قـسـەی نـوبسـیـاری نین. لەبەر ئەوەی ئەزمـوونی نوبسیاریمان نەبووە، کاری پێنەکراوە، ئێستاش کـارەکەی بۆ ئێمە ئەستەم تر کردووە. ئەم مەسەلەیە کێشەیەکی جـددی و بنەڕەتیـیـە کـە دەبێ هەوڵ بۆ چارەسـەرکـردنی بدرێت و دەبێ دۆسـتـانمان ئەو ئاگـایی و شـارەزاییـەیان هەبێت و ئەم گرفتە بناسن و لەبەرچاوی بگرن، هەرچەندە ڕەخنە و کەموکوڕی بە هەر کارێک سروشتی و ئاساییە، بەڵام لە ڕاسـتیـدا کـێشـەیەکە و دەبێ کـار بۆ لابردنی بکەن. ئەمـە لەلای من بۆتە باس و بابەتی وتارێک و کاتێک لەگەڵ دۆستان دەپەیڤین دەبینم هەمان ئەو شتانە لە شـیـعـردا بەرجـەسـتـە دەبنەوە، ڕاست ئەم گـرفـتـە لە شیعری "شێرکۆ بێکەس"یشدا دەبینرێت. زمانی زارەکی و ئاخـاوتە، زمـان ئەدەبی لیـریکی و دڵداریـیـە، زمـانی ئەکـادیمیکی و زانسـتگایی و فـەرمی نییـە کـە ئەمـە لاوازییەکی بەرچاوی شیعری شاعیرانی کرماشانە.

* ئەم مـەسـەلەیە لەناو شـیـعـری مۆدێرن و بەرەی نوێی فـارسـیـشـدا ئەم توخـمـە (بەکارهێنانی زمانی ئاخـاوتەی ڕۆژانە) بەرچاو دەکـەوێ، لە حـاڵێکدا فـارس خـاوەن زمـانێکی فـەرمین، ڕای تۆ لەم بارەوە چییە و پێت وایە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

- لێرەدا ئیتر باسەکە دەڕواتە ناو پرسێکی زۆر جددی و باس هەڵگرترەوە، ئێمە لە شیعری فارسیدا باسێکمان بەناوی "شـیـعـری زارەکی" هەیە، کـە خـودی سەید عـەلی ساڵحی کە یەکێکە لە شاعیرانی لەمێژینە و بە ئەزموون، دەیەی ١٣٦٠ی هەتاوی (١٩٨١ز) جۆرێک لە شیـعری دەربڕینی ناوچەیی و زارەکی دێنێتـە ئاراوە کە بەبێ هیچ دوودڵییـەک دەڵێم لە بنەڕەتدا شیـعر نییـە، هێندێ جار دەبێتە "وڕێنە" و لە دەیەی حەفتادا زۆر کەس پەیڕەوییان لەم ڕەوتە کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە شیعری نوێی فارسی بەرەو سادە نووسی پەلکێش بکات. من دەڵێم لە بنەڕەتدا شیعری ساکار نییە، بەڕای من شیعر ئاڵۆزترین هونەرێکە کـە هەتا ئەمـڕۆ مـرۆڤ کـەشـفی کـردووە، بەڵام نەک ئاڵۆزی و پێچوپەنا نووسینێکیش کە خوێنەر گێژ و وڕ و دڕدۆنگ بکات، بەڵکو ئاڵۆزییـەک کـە تێکەڵ بە هونەری شیعرییەت بێت. شیعر پێکهاتەکەی سەخت و دژوارە، ئەگەر دژوار نەبێت، ئیدی شیعر نییە و هەرکەسە و بێت بۆ خـۆی قسـە بکات و دەبێـتـە شـیـعـر، ئیـتـر بۆ خـۆمـان شـەکـەت دەکـەین و شـیـعـر دەنووسین؟ ئەمـەش ڕەخنەیەکە لە شـیـعـری سـەید عـەلی سـاڵحی کـە لەناو ژێرخانیدا هیچ پەیامێکی تێدا نییە، لە ڕواڵەتدا خاوەن زمانێکی سادە و ساکارە، ئەم لاوازییە کەم تاکورتێ لە شیـعری فارسـیدا ڕووبەڕووی "ئەحـمەد ڕەزا ئەحـمەدی" دەبێـتـەوە. ئێـمـەش دەبێ وریا بین و بە ئاقـاری ئەم هەڵەیەی شیعری فارسیدا نەڕۆین، کە ئەمڕۆ شاعیرێکی وەک "شـەمس لەنگرودی" خـەریکە لەناو ڕاگـەیاندن و ڕۆژنامەکان باسی سادەنووسی لە شیعری هێناوەتە گۆڕێ کە لایەنگر و پشـتـیـوانێکی زۆری هەیە، کـە بەڕای من کەسانێک کە لە نووسینی شیعری جددی و پتەو و قایمدا کـەم توانسـتن، دێن سـادە دەنووسن و لەبەر ئەوەش کـە سادەنووسی بۆ چینی "پۆپۆلیست" و جەماوەری ئاسایی کۆمەڵگا ئاسانە، لایەنگریشی زیاترە و لێرەدایە کە ئەوان لە خزمەتی بەردەنگ و خوێنەردان و خوێنەر لە خزمەتی شـیـعـردا نیـیـە. ئەم خـاڵە هەڵە و لاوازییـەکی زەق و

بەرچاوی مێژووی ئەدەب و شیعری فارسییە کە ئێمەش دەبێ وریا بین تووشی نەبین. ئەم شتە لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا تارادەیەک هەیە نموونەش "شێرکۆ بێکەس"ـە کە باسم کرد.

* پێت وایە شیعری شاعیرانی کوردی کوردستانی ئێران کە بە سۆرانی دەنووسن لە چ ئاستێکدایە و کەسانێکی وەکو یوونس ڕەزایی و ڕەزا عەلیپوور، سالح سووزەنی و کامبیز کەریمی و زۆر کەسی دیکە بەناو "بەرەی چوارەمی شیعری نوێی کوردی" دەنووسن و پێش لەمەش جەرەیانێک بەناوی "داکار" لە مەریوان دەستی پێکرد، ڕوانگە و بۆچوونی بەرێزت لەبارەیانەوە چییە و جیاوازییان لەگەڵ شاعیرانی کرماشان لەچیدا دەبینی؟

– ئەو دوو کەسەی کە ناوت بردن، واتە یوونس ڕەزایی و ڕەزا عەلیپوور شاعیرانێکی زۆر جددین و بەڕاستی بە پەیامی ڕاستەقینەی شیعر گەیشتوون، بەڵام بەڕای من بەشێکی زۆری شاعیرانی کوردی نووس (سۆرانی) گیرۆدەی سادەنووسی بوون و نەختێ شپرزەن و بەڕای من ئەم شەبەنگە زۆریان زمانی شیعرییان لە یەک دەچێت، بەڵام ئەم دیاردەیە لە کرماشان نابینرێت، چونکە ئێمە لەبەر ئەوەی لە ئەزموونی فارسەکان و شاعیرانی کوردی سۆرانی نووس نزیکترین و لەبەردەستماندان، نابێ ئەم کارە دووپات بکەینەوە، بۆیە ئێستا دەتوانین بێژین شیعری کوردیی (کرماشان) هەیە و بوونی خۆی سەلماندووە، بەڵام ناتوانین بڵێین کە خەریکە پێشبرکێ دەکات، هەرچەند ئەگەر مەسەلەی بەراورد و ڕکەبەریش لە گۆڕێدا بێت، شاعیرانی کرماشان لە زۆر شاعیری کوردی سۆرانی نووسی چ ئێران و چ عێراق باشترن، بەڵام هێشتا ناتوانین لەگەڵ شیعری جددی ئەم دوو بەشەی کوردستان بیانخەینە تای تەرازوو و بەراوردەوە لەبەر ئەوەی کە هێشتا زۆر زووە، چونکە نەمام و ساوایە و دەبێ حاشای لێ نەکەین.

* لە شیعری بەرەکانی ڕابردوودا ئەو ویست و پەرۆشی و ئازارە گشتییانە کە لەناو کۆمەڵدا هەبوون، ڕاستەوخۆ گوازراونەتەوە بۆ ناو دەق (شیعر)، بەڵام ئەمڕۆ ئەم مەسەلەیە گۆڕاوە، بوون و خەونە تاکەکەسییەکان، واتە ناسنامە و تاکایەتی لەناو شیعردا بەرجەستە دەبێتەوە، ڕوانگەی تۆ لەم بارەوە چییە؟

– ئەگەر بمانەوێ باس لەو خەم و پەرۆشییانە بکەین کە لەناو شیعری کورد، فارس، تەنانەت عەرەبەکان و بەگشتی هەر نەتەوەیەک لە ڕابردوودا بکەین، بۆ وێنە جەرەیانی شیعری ڕووس، فەرەنسە، یان شیعری شۆڕشی مەجارستان، کاتێک دێیت تاووتویان دەکەیت، دەبینین ئەمانە خۆیان تووشی کۆمەڵێک پرس و بابەتی ڕواڵەتی، ئاسایی و خێرا کردووە، مەسەلەگەلێکن کە چارەسەرییان دێت و بۆ ئەدەب و نووسین ناشێن، یانی کاتێک تاک و کۆمەڵ پەرۆشیی هەیە و لەگەڵ گرفتێک دەیەوێ خەبات بکات، دێت هەر بەو ڕوانگەوە شیعر دەنووسێت، دوای ماوەیەک کە گرفتەکە چارەسەر بێت، ئیتر ئەو شیعرە مانایەکی نییە، کەوایە شیعر شتێکی زۆر قووڵ و پڕ واتا و بانتر لەم پرسانەیە، یانی لە بنەڕەتدا چەمکی شیعر لەگەڵ ئەم مەسەلانە جیاوازی هەیە و پێناسە و سنوور ناناسێت، هەر کەسێک بێت ناو و تاریفێکی دیاریکراو بۆ شیعر دیاری بکات، ئەوە نیشانەی بێ تواناییە و تووشی دردۆنگی بووە.

مەگەر "تی ئێس ئیلیەت" کاتێک "خاکی هەرز"ی نووسی، مەگەر هەمووان چەپڵەیان بۆ لێ دا بەگشتی لە ١٢ بەرگدا چاپ کرا، پاش پازدە ساڵ خەڵکی دەوروبەری خۆی زانییان ئەو کەسەی کە پێشەنگە چ شاکارێکی نووسیوە، کەسێک کە لۆرکا دەڵێ ئەمڕۆکەش هەر لە پێشەوەیە و پێشەنگە و ئێمە بەم دواییانە زانیومانە کە ئەو جۆرە دەقانە هێما و سیمبولی فەرهەنگی ئەو ناوچەیەن. من ئەوەش ناڵێم کە شیعر و شاعیر لە خەڵک جیا بن.

* تۆ پێت وایە ئەدەب ئەرکی دەکەوێتە سەرشان؟ واتە دەروەستی لە ئەدەبدا بوونی هەیە، بە واتایەکی دیکە پێت وایە ڕۆڵی ئەدەب ئەوەیە کە واقیعی کۆمەڵ بگوێزێتەوە بۆ ناو دەق؟ یان شتێکی دیکە، ئەگەر غەیر لەمەیە بۆچی بۆ منی دەنووسی؟

– با ڕاشکاوانە پێت بڵێم من شیعر بۆ ئەو خەڵکە نانووسم کە ماف و حقووقی خۆیان ناناسن، هەر لە بنەڕەتدا نازانن کێن! من تاقەتی ئەوەم نییە کە خەڵک (ئەڕام چەپ بکوتن)، جەسارەتی ئەوەش ناکەم بڵێم کە خەڵک خراپن، نا پێم خۆشە ئەم تێگەیشتنەی لێ نەکرێت، شیعر نە پورسێکی خوراکە کە هەر کەس برسی بێت لێی بخوات، تێر دەبێت و ئیتر پێویستی بە شیعری من نییە، بەڵام ئەندێشە لە شیعر، فیکر، ئاراستە و سۆنگەیەکی تازەتر ئەو توخمانەن کە شیعری ئەمڕۆ دەبێ ڕەچاویان بکات، نەک گرتنە ئەستۆی ئەرک و ڕاسپاردە

که بەڕای من ئەمە لاوازکردنی شیعرە. شیعر لەگەڵ ژانرەکانی دیکە بەڕای من جیاوازی هەیە، یانی ئەگەر بێتو شیعر بە دەست و پێ بەستراوی بخەینە خزمەتی ئایدیا، فیکر و جەرەیانێکەوە کە ئیمکانی چارەسەرکردنی هەیە، کارێکی نابەجێیە. بۆ وێنە دوو کەس پێکەوە شەڕیانە، ئەگەر ببێتە هەوێنی شیعر و کاتێک پێکەوە ئاشتیان بێتەوە، چارەنووسی شیعرەکە چی بەسەر دێت؟ کەوایە شیعر بە قەولی نیتشە "فرا در زمان خود بودن است"، واتە لە سەرووی سەردەمی خۆت نووسینەوەیە، شیعر داهاتووە، بەڕای من شیعری باش دوای پەنجا ساڵ لە نووسینی، خوێنەر ئەوکات تێدەگات کە چ شاکارێکە. ئەو کەسانەی دەیانەوێ شیعر بەرەو سادەنووسی و قسەی ساکار و ڕۆژانە بەرن، ئەوانە کەسانێکن کە تێکدەری شیعرن و خەریکن کەڵکی نابەجێ لە شیعر وەردەگرن.

* چۆن دەڕوانیتە داهاتووی ئەدەبیاتی کوردی و پێت وایە وەک نەتەوەکانی دیکەی دنیا (ئەدەبی فارس، فەڕەنسەیی، تورکی و...تاد) لەناو کوردیش چەمکێک بەناوی "ئەدەبی کوردی" لە ئاستی دنیادا بوونی هەبێت؟

- من ڕاستییەک دەڵێم کە شیعری کوردی لەبەر ئەوەی نەتەوەی کورد لە کەمینەدا بووە، بۆ وێنە بەهۆی نیشاندانی ستەم و زوڵمی نەتەوەی کورد، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان، بەڕای من لە ڕادەبەدەر شیعر گەورە کراوەتەوە و شیعری کوردی لەو ئاست و پێگەیەدا نییە کە ئەمڕۆکە ناسنامە و پێناسەیەکی ڕواڵەتی پێ بەخشراوە، زیاتر لە مافی خۆی پێ دراوە کە بەرەنجامەکەی قۆناغێکی وەستان و لە بزاوت کەوتنە کە بێ گومان قەرەبووی ئەم زیادەڕۆییەمان پێ دەدەنەوە، چونکە زۆر کەس تەنیا لە ڕووی هەست و سۆزێک کە ئێمە کوردین و مافمان خوراوە و ستەممان لێ کراوە، شیعرمانیان گەورە کردۆتەوە، دەنا شیعری ئێمە هێندە مەزن نییە، ئێمە هێشتا لە سەرەتادایین و بە قەرا ئەدەبی فارسی و وردی بەرهەمەکانمان هێشتا وەرنەگیردراون. زۆرمان ماوە بناسرێین، ڕەنگە بەهۆی هێندێ پرسی سیاسی خەڵات بە هێندێ شاعیری کورد ببەخشن، کە ئەمە بەڕای من جێگای پەسند نین و کاتین، ئێمە لە داهاتوودا تووشی دەورەیەکی لاوازی و ڕاوەستانی شیعری کوردی دەبین، کە لەوانەیە تەنانەت دەیەیەکیش بخایەنێت، کاتێک باس لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کوردی لە کرماشان دێنە گۆڕێ، مەسەلەی ئەم وەستەک و ڕاوەستانەیە کە دەستی پێکردووە. بۆ وێنە کاتێک شێوەزارێکی بچووک لە هەمبەر زاراوەیەکی دەوڵەمەند و بەربڵاودا خۆی دەبینێتەوە، ئەمە نیشانەی لاوازیی زاراوەی سەرەکییە، هەڵبەت مەبەستم تەنیا لە بواری شیعرەوەیە. ئێستا شیعری باش بەرهەم نایەت، بۆ وێنە سەردەمانێک شێرکۆ بێکەس شیعری بەرزی دەنووسی و ناوبانگیشی دەرکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئیدی گوێمان لە دەنگ و شیعری باشی شێرکۆ بێکەس نییە، هەڵبەتە من وەک خۆم هەر لە سەرەتاشەوە شیعری باشم لە شێرکۆ بێکەس نەبینیوە، من بە جەسارەتەوە دەڵێم شیعری قوباد جەلی زادە زۆر بەلامەوە گرینگە، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵڵا پەشێو جووڵانەوەیەکی هێور ئاسای بەناو شیعردا هەبووە، کە لە زۆر کەسی دیکە هەرمان و نەمرترە، چونکە خاوەن شیعرێکی پڕ مایەیە، نەتەوەیی و خاوەن ژێرخانێکی قایمە، ڕواڵەتی و ژۆرنالیزم ئاسا نییە، زۆرێک لە شاعیرانی ئەم دیو گوزەران، پەشێو هەروەک کەسایەتی کە ئارامە شیعریشی دەمێنێتەوە. هەرچەند ئێستا لەوانەیە بۆ ماوەیەک زۆر کەس لەم لاو ئەولاوە خەڵاتمان بکەن و چەپڵەمان بۆ لێ بدەن، بەڵام ئەمە دەتوانێ فریوشمان بدات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە قووڵتر لە شیعر نەڕوانین و پەی بە کەموکوڕی و لاوازی کارەکانمان نەبەین.

* پرسی ڕەخنە لەناو کورد لە چ ئاستێکدایە و تا ئێستا توانیویەتی لە بەرەوپێش بردنی ئەدەبیاتی کوردیدا ڕۆڵی هەبێت؟

- باسی ڕەخنە لە ئەدەبی کوردی و فارسی کە من لەگەڵیان بەرەو ڕووم، بە تەواوەتی گۆڕاوە. ئێمە نە لەناو فارس و نە لەناو کورددا ڕەخنەگری گەورەمان نییە. بەم دواییانە لەناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئێران نانووسن، ڕەخنە، دەنووسن "تێڕوانینێک بۆ فلانە کۆمەڵە شیعر". بەرهەمەکە کتێبێکە ١٠٠ لاپەڕەیە، دێن لە دە تا بیست ڕستەدا لەبارەیەوە دەنووسن، کێ دەڵێ و وتوویە ئەمە ڕەخنەیە؟ ئێمە هەر لە بنەڕەتدا ڕەخنەگرمان نییە، تێڕوانینی ڕەخنەگر لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان خۆشی لەو بەرهەمە دێت، یان بە خراپی دەزانێ کە لەسەری دەنووسێت. هیچ ئاستێکی زانستی، ئەکادیمی، عەقڵانی بەپێی میتود و پێوەرەکانی ڕەخنە لەو نووسینانەدا ڕەچاو ناکرێن کە بەناوی ڕەخنەوە دەنووسرێن، چونکە تۆ، یان

پێت خــراپە دەیکوتی، یان پێت باشـــە و بە باڵایدا هەڵدەڵێی. ڕەخنەکانمان زانستی نین، من خۆم هێندێ جار ڕەخنە دەنووسم و حاشاشی لێناکەم کە لاوازە و ڕەخنەی هاوڕێیانی دیکەشم هەر بەم چەشنەیە و لەسەر بنەمای هەست و سۆزە، لە ڕاستیدا ئێمەی فارس و کورد هێشتا نەگەیشتووینەتە فەرهەنگی ڕەخنە. ئەوەی کە دەڵێن ڕەزا بەراهەنی بەڕای من لەناو ئێران گەورەترین ڕەخنەگرە، یان عەبدلعەلی دەستغەیب کە لە ئاستێکی مامناوەندیدایە دیسان تووشی ئەو گرفت و کێشانەن و شتێک کە مەبەستی خۆیەتی دەینووسێت.

* دوایین وتەت بۆ ئەم باسە دوورودرێژەی کردمان چییە؟

– من حەز ناکەم شیعری کوردی ببێتە مەسەلەیەکی هەستیار، بەڵکو لەو باوەڕەدام شیعری کوردیش شیعرێکە وەک شیعر لە زمانەکانی دیکە ئیدی. دەبێ بار و ڕوحێکی ئارام و هێوری پێ ببەخشین، دەبێ لەو حاڵەتە شڵەژان و هەستیارییە بیهێنینە دەر و لە فەزایەکی ئارامدا بینووسین و مەسەلەیەکی تریش ئەوەیە کە تەنیا کوردی نووسین نەبێتە شانازی، بۆ وێنە ئەم بابەتە لە کرماشان لە گۆڕێدایە کەسی وا هەیە شیعرێکی زۆر لاواز دەنووسێ، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی کە کوردییە، بۆیان گرینگە، یانی چی، ئەمە دەمارگرژییە. ئەمە لەگەڵ بیرۆکەی دیموکراتیکدا نایەتەوە، دەبێ تێڕوانینی دیموکراسی لە دەق و تێکستدا لەبەرچاو بگرین و زۆر بەبێ گرێوگۆڵ ئەم ڕەوتە ئاساییە بپێوین و تەنیا لەبەر کوردی نووسین و بە عەقڵییەتی هەست و سۆزەوە گیروگرفت بۆ شیعر و زمانەکەمان ساز نەکەین کە بە زەرەری زمان و فەرهەنگی نەتەوەییمان بێت.

**پرۆفایل:**

**– عەلی ئولفەتی، شاعیر، چیرۆکنووس و توێژەر، لەدایک بووی ١٣٥٦ (١٩٧٧ز) لە ئاوایی "نقارە کوت"ی سەر بە شاری "سەرپێڵ زەهاو" لە پارێزگای کرماشان.**

**– خاوەن بڕوانامەی زانستی پێوەندییەکان، خوێندکاری کارناسیی باڵای بەشی زمان و ئەدەبی فارسی لە زانستگای ڕازیی کرماشان.**

**– بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی دەنووسێت، یەکێک لە ڕچەشکێنانی شیعری هاوچەرخی کوردیی (کەلهوڕی)یە لە کرماشان کە ساڵی ١٣٧٠ دەستی پێکردووە.**

**هەتا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ کردووە:**

**– خۆڵەمێشی، کۆمەڵە شیعری فارسی، ساڵی ١٣٨١.**

**– ڕاخ، کۆمەڵە شیعری فارسی، ساڵی ١٣٨٣.**

**– گەرمەشین، کۆمەڵە شیعری کوردیی (کەلهوڕی) ساڵی ١٣٨٧.**

**– بە ڕیوایەتی دووربینی ڕووسی، کۆمەڵێ چیرۆکی فارسی، ساڵی ١٣٨٧.**

**– کەڵکەڵەی هەرات، کۆمەڵە شیعری فارسی، ساڵی ١٣٨٨.**

**– سانەناو، کۆمەڵە شیعری دوو زمانەی کوردی و فارسی، ساڵی ١٣٨٩.**

**– ئەوان لە مەرگ نەترسابوون، کۆمەڵە شیعری فارسی، ساڵی ١٣٨٩.**



زمـانی کـوردی بـەپێی پێـشکەوتنی زەمەن بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، ساڵانی هەشتا و حەفتاکان ئەم زمانە باشتر بەرەو پێش دەچوو، ئـەمـە بۆچوونی هێندێک لە زمـانزانانی کـوردە، بەڵام بۆچوونێکی دیکە دەڵێ: زمـان و ڕێنووسی کـوردی ئێـستـا لەوپەڕی گـەشـەکـردندایە و مـەترسی لەسـەر نەمـاوە. بۆ ئەوەی لەوردەکـاری ئەم باسـە تێ بگەین بەباشـمـان زانی ئەم دیمانەیە لە گـەڵ مـامـۆسـتـا فـەهمی کاکەیی ساز بکەین.

## فەهمی کاکەیی:
## زمانی کوردی لە ڕیزی سەد زمانی گەورەی دنیـایە، بۆیە نـە لە ئێـسـتـا و نە لە داهاتوویەکی دووردا هیچ مـەترسییـەکی فەوتانی لەسەر نییە.

دیمانە: حەیدەر عەبدوڵڵا

* زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هەرە دێرینەکانی دنیا، بەڵام وەک ئاشکرایە تاکو ئێستا لەسەر پێی خۆی نەوەستاوە، بە دەربڕینێکی دیکە نەیتوانیوە بگاتە ڕیزی زمانە زیندووەکانی جیهان، بۆ؟

– نازانم مەبەست لە زمانە زیندووەکانی جیهان چییە، جارێ بەر لە هەموو شتێک هەر زمانێک قسەی پێ بکرێت زمانێکی زیندووە و ئەمڕۆکە نزیکەی شەش هەزار زمان لە جیهاندا هەیە کە قسەیان پێ دەکرێت، لەمانە نزیکەی نیوەیان هەڕەشەی فەوتانیان لەسەرە و ڕەنگە تا چل ساڵێکی دیکە لەناو بچن، بەڵام زمانی کوردی یەکێک نییە لەو زمانانەی هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەر بێت. بەخۆشحاڵییەوە دەڵێم زمانی کوردی لە ڕیزی سەد زمانی گەورەی دنیایە، ئەگەر کورد تەنێ سی ملیۆن بێت، ئەوە زمانی کوردی دەکەوێتە نێوان ژمارە چل و چل و پێنجەوە لە زنجیرەی سەد زمانی گەورەی جیهان. زمانی کوردی نە ئێستا و نە لە داهاتوویەکی دووردا هیچ مەترسییەکی فەوتانی لەسەر نییە، بەڵام ئەگەر مەبەست لە پرسیارەکە ئەوە بێت کە بۆچی زمانی کوردی نەگەیشتووەتە ڕیزی زمانە جیهانییەکان، ئەمە لەبەر ئەوەیە کە هەلومەرجی بەجیهانیبوونی تێدا نییە. بۆ ئەوەی زمانێک ببێتە زمانێکی جیهانی، پێویستە: ڕۆڵێکی کاریگەری لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەبێت، بەربڵاوییەکی جیهانیی هەبێت، لەنێوان گەلاندا بەکار بهێنرێت و قسەکەری زۆری هەبێت، بۆیە دەکرێت بگوترێت لەو چوار مەرجانەی باسمان کردن، زمانی کوردی تەنێ لە یەکێکیان بەهرەدارە، ئەویش زۆریی قسەکەرانی. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت زمانی کوردی زمانێکی گەورە و زیندووە، بەڵام جیهانی نییە.

* هێندێ لە نووسەر و زمانزانان پێیان وایە زمانی کوردی ئێستا لەوپەڕی لاوازی دایە، بەبۆچوونی تۆ هۆکار چییە؟ چارەسەر چییە؟

– من وای بۆ دەچم کە ئێمە لێرەدا باسی ڕەوشی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین، بۆیە هەوڵ دەدەم لەو چوارچێوەیەدا بۆچوونی خۆم بێژم. دیارە ئەو نووسەر و زمانزانە هێژایانە بەڵگەی خۆیان هەیە. من پێم وایە ئەمڕۆکە زمانی کوردی پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییەکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، لە لایەکەوە خەمساردییەکی زۆر هەیە سەبارەت بە زمانی کوردی هەم لەلایەن دەسەڵات و دامودەزگا پێوەندارەکانەوە، هەمیش لەلایەن تاکی کوردەوە. ئەمڕۆ لە سایەی ئەو ئازادییەوە کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەوەی بایەخی پێ نەدرێت زمانی کوردییە. کاتی خۆی کە زمانی کوردی ڕەقیبی بەسەرەوە هەبوو، دامودەزگا زەمانەوانییەکان، نووسەران، مامۆستایان، خوێنەران و خەڵکی دیکەش گرنگییەکی زۆریان بە زمان دەدا، هەنگێ خەڵک پێی وا بوو لەدەستدانی زمانی کوردی دەبێتە هۆی لەدەستدانی ناسنامەی کوردی، کە ئەم بۆچوونە تا بڵێیت ڕاستە، کەچی ئەمڕۆکە کەس گرنگی بەو مەسەلەیە نادات، هەم دەسەڵات و هەم دامودەزگا پێوەندارەکان ئەو دروشمەی کە دەڵێت: زمانی من ناسنامەی منە، بەرز نانرخێنن، چونکە کوردستان ئەمڕۆکە ئازادە و ڕەنگە پێیان وا بێت ئیدی تاکی کورد ناسنامەی خۆی لەدەست نادات، ئەم لێکدانەوەیە تا بڵێیت هەڵەیە. پاراستنی زمانی کوردی هێندەی کاتی خۆی گرنگ بوو، هێندەی کاتی خۆی مەترسیی لەسەر بوو، ئەمڕۆ دە هێندەی ئەو سەردەمە گرنگە و مەترسیشی لەسەرە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت دەوڵەتێک دابمەزرێنین، دەبێت هەر لە ئێستاوە خۆمان ئامادە بکەین. یەکێک لەو ئامادەکارییانە گرنگیدانە بە زمان، کە چەند لایەنێک دەگرێتەوە، ڕەنگە لە پرسیارەکانی تردا جێگەیان ببێتەوە.

هۆیەکی دیکەی ئەو لاوازییە، ڕەنگە زۆری و بۆری بێت لە بواری چاپەمەنی و ڕاگەیاندندا، بە بینراو و بیستراو و ئەلکترۆنییەوە. ئەمڕۆکە هەر کەسە بیەوێت دەتوانێت بۆ خۆی سایتێک بکاتەوە، ڕۆژنامە، یان گۆڤارێک دەربێنێت، چوار کەس بەیەکەوە کۆ دەبنەوە و ڕادیۆیەک دادەمەزرێنن، هەر حزب و ڕێکخراو و لایەنێک هەڵدەستێت و کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی بۆ خۆی دەکاتەوە، ئەمەیە کە پێی دەڵێن: زۆری و بۆری. لەم حاڵەتەدا کێ دەتوانێت ئەو هەموو سەدان ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و دەیان ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بخاتە ژێر چاودێریی زمانەوانییەوە؟ تا ئێوارە پێیان بڵێ: کاکە گیان دوو دانە واو لەسەرەتای وشەدا نایەت، کەس گوێت لێ ناگرێت و ڕەنگە بڵێن: ئێمە تا ئێستا وامان کردووە، بووە و ڕۆیشتووە، پێیان دەڵێیت: ئاخر پیتی بزوێن لە سەرەتای وشەدا بێ هەمزەی سەر کورسی نایەت، کەچی ئەو تەقەی سەری

دێت و نازانێت ئەلفبێی کوردی چەند بزوێنی تێدایە، ڕەنگە هەر نەشزانێت ئەم ئەلفبێیەی ئێمە بریتییە لە چەند پیت. ئەمە بەڕاستی کارەساتە. من پێم وایە هەبوونی ناوەندێکی زمانەوانی کە چاودێریی ڕەوشی زمانی کوردی بکات، خاوەن دەسەڵات و کاریگەر بێت، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشە، گەلێک گرنگە.

ڕەنگە کەسێک بڵێت: ئەی ئەوە نییە ساڵانە کۆنفرانسی زمان دەگیرێت؟ هەنگێ دەبێت منیش بپرسم: ئەدی لۆ حاڵی زمانی کوردی هێندە شڕە؟ کێن ئەوانەی کۆنفرانس دەگرن؟ بۆ کۆنفرانس بانگ دەکرێن؟ چ پێشنیار و بڕیارگەلێک دەدەن؟ کوانێ بەدواداچوونیان؟ کوا بەرهەمی کۆنفرانسەکانیان؟

ئەمڕۆکە هەموو شتێک لە کوردستان بەسیاسەت کراوە، هەر بۆیەش هەموو شتێک بەسیاسەت چووە، یەکێک لەوانەش زمان و کۆنفرانسەکانی زمانە. تۆ دەبینیت، ئەوانەی بانگ دەکرێنە ئەو کۆنفرانسانە لەسەر ئەساسێکی سیاسی بانگ دەکرێن، ئەوانەی بانگیش ناکرێن هەر لەسەر ئەساسێکی سیاسی بانگ ناکرێن، بۆیە جیاکردنەوەی زمان لە سیاسەت، جیا کردنەوەی ڕاگەیاندن لە سیاسەت، جیاکردنەوەی قوتابخانە لە سیاسەت و چەندین جیاکردنەوەی دیکەش، زۆر گرنگن.

* ڕێنووسی کوردی باشووری لە کوردستان چەندان ڕێڕەوی وەرگرتووە، بە نموونە: چەند دەزگایەک جووت (واو)یان پێ زیادە و ئەوەی بۆشیان بنووسێ لای دەدەن. چەند دەزگا و بڵاوکراوەیەکیش پێیان وایە نەنووسینی دوو (واو) و دوو(یـ)، جۆرێکە لە بێ ئاگایی لە ڕێنووس، هەندێکیش کە تاقمی سێیەمن تەقەی سەریان دێ و پێیان وایە ئەم جۆرە باسانە هیچ سوود بە زمانی کوردی ناگەیەنن، ئەی بۆچوونی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

– کێشەی ڕێنووس لە کوردستاندا کێشەیەکی گەورە و مەترسیدارە، بە هەڵە نووسین تێگەیشتنی هەڵەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە خۆی لە خۆیدا، ڕەنگە دەرئەنجامی زۆر خراپی لێ بکەوێتەوە. لەو سێ گرووپەی باست کردن، گرووپی سێیەم زۆر دژوارە، چونکە ئەوانە بێ ئاگایانە کەوتوونەتە ناو بواری زمانی کوردییەوە، هەرچی گرووپی یەکەم و دووەمن هەرچۆنێک بێت لەوە دەچێت بیانەوێت گفتوگۆ بکەن و ڕەنگە بەڵگەشیان بۆ بۆچوونەکانی خۆیان هەبێت، بەڵام نەک گرووپی سێیەم. ڕێنووس یاسای خۆی هەیە، هەندێک لەو یاسایانە بەڵگەنەویستن و هەندێکیشیان پێویستە بسەلمێنرێن، لەپاڵ ئەمانەدا جاری وا هەیە زمانناسان لەسەر چۆنیەتیی نووسینی وشەیەک، یان دەستەواژەیەک ڕێک دەکەون و ئیدی دەبێت بە یاسا. ئەم کێشەی ڕێنووسە بەشێکە لەو سەرگەردانییەی زمانی کوردی تێی کەوتووە. من پێم وایە ئەو دەزگایانەی لە کوردستاندا ڕەچاوی ڕاستنووسی دەکەن زۆر کەم بن، دەکرێت بگوترێت دەزگای پەخش و بڵاوکردنەوەی ئاراس یەکێک بێت لەوانە، هەروەها دەزگای سەردەم. ئەمڕۆکە زۆربەی نووسەران هەندێکیان لە زانایییەوە و هەندێک لە نەزانییەوە کێشەیان لەگەڵ دەزگاکانی بڵاوکردنەوەدا هەیە. تۆ دەبینیت من لە ڕستەکەی پێشوودا لە وشەی (زانایییەوە)دا سێ دانە پیتی (ی)م بە دوای یەکدا نووسیوە، ڕەنگە پیتچنێک پێی وا بێت ئەوە هەڵەی چاپ بێت و دانەیەکیان لا بدات، بەڵام ئەمە هەڵە نییە، خۆی سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا دێت، ئەگەر ڕێکەوتنێک هەبێت لەسەر ئەوەی کاتێ سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا هاتن یەکێکیان لا بدرێت، ئەو کاتە دەبێت هەموومان دوای ئەو ڕێسایە بکەوین. بۆچی سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا هاتووە؟ چونکە وشەی زانایی خۆی دوو دانە (ی)ی هەیە، لەگەڵ پاشگری (یەوە) کە دەخرێتە سەری دەبێتە سێ دانە، هەندێک بەم شێوەیە دەینووسن: زانایی یەوە، بەڵام ئەمە هەڵەیە و نابێت وشەکە کەرت بکرێت، بەڵکو دەبێت بە دەم یەکەوە بنووسرێت، ئا لەوێدا هەندێک نووسەر پێیان ناشیرینە سێ دانە (ی) بە دوای یەکدا بنووسرێت، بۆیە یەکێکیان لا دەبەن، بەڵام ئەمەشیان هەڵەیە، ئەگەر ئێمە ئەو وشەیە دابەش بکەین بەسەر بڕگەدا، دەبینین ئەم بڕگانەی لێ دەردەچێت: زا/نا/یی/یە/وە، واتە پێنج بڕگە، بە گوێرەی ژمارەی بزوێنەکانی ناو وشەکە کە پێنج بزوێنن. ئەم وشەیە کە بە پیتی لاتینی بینووسیت هەرگیز بواری ئەوەت دەست ناکەوێت یەکێک لە (ی)یەکان لا بدەیت. تەماشا بکە، وشەکە بە لاتینی ئاوا دەنووسرێت: Za-nayîyewe، بەکەرتکراوی: Za/Na/Yî/Ye/We

ئەو سێ دانە (ی)یەی ناوەڕاست بە لاتینی ئەمانەن (yîy) دوو دانەیان نەبزوێن و یەکێکیان بزوێنە،

پرسیــار لێرەدا ئەمــەیە: کـام لەم (ی)یانە لا بدەین؟ یەکێک لە نەبزوێنەکان، یان ئەوەی بزوێنە؟ هەر کامیـان لا بدەین هەڵەیە. بەر لە هەمـوو شـتـێک وشەکـەمـان پێ ناکـرێتــە برگــە، دوای ئەوەش دوو دانە بزوێن بە دووی یەکدا دێن کـە ئەمـەشیـان یاسـاکـانی ڕێنووسی کـوردی ڕێگای نادەنێ. ئەوانەی پێیان وایە نووسینی دوو (و) و دوو (ی) جۆرێکە لە بێ ئاگایی لە ڕێنووس، بێ گـومـان بێ ئاگایانە ئەم قسەیە دەکەن، بۆیە گرنگە ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کـار دەکەن بخرێنە کۆرسی بارهێنانی زمـانی کـوردییـەوە، هەروەها دەزگـاکـانی ڕاگـەیاندن و پەخش و بڵاوکـــردنەوەی چەند زمـــانەوانێـکیـــان هەبێت بۆ پێداچوونەوەی بابەت و گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب بەر لە بڵاوکردنەوەیان.

لە دانیشتنێکدا لەگەڵ مامۆستایانی زمانی کوردی لە شاری (یۆتەبۆری) لە سوێد، گوێم لە تێبینییـەکـانیـان دەگرت سەبارەت بە کتێبی خوێندنەوەی (کوردی٢) کە من ئامـادەم کـردووە، ئەو مـامـۆسـتـا بەڕێزانە کـۆمـەڵێ تێبینیی باشیـان هەبوو، بەڵام هی واش هەبوون دەبوایە بەڵگەیان بۆ بهێنمەوە کە ئەوەی لە کتێبەکەدا نووسراوە، ڕاستـە. بۆ نموونە تێبینییـان لەسـەر ئەم دوو ڕستـەیە هەبوو:

مێشوولەکە چیی بە فیلەکە گوت؟

وەڵامی فیلەکە چی بوو؟

بۆچی وشـەی (چی) جـارێکیـان بە دوو دانە (ی) و جـارێکیـشیـــان بە یەک دانە نووسـراوە؟ دەبێت ئەوەی یەکەم هەڵە بێت. من تا ڕادەیەک دڵنیام، ئەگەر ئەو دوو ڕستەیە بچێتە بەردەم هەر پیـتچنێک لە کـوردسـتـاندا، یەک دانە لە (ی)یەکانی وشەی (چیی) لا دەبات، بەڵام ئەمـە هەڵەیە، (ی)ی دووەم (ی)ی پێـوەندییـە و دەبێت هەبێت.

* لە مەنهەجی قـوتابخانەکان وشەی سۆرانی و بادینی تێکەڵ بە یەک کـراون، گـوایە ئەمـە زمـانی سـتـاندارد پێکدێنی، ئایا دەکرێ لەسەر ئەم میـتودە کـار بکەین بۆ ئەوەی زمانێکی یەکگرتوو بێنینە کایەوە؟

- با ئەو ناولێنانە بەکـار نەهێنین، دیارە مـەبەسـتم سـۆرانی و بادینیــیــە، کــە زۆربەمـــان لەســەر ئەوە ڕێککەوتووین بە کـرمـانجـیی سـەروو و کـرمـانجـیی ناوەڕاست ناویان ببـەین. ئەوەی من ئاگـام لێی بێت وەزارەتی پەروەردە و فـێـرکـردن زۆر شـێــوازی تاقی کردووەتەوە بە مەبەستی لیک نزیک کردنەوەی ئەو دوو زاراوە سەرەکییە، کە موتربەکردنی کرمانجیی ناوەڕاست بە وشەگـەلێک لە کـرمـانجیی سەروو یەکێک بووە لەو شێــوازانە، بەڵام لێـرەدا دەمـەوێت بڵـێم هیچ یەک لەو شێوازانە سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، ئەگەر مەبەست لەم هەنگاوە، واتە تێکەڵ کردنی هەندێ وشەی زاراوەی کرمانجیی سەروو لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاستدا ئەوە بێت کە ئاخـێـوەرانی ئەو زاراوەیە ڕازی بکرێن و کـرمـانجـیی ناوەڕاست وەک زمـانی سـتـاندارد قبـوڵ بکەن، ئەوە من یەکسـەر دەڵێم ئەوان بەمە ڕازی نابن، پێویست ناکات بە مێژووی ئەم کێشەیەدا بچینەوە، لە لایەکەوە نامانەوێت کای کۆن بە با بکەین، لە لایەکی تریشەوە ڕەنگە زۆربەی خوێنەران ئاگایان لەم کێشەیە هەبێت. هەڵبەتە ناکرێت لەم لایەنەوە خەتاکە بخرێتە سەر یەک لا، بەڵکو خەتاکە دوو لایەنەیە، هەر بۆیە دەمەوێت لێرەدا یەکسـەر بڵـێم: ئەم میـتـودە بێ کـەڵکە و بەم شێـوەیە زمـانی یەکگرتوو لەدایک نابێت.

* چەسـپـانـدنی ڕێنووسی لاتینی تورکی لە جـیـاتی ڕێنووسی کـوردی - عـەرەبی، جۆرێک نییـە لە سـتـەم لە زمـانی کـوردی، یان پێشـخـسـتـنی زمـانی کـوردییـە بە ڕوخسارێکی سەردەمیانە؟

- من بە هیچ شێوەیەک ئەوە ناسەلمێنم کە بەکارهێنانی ئەلفبێی کوردی/لاتینی ڕوخسارێکی سەردەمییـانە بە زمـانی کوردی ببەخشێت، یان بە هۆی ئەو ئەلفبێـیەوە پێشکەوتنی گەورەتر بە خۆیەوە ببینێت، یابان و چین و هەندێ وڵاتی دیکەیش لە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکـانی جیـهـانن، بەڵام بە ئەلفـبێی لاتینی نانووسن، بێجگە لەمەش بەکارهێنانی ئەلفبێی لاتینی بەڵگەیەک نییە بۆ ئەوەی خەڵکی بیانی بتوانن ئاسانتر لێکۆڵینەوە لەسەر زمـانی کوردی بکەن، وەک هەندێک پێیان وایە. جارێ بەر لە هەموو شتێک پیت ڕەمزێکە بۆ دەنگێک، ئەمە لە گشت ئەلفبێیەکاندا وایە، خودی ئەلفبێیەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، گـرنگییـەکە تەنێ لەوەدایە تا چ ڕادەیەک پیــتــەکــان دەربڕی دەنگەکـانی ئەو زمـانەن، یان تا چ ڕادەیەک ئەو پیتانە گونجێنراون بۆ ئەوەی دەنگەکانی ئەو زمانە دەربڕن. لە لایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ئەلفبێیەک بۆ مـاوەیەکی درێژ دەبێـتـە هۆی ئەوەی گـرفـتـەکـان تا

ڕادەیەک چارەسەر بکرێن. ڕاستە ئێمە هەندێ کێشەمان لەگەڵ ئەلفبێی کوردی/عەرەبیدا هەیە، بەڵام ئەو کێشانە زۆر کەمترن بە بەراوردکردن لەگەڵ کێشەکانی نووسینی کوردی بە ئەلفبێی کوردی/لاتینی، کە ڕەنگە لێرەدا بواری ئەوە نەبێت باسی کێشەکانی هەردوو ئەلفبێ بکرێن. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بمانەوێت، یان نەمانەوێت کورد لە ئێستا و داهاتوویەکی نزیکیشدا بەردەوام دەبێت لەوەی بە دوو ئەلفبێ بنووسێت، ئێمە هەرچییەک بکەین ناتوانین و ناشکرێت و نابێت داوا لە کوردی باکوور بکەین بە ئەلفبێی کوردی/عەرەبی بنووسن، بەڵگە زۆرن بۆ ئەم بۆچوونە، ڕەنگە ئەوەی ئێمەی کەمێک نیگەران کردبێت ترسی ئەوە بێت ئەلفبێی کوردی/لاتینی لە هەرێمی باشووری کوردستاندا جێ بە ئەلفبێی کوردی/عەرەبی لەق بکات، کە من پێم وایە ئەم نیگەرانییە لە جێی خۆیدا بێت.

من خۆم هیچ بەڵگەیەکی مەنتیقی نابینم بۆ ئەوەی ئێمە دەست لە ئەلفبێی کورد/عەرەبی هەڵبگرین و لە جیاتیی ئەوە ئەلفبێی کوردی/لاتینی هەڵبژێرین، چونکە کەموکورییەکانی ئەم ئەلفبێیە زۆر کەمن و دەکرێت چارەسەر بکرێن، من جارێکی دیکەیش ئەم قسەیەم کردووە کە ئەمە وەک ئەوە وایە تۆ خانوویەکت هەبێت دەرگایەک و دوو پەنجەرەی شکا بێت، لە جیاتیی ئەوەی دەرگا و پەنجەرەکان چاک بکەیتەوە، هەڵسیت و هەموو خانووەکە بڕووخێنیت و سەر لەنوێ خانوویەک دروست بکەیت و پێت وا بێت لەوەی پێشتر باشتر دەبێت، کە وا نییە. یانی بە کورتی بێژم: ئێمە بەم شێوەیە سەر لە خۆمان دەشێوێنین، سەرباری ئەوەی گەنجینەی ئەدەبیی هەزار ساڵەشمان زەرەری بەر دەکەوێت.

* ڕۆژانە دەیان ئامرازی نوێ دەکەوێتە بازاڕ، بە نموونە ئامێر و کەلوپەلەکانی کارەبا نزیکەی بە یەک ملیۆن مەزەندە دەکرێن، بۆ ئەمە چی بکەین، وشە عەرەبی و ئینگلیزییەکان بێنین و وەریانگێڕینە سەر زمانی کوردی، یان هەر بە ناوی ئەسڵی خۆیانەوە ناویان ببەین؟

– ئەمە پرسیارێکی گرنگ و بابەتێکی سەردەمییانەیە، نە تەنیا گرفتی بۆ ئێمە دروست کردووە، بەڵکو بۆ میللەتانی دیکەیش کە ئینگلیزی ئاخێو نین، بەڵام کێشەی ئەو میللەتانەی وڵاتیان هەیە تا ڕادەیەک ئاسانترە لە ئێمەی کورد، هیچ نەبێت ئینستیتۆی زمانەوانییان هەیە، یان دامودەزگای تایبەت بەم جۆرە کێشانە کە هەوڵ دەدەن چارەسەریان بکەن، هەرچی ئێمەی کوردین، ڕەنگە لەم لایەنەوە کێشەمان زۆرتر بێت، لە لایەکەوە لەبەر نەبوونی وڵاتی سەربەخۆ زمانی کوردی بە پێی پێویست گەشەی نەکردووە، لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئەوەندە خەمی زمانەکەمان ناخۆین، مەبەستم لە ئێمە ئەو دەسەڵاتەیە کە ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستاندا هەیە. لەم حاڵەتەدا چی بکرێت باشە؟ من پێم وایە چاکە، ئەگەر ئەکادیمیای کوردی بەڕێوەبەرایەتییەکی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشانە، هەر هیچ نەبێت بەشێکیان، ئەوانی دی کە چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە باشتر وایە وشە ڕەسەنەکەی خۆی بەکار بهێنین، بۆچی دەبێت وشەی عەرەبی بەکار بهێنین؟ ئەگەر ئێمە لە باشوور وا بکەین و کوردەکانی ڕۆژهەڵات فارسییەکەی بەکار بهێنن و ئەوانەی باکوور تورکییەکەی، ئەمە کەی خزمەت بە زمانی کوردی دەکات، با وەک پێشتر چۆنمان کردووە لەگەڵ هەندێ ئامراز و کەرەستە ئێستایش وا بکەین، با تەلەفۆن هەر تەلەفۆن و کۆمپیووتەر هەر کۆمپیووتەر و مۆبایل هەر موبایل بێت، من وام پێ باشترە.

* زاراوەسازی کاری کێیە؟ ئایا تاک دەتوانێ زاراوەیەکی نوێ لە کوردیدا دابێنێت، یان داتاشێت؟

– هەڵبەتە ئەم پرسیارە پێوەندیی بەوەی پێشەوە هەیە. زاراوەسازی خۆی لە خۆیدا بابەتێکە و دەبێت قسەی لەسەر بکرێت، من لێرەدا نامەوێت جۆر و شێوەکانی زاراوەسازی بە درێژی باس بکەم. دەتوانم بڵێم زاراوەسازی بریتییە لە دۆزینەوە، یان دانان، یان وەرگرتن، یان داتاشین، یان کورداندنی وشەگەلێک کە دێنە ناو زمانی کوردییەوە بە حوکمی گەشەسەندنی لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیان. وا ڕێک دەکەوێت کە ئامێرێکی تازە دروست دەکرێت و هەندێک پێیان وایە دەبێت ئێمە دانیشین چارەسەرێک بۆ ناوی ئەو وشەیە بدۆزینەوە، ئایا ناوێکی کوردی لێ بنێین، یان ناوەکە وەک خۆی تەرجەمە بکەینە کوردی، یان وشەیەکی نوێی بۆ داتاشین، یان هەر وەک خۆی وەری بگرین؟ من پێم وایە، ئەگەر وشەیەک لە زمانی کوردیدا هەبێت و بۆ هاوچەشنی ئەو داهێنانە بەکار هاتبێت یەکسەر سوود لەو وشەیە وەربگرین، کاتی خۆی کە باوەشێن دۆزراوەتەوە (ئەگەر وەک دۆزینەوە

حیسـابی بۆ بکەین) ئایا کـەس دەزانێت کێ ئەم ناوەی لێ ناوە؟ باشە کە پانکە (پەنکە بە فـارسی) بۆ یەکـەم جـار هاتە ناو کـۆمـەڵگای ئێـمـەوە بۆچی چووین و ئەو وشەیەمان بەکـار هێنا، کە من نازانم لە چ زمـانێکەوە وەرگـیـراوە، ئەی بۆچی هەر باوەشێنمـان بەکـار نەهێنا، مەگەر کاری پانکە با وەشاندن نییە؟ ئەی ئێستا بۆچی وشەی (باوەشێن) لە جیـاتیی وشـەی (سپلیت) بەکـار نەهێنین؟ ئەگـەر هەر ناچار بین وشـە بێگانەکـە بەکـار بهێنین ئەوە چاکترە لە زمانە ئەسڵییەکەوە وەری بگرین، واتە لەو زمانەدا چۆن دەگوترێت ئێمەیش هەر وا بڵێین، مـەبەسـتم ئەوەیە لە زمـانێکی دووەمـەوە، وشـەکـە وەرنەگرین.

من پێم وایە زاراوەسازی بە شێوەیەکی گشتی کـاری زمانەوانەکانە، بەڵام چاکە ئەگەر لیژنەیەک هەبێت بۆ ئەم مـەبەسـتـە و سـەر بە دەزگـایەکی زمـانەوانی بێت، لەم حاڵەتەدا ئەکـادیمیای کـوردی، (نازانم ئەم کـارە دەکەن، یان نا)، بەڵام بێ گـومـان تاکـیش بۆی هەیە پێـشنیـار بکات (ڕەنگە زۆربەی جارەکـانیش پێشنیـارەکـان باش بن) و بینێـرێت بۆ جـێی پێـوەندار بۆ ئەوەی جـۆرە ڕەزامـەندییـەکی لەسـەر وەربگـیرێت، چونکە دەبێت ئەو زاراوە تازانە بە ڕەسمیی بناسرێن، بۆ ئەم مـەبەسـتـەش پێویسـتـە لە قـوتابخـانە و ڕاگەیاندن و نووسراوەکـانی دەوڵەتدا بەکار بهێنرێن، تاکەکەس دەستی بەو جێگایانە ناگات.

* تۆ زەمـەنێکی زۆرە کـار لە سـەر زمـان و ڕێنووسی کـوردی دەکـەیت، دەکرێ پێـمـان بڵێیی بە چ ئامـانجـێـک گەیشتوویت؟ ئایا لە دروستبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی گەشبینی، یان ڕەشبین؟

– پێـویسـتـە لێـرەدا بڵـێم کـە من نە زمـانەوانم نە زمانزانم، کە قسە لەسەر زمان دەکەم وەک مامۆستایەکی زمانی کوردی قسە دەکەم، ئەو قسانەی کە دەیانکەم لە ئەنجامی خوێندنەوە و زیاتریش شارەزایی پەیداکردنمە لە بواری دەرس گـوتنەوەدا، بێ گـومـان بەشـێـک لە شارەزاییەکەشم بۆ بواری نووسینی کتێبی خوێندنگە لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە.

هەرچی پێوەنداره بە زمـانی سـتـانداردی کـوردییـەوە زۆری لەسەر گوتراوە و زۆری لەسەر نووسراوە و زۆریش هەوڵی بۆ دراوە، ئەمیـشـیـان خۆی لە خـۆیدا بابەتێکە دەکـرێت زۆری لەسـەر بگوترێت. من لە هاتنەکـایەوەی زمـانێکی سـتـاندارد بۆ هەمـوو کوردسـتـان، بە باشوور و باکـوورەوە، بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بە هیچ شـێـوەیەک گـەشـبین نیم. کـاتی خـۆی کـە کـوردی باشـوور لەژێر دەسـەڵاتی مـەرکـەزیدا بوون، زیاتر بە تەنگی زمـان و ناسنامـەی خـۆیانەوە دەهاتن، ئێـسـتـا کـە دەسـەڵات بە دەستی خۆمانەوەیە کردوومانە بە شاییەکەی بناویلە، هەر یەکـەمـان لە ئاوازێک دەخوێنێت. هەر یەکـەو ئێـژێت بۆ ئەوەی تۆ بێت و ئەوەی من نەبێت؟ خـەریکین مـاڵی خۆمان جیا دەکەینەوە. بڕێک بە کرمانجیی ناوەڕاست دەخـوێنن و بڕێک بە کـرمـانجـیی سـەروو، هەندێکی دیکەیش داوای زاراوەی خۆیان دەکەن و پێیان وایە کە ئەمانیش لەوانی تر کەمتر نین. ئەم جۆرە ناحاڵیبوونە بە هیچ شێوەیەک خزمەت بە زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی کـوردی ناکـات. پێـویسـتـە لێـرەدا بڵـێم من لەگـەڵ زاراوەیەک نیم دژ بە زاراوەکـەی تر، بەڵام من لەگـەڵ زمـانێکی کـوردیی سـتـانداردم، هەر هیچ نەبێت بۆ باشووری کوردستان.

زمـانی کـوردی نە لە ئێـسـتـادا و نە لە داهاتوودا یەک ستاندارد نابێت لەبەر کۆمەڵێ هۆی سیاسی، ئابووری، کۆمـەڵایەتی و بگرە فـەرهەنگیش، ڕەنگە کـەسێکم لێ ڕاست بێتەوە و بڵێت مەگەر ئێمە هەموومان کورد نین؟ بۆچی دەبێت هۆی فەرهەنگی هەبێت، مـەگەر جیـاوازیی فـەرهەنگیـمـان هەیە؟ بەڵـی جیـاوازیی فـەرهەنگی لەناو کـوردانـدا هەیە، ئەویش کـۆمـەڵـێ هۆی خـۆی هەیە، جیـاوازیی فـەرهەنگی نەک تەنێ لە نێـوان بەشـێک و بەشێکی دیکەی کوردستاندا هەیە بە هۆی کـارتێکردنی فـەرهەنگی سـەردەسـتـەوە، بگرە جـیـاوازی لە نێـوان هەرێـمـێـک و هەرێمـێکی تر، شـارێک و شـارێکی تر هەیە. نامەوێت لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم، بەڵام زمانێکی کوردیی ستاندارد بۆ هەمـوو کوردسـتـان وەک خـەونێکی وەنەوشەیی وایە.

# ئەدەبی بنیادنانەوەی مرۆڤ

## «لێکۆڵینەوەیەک لە کارەکانی نووسەری ئەڵمانی هاینریش بۆل»

**عەبدولغەنی کاکۆ**
**(ئەڵمانیا)**

**(١ – ٢)**

**سەرەتا**

ڕەنگە کەس هێندەی ئێمە پێویستی بە ئەدەبێک نەبێت کە لەسەردەمی ئاشتیدا بنیادنانەوەی مرۆڤ بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی، چونکە جەنگ و ماڵوێرانی ساڵانێکی زۆری لە تەمەنی ئێمە بە هەدەر داوە، سەیر نییە، ئەگەر ئەو بارودۆخە پڕ لە نەهامەتیانە شوێنەواریان بەسەر لایەنە دەروونییەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا جێ هێشتبێ. جەنگ بەر لەوەی دەستکەوتە ژیارییەکان تێکوپێک بدات زەبری کوشندە بە لایەنە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ دەگەیەنێ. جەنگ مرۆڤی تێکشکاو و کەسایەتی ورە ڕووخاو بەرهەم دەهێنێ. جەنگ متمانەی مرۆڤ بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات و ترسی لە بەرانبەر ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو لەلا دەخوڵقێنێ.

ئەو ئەدەبەی لەو بارودۆخە لە دایک دەبێ، ڕەنگە ئەویش بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو حاڵەتە دەروونییە شڵەژاوانەی مرۆڤ، ڕەنگە ئەدەبێک بێت زیاتر کار لەسەر ورەبەردانی مرۆڤ و خۆبەدەستەوەدان و هیچگەرایی بکات، وەک ئەو تەوژمانەی لەدوای کۆتایی هاتنی یەکەمین و دووەمین جەنگی جیهانی هاتنە ئاراوە.

لە هەمان کاتدا ڕەنگە ئەدەبێکیش بێتە ئاراوە کار لەسەر دووبارە بنیادنانەوەی مرۆڤەکان بکاتەوە، ئەدەبێک هەوڵی ئەوە بدات کە مرۆڤ لەسەر ڕێگای ژیان بخاتەوە سەر قاچەکانی خۆی، بۆ ئەوەی بیکاتەوە هێزێک بۆ ئاوەدان کردنەوە و بنیادنان و بەرەوە پێشەوە بردنی ژیان. هیچ گومانی تێدا نییە ئەو ئەدەبەی لە قۆناغی دوای جەنگ کار لەسەر ئەو ئامانجە دەکات، ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە پەروەردەکردنی سایکۆلۆژیای مرۆڤەکان کە بتوانن واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ مەرجەکانی ژیان و داهاتوویاندا بکەن. ئەو ئەدەبەی بەو چەشنە وەڵامی سەردەمەکەی خۆی دەداتەوە ئەدەبی بنیادنانەوەی مرۆڤە.

هەڵبەتە دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە مەبەستم ئەوە نییە ئەو ئەدەبە لەسەر هێڵێکی ئایدیۆلۆژی وەها کار بکات کە جارێکی تر مرۆڤ بکاتەوە بە کۆیلە، بەڵکو ئەدەبێک هەموو توانایی خۆی بخاتە کار بۆ ئەوەی ژیان لەشێوەی ئاسۆیەکی کراوە لە زەینی مرۆڤەکاندا بنەخشێنێ، کە تێیدا هەست بە ئازادی خۆیان بکەن، هەست بە توانایی زاتی و هێزی کەسایەتی خۆیان بکەن. ئامادە نەبن ببن بە کۆیلەی هیچ هێز و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیایەک کە سەروەرییە مرۆڤایەتیەکانیان پێشێل بکات.



**هاینریش بۆل**

دەکرێ ئێمە سوود لەو ئەزموونە ئەدەبیانەی دنیا وەربگرین کە لە دوای کارەساتەکانی جەنگ، لەسەر هێڵی بنیادنانەوەی مرۆڤی کۆمەڵگاکانی خۆیان کاریان کردووە. هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەم لێکۆڵینەوەیەم بە مەرامی خستنە ڕووی ئەزموون و کارەکانی نووسەری گەورەی ئەڵمانی (هاینریش بۆل*) نووسی، تا خوێنەران لە نزیکەوە ئاشنایەتی بە ئەدیبێک پەیدا بکەن کە هەوڵی داوە بە وشە کاریگەرەکانی خەبات بکات بۆ بنیادنانەوەی مرۆڤ لە وڵاتێکی وێراندا. (**)

## ئەدەبی وێرانە..

ئەدەبی وێرانە کە هەندێ جاریش بە (ئەدەبی خاڵی سفر، یان ئەدەبی دار و پەردووی ڕووخاو) ناو دەبرێت، وەک زاراوەیەکی مێژووی ئەدەبی لەلایەن ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەبی هاوچەرخی ئەڵمان(١) بەسەر ئەو کارە ئەدەبیانەدا دەبرێت کە لە ساڵی ١٩٤٥ـەوە، واتە لە دوای کۆتایی هاتنی دووەم جەنگی جیهانییەوە تا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو هاتوونەتە بەرهەم.

مەبەست لەو زاراوەیە هەر باس کردنی ئەو دەقانە نەبوو کە باسیان لە داروپەردووی ڕووخاوی خانوو و بەرەی شار و دێهاتەکانی وڵاتەکە دەکرد، بەڵکو بە دیوێکی دیکەدا مەبەست لە لایەنی سایکۆلۆژی داڕووخاوی مرۆڤەکانی ئەو قۆناغە بوو لە مێژووی وڵاتی ئەڵمانیا. ئەو زاراوەیە ئاماژەی بەو ئەدەبە دەکرد کە لە دەروونی داهێزراو و کەشەنگی ئەو ئەدیبانەوە سەرچاوەی دەگرت کە وڵاتەکەیان بە ناو گەورەترین کارەساتی جەنگ و نەهامەتیدا تێپەڕیبوو، هەرچەندە زاراوەکە زۆر گفتوگۆی ڕەخنەیی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام ئێستا بۆتە ئاماژەیەک بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغە کە لەلایەن ژمارەیەک لە نووسەرە لاوەکانی ئەو سەردەمە بەرهەم هێنرابوون لەوانە (ئارنۆ شمید١٩١٤-١٩٧٩)، (ڤۆلفگانگ بۆرخێرت١٩٢٠-١٩٤٧)، (ئەلفرێد ئەندرێش١٩١٤- ١٩٨٠) و زۆر ئەدیبی ناسراوی تر کە پاشان بوونە هێمای ئەدەبی هاوچەرخی ئەڵمانی.

جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەو زاراوەیە لەساڵانی دوای دووەمین جەنگی جیهانی نەک هەر لە توێژینەوەکانی ئەدەبی دوای جەنگی جیهانی لە ئەڵمانیا، بەڵکو لە توێژینەوە ئەدەبییەکانی وڵاتانی تری بەشدار بوو لەو جەنگەش بەکار دەهات، بەتایبەتی وڵاتانی وێران و ژێرکەوتووی جەنگەکە، بەڵام زاراوەکە هێندەی ئاماژەیە بە بەرهەمەکانی قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراو، هێندە وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی شوێنی خۆی نەکردۆتەوە تا بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

زۆر جار ڕەخنەگران کە باسی سەرەتای کارەکانی بۆل دەکەن، ئەو کارانەی تاوێ بە (ئەدەبی دوای جەنگ) و تاوێک بە (ئەدەبی وێرانە) ناودەبەن. (٢)

ڕەنگە لەوەدا بەهەڵە نەچووبن، چونکە لەمێژووی ئەدەبی هاوچەرخی ئەڵمانیدا کەم ئەدیب هەیە لە توێی نووسینەکانیدا هێندەی هاینریش بۆل باسی جەنگ و ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و مرۆییانە بکات کە جەنگ وەک بەرئەنجامێکی حەتمی بەدوای خۆیاندا دەهێنێ، ئەو کارانەشی تەواو لە توێی ئەو قۆناغە مێژووییەدا بووە کە زاراوەکە ئاماژەی پێدەدا.

## مرۆڤێک لەناو سەرکێشییەکانی جەنگ

هاینریش بۆل (١٩١٧-١٩٨٥) لە هەرەتی لاویدا بووە کاتێ چارەنووسی وڵاتی ئەڵمانیا کەوتۆتە بەر دەستی نازییەکان، تا لەژێر سیاسەتی سەرشێتانەی هیتلەردا ئەو وڵاتە بخزێنێتە ناو گەورەترین جەنگی

جیهانی درێژ خایەن (١٩٣٩-١٩٤٥)، بۆل وەک هەر کەسێکی ولاتەکەی بە بێ ویستی خۆی بۆ ناو دۆزەخی ئەو جەنگە ڕاپێچ کراوە. بۆل لەسالی ١٩٣٩ـەوە لەو ڕۆژەی بۆ سەربازی ڕاپێچ کراوە تا سالی ١٩٤٥ لە بەرەکانی جەنگدا لە یەکێتیی سۆڤیەت و هەنگاریا و ڕۆمانیا و پۆلۆنیادا چەندین جار ڕوو بە ڕووی مردن بووەتەوە. لەکاتێکدا زۆربەی لاوەکانی ئەو ولاتە بەهۆی پڕوپاگەندە کاریگەرەکانی ڕژێمی نازی ببوونە هەواداری هیتلەر و ئامادەی خۆبەکوشتدان بوون لەڕێگەی ئەو دیکتاتۆرەوە، بۆل هەرگیز نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوان و هەردەم بیر و بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ سەرشێتییەکانی ئەو ڕژێمەدا لەبەرچاو گرتووە. بۆل هەمیشە وەک ڕژێمێکی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرست لە دەسەلاتداریەتی هیتلەری دەڕوانی، لەو سەردەمەدا کە ڕژێمی نازی مێردمندالانی لەناو ڕێکخراوێکی تایبەتی پەروەردە دەکرد بەناوی (لاوانی هیتلەر)، ئەم لەسەردەمی لاوێتی خۆیدا نەک هەر نەبوو بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، بەلکو لە دلەوە زۆر ڕقەبەرایەتی ئەو پەروەردە ڕەگەزپەرستانەیەشی دەکرد. (٣)

لە کاتێکدا زۆر لەو هەوادارانە هەتا سالانێکی زۆریش دوای جەنگ داخیان بۆ سەردەمی هیتلەر هەلدەکێشا و بە سەردەمە (چاکەکان) ناویان دەبرد بۆل بەوپەڕی ڕاشکاوی دەیگوت (من هەتا ئێستاش نەمتوانیوە هیچ ڕەهەندێکی جوانی لە نازییەت و لە سەردەمەکەیاندا بەدی بکەم) (٤)

بۆل لە هاوینی ١٩٣٩ کەمێک بەرلەدەست پێکردنی جەنگی جیهانی ناوی بۆ سەربازی دێت، کە جەنگ دەست پێدەکات سوپای ئەلمانی ولاتی فەرەنسا داگیر دەکات، ئەو بۆ بەرەکانی جەنگی ئەوێ دەگوازرێتەوە و وەک وەرگێڕی زمانی فەرەنسی لە سوپادا کار دەکات. سالی ١٩٤٢ لە مۆلەتێکدا کە بۆ مالەوە دەگەڕێتەوە کچە هاوڕێکەی خۆی مارە دەکات. ئەو کچە ناوی ئانا ماری بوو. ئانا ماری لە باوکێکی چیکی و دایکێکی ئەلمانی دەڤەری ڕاین، لەشاری پیلزنی ولاتی چیک لەدایک ببوو، بەلام پاش مردنی دایک و باوکی هاتبووە ئەلمانیا و لە شاری کۆلن لەلای خزمەکانی دایکی دەژیا، ئەو کچە بە هۆی ئەوەی هاوەلی خوشکەکەی بۆل بوو، زۆر هاتوچۆی مالی بۆلی دەکرد، لەمەوە یەکتریان ناسی، پاشان لەو مۆلەتەدا مارەی کرد و بوو بە هاوسەری خۆشەویستی ژیانی.

سالی ١٩٤٣ کاتێ بۆل دەبەن بۆ بەرەکانی جەنگ بۆ ڕووسیا، لە ڕێگادا شەمەندەفەرەکەیان لە لایەن پارتیزانەکانەوە دەتەقێنرێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لەسەربازەکانی ناو شەمەندەفەرەکە دەکوژرێن، ئەمیش بریندار دەبێ و دەیگەڕێننەوە بۆ ئەلمانیا، بەلام پاش چەند هەفتەیەک دەبێ جارێکی تریش بۆ بەرەکانی جەنگ بگەڕێتەوە، لە زستانی ئەو سالەدا جارێکی تریش بە سووکی بریندار دەبێ، بەلام سالی ١٩٤٤ ئەوکاتەی لە بەرەکانی شەڕی ڕووسیا دەبێ لە ئۆدیسا بە هۆی نارجۆکێکەوە بە جۆرێک پشتی زامدار دەبێ کە ئیتر ناتوانێ هچ فرمانێک جێبەجێ بکات، بۆیە بە فڕۆکەیەک دەیهێننەوە بۆ ئەلمانیا، لەوێ بە سەختی تووشی نەخۆشی مەلاریا دەبێت. پاش ڕزگاربوونی لەو نەخۆشییە، هەولْ دەدات بە هەر شێوەیەک بێت خۆی لەو شەڕە بدزێتەوە، چەندین جار لەڕێگەی ڕاپۆرتی پزیشکی چاو هەولْ دەدات خۆی لە گەڕانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ بداتە دواوە، بەلام پاشان پزیشکەکە ڕازی نابێت چیتر ڕاپۆرتی بۆ بنووسێ، ئیتر ناچار دەبێ بە بەلگەنامەی ساختە لە دووری جەنگەکە بمێنێتەوە. هەر ئەو سالە شاری کۆلن دەکەوێتە بەر بۆردومانی چڕی فڕۆکەکانی سوپای هاوپەیمانان و مالەکەیان وێران دەبێ، مالی بۆل لەگەلْ ژنەکەی بە ناچاری دەڕۆن لە ژووری هوتێلێکدا دەژین، هەر لەوکاتەدا دایکی بە وەستانی دلْ دەمرێ. لەوکاتەشدا نازییەکان هەر سەربازێکی ڕاکردوویان لەسەر شەقامەکاندا بدیبایە یەکسەر گوللەبارانیان دەکرد، بۆیە بۆل بە ناچاری دەگەڕێتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لە ڕۆمانیا، پاشان لە گەڕانەوەیدا بۆ ئەلمانیا لەلایەن سوپای هاوپەیمانان بە دیل دەگیرێ و ڕەوانەی کەمپێکی دیلەکانی جەنگ دەکرێت، کە زیاتر لە دووسەد هەزار سەربازی بەدیل گیراوی ئەلمانی لە خۆ گرتبوو، تا کۆتایی هاتنی شەڕ و خۆبەدەستەوەدانی سوپای ئەلمانی لەوێ دەمێنێتەوە، لە هاوینی ١٩٤٥ ئازاد دەکرێ و دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی.

## ڕەنگدانەوەی کارەساتەکانی جەنگ لەسەر ژیانی بۆل

هاینریش بۆل وەک ملیۆنان مرۆڤی ولاتەکەی کەوتۆتە بەر زەبری کاریگەری ڕۆژانی جەنگ، ئەو لە ناو بەرەکانی جەنگدا ژیاوە، بۆیە سەیر نییە، ئەو ژیانە



**شیلەر**

سەختەی ڕۆژانی جەنگ و ئەو سەرکێشیانەی لەو جەنگەدا پێیدا تێپەڕیوە، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر کار و بەرهەمە ئەدەبییەکانی بۆلدا هەبووە. کاتێ هەندێ لە کورتە چیرۆکەکانی وەک (کاتی خۆی لە ئۆدیسا-١٩٤٨)، (منداڵیش سڤیلن-١٩٤٨)، (ئێمەی گسک بەست-١٩٤٨)، (قاچە بەنرخەکەم - ١٩٤٨) و...تاد دەخوێنینەوە، یان هەندێ ڕۆمانی وەک (شەمەندەفەرەکە لەکاتی خۆیدا گەیشت-١٩٤٩)، (ئادەم تۆ لە کوێ بوویت؟-١٩٥١) هەست دەکەین کەسێک نووسیویەتی کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئازارەکانی ڕۆژگاری جەنگدا ژیاوە. لە ڕاستیدا بۆل لەهەموو کارە ئەدەبییەکانیدا زۆر و کەم هەر ئاماژە بەجەنگ دەکات، خۆ ئەگەر لە هەندێ نووسینیدا گوێمان لە دەنگی تۆپ و تفەنگ و بۆردومانەکانیش نەبێ ئەوە هەر لەو مرۆڤانە دەدوێ، کە وەک قوربانی ڕۆژانی پڕ لە کارەساتی جەنگ، یان لەدوای جەنگدا تووشی ونبوون و بێهوودەیی هاتوون، یان ڕەخنە لەو سیاسەت و تەرزی بیرکردنەوانە دەگرێ کە لەلایەک وەک دەرهاویشتەی جەنگ باڵی خۆیان بەسەر ژیانی کۆمەڵگەدا دەکێشن، لەلایەکی تریشەوە هێشتا نەیانتوانیوە خۆ لە کەشی جەنگ و شەڕانگیزی داتەکێنن.

جەنگ لە ژیانی بۆلدا قۆناغێکی داچڵەکێنەر بووە، سەختترین قۆناغی ژیانی ئەو بووە، هەموو ئەو سەختی و چەرمەسەریانە وەک ئەزموونێکی تاڵ، تێڕوانینەکانی ئەو نووسەرەیان لەبەرانبەر ژیان لەقاڵب داوە، بۆل لە ناو تالاوی ئەو جەنگەدا گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە هەموو ئەو چەمک و مژارانەی مرۆ بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وەک عورف و دابێک لەچوارچێوە مۆراڵییەکانیدا بنیادی ناوە، لە ناو کەشی جەنگ و کوشتاردا دەکەونە ژێر تاقی کردنەوەوە، ناتوانن خۆ لەبەر سەختی نەهامەتییەکانی بگرن. بۆل بە ئاشکرا دەنووسێ "جەنگ فێری کردم پیاوەتی Männlichkeit چەند شتێکی پێکەنیناوییە.... هەروەها (ناچاربوون)یش لە ڕۆژانی جەنگدا چەند شتێکی بڕیار دەرە"(٥)

ئەو وتەیەی بۆل قسەی برادەرێکی بەبیر هێنامەوە کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا کەوتبووە زیندانی ئەمن، دەیوت زۆر لەو پیاوانەی لەدەرەوەی زیندان بەو هەموو شان و شکۆیەوە دەیانبینی، ڕەنگە لە ناو زینداندا لەتاو ئازار و ئەشکەنجە و برسێتی چەندین ڕۆژەیان، هەموو ئەو شکۆیەی خۆیان لەبیر بکەن و تەنیا بۆ دەنکە خورمایەک بێنە سەرچۆک. بۆل زۆر ڕاستی بۆچووە، ناچاربوون شتێکی بڕیاردەرە. جەنگیز ئیتماتۆف لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا مرۆڤ دەخاتە بەردەم ئەو حاڵەتی ناچاریانە، تا قوولایی ئەو چەمکانە بخاتە ژێر تاقی کردنەوەوە کە لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا مانایان پێ دەبەخشرێ. هەڵبەتە من نامەوێ بەراورد لەنێوان بۆل و ئیتماتۆفدا بکەم، بەڵام بۆل لەو ئەزموونەی ژیانی جەنگ گەیشتۆتە ئەو ڕاستییەی کەوا جەنگ هەر تەنیا کۆتایی بە جەستەی سڤیل و جەنگاوەران ناهێنێ، هەر تەنیا دار و پەردووی ماڵ و باڵەخانەکان بەسەریەکدا خاپوور ناکات، بەڵکو هەروەس بەو بنەما ئاکاریانەش دەهێنێ کە وەک یاسایەکی نەنووسراو پێوەندی نێوان مرۆڤەکان ڕێک دەخات، بۆیە بنیادنانەوە هەر تەنیا ئاوەدان کردنەوە و دووبارە هەڵچنینەوەی دار و پەردووەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بنیادنانەوە و دووبارە ڕاست کردنەوەی بنەما ئاکاری و پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانیش دەگرێتەوە، ڕەنگە ئەوەی دواییان پرۆسەیەکی گەلێک ئاڵۆزتر بێت، چونکە پەلوپۆ دەهاوێژێ بۆ ناو زۆربەی کایە زەینییەکانی ژیان لە قۆناغی دوای کۆتایی هاتنی جەنگ.

بۆیە قۆناغی دوای جەنگ قۆناغێکی سەخت و پڕ لەکێشمە کێشە، ئەو سیاسەتەی لەو قۆناغەدا پەیڕەو دەکرێ، ئەگەر بۆ چەسپاندنی ئاشتی بە هەستێکی پڕ لە بەرپرسیاریەتی گەورە ئاراستە نەکرێ، ئەوە ڕەنگە هەموو کاتێک مرۆڤەکان بخاتەوە بەر ئەگەری بەرپابوونەوەی جەنگ.

**سەرەتاکانی نووسین**

زۆر جار توێژینەوە لە سەرەتاکانی دەست پێکردنی کاری هەر نووسەرێک بەو پرسیارە دەست پێدەکات کە ئاخۆ چ مۆتیڤ و پاڵنەرێک لە پشت ئەو کەسەوە بوونە بۆ هاتنە ناو دنیای نووسین؟ هەموو جارێکیش ئەو پاڵنەرانە دەگەڕێنرێنەوە بۆ بەهرەمەندیی ئەو مرۆڤە لەلایەک و لەلایەکی تر دەوروبەری کۆمەڵایەتی و پەروەردەی خێزانی و ئەو هەلانەی لە سەرەتای کاروانی ژیانیدا بۆی هەڵکەوتوون، ڕەنگە ئەوانە هەمووی ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی بۆل وەک نووسەرێک هەبووبێ.

بۆل بێجگە لە بەهرەمەندییەکەی خۆی، کە وەک بنچینەیەک لە میانی ئەو نامە پەخشان ئامێزانەی لە ڕۆژانی جەنگ و لە بەرەکانی شەڕەوە بۆ خانەوادەکەی دەیناردن و تێیاندا هەست بە توانایی جوانی نووسینی دەکرا، توانیوەیەتی بەسەرکەوتوویی خوێندنی زانکۆیی خۆی لەبواری گێرمانیستیک و فیلۆلۆژیای کلاسیک لە زانکۆی کۆڵن تەواو بکات، ئەو بوارەی خوێندنیشی یارمەتیدەرێکی کاریگەر بووە بۆی تا بتوانێ باشتر لە تێکستە ئەدەبییە کلاسیکییەکان قووڵ ببێتەوە. لەلایەکی تر بەشداربوونی لە بەرەکانی جەنگ و چەشتنی تاڵاوی ئەو ڕۆژە سەختانە ببوونە ئەزموونی گەورەی ژیانی بۆ زیاتر قووڵ بوونەوەی لە ماهییەتی کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤ و جیهانبینییەکی تری وای بۆ ئەو مرۆڤە فەراهەم کردبوو کە بتوانێ لە گۆشەنیگایەکی ڕیالیستیانە لە ژیانی مرۆڤ بڕوانێ تا ناوەڕۆکی نووسینەکانی بەو ئەزموون و تێڕوانینەوە دەوڵەمەند بکات. پاشخانی ئەو ئەزموونە تاڵەی ڕۆژانی جەنگ کە لە پۆڵۆنیا و فەرەنسا و سۆڤیەت و ڕۆمانیا و هەنگاریا، پاشان لە ڕۆژانی دیلی کە لەسەربازگەیەکی ئەمریکیدا بەسەری بردووە، بوونەتە بناغە بۆ چیرۆکەکانی(٦)

مژاری گەڕان بەدوای سەرەتاکانی نووسینی هەر نووسەرێک پێداویستی ناساندنی ئەو سەرەتایە دێنێتە پێشەوە، ئایا مەبەست چییە لەسەرەتای نووسین؟ بۆل خۆی هەستی بەو پێداویستییە کردووە، بۆیە دەنووسێ "..من لەو باوەڕەدام دەبێ جیاوازی لە نێوان هەردوو دەستەواژەی (جاری یەکەمی نووسین) و (جاری یەکەمی بڵاوکردنەوە)دا بکرێ، سەرەتای یەکەمین جاری نووسینم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان ١٩٣٦ و ١٩٣٨، کورتە چیرۆک و شیعر و ڕۆمانێک بوون. یەکەمین جاری بڵاوکردنەوەم لەدوای ساڵی ١٩٤٥ـەوە بوو، کورتە چیرۆکێک بوو. یەکەمین ڕۆمانم لەدوای جەنگ، لەساڵی ١٩٤٦ نووسی، بەڵام ئەو ڕۆمانە بڵاو نەکرایەوە"(٧)

دەبێ بۆل مەبەستی لە ڕۆمانی (فریشتەکە بێ دەنگ نابێ) بێت، کە دوای جەنگی جیهانی نووسیویەتی و هەتا لەژیاندا بووە بڵاو نەکراوەتەوە، سەرەتاش کە نووسیویەتی هیچ وەشانخانەیەک ئامادە نەبوو بۆی بڵاو بکاتەوە، ئەو کاتە وایان بیر دەکردەوە کە برین و دیمەنەکانی جەنگ هێشتا لە پێش چاواندا ون نەبوون، وەشانخانەکان دەیانگوت دەبێ چەشەی خوێنەران لەو ساتەوەختەدا ڕەچاوبکرێ، بۆیە لەو کاتەدا بڵاو کردنەوەی کارێکی وایان بە شیاو نەدەزانی، هەرچەندە بۆل لەو کاتەدا بۆ (پاول شاف) ی خاوەن وەشانخانە ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆمانەکەی باس لە ساتە وەختەکانی دوای جەنگ دەکات و لەمیانی چیرۆکێکی خۆشەویستیدا برسێتی و نەهامەتی خەڵک دەگێڕێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا کە هەستی شکست و خۆبەدەستەوەدان و وڵاتی وێران بوو، بوونە تەگەرە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی لە کاتی خۆیدا.

ئەو ڕۆمانەی بۆل حەوت ساڵ لەدوای مردنی خۆی بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٩٢ بڵاو کراوەتەوە.

بۆل لەم ڕۆمانەدا باس لە ئەڵمانیای ڕۆژانی یەکەمی کۆتایی هاتنی شەڕ و خۆبەدەستەوەدان دەکات، ئەو ڕۆژانەی زۆربەی شارەکان ببوونە کەلاوە و خەڵک لەوپەڕی سەرلێشێواویدا دەژیان. سەربازێک بە بەڵگەنامەیەکی ساختەوە لە سوپا ڕادەکات و بۆ شارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەو شارەی خانووەکانی لەژێر زەبری بۆردومانەکاندا وێران بوونە. ئەو مرۆڤە دەبێت جارێکی تر دەست بە ژیان بکاتەوە، دەبێت لە نێوان واقیعی ژیان و مۆراڵی کەشی دوای جەنگ و مۆراڵی دووانەیی کڵێسا دا ڕێگای ژیان بدۆزێتەوە، بۆل لێرەدا دەیەوێ مژارێکی زیندووی ئەو سەردەمە بورووژێنێ،

مژاری دیالۆگ لەگەڵ ڕێبازی کاسۆلیکی، لەم دیالۆگەدا واقیعی دوای شەڕ و ماڵوێرانی زۆر پرسیار دەورووژێنی، بەڵام فریشتەکە هیچ وەڵامێکی پێ نییە بۆ نەوەیەک کە لەم دنیایەدا خۆیان بە بێ وڵات دەبیننەوە، وڵات خانوویەکە لە سەرما بیانپارێزێ، وڵات پانتاییەکە بتوانن بژێوی و گوزەرانی تێدا دابین بکەن، بەڵام وڵاتی دوای جەنگ مرۆڤ دەخاتە بەردەم ئەو تەنگژانە، کە هەستی بێ وڵاتی بە مرۆڤ ببەخشێ، ئەو سەربازەی بەم جۆرە لە جەنگ ڕادەکات و دێتەوە سەر شارە ویرانەکەی، نازانێ لەنێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکەی خۆی و مۆراڵی کەنیسەدا ملکەچی کامەیان بێت؟ بۆل لەو ئەزموونە سەرەتاییەیدا بە ورووژاندنی ئەو پرسیارە گرنگە لە میانی مژاری خۆشەویستی و داڕشتنی شیعر ئامێزانەیدا ڕێگای ڕۆماننووسین دەگرێتە بەر، ئەو ڕۆمانەی دوای چل ساڵ، ئینجا ڕووناکی بەخۆیەوە بینی، بە یەکێک لەکارە زۆر جوانەکانی بۆل دێتە ئەژمار کردن. (٨)

نووسین لەساڵانی دوای دووەمین جەنگی جیهانی لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا، کارێکی هێندە ئاسان نەبوو. خەڵک لەو کاتەدا خۆیان لەناو وڵاتێکی وێران و شەکەتدا دەدۆزییەوە، ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە بە چەشنێک داڕمابوو کە ئەگەر وڵاتانی هاوپەیمان ڕۆڵی خۆیان نەبینیبوایە لە یارمەتیدانی خەڵک بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیان و گوزەران ڕەنگە برسێتی و نەخۆشی و تیمار نەکردنی زامدارەکانی ئەو جەنگە ژیانی سەدان هەزار کەسی تری لەگەڵ خۆی ڕادەماڵی. خەڵک لەو کاتەدا هێندەی سەرقاڵی دابین کردنی قووتی ڕۆژانە و پێداویستییەکانی ژیان بوون، هێندە نەدەپەرژانە سەر خۆخەریک کردن بە نووسین و بایەخدان بە مژارە کولتووریەکان، بۆیە دەست بردن بۆ قەڵەم و کارکردن لە بواری هونەر و ئەدەبدا لەوکاتەدا خۆی لە خۆیدا جۆرێک بوو لە سەرکێشی و کۆششی سەختی مرۆڤەکان بۆ ژیان.

بۆل باسی زستانە سەختەکانی ساڵانی ١٩٤٦ و ١٩٤٧ دەکات، کە تا مانگەکانی نیسان و ئایار درێژەیان کێشاوە، ئاووهەوا بیست پلە لە ژێر سفردا بووە، لە شارێکی کاول کراودا کڕین و دەست کەوتنی خۆراک و سووتەمەنی گەورەترین کێشەی خەڵک بوو. بۆل زۆر زەحمەتی دەبینی لەو ناهەمواربیەدا لە ناو خانووییەکی نیوە ڕووخاو، لەبەر پەنجەرەی کونبڕ نەکراو و بنمیچی چاک نەکراوەدا، تا بتوانێ کورتە چیرۆکێک بنووسێ. بۆل لە وتاری (ئاکاری من لە بیست پلەی ساردیدا) باس لەو شەوانە دەکات کە لەسەر لێواری تەختی خەوتنەکەیان دادەنیشت و مەکینەی چاپە دەستییەکەی لەسەر کورسییەک دادەنا و خەریکی نووسین دەبوو، درەنگی شەوانیش بۆ ئەوەی ژن و منداڵەکەی لەکاتی خەودا بە دەنگی تایپەکە بێزار نەکات، دەچوو لە مەتبەخە ساردوسڕەکە درێژەی بە نووسین دەدا. بۆل و خێزانەکەی لەو ڕۆژگارەدا زۆر دەست کورت بوون. ژنەکەی مامۆستای ناوەندی بوو، بەڵام مووچەی ژنەکەی هەر پازدە کیلۆ نانی پێدەهات، خۆیشی ئەگەر چیرۆکێکی بڵاو بکردبایەوە سەد تا چوارسەد مارک پاداشتی وەردەگرت، بەڵام لە بازاڕی ڕەشی ئەو سەردەمەدا، کە وەک ناوەندێکی بازرگانی ڕۆڵی خۆی دەبینی لە کڕین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردنی کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیان، وەک بۆل خۆی دەڵێ ئەو بڕە پارەیە تەنیا ٢ تا دە قاڵب خەڵووزی سووتاندنی پێدەهات. نرخی نان و خەڵووز لەو سەردەمەدا بە پێی ساردی و سەختی ڕۆژەکان لە دابەزین و هەڵکشاندا بوون. (٩)

سەرەڕای ئەو بارودۆخە پڕ لە نەهامەتییەی ژیان، بۆل توانی ساڵی ١٩٤٩ یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە ناوی (شەمەندەفەرەکە لەکاتی خۆیدا گەیشت)، بڵاو بکاتەوە.

لەو ڕۆمانەدا بۆل بە چەشنێکی زۆر تراژیدی باسی ڕۆژە سەختەکانی جەنگ دەکات، چونکە هێشتا بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی جەنگ لە ناو خەیاڵی بۆلدا هێندە زیندوو بوون، وەک بڵێی لەلایەن سەربازێکەوە نووسرابێتەوە کە تازە لە بەرەکانی جەنگ گەڕابێتەوە . پێوەندی خۆشەویستی نێوان ئەندریاس و ئۆنیلا دەبێتە خاڵی سەرەکی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە. (ئەندریاس) ئەو کوڕە گەنجەیە کە ناوی بۆ سەربازی هاتووە، کاتێ بە شەمەندەفەرێکەوە بۆ بەرەکانی جەنگ دەنێردرێت، لەناو شەمەندەفەرەکە، دوو سەربازی تر دەناسێ، (ڤیلی) و (سیباستیان).

ئەو سێیانە بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژەی بەرێگاوە دەبن، بەردەوام لەگەڵ یەکتری دەدوێن، یاری کاغەزێن دەکەن، بیرەوەری ڕۆژانی ڕابردوویان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، خواردن لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ دەکەن، شناپس دەخۆنەوە تا ڕۆیشتنیان بەرەو هەڵدێری مەرگ

لەبیر خۆ بەرنەوە. ئەندریاس هەر لەسەرەتای بەرێکەوتنی لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە هەست بەوە دەکات بەرەو چ هەڵدێرێک مل دەنێ، بۆیە بە دوودڵییەوە سواری شەمەندەفەرەکە دەبێت "…. من نامەوێ بمرم، بەڵام شتێکی ترسناکە کە بەم نزیکانە دەمرم"(١٠)

کاتێ شەمەندەفەرەکە دەگاتە شاری (لێمبێرگ)(١١)ئیتر ڤیلی دەزانێت کە مردنیان نزیک بۆتەوە، دەیەوێ لە دوا ساتەکانی ژیانیان هەموو خۆشییەک تاقی بکەنەوە، بۆیە هاوڕێکانی دەبات بۆ خانەیەکی لەشفرۆشی، ئەندریاس لەو خانەیەدا، (ئۆنیلا) دەناسێ و خۆشی دەوێ، (ئۆنیلا) کچێکی پۆڵۆنی تەمەن بیست و سێ ساڵانە، کاتێ سوپای ئەڵمانیا هێرش دەکاتە سەر شارەکەیان دایک و باوکی لەو هێرشەدا دەکوژرێن و خۆیشی لەلایەن سەربازە نازییەکان دەرفێنرێت و دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر، ئیتر بێکەس و بێ خانە و لانە دەمێنێتەوە تا ناچار بێت وەک سۆزانییەک لەو خانەیەدا کار بکات، ئافرەتەکانی ئەوێ بە خانمە گۆرانیبێژی ئۆپێرا بانگی دەکەن "تەنیا لەبەر ئەوە بە گۆرانیبێژی ئۆپێرا بانگم دەکەن، چونکە مۆسیقام خوێندووە"(١٢)

ئۆنیلا لە پەیمانگەی هونەریدا بەشی مۆسیقای تەواو کردبوو. ئۆنیلا لەرێگەی ئەو بۆردێلەوە (بۆردێل واتە خانەی لەشفرۆشی) زانیاری لەو سەرباز و ژەنەراڵە ئەڵمانیانەی سەردانی ئەوێ دەکەن دەست دەکەوێ و ئەو زانیاریانە بە چەشنێکی نهێنی دەیگەیەنێتە پارتیزانە بەرهەڵستکارەکانی پۆڵۆنیا، کە دژی سوپای داگیرکەری نازی دەجەنگان. شایانی ئاماژە پێدانە کاتێ سوپای ئەڵمانی لە دووەمین جەنگی جیهانیدا هەر وڵاتێکی بە هێزی سەربازی داگیر دەکرد، خەڵکێکی زۆر خۆیان لە دەوری یەکتری کۆدەکردەوە و بە شێوەی خەباتی پارتیزانی رووبەرووی سوپای ئەڵمانی دەبوونەوە، بەڵام بەهۆی ناهاوسەنگی هێز نەیاندەتوانی بەسەریاندا زاڵ بن، بۆیە لە زۆربەی شەڕو پێکدادانەکاندا شکستیان دەهێنا، کاتێکیش دەکەوتنە بەردەستی نازییەکان یەکسەر گوللەباران دەکران.

ئەندریاس پاش ئەوەی لەگەڵ ئۆنیلا تێکەڵ دەبێ و بە تەواوەتی دەیناسێ بەچەشنێکی زۆر قووڵ خۆشی دەوێ، تەنانەت وەک خوشک ناوی دەبات! بۆل لێرەدا وێنەی خۆشەویستییەکی ئەفلاتوونی لە نێوان ئەو دوو کەسەدا دەکێشێ "شتێکی بێ مەرجە، خۆشەویستی هەمیشە شتێکی بێ قەید و شەرتە"(١٣)ئەگەر وانەبێ بۆچی کوڕە سەربازێکی ئەڵمان حەز لەکچێک دەکات کە لەخانەی لەشفرۆشیدا کار دەکات؟ بۆچی کچێکی پۆڵۆنی کە ئەو هەموو زۆردارییەی لە ژیانی خۆی و خێزانەکەیدا لەلایەن سەربازەکانی سوپای ئەڵمانیدا لێکراوە ئێستا سەربازێکی ئەو سوپایەی خۆش دەوێ؟ لەکاتێکدا ئۆنیلا رقی لە هەموو ئەڵمانییەک دەبێتەوە و بنچینەیەکی زۆر رەوایشی هەیە بۆ ئەم رقە، ئۆنیلا بە ئەندریاس دەڵێ "شتێکی زۆر دەگمەنە کە تۆ ئەڵمانی بیت و من رقم لێت نەبێتەوە"(١٤)

پاش ئەوەی بۆل خۆشەویستی نێوان ئەو دوو مرۆڤە، دەگەیەنێتە لووتکەی دڵسۆزی و متمانە پێکردن، چیرۆکەکە بە شێوەیەکی هێندە تراژیدی کۆتایی پێدەهێنێ، لەوکاتەی پاڵەوانی چیرۆکەکە لەحاڵەتی سام گرتوویی و حەپەساویدا جێدەهێڵێ. ئەندریاس هەمیشە بەرائەتێکی منداڵانە لە گەشبینییەکانی ئۆنیلادا دەبینێتەوە (١٥)، هەر ئەو گەشبینییە وا دەکات کە هەردووانیان هەوڵێکی خۆ دەربازکردن بدەن لەدەست دۆزەخی جەنگ، کاتێ دەیانەوێ بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی رابکەن بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلەکەیاندا دەتەقێتەوە و ئەندریاس هەڵدەداتە دەرەوە، کاتێ ئەندریاس دێتەوە هۆش خۆی جەستەی هەلا هەلابووی ئۆنیلا دەبینێ کە لە کەلێنێکی ئۆتۆمبێلە تێکشکاوەکەدا گیری خواردووە و دڵۆپە خوێنەکانی دەڕژێنە سەر روومەتی ئەندریاسەوە.

دیارە ئاستی تراژیدیای رووداوەکان، لە سەرەتاکانی نووسینی بۆلدا زۆر بەرچاوترن لە نووسینی قۆناغەکانی تر لە ژیانی ئەو نووسەرەدا، هەر لەدوای ئەو رۆمانە تراژیدیاییە، بۆل توانی ساڵی ١٩٥٠ چیرۆکی (ئەی گەڕیدە دێیت بۆ سپا..) لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکێکی تری خۆی لە کتێبێکدا بڵاو بکاتەوە. ئەو چیرۆکەی بۆل لە چیرۆکە هەرە بەناوبانگەکانی ئەدەبی دوای جەنگ، یان (ئەدەبی دار و پەردووی رووخاو)ە. چیرۆکەکە سەرگوزشتەیەکی یەکجار تراژیدی و ویژدان هەژێنە کە بۆل ویستوویەتی بەهۆیەوە دەسەڵاتی نازییەکان بە نەفرەت بکات کە وڵاتەکەیان گیرۆدەی ئەو چارەنووسە پڕ لە نەهامەتییە کرد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە و هەرەسهێنانی ئەو دەسەڵاتە، هێشتا

خەڵکی وەها هەبوون کە ئاخیان بۆ لەناوچوونی ڕژێمی دیکتاتۆری نازی هەڵدەکێشا، ڕەنگە هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم ئەوانەی لە ڕۆژی ئەمڕۆش دەیانەوێ لە نرخی ئەو چیرۆکە جوانە کەم بکەنەوە، هێشتا ئاسەواری ئەو سەردەمە لەناو ژێری شاردراوەیاندا خۆی مات دابێت، ئەگینا دەبێ بۆچی پێیان خۆش نەبێ کە ئەو چیرۆکە وەک تێکستێکی جوانی ئەدەبی نوێی ئەڵمانی لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێت، تا بەهۆیەوە نەوەی نوێ فێری ئەوە بکرێ هەمیشە نەفرەت لە جەنگ و گاڵتە بە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی نازییەکان بکات.

جێگەی ئاماژە پێدانە کورتە چیرۆکەکانی بۆل هەتا ئێستاش وەک نموونەی دەقی ئەدەبی بەرز لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندنی قوتابخانەکانی ئەڵمانیا، لەوانەی زمان و ئەدەبی ئەڵمانی دەخوێنرێت.(١٦)

ناوونیشانی چیرۆکی (ئەی گەڕیدە، دێیت بۆ سپا..) لە شیعرێکی شاعیری گریکی (سیمۆنیدیس) وەرگیراوە. سیمۆنیدیس لەسەردەمی خۆیدا ئەو شیعرەی بۆ بەرگری سپارتییەکانی ئەسپرتە داناوە لە دژی هێرشی ئیمپراتۆریەتی فارسی لە ساڵی ٤٨٠ی پێش زایین، کە تێیدا ئەسپرتییەکان هەتا دوا سەربازیان بەرگری کرد، پاشان هەموویان کوژران. سیمۆنیدیس لەو شیعرەیدا دەڵێ (ئەی گەڕیدە ئەگەر هاتی بۆ سپارتە، ڕایگەیەنە ئێمە هەموو بەپێی ئەو پەیمانەی دابوومان لێرەدا مردووین)، پاشان شاعیری ئەڵمانی فریدریش شیلەر (١٧٥٩- ١٨٠٥) هاتووە ئەم دێڕەی بە زمانی ئەڵمانی لە قەسیدەی (پیاسەکە)(١٧) دا بەکار هێناوە.

لەسەردەمی ڕایخی سێیەم، واتە لە ساڵانی دەسەڵات گرتنە دەستی نازییەکان بە سەرکردایەتی هیتلەر، هەموو شتێ لە پێناوی پروپاگەندەکردن بۆ بیر و باوەڕی نازیزم دەخرایە کار، نازییەکان دەیانویست ئایدیۆلۆژیا ڕەگەزپەرستانەکەیان بۆ ناو هەموو کەناڵ و درز و کەلەبەرێکی ژیان بەرن، بواری پەروەردە، یەکێ بوو لەو کەناڵە هەستەوەرانەی کاریان لەسەر دەکرد بۆ تەیارکردنی نەوەیەک وەک هێزێکی ئامادە بۆ جێبەجێ کردنی هەموو فرمانەکانی سەرووی خۆی، بەبێ بیرکردنەوە و دوودڵی. لەو چوارچێوەیەدا ئەو دێڕە شیعرە وەرگیراوەی سیمۆنیدس لەناو شیعرەکەی شیلەردا لە قوتابخانەکان بۆ هاندان و گڕ تێبەردانی حەماسەتی نەوجەوانان بەکاردەهێنرا. نازییەکان هیوایەکی زۆر مەزنیان لەسەر تەیارکردنی ئەو لاوە تازە پێگەیشتووانە دامەزراندبوو، بۆیە ئەدەب و هونەر و هەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش ڕوویان لە زیاتر بزواندن و داگیرساندنی هەستی ناسیۆنالیستی ئەو نەوجەوانانە بوو، کە بەشانازییەوە ئامادەبن لەپێناوی بیر و باوەڕی ڕەگەزپەستانەی هیتلەردا بمرن، هیتلەر لەو سەردەمەدا بە فیوهرەر، واتە ڕێبەر و سەرکردەی ئەڵمانیا ناوی دەبرا. لە زانکۆ و قوتابخانەکان دەبوایە قوتابییان فێری ئەوە بکرێن کە بەڵێن بدەن بە پێی یاسا لەپێناوی فیوهرەردا بمرن، وەک لە دێڕە شیعرەکەدا هاتووە. بۆل لەو چیرۆکەیدا دەیەوێ نەفرەت لەو هەوڵە نامرۆڤایەتییەی نازییەکان بکات کە تێیدا پرۆسەی پەروەردەیان بە ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی تەسکدا دەبرد بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

برگەی (سپا...) لە ناوونیشانی چیرۆکەکەدا، بەشێکی تەواو نەکراوە لە وشەی (سپارتە)، هێشتنەوەی ئەو وشەیە بەو تەنیا برگەیە پەیوەستە بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە، کە لە ڕۆژانی کۆتایی هاتنی جەنگ دەدوێت، سەربازێکی لاو بە برینداری لەبەرەکانی شەڕ دەهێنرێتەوە بۆ شار تا چارەسەری بکەن. ئەو هێشتا نازانێ برینەکەی چەندە سەختە و ناشزانێ لە کوێ چارەسەری دەکەن. لەوکاتەدا شار لەژێر زەبری بۆردومانەکان خاپوور کرابوو، ئەو قوتابخانەیەی کە سێ مانگ پێشتر سەربازەکە لێی دەرچوو بوو، کرابووە نەخۆشخانە، کاتێ لەسەر تەختی گواستنەوە دەیانبرد بۆ ژووری عەمەلیات، وێنەی قەیسەرە بەهێزەکانی ئەڵمانیای لەسەر دیوارەکان دەبینی، وێنەی نیتشە، وێنەیەکی وڵاتی تۆگۆ. هەڵبەتە ئەم وێنانە لەو کاتەدا هەریەکە دەلالەتێکی هەبووە لە پانتایی پروپاگەندەی نازییەکان لە نێو قوتابخانە و زانکۆکاندا. لەناو سەرکردە مێژووییەکانی ئەڵمانیا تەنیا وێنەی قەیسەرە بەهێزەکانیان هەڵدەواسی، لەناو فەیلەسوفە ئەڵمانییەکاندا تەنیا وێنەی نیتشەیان هەڵدەواسی گوایە تەرزی بیرکردنەوەی نازییەکان ئەو فەلسەفەیە هەموار دەکات، لە جیاتی هەموو وڵاتێکی دنیا وێنەی وڵاتی تۆگۆیان هەڵدەواسی بەو پێیەی ئەو وڵاتە ئەفریکاییە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا کۆلۆنیالێکی ئەڵمانی بووە و شانازی پێوە دەکەن، بەڵام ئەو وێنانە هیچیان سەربازە بریندارەکە دڵنیا ناکەن لەوەی ئێرە قوتابخانەکەی خۆی بێت، چونکە (هەمان ئەم وێنانە لە قوتابخانەکانی دیکەش هەڵواسراون(١٨).

قوتابخانەکەیان پێشتر ناوی تۆماس بوو، بەڵام دواتر لەسەردەمی نازییەکاندا کراوە بە فریدریشی گەورە، هەروەک چۆن ناوی قوتابخانەی تریشیان گۆڕیوە بۆ (ئەدۆلف هیتلەر)، بەڵام کاتێ بریندارەکە دەبەن بۆ هۆڵی وێنەکێشان کە کرابووە ژووری عەمەلیات، لەوێ دڵنیا دەبێت کە ئەوە قوتابخانەی دوا ناوەندی خۆیانە، چونکە لەسەر تەختە ڕەشەکە ڕستەیەک دەبینێ کە سێ مانگ پێشتر بەر لەوەی قوتابخانە تەواو بکات و بۆ سەربازی ڕەوانەی بکەن، بەدەستی خۆی لەوانەی مەشقی جۆرەکانی نووسین، ڕستەیەکی نووسیبوو، ڕستەکە ئەوە بوو: (ئەی گەڕیدە، دێیت بۆ سپا..)، بەڵام تەواو نەکرابوو، چونکە بە گەورەیی نووسیبووی و تەختەکەش کورتتربوو لەوەی بەشی تەواوی ڕستەکە بکات ل٤٣. دواتر سەربازەکە بەدوای ئەو پرسیارەدا وێڵ دەبێ ئایا زامەکەی چەندە گەورە و چەندە سەختە؟ "نەمدەزانی بەتەواوەتی چۆن برینداربوومە، تەنیا دەمزانی ناتوانم دەستەکانم و قاچی ڕاستم بجوولێنمەوە، تەنیا کەمێک قاچی چەپم دەجوولایەوە، وام دەزانی ئەوانەیان بەچەشنێک بە جەستەم بەستۆتەوە کە نەتوانم بیانجوولێنمەوە"(١٩)

سەربازەکە نازانێ هەردوو دەست و قاچێکی لەدەست داوە. بۆل لێرەدا ئاماژە بە حاڵەتێکی زۆر تراژیدی دەکات، کاتێ مرۆڤ بەر نەفرەتی جەنگ دەکەوێ بۆی هەیە ببێتە بوونەوەرێکی تەواو بێ دەسەڵات و بە زیندوویی بکەوێتە ناو بازنەی نەبوون، ئەو حاڵەتەش بەچەشنێکی ئیستێتیکی زۆر بەرز دەخاتە ڕوو. کاتێ بریندارەکە لەسەر تەختی عەمەلیاتەکە دادەنێن، گڵۆپێکی کوژاوە لەسەر سەری هەڵواسراوە، لە شووشە خڕەکەی گڵۆپەکەوە وێنەی خۆی دەبینێ، وێنەکە چونکە لەسەر شووشەیەکی کووڕ دروست دەبێت، بۆیە بە شێوەیەکی زۆر بچووک و نابووت وێنەکەی خۆی دەبینێت، خۆی لە چەشنی کۆرپەلەیەکی ناو منداڵدان دێتە پێش چاو: باریک و درێژ و بەناویەکدا پەستراو، لەو کاتەدا فەڕاشی قوتابخانەکەیان دەبینێ کە جاران لە فرۆشگەی قوتابخانەکە شیری لێ دەکڕی و بەدزی جگەرەی لەلا دەکێشا، لەوکاتەی سەربازەکە دەزانێ ئەو ئەندامانەی جەستەی خۆی لەدەست داوە، لەناو ئازار و تلانەوەدا دەناڵێنێ، فەڕاشی قوتابخانەکەشیان کە لەسەر سەری وەستاوە و بە ڕوخسارێکی غەمبار لێی دەڕوانێت، لەوکاتەدا بریندارەکە وەک جاری جاران سەیری دەکات و داوای شیری لێ دەکات، تەواو وەک کۆرپەلەیەکی شیرە خۆرەی بێ دەسەڵات کە توانایی هیچ شتێکی نییە بۆ ژیانی خۆی.

پێم وابێ بۆل بە ئاراستەکی تر ویستوویەتی لەو کاتەدا وڵاتی ئەڵمانیای دۆڕاوی جەنگ وەک بوونەوەرێکی بێ دەست و پێ بخاتە ڕوو، کە توانایی هیچ شتێکی بۆ ژیانی خۆی لەلا نەمابێت. ئەوەبوو دەستکەوتەکانی جەنگ بۆ وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا. ڕاستییەکەیشی هەروا بوو، ئەڵمانیا ئەگەر وەک کۆرپەیەکی ساوا لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە شیریان بە دەمدا نەکردبایە، زۆر ئاسان نەبوو وا زوو بێتەوە ناو ژیانی ئاسایی.

کارکردن لەسەر بەبیرهێنانەوەی کارەساتەکانی جەنگ بە مەبەستی ڕیشەکێش کردنی ئەو ئایدیۆلۆژیا ڕەگەزپەرستییەی نازییەکان لەسەردەمی دەسەڵاتی خۆیاندا بە چەشنێکی سیستماتیک کاریان لەسەر دەکرد، لەو ساتەوەختەدا پێداویستییەکی مێژوویی بوو، هەر بۆیە بۆل لەسەرەتای کارەکانیدا ئەوەی کردبوو بە ئامانجی سەرەکی نووسین، هەروەک چۆن ئەو هەوڵەی بەوپەڕی ڕۆشنی لە نۆڤێلی (ئادەم تۆ لە کوێ بوویت)دا، خۆ دەردەخات.

نۆڤێلی (ئادەم تۆ لەکوێ بووی؟) بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٥١ بڵاوکراوەتەوە، ئەوکاتە هێشتا تاوانەکانی جەنگ و پرۆسەی ڤێزەونی هۆلۆکۆست بابەتی گەرموگوڕ و زیندووی ناو بیرەوەری خەڵک بوو، هێشتاکە سەرخۆشی نازییەت ئەندێشەی هەموو خەڵکی بەرنەدابوو، ئەوانەی هێشتا لەژێر کاریگەری ئەو بیرکردنەوە ڕەگەزپەرستانەیەدا دەژیان، نوقمی ناو بێهوودەییەکی گەورە ببوون، ئەگەرچی نازییەکان لەڕووی سەربازییەوە تێک شکابوون و تەخت و تاراجیان هاتبووە خوارەوە، بەڵام هێشتا وەک بیر و ئایدیۆلۆژیا، تەنانەت وەک ڕەفتاریش لەناو زەین و کەسایەتی خەڵکدا ڕیشەکێش نەکرابوون. بۆل بە گرنگی دەزانی کە ئەدەب لەو قۆناغەدا دەبێ ئەو مرۆڤانە ڕابکێشێتە ناو دیالۆگ و گفتوگۆ و لەخۆپرسینەوەوە، تا سەرئەنجام کەشێک بۆ پەروەردەبوونی نەوەیەک بێنێتە کایەوە، کە هەمیشە نەفرەت لە جەنگ و ماڵوێرانی بکەن، نەوەیەک کە ئیتر بە بیر و ڕایەک هەڵنەخەڵەتێن کە بە هێڵی ڕەگەز و پێکهاتە و ئیدیۆلۆژیای جیاواز مرۆڤەکان پۆلێن بکات بۆ

ئەوانەی شایانی ژیانن و ئەوانەی مافی ژیانیان نییە. بۆل لە ڕۆمانی (ئادەم تۆ لەکوێ بوویت؟)دا دەمانباتە ناو بەرەکانی جەنگ، لە میانی ئەو هەموو دیمەنە جۆراوجۆرانەدا، دەیەوێ کار لەسەر چەند خاڵێک بکات: یەکێک لەو خاڵانە دەیەوێ جەنگ وەک دیمەنێکی بێهوودەیی لە ژیانی مرۆڤ نیشان بدات. بۆ ئەو مەبەستە جۆرێک لە تەناص و دەقکێشی لەگەڵ ئەفسانەی سیزیفدا لە بەشێکی نۆڤێلەکەدا نیشان داوە، تەواو بەو چەشنەی لە ڕۆمانی (بلیارد لە نۆ و نیودا) نیشانی داوە، بنیادنان، ڕووخاندن، بنیادنانەوە، جارێکی تر، ڕووخاندن ...تاد بۆل ئەم مەبەستەی خۆی نەک هەر لە نێو تێکستەکە، بەڵکو لەپێشەکی چاپی یەکەمی نۆڤێلەکەدا بەڕوونی خستۆتە ڕوو کاتێ ئیشارەت بە وتە ناسراوەکەی نووسەری فەڕەنسی ئەکسوپیری دەکات کە دەڵێ "جەنگ سەرکێشی نییە، جەنگ پەتایەکە وەک لەرز و تا"(٢١)

وەک چۆن کاتێ مرۆڤ تووشی لەرز و تا دەبێت، هەموو ئەندامەکانی جەستەی دەست بە ئازار دەکەن، بەهەمان شێوە کاتێ جەنگ بەرۆکی کۆمەڵگە و وڵاتێک دەگرێ، سەرتاپای ئەو کۆمەڵگەیە دەخاتە بەردەم ئەگەری وێرانبوون و لەناوچوون، تەنانەت ئەوانەی بازرگانیش بەو جەنگەوە دەکەن ناتوانن لەدەرەوەی ئەو ئەگەرەدابن. ئەو هەستی بێهوودەییەی لەدوای جەنگ بەرۆکی تاکەکان دەگرێ، هەستێک نییە تەنیا لەمیزاجەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو وەک ئاکامێکی پراکتیکی ئەو ئەزموونە تاڵە خۆی بەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤەکانەوە دەسەپێنێ. بۆل ئەم ڕاستییە لە دیمەنێکی ناو نۆڤێلی (ئادەم تۆ لەکوێ بوویت؟)دا کورت دەکاتەوە:

(فاینهالس) پاڵەوانی چیرۆکەکە سەربازێکە پاش بەشداری کردنی لەچەندین شەڕی بەرەکانی جەنگ سەر ئەنجام دەخرێتە سەربازگەیەک لە ناوچەیەکی شاخاوی پۆلۆنیادا، لەوێ فەرمانی پێدەکرێ کە وەک تەلارسازێک بەشداری بکات لە دروست کردنەوەی ئەو پردەی بەر لەماوەیەک بەدەستی پارتیزانە بەرهەڵستکارەکانی پۆلۆنیاوە خاپوور کرابوو، پێداویستی سەربازی داوا دەکات کە دەبێ پردەکە بە زووترین کات چاک بکرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە سەربازەکان بە شەو و بەڕۆژ کاری تێدا دەکەن. پاش ماندووبوونێکی زۆر و تاقەت پڕووکێن، دەتوانن لەماوەیەکی کەمدا پردەکە دروست بکەنەوە، بەڵام لەدوای تەواوکردنی جارێکی تر فەرمانیان پێدەکرێ کە پردەکە خاپوور بکەنەوە، چونکە سوپای سۆڤیەتی (کە لەوێ بە سوپای ڕووسی ناوی براوە) خەریک بوو لێیان نزیک دەکەوتەوە، بەم جۆرە بە بەرچاوی خۆیان پردەکە دەتەقێننەوە(٢٢).

ئەو دیمەنانەی جەنگ دەبێ چ هەستێک لای ئەو مرۆڤە دروست بکات کە لە سووتەمەنییەکی جەنگەکە زیاتر خۆی بە هیچ شتێکی تر نایەتە بەرچاو. بۆل بۆ ئەوەی زیاتر ئەو دیمەنی ڕووخان و بێهوودەییە لەناو دەروونی سەربازێکی خاراوی ناو کورەی جەنگ قووڵ بکاتەوە، هاتووە ئەو پاڵەوانەی بەناو چەندین دیمەنی جەرگبڕدا تێپەڕاندووە، لە هەمووی کاریگەرتر ئەو بەشەی چیرۆکەکەیە کە باس لە سەرەوەختی کشانەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا دەکات لە دواساڵەکانی جەنگ لە وڵاتانی ڕۆمانیا و هەنگاریا، ئەوکاتەی هێزەکانی ئەڵمانیا لە هەنگاریا دەبن، (فاینهالس) حەز لە کچێکی هەنگاری دەکات، ئەو کچە ناوی (ئیلۆنا)یە، کچێکی جوولەکەیەو تەمەنی بیست و سێ ساڵانە کاتی خۆی قوتابی بووە و لە (دێر) خوێندوویەتی و پاشان بۆتە مامۆستا.

ئیلۆنا و فاینهالس دەکەونە ناو پێوەندییەکی خۆشەویستییەوە. بۆل زۆر هونەرمەندانە ئەو دیمەنە ڕیالیستە دەخاتەڕوو، فاینهالس سەربازی سوپای ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستی دڕندانەیە، ئەو ڕژێمە هەمیشە وانەی ئەوەی بەگوێی خەڵکدا دەدا کە ڕەگەزی ئاری باڵاترین ڕەگەزەکانی سەر ڕووی زەمینن، بۆیە نابێ هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا هەبێ کە ئەوان هاوتای ئەمان بکات، ئەگەر تەنیا لەسەر ئاستی نووسینێکی ئەدەبی نووسەرێک سزای دوورخستنەوەی لەبواری نووسینی بەسەردا سەپێنرابێت و مافی نووسین و بڵاوکردنەوەی لێ سەنرابێتەوە کە دەربارەی خۆشەویستی نێوان ئەڵمانێک و فەڕەنسییەک چیرۆکێکی نووسیبێ وەک دواتر لە ڕۆمانی (تێڕوانینەکانی قۆشمەچییەک)دا باسی لێوە دەکەین- لەکاتێکدا ئەڵمان و فەڕەنسییەکە هەردووکیان بە ڕەگەز ئارین، باشە دەبێ سزای سەربازێکی ئەڵمان چی بێت کاتێ پێوەندی لەگەڵ کچێک دابنێ کە بێجگە لەوەی ئەڵمان نییە، بەڕەگەزیش سامییە، لەناو ڕەگەزەکەشدا جوولەکەیە؟ هەڵبەتە دەبێ ئەو پێوەندییە لەوپەڕی نهێنیدا بگوزەرێ، بەڵام سەرئەنجام ڕووداوەکانی جەنگ بەچەشنێکی زۆر تراژیدی

کۆتایی بە پێـوەندییـەکـەیان دەهێنێ، ئەمـە لەکـاتێکدا ئیلۆنا زۆر هیـوا و ئومـێـدی بەژیان هەبوو کـە جـەنگ نەیهێشت بێنەدی.

هێندەی پێناچێ ئیلۆنا بە هۆی ئەوەی جوولەکـەیە بەر شالآوی نازییەکان دەکەوێت و بۆ یەکێک لە دۆزەخەکانی هۆلۆکۆست ڕاپێچ دەکرێ، لەوێ لە چاوەڕوانی مەرگدا بیر لەژیان و ڕەنجـەڕۆیی خـۆی دەکـاتەوە، ئەو دەیتـوانی لە (دێر)ـەکەوە درێژە بە خوێندن بدات و ببێتە ڕاهیبەیەک، پاشـان بچێت لە وڵاتێکی وەک ئەرجـەنتین لە دێرێکی زۆر جوان ژیان بگوزەرێنێ، بەڵام ئەو نەخشەیەکی تری بۆ ژیان هەبوو، بۆخۆی ببوو بە مامۆستایەکی سەرکەوتوو، حەزی دەکرد مێرد بە کەسێکی باش بکات و ببێتە خاوەن منداڵ، چونکە منداڵی زۆر خۆش دەویست (نەیدەتوانی بیر لەشتێکی جوانتر بکاتەوە، لە تیـپـێکی کـوڕاڵی منداڵان، کـە زۆر سـەرکـەوتووبوو لە دامـەزراندنی ئەو کۆڕاڵە لە قوتابخانەکەی خۆیدا) (٢٣)

لە کـەمپی نازییـەکـان بەر لە کوشـتنیـان ئەو گیـراوانە پۆلێن دەکـرێن، ئەوانەی مـۆسـیـقـا دەژەنن و توانایی گـۆرانیـان هەیە جیـا دەکـرێنەوە، ئەوانی تر یەکـسـەر بۆ کرێماتۆریوم ڕاپێچ دەکرێن، ئیلۆنا دەبێـتە گـۆرانیبـێـژی کـۆرسێـک و گـۆرانییـەکی کاسۆلیکی لەپێش کـۆرسـەکە دەڵێـتەوە. کـاتێ ئەفسـەرە نازییەکە دەبینێ جوولەکـەیەک پێش سروودێکی مـەسـیـحـایی دەخوێنێ، خوێن بەری چاوی دەگـرێ. بۆل لێـرەدا لووتکەی ئیـسـتـێـتـیـکای لەو شـانۆ پڕ لە بێ مـانـاییـە دەخـاتە ڕوو، ئەفـسـەرەکـە کـە کەسێکی ئەڵمانە هیچ نیشانەیەکی ئارییانەی پێوە دیار نییـە زیاتر لە کـەسێکی سامی دەچێت، پیـاوێکی قژ ڕەشە. (٢٤)

ئیلۆنای جوولەکەش هیچ نیشانەیەکی سامی پێوە دیار نیـیـە، زیاتر لە کـەسێـکی ئاری دەچێت، کـچـێـکی چاو شـینی پرچ زەردە، ئەو ئەفـسـەرە، کـەسـێکی یەکـجـار توندڕەوە لە بیر و باوەڕی نازیانەی خۆیدا، کە ئیلۆنا بەو ڕوخسـارەو بەو دەنگە خۆشەوە دەبینێ خوێن بەری چاوی دەگـرێ یەکـسـەر بە دەمـانـچـەکـەی دەسـتی (هەمـوو مەخزەنەکە) لەجەستەی ئیلۆنا بەتاڵ دەکات. (٢٥).

لەکـاتێکدا ژیانی ئیلۆنا بەو تراژیدیایە کۆتایی دێت، لەلایەکەی تر کـاتێ فـاینهـالس بە نامرادی دەگـەڕێتـەوە وڵات، شـارەکـەی خـۆی لەژێر دەسـتی سوپای ئەمـریکی دەبینێـتـەوە، کـاتێ بەرەومـاڵ دەگـەڕێتـەوە لەبەر دەرگـای مـاڵـەکـەی خـۆیاندا بە نارنجـۆکـێکی دەسـتی دەکوژرێ. (٢٦)

بەم جۆرە بۆل بەو نۆڤێلە تراژیدییە کاریگەرە، لەلایەک چۆکـدادانی تیـورە شەڕانگێزەکانمان لەبەرانبەر واقیـعی ژیاندا بۆ ڕوون دەکاتەوە بەوەی هیچ هێڵێک لە سروشتدا نییە کە لە بنەڕەتەوە مرۆڤەکان لەیەکتری جیا بکاتەوە، ئەوەی ئەو هێـڵـە دەکێـشێ مـرۆڤـەکـان خـۆیانن، ئەگـینا دەکـرێ هەمـیـشـە لە نـاو بازنەی مـرۆڤـایەتیـدا هەست بە گەورەیی و ڕەنگاوڕەنگی ئەو دنیایە بکەین. لەلایەکی تر جارێکی دیکە جەنگ ڕیسوا دەکات، وەک چۆن لە ڕۆمان و نۆڤێلەکانی تریشی هەر کاری لەسەر ئەم خاڵە کردووە.

### بەشی دووەم

ئاستی داهێنان و ئەفراندن لە نووسیندا بە گەورەیی و بچووکی قەبارەی تێکستەکە دەستنیشـان ناکرێت، زۆر جاران تاکە ڕستەیەک هێندەی کتێبێک مانابەخش و زۆر جـارانیش کـتـێـبـێک بە هەمـوو قـەبارەی گـەورەیی خـۆی ناتوانێ هێندەی تاکە ڕستەیەک مانا و جوانی ببەخشێ. لەو گۆشەنیگایەوە، ئەگەر سرنجی ئەو کورتە چیرۆکانەی بۆل بدەین کە هەر لەسەرەتای هاتنە ناو دنیـای نووسینی هەتا ڕۆژەکـانی کـۆتـایی تەمـەنی نووسـیـونی، دەبینین ئاستی هیچیان لە ئاستی ڕۆمانە گەورەکانی کەمتر نین، ئەوەش بۆ باڵادەستی ئەو نووسەرە دەگەڕێتەوە لە هونەری نووسینی کورتەچیرۆکدا، بەچەشنێک خەڵکێکی زۆر هەن پێـیـان وایە هەندێ لە کورتە چیرۆکەکانی بۆل زۆر زیاتر جێگەی سرنجن لە ڕۆمانەکانی، هەڵبـەتە ئەوە پەیوەستە بە چەشـەی تاکەکـەسی، بەڵام ئەو بۆچوونە ئەم ڕاسـتـیـیە دووپات دەکـاتەوە کـە کـورتە چیـرۆکـەکـانی بۆل کـاری دانسقەی پڕ لەداهێنان و ئەفراندنن، تاکو ئێـستـاش ئەو کورتە چیرۆکانەی لە ناو ئەڵمانیا و دەرەوەی ئەڵمانیا بە زمانی جۆراوجۆر لە تویێ کۆ چیرۆکاندا بڵاو دەکرێنەوە. بەشێکی زۆریشـیـان لە کـتـێبی خوێندنی قوتابخانە و زانکـۆکـانـدا وەک نموونەی تێـکسـتـی ئەدەبی بەرزی ئەڵمانی دەخوێندرێن.

لەڕووی شێـوازی نووسینەوە بۆل هەوڵی داوە لە کورتە چیـرۆکـەکـانی جـەوهەری بابەتـەکـان لە نێـو ڕسـتـە و دەستەواژەی وەهادا چڕبکاتەوە، کە هەریەکەیان ڕەهەندی چیرۆکێکی دیکە لەپەنای خۆیان حەشار بدەن، ئەو تەواو دژی بە جیـاوازی بنەمـا هونەرییـەکـانی نێـوان کـورتە

چیرۆک و ڕۆمان و نۆڤێل کردووە، بۆ ئەوەی بابەتێکی گەورە لە شێوەی کورتە چیرۆکدا بگێڕێتەوە، هەروەها هەوڵی داوە لەپەنای ئاماژە پێکردن و خواستنەوە زۆر مەبەستی دوورودرێژ لەچوارچێوەی تێکستی کورتە چیرۆکەکانیدا کورت بکاتەوە، ڕەنگە ئەوەیان وای کردبێ کە چەشەبەخشی کورتە چیرۆکەکانی لە ئاستێکی بەرزدا خۆ بدۆزنەوە، بۆیە سەیر دەکەین هەتا ئێستاش کورتە چیرۆکەکانی وەک ڕۆمانەکانی بە بەردەوامی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بە واتا هەتا ئێستاش خوێنەری بەردەوامی هەیە.

بابەتی کورتە چیرۆکەکانی بۆل هەمان بابەتی ناو ڕۆمانەکانیەتی، ئەگەر جیاوازییەک لەو بابەتانەدا بەدی بکەین، ئەوەیە لەو کورتە چیرۆکانەدا سەرەڕای ئەوانەی باس لە کارەساتەکانی جەنگ دەکەن، بەشێکیشیان ئاوێتەی بیری فەلسەفی و تێڕامانی قووڵ دەبن لە ژیانی مرۆڤ، ئەوە سەرەڕای بەدی کردنی شێوازی تەنز و کۆمێدیا و ساتیرە چیرۆک.

جەنگ و خۆشەویستی دوو مژاری هەرە بەرچاوی کورتە چیرۆکەکانی بۆلن لەکارە سەرەتاییەکانیدا، بەڵام مژاری کورتە چیرۆکەکانی دواتری تەواو وەک هی نۆڤێل و ڕۆمانەکانی، تەواو وەک ناوەڕۆکی وتارە سیاسی و ئەدەبییەکانی هەموویان وێنەی کۆمەڵگایەک دەگرن کە ماندوویەتی و شەکەتی پرۆسەی خۆ بنیادنانەوەی سیمای هەرە دیاری ژیانی ڕۆژانەیەتی.

### پووچەڵ کردنەوەی ئایدیۆلۆژیای نازیزم

کارکردنی بۆل لەسەر پووچەڵ کردنەوەی ئایدیۆلۆژیای نازیزم، لە سەرتاپای کارەکانیدا شتی بەرچاون، ئەو نایەوێ لەڕێگەی وتاری شەڕانگێزییەوە بەربێتە وێزەی ئایدیۆلۆژیایەک کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگیش هێشتا گەراکانی لە بیری خەڵکدا هەر بنەبڕ نەببوون. لە هەردوو چیرۆکی (کاتێ شەڕ کۆتایی هات) و (کاتێ جەنگ تێک شکا)دا، ئەو ڕاستییانەی خستۆتە ڕوو. هەرچەندە ئەو دوو چیرۆکەی لەسەرەتای شەستەکاندا نووسیوە، بەڵام ڕاستەوخۆ لەساڵانی دوای جەنگەکە ئەو بابەتانە سیمای زۆر دیاری چیرۆکەکانی ئەون. دەتوانرێت کورتە چیرۆکی (هێرش کردن) بە یەکێک لەو نموونانە بهێنرێتەوە.

چیرۆکی (هێرش کردن) یەکێکە لەو چیرۆکانەی بۆل کە لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ساڵی ١٩٤٧ نووسیویەتی. بۆل لەم چیرۆکەدا وردەکارییەکانی ناوەوەی مرۆڤمان لە ناو سەنگەری بەرەکانی جەنگدا دەخاتە بەرچاو، حاڵەتێک نیشان دەدات کە تەواو جیاوازە لەوەی شەڕخوازەکان لە میدیای سیاسی خۆیاندا بە ناوی شەڕی پیرۆز و شانازی و ئازایەتییەوە مرۆڤەکان دەکەن بە سووتەمەنی مەرامە نامرۆڤایەتییەکانیان.

پاڵەوانی چیرۆکی هێرش کردن سەربازێکی گەنجە، مرۆڤێکی بێ ئەزموون و سادەیە لە ژیانی خۆیدا، بەو حاڵەوە بۆ بەرەکانی جەنگ و بۆ ناو سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕ ڕاپێچ دەکرێ. ئەو ئەفسەر و سەربازانەی لەو سەنگەرەن زانیاری ئەوەیان پێدەگات کە شەو لەلایەن سوپای دوژمنەوە هێرشیان دەکرێتە سەر. ئەو سەربازە گەنجە لەبەر ئەوەی پێشتر لە ژیانی خۆیدا سروشتی شەڕ و هێرشی سەربازی نەبینیوە بە ترسەوە پرسیار لەوانی تر دەکات کەی و چۆن ئەو هێرشە بۆ سەریان دەست پێدەکات؟ سەرئەنجام کاتێ دەنگی تۆپەکان نزیک دەبنەوە و هێرشەکە دەبێتە ڕاستی، ژمارەیەکی زۆر لەسەربازەکان دەکوژرێن و بریندار دەبن. یەکێک لە سەربازەکان کە لە هێرشەکەدا نەپێکراوە، دەیەوێت یارمەتی برینداڕەکان بدات، کاتێک لەناو ئەو بریندارانە دەچێتە سەر ئەو سەربازە گەنجە و ڕایدەتەکێنێ تا بزانێ ماوە، یان مردووە، دەبینێ سەربازەکە گیانی لەدەست داوە، بەڵام سرنج دەدات بریندار نەبووە و هیچ پارچە ساچمەیەکیشی بەر نەکەوتووە، لەمەوە دەزانێ ئەو سەربازە گەنجە لەترسان وەک منداڵێک زەندەقی چووە و دڵی ڕاوەستاوە.(٢٦)

ئەو حاڵەتەی بۆل لەم کورتە چیرۆکەدا باسی لێوە کردووە تەواو دژوەستانەوەی ئەو پروپاگەندانەی جەنگ بووە کە هەمیشە سوپای (نازی)یان وەک هێزێکی پۆڵایین نیشان دەدا، هەمیشە وایان دەخستە ڕوو کە سەربازەکانیان لەوپەڕی ورەبەرزیدا لە پێناو سەرکەوتنی نازییەتدا دەجەنگن، هەرگیز ئەوەیان نەدەخستە ڕوو کە بەڕاستی چی لە ناو سەنگەرەکانی شەڕدا دەگوزەرێت.

ئەو دیمەنە واقیعیانەی لە کورتە چیرۆکەکانی (بۆل)دا دەکەونە بەرچاو، هەمووی دەربڕی تێڕوانینە واقیعبینییەکانی خۆیەتی لە هەمبەر کێشە جەوهەرییەکانی مرۆڤ، هەڵبەتە ئەو تێڕوانینانە خاڵی نین لە بیروباوەڕی سیاسیش، کە پاشان لەگەڵ

قووڵبوونەوەی ململانێ سیاسییەکانی ئەڵمانیا بۆل ئەو تێڕوانینانەی خۆی لە میانی وتاری ڕەخنەئامێزی سیاسی و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکان بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ دەیخستنە ڕوو، بەڵام لەو ساڵانەی دوای جەنگە ئەو کورتە چیرۆکانە لە چەشنی دیالۆگێکی هێمن ڕۆڵی خۆیان دەبینی لە بناغە دارشتنی خەباتێک بۆ ریشەکێش کردنی بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستی و دەست پێوەگرتن و چەسپاندنی ئاشتی.

لە چیرۆکی (منداڵانیش سیڤیلن)دا بۆل جارێکی تر ئەو ڕاستییە دووبارە دەکاتەوە کە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک ناتوانێ جەوهەری پێوەندییە روحییەکانی نێوان مرۆڤەکان هەتا سەر تێکوپێک بشکێنێ. ئەو چیرۆکە کە لەساڵی ١٩٤٨ نووسراوە، باس لەسەربازێکی بریندارى ئەڵمانی دەکات کە لەناو خاکی سۆڤیەتدا لە خەستەخانەیەکی سەربازی چارەسەری بۆ دەکرێ. خەستەخانەکە بە شێوەیەکی کاتی لە قوتابخانەی شارۆچکەیەکی رووسی دانراوە. ڕۆژێک سەربازەکە کچۆڵەیەکی رووسی دەبینێ کە لە دەرەوەدا کێک دەفرۆشێ، زۆر حەزدەکات ئەو منداڵە بدوێنێ و چەند کێکێکی لێ بکڕێ، بەڵام پاسەوانەکە ڕێگە بە سەربازەکە نادات بچێتە دەرەوە، چونکە بریندارە، هەروەها ڕێگە بە منداڵەکەش نادات بێتە ژوورەوە، چونکە سڤیلە، ناچار سەربازەکە لە کونی دیوارێکەوە کە وادیارە بەهۆی تۆپبارانەوە کەوتۆتە دیوارەکەوە، بانگی منداڵەکە دەکات، وردە وردە کێکەکانی لێ دەکڕێت و دەیدوێنێت، سەربازەکە هێندە تامەزرۆی ئەوەیە لەگەڵ سڤیلێک قسە بکات تا سەرئەنجام دووسەد مارک دەداتە منداڵەکە و هەموو کێکی ناو سەبەتەکەی لێ دەکڕێت، بەو مەرجەی بەیانیش جارێکی تر بێتەوە ئەو شوێنە. سەربازەکە لەبەر برینەکە سەری پێچراوەتەوە، خۆی وەک شاعیری ئەڵمانی تیۆدۆر کوڕنەر ١٧٩١-١٨١٣ دێتە بەرچاو، ئەویش بەبرینداری وەک ئەم سەری دەپێچنەوە.

ئەم لێکچواندنەی نێوان سەربازەکە و شاعیرێکی کۆنی سەدەی نۆزدەم، هێمایە بۆ دڵ ناسکی هەستی گەرمی سەربازەکە، بە جۆرێک کاتێ منداڵەکە پارەکەی لێوەردەگرێ وەڵامی ناداتەوە و یەکسەر لە ناو کۆڵانە بەفر داپۆشراوەکاندا ون دەبێ، ئەمیش هەتا هەست بە ڕەقبوونی ملی خۆی دەکات هەر لە منداڵەکە ڕادەمێنێ، پاشان سەری لە کونی دیوارەکە دەهێنێتە ژوورەوە تا لەو وڵاتە تاریک و ساردوسڕەدا درێژە بە تەنیایی خۆی بدات.(٢٨)

بۆل لەم چیرۆکەدا جارێکی تر ویستوویەتی بێ بناغەیی ئەو هەوڵەی ئایدیۆلۆژیای نازیزم بخاتە ڕوو، کە سەربازەکانی لەسەر ئەوە ڕادەهێنا هەمیشە بەچاوی نزمی خوارووی مرۆڤەوە لە ڕەگەزی غەیرە ئەڵمانی بڕوانن، بەڵام لێرەدا دەبینین ئەو ئایدیۆلۆژیا بێ مانایە چۆن لە هەستی قووڵی مرۆڤانەی سەربازێک لە بەرانبەر بینینی منداڵێک (بوونەوەرێکی سڤیلی غەیرە ئەڵمان)دا دەتوێتەوە.

ئازاری ڕۆژگارە سەختەکانی وڵاتێک لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ شتێکی وای کەمتر نەبوو لە ئازار و چەرمەسەرییەکانی ڕۆژانی جەنگ، شارەکان هەمووی وێران ببوون، نەبوونی و قاتوقڕی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو، بەسەدان هەزار سەربازی بریندار لەبەر ئازاری برینەکانیان دەیانناڵاند، سەدان هەزار کەس بە بێکەسی و بێلانە و جێگە بە برسێتی بەکووچە و کۆڵانی شارەکاندا دەسووڕانەوە. بۆل لە چیرۆکی (تامی نانەکە)دا وێنەی برسێتی مرۆڤێکی لانەوازی ئەو ڕۆژگارەمان دەخاتە بەرچاو. وێنەی مرۆڤێک نیشان دەدات کە چۆن لە ئاشپەزخانەی نەخۆشخانەیەکی وێرانەدا لەبەردەم ژنە ڕاهیبەیەک وەستاوە و نیگای منداڵانە دەبڕێتە دەستی ڕاهیبەکە، لەوکاتەی بۆنی گۆشتاوەکە ئەو ناوەی پڕکردووە و ڕاهیبەکەش خەریکی دروست کردنی زەڵاتەیە، برسێتی بە چەشنێک برستی لەو مرۆڤە بڕیوە کە تەنیا بە بیرکردنەوە لە وێنەی نان ئاو دەزێتە دەمییەوە. زۆر بە داماوی داوای نانێک لە ڕاهیبەکە دەکات، ئەویش لە دۆڵابێکی شەقوشڕدا نانێکی کۆنی دووهەفتە لەمەوبەر دەردەهێنێ و دەیداتێ، مرۆڤە برسییەکە بە چەشنێک نانە وشک و ڕەقەکە دەخوات وەک ئەوەی ماوەیەکی گەلێک زۆر بێت نانی نەبینیبێت.(٢٩)

### تەنیایی و گۆشەگیری مرۆڤەکانی دوای جەنگ

ئەو زەبرە کوشندانەی جەنگ دەیسرەوێنێتە ڕوحی مرۆڤەکان، هەندێک جار هێندە زەبری قووڵ و کاریگەرن، کە مرۆڤەکە بە درێژایی تەمەنی ناتوانێ لەژێری بێتە دەرەوە، چونکە جەنگ بە چەشنێک متمانە و باوەڕبەخۆبوونی ئەو مرۆڤانە لەناخەوە تێک دەشکێنێ،

ئیتر وەک خەسڵەتێکی سایکۆلۆژی بە کەسایەتییانەوە دەلکێ. ئێستاش گەلێک پیر و بەساڵاچووی ئەو ڕۆژگارە سەختانە هەر لەژیاندا ماون کە ئەگەر گوێ بۆ قسەکانیان ڕادێری، هەست دەکەیت هەتا ئێستاش برینی ئەو ساڵانە لە سەر پانتایی دەروونیان سارێژ نەبووە، ئێستاش گاڵتە بەو ئاشتییە دەکەن کە وڵاتەکەیان تێیدا دەژی، هەمیشە وا دەزانن بەیانی جەنگ هەڵدەگیرسێتەوە، من بەسەرهاتی گەلێک لەوانەی بە ڕێکەوت تووشیان بووم لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم تۆمارم کردوون، هێشتا لێم ڕوون نییە کە ئایا بڵاوکردنەوەیان کاریگەری باش، یان خراپ لەسەر خوێنەران بەجێ دەهێڵێ. بۆڵ ئەو حاڵەتی گۆشەگیری و تەنیاییەی مرۆڤە خاراوەکانی ناو ڕۆژگارە سەختەکانی جەنگی زۆر ڕاستگۆیانە گواستۆتەوە ناو کورتە چیرۆک و ڕۆمانەکانی.

لە چیرۆکی (ئانەی ڕەنگ زەرد) دا(٣٠) ئەو حاڵەتی گۆشەگیرییە زۆر بەڕوونی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەو چیرۆکە لەسەرزمانی کەسی یەکەمی تاک دەگێڕدرێتەوە. چیرۆکخوان سەربازێکە کە دوای یازدە ساڵ لە دوور کەوتنەوەی لە بەرەکانی جەنگ بە کەشەنگ و ماندوویەتی دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی، بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە سەیر دەکات دایک و باوکی لە ژیاندا نەماون، تەنانەت دۆست و برادەرەکانی جارانیشی نەماون، هیچ کەسێ لەشارەکەی خۆی ناناسێ تا هاوڕێیەتی لەگەڵدا بکات. سەرئەنجام لەو برە پارە میراتییەی کە دایک و باوکی بەر لە مردنیان بۆیان بەجێ هێشتبوو، دەتوانێ خانوویەک بە کرێ بگرێت، ئیتر لە ژوورەکەی خۆیدا ناچێتە دەرەوە، ژنە خاوەن ماڵەکەی بازاڕی بۆ دەکات و خواردنی بۆ ئامادە دەکات، ئەو ژنەش مرۆڤێکی کۆست کەوتووە و کوڕێکی لە جەنگەکەدا بێ سەر و شوێن بووە، هەموو ڕۆژێک وێنەی کوڕەکەی بەو سەربازە نیشان دەدات، بەڵکو ئەم بە ڕێکەوت لە شەڕدا بینیبێتی و سۆراخێکی لەلا هەبێت. ئەو سەربازە بە چەشنێک بێهوودەیە بەرانبەر ژیان کە لە ژوورەکەی خۆیدا بەردەوام بەدالغەی ڕۆژگاری ڕابردووی ژیانی دەژی، ئانە تاکە مرۆڤێکی شارەکەیە کە بیناسێ، بەڵام ئانە ئەو کچە جوانە ئێستا جوانییەکەی جارانی نەماوە، کەس نایناسێتەوە، چونکە لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا ڕوخساری شێواوە، ئیتر ئەو سەربازە بەدەم دابڕانی لە ڕابردووی، شەووڕۆژ خەریکی جگەرە کێشانە، هیچ پلانێکی بۆ ژیانی داهاتووی نییە، تاکە کێشەی گەورەی ئەم ئەوەیە کە ئەگەر ئەو برە پارە میراتییەی تەواو بێت، چۆن دەتوانێ ژیان بگوزەرێنێ، بە بێ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی لەلابێت.

لە ڕاستیدا حاڵەتی بێهوودەیی و گۆشەگیری هەزاران چیرۆکی ونبوون و سەرگەردانی مرۆڤەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو چیرۆکانە هەمووی لە سەرزەمینی ڕۆژگارێکی سەختدا سەریان هەڵدەدا. بۆڵ لەڕۆمانی (تاکە وشەیەکیشی نەگوت)دا -کەدوایی دێینە سەری- وێنەیەکی واقیعی ئەو حاڵەتی بێهوودەییەمان دێنێتە بەرچاو کە دەبێتە هۆی گۆشەگیری و ونبوونی مرۆڤەکانی ئەو ساتە وەختە.

برسێتی، گرانی و قاتوقڕی و بێکاری، سیمای هەرە دزێوی ئەو ساتەوەختانە بوون، هەموو ئەو سیمایانە وەک ڕاستییەک لە سەر شانۆی بازاڕی ڕەشدا ڕەنگیان دەدایەوە، بازاڕێک کە هەلێکی چاکی بۆ بازرگانانی چاوچنۆک ڕەخساندبوو تا بازرگانی بە حاڵەتی نەبوونی و لێقەومانی خەڵکەوە بکەن.

بۆڵ لە چیرۆکی (خاڵم فرێد)دا زۆر بە وردی باسی ئەو ڕۆژانەی بازاڕی ڕەش دەکات، چیرۆکەکە لە زمانی گەنجێکی چوارده ساڵی دەگێڕێتەوە کە باوکی لەشەڕدا کوژراوە و لەگەڵ دایکی دەژی، کاتێ فرێدی خاڵی لە دیلی دەگەڕێتەوە ماوەیەک لەماڵی ئەواندا دەژی تا بێتەوە سەرەخۆی. لەو کاتەدا ئەرکی ڕۆژانەی ئەو لاوە ئەوە دەبێ کە هەر ڕۆژێ شتێکی بچکۆڵە لە کەلوپەلە ڕزگاربووەکانی ماڵی خۆیان بباتە بازاڕی ڕەش و لەوێ لەبەرانبەر خۆراک و سووتەمەنیدا بیانگۆڕێتەوە. (ئەرکی من وابوو بالیفێک بە نان و یەک دەستە فنجان بە کەپەک بگۆڕمەوە، یان سێ بەرگی گوستاف فرایتاگ بە پەنجا گرام قاوە بگۆڕمەوە)(٣١)

لە کاتێکدا کتێبەکانی نووسەرێکی بەناوبانگی ئەڵمانی وەک فرایتاگ (١٨١٦-١٨٩٥) لە ساڵانی پێش جەنگ لە کتێبە گرانبەها و پڕ بایەخەکان بوو لەلای خەڵکی ئەڵمان، بەڵام لەو سەردەمە دژوارەدا تەنیا پەنجا گرام قاوەی پێدەهات! ئەمەش ئاماژەیە بەوەی بەهای شتە ڕوحییەکان لە حاڵەتی ناچاریدا لەبەرانبەر پێداویستییە ژیانییەکانی مرۆڤ چییان بەسەر دێت.

ئەوە ئەو خاڵە گرنگەیە کە بۆڵ لە نووسینەکانیدا لە کۆششی نەپساوەی بۆ نەفرەت کردن لە جەنگ هەمیشە

کاری لەسەر کردووە.

**ڕیسواکردنی گەندەڵییەکان لە سەردەمی ئاشتیدا**

جەنگ پرۆسەی گەڕاندنەوەی مرۆڤە بۆ جەنگەڵ، هەموو پێوەندی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لەرۆژگاری جەنگدا بەرگ و پۆشاکی مرۆڤایەتی دادەماڵن، ئەوەی جێگەی سرنجە شوێنەواری ئەو تێکوپێک شکاندنەی جەنگ لەسەر بەها و مۆراڵە مرۆڤایەتییەکان بەجێی دەهێڵێ بە کۆتایی هاتنی شەڕ لە بەرەکانی جەنگ کۆتاییان نایەت، کاریگەرییە خراپەکانی لە ڕۆژانی ئاشتیدا بەرچاو دەکەون، مرۆڤەکان هێشتا ناتوانن تەواو خۆ لەو ئەقڵییەتە دەرباز بکەن کە جەنگەڵستانی شەڕ لە ناخیاندا چاندوویەتی، بۆیە ئەو گەرایانە لەسەردەمی بنیادنانەوە جارێکی تر دەترووکێنەوە، بەڵام ئەو جارەیان نەک بە ئاگر و ئاسن، بەڵکو بە چەشنێکی تر هەناوی کۆمەڵگە دادەڕزێنن. ئەوە واقیعێک بوو ئەڵمانیا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ بە دەستییەوە دەیناڵاند. گەندەڵی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی دوو سیمای هەرە بەرچاوی قۆناغی خۆ بنیادنانەوە بوون کە ئەگەر بە خەباتی شێلگیرانە ڕووبەڕووی نەبووبانایەوە، ئەوە هەرگیز ئەو وڵاتە لەژێر تەپوتۆزی دوای جەنگ ڕزگاری نەدەبوو. کارەکانی بۆل دەچنە خانەی ئەو خەباتە.

بۆل هەوڵی دەدا لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو گەندەڵی و نادادپەروەرییە، بە نووسینەکانی ویژدانی خەڵک بهەژێنێ. کورتە چیرۆکی (قاچە بە نرخەکەم) یەکێکە لەو چیرۆکە ویژدان هەژێنانەی کە بە چەشنێکی زۆر واقیعیانە وێنەی گەندەڵی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ڕۆژانی دوای جەنگ نیشان دەدات. ئەوەی جێگەی سرنجە لەو کورتە چیرۆکەدا بۆل توانیویەتی بابەتی ڕۆمانێک لەناو تێکستێکی کورتدا چڕ بکاتەوە، بەوەی هەموو ڕستە و دەستەواژەکانی لە شوێنی شیاوی خۆیدا بەکاربهێنێت بەچەشنێک تۆ کە چیرۆکەکە دەخوێنیتەوە، دەزانیت کەوا بابەتێک خۆی لەناو ئەو تێکستەدا حەشار داوە کە خوێنەر تەنیا لە شێوەی ڕۆمانێک دەتوانی تینوێتی بەم جۆرە بابەتانە بشکێت. چیرۆکی (قاچە بەنرخەکەم) ساڵی ١٩٤٨ نووسراوە، چیرۆکەکە باس لەڕۆژانی دوای کۆتایی هاتنی جەنگ دەکات، کە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە سەرەوەختی خۆ سازدانەوەیاندا بە ناو چ تەنگژەیەکی گەندەڵی و نادادپەروریدا دەڕۆیشتن. چیرۆکەکە باس لە سەربازێک دەکات کە بە داماوی لە (فەرمانگەی کار)دا، لە بەردەمی فەرمانبەرێکدا وەستاوە تا بزانێ چ یارمەتییەکی دەدەن؟

سەربازەکە -کە قاچێکی لە جەنگدا لەدەست داوە- کەچی فەرمانبەرەکە پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات بچێت لە ئاودەستێکی گشتی شارەوانیدا پێڵاوی خەڵک بۆیاخ بکات، بەڵام سەبازەکە ئەوکارە ڕەت دەکاتەوە و ئەوە بۆ فەرمانبەرەکە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەم قاچی لەڕێگەی ڕزگارکردنی ژیانی خەڵکی تردا لەدەست داوە، ئەو داوای ئەوە دەکات کە لە بارتەقای ئەو قوربانییە تەقاویتییەکی کەمی بۆ ببڕنەوە، کەچی فەرمانبەرەکە حیسابی ئەوەی بۆ دەکات کە ئەگەر مووچەی بۆ ببڕنەوە، ئەوە پارەیەکی زۆر لە دەوڵەت زەرەر دەکەوێت، سەربازەکە ئەوەی بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەم لە هێڵی پێشەوەی جەنگدا بووە، ئەم ئەفسەر و پایەدارەکانی سوپای لە هێرشی دوژمن ئاگادار کردۆتەوە کە خۆ دەرباز بکەن، ئەگەر وای نە کردبایە، ئەوە هەموویان دەکوژران و ئەوسا دەوڵەت دەبوایە پارەیەکی ئەستوور بۆ تەقاویتی ئەو دەرەجەدارانە ببڕێتەوە، ئەوساکە زەرەری دەوڵەت زۆر گەورەتر دەبوو، بەڵام ئەو لە پێناو ئاگادار کردنەوەیان قاچێکی خۆی لەسەر داناوە، ئایا ئەوە شایانی ئەمە نییە مووچەیەکی شایستەی بۆ ببڕنەوە؟ بەڵام فەرمانبەرەکە گاڵتەی پێدەکات و ئامادە نییە گوێ لەقسەکانی ڕابگرێت، تەنیا ئەوەی پێ دەڵێ ئێستا تۆ ئەو کارە دەکەیت، یان نا؟ سەربازەکەش بەر لەوەی بە نا وەڵامی بداتەوە و بچێتە دەرەوە، ئاخی ئەوە هەڵدەکێشێ کە لە و ڕۆژەی لە بەرەکانی جەنگدا تەنیا دوو خولەک بەر لەوەی قاچی وەهای بەسەر بێت بە داخەوە نەکوژرا تا پارەیەکی زیاتر بۆ دەوڵەت گل بداتەوە!(٣٢)

کەواتە قاچی ئەو سەربازە قاچێکی ئاسایی نییە، قاچێکی زۆر بەنرخە ژیانی چەندین کەسی لەمردن گەڕاندۆتەوە، ژیانی ئەو کەسانەی ئێستا لە دەزگاکانی دەوڵەت دەسەڵاتدارن و پشتیان لە ڕۆژانی ڕابردوو کردووە، تەنانەت ئامادە نین ڕێز لە قوربانییەکانی خەڵک بگرن و نرخی ژیانی ئەوانیتر وەک ژیانی خۆیان حیساب بکەن.

بۆل لەم کورتە چیرۆکەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گاڵتە بەو ئایدیۆلۆژیا شەڕخوازییەی نازییەکان دەکات کە خۆ

بەکوشتدان و قوربانی و جەنگی چەندین ساڵەیان، بێجگە لە ملیۆنان کوژراو و سەدان هەزار بریندار و سەقەت هیچی تری لێ نەکەوتەوە، تەنانەت خۆشیان کە جارێکی تر لە سێبەری گەندەڵییەکانی دوای جەنگ بە خشپەیی هاتنەوە مەیدان و بوونەوە کاربەدەستی دەزگاکانی دەوڵەت، ئەوەتا خۆیان قوربانییەکانی خۆیان بەم چەشنە بێ نرخ دەکەن. بۆل دەیەوێت ئەو گاڵتە جاڕییە ڕیسوا بکات کە هێزی ئایدیۆلۆژی هەمەگیر بە ئەقڵی مرۆڤەکانی دەکات.

**بەختێکی سپی لە چیرۆکی (مەڕە ڕەشەکان)دا**

ئەو پێشوازییە گەرمەی لە سەرەتاوە لەلایەن خوێنەرانەوە لە نووسینەکانی بۆل دەکرا، یەکێکی تر بوو لەو پاڵنەر و مۆتیڤانەی بۆلی لە ناو نووسیندا قاڵ کردەوە. بڵاوبوونەوەی چیرۆکی (مەڕە ڕەشەکان) تاوێکی زیاتری بەخشییە ئەو پێشوازییە گەرمە. ئەو چیرۆکە بوو بە دەروازەیەک بۆ ئەوەی ئیتر بۆل وەک نووسەرێکی ئازاد ژیانی خۆی تەنیا بۆ نووسین تەرخان بکات، ئەوە ئەو هەل و شانسە بوو لەسەرەتای ژیانی ئەو نووسەرە، کە بتوانێ سوودی لێ وەربگرێ تا زیاتر پەرە بە بەهرەی خۆی بدات و لەلایەکی تریشەوە وەک مرۆڤێک بتوانێ لەسێبەریدا بژی. بۆل بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆکەی بە کاری کورت خایەن و ناجێگیر بژێوی ژیانی دابین دەکرد، جارێک لە دووکانی دارتاشی براکەیدا کاری دەکرد، جارێک وەک فەرمانبەرێکی یاریدەدەر لە بەشی ئاماری شارەوانی شاری کۆڵن کاری دەکرد، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی چیرۆکی مەڕە ڕەشەکان، ئیتر ژیانی گۆڕا. بۆل بەهۆی ئەو چیرۆکەی خەڵاتی گرووپی ٤٧ی وەرگرت. ئەو خەڵاتە لەو کاتەدا، بێجگە لەوەی بڕە پارەیەکی باش بوو بۆ ئەم، لەلایەکی ترەوە ناوبانگێکی زیاتری لەلای خەڵک پەیداکرد کە خوێنەران چاوەڕێی شتی تری لێ بکەن، ئەمەش مۆتیڤێک بوو بۆ ئەوەی بگاتە قەناعەت کە واز لەو کارە لاوەکیانە بێنێ و بۆ ژیان ئیتر ڕوو لە دنیای نووسین بکات و وەک نووسەرێکی ئازاد لەڕێگەی نووسینەوە ژیان بگوزەرێنێ. دیارە ئەو هەستی بەوە کردبوو کە نووسین بواری ڕاستەقینەی ژیانی ئەمە، تا هەر لەم ڕێگایەوە بتوانێ بیر و ڕا و خەباتی خۆی بۆ دژایەتی کردن و نەفرەت کردن لە جەنگ وماڵوێرانی بەرجەستە بکات.

بایەخی چیرۆکی (مەڕە ڕەشەکان) لە گۆڕینی ئاراستەی ژیانی بۆل و قاڵ کردنەوەی ئەو نووسەرە لەناو دنیای نووسیندا بایەخی ئەوە دەهێنێتە پێشەوە هەڵوەستەیەک لەسەر ناوەڕۆک و دەلالەتە ئەدەبییەکانی ئەو تێکستە بکەین.

بۆل ئەو چیرۆکەی ساڵی ١٩٥١ نووسیوە، هەر ئەو ساڵەش خەڵاتی یەکەمی کورتە چیرۆکی گرووپی چل و حەوتی پێ بەدەست هێناوە، لە ڕاگەیاندنەکانی ئەو کاتەدا دەنگی داوەتەوە و لە ڕادیۆی ناوچەی باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیادا خوێندراوەتەوە، پاشان لە شێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا چاپ کراوە. دواتریش لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی تریدا بڵاو کراوەتەوە.

چیرۆکی مەڕە ڕەشەکان بە چەشنێکی جیاواز لە نووسینەکانی ئەو سەردەمە نووسراوە، بەڵام ئەو چەشنە نووسینە بۆ ئەو سەردەمەی خۆی کە ڕەوتی ئەدەبی هێشتا ماندوویەتی جەنگی لە کۆڵدا بوو، بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو. چیرۆکەکە باس لەو کەسانە دەکات کە دەیانەوێ بە چەشنێکی جیاواز لەناو کۆمەڵ و دەوروبەری خۆیاندا بژین، یان هەر بەسروشت و پێکهاتەی کەسایەتی و دەروونی خۆیان کەسانی جیاوازین لە دەوروبەرەکەیان. ئەوانەی بە ویستی خۆیان دەیانەوێ بە شێوەیەکی جیاواز لەگەڵ دەوروبەری خۆیان بژین، یان خەڵکانێکن ئامادەن باجی ئەو جیاوازییە بدەن، یان ئەوانەن کە بەرژەوەندی خۆیان لەو جیاوازییەدا دەبیننەوە. بۆل لەم چیرۆکەدا باس لەو چەشنەی دواییان دەکات، باس لە مام ئۆتۆ دەکات. مام ئۆتۆ لە ناو هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی خۆیدا کەسێکی جیاوازە، مەڕی ڕەشی ناو خانەوادەکەیە. کەس بەتەواوەتی لێی حاڵی نابێ، پیاوێکی زۆربڵێی مەجلیس گەرمکەر و سرنجڕاکێشە، هەمیشە باس لە پلان و نەخشەکانی ژیانی داهاتووی دەکات بەبێ ئەوەی هیچیانیش جێبەجێ بکات. لە هەموو بابەتێک دەدوا (مام ئۆتۆ دەیزانی هیچ بوارێک نییە دەمی تێوە نەژەنیبێ، کۆمەڵناسی، ئەدەب، مۆسیقا، تەلارسازی، هەمووی، لەڕاستیشدا لەهەموویان شتێکی دەزانی)(٣٣)

دەیزانی لەگەڵ هەموو کەسێک لە تەمەنە جیاوازەکان بدوێ، لەگەڵ ژنان باسی ئەو بابەتانەی دەکرد کە ژن پێیان خۆشە، نوقڵی دەدا بە منداڵان، ساوای بەر مەمکان لە باوەشی ژێر دەبوونەوە. مام ئۆتۆ سەرتاپای

تەمەنی لەسەر قەرز و قوڵە دەژیا، هەتا ئەو ڕۆژەی بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل دەمرێ، هیچ کار و پیشەیەک ناکات، بەڵام هەر چەند ساتێک پێشی مردنی یانەسیبێکی لۆتۆی پەنجا هەزار مارکی بۆ دەردەچێت.

بۆل ئەو چیرۆکەی بە چەشنێکی تەنزئامێز نووسیوەتەوە، شوێنەواری هونەرمەندانەی بۆل لەم چیرۆکەدا لەخاڵێکی زۆر سرنجڕاکێشدا دەردەکەوێت، ئەویش شێوازی گێڕانەوەیە، چیرۆکەکە لەسەر زمانی کەسی یەکەمدا دەگێڕدرێتەوە کە باس لە خەسڵەتە سەیروسەمەرەکانی مام ئۆتۆ دەکات بەو پێیەی ئەو مەڕی ناو خانەوادەکەیانە، کەچی لەپڕ دەردەکەوێ چیرۆکخوان خۆی دەبێتە جێگرەوەی مام ئۆتۆ، ئەو دەبێتە مەڕی ڕەشی نەوەی تازەی خانەوادەکەیان، چونکە مام ئۆتۆ وەسیەتنامەیەک لەدوای خۆی جێدەهێڵێ بەو پێیە سامانەکەی هەمووی دەبێتە هی چیرۆکخوان، کە ئەویش وەک مام ئۆتۆ لە ئامێرێکی بێ خێر زیاتر نییە. بۆل لەو چیرۆکەدا باس لەو مرۆڤە قەڵپ و فشەکەرانە دەکات کە لە ژیانی خۆیاندا مشەخۆرانە دەژین و لەدوای خۆشیاندا شوێنەوارێک جێ ناهێڵن تا نەوەی دوای خۆیان بە چەشنێکی ئیجابی چاویان لێبکەن. هەڵبەتە ئەو جۆرە کارەکتەرە جیاوازانە لەناو هەموو خانەوادەیەکدا هەن، بە جۆرێک هەبوونی ئەو واقیعە جۆرە قۆشمەیەکی میللی لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا هێناوەتە ئاراوە، بۆل ئەو قۆشمەیەی وەک جۆرە تەنزێک لەو چیرۆکەدا بەکار هێناوە، چیرۆکخوان کە خۆیشی مەڕە ڕەشەکەی ناو نەوەی نوێی خانەوادەکەیانە دەڵێ "لەڕاستیدا دەبێ سوپاسمان بکرێ، چونکە ئەگەر خانەوادەیەک مەڕی ڕەشی تێدا نەبێت، خانەوادەیەکی بێ شەخسیەتە ل٢٩٩)

ئەوەی بۆ من جێگەی پرسیار بوو، ئەوەبوو کە دەبێ چی وای کردبێ ئەو چیرۆکە لە پێشبڕکێیەکی چیرۆکەکانی ئەو سەردەمە خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێنابێ؟ خۆ ئاستی کورتە چیرۆکەکانی تری بۆل کە لەپێش ئەمەیانەوە نووسیویەتی زۆر لەو چیرۆکە باڵاترن! سەرئەنجام هەر بە لێکدانەوەی خۆم گەیشتمە ئەو ئاکامەی کە لەو ساڵانەی دوای جەنگ کە هێشتا خەڵک لەناو وێرانەی شارەکاندا دەژیان و هێشتا برینە قووڵەکان سارێژ نەبیوون، هێشتا بیرەوەرییەکان زۆر بە زیندوویی لەناو دەروونی خەڵکدا بوون، ئەو تێکستە دوورونزیک باس لە جەنگ ناکات، چیرۆکێکە وەک بڵێی دەیەوێ زەردەخەنەیەک بخاتە سەر لێوی خوێنەر، زەردەخەنەیەک کە هێشتاکە زۆری مابوو تا لە قووڵایی دڵی مرۆڤە شەکەت و زامدارەکانی ڕۆژانی جەنگەوە هەڵقوڵێ و لەسەر لێوە بە بارەکانیانەوە بنیشێتەوە. ئەو تێکستە لەو ڕۆژگارەدا چەشەی بە دڵی خەڵک بەخشیوە، بۆیە پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە!

هەڵبەتە ئەو شێوازە نەرمونیانەی نووسین، دواتر نووسەری بۆ ناو زۆر بواری تری نووسین ڕاکێشا وەک نووسینی شیعر و دراما و وتاری ڕۆژنامەنووسی و پیەسی ڕادیۆیی و بیرەوەری. خۆ بیرەوەرییەکانی ڕۆژانی وڵاتی ئیرلەندای لە کتێبی (یاداشتە ئێرلەندییەکاندا) کە ساڵی ١٩٥٧ بڵاو بۆتەوە، نموونەی بەرزی دارشتن لەڕیزی کارەکانیدا.

## کۆمێدیا لە سەردەمێکی تراژیدیدا

ئەگەر سرنجێکی خێرا لە بیبلۆگرافیای نووسین و کارەکانی بۆل بدەین ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێت کە تراژیدیای جەنگ و وێنەی ڕۆژگارە سەختەکان بابەتی هەرە سەرەکی نووسینەکانیەتی، بەڵام دواتر وردە وردە مژاری دیکە شوێنی خۆیان لە توێی کارەکانیدا کردۆتەوە. شێوازی تەنز ئامێز و ساتیرە چیرۆک، وەک شێوازی کۆمێدی لەسەردەمێکی پڕ لە تراژیدیادا خۆیان بەرجەستە دەکەن. بۆل دەیویست لەڕێگەی ئەو چەشنە نووسینانەدا، ڕەخنەی توند ئاراستەی کەسانی هەلپەرست و مشەخۆری ناو کۆمەڵگەی سەردەمی ئاشتی بکات، لەو سەردەمەی هێشتا برینەکانی جەنگ لەسەردەستی ئەو کەسانە هەر بەجەستەی کۆمەڵگاکەوە مابوو، کە ئەو کەسانە جارێکی تر توانیان لەبەرگێکی دیکە خۆ بخزێننەوە ناو کەناڵەکانی دەسەڵاتی حوکمڕانی سەردەمی نوێ، تا دەوڵەتێک بنیاد بنێنەوە کە لەسایەی ئەوانەدا خۆی بە گەندەڵی و بیرۆکراتی ڕەنگرێژ بکات. ڕۆمانی (کۆتایی لێخوڕینێکی سەربازیی Ende einer Dienst-fahrt)، سەرتاپای تەرخان کراوە بۆ ئەوەی بە چەشنێکی کۆمێدی ڕەخنە لە بیرۆکراتیەتی دامودەزگاکانی دەوڵەت بگرێت لەڕووبەڕووبوونەوەی کێشەیەک کە بۆل لە ناو فەنتازیای خۆی ئەفراندوویەتی.

ئەو کورتە چیرۆکانەی بۆل کە بە شێوازێکی کۆمێدی دارێژراون، زۆریان دەچنە خانەی ساتیرە چیرۆک،

ڕەخنەگرەکانیش هەر بەو چەشنە ناویان دێنن. لەڕاستیدا ئەو ساتیرە چیرۆکانە بەشێکی ڕەخنە لە شێوازی سیاسەتی قۆناغی بنیادنانەوە دەگرن، هەندێکیان دیاردە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ دەخەنە ڕوو. سەرەڕای دارشتنی ئەو چیرۆکانە بە تەکنیکێکی هونەری بەرز، لەڕووی جیهانبینیشەوە خالّی نین لە هزری فەلسەفی قووڵ. چیرۆکی (سەرگوزشتەی دابەزاندنی مۆراڵی کارکردن) یەکێکە لە کورتە چیرۆکە هەرە بەناوبانگەکانی کە مژاری چۆنیەتی تێروانینی مرۆڤ لە بەرانبەر ژیان لەخۆ دەگرێ. بەهەمان شێوە چیرۆکی (سەرگوزشتەی پاشایەکی گەنج)، کە باس لە پاشایەکی گەنج دەکات چۆن لە پێناوی خۆشەویستی دەست لە دەسەڵات هەڵدەگرێ، شایانی ئاماژە پێکردنە ئەو بیرۆکەیە لە ڕۆمانی (تێڕوانینەکانی قۆشمەچییەک)دا – کە دواتر دێینە سەری- بەشێوەیەکی تر دووبارە دەبێتەوە.

**پێکەنین بەپێی یاسا!**

ڕەنگە ئەم ناوونیشانەی سەرەوە شانۆنامەکەی حسێن عارفی چیرۆکنوسی کوردمان بێنێتەوە بیر، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کەوتە بەر دیدی خوێنەران، حسێن عارف لەو شانۆنامەیەدا لەسەردەمی تاریک و نووتەکی دیکتاتۆریەتدا، سیستمی حوکمڕانی تاکڕەوی ڕیسوا دەکات. مەبەستم لەو ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە ناوەرۆکی کورتە چیرۆکێکی بۆل لە خەیاڵی خوێنەری کورد نزیک بکەمەوە، کە ساڵی ١٩٥١ لەژێر ناوی ڕوخسارە خەمبارەکەمدا بڵاوی کردۆتەوە کە هەمان بابەت لەخۆ دەگرێت.

چیرۆکی (ڕوخسارە خەمبارەکەم) گاڵتەکردنە بە سیاسەتی دیکتاتۆریانەی فەرمانڕەوایی. کاتێ ئەو جۆرە سیستمە هەوڵ دەدا هەموو ڕەفتار، تەنانەت هەست و نەستەکانی مرۆڤیش بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەقالّب بدات وترووسکەیەکی ئازادی بە خەڵک ڕەوا نەبینێ. لەم چیرۆکەدا باس لە مرۆڤێک دەکات کە تازە لە بەندیخانە هاتۆتە دەرەوە و لەسەر بەندەری کەنار دەریایەک بە ڕوخسارێکی خەمبارەوە لە نەورەسەکان ڕادەمێنێ، بەڵام کاتێک پۆلیسێک دەیبینێ، یەکسەر دەیگرێ و ڕاپێچی پۆلیسخانەی دەکات، لەوێ (هەموویان کەوتنە لێدانم....لێکۆڵەرەوە، لێکۆڵەرەوەی باڵا، دادوەر، دادوەری سەروو، لەپاڵ ئەمانەدا پۆلیسەکانیش هەر لەخۆیانەوە بەهەموو شێوەیەک تێیان هەڵدەدام وەک چۆن یاسا فەرمانی پێکردبوون)(٣٤)

لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤە یاسای پێشێل کردووە، بەڵام ئەو مرۆڤە بێ گوناهە ئاگاداری ئەوە نییە کە دەوڵەت یاسایەکی دەرکردووە بەو پێیە دەبێ خەڵک هەردەم ڕوخساری بە پێکەنین و دڵخۆشی نیشان بدەن، ئیتر لەبەرانبەر ئەو تاوانەدا ئەو هاوڵاتییە دە ساڵ سزای بەند کردنی بەسەردا دەسەپێنن. چیرۆکەکە لێرەدا تەواو نابێت، بەڵکو لەکۆتاییدا وەک تەقینەوەی مینێک خوێنەر لە حاڵەتی حەپەساندا جێ دەهێڵێ، ئەوەش شێوازێکی هونەرمەندانەی بۆلە کە لە زۆربەی کورتە چیرۆک و نۆڤێلەکانی پەیڕەوی کردووە. پاش ئەوەی ئەو هاوڵاتییە سزاکەی بەسەردا دەسەپێنرێت، پرسیاری لێدەکرێت کە پێشتر خەریکی چی بووە؟ هاوڵاتییەکە دەڵێ چەند ڕۆژێکە لە زیندان دەرچووە، پاش ئەوەی سزای پێنج ساڵی بەسەردا سەپێنرابوو، لەسەر ئەوەی لە ڕۆژی ماتەمینی دەوڵەتدا پۆلیسێک ڕوخساری ئەمی بە پێکەنینەوە بینیبوو!!

ئەوەیە ئەو شێوازە کاریگەرەی بۆل لە کورتە چیرۆکەکانیدا پەیڕەوی کردووە کە چێژی بەقووڵایی ناخی خوێنەرانیدا شۆڕببێتەوە، بەچەشنێک پاش تێپەڕینی ئەو هەموو کات و قۆناغە جیاوازە لە مێژووی نوێی وڵاتی ئەڵمانیا، هێشتا بە حەماسەوە بخوێنرێتەوە.

چیرۆکەکانی تری وەک (بەپێکەنین هێنەرەکە)، (یاداشتەکانی سەگگرێک)، (مۆنۆلۆژی خزمەتکارێک)، (دارخۆخێک لە باخەکەماندایە)، (میوانانی چاوەڕوان نەکراو)، لەگەڵ چەندان چیرۆکی تر کە لەشێوازی تەنز و کۆمێدیای پڕ لە مەبەست دارێژراون، ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە ڕێگە خۆشکردن بۆ هاتنە ئارای شێوازی تەنزنووسی مۆدێرن لە ئەڵمانیای سەردەمی دوای دووەمین جەنگی جیهانی.

بۆل بە شێوازی کۆمێدی خەم و بیرکردنەوەکانی مرۆڤی لەسەردەمێکی پڕ لە تراژیدیادا دەربڕیوە. ئەو چیرۆکانەشی لە گۆشەنیگای جیا جیاوە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ کراوە، ڕەنگە چیرۆکی (نەک هەر تەنیا بۆ کاتی جەژنی لەدایک بوون) بە نموونەی ئەو چیرۆکانە بهێنرێتەوە کە کەوتۆتە بەر خوێندنەوەی جیاوازەوە، بەڵام من وای دەبینم بۆل لەم چیرۆکەدا ئاماژە بە حەز و ویستە

سایکۆلۆژییە قوولّەکانی مرۆڤ دەکات لە بەرانبەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەمانایەکی تر لەوە دەچێت کێشەی نامۆ بوون و لێکدابڕان کە جەنگ وەک دەرهاویشتەیەکی تراژیدی بەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەپێنێ هەوێنی ئەو چیرۆکە بێت کە هەرچەندە لە شێوازدا پێکەنین هێنەرە، بەڵام کێشەیەکی سایکۆلۆژی قوولّی مرۆڤەکانی دوای جەنگ نیشان دەدات. ئەو چیرۆکە ساڵی ١٩٥٢ بۆ یەکەمین جار لە کۆبوونەوەیەکی گرووپی ٤٧ لەلایەن بۆلەوە خوێندراوەتەوە، پاشان لە ڕادیۆش پەخش کراوە، ساڵی ١٩٧٠ بۆل سیناریۆی بۆ ئەم چیرۆکەی نووسیوە و لە شێوەی فیلمی تەلەڤزیۆنی نیشان دراوە.

چیرۆکەکە لەسەر زمانی چیرۆکخوانێک دەگێڕدرێتەوە کە باس لە پوورێکی خۆی دەکات چۆن عەشقی جەژنی لەدایک بوون بووە، ئەو جەژنە جەژنێکی کریستیانییە، لەڕۆژێکی دوا هەفتەی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک پرۆتستانتەکان بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ دەگێڕن، ئاهەنگەکەش بریتییە لەوەی خزمەکان لە ماڵێکدا کۆ دەبنەوە و دار سنەوبەرێک بە مۆم و زەنگوڵە و نوقڵ دەڕازێننەوە و تا درەنگانی شەو لای یەکتری دەمێننەوە. پووره میلە ژنێکە چەندین ساڵە بە هۆی جەنگەوە نەیتوانیوە ئەو ئاهەنگە بگێڕێ و خزمەکان لە خۆی کۆبکاتەوە، هەتا ساڵی ١٩٤٦ واتە ساڵێک لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگ، ماڵەکەی دەڕازێنێتەوە تا خزمەکانی بۆ ئەم ئاهەنگە داوەت بکات، بەڵام پاشان کە ئاهەنگەکە کۆتایی دێت و لەدوای چل ڕۆژ بەسەر لە دایک بوون لە ڕۆژی هەڵکردنی مۆم بۆ حەزرەتی مریەم، دەیانەوێ ئیتر دارسنۆبەرەکە هەڵگرن و لە ژوورەکە بیبەنە دەرەوە، پووره میلە بە بینینی ئەو دیمەنە تووشی نەخۆشییەکی هیستیریا دەبێت کە هیچ دکتۆرێک ناتوانێ چارەسەری بکات. سەرئەنجام مێردەکەی پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکات کە هەموو شەوێک ئاهەنگی لەدایک بوون لە ماڵەکەی ساز بکرێت، بەمە پووره میلە چاک دەبێتەوە، ئیتر هەموو شەوێک دەبوو هەمان بەزم دووبارە بکەنەوە، (لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو، پوورم دەیویست هەموو خزمە نزیکەکان لەو ئاهەنگەدا ئامادە بن ل٣٥)

پووره میلە دەیویست بەهۆی ئەو ئاهەنگەوە هەمیشە پێوەندی نێوان خزمەکان دەمە زەرد بکاتەوە، تۆڵەی ئەو ساڵانە بکاتەوە کە جەنگ خزمەکانی لەیەکتری جیاکردبووەوە، بەڵام سەرئەنجام خزمەکان هێندە لە دووبارە بوونەوەی ئەو ئاهەنگە ڕۆژانەیە بێزار دەبن، بەچەشنێک هەندێک لە خزمەکان دەچن ئەکتەر بەکرێ دەگرن کە لە جیاتی ئەوان لە ئاهەنگەکە بەشداری بکات، هەندێک لە وەڕسییان سەری خۆیان لەدەست پووره میلە هەڵدەگرن، تەنانەت ئیتر منداڵەکانیش بە چەشنێک بێزار دەبن نایانەوێت چیتر بێنە ئاهەنگەکەوە، بۆیە منداڵی لە مۆم دروستکراو دروست دەکەن و لە ماڵی پووره میلە دایدەنێن تا وا بزانێ منداڵی لەدەورن. سەرئەنجام ئەوەی پووره میلە دەیەوێت، تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، لە جیاتی کۆکردنەوە و بەتین کردنی پێوەندی نێوان خزمەکان، خانەوادەکە هەمووی پەرتوبڵاو دەبنەوە. جەژنی لەدایک بوون نەیتوانی بەو چەشنەی پووره میلە دەیویست ئاواتەکە بهێنێتەدی.

ئەو فەنتازیایەی بۆل لەم چیرۆکەدا بەکاری هێناوە، زۆر ئاماژەی قوولّی تێدایە، بۆیە شتێکی سەیر نییە کە لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو ئاماژانە بکرێت، بە چەشنێک قەشەیەکی وەک (هانز فێرنەر ڤۆن مەین) لەسەر ئەم چیرۆکە بۆل بەوە تاوانبار بکات کە (سووکایەتی بە ئەقڵی ئەڵمانی کردووە)!.


**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

**١- یەکێک لەوانە دیتەر هۆفمەنە، کە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا بە درێژی باسی لێوە دەکات. بڕوانە:**

**Dieter Hoffmann, Arbeitsbuch Deutschsprachige Prosa seit 1945,UTB.Verlag, 2008, B1.**

**2- Walter Delabar: Zur Konstruktion von Gesellschaft im Frühwerk Heinrich Böll,1995 Polnische Universität No1758, S99.**

**3- Klaus Schröter, Heinrich Böl,l Rowohlts Monografhin310,R.Hamburg 1995, S42.**

**4- Heinrich Böll(Biographi), der zweite Weitkrieg, Schultreff(Deutsch), (Internet weblog).**

**5- Böll, Gesamte Werke. Interviews, K&**

W Verlag Köln 1978, S542.
6- Walter Hinck, Bibliothek des Jahrhunderten, Hrg. Jens und Ranicki, Lamuv Verlag, Bornheim- Merten, Nachwort,S6.
7- Wie ich anfing, Herausgegeben von Hans Daiber, classen Verlag, Düsseldorf 1979, S180.
8- Heinrich Böll Der Engel schwiegt,1992, ki&wi Köln S196.
9. Meine Moral bei 20 Grad Kälte, in Wie ich anfing, Hgs. Von Hans Daiber, Düsseldorf,1979, S183.
10. Der Zug war pünktlich , Heinrich Böll, dtv.Verlag GmbH&CoKG, München, 1972, S6.
١١- لێمبێرگ شارێکە لە وڵاتی ئۆکرانیای ئێستا، لە نزیک سنووری وڵاتی پۆڵۆنیا، کاتی خۆی زۆربەی دانیشتوانەکەی جوولەکەو پۆڵۆنی بوون، بۆیە لەکاتی دووەمین شەڕی جیهانیدا بەچەشنێکی زۆر دڕندانە کەوتە بەر زەبری کوشندەی سوپای نازییەکان
12- Der Zug war pünktlich, S98.
13.Der Zug war pünktlich, S124.
14.Der Zug war pünktlich,S113.
15.Der Zug war pünktlich, S142.
١٦- هەر بۆ نموونە چیرۆکی (سەردان) لە Blickfeld Deutsch,Oberstufe,S173 لە قۆناغی زانکۆ، یان چیرۆکی (شتێک ڕوودەدات) لە LESE BUCH ,für Gymnasien in Bayern S95 لە قۆناغی ناوەندی، زۆر کتێبی تری فێرکردنی زمان و ئەدەبی ئەڵمانی.
17- Der Sparziergang, Friedrich Schiller, Gedichte Erste Teil, Leipzig, 2.Auf,S45-65.
18- Wanderer, kommst du nach Spa.. Böll, Deutsche Taschenbuch Verlag, Auf.18, München19726, S42.
19- Wanderer kommst du nach Spa..S43.
20- Wanderer, kommst du nach Spa..S42.
21- Antine de Saint Exupery: Flug nach Arras, 1951 Karl Rauch Verlag,2.Auf. Düsseldorf,S70.
22- Wo warst du Adam? Böll, im Bertelsmann Lesering, Buch Nr.291,Köln S173.
23- Wo warst du Adam? S139.
24- Wo warst du Adam? S129.
25- Wo warst du Adam? S143.
26- Wo warst du Adam? S197.
27- Der Angriff, Böll, Bibliothek des 20.Jahrhunderts, Erzählungen, Herausgegeben von Jens und Ranicki, Stuttgart, München, S25.
28- Auch Kinder sind Zivilisten, Böll, Werke B1, K&W, Köln 1977, S54.
29- Der Geschmack des Brot, Böll, Aufbau Verlag, Berli-Weimar1990, S187.
30- Die blasse Anne, Böll, Werke B2, Kiepenheuer und Witsch Verlag, Köln 1977, 1.Auf, S224.
31- Mein Onkel Fred, Heinrich Böll, Werke B1, K& W Verlag, Köln 1977, Auf.1, S457.
32- Mein Teueres Bein, Heinrich Böll, Werke B.1, K&W Verlag, Köln 1977 1.AulageS49.
33- Die Schwarzen Schafe, Böll, Werke B2, Auf.1,K&W Verlag, Köln1977, S299.
34- Mein trauriges Gesicht, Böll, Bibliothek des 20Jahrhunderts, Erzählungen,Herausgegeben von Jens und Ranicki, Stuttgart, München, S216.
35- Nicht nur zur Weihnachtszeit, Heinrich Böll, dtv Verlag, 2. Auflage, München 1992, S60.

# ڕێبواری عیشق و ئازادی

## (دیدارێک لەگەڵ شیعر و داهێنانی هێمن)

ئەکرەمی میهرداد
(سلێمانی)

ڕێکەوت و قــەدەر وای خــواست لە دایک بوون و مـەرگی هێـمن بکەوێتە بەهارەوە، ژیانی ئەویش بەهار ئاسا پڕبوو لە جوانی و داهێنان و عـەشق و فرەیی. ئەو هەرچەندە تاڵی و ناخۆشی و بێ ئومێدی بەشێکی زۆری ژیانی داگیر کردبوو، بەڵام هەروەکو بەهار پڕ بوو لە ژیان و خــەبات و بەرەنگاری. لە بـەهار و لە ڕۆژی ١٧ی نیسـانی ساڵی ١٩٨٦ و بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر شاعیر و تێکۆشەری کورد هێمنی موکریانی بۆ دوایین جار چاوی لێک ناو ماڵئاوایی لە وڵاتە جوانەکەی، ڕۆڵە و خێـزان و باوانەکەی، لە دنیـای شیـعراوی عـەشق و ئازادی و جـوانیش کـرد. هەرچەندە خـۆی لە پێشـەکی دیوانی (تاریک و ڕوون) و (لە کـوێوە بۆ کـوێ؟)دا دەڵێ: شاعـیـری هیچ قـازانجێکی بۆ من نەبووبێ ئەو قـازانجـەی هەبووە کـە ئەو ناوە دوورودرێژەی (سـەید موحەممەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری) لە کۆڵ کردوومەتەوە(١)، بەڵام ئێستا و دوای بیست و پێنج ساڵ لە مەرگی ئەو، دەبێ ئەوە بڵێین، کە هێمن سەرچاوە و زەمینەیەکی فراوانی لە شیعر و پەخشانی کوردی باڵا بەهای بۆ ئێـمە بەجێ هێشـتـووە کـە دەتوانین وەکـو شـانازییـەکی گـەورە لە مـێـژووی نووسین و ئەدەبیـاتی کوردیدا چاوی لێ بکەین.

هەرچەندە ئەو بێجگە لە شیعر، لە پەخشان نووسیندا دەسـتـی باڵای هەبووە و لەم بوارەشـدا دوو نووسـەری گەورەی کورد گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن و پەخشانی هێمن لە شیعری ئەو بەجوانتر و سەرکەوتووتر دەزانن، ئەوانیش هەژار موکریانی و محەمەدی مەلا کەریمن.

هەر بەم بۆنەیەوە محەمەدی مەلا کەریم بەم جۆرە باسی پەخشانی هێمن دەکات: "حەز دەکەم ئەوەی چەند جار بە هێـمن خـۆیم وتووە، بە ئێـوەش بڵێم.لە ناو ئەوانەدا کە پەخـشــان و شـیـعـریش دەنووسن و من هەردوو جـۆرە بەرهەمەکەیانم خوێندۆتەوە، لە عەرەبیدا نزار قەبانی و لە کوردا هێمن، من پەخشانیانم لە شیعریان لا دڵگیرترە. ئاواتم ئەوە بوو کـاری سـەرەکی هێـمن پەخـشـان نووسین بوایە لە جیاتی شیعر وتن. ڕەنگ بێ هێمن خۆی هێشتا بایەخی پەخشانی خۆی بە تەواوی نەزانێ... ئەگەر وایە دەسا با بە چاوی مشتەری پێشەکی (تاریک و ڕوون)ـەکـەی خـۆی، پێـشـەکـیـیـەکـەی بۆ(تحـفـة المظفـرية) و سەرەتاکەی بۆ (قەڵای دمدم)ـە کەی عـەرەبی شـەمۆ کە مـەلا شـوکـور هێناویەتە سـەر دیالێکتی لای خـۆمـان، بخوێنینەوە" (٢)، بەڵام لەم نووسینەدا تەنیا باسی شیعر و کاریگەری و داهێنانی شیعر لەلای هێمن بۆ خوێنەران و لە یادی بیـست و پێنج سـاڵەی مـەرگی ئەو مـرۆڤـە



هێمن

مەزنەدا باس و شیکردنەوە دەکەین.

### مەیدانەکانی شیعری هێمن و ڕوانگەی شاعیریی ئەو

بەبڕوای من یەکێک لە کاریگەرییە فراوانەکانی ئەو لە شیعر و ئەدەبدا ئەوەیە، کە هێمن ویژدانی ولات و نەتەوەکەیەتی. شیعری هێمن لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان و نیشتمانەکەیدا ئامادەیە و لایەنەکانی خەبات و بەرخۆدان، شکست و نائومێدی، عەشق و جوانی و ئازادی، دابڕان و ئاوارەیی و دیلێتی، تەنانەت وێناکردنی لایەنە دزێو و ناشیرینەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە چەوسانەوە، زوڵمی ناوخۆیی، خیانەت و چاوچنۆکی نەریتی کە بەرۆکی ولاتیان گرتووە لە شیعری (هێمن)دا دیار و ئاشکرا و نەخشێنراوە. ئەو توانیویەتی بە هەموو پەیڤەکان، وێنا و ماناکان ویژدانی کۆمەڵگایەک بێت، کە وەک زۆربەی ولاتانی دیکە، مانا جوان و دزێوەکان، ڕووە سادە و ئاڵۆزەکان، لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان تێیاندا شەپۆلان دەدەن.

چاکترین شێوە بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە کە هێمن ویژدانی ولات و میللەتەکەیەتی، ئەوەیە کە یەک بەیەک مەیدانەکانی شیعری هێمن، یان وەک دەڵێن بابەتەکانی شیعری ئەو بەیان بکەین:

١- ناسین و ناساندنی نیشتمان و سروشتی کوردستان، بەشێکی بەرچاو لە شیعری هێمن ناسین و ناساندنی سروشتی ولاتەکەیەتی، وەک پەیڕەوکردنێک لە ڕێبازی ناتورالیزم (سروشت پەروەری) و گەورەبوون لەگەڵ سروشت و تێکەلاو بوون دەبێتە تایبەتمەندی شیعری هێمن بۆ وێناکردنی سروشت.

شیعرەکانی بەهاری لادێ، بەهاری کوردستان، شەنگەبێری، فریشتەی پەڕیوە، بلوێری شوان ئەو پەیڤ و تابلۆ جوانانەی سروشت پەروەری هێمن نیشان دەدەن کە هاوکات زمانێکی سروشتی و بنیادی کوردیش لە ستایش و وەسفی ئەو سروشتەدا بەکاردەهێنێ. وەک پابەندبوون و پەیڕەوی هێمن بۆ وەگەڕخستنی زمانێکی تایبەت بە شیعری کوردی و دوورکەوتنەوە لە زاراوە و وشەی فارسی و عەرەبی، کە پێش گۆران و هێمن لە شیعری کوردیدا بیوونە دیاردەیەک لە دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا، هێمن لە وێنای سروشتی کوردستان و بە بەکارهێنانی زمانی سروشتی، ناسنامەیەک بۆ ناسینی سروشت و نیشتمان دادەهێنێ و دەوڵەمەندی دەکات.

٢- زۆر لێکراویی نەتەوەی کورد و مافی خوراوی کوردستان، خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان، بەلام نیشان نەدانی هیچ ناکۆکی و دژایەتییەک لە بەرانبەر هیچ لە نەتەوە و میللەتەکانی دیکە، ئەگەرچی ئەوکاتەی کە هێمن دەستی بە شیعر کرد، واتە سالانی دەیەی بیستی سالی هەتاوی و سالانی دەیەی چلی سالی زایینی، لە کوردستانی باشووردا چەند دەیەیەک لە شیعری نیشتمانی و باسی زۆر لێکراوی نەتەوەی کورد تێپەڕیبوو، بەلام ئەم کارە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی بن دەستی ئێران کارێکی زۆر نوێ بوو، هەربۆیە هێمن لەو بوارەشدا لە ولاتی خۆی بە داهێنەر دادەنرێ.

هەرچەندە هێمن بە شاعیری نەتەوەیی و نەتەوەخواز و تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیەک دادەنرێ، بەلام نەک ناکۆک و دژی هیچ نەتەوەیەکی دیکە شیعری نەنووسیوە، تەنانەت لەبەرانبەر نەتەوەی سەردەستی فارسیش تاکە دێڕێک پەیدا نابێت لەشیعری ئەو، هەروەها ئەو شاعیرە پێشڕەوە لە داکۆکی کردن لە مافی

مـرۆڤ و ئازادی و یەکـسـانی بۆ نەتەوەکـانی دیکەش درێغی نەکـردووە و لەم بوارەدا خـۆی زۆر جـوان و مرۆڤدۆستانە دەڵێ:

**شیوەنی من، شینی کوردی بێکەسە**
**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە**
**شینی من، شیوەنی ئینسانییە**
**بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە (٣)**

٣- لایەنی چینایەتی و داکـۆکی کـردن لە پەراوێز و چەوساوەکانی ناو کـۆمـەڵگای کوردسـتـان، هەرچەندە هێمن بۆ خۆی لە خێزانی دەوڵەمەند و پایەدار لە دایک بووە و هەر لەوێشـدا گـەورە بووە، هەرچەندە هێـمن لە سەردەمی کـۆمـاری کوردسـتـان لە مـەهاباد، لە باڵاترین ئۆرگانی ئەو کۆمارەدا کە (هەیئەی رەئیسـەی میللی)، ئەندام بووە، بەڵام هەمـیـشـە ئەو لەخـەمی هەژاران و چەوساوەکانی ناو میللەتەکەی خۆیشی بووە و بەردەوام لە دژی زاڵمان و چەوسێنەران خەبات و شیعری بەرهەم هێناوە.

شـیعرەکـانی (دەیلێـم و بێ باکم) و (ئارەق و تێن) و (خـاوەنی زێڕ) و (سـووری دەوران) ئەو نموونانەن کـە هێمن لە دژی دەسەڵاتدارانی چینایەتی (دەرەبەگ، میر و سەرمایەداران) دەجەنگێ و داوای ماف و دادپەروەری بۆ هەژاران و ستەمدیدەکان دەکات.

٤- ڕاسـتگۆیی و هونەروەری لە دەربڕینی لایەنی خودیی و گوزارشکردن لە هەستی شاعیرێتی و تەنیایی خۆی، ئەگەرچی هێمن بەسروشتی خۆی پیاوێکی دڵتەڕ و جـوانپـەرست و خـەباتکار و دادخـواز بووە، بەڵام هەندێک جار و لە دەورانە جیاوازەکانی تەمەنیدا هەست بەتەنیایی و نائومێدی، تەنانەت وڕە بەردانیش دەکات و زۆر ڕاسـتگۆیانە و بەبێ (درۆ و بانگەشـەی نوخـبـەیی هەندێک لە ڕووناکـبـیـران) ئەو هەست و ڕەوشـە واقیعییەی خۆی لەبەرگێکی زۆر پڕ سۆز و ڕۆمانتیکی بەیان دەکـات و تابلۆ و وێناکـانی هێـمن لەم بوارەدا لە بەرزترین و هەستیارترین پلەی شاعیریدا جێگای خۆیان دەگرن.

(فرمێسکی گەش، گریانی نیوەشەو، ئارەزووی فڕین، ناسۆری تەشەنا، تووڕەیی و سازی ناساز) لە جوانترین و باڵاترین نەخشـاندنی ئەو شـیـعـرانەن کـە بەڕاسـتی لە مـێـژووی شـاعـیـرێتی خودیدا، ئەو بەڵگە ناوازانەن کە مـێـژووی ئەدەب و شـیـعـری کـوردی دەڕازێننەوە. من لەم بوارەدا پێـویـسـتم بە شـیکردنەوەی ئەو شـیـعرانە نییـە، بەڵکو هەوڵ دەدەم چەند بەیتێک لەو شیعرانە وەکو خۆی بڵێـمـەوە و خـوێنەرانیش زۆر دەمـێکە ئاشنان بەو پەیڤـە جـوانانە و بوونەتە وێردی سـەرزمـانی ڕووناکـبـیـران و هونەرمەندان:

**خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە**
**بۆیە ڕۆژ و شەو وەها گرتوومە نێو باوەشم**
**نایەڵێ دوژمن بەڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ**
**تادەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم.**
**(فرمێسکی گەش).**

**ئێستا بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم**
**من کە ڕۆژێ ئەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم**
**تەشەنا بۆتەوە ناسۆری دەروونم دیسان**
**زامی کۆنە و بەمەی کۆنی دەبێ مەرهەم کەم**
**(ناسۆری تەشەنا).**

بەڵام پەیدابوونەوەی ئومێد و ڕۆشن بوونەوەی ئاسـۆی خەبات و تێڕوانینی گـەشی خودی شاعـیـریش دەبێـتـە هاوڕێی ئەم دیدە سیاسی و گشتییە.

**خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن کەم**
**کێ لە ڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ، شەم نەبێ**
**(ئاواتی بەرز).**

٥- زۆر کەس هێمن بە شاعیری جوانی و باسی جوانی ئافـرەت و عـەشق و دڵداری دەناسن، بێ گـومـان ئەمـانە ناهەقییان نییە. لەم بوارەدا شیعری هێمن هێندە زۆر و جوانن کە دەبنە ناسنامەی شاعیریی ئەو. شاعیر لەوپەڕی هەسـتـیـاریدا جـوان پەروەر و عـەشق پەرست و دڵدار و کاریگەر بووە، کە تەمەنی پیریش نەک ئەو هەستەی کەم نەکـردۆتەوە، بەڵکو وێنا و جـۆرێکی دیکەی لە بینینی جوانی و تامەزرۆیی دڵداری لە لای ئەو پەیدا کردووە کە تا ئێـسـتـا بوونەتە پەیڤ و تابلۆ جوانەکـانی شـیـعـر و گۆرانی کوردی.

**گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە دیتنت ئەمما**
**لە کورتیدا تەمەن، وادیارە بەو دیدارە ڕاناگا**
**هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی جۆپ**
**ئیتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا**
**(پەیامی ڕانەگەیاندراو).**



**حەمەی مەلا کەریم**

شیعرەکانی کیژی لادێ، بیرم مەکە، پەری شیعر، شەنگەبێری، ئامێزی ژن، جوان پەرستی، ماچی خودایی ئەو نموونە هونەری و پڕ ئاوازانەن کە شیعری کوردی لە وەسفی ژن و ئەڤینی ژندا هەتا ئێستا زیندوو، گەش و پڕ بەهرەن.

٧- بە بڕوای من گرنگترین پەیام و بڵندخوازی شیعری هێمن لەوەدا دەردەکەوێ، کە سەرەڕای بەیانکردنی دیدگای ڕووناکبیری و شاعیری خۆی لە هەموو بوارەکانی کە باسمان کردن، بەڵام ئەو لەوەش زیاتر و فراوانتر دەڕوات و جۆرێک لە بینین و دیدگای ئازاد و سەربەخۆ و سەروەری وا دەنەخشێنێ کە هەتا ئێستا لە شیعر و نووسینی کوردیدا بێ وێنە و بێ هاوتایە. هەتاکو دوا پشوو ڕێبواری عیشق و ئازادیم ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی دیکە.

### زمان و سرووداندنی شیعر لای هێمن

سەرەتای شیعری هێمن کاریگەری شیعری عەرووزی و ئەدەبی فارسی لەسەر بووە و شێوەی وتنی غەزەلیات، قەسیدە و جارجارەش مەسنەوی (دوو بەیتی) لە شیعری ئەودا بەدی دەکرێت. لەلایەکی تریشەوە شیعری شاعیرە ناودارەکانی کورد، وەک نالی کە لەژێر کاریگەری شیعری کلاسیکی فارسیدا بووە و کاری کردۆتە سەر شیعرەکانی هێمن و تا کۆتایی ژیانیشی دەگەڕایەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکییە و هێندێ لە شیعرەکانی سەردەمی دواییدا هەر بەو چەشنە کۆنە گوتراون وەک (ئاواتی بەرز)، (گلێنەی شاعیر).... تاد(٤)، بەڵام لە سەردەمێکی زۆر زوودا و لە ژێر کاریگەری شیعری گۆران، دەست دەکات بە شیعر گوتن بەشێوەی ئەدەبی ڕەسەنی کوردی و کێشی پەنجە و ئاڤێستایی بەکاردەهێنێت، زیاتر لەوە دەچێت بەرەو وتنی بەستەی کوردی بڕوات.

تایبەتمەندی یەکەمی شیعری هێمن دەبێتە سرووداندنی شیعری سادە و پەتی و ڕەوان. شیعرەکانی سەردەمی دووەم، هەم لەلای ئەدیبان و شارەزایان لە شیعر و هەڵسەنگاندنی ئەدەبدا بە نرخ و جوانە و هەم خەڵکی سادە، تەنانەت نەخوێندەواریش لێی تێ دەگەن، بەڵام دەبێت لەبیرمان نەچێت کە هیچ شتێک لەوە کاریگەر تر نییە کە وێنا و مانای جوان و نوێ لە پەیڤ و زمانی سادە و گشتیدا بەیان کرێت. بەکارهێنانی زمان لەلای هێمن لە ئاستی زمانی سروشتی، مێژوویی و بنیادی دایە (٥). ئەم تایبەتمەندییەی زمانی شیعری وتەیەکی گرنگی (داریوشی ئاشووری)م بیر دەهێنێتەوە لەوتاری (ڕاوچی ساتەکان)دا کە لە بارەی شیعری سوهرابی سپێهرییەوە دەنووسێت: "پەیڤی سپێهری بێ ڕتووش و بێ ئارایشە، بەڵام ئەمە لە کاری ئەودا خەوش نییە، بەڵکو مانایەکە بۆ ئیمتیازی شیعری. خۆ دەربازکردن لە ئاڵۆزی و سەختی زمان و وشەکان ڕێژەیەکی ڕاستەوانەیە لەگەڵ ئەو مانایەی کە دەیەوێ بەرهەمی بهێنێ" (٦)

ئاستی دووەم، یان تایبەتمەندی دووەمی زمان و سرووداندنی شیعر ئەوەیە کە لەگەڵ بەکارهێنانی زمانی سادەدا، بەڵام لە ئاستی بەرهەمهێنانی ماهییەت و ناسنامە و ناوەڕۆک و سەربەخۆیی زماندا کارێکی لە ڕادەبەدەری (لەوکاتەی کە هێمن ژیاوە و شیعری وتووە) بۆ زمانی نووسین و شیعر پەیداکردووە، چونکە زمانی سروشت و خۆرسکی ئەو، لەگەڵ ئەو سروشتەی کە وێنای دەکات هاوسازە.

هێمن بەو شێوەیەی کە سروشتێک، یان نیشتمانێک

وەسف دەکات، هەر بەو شێوەیە زمانێک بە کاردەهێنێ کە زمانی ئاشنا و بەکارهێنراو و سازکراوی شیعری هەتا ئەو کاتەی کورد نەبووە، بەڵکو بەهۆی کاری گۆران و پاشان هێمن ئەوکارەی بە ئاکام گەیاندووە.

وێنا و وێنەی شیعری هێمن بە یارمەتی زمانی سادە و مانای مەبەست دەگاتە ئاستێکی بەرز و هونەرمەندانە. بە ڕاستی ئەوەی هێمن لەسەر گۆران دەڵێ، دەربارەی خۆیشی بەزیادەوە ڕاستە: تاکی کەمە لە جوان پەرستیدا، وشە لە دەستیدا وەک مێوە، دڵ تەڕ و خۆش خەیاڵ و ناسک بینە، بە هونەر و شارەزا و وشە ڕەنگینە.

### ئاستەکانی مانا لە شیعری هێمندا

تی. ئێس. ئیلیەت لە بارەی ناساندنی شیعرەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی (شیعر) دەتوانێ شۆڕشێک لە هەستیاریمان بەرپا بکات، یان هۆکارێک بێت بۆ شکاندنی شێوە باوەکانی زانین و بەهادان کە هەمیشە لە ڕەوشی شێوە سازبووندان، هەر بەو پێیەش دەتوانێ ژیان، یان بەشێک لە بوونمان سەر لەنوێ پەیدا بکاتەوە. شیعر بە شێنەیی، یان بە خێرایی دەتوانێ دیسان لە هەستی قووڵمان ئاگادارمان بکاتەوە، ئەو هەستە بێ ناوانەی کە گەوهەری بوونی ئێمە پێک دەهێنن. گەوهەرێک کە زۆر بە دەگمەن دەتوانین بریندار بکەین، یان ڕەخنەی لێ بگرین، چونکە ژیانی ئێمە لە ناچاری پەیوەست بوون، یان پابەند بوون بە جیهانی بەڵگەدار و بینراو ڕزگار دەکات.

ئەم پێناسەیەی ئیلیەت دەڵێیت بە تایبەتی بۆ شیعری هێمن وتراوە، چونکە ئەو لە ئاستەکانی هەستیاری، شکاندنی شێوە باوەکانی زانین و بەهادان، پەیدا کردن، یان سەر لەنوێ ئاواکردنەوەی ژیان، ئاگادارکردنەوەمان لە هەستە قووڵەکان و سەرئەنجام ڕزگارکردنمان لە ژیانی ئاسایی و بینراو، شیعری بۆ ئێمە وتووە و تەواوی شیعرەکانی هێمن (کەموکورتێکی نەبێ). دەتوانن لەم ئاستانەدا لە ژیانی هەتا ئێستا کۆمەک بە ڕزگار بوونمان بکەن(٧).

کاتێک داریوشی ئاشوری لەبارەی سوهرابی سپێهرییەوە دەنووسێت، ناوی وتارەکەی دەنێ بە (ڕاوچی ساتەکان)، بە ڕاستیش لە ناو کورددا هێمن ئەو ڕاوچییەیە کە هەموو ساتەکانی ژیانی تایبەتی خۆی، سروشت، جوانی و عشق و ئازادی، ئومێد و نائومێدی، شۆڕش و شکست لە شیعردا وێنا و مانا کردووە.

ئەگەر ئاستی یەکەمی شیعری هێمن هەستیاری بێت لە دەربڕینی شاعیریدا، بێ گومان ئەو هەستیارییە جۆرێک لە ئاگاداری و هۆشیاریش بەرهەم دەهێنێت، یان لە قۆناغێکدا هاوئاهەنگ دەبێ لەگەڵ ئەو هۆشیارییە: قۆناغ و ئاستی یەکەم لە شیعری هێمن، بێ گومان هەستی شاعیری و هەستیاری ئەوە بۆ ناسینی ناوەڕۆکی شاعیر بوون، کە وەک محەمەدی مەلاکەریم دەڵێت: من لام وایە لە بناغەدا ئەرکی شیعر قسە کردنە لەگەڵ سروشت، لەگەڵ جوانی، لەگەڵ ئافرەت، لەگەڵ دەروون، لەگەڵ هەستی بەرز و خاوێنی مرۆڤایەتی...تاد دەبێ لەم ڕێگایانەوە بۆ بابەتەکانی دیکەی ژیان بچێ و ببێ بە هۆکار و چەکی خەبات (٨). بەم جۆرە ئاستی دووەم و قۆناغی دووەمی شیعری هێمن دەبێتە پەیداکردنی هۆکارێکی هۆشیار و بەرهەمهێنانی ناوەرۆکێکی ئاگاداری بەردەوام لەپاڵ هەستیاری شاعیرانەدا. چەمکەکانی (عەشق)، (جوانی) و (ئازادی) دەبنە ئەو چەمکانە کە بەرهەمهێنەری ژیانێکی هۆشیار و جوان و باڵاترە لە ژیانی ئاسایی و لەم ڕوانگەیەشەوە دیسان ژیان و خودەکانی ناو ژیان بە یارمەتی ئەو ئاستە لە هۆشیاری ئافەرین دەکرێتەوە.

ئاستی سێیەم، لە بەخشینی مانای شاعیریدا، بە یارمەتی هۆشیاری و خودئاگایی و گوشاری ناخود ئاگا (نیازی کەسایەتی خۆی) و ئاواتی ئەو بۆ هیوایەکی دیاریکراو، کەشوهەوایەکی وا پەیدا دەکات کە شاعیر دەخاتە ئاستێکی مۆدێرن و جۆرێک لە دیدگای سیاسی و مێژوویی تایبەت. بۆ ئەم مەبەستە میکاییل هامبۆرگر ڕەخنەکار و لێکۆڵیاری بەناوبانگی ئەمەریکی، کە توانایەکی زۆری لە هەڵسانگاندنی تەواوی شیعری ئەوروپا و ئەمەریکادا هەیە، دەڵێت: خودئاگایی تایبەتی ڕووناکبیران، یان شاعیران و جۆرێک لە هەست و دیدگای مێژوویییە. ئەم نەوەیە (نەوەیەک کە لە هاتنی مۆدێرنیزمدا دەنووسێت) لەباری هۆشمەندییەوە تیژبین، تووڕە و پڕ گومانە، کە نکوڵی لە دین و فەلسەفە و نەریتی باڵادەستی کۆن دەکات، لە هەوڵی ئەوەدایە سیستمی فیکری، یان جۆرێک لە بیروڕای زەینی کە هەمیشە لەدەستڕەسدا بێت، دروست بکات و جۆرێک لە

دیدگـای عـەقـڵانی و سـیـاسی و مـێـژوویی و بنیـاد بنێت(٩).

شاعیری مۆدێرنیست بەرخۆردا نییە لە زەینییەتی مێـژوویی، دڵنیـا و نامـۆیە بەو دیدگا و هۆشیـارییـە سـیـاسی و فـەلسـەفی و مـێـژووییـە کـە لە ژیان و سەردەمی ئەودا باڵادەستـە، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدایە تێبکۆشێ بۆ پەیداکردنی جۆرێکی دیکە لە هۆشیـاری و بەهادان، یان دەیەوێت پەیڕەوی لە سـیـسـتـمـێک بکات کە خۆی بڕوای پێیەتی و هەڵی دەبژێرێ.

لێرە بە دواوە شـاعـیـر (هێـمن) دەگاتـە جۆرێک لە تاکێتی و پەیدا کردنی دیدگا و ئاسۆی تایبەت بەخۆی و لە هەمـان کاتدا لەدەست نەدانی مـەنتیـقی سەرەکی شیعر (لەلای هێمن) جوانی، ئازادی و عەشق.

ئاستی چوارەم، کە دەبێتە گرنگترین ئاستی شیعری هێمن و شاعیرانی مۆدێرنیست و ئاسۆی دەرباز بوون دەبێت لە چنگی لایەن و ڕەهەندەکـانی مـۆدێرنیـزم، ئەوەیە کە چۆن بەرهەمێکی شیعری مەنتیق و هێزی دەروونی و بیروڕای تایبەتی شاعیر (جوانی، عەشق، ئازادی، تاکێتی، گومان...).

لە باڵای بەرهەمێکی خود باوەڕدا نەک تەنیا بەسەر ئەفسانە و درۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕابردوو، ئێـسـتـا و ئاییندەدا زاڵ دەبێ، بەڵکو تەنانەت لە بەرانبـەر نییـەت و پێش داوەرییەکـانی ئایدیۆلۆژیکی خودی شاعـیربشدا ڕادەوەستێ و بەرەنگاری دەکات. "بەرهەمی شیعری تەنیا بە وەفادارمانەوە بە مەنتیقی خودی و ئیستێتیکی دەبێتە یار و هاوڕای حەقیقەت، بەم مانایەش هەموو شیعرێکی باش دەبێتە شیعرێکی سیاسی باش (١٠). هێمن لەو شاعیرە دەگمەنانەیە لە ناو کورددا، کە گەیشتۆتە ئەم ئاستە گرنگەی شیعر نووسین و لە بەرانبەر دیدگای فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی خۆشیـدا دەوەسـتێ و هەتاسەر وەفادار دەمێنێـتـەوە بەرانبـەر بە مـەنـتـیـقی خـودی و دەروونی شـیـعـر و هەڵوێستی سیاسی پێشڕەویش بەرانبەر بە کۆمەڵگا بەرهەمـدەهێنێ. هەر سێ شـیـعـرە بەرزەکـەی هێـمن (ناڵەی جـودایی)، (عـەشق و ئازادی) و (سـازی ناسـاز)، ئەو لووتکە بەرزانەن کـە شـیـعـری هێـمن تێـیـاندا هەمـوو ئاسـتـەکـانی مـانادانیـان تێدا بەدی دەکرێ.

**ئاخرین تیشکی خۆری پاییزم**
**شاعیری پیری تووڕە و زیزم**
**چۆن دەتوانم بە تۆ بڵێم من چیم؟**
**خۆم گومانم هەیە کە هەم یان نیم**

**پەراوێزەکان:**

**١- دیوانی هێمن (١٩٢١-١٩٨٦)، ل ١٧، هەولێر ٢٠٠٣.**

**٢- هێـمن، ناڵەی جـودایی، پێشـەکی م. مـەلا کـەریم بەناوی (دیباجە).**

**٣- شیعری ناڵەی جودایی.**

**٤- بڕوانە پێشـەکی د. عـەبدولڕەحـمـانی قـاسـملو بۆ دیوانی (تاریک و ڕوون) کە بەناوونیشانی (شاعیری گەل) نووسیویەتی. سەرچاوەی ژمارە (١)، ل ٨.**

**٥- بە بڕوای من ئاسـتـەکـانی زمـان و بەتایبـەتیش لە بواری نووسینی ئەدەبی و فیکریدا ئەم ئاستانەن (ماهییەت و ناوەڕۆک، پێـوەندی، جیـاوازی، بنیـاد و سروشتی، تازەکـردنەوەی بنیـاد و گۆڕان لە زماندا، نەزانین و نەتوانین)، بۆ ئەم مەبەستەش وتارێکم بەناوی (دیدگـامـان بۆ ناسـینی زمـان) لە ڕۆژنامـەی ئاسـۆدا نووسیوە.**

**٦- داریوش اشوری، شعر واندیشه، وتاری (صیاد لحظه ها)، نشر مرکز، چاپ سوم، تهران ١٣٨٠، ل ١٣٢.**

**٧- ارغنون (فـصلنامـە فرهنگی، فلسـفی، ادبی) شـمارە ١٤، ١٣٧٧، درباره شعر.**

**٨- هێمن دیوانی ناڵەی جودایی، دیباجە.**

**٩- ارغنون (فـصلنامـە فرهنگی، فلسـفی، ادبی) شـمارە ١٤، درباره شعر.**

**١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

**تێـبـینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕۆژی (١٧ / ٤ / ٢٠١١) لە یادی بیست و پێنج ساڵەی مەرگی (هێمن)ی شاعیر نووسراوە.**

# پێڕستی ئۆتۆماتیکی

محەمەدئەمین شاسەنەم
(بۆکان)

**وشە سەرەکییەکان:**
**پێڕست، ناوەرۆک، ئۆتۆماتیکی، وۆرد**

بەشی پێڕست، یان ناوەرۆک بەشێکی هەرەگرنگی کتێبە کە خوێنەر خێرا بەرەو بابەتەکان ڕێنوێنی دەکات. لە باشووری کوردستان هەندێک دەزگای چاپەمەنی، لە سەرەتای کارەکەیاندا، ئەم بەشەیان (بە هەڵە) لە کۆتایی کتێبدا دادەنا، بەڵام ئێستاکە هاتووەتەوە سەرەتای کتێب و جێی ڕاستەقینەی خۆی.

پێڕست بە دوو شێوە دادەندرێت:

١-شێوەی دەستی.

٢- شێوەی ئۆتۆماتیکی.

شێوەی دەستی، واتە دوای تەواو بوونی کاروباری کتێبەکە، نووسەر خۆی لاپەڕەکان دیاری دەکات و ژمارەکانی دەنووسێت.

خراپی ئەم شێوەیە ئەوەیە کە کاتێک نووسەر بیەوێت نووسراوەکەی خۆی کەم، یان زۆر بکات، ئەم پێڕستە ئیدی بەکار نایە و دەبێت دیسان سەر لەنوێ پێڕستەکەی بنووسێتەوە.

لە شێوەی ئۆتۆماتیکیدا نووسەر تەنیا سەردێڕەکان دیاری دەکات و کاری پێڕست نووسین دەداتە دەست بەرنامەی وۆرد کە خۆی بە شێوەی ئۆتۆماتیکی کارەکە بەڕێوە دەبات و هەر کاتێک نووسەر نەک لاپەڕەیەک، بەڵکو دەیان سەد لاپەڕەی لێ کەم و زیاد بکات، ئەم پێڕستە زۆر بە ئاسانی تازە دەبێتەوە و پێوست بە نووسینەوەی دووبارە ناکات.

**چۆن پێڕستی ئۆتۆماتیکی دابنێین؟**

**بەشی یەکەمی کارەکەمان:**

**١- کارە سەرەتاییەکانی پێش پێڕست دانان**

پێتچن دەبێت لە پێشدا داوا لە نووسەر بکات کە

قەوارەی کتێب و شێوە و قەوارەی فۆنت و ژمارەی دێڕ لە هەر لاپەڕەیەکـدا دیاری بکات. دیارە ئەو کـارە ئەگـەر دواتریش بکرێت، هەر دەبێت، بەڵام بۆچی کەوچکەکە بە دەوری سەرماندا بگێڕین و دوایی بیبەین بۆ دەممان؟

**٢- دیاری کردنی شێواز**

شێـواز واتە شێـوەی نووسرانی سەردێڕ و بابەتەکـان. دیارە فـۆنتی سـەردێڕ لەگـەڵ فـۆنتی دەقی سـەرەکی جیاوازی هەیە و لەو گەورەتر و ڕەشترە.

بۆ ئەوەی دوای تەواو بوونی پیـتچنینی کـتێـبەکـە، بەشی پێڕست بە ساکاری دروست ببێت، دەبێت پیتچن بەر لەوەی دەست بە پیتچنین بکات، بۆ سەردێڕەکان (کە دوایی دەچنە نێو بەشی پێڕسـتـەوە) شێـوازێک دیاری بکات.

**٣- دروست کردنی شێواز**

پیتچن بۆ هەر کتێبێک زیاتر لە دوو شێوازی دەوێت. شێوازی یەکەمی هەر کتێبێک، شێـوازی ئاسایی، یان نۆرماڵە کە دەقی سەرەکی پێ دەنووسرێت. ئەم شێوازە لە وۆرددا دروست کراوە، بەڵام دەبێ پیتچن بە دڵی خۆی و بە پێی دەقی کـتێـبەکـە بیگۆڕێت، کە دواتر شێـوەی گۆڕینەکە باس دەکەم.

بۆ دروست کردنی شێواز، بەم ڕێچکەیەدا بڕۆن:

أ- لە ژێربەشی home، فلیـــشی ژێر change styles لێ بدەن.



ب- لەو کـادرەی کە نیـشـان دەدرێت، قـرتەی لێ بدەن هەتا پەنجەرەی create new style نیشان بدرێ.

**لەم پەنجەرەیەدا ئێمە کارمان بەم چەند شوێنەیە:**

١- بەشی name لەوێدا ناوێک (بە دڵی خۆمان) بۆ شێوازەکەمان دادەنێین.

٢- بەشی formatting: لێـرەدا قـەوارە و جـۆری فـۆنتی سـەردێڕەکـەمـان دیاری دەکـەین. (بۆ نموونە یونیکورد هیوا ١٦)

٣- قـرتەی .format ئێـرە گـرنگتـرین بەشی کارەکەمانە:

بە لێدانی قـرتەی format کـادرێکی دیکە نیـشـان دەدرێت کە لەوێدا ئێمە کارمان بە دوو شوێنە:

١- font (فـۆنت): ئەم قـرتەیە لێ دەدەین هەتا پەنجەرەی فۆنت نیشان بدرێت. لەوێدا ئێمە دیسانەوە قەوارە و جۆری فۆنتەکەمان دیاری دەکەین. لە بەشی complex scripts

٢- بە لێدانی قرتەی پەرەگراف پەنجەرەیەک دێت کە چەند بەشی تێدایە. لە پەرەگرافدا ئێمە دەبێت ڕوونی بکەینەوە کە مەودای سەردێڕەکەمان لەگەڵ دەقی سەرەکی چەندە بێت. ئەم مەودایە بە دڵی نووسەرە.

**شرۆڤەی بەشەکان:**

١- بەشی alignment: لەم بەشەدا تێک ترنجانی دێڕەکـان دیاری دەکـرێت. باشـتـرین شـێـوە justify lowە.

٢ـ بەشی indentation: لێرەدا ڕادەی دوور بوون لە سەرەتا و کۆتایی دێڕەکان لە لاپەڕەکەدا دیاری دەکرێت. (کارمان پێی نییە)

٣- بەشی special: لێـرەدا ڕادەی چوونە ژوورەوەی سەرەتای هەر پەرەگرافێک دیاری دەکرێت. وا باشە نیو سانتیمەتر بێت.

٤- بەشی spacing: لێرەدا مەودای دووربوونی هەر پەرەگرافێک لەسەرەوە، یان خوارەوەی پەرەگرافەکەی دیکە دیاری دەکـرێت. ئەم بەشـە بە دڵی نووسـەر دادەنرێت.

٥- بەشی line spacing: ئێرە مەودای دێڕەکانی هەر پەرەگرافێک نیشان دەدا کە مەودای ١/١، یان ١/١٥ مەودایەکی گونجاوە.

**کۆتایی کار**

دوای ئەم کـارانە دەبینین کـە لە ژێر بەشی homeدا شێـوازێکی نوێ (بەو ناوەی کە خۆمان پێمان داوە) دروست بووە. ئیدی ئێوە بە خێر و من بە سەلامەت.

ئەوە شێـوازەکـەمـان ساز بوو. لە کـاتی پیـتـچنیندا هەرکات پیتچن تووشی سەردێڕ بوو، بە لێدانی ئەم قرتە تازەیە، سەردێڕەکە دروست دەبێت.

تێبینی: دوای نووسینی سەردێڕ، بۆ پیتچنینی دەقی سەرەکی، هەر لەژێر بەشی homeدا قرتەی normal لێ بدەن.

شێوەی گۆڕینی شێوازی ئاسایی، یان نۆرماڵ:

لەژێر بەشی homeدا لەسـەر normal کلیکی ڕاست لێ بدەن. دوایی modify لێ بدەن و هەر بەو شێوانەی سەرێ، ئەم شێوازە بە دڵی نووسەر دابنێن.

**بەشی دووەمی کارەکەمان:**

١- دوای تەواو بوونی پیـتـچنینی کـتێـبەکـە، بچنە

لاپەڕەی پێڕست (ناوەڕۆک) کە لە سەرەتای کتێبدا دادەنرێت (واتە دوای لاپەڕەکانی پێناسەی کتێب).
٢- لە ژێربەشی references، قرتەی table of contents لێ بدەن هەتا پەنجەرەی خوارەوە نیشان بدرێت.




لێرەدا ئێمە کارمان بە بژاردەی insert table of contents جێبەجێ دەبێت.




١- لەوێدا ژمارەی بەشی دیاری کراو دەکەین بە ١. دوایی options لێ دەدەین.




ژمارەی ١ لە بەشی heading دەسڕینەوە و لە بەشی شێوازەکەی خۆمان، ژمارە ١ دەنووسین. دوایی ok. ئۆخەی! ئەوە پێڕست دروست بوو. ئەم پێڕستە ئۆتۆماتیکییە و هەر کاتێک بمانەوێت، دەتوانین زۆر بە ساکاری تازەی بکەینەوە. واتە ئەگەر ڕۆژێک پیتچن تووشی بە تووشی نووسەرێکی وردبینەوە بوو و نووسەر ویستی دەسکاری کتێبەکەی بکات و چەندین لاپەڕەی لێ کەم و زیاد بکات و هەندێک سەردێڕ بسڕێتەوە و هەندێک سەردێڕی تازەی بخاتە سەر، ئیدی پیتچن سەری لێ ناشێوێت و بە کلیک ڕاست کردن لە سەر پێڕستەکە و بە بژاردەی update field دەتوانێت پێڕستەکەی بەڕۆژ بکات.

ئەم بژاردەیە دوو بەشە:
١- update page: تەنیا ژمارەی لاپەڕەکان تازە دەکاتەوە.
٢- update entire table: هەم سەردێڕەکان و هەم ژمارەی لاپەڕەکان تازە دەکاتەوە.

# دەوری ژن لەچەند دەقێکی ئەدەبی زارەکی و نویساریدا

عومەر محەمەدی
(شنۆ)

## دەسپێک

هەست و عاتیفە دوو فاکتەری گرینگی دەروونی مرۆڤن کە لە ژن و پیاودا بە ڕادەیەکی جیاواز، ڕاڤەیەکی چەند جۆرەکی دەخوازن. ئەم جیاوازییانە بەپێی کولتووری جیا و شێوازی ژیانی کۆمەڵ، شی دەکرێنەوە. لە دۆخێکی باش و گونجاودا کە بواری دەربڕینی ڕاوبۆچوون هەیە هەست و عاتیفە چاکتر گەشە دەکا و دەرفەت بۆ خۆیاکردنی نهێنییەکان دەدا. بەپێچەوانەوە ئەگەر دەرفەت بە گەشەکردنی مەیل و خواستەکانی دەروونی نەدرێ، کەسایەتی مرۆڤ تووشی ئاستەنگ و خەسارە دێ کە قەرەبووکردنەوەی بۆ تاک، یان کەس دژوارە. جا ئەم کەسە چ ژن، یان پیاو بێت.

## پوختەی ناوەرۆک

ژن لە ئەدەبی زارەکی، یان بەیت و باودا:

لە کولتووری کوردیدا بەگشتی و ئەدەبی کورد بە تایبەتی، هێمای ژن هێندێ جار لە بەستێنی هۆزوخێڵەکیدا لە جۆری ژن دەسەڵاتی بە ڕەنگێکی پیاوسالار، خۆی دەبینێتەوە، یانی ژن بڕیاردەرە و ئەرکی پیاو ڕادەپەڕێنێ. هەروەک لە بەیتی لاس و خەزاڵ دەردەکەوێ خەزاڵ ژنی دەست ڕۆیشتووی خێڵی مامۆدیانە، سەرپەرشتی هەزار و حەو سەت ماڵە باڵەکی دەکا. کار کە دەگاتە ئەوین و خۆشەویستی، ئەم دەسەڵاتە لە ئەوینیشدا بەرچاوە بە جۆرێ کە لاسەشۆڕی باڵەکە بێ ئیزنی خەزاڵ ناتوانێ تەنگەوپاڵووی زین توند بکا و تەنیا بە فەرمانی خەزاڵ دەتوانێ ئەسپ لینگ بدا و لە چل پلەی عومانێ گوڵی شۆران بۆ یای خەزاڵ بێنێ، ئەگەر وانەکا تووشی تووک و نزای خەزاڵ دێ:



نالی

**یارەبی لاسە شۆڕ هەرۆ و بڕۆسەر نەیەنییەوە دواوە**
**بزانە دەگەڵ ئەو عێل و مەخلووقەی چم لێ قەوماوە**
**هەزارو حەو سەت ماڵە باڵەکیان بەسەر ئەمندا بەجێ ماوە**
**...چی بکەم ئەوەش دەبێتە خەم، ئەمنی بابان وێرانێ**
**پێیان گوتم گوڵی شۆرانێ هەن لە چل پلەی عومانێ**
**چراو لالەت ناوێ سەربەخۆ دایسێ هەتا سبیانێ**

لاس دەڵێ:

**یای خەزاڵ بزانە چۆن کارانت بۆ پێک دێنم**
**یان سەری خۆم دادەنێم یان گوڵی شۆرانێت بۆ دێنم**

"توحفەی مزەفەرییە ل٩١-٩٢-٩٣"

هێندێ جار کە دەوری عـاتیـفـە لە ئەدەبی فـۆلـکلۆردا بەرز دەبێـتـەوە، دیاردەکـانی سروشت، باشـتـرین داڵدەی هەسـتی شایەر و خـۆشخـانـن، دیوەخان ڕێ خـۆشکـەرە بۆ دزە کردنی ویستی شایەر بۆ ناخی نهێنییەکـانی، هەتا بتـوانێ بۆ خـۆ ڕێکخـسـتن لەگـەڵ دۆخی سـانـسـۆری کـۆمـەڵگادا، حـەزەکـانی لەگـەڵ دیاردە سروشـتـییـەکـان تـەریب بدا. لێـرەدا، ژن لە چەشنی هێـمـایـەکی بت و پەیکـەرەیەکی جـوان وێنا دەکـرێ، هەربۆیەش گـەلێ جـار دەکـەوێـتـە بەر وەسـفـی نامـونسـیـفـانەی پیـاو و تایبـەتمەندییـەکـانی ژن بـۆ بن دەسـەڵاتی مـرۆڤ پـەلـکێش دەکرێ:

**ئاغام ئەوە سەدایەکی پایزێم گەیوەتێ**
**خـەڵک دەڵێـن درەنگە، ئەمن دەڵێم نا تازە زووە سـەر لە هەوەڵێ**
**ئەوە دەمدی سوورەگوڵ و سومبڵ و هەڵاڵە و بەیبوون**
**سەریان دێنا دەر لە گڵی، لەخۆڵێ**
**خۆیان ڕادەوەشاند دەگەڵ بارانی پیرەپەڵێ**
**مەمکی نازدارێ بەقەد هەناریکی بوون**
**ئەوساڵ بوونەوە پڕ بە باغەڵێ**
**پار ئەوان مەجالان دەئیجارەی مندا بوون**
**ئەو سـاڵ گـولـەکی دەگـولەمـێـردان پێـیـان دەکـاتەوە گەنگەڵێ** (گەنجی سەربەمۆر ل٢١)

هەر ئـەم تێـکسـتـانـە بەشـێـواز و جـۆرێـکی تر دێنە بەرچاو:

**ژن لە ئەدەبی نووسین، یان نویساردا:**

لە ئەدەبی ڕۆمـانتـیـکی و هەسـتـیـاریدا، وەسـفی ژن لە خـوێندنەوەیەکی ئیـسـتـێـتـیـکی، یان جـوانناسـانەدا، ڕەگـەوماکـەی دەگـەڕێـتەوە بۆ ئەدەبی فـۆلکلۆر، کە لەودا، پێ هەڵاگـوتن بە سـروشت و ژن، دەوری گـرینگی هەبووە کـە دواتر لە ئەدەبی نویسـاری، بە تایبـەت شـیـعـری کـلاسیکی فرە بەرچاوە. "حەبیبەی" نالی و "شیـرین"ی وەفـایی نموونەیەکن لەمـانە کـە لایەنی جـوانیناسـانە و ڕۆمانتـیکی تێدا دیارە. لە ئەدەبی نویسـاریدا، ڕوانین لە ژن و دەوری ئەو لە ژیاندا، بە شـێـوەیەکی مـەنەلۆگ ئاراسـتـە دەکـرێ، یانی مـەنەلۆگی دەروونی لە ئاگـایی و نەستی مرۆڤەوە بۆ نمادێکی سروشتی لە هەمـان کـاتدا بۆ پێکهـێنانی جیـهـانێکی ئارمـانی لەتایبەتمەندییـەکـانی شـیـعـرە، کـە بە شـێـوەی نەسـتـێکی دەروونی لەگـەڵ بەرهەسـتـێکی سـروشتی مـامـەڵەی لەگـەڵ دەکـرێ و بە ئەوین و خۆشەویستی گرێبەست دەبێ. ئەو ئەوینەی کە لە زاتی مـرۆڤـدا چ ژن چ پیـاو هەیە و شـاعـیـر دڵی پێ دەبەخشێ، ئەوینی ژن هەر لەسەرەتاوە خۆ بەدەستەوەدەر و ئاشکرایە، واتا خۆشەویستی تایبەت بە جێگەوپێگەی خـۆیەتی و لە هەناوی نەریتی کـۆمـەڵگە و کـولـتـووردا هەڵدەقـوڵێ. بۆ وێنە کـچی مـەهاباد، کـیـژی لادێ، وتووێژی کچ وکوڕ، ئامێزی ژن و...تاد لە شیعرەکـانی هێـمن-ی موکریانیدا بەرچاوترین شیعری شاعیرن کە

ئەوین و خۆشەویستی وەک دوو ئەکتەری هێمایی و شانۆیی دەوردەگێڕن. هێمن لە شیعری کیژی مەهابادا دەڵێ:

**... ئەوێستا تۆ لەوێ دیلی دەستی بێگانەی و ئەمنیش**
**لە دووری تۆ دەکێشم ڕەنج و دەرد و داخی بێ مرادی**
**زەمانە (هێمن)ی تۆی وێڵی دەشت و چۆڵ و سەحرا کرد**
**فەرامۆشی مەفەرموو جاروبار هەر بکا یادی**

(دیوانی هێمن ل٢٨٠)

یان گرێبەست بوونی ژن لەگەڵ نیشتمانخوازی و ئازادی لە شیعری ئامێزی ژندا:

**بەڵێ سەختە یەک جار سەختە**
**دووری لەژن نامرادی**
**بەڵام لە ژن خۆشەویستتر**
**لای من ئەتۆی ئازادی**

(هەمان سەر چاوە ل٨٣)

یان لە مەڕ ئاکار چاکی و ڕەوشت پیرۆزی کیژی لادێ دەڵێ:

**مایەی هومێدی کیژی چاوهەڵتۆ**
**نازانی مەکر و جامبازی و درۆ**
**چارشێوت نییە ڕووناگری لە کەس**
**نامووسی خۆت پاسەوانە و بەس**

( هەمان سەر چاوە ل٢٨٣)

ئەم چەند دەقەودەقێکی تر لە ڕووی مێژوو و هەڵسوکەوتی کۆمەڵدا جێگەی سەرنجە، ئەو گۆڕانەی کە لە ساڵانی چل و پەنجادا بەسەر کۆمەڵگای کوردیدا هات گۆشەنیگای شیعری لەسەر ژن گۆڕی، ئەم گۆڕانکارییە چ لە ڕووی کولتوور و چ لە ئاستی ڕۆشنبیری جێگەی باسە با لە چەند دەقێکی تر وردبینەوە:

**من تەشی ڕێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆ چییە**
**کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانینم دەوێ (هێمن ل٢٧٢)**

یان لە نەریتدا، بە تایبەت جیاوازی نێوان ژن و پیاو بەرچاوە، کوڕ وەک نێرینە نماد و شتێکی پیرۆز سەیری کراوە و کچیش وەک سینەما و کارەکەر و کۆیلە سەیر دەکرێ، سەرنجێک بۆ ئەم دەقە:

**کچی بەستەزمان دەوری ژیانی**
**سینەمایەکە ئەگەر بزانی**
**کە لە دایک بوو ئاهەنگی نییە**

**ئەڵێن ئای کچە فائیدەی چی یە**
**...پرو پیرێژن دەوری دایکی ئەدەن**
**هەریەک بەجۆرێ دڵخۆشی ئەکەن**
**خەم مەخۆ خوا لەسەر کەرەم بێ**
**کوڕیشت ئەبێ خاترت جەم بێ**
**بۆ ئیشی ناوماڵ بۆ هاتوچۆی دەر**

ئەمیش پێویستە لە جێ کارەکەر(دیوانی قانع ل٣٠٨)

لە تەوەرەیەکی تری باسی ژندا، هێندێ مەیل و خواست لەگەڵ ئیرادە دەکەوێتە دژایەتی و هەستێکی نۆستالۆژیک بەدی دەکرێ، واتە ئەوین بە ڕواڵەت لەبیر دەکرێ، بەڵام شوێنەواری قووڵی خۆشەویستی بۆ هەمیشە لەزەیندا ناسڕێنەوە: ڕەنگە لە ڕێگای ئەویندا هێندێ کۆسپ هەبن کە ئەوین بەربەست بکەن و کێشەیەکی تر بخەنە بەردەم مەیل و خواستی مرۆڤ لە کێشەی ژن، یان پیاودا:

**چۆن بۆم دەکرێ لە بیرت کەم؟**
**چۆن بۆم دەکرێ دڵ گیرت کەم؟**
**چۆن لاپەڕەی پاکی سپی**
**هی ڕابردووی شادی و کپی**
**لوول بدەم و بیشارمەوە**

بەم دڵەی پڕ ئازارمەوە؟" فرمێسک و زام ل١٥"

"بارت" لەبابەت ئەوینەوە دەڵێ: ئەوین نیازە بۆ دڵدار، دەمانەوێ کەسێ هاوارمان ببیسێ، بمانبینێ، دەرکمان کا، ئەوین دەروەست بوونی خۆتە، ناتوانی خۆتی لێ دەربازکەی من لە دۆخی ئەویندا مەحکووم بە هەبوونم و تێیدا دەژیم.

لە چەمکی ئەویندا عەشق و ڕەنج مانای ڕووداو دەخوڵقێنن.هەردی لە شیعری "دوو چەشن دڵداری" و "ست فاتمەدا"جیاوازی چینایەتی لەنێو وردەکارییەکانی شیعردا بە سۆز و عاتیفە دەردەبڕێ لە ئەدەبی ڕۆمانتیکیدا لەم چەشنە ئەوین و خۆشەویستییەدا ژن دەوری سلبی و ئیجابی هەیە:

**ئەم دڵەی، وەک بت پەرەستێ ڕوو ئەکاتە چاوەکەت**
**نوێژئەکا بۆ: تیشکی چاوو زوڵفە تێک ئاڵاوەکەت**
**گەرچی ئەیشێلی بە زەبری قۆندەرە و پێڵاوەکەت**
**قەت بەدڵڕەق باست ناکەم، نایزڕێنم : ناوەکەت**
**چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەکەت**
**مەستی کردووی، بۆیە نابینێ لە عاستم، چاوەکەت**



وەفایی

**...ئەو گوڵی بۆ مێزی بادە و پۆکەر و یاری ئەوێ**
**واتە: تۆی بۆ تێپەڕینی کاتی بێزاری ئەوێ**
**من، گوڵم بۆ: تۆوی باخی ژین و دڵداری ئەوێ**
**یانی من، تۆم بۆ: ئەوینی عومری یەک جاری ئەوێ**
**تۆم ئەوێ وەک گوڵ لە باخی ماڵی مندا هەڵبدەی**
**نەک گوڵی سەر مێزی ئیمڕۆ بیت و پێخوستی سبەی!**

لەشێوازی ریالیزمیدا، رێزلێنان و بەدبینی لە کێشەی ژن و ئەویندا، وەک دوو فاکتی گرینگ جێگەیان هەیە و جێگەی باسن : لەشیعری" دوو چەشن دڵداری"دا ئەوین شتێکی پیرۆزە و تاڕادەی پەرستن جێگەی هەیە، ئەم شێوازە لە ئەدەبی کوردیدا ئەوین یەکانە و تایبەتی دەکا و هەستی جنسی و لایەنی پیاو تاڕادەیەک زەق دەکاتەوە، هەرچەند ئەوین پێوەندی بە مەرامێکی پیرۆزەوە هەیە، بەڵام رەنگە بە چاویلکەی پیاوسالارانەوە تەماشای ئەوین، یان ژن بکرێ " لە شیعری دوو چەشن دڵداریدا مامۆستا هەردی ئەوین وەک شتێکی پیرۆز دەپەرستێ، لەم شیعرەدا" من و ئەو" دوو تەوەرەی سەرەکین کە لە دەورگێڕی ئەویندا دەوری سلبی و ئیجابییان هەیە: پارە، مێزی شەراب، تەلار، گورگ پێخوست، ئاوی لێڵ...تاد لەم چەند دێڕە شیعرەدا، دەوری سلبی دەگێڕن بۆ "ئەو"، یان کەسایەتی بەرانبەری شاعیر. بە پێچەوانە دیاردەکانی وەک تۆوی باخی ژیان، عومری یەکجاری...تاد لەمانەن کە دەوری ئیجابییان بۆ شاعیر هەیە.ئەوەی کە لە رووی ناوەرۆکەوە لەم شیعرەدا گرینگە: ئەو دیاردانەی کە دەوری سلبییان هەیە پتر دێنە بەرچاو. دیاردەیەکی تر کە وەکو سیمبولی باش و خەراپ کەڵکی لێ وەرگیراوە، هێنانەوەی "گوڵە" کە هەم دەوری سلبی هەیە و هەم دەوری ئیجابی، لێرەدا گوڵ مۆتیڤێکی لاوەکییە کە لەگەڵ چەمکی ئەوین، یان مۆتیڤی سەرەکی پێکەوە لکاون و لە پێوەندییەکی هاوبەشدان. هەردوو دەوری سلبی و ئیجابییان لە سکورددایە. (بەواتایەکی تر حەزوخواستی ژن بۆ مەبەستی چێژی ئەوینە لە دەمەقاڵەی نێوان هەژار و ساماندار‌دا لێرەدایە کە هەموو ئەو بایەخمەندییانەی مافی ژن دەکەوێتە بەر شاڵاوی مەترسی ئەگەر بە چاویلکەی پیاوسالارانەوە تەماشای ژن بکرێ) لە ئەدەبی چیرۆکیشدا، کێشەی ژن قووڵتر دەبێتەوە.

## ژن لە ئەدەبی چیرۆکدا

چەمکی ژن لە ئەدەبی چیرۆکیشدا بەرچاوە ئەم چیرۆکانەی کە لە یەکەم ئەزموونی ساڵەکانی چلدا، نووسراون ژن دەوری کەم، یان دەوری نەرێنی زیاترە، بۆ نموونە لە "پێکەنینی گەدا" حەسەنی قزڵجی دا، ژن تەنیا دەوری کابانی ماڵی هەیە کە یان ژنی بەسەرهاتووە وەک: "نە دیداری حاجی و نە خەوی مزگەوت. ل١٣٤) یان دەوری نووشتەچی و بەخت رەشی دەگێڕێ و گەپجاڕی خەڵکە وەک: (نووشتەکەی ئامینەخان) "ل١٠٢"هەمان سەرچاوە.

بەڵام لە دوای ساڵەکانی پەنجادا ژن لە ئەدەبی چیرۆکدا، روانگەیەکی تری هەیە. یانی هۆکارەکانی بن دەستی ژن، دەروونناسانە شی دەکرێنەوە لە مەبەدواوە کێشەی ژن هەر بە تەنیایی نەریت نییە، بەڵکو پێ بەپێی چوونەسەری بواری کۆمەڵایەتی ژن لە ناو کێشەیەکی ئاڵوزتری کۆمەڵایەتیدا خۆی دەبنێتەوە، دیاردەی خۆسووتاندن و هێمای فەرامۆشی لە ژن پێشان دەدرێ. مافی ژن لەنێو ریوایەت گەلێکی پچڕ پچڕدا تەعبیر دەکرێ: رۆمانەکانی باڵندەکانی دەم با، گوڵی شۆران، گرەوی بەختی هەڵاڵەدا، ژن و چارەنووسی ژن بە

جۆرێکی تر ڕیوایەت دەکەن.

لە بەرهەمە ڕۆمانییەکانی عەتا نەهاییدا خاڵێکی گرینگ لەم بابەتەوە دێنە بەرچاو: ئەویش گۆڕانکاری لە ناوەرۆکی عیشق لە کولتوورەوە بۆ دنیای سەردەمە. بە واتایەکی تر ڕاگواستنی ئەوین لە شاخەوە بۆ شارچارەنووسی ژن دیاری دەکا. بۆ نموونە ڕەق هەڵاتن و سەرمابردنی برایمۆک لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا دەکرێ وەک ئەو برایمۆکە سەیر بکرێ کە لەسەر عیشقی پەریخان بە دەستووری ئاغاکەی بە چلووی زستانێ دەردەکرێ و لە ناو سەخڵەتی زستاندا گیان دەسپێرێ. ڕەچاوکردنی شێوازێکی هارمۆنی و لێکچوواندنی ڕووداوی عەشق لە بەرهەمەکانی چیرۆکدا، دەتوانین بڵێین گۆڕانکاری و ڕاگواستنی زەینییەتی فۆلکلۆرییە لەسەر عەشق بە شێوەی تەرح و فۆڕمێکی نوێ، فۆڕمێک کە لەودا کێشەی بیرکردنەوەی سوننەت و هزری نوێ دژ وەست دەبن تا ئەو جێگایەی کە شوێنی ڕووداو، ئاسۆی ڕوانین تەماوی دەکا، لەم دەقە سەرەتاییەی ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەدا، "خەنجەر و باڵەخانە"ی ژمارە ١٨ سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن:

"ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە کە خەنجەرێک شاخە و شاخ شارە و شار وڵاتە و وڵات شوێنت بکەوێ تا لێرە لە ستۆکهۆڵم لە گەڕەکی فلەسنبێرگ نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی٧ ژمارە ١٨ لە سنگت بچەقێ..."

## دەسکەوت و ئەنجامی وتار

لە کۆی ئەم وتارەدا بەو ئەنجامە دەگەین کە سیمای ژن بە گشتی لە ئەدەبی کوردیدا، وەسفێکە بە دوو شێوە باسی لێوەکراوە: یەکەم: ئەو وەسفانەی بۆ مەبەستی پاوانخوازی پیاوانە و لەم پێناوەدا گەلێ ڕووداوی نەخوازراوی لێکەوتۆتەوە و مافی ژن پێخوست بووە.

دووەم: ئەو وەسفانەی کە لەودا ژن بۆتە قوربانی نەریت، یانی ئەو جێگە و پێگەیەی کە دەبوا پێی بگا، نەگەییوە.


**سەرچاوە:**

**١- توحفەی مزەفەرییە، ئۆسکارمان، ساغکردنەوە و ڕێنووسی کوردی، مامۆستا هێمن، سەیدیان ١٣٦٤.**

**٢- گەنجی سەربەمۆر، ئەحمەد بەحری، چاپی سەردەم ٢٠٠٠.**

**٣- دیوانی هێمنی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٣.**

**٤- پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە، کوردستان ٢٠٠٦.**

**٥- دیوانی قانع، کۆکراو و سەرپەرشتی بورهان قانع.**

**٦- پێکەنینی گەدا، حەسەن قزڵجی ئینتشاراتی، ڕەهرەو، چاپی سێیەم ١٣٧٦.**

**٧- ساختار و تأویل متن، بابک احمدی، تهران، نشر مرکز ١٣٨٠.**

**٨- ڕازی تەنیایی - ئەحمەد هەردی ( ئەحمەد حەسەن عەزیز) سلێمانی - ١٩٩١.**

# فەلسەفەی لائۆتسە و کۆنفشیۆس

لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

**بەرایی**

«لایبنیتس» فەیلەسووفی ناوازەی سەدەی حەڤدەم، ئەو مافەی هەبوو کە لە ساڵی ١٦٩٧ی زایینی بۆ چارەسەرکردنی لەناوچوویی و دارماوی ئاکاری ئەوروپا تیشک بخاتە سەر ئەم وتە کە دەبێ تیروانین لەمەڕ فەلسەفە و حیکمەتی چینی بێتە ئاراوە. لە واقیعدا ئەم هزرڤانە بەم پەیڤە ئاماژە بە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ دەدات کە ئەم جۆر ئەندێشەگەلە وەک دالدەیەکی سەرەکی لە ژیانی فیکری و کۆمەلایەتی مرۆڤ بۆ هەمیشە ڕەچاو بکرێت کە دیارە لە هەر شوێنگە و ژینگەیەک ڕۆلێکی کارا دەبینن و (لایبنیتس) لەبەر ئەم مەسەلەیە بوو کە فەلسەفەی کلاسیک و کۆنینەی چینی خستۆتە نێو خانەی ئەم گوتەزایەوە.

سەردەمی ڕۆشنگەری ئەوروپا بەم حیکمەتە ئەخلاقییە کە یەکەم ئامانجی ڕێکخستن و دامەزراندنی سیستمێکی ڕامیاری و پەروەردەیی هەبوو و لە هیند و چین بیچمێکی ڕەسەنی بە خۆوە گرتبوو، هۆگرییەکی سەیروسەمەرەی پەیدا کردبوو و دەیویست بە شوناس و بەرجەستە کردنەوەی لە پێناو ئەم ئاکارە لەواقیعدا، جەماوەری ڕۆژئاوا خۆیان پێناسە بکەنەوە و مانایەکی نوێ بۆ ژیانە تاک و کۆمەلایەتییەکەیان تەرخان بکەن، بەلام ئاخۆ ئەم زانستە ئاکارییە وەک فەلسەفەی «بودا» لەگەل باسە سەرەکییەکانی ژیانی ڕاستەقینە پێوەندیدارە، یان نا؟ بەلێ، ئەم فەلسەفەیە بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر باسە مرۆڤایەتییەکان دەخاتە گەڕ و چارەسەریان دەکات. بە چەشنێکی دیکە، فەلسەفەی چین و هیند، لە ڕیزی ئەو فەلسەفە تاک و تەرایەن کە زۆرترین کاتی خۆیان بۆ دابین کردنی باسە مرۆڤایەتییەکان و ئاستەنگ و گیروگرفتەکانی ئەم پرسە زەوت کردووە، بەلام جیاوازی



**لایینیتس**

تایبەت لە نێوان ئەم دوو ڕوانینە مەعریفی و ئەخلاقییە لە یەک مەسەلەی زۆر سەرەکی هەڵدەقوڵێت. فەلسەفەی چین ڕەنگ و بۆنی ئایینی بە خۆوە نەگرتووە، ئەگەرچی ئاوێتەی ئایین بووە، بەڵام حیکمەتی هیند هیچ جۆرە پێوەندییەکی لەگەڵ چەمکە ئایینییەکان تێیدا ڕەچاو نەکراوە.

هەر وا کە ئاماژەمان پێدا لە وڵاتێکی وەک چین، تێڕوانین لە مرۆڤ و تەواوی ئەو باسگەلە کە لە بەستێنی ئەم گیانلەبەرەیە، وەک پێوەرێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم زانستە مرۆڤخوازە. هەر بۆ ئەوەیە کە فەیلەسووفە چینییەکان بە تەواوی ئاوڕیان لە ئاکار و ڕواڵەتی ئەم چەمکە داوە و پتر پشتیان بە بیرۆکەی ئاکار ئەستوورە و زۆرتر جۆرە باسوخواستێ دەخەنەگەڕ کە بە مرۆڤ نزیکن.

وڵاتی چین لە سەردەمی کلاسیک، ئەگەرچی بیرمەندی فرە زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام دوو کەس لەم کەڵە بیرمەندانە پتر جێگای مشتومڕ بوون و تا ئێستا هەر لێکۆڵەرێک ویستوویەتی لەمەڕ فەلسەفەی کۆنی چین وەختی بۆ زەوت کات، زۆرتر ئاوڕی لە ئەندێشەگەلی دوو بیرمەندی مەزن بەناو (لائۆتسە) و (کۆنفشیۆس) داوە و لە بیروبۆچوونەکانی ئەم دوو کەسایەتییە وردبووەتەوە، چونکە بە جۆرێک ئەم دوو هزرڤانە وەک مامۆستای بیرمەندانی دوای خۆیانیش دەژمێردرێن.

بەر لە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ئەندێشە و بیروبڕوای (لائۆتسە) و (کۆنفشیۆس) پێویستە گۆشە چاوێ لە بیرمەندێکی ناوازەی دیکەی ئەم وڵاتە واتە(تێنگ شی) بخشێنین، ئەگەرچی لەم خاوەن هزرە دەقێک بەجێ نەماوە و داڵغە و ئەندێشەکانی تەنیا لە ڕێی زارەکییەوە بۆ نەوەکانی دی ماوەتەوە، بەڵام مینا مامۆستایەکی ئاکاری لە مێژووی حیکمەتی کلاسیکی چین هەمیشە لەبەر چاوبووە. لە نێوان کۆنترین فەیلەسووفە ئەخلاقییەکانی چین ناوی(مامۆستا تێنگ شی) وەک سوکراتێکی سۆفستایی دنیای ڕۆژهەڵات ناوزەد کراوە. ئەم کەسایەتییە مەزنە لە هەڕەتی لاوی (کۆنفشیۆس) جۆرە فەلسەفەیەکی سۆفستایی لەسەر کۆڵەکەی ڕێژەیی بوونی حەقیقەت دامەزراند و لە ئەنجام بە هۆی ئەم ئەرکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی چین تاوانبار کرا و ئەویشیان وەک (سوکرات) لەسەر ڕێی دەسەڵاتی خۆیان لابرد.

### لائۆتسە

(لائۆتسە)مامۆستای کۆنەساڵی فەلسەفە و حیکمەتی ئەخلاقی چین، چەند بەرە لە کۆنفشیۆس بە تەمەنتر بوو و لە واقیعدا وەک مامۆستای کۆنفشیۆس دێتەوە. لائۆتسە (فەلسەفەی تائۆ) یان (تەریقەت)ی بنیادنا و تەواوی بەرهەمە نووسراوەکانی وەلاخست و لەو بیروباوەڕەدا بوو کە زانست و زانیاری هەڤیازی نییە، چونکە تاقمێک لە یاخیترین و شەڕگێڕترین خەڵکانی ئەم جیهانە خوێنەوار و پسپۆڕن. ئەم وتە وەبیرهێنەری ئەم شیعرەی حافزی شیرازییە کە دەڵێت:

**(پشت بەستن بە تەقوا و زانست لە تەریقەت گاورییە).**

ئەم خاوەن ڕایە وای بۆ چووە کە بە کار هێنانی (تائۆ) بۆ ڕۆشنبیربوون نییە، بەڵکو بۆ ساکار و نەزان بوونە. لە وڵاتێکی ئایدیال و بێ گیروگرفت، داهێنان بە دەگمەن بەدی دێت، چونکە پتر بە سامانی دەسەڵاتداران زیاد دەکات. لەم وڵاتە، یاساوڕێساکان زۆر بە کەمی بەکاردێن، چونکە بە نیسبەتی ئەم یاسا زۆروزەبەندە، ئەو دز و یاخی و شەڕفرۆشانەی کە بیانەوێت بە سانایی بیشکێنن و بیڕمێنن و لە واقیعدا بێ بایەخی بکەن، زۆرتر دەبن.

لائۆتسە لە بنەڕەتەوە پیاوی ڕەخنەگرتن بووە. پەیڤە پووچ و بێ مانا و نەگونجاوەکان بە داوەری توند و



کۆنفشیۆس

سەختی ئەو هەرەسیان دەهێنا و دەرووخان و لەناو دەچوون. لە شارستانییەتی چاخەکەی وەڕزبوو و خۆی خستبووە ئامێزی پڕ لە ئۆخژنی و هێمنی عیرفان و خواناسی و هزری دەروونییەوە. ئەندێشەی فێرکارانەی لائۆتسە ئامانج و مەبەستی ئەو لە فەلسەفە، هەروەها گەیشتن بە ژیانێکی ژیر و پەتی لە ئەژمار دێ و گەیشتن بەم ئامانجە تەنیا بە هۆشیاری لە درک کردنی مرۆڤ لە (تائۆ) بەدی دێت. ئەم تائۆیە کە (لائۆتسە) لە کاتی خۆی بە (سیستمی سروشت) پێناسەی کردووە، بە ڕواڵەتیش لە پێش ئەو هەر هەبووە، بەڵام یەکەم کەس کە ئەم چەمکەی خستە خانەی هزر و بیرەوە و وەک بنەمای فێرکاری ئاکاری دەیروانی و جۆرە ئەخلاقێکی ڕەواقی لێ بەدی هێنابوو، دیارە تەنیا لائۆتسە بووە.

(لائۆتسە) هێز و تینێکی تایبەتی لە خۆیدا شک دەبرد کە ئاشتی و ئاسایش لە نێوان جەماوەری عەوام داهێنێت. فێرکاری و کارتێکەری ئەخلاقی ئەو جۆرە دڕدۆنگی و بەدگومانییەکی دەگرتەوە کە بانگەشەکردن بۆ گەڕانەوە بەرەو سروشت لە سەرەکیترین و بنچینەییترین ئامانجەکانی ئەو لە ئەژمار دێ و وەک فەلسەفەی (ژان ژاک ڕۆسۆ) دەیویست بە تەواوی مرۆڤ هەمیسان بەرەو دنیای دارستانی و ژیانێکی سانا و خۆڕسکی بگەڕێنێتەوە.

چەند ڕستەیەکی حەکیمانەی لائۆتسە لە کتێبی( تائۆ تێ شینگ):

ئەو تائۆیە کە بێتە سەر زار
تائۆیەکی هەتاهەتایی نییە.
ناوێ کە بێتە سەر زار
ناوێکی هەمیشەیی نییە.
تەنیا ئەو شتە کە ناکرێت ناوێکی بۆ تەرخان کەین،
ڕاستییەکی هەتاهەتاییە.
ڕزگار لە هەر ئاوات و ویستێ،
دەتوانین نهێنی و ڕاز و ڕەمزی ئەم جیهانە درک بکەین.
ئەگەر دیلی ئاواتەکان بین،
تەنیا دەتوانین ڕواڵەتی شتەکان ببینین.
هیچ شتێک لەم جیهانەدا بە قەد ئاو نەرمونیان نییە
ئەگەرچی بۆ تواندنەوەی هەر شتێکی سفتوسۆڵ
هیچ شتێ ناتوانێ بەرگیری لە ئاو بکات.
نەرمونیانی لە سفتوسۆڵی سەرترە و
هێمن و ژیر بوون لە توند و تووڕەیی.
هەمووان ئەمە دەزانن
بەڵام بەدەگمەن ئاوڕی لێدەدەنەوە.
مرۆڤ نەرم و ناسک لە دایک دەبێت و
لە کاتی مەرگ وشک و ڕەق دەبێ
گیا لە کاتی چەکەرەدان، نەرم و ناسکە و
لە کاتی ژاکاوی وشک و ڕەقە،
کەواتە هەر کەسێ کە وشک و ڕەق دەبێ
دیارە لە مردن نزیک بووەتەوە و
هەر کەسێ نەرمونیان بێ
تەژی لە ژیانە.

## مامۆستا کۆنگ، یان کۆنفشیۆس

چین تەنیا وڵاتێکە کە فەیلەسووفێکی سەقامگیر و ئایینزا و بەرز بە زانیاری گەلێکی فرەلایەن و فرەواتان لەمەڕ مرۆڤەوەی بە خۆوە بینیوە. (کۆنگ چۆ) کە قوتابییەکانی ئەم خاوەن ڕایەیان بە (مامۆستا کۆنگ) دەناسی، دوایین ڕۆژانی تەمەنی (لائۆتسە)ی بینیوە. دیدار لەگەڵ ئەم مامۆستا هەرە مەزنە کە لەو کاتە بەڕێوەبەری کتێبخانەی شاهی (لوو) بووە، کارتێکەرییەکی سەیروسەمەرەی لە ژیان و بیروبڕوای (کۆنفشیۆس) قەبلاندووە، ڕەنگە بتوانین بە ڕاشکاوی

بلێین کە نیوەی حیکمەتە ئەخلاقییەکەی (کۆنفشیۆس) بەر لە حیکمەتە سیاسییەکەی، لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی لائۆتسە دابووە.

(مامۆستا کۆنگ) کە لە دەرەوەی وڵاتی چین و لە لایەن جەماوەری ڕۆژئاواوە بە (کۆنفشیۆس) سەرشناس و خاوەن ناوە، تەواوی تەمەنی خۆی لە چین بەسەر بردووەو خۆی بە فێرکاری قوتابیان سەرقاڵ کردووە. بەر لەوەی کە ئەم فێرکاری و ڕاهێنانە لە گۆڕەپانی بەرینی حیکمەتی کار و کردەیی (عملی) ڕاڤە دەکرێت، بە جۆرێک پشتی بە حیکمەتێکی هزریش ئەستوورە. (کۆنفشیۆس) بە (سوکراتی) چین ناونراوە، ئەمە بەتایبەت لەبەر ئەوەیە کە فەلسەفەی (کۆنفشیۆس) پتر لە هەر شتێک ئاوڕی لە مرۆڤ و ئەخلاقی مرۆڤ دەداتەوە و کاری بە لاهووت نییە. ئەم فەیلەسووفە لە ڕوودەمەکەی دەپرسێت :

«تۆ کە لە ژیان تێناگەی و هیچت پێ نییە، ئەی چۆن دەتەوێ لە مەرگ تێبگەی!؟»

مەنتیقی هزری ئەم مامۆستایە لەسەر ئەم کۆڵەکە سەقامگیرە کە مرۆ بزانێت چ شتگەلێک دەتوانێت لە ڕیزی زانست بژمێرێ و چ شتگەلێک ناچنە نێو خانەی زانستەوە. ئامانجی حیکمەتی کۆنفشیۆس ئەمە بوو کە لە ڕێی پەروەردەکردن و فێرکاری نەفس، مرۆڤێکی ڕەسەن و ژیر بەرهەم بێنێت. شتێک کە بە پێچەوانەی «پیاوەمەزن»ی (نیتشە) شۆڕشێک دژ بە ئەخلاقی مرۆڤایەتی نییە.

یەکێک لە چالاکی گەلی کۆنفشیۆس وتە و پێشنیارە سیاسییەکانی ئەو بۆ تاقمێک لە پاشا و دەسەڵاتدارانی قەڵەمڕەوی چین بووە. ئەم بیرمەندە بەم کارە هەرە گرینگە وەک ئامانجی بناغەیی و ترۆپکی هیوای خۆی ناوی لێ بردووە، چونکە لە ڕووی زانستەوە، ئیمانی بوو کە ئەم کارە بۆ بەختەوەری و پێشکەوتوویی میللەتی چین، تەنانەت تەواوی میللەتانی سەر زەوی ئەرکێکی گرینگە و دەبێتە هۆی پاکی و تەندروستی ئەخلاقی جەماوەر و پاشاکان، هەتا لە درندەیی و ناپاکی خۆیان بپارێزن. کۆنفشیۆس لە هەموو کوێ لایەنگری لە هێز و دەسەڵاتی یاسای حکوومەتی کردووە و لەو لاوە دژ بە تەواوی دیکتاتۆرەکان و خۆبەزل زانینی پاشاکان بوو، تەنانەت وەک فەیلەسووفانی هیند، مافی پاشایەتی و دەسەڵاتی هەمیشەیی بۆ پاشاکانی نەدەزانی، بەڵکو ئەمەی دانابوو بۆ ڕەزامەندی جەماوەر لەو پاشایە. کۆنفشیۆس لەمەڕ ئەم مەسەلە ئاوای گوتووە:

«کەسێک دەسەڵاتدار و پاشایە کە خەڵک بە باشی و لێهاتوویی ناوزەدی کردبێت و کەسێ کە دەسەڵاتی نامێنێت دیارە خەڵک پەسەندی نەکردووە. حکوومەتی ساڵح، ژیر و ڕەسەن سێ ئامانجی خۆڕسکی بۆ دابین کراوە کە یەکەمیان ئابوورەمەنی شایانە. دووەم سوپا و ئەرتەشی بە هێز و دەسەڵات و سێیەمیش بەدەسهێنانی ڕاپەرمانی جەماوەر. ئەمە سێ لایەنی حکوومەتێکی باش و شایستە لەگەڵ پاشایەکی شایستەترە».

دیارە ئەم پەیڤانە زۆر بە ڕاشکاوی ڕوانگە و هەڵوێستە ڕامیارییەکەی کۆنفشیۆس دەخاتە ڕوو. کۆنفشیۆس دین و ئایینێکی تایبەت بەو مانا ڕاستەقینەی وشە بەرهەم نەهێناوە و هەر بۆ ئەمەیە ناشێ ئەم خاوەن ڕایە لە ڕیزی پێغەمبەرە ئاسمانییەکان دانێین، چونکە ئەم ئایینگەلە بەتەواوی دەستوور و یاساوڕێسای تایبەتی خۆیان بۆ ژیانی مرۆڤ و تاوان و سزای ناسووت و لاهووت لەگەڵە، بەڵام فێرکاری کۆنفشیۆس شتێکی لەم بوارەی پێ نییە، هەرچەند هەموو بیرمەندان لەسەر ئەم هەڵوێستە سوورن کە کۆنفشیۆس لەواقیعدا بنیادنەری ئایین و مەزهەبی حکوومەتی چینە. کۆنفشیۆس زۆر بە ڕاشکاوی لەمەڕ خۆیەوە ئاوای گوتووە:

«لە پازدە ساڵیدا خوازیاری زانست بووم،
لە سی ساڵیدا تەواو پتەوم لێدەرهاتبوو،
لە چل ساڵیدا هیچ گومانم لە دڵ نەمابوو،
لە پەنجا ساڵیدا بەسەر هەموو نهێنییەکانی ئەم جیهانەدا زاڵ بووم،
لە شەست ساڵیدا گوێم کرابووەوە،
لە حەفتا ساڵیدا توانیم شوێن پێداویستییەکانی دڵی خۆم کەوم، بێ ئەوەی هەنگاوێکی زیاتر هەڵێنم.»

**ژێدەر:**

**«کنفوسیوس و لائوتسه»، دو وی مینگ، استریک من و رینولز، ترجمه شیخ زین الدین، تهران، مروارید ١٣٨٤.**

# ڕەهەندەکانی فەلسەفەی زانستی کەلام

لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

**پەیدابوون و گەشەکردن**

- کێشـەیەکی ئاڵۆز کە یەکلایی کردنەوەی سـووک و ئاسان نییە و هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی نووسەری ئەو بابەتە دەبێـتـەوە لە سێ پرسـیـاری ئاڵۆز پێکهـاتووە دەربارەی دەستپێک و دەرکەوتنی ئەو زانستەی بە کەلام ناسراوە:

ناوەکـەی لە چیـیـەوە هاتووە؟ ئایا ئەو بابەتە بەلای ئاییندایە؟ یان بەشـێکە لەو بابەتەی کـە دواتر ناوی «فـەلسـەفـەی ئیـسـلامی» بەسـەردا سەپێنراوە و عـەرەبە نەتەوەپەرستەکانیش بە فەلسەفەی عەرەبی! ناوی دەبەن؟

لە وەڵامی ئەو پرسـیـارانەدا توێژەران لە سێ سەنگەر و بەرەی لە بەرانبـەر بە یەکـتریدا وەسـتـاون. هەریەکـەیان کـۆشـاوە پشت ئەسـتـوور بە قـەباڵە و بەڵگەو بۆچوونی خـۆی لە ڕوانگەیەکی پێـشـیـانە دیاریکراوەوە بە مەبەستێکی پێشوەختیانە بڕیار لەسەر دراو ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە. سێ هۆکـارەکەش: (ئایینی، سیـاسی، فەلسەفە) بوون، بەتایبەتی دوای وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو هەلومەرجە بدات کە زانستی کـەلام تێـیـدا پەیدابووە و گـەشـەی کـردووە، ئینجـا ناوەرۆکـەکـەی، بە تایبـەتی ئەو بابەتانەی کـردوونی بە کەرەسەی توێژینەوە لەبەرچاو بگرێ، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ناکرێ تاکە هۆکارێک بە تەنیا فاکتەری پەیدابوونی ئەو بابەتە بـووبێ، بۆیە وا پێـویسـت دەکـات ئەو هەلومـەرجە بەگشتی تاووتو بکرێت بۆ ئەوەی ئەوەندەی لەکردن دێت، بابەتەکە ڕوون بکرێتەوە. ئەو هەلومـەرجە لەو بەشانە پێکهاتووە:

**یەکەم:** ئایینی ئیـسـلام خـۆی، بە تایبـەتی هەردووک سەرچاوە سەرەکییەکەی قورئان و حەدیسی سەحیح.



ئەسکەندەری مەکدۆنی

**دووەم:** ڕەوشی ئیسلام دوای کۆچی دوایی ڕابەرەکەی، بە تایبەتی:

١- هەڵبژاردنی خەلیفەکان و کوژرانی عوسمانی کوڕی عەفان (سێیەم خەلیفەی ئیسلام)، ئینجا ئەو جەنگەی لەنێوان لایەنگیرانی عەلی ئەبی تاڵبی خەلیفەی چوارەم و لایەنگیرانی معاویە بەرپا بووە، ئەنجامەکەی بە کوژرانی عەلی و دابەش بوونی ئایینی ئیسلام بە سوننە و شیعە کۆتایی هاتووە.

٢- بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، ئیتر بە خۆشی بووبێ، یان بە تۆبزی و شمشێر، لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب (وڵاتی شانشینی ئێستای سعوودیە) دوو دیاردەی سەرەکی لێکەوتۆتەوە بە تەواوەتی کاری ئاڕێ-ناڕێ یان لە ئایینەکە و بنجوبناوان و دۆگم و ڕێوشوێنەکانی کردووە:

- ئایینی ئیسلام لەو هەلومەرجەدا لە ئایینی و بڕواوە بووە بە ئامرازی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئەمەش گۆڕانی گەورەی بەسەر ناوەڕۆک و ڕوخساردا هێناوە. دوور نییە لێرەدا ڕەخنەیەک لەو قسەیە بگیرێ و بگوترێ، ئایینەکە ئەوەی مەبەست نەبووە، بەڵکو بە تۆبزی ئەوەی پێ کراوە و ناچار کراوە بۆ سوود و قازانجی سیاسی کەسانی دیاریکراو بەکاربهێنرێ! بە باوەڕی من ئەو فاکت و بەڵگانەی لەبەردەستدان ئەو ڕەخنەیە کاڵ دەکەنەوە. لە کاتی خۆیدا قسە لەو بارەیەوە دەکەین.

- بە سەدان هەزار کەس کە عەرەب نەبوون، ئیتر بە خۆشی بووبێ، یان بە ناچاریی، ئایینی ئیسلامیان پەسند کردووە و بوون بە موسڵمان. ئەو کەسانە پێشتر ئایینی تایبەتی و کولتووری خۆیانی جیاواز لە ئایینی ئیسلامی لە دوورگەی عەرەبەوە هاتوویان هەبووە. کەسێک بە درێژایی ژیانی زەردەشتی، مەسیحی، یان جوولەکە بووبێ و لەناکاو ئایینەکەی بگۆڕێ و ببێ بە موسڵمان وا بە سووک و ئاسانی دەستبەرداری ڕێوشوێنی ئایینی پێشووی و دابونەریتە کۆنەکەی نابێ. ئەو ڕەوشە نوێیە چی دەگەیەنێ و چی لێ دەکەوێتەوە؟ لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین.

**سێیەم:** بزووتنەوەی وەرگێڕان بۆسەر زمانی عەرەبی بەگشتی و وەرگێڕانی فەلسەفە و کولتووری یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەبی بە تایبەتی .

ئەو بزووتنەوەیە بوو بە مایەی دروستکردنی کولتوور و شارستانیەتێک کە لەسەرانسەری جیهاندا ڕێزی لێ گیراوە و بەڕاستی پڕ بە پێستی خۆی بووە کە ناوی قۆناغی زێڕینی لێ نراوە، بە تایبەتی سەردەمی حوکمڕانی عەباسی کە لە مەنسوورەوە دەستی پێ کردووە، ئینجا خانەی بەناوبانگی کولتووری و فەلسەفەیی «ئەلحیکمە» دامەزراوە و بووە بە مەڵبەندێکی گرینگی تیشک پژێنی سەردەمی خۆی و دواتر.

## هۆکارەکانی پەیدابوونی زانستی کەلام

**یەکەم:** هۆکاری ئایینی: هاتنی ئایینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەب، ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندی و سروشتێکی ئاسمانی - ترانسندێنتالی بەخۆی بەخشیوە و سنووری نەتەوەیی بەزاندووە و پێی لەسەر باوەڕ و عەقیدە و ئیمان داگرتووە، بەڵام لە سێ بواری کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەلسەفەییدا تایبەتمەندییەکی دنیایی- عەرەبی پێ براوە:

- حەوت - هەشت خێڵی کۆچەری (لەنێو خۆیاندا ناتەبایی) عەرەبی کردووە بە میللەت و (نەتەوەیەکی) گەورەی جیهان و بە هەزار کیلۆمەتر لە خاکی وڵاتانی

میللەتانی تریان کەوتۆتە ژێر دەست هەر لە باکووری ئەفەریقاوە تاوەکو عیراق. زمانی عەرەبیش لەلای خۆیەوە، لە زمانێکی ناوچەییەوە بوو بە زمانی کولتوور و فەلسەفە و لە سەرانسەری جیهاندا دان پێدانراوو بەسەدان ساڵ لەلایەن ڕووناکبیر و هزرمەندانی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە کە ببوون بە موسڵمان بەکارهێنراوە و جوانترین بەرهەمی جۆر بە جۆریان پێ نووسیوە، بێجگە لەمە:

– بە تەواوەتی پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەوسای ئەو دەڤەرەی گۆڕیوە، لەسەرەتاوە ڕێژیم و جۆری ژیان و پێوەندییەکانی بەندە و کۆیلایەتی لەناو بردووە و لە دوایيدا- پاشتر- ڕێژیم و پێوەندی دەرەبەگایەتی دامەزراندووە، کۆمەڵگەی نیمچە دوورگەی عەرەب کە فرە ئایینی جۆر بەجۆر بووە، بە تایبەتی لە یەثرب (مەدینە) و خەیبەردا جوولەکە و مەسیحی هەبوون، گۆڕیوە بە یەک ڕەنگی یەک ئایین.

وەنەبێ ئەو ئایینە نوێیە هەر نیمچە دوورگەی عەرەب (وڵاتی ئێستای سعوودیە)ی کردبێ بە وڵاتی یەک ئایین و شوێنەواری ئایینییەکانی دیکەی سڕیوەتەوە، بەڵکو لە وڵاتێکی پێشکەوتووی خاوەن کولتووری ئەوسای ئێران و سووریادا ئەوەی بە کەڵکی هاتووە و سوودی لێوەرگیراوە کردوویانە بە عەرەبی و ئەوی ماوەتەوە بەناوی (کوفر و گومڕاییەوە) بە یەکجاری سڕیویانەتەوە و لەناویان بردووە! شتێک نەماوە پێی گوترابێ کولتووری میللەتانی تر لە کولتووری عەرەب کە بەهۆی ئایینەکەوە ڕەنگی بۆ ڕێژدراوە، بەولاوە نەبووە.

بە مەبەستی ئەوەی کە هەر دەبێ ڕەگەزی عەرەب باڵادەست و دەست ڕۆیشتوو و کاربەدەست بێت و زمانی عەرەبیش زمانی فەرمی میللەتانی ئیسلام بێت. بڕیارێکی زیرەکانە دراوە: نابێ قورئان وەربگێڕدرێتە سەر هیچ زمانێکی دیکە و هەر دەبێ بەزمانی عەرەبی بخوێنرێ. بەو پێیە ڕۆڵە ڕووناکبیرەکانی میللەتانی تر کە عەرەب نەبوون و بوون بە موسڵمان، ئایینی تایبەتی و کولتووری خۆیانیان هەبووە ناچار بوون دەستبەرداری ئایین و کولتوور و زمانی نەتەوەیی خۆیان ببن و فێری زمانی عەرەبی ببن (لفهم کتاب الله وسنة رسوله)، واتە بۆ ئەوەی لە قورئان و حەدیس تێبگەن! بەو پێیە سەدان ڕووناکبیری فارس و کورد و بەر بەر و ئەفغان و پاکستانی و میللەتانی تر فێری عەرەبی بوون و دەستیان کردووە بە نووسین و توێژینەوە بە زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانە و قورئانیش گوتە (کەلامی) خوایە. ئەو ڕەوشە چ ئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە؟

– قورئان کتێبی سەرەکی ئەو ئایینەیە کە هەر لە سەرەتاوە بە ئیسلام ناوبراوە. گوایە بە سرووش (وەحی) بەهۆی جوبرائیلەوە لەلایەن خواوە بۆ پەیامبەر (پێغەمبەر) محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا هاتۆتە خوارێ. ئەو کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، یان وەک بە زمانی عەرەبی باوە بگوترێ سێ جۆرە ئایەتی تێدایە و ژمارەی سورەتەکانی (١١٤) سورەتە.

– ئایەتی مەکەیی کە لە مەکە هاتوونەتە خوارێ پتر باسی ئۆباڵی ئەستۆ و ئەرکی سەرشانی مرۆڤی موسڵمان دەکەن. ژمارەی ئەو سورەتانە ٨٦ ئایەتن.

– ئایەتی مەدینەیی کە لە شاری مەدینە (یەثروبی جاران) هاتوونەتە خوارێ و ژمارەیان (٢٨) ئایەتە و بەگشتی باسی توانایی و دەستڕۆیشتی کرداری خوا دەکەن.

– بەشی سێیەمی کە لەنێو ئەو دوو جۆرە ئایەتانەدایە، پتر سروشتێکی مێژوویییان هەیە ئەو پەند و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە پێشتر بەسەر میللەتاندا هاتوون.

لە قورئاندا بەشێوە و شێوازێکی تایبەتی، جیاوازتر لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا، لە هەردوو کتێبی ئایینی تەوراتی جوولەکە (موسایی) و ئینجیلی فەلە- مەسیحی (عیسایی) بەتێروتەسەلی، بەڵام کێشە ئامێز و پرسیار وروژێنەر، باسی ئایین کراوە، ڕێوشوێنی ڕێگا دراو و ڕێگا نەدراو (حەڵاڵ و حەرام) و بڕیار و ئەرکی سەرشانی لایەنگیرانی دیار و دەستنیشان کراون(١)، بێجگە لە بڕیارەکانی ناو قورئان کە پتر بەلای لاهووت و بابەتی زانستی کەلامدا دەچن، چەند باتێک بە شێوەیەک کە کێشە بورووژێنێ دەربارەی خود (زات) و خەسڵەتەکانی خوا، کرداری مرۆڤ، چارەنووس و ئۆباڵ کێشان، ژین و مردن و زیندووبوونەوە، بەهەشت و دۆزەخ، ئاسمان و زەوی و گەردوون و باوەڕ و ئیمان باس کراون. بۆ نموونە بۆ پشت ڕاست کردنەوەی کێشەی ئاڵۆزی قەزاو قەدەر و بەش و چارەنووس و ئازادی ئۆباڵ کێشان بە دوو شێوازی جیاواز، بەبێ ئەوەی تەواوەتی یەکلایی بکرێتەوە، بابەتەکە لە قورئاندا تاووتو کراوە.

بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەنێوان توانایی و دەسەڵات و قودرەتی ڕەهای ڕەب و کردار و توانایی سنوورداری



**ئەبوو حامید غەزالی**

مرۆڤ، دەسەڵاتی ڕەب ڕەهایە و بە فەرموودەیەک هەموو شتێک دێتە دی (کن فیکون) جیاوازی کراوە. لە کاتێکدا خوا توانایی زانینی هەموو شتێکی هەیە، لێبووردەیە، غەزەب دەگرێ، لە بەرانبەردا مرۆڤ سنووریکی ڕەنگ بۆڕێژراوی زانینی هەیە و ناتوانێ بیبەزێنێ. ئەو وێنە ڕەنگ ڕێژراوەی لە قورئاندا هاتووە لە ناخی مرۆڤی ئیمانداردا ئەو هەستە بەرپا دەکات ڕەبی داهێنەر (خالق) چەند گەورە و مەزنە لە بەرانبەر مرۆڤی داهێنراوی بەندەی دەسەڵات ڕادەو سنووردار!

ئەو بابەتە کێشە لەسەرانە، شان بە شانی هۆکارەکانی دیکە، بوونەتە مایەی ئەوەی دەست بکرێ بەخوێندن و توێژینەوەی ناوەرۆکی ئایەتەکانی قورئان و ئەنجامەکەش ڕێگا خۆشکردن بووە بۆ دەرکەوتنی ئەو بابەتەی دواتر ناوی زانستی کەلامی لێ نراوە، ئیتر بابەتەکە پاساودان و پشتگیری کردن بووە، یان شرۆڤە کردن و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە، بەتایبەتی کە قورئان و زمانەکەی بە «موعجیزە» دانراوە.

**دووەم:** هۆکاری سیاسی:

- هۆکارێکە لە هۆکارە گرینگەکانی پەیدابوونی زانستی کەلام. لەو هۆکارەدا فاکتەری دەرەکی کاڵ دەبێتەوە و پاکشەکشە دەکات و فاکتەری ناوەکی سەرئاو دەکەوێ، بە تایبەتی ئەو هەلومەرجانەی کە زەمینەی ڕوودانی جەنگی ناوخۆی نێوان سەرکردەی موسڵمانەکان (عەلی و معاویە)ی خۆش کردووە. پەرەسەندن، گەشەکردن، گۆڕان بەو مەبەستەی ئامراز بێ بەرەو ئامانجێک بنەمایەکە لە بنەماکانی بەردەوام بوون و ژین. بوونەوەرێک، دەزگایەک، دامەزراوێک، کۆمەڵگایەک گۆڕانەکەی کە مەبەست و ئامانجی دوور و نزیکی دیار و دەستنیشان دەکات بەڵگەی زیندوویی و کارایییەکەیەتی، بەڵام ئەو گۆڕان و پەرەسەندنە ئەگەر هەڕەمەکی نەبێت و ئەجێندای ڕوون و ئاشکرای هەبێ دوو جۆرە فاکتەر-هۆکار ڕەوتی بەرەو پێش چوونەکەی کارا دەکەن:

یەکێکیان: هێز و توانایی ناوەکی- ناوخۆی- خودی نەزمەکە (پێکهاتەکە) خۆی ڕۆڵی سەرەکی لەو پرۆسەیەدا دەگێڕێ(٢). ئەگەر کۆمەڵگا خۆی لەناو خۆیدا ئامادەیی و توانایی گۆڕانی نەبێ، ئەستەمە لە دەرەوەیدا بتوانرێ شتی بەسەردا بسەپێنرێ. ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبەوە هاتووە هەموو جۆرە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگایەی بەرجەستە کردووە هەر لە کۆچەری (بەدوو) تاوەکو بەند و کۆیلەو...تاد بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی لە وڵاتانی دیکە کە پێشتر شارستانییەت و کولتوور و ئایینی تایبەتی خۆیانیان هەبووە، ئایینەکە ناچار بووە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایانەدا بگونجێ. تارانی فارس شیعەی هەڵبژاردووە. تورکی تۆرانی حەنەفی و کوردی خۆشمان کۆنە پارێزترین مەزهەبی هەڵبژاردووە کە شافعییە. ئەو پرسیارەی لێرەدا بەبیردا دێت ئەوەیە:

ئایا ئەو ئیسلامەی لە مەکە و مەدینەوە هاتووە، هەمان ئیسلامی شیعەی ئێران و شافعی هەولێر و حەنەفی ئەنکەرەیە؟ وەڵامەکەی ئەو گریمانەیە دووپات دەکاتەوە کە هەر پێکهاتە و ڕێکخراوێک، نەزمێک لە خودی خۆیدا لەناوخۆیدا ئەو هێز و توانایییە خودییە (زاتییە)ی هەیە ڕێگا بۆ ئەو گۆڕانە خۆش بکات یان؟ ئەو گۆڕانەی بەسەر ئیسلامدا هاتووە دووخاڵ ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە کە هەردووکیان توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن و هەریەکەش لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە:

١- ئایینەکە خۆی لەخۆیدا توانایی گۆڕان و پەرەسەندنی هەیە و بەرگەی گەشەکردن دەگرێ، ئەگەرچی ئەو گۆڕانە بچووک و هەندەکی و تەنیا لە ڕوخساریشدا بێت دەبێتە مایەی بەردەوام بوونی درێژەپێدانی کارایی و

بوونەکەی.

٢- ئایینەکە خۆی درکی بەو ڕاستییە کردووە کە دەبێ بسازێ و لەگەڵ کۆمەڵگای خەڵکی نوێ کە ئایینەکەیان هەڵبــژاردووە، یان بەســەریاندا ســەپێنراوە بگونجێ و تەبایییەک نیشان بدات و لەگەڵ هەواری تازەدا بێتەوە. ئەو گونجانە دەست هەڵگرتنە لە هەندێک ڕەهەند ئیتر بە گۆڕین بێ، یان چاکسازی، چونکە هیچ شتێک خۆی چۆنە هەمووی بۆ ناچێتە سەر!

کۆمەڵگا لە هەموو جێگاو سەردەمێکدا ئۆرگان و پێکهاتەیەکی کاراو زیندووە، بابەتێک، ئایدیۆلۆژییەک، دابونەریتێک ئەگەر لەگەڵیدا نەگونجێ، وەری ناگرێ و پەسندی ناکات، هیچ هێزێکیش نییە بتوانێ وەک خۆی دەیەوێ لە دەرەوەیدا بەسەریدا (بەسەر کۆمەڵگادا) بسەپێنێ. بوونی مەزهەبی جیاواز لە چوارچێوەی ئایینێکدا دیاردەیەکی ڕاستودروست و تەندروستە، چونکە هەردوو خاڵەکە: کارایی و بەتوانایی ئایینەکە و هێز و سروشت و ئەزموونی بەپێز و جیاوازی سەرکەوتووی گەلان بەرجەستە دەکات.

- ئەوی دیکەیان هێزی دەرەکییە:

ئەگەر لە زۆربەی هەرە زۆری دیاردەکانی ژیان و شارستانییەت و کۆمەڵگادا هەردوو هۆکاری ناوەکی و دەرەکی هاوسەنگ ڕۆڵی بەرانبەریان هەبێت؛ لە جەنگی کاولکاری نێوان عەلی (خەلیفەی چوارەم) و معاویەی ئومەویدا ڕۆڵی هۆکاری دەرەکی تاڕادەیەکی زۆر کاڵ بۆتەوە، پاشەکشەی کردووە و بووە بە لاوەکی! ڕق و کین و بوغز و غەرەزی کۆنی نێوان بەنی هاشم و بەنی ئومەییە کە بە هۆکاری ناوەکی دادەنرێ کارا و دەستبەکار بووە!

بەپێی سەرچاوەکان پەیامبەری ئیسلام لەخێڵی قورەیش بووە. معاویە خزمی خەلیفەی سێیەم (عوسمان) بووە و هەردووکیان سەر بە خێڵی بەنی ئومەییەن «هەر لەسەردەمی جاهیلییەوە ڕکەبەری و ناخۆشی لەنێو ئەو دوو خێڵەدا هەبووە(٣)». بە هاتنی وەحی بۆ محەمەد پەیامبەری ئیسلام قورەیش هاتۆتە پێشەوە و ئەوەندەی تر بەنی ئومەییە لەهەموو کاروبارێکدا پەراوێز خراوە.

کە خەلیفەی سێیەم عوسمان بەو کارەساتە خوێناوییەی سەرچاوەکان باسی دەکەن کوژراوە، عەلی کوڕی ئەبو تالیب کراوە بە خەلیفەی چوارەم. معاویە کە ئەوکاتە والی شام (سوریا) بووە خۆی بە میراتگری عوسمان داناوە و بەنی ئومەییەی بەشایستەی خەلافەت زانیوە. دانی بە خەلیفە بوونی عەلیدا نەناوە. دوای کوشتار و خوێن ڕشتنێکی زۆر تێیدا بەهەزاران سەحابە و شمشێر بەدەستی هەردووک لا کوژراون. بە پیلانێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراو (عەبدولڕەحمان مولجەمی مورادی) لە مزگەوتی کووفە لە کاتی نوێژکردندا بە شمشێر ورگی عەلی (خەلیفەی چوارەمی) دڕیوە. ئیتر معاویە خۆی بە تەنیا ماوەتەوە و دەوڵەتی ئومەوی دامەزراندووە. مەسعوودی لە بەرهەمەکانیدا وا باس دەکات کە معاویە یەکەم شا (مەلیک) بووە لە ئیسلامدا، لە کاتێکدا خەلافەت بەپێی قورئان دەبێ هەڵبژاردن (شوورا) بێت. دوای خۆی کوڕەکەی لە جێگای خۆی کردووە بە خەلیفە.

بەنی ئومییە و شێوازی حوکمڕانی کردنیان بەدەگمەن لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا هاتۆتەوە، بگرە نەگونجاو بووە! ئەوان بەهیچ شێوازێک خواپەرست و ئیماندار نەبوون. ژیان و کرداریان بە تایبەتی لە دەربار و مەڵبەندی حوکمڕانی و ژیانیان پتر بەلای کاروباری دنیاو دوور لە ئایین بووە. دەسەڵاتیان، دەسەڵاتی سیاسی بووە هانی هەستی نەتەوەیی عەرەبیان داوە، هەر لە سەردەمی ئەواندا دەکرێ بگوترێ:

- پرۆسەی بە عەرەب کردن دەستی پێ کردووە. ئەو پرۆسەیە لە هەموو بوارەکانی ژیان و جومگەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا جێبەجێ کراوە، تەنانەت ئەوی عەرەب نەبووایە، کاری پێ نەسپێردراوە، بێجگە لەوەش وا نیشانی عەرەبیان داوە کە دەوڵەتەکەیان دەوڵەتی عەرەب و ئیسلامە هەر کەسێک بە هەر شێوە و شێوازێک دژیان بێ و بەربەرەکانیان بکات دژی عەرەب و ئیسلامە! ئەو دروشمە ئەنجامی ئەوپەڕی ترسناکی لێ کەوتۆتەوە، چونکە هەر کەسێک ئەگەر بەناوی ئایینیشەوە بەربەرەکانی کردبن و هیچ جۆرە سیاسەتێک مەبەستی نەبووبێ، ئەوان هەر بەو ناوەوە بە دوژمنی ئیسلام ناویان بردووە(٤) و بەوپەڕی بێ بەزەیی و دڕندانە خوێنیان ڕشتووە و لەناویان بردووە.

- لەلایەکی دیکەوە، ئەو هەنگاوەی ئومەوییەکان سەرەتای جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت بووە، ئەگەرچی هەر لەژێر پەردەی ئایین و پیرۆزییەکاندا حوکمیان کردووە!

لەو هەلومەرجەدا سێ گرووپ (فیرقە) دەرکەوتوون،

هۆکاری پەیدابوونەکەیان پتر بەلای سیاسەتدا بووە، بە تایبەتی ئەو بابەتەی چ لایەن و کەسێک مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خەلیفە:

– شیعە: ئەمانە لایەنگیری عەلی خەلیفەی چوارەم بوون و بەهیچ جۆرێک دانیان بە ڕەوایەتی (شەرعیەتی) دەسەلاتی ئومەوییەکاندا نەناوە، بگرە بە داگیرکاریان ناوبردوون و تا دوایین سات بەگژ دەسەلاتی بەنوئومەییەدا چوونەوە.

– خاریجییەکان کە بە (شورات)یش ناودەبرێن. بەلای ئەو گرووپەوە، هەردوولا، عەلی و معاویە گومڕان و دەبێ بە چەک (شمشێر و تیر) بەگژیاندا بچنەوە و بەربەرەکانیان بکرێت.

– مورجیئە(٥): ئەوانە سوننە میانڕەوەکان بوون، ئیمان و کرداریان لە یەکتری جیا کردۆتەوە و هەولی پاکانەکردنیان بۆ دەسەلاتی بەنی ئومەیە داوە.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی ئەو سەرچاوانە بدات کە لە کۆنەوە دەربارەی جەنگە خوێناوییەکەی نێوان عەلی و معاویە نووسراون و ڕەهەندەکانی شرۆڤە بکات، دەگاتە ئەنجامێک جیاواز لەوەی تا ئێستا عەرەبەکان بەگشتی و شیعەکان بە تایبەتی گوتوویانە و نووسیویانە: کام لەو دوو لایەنە: بەنی هاشم (عەلی)، یان بەنی ئومەییە شایستەی ئەوەن خەلیفە بن؟

ئەم جەنگە خۆی لەخۆیدا سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتی و خوێن ڕشتن و دووبەرەکی و دابەش بوونەی لێی کەوتۆتەوە، ئەنجامێکی ئاسایی- ناچاریی بووە نەک هۆکار!

– دوای بلاوبوونەوەی ئایینی نوێ جۆرە دابەش بوونێکی چینایەتی تر هەستی پێ کراوە (بەپێی ئەو سەردەمە) دابەش بوونەکە کێشەکەی هەر لە ڕوخساردا، لە چاو پێش ئیسلام، گۆڕیبوو. لە سەرەتادا زۆربەی هەرە زۆری هەژار و نەدار و بەندە و کۆیلەکان ئایینەکەیان پەسند کردووە و موسلمان بوون، بەلام وردە وردە کەسانی تری سەر بە بنەمالە ئەریستۆکراتییەکانی قورەیش ئیش و کارە گرنگەکانیان کەوتۆتە بەردەست. ئەوی هەژار و نەداران چاوەڕێیان کردووە بەو جۆرە نەبووە و تارادەیەک نەهاتۆتەدی. ئەو ڕەوشە دوای مردنی ڕابەری ئیسلام بە تەواوەتی دەرکەوتووە و هەستی پێ کراوە. سەردەمی خەلافەتی عوسمان (خەلیفەی سێیەم) بەلگەی ڕاستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ، تەنانەت هەموو پلەوپایە گرنگەکان لە ولاتانی تری دەرەوەی دوورگەی عەرەب بە دەست کەسانێکەوە بووە لە بەنی ئومەییەی خێڵی عوسمان بوون. داهاتی گەنجینەی موسڵمانان (بیت المال) بە جۆرێک دابەش کراوە بە ئاشکرا جیاوازی تێدا کراوە و بێ دادی پێوە دیار بووە.

– ئەو یاخی بوونانەی هەر لەسەردەمی عوسمانەوە، بگرە دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام، لە دوورگەی عەرەب و یەمەن و لە ولاتانی تری بەموسڵمان کراو، ئەگەرچی تۆمەتی کوفر و گومڕاو (فیتنە و هەڵگەرانەوە)یان دراوەتە پاڵ، پتر شۆڕش بوون بە واتای ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی بوون، جیاوازی خێڵەکی و پلەوپایەی کۆمەلایەتی و ئابووری بێ دادی و نەبوونی یەکسانی بەپێی پێویست هۆکاری هەڵگیرسانیان بوون.

– هەلومەرجی نوێی داگیرکردنی ولاتانی ترکە لە مێژووی ئیسلامدا ناوی (فەتح)ی لێنراوە، هاتنی میللەتانی تر بەخۆشی، یان بە تۆبزی بووبێ بۆ ناو ئیسلام و وەرگرتنی ئایینی نوێ، دەستبەرداربوونیان لەدابونەریت و بۆ ماوەی هەزار ساڵەی ئایینی کۆنیان هەر لەگەڵ خۆیاندا کولتووره جیاوازە هەمەجۆر و فرە ڕەنگییەکەی خۆشیان هێنایە نێو ئایینی ئیسلامەوە. ئایا مرۆڤێک بەدرێژایی ژیانی زەردەشتی، مەسیحی، یان جوولەکە بووبێ و لەمنداڵییەوە بەشیری ئەو ئایینە گۆش کرابێ، ئینجا لەناکاو ببێ بە موسڵمان هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو ئایین و دابونەریتە کۆنەی دەبێ؟ وەلامەکە دیارە چۆنە، ئەو ڕەوشە کە چوارچێوەی بڕواو جوگرافیای ئایینەکەی فراوان کردووە، بۆتە مایەی ئەوەی عەرەبە موسڵمانەکان شارەزای کولتوور و ئایینی کۆنی میللەتانی دیکە بن و ئەوانەی عەرەبیش نەبوون، هەوڵیان داوە زمانی عەرەبی فێربن بۆ تێگەیشتنی ناوەرۆکی قورئان و حەدیس(٦)، ئەو تێگەیشتن و شارەزابوونە لەسەرچاوەکانی ئیسلام و شارەزایی کۆنی خۆیان بوو بە مایەی پەیدابوونی زانستێک کە دواتر بە زانستی کەلام ناوبراوە.

– ئەو تێکەڵ بوونەی نەتەوە جۆربەجۆرەکان لە ڕۆژهەلات لەژێر سێبەری ئایینی نوێدا جۆرە هەستێکی نەتەوەیی لەلای عەرەب دروست کردووە و وروژاندووە. ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە ببن بە کەمایەتی، بۆیە هەر لەسەردەمی بەنی ئومەییەوە هەڵمەتی بە عەرەب کردن

دەستی پێ کردووە، ئەوەش ئەگەر بۆ عەرەب تاڕادەیەک باش بووبێ، جۆرە کاردانەوەیەکی ناڕێ- نێگاتیڤی لێکەوتۆتەوە. ڕاستە ئیسلام لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتووە و قورئانیش بە عەرەبییە، بەڵام ئایەت و حەدیس هەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەبێ بەیەک چاو تەماشای موسڵمان بکرێت بەبێ گوێدانە زمان و نەتەوەکەی، بەڵام لە هەموو مێژووی ئیسلامدا ئەو بنەمایە پەیڕەو نەکراوە. پێشێل کردنی ئەو بنەمایە بە تەواوەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی بەنی ئومەییە (ئومەوییەکاندا) بەدەرکەوتووە. هۆکارێک لەهۆکارەکانی بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ئومەوی، زۆر و جەور و بێ دادی و عەرەب چیەتی بووە. موسڵمانێک عەرەب نەبایە، پێیان گوتووە (موالی) ئەو وشەیە بەئاشکرا بێ ڕێزی پێ کردنە. فارسەکان لەشکری سەرەکی ئەو شۆڕشە بوون کە بوو بە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی.

لەو ڕووداوەوە، ڕووداوی ڕووخانی دەسەڵاتی بەنی ئومەییە و دروست بوونی دەوڵەتی عەباسی چەند خاڵێک سەرنج ڕادەکێشێ:

فارسەکان هاندەری گواستنەوەی پایتەخت بوون لە دیمەشقەوە بۆ بەغدا، بەو بیانووەی دوورخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت لە عەرەب، کەچی بە پێچەوانەوە ئەو هەڵوێستەی فارس ماڵی خۆیان و ماڵی نەتەوەکانی تری کاول کرد بەوەی نەک هەر بەغدا، بەڵکو سەرانسەری عیراق و چەند ناوچەیەکی ئێران بوون بە عەرەب کە پێشتر تاکە عەرەبێکی تێدا نەبووە!

زمانی عەرەبیش لە جاران جێگیرتر بوو لە زمانی قورئان و حەدیسەوە بوو بە زمانی دەوڵەت و ئەدەب و فەلسەفە و کولتوور و شارستانییەت و بزووتنەوەی سەرتاپاگیری وەرگێران بەرپا بوو، لە ئەنجامدا ئەو سەدە و قۆناغ و کولتوورە کەوتەوە کە بەسەردەمی زێڕین ناوبراوە و زمانی عەرەبی و ئەو کولتوورەی بەو زمانە نووسراوە گەیشتۆتە چڵەپۆپەی پێشکەوتن و گەشەکردنی سەردەمی خۆی! بێ گومان لەو هەلومەرجە نوێیەدا، بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وڵاتانی تر و لەنێو نەتەوەی تردا ئایینەکەی کردووە بە ئامرازی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی کردن، کۆمەڵگای نوێ پێویستی بەدەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت و ئامرازی بەڕێوەبردن هەبووە، ئایینەکە ئەو کەلەبەرەی بۆ پڕکردوونەتەوە، بۆیە دەکرێ بگوترێ، وەک ئیسلام کۆمەڵگاکانی گۆڕی، خۆیشی بوو

بە ئامرازی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی کردن، لە بەرانبەر ئەو ڕەوشەدا ئەو پرسیارە کاڵ دەبێتەوە کە بۆچی هەر لەنێو مەزهەبی سوننەدا: شافیعی و حەنەفی و حەنبەلی و مالیکی دەرکەوتوون؟!

خاڵێک لەو خاڵە گرنگانەی کە وەک توێژینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) دەربارەی جەنگی خوێناوی نێوان عەلی و معاویە دەکرێ بگوترێ کە ئەو جەنگە ئەگەر لە ڕووکەش و ڕوخساردا وا بێتە بەرچاو کە شەڕ بووە لەسەر کورسی خەلافەت، ئەوە لە ڕوانگەی فەلسەفەوە ڕەهەندێکی تری هەیە:

ڕەهەندەکە بریتییە لە ڕاکێشان و بردنی ئیسلام بەدوو ئاراستەدا کە دوو کەسایەتی ڕابەرییان کردووە.

- خەلیفەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبی تالیب پیاوێکی ئایینیی لە خواترس، ڕاست و دادپەروەر و دڵسۆزی ئایین و بڕواکەی بووە. هیچ کاتێک سەری بۆ هیچ بتێک شۆڕ نەکردووە! بە هەموو تواناییەوە کۆشاوە پیرۆزی ئایینەکە بپارێزێ کە بابەتێکی ترانسندێنتالی سەروو سروشتی ئاسمانییە و دەبێ بە پەتی و ئەبستراکت بمێنێتەوە و دووربێ لەدەست تێوەردان و گۆڕان و کاریگەریی هەموو فاکتەرێکی دەرەکی. ئەو خەلیفەیە ڕەنگی سنوورێکی جیاکەرەوەی لەنێوان ئایین و کاروباری دنیادا ڕشتووە و بە هیچ جۆرێک دەرفەتی بەزاندنی ئەو سنوورەی نەداوە، بۆیە کەسانێکی ناودار و ناسراو بوون بە نەیار و ڕکەبەر و دوژمنی.

- معاویەی ئەبو سوفیانی ئومەوی بە پێچەوانەی عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە مرۆڤێکی دنیایی سیاسەتمەدار و زرینگ و شارەزا لە کاروباری ژیان و کۆمەڵگای ئەوسای شام. سەرگەرمی دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی و زیندووکردنەوەی شکۆمەندی خێڵی بەنی ئومەییە بووە بۆ ئەو ئامانجە ئەوپەڕی شارەزا و زیرەکانە سوودی لە ئایینی ئیسلام وەرگرتووە و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاری هێناوە. هەر بەناوی ئایینەکەوە و لەژێر پەردەی شەریعەتدا ڕکەبەر و ناحەزانی خۆی بەوپەڕی بێ بەزەییانە لەناو بردووە، تەنانەت معاویە و دەست و پێوەند و کەسوکارەکەی کە لەدوای ئەو بوون بە خەلیفە و کاربەدەست، هێز و توانایی ئیسلامیان لە هێزو توانایی و پاراستنی دەوڵەتەکەیاندا دیوە، بۆیە هەر کەسێک دژی جەور و بێ دادی و بەدکاری و گەندەڵییان جووڵابێتەوە بە کافر و گومڕا تۆمەتباریان کردووە و لەناویان بردووە.

لەسەردەمی حوکمڕانی بەنی ئومەییەدا حوسێنی کوڕی عەلی نەوەی پەیامبەری ئیسلام، سەربڕاوە و سەرەکەیان بردووە بۆ شام بۆ ئەوەی نیشانی خەلیفەی ئومەوی بدەن.

– کەوابوو ئەو دوو سەرکردەیە ڕابەری دوو ئاراستەی لەیەکتری جیاوازیان کردووە، یەکێکیان ئایینی کە ویستوویەتی ژیان و کۆمەڵگا بە جۆرێک بگۆڕێ کە لەگەڵ ئایینەکەدا بێنەوە و خۆشی و کاروباری ژیانی پشتگوێ خستووە و لەو باوەڕەدابووە کە (ماڵ و منداڵ و دنیا) هیچ سوودێکی نییە، پێویستە مرۆڤ تۆبە بکات و لە ڕابردووی پەشیمان بێتەوە و بەدڵ و بەگیان پابەندی بنەماکانی ئایینی ئیسلام بێت بۆ ئەوەی دواڕۆژ ژیانی دوای مردن (قیامەت) بەدەست بهێنێ و بە بەهەشت شادبێ. ئەوی تریان (معاویە) پیاوی دنیایی بووە ویستوویەتی ئایین لە ئاسمانەوە بهێنێتە خوارێ بۆ سەر زەوی و بیکات بە کەرەسە و بابەتێکی دنیایی، بۆیە دەکرێ بوترێ:

مەعاویە یەکەم سەرکردە بووە بە کردەوە ئایینی ئیسلامی گۆڕیوە و ئیسلامی سیاسی و عەلمانییەت (بەواتایەکی تەسکی ئەو سەردەمە) داهێناوە. هەر لەسەردەمی ئەویشدا پارتییە سیاسییە ڕکەبەر و لایەنگیرەکانی پەیدابوون. پیاوی سەردەمێک بووە ئەرکێکی گران و سەختی خستۆتە ئەستۆ، ئەرکی دیاریکردن و ڕشتنی ڕەنگی دواڕۆژی ئایینێک دوای مردنی پەیامبەرەکەی و بەسەرچوونی سەردەمی چوار خەلیفەکە لەبەردەم دووڕیانێکدا بوو هەردەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێ. معاویە هەڵکەوتەی ڕۆژگار و سەردەمی خۆی بووە، ئەگەرچی بە کوشتار و خوێن ڕشتنێکی لە ئەندازە بە دەر بووبێ، بڕیارێکی داوە لەگەڵ ڕەوتی مێژووی پەرەسەندندا هاتۆتەوە! بە دنیایی کردنی ئایینەکە! دوور نییە لێرەدا ڕەخنە بگیرێ و چەند پرسیارێک بکرێت:

ئایینەکە بە وەحی ئاسمانی هاتۆتە خوارێ، چۆن دەکرێ گۆڕانی بەسەردا بێت؟ چ کەس ئەو مافەی هەیە ئەو کارە بکات؟

هەردوو پرسیارەکە پشت بە گریمانەیەک دەبەستن کە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و لەگەڵ پرۆسەی پەرەسەندن و نەسرەوتی بەرەوپێش چوونی ژیان و کۆمەڵگا و مێژوودا ناگونجێ! ئایین ئەبستراکت و پەتی دەکات و سروشتێکی ئاسمانی دەداتە پاڵ ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئایین لە دەستی گۆڕان دوور بگیرێ! چ ئایینێک کە هاتووە وەک خۆی ماوەتەوە و دەستی گۆڕان نەیگەیشتۆتێ؟ لە ئیسلامدا باسی (نەسخ) بوونەوە کراوە، ئەگەر نەسخ بوون گۆڕان نەبێ، دەبێ گۆڕان چی بێ؟ غەزالی حەدیسێک دێنێتەوە بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە دەبێ هەموو سەدەیەک (سەرە سەد ساڵێک) گۆڕان بەسەر کاروباری ئاییندا بهێنرێت. وەحی و ئایین ناکرێ لەو ڕاستییە بەدووربن: گۆڕان سەرمەشقی هەموو شتێکە وا لە ئیمامی شافیعی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: ئەگەر گۆلاوێک ئاوەکەی نەگۆڕێ، ئاوی نەیەتە سەر و ئاوی لەبەر نەڕوات تێک دەچێ و بۆگەن دەبێ! بۆیە ڕاست گوتراوە کە:

«وەحی بەپێی پێویستییەکانی هەڵکەوت گۆڕاوە، شەرع بەپێی گۆڕانی سەردەم و چەرخەکان گۆڕاوە و هەردوو سەرچاوەی سێیەم و چوارەمی شەرع- کۆی ڕایەکان و پێوانە- لەپێناوی گۆڕان لە هەموو سەردەمێکدا دەگۆڕێن.» (٧) هەبوونی گرووپە جۆربەجۆرە ئیسلامییەکان ڕاستییەکن لەجیاوازی ڕەوش و هەلومەرجی ڕۆشنبیری و کولتوورییەوە کەوتوونەتەوە. ڕێبازەکانی کەلامیش کاردانەوە و هەڵوێست دیاریکردن بوون لە بەرانبەر ئەو ڕەوشە هەمەڕەنگییەدا.

هیچ شارەزایەک گومانی لەوە نییە کە سێ کتێب تەوراتی جوولەکە، ئینجیلی مەسیحی و قورئان بە پیرۆز دانراون و دراونەتە پاڵ وەحی، یان فەرموودەی ڕەب- خودان و بەوەحی بۆ هەر سێک پەیامبەر موسا، عیسا، محەمەد هاتوونەتە خوارێ، هەروەها باسی ئەوە دەکرێ کە هەردوو کتێبی جوولەکە و مەسیحی کە فەرموودەی ڕەب بوون، گۆڕاون (نەسخ کراونەتەوە)، ئەگەر ئەمە گۆڕان نەبێ بەسەر وەحی و ئاییندا هاتبێ، ئیتر چ ناوێکی دیکەی لێدەنرێ؟

**سێیەم: بزووتنەوەی وەرگێڕان:**

مەبەست لەو پرۆسە فراوانە سەرتاپاگیرەیە کە بەرێکوپێکی لەسەردەمی عەباسییەکان لە شاری بەغدا دەستی پێ کردووە بۆ وەرگێڕانی کولتووری گەلانی تر بۆ سەر زمانی عەرەبی. بابەتەکان بەگشتی لە زمانی یۆنانی و سریانی و فارسییەوە کراون بە عەرەبی. بۆ ئەو مەبەستە دەزگایەک بەناوی (خانەی حیکمەت) لەشاری بەغدا کە ئەوکاتە پایتەختی دەوڵەتی عەباسی بووە، دامەزراوە. گۆڕانی ئایینی ئیسلام، دوای بڵاوبوونەوەی لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب – شانشینی سعوودەیی

ئێستا- بۆ ئامرازێكی پاڵپشتی بەڕێوەبردنی كاروباری كۆمەڵگا و دەوڵەت میللەتی عەرەبی لە حیجاز هاتووە لە شیعری سەردەمی جاهیلی بەولاوە هیچ كولتوورێكی شارستانی و بەڕێوەبردنی نەبووە، بگرە چەند خێڵ و تیرەیەكی كۆچەر (بەدوو) بوون هەمیشە لە بیاباندا سەرگەرمی گەڕان بوون بەدوای سەرچاوەی ئاو و لەوەڕ بۆ ئاژەڵەكانیان! ئیسلام كردنی بە میللەتێكی تر كە فراوان بێن و وڵاتانی تر داگیر بكەن. ئەو گۆڕانە جۆرییە پێویستی بە كولتووریک هەبووە ئەوان نەیانبووە و میللەتانی تر هەیانبووە. هەر لە یاساوە تاوەكو بەڕێوەبردن و كاروباری دەوڵەت و بابەتی هزر و كولتوور بە هەموو جۆرەكانییەوە! لێرەوە ئاسایی بووە سوود لە تاقیكردنەوەی سەركەوتووی گەلانی پێش خۆیان و وڵاتانی دیكەی خاوەن شارستانییەت و كولتوور وەربگرن. ئەو سوود وەرگرتنەش بە چەند ڕێگایەک دەبێ لە پێش هەموویانەوە وەرگێڕان لەزمانی ئەو كولتوورەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.

بزووتنەوەی وەرگێڕان ڕاستە لە كۆتایی سەردەمی ئومەوی و لە سەرەتای دەسەڵاتی عەباسییەكاندا تاكوتەرا دەستی پێ كردبوو، بەڵام بەپێی سەرچاوەكان پرۆسەكە بەڕێكوپێكی و زانستیانە لەسەردەمی دەسەڵاتی مەئموونندا (٨١٣- ٨٣٣ز) كاراو چالاک بووە، تەنانەت هەر لەو سەردەمەدا خانەی حیكمەت وەک ئەكادیمیەكی زانستییانە وەرگێڕ و هزرمەند و ئەدیب و پیاوی ئایینی و زاناكانی تێدا كۆبوونەتەوە و توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆریان پێشكەش كردووە. بەرهەم و چالاكییەكانی ئەو زۆر و گرینگ بوون. ڕوخسار و سروشتی بزووتنەوەیەكی سەرتاپاگیری كۆمەڵایەتی پێ براوە، ئەو سروشتە دەكرێ لەو خاڵانەدا نیشان بدرێن:

١- بزووتنەوەی وەرگێڕان لە زمانی فارسی و سریانی و یۆنانییەوە بووە بۆ سەر زمانی عەرەبی و لە چەند مەڵبەند و مەكۆیەكدا كراوە. ئەو پرۆسەیە نزیكەی دوو سەد ساڵ بەردەوام بووە گرینگترین بەرهەمەكانی ئەرستۆ و ئەفلاتوون و ئەفلۆتین و كولتووری فارسی و هیندستانی وەرگێڕدراون.

٢- بزووتنەوەیەک بووە دەوڵەت و هزرمەند و پیاوانی ئایینی و تێكڕای پێكهاتە دەست ڕۆیشتووەكانی كۆمەڵگا بەشدارییان تێدا كردووە، ئەو بەشداریكردنەش بەشێوە و شێوازی جۆربەجۆر بووە.

٣- پارە و توانایییەكی دارایی لە سنوور و ئەندازە بەدەر بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەكان تەرخان كراوە(٨). تەنانەت هەندێ سەرچاوە وا باس دەكەن كە وەرگێڕ بە قورسایی بەرهەمە وەرگێڕدراوەكە زێڕ و زیو و دراوی پێ بەخشراوە.

بەو پێیە ئەو وەرگێڕانە پێداویستییەكی گرینگی كۆمەڵگای ئەو سەردەمە بووە كە ڕەهەندی مێژوویی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی و كولتووری و ئایینی هەبووە دەستەبەری بووە، ئەنجامێكی ئەوتۆشی لێكەوتۆتەوە بە تەواوەتی بنەماو ستراكتۆری كولتووری ئەوسای كۆمەڵگای گۆڕیوە.

- لەلایەكی دیكەوە پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب، بەهۆی جەنگی بەردەوامی فارس و یۆنانەكان، ئینجا لەگەڵ بیزەنتییەكان گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر ئەو ناوچەیەدا هاتووە كە ئێستاكە بە ئێران و عیراق و شام و ڕۆژهەڵاتی توركیا ناودەبرێ. كولتوور و فەلسەفەی یۆنانییان تێدا بڵاوبۆتەوە و بە زمانی یۆنانی خوێنراون. كاتێک ئەسكەندەری مەكدۆنی ئێران و عیراق (میزۆپۆتامیا)ی داگیر كردووە گوایە هەرچی كولتووری بە كەڵكی فارس هەبووە بە زەندا ئاڤێستای زەردەشتەوە كردوویە بە یۆنانی و دوای وەرگێڕانەكە كتێب و سەرچاوە فارسییەكانی سووتاندووە و لەناوبردووە بۆ ئەوەی شوێنەواریان نەمێنێ و كەس نەزانی كە ئەو كولتوورە لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی یۆنانی و خەڵک وابزانن ئەو بەرهەمانە خۆیان لە بنەڕەتدا یۆنانین. دوای مردنی ئەسكەندەر لە بابل، چەند مەڵبەندێک ماونەتەوە و فەلسەفەیان تێدا خوێنراوە، وەک: حەران، ڕەها، نوسەیبین و جوندی شابوور.

- هێرشەكەی ئەسكەندەر بۆ سەر وڵاتی فارس و میزۆپۆتامیا (دۆڵی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات) ئایینی زەردەشتی لاواز كردووە و مەسیحییەكان توانیویانە بە سووک و ئاسانی جێگای زەردەشتییەكان بگرنەوە. ئیتر زمانی یۆنانی و سریانی (مەسیحییەكان) بوون بە زمانی خوێندن لەو مەڵبەندانەدا كە پتر زانستی سەردەمی خۆی و فەلسەفە و لاهووت (ئایینی مەسیحیان تێدا خوێنراوە، ڕۆشنبیر و هزرمەند و زاناو پیاوە ئایینییە موسڵمانەكان، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، لە بوونی ئەو مەڵبەندانە شارەزابوون و بۆتە مایەی وتووێژ لەگەڵ ڕابەرەكانیاندا كە مەسیحی بوون،

له ئه‌نجامدا ئه‌و زانستی که‌لامه‌ په‌یدابووه‌ و هانی ئه‌و مه‌سیحی و فارسانه‌ دراوه‌ به‌رهه‌مه‌کان بکه‌ن به‌ عه‌ره‌بی.

له‌و مه‌ڵبه‌ندانه‌دا چه‌ندین وه‌رگێڕی شاره‌زا هه‌بوون که‌ به‌ خوێندن و نووسین چوار زمانیان زانیوه‌: سریانی، یۆنانی، فارسی و عه‌ره‌بی. ئه‌و وه‌رگێڕانه‌ گرینگترین کتێبی فه‌لسه‌فه‌ و پزیشکی و ئه‌ستێره‌ناسی و ئه‌ده‌ب و کولتووری به‌گشتییان کردووه‌ به‌ عه‌ره‌بی و سامانێکی له‌ هه‌ڵسه‌نگاندن و مه‌زه‌نده‌کردن نه‌هاتوویان به‌ عه‌ره‌ب به‌خشیوه‌. له‌ به‌رانبه‌ر ئه‌و مه‌ڵبه‌ندانه‌ی وه‌رگێڕاندا خانه‌ی حیکمه‌ت له‌ به‌غدا مه‌ڵبه‌ندێکی تیشک پژێنی سه‌رده‌می خۆی بووه‌ و له‌نێویدا به‌سه‌دان کتێبی گران به‌ها هه‌بووه‌ و نووسه‌ر و هزرمه‌ند و مامۆستا و پیاوی ئایینی و زانایانی که‌لام و فه‌یله‌سووفه‌کان کاریان تێدا کردووه‌ و سوودیان لێوه‌رگرتووه‌. ئه‌بو حامیدی غه‌زالی که‌ به‌ نه‌ته‌وه‌ فارسی ئه‌فغانستانه‌ له‌وێ به‌ عه‌ره‌بی وانه‌ی گوتۆته‌وه‌ و گرانبه‌هاترین به‌رهه‌می به‌زمانی عه‌ره‌بی تۆمار کردووه‌.

**ئه‌نجام**

ئایینی ئیسلام که‌ له‌ قۆناغ و سه‌رده‌م و جێگایه‌کی دیاریکراودا ده‌رکه‌وتووه‌ و بڵاوبۆته‌وه‌ و جێگیر بووه‌ دیارده‌یه‌ک بووه‌ له‌ دیارده‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان و سروشتێکی ناچاری هه‌بووه‌، هه‌رده‌بوو ده‌ربکه‌وێ و به‌و شێوه‌ و ناوه‌رۆکه‌ی که‌ پێی ده‌رکه‌وتووه‌، چونکه‌ ئه‌رکێکی دیاریکراوی له‌ ئه‌ستۆدا بووه‌، ده‌بوو جێبه‌جێی بکات:

– هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی نه‌زمی به‌ ساڵدا چووی به‌نده‌ و کۆیلایه‌تی و دامه‌زراندن و بنیادنانی نه‌زم و سیستمی فیودالی ده‌ره‌به‌گایه‌تی. ئه‌و ئه‌رکه‌شی سه‌رکه‌وتووانه‌ جێبه‌جێ کردووه‌، به‌ڵام وه‌نه‌بێ توانیبێتی دیارده‌ و ده‌رکه‌وته‌ جێگیره‌کانی ڕابوردووی پێش ئایینه‌که‌ بنه‌بڕ و یه‌کلایی بکاته‌وه‌، بۆیه‌ هه‌ر دوای مردنی ڕابه‌ری ئیسلام ئه‌و کێشانه‌ جارێکی دیکه‌، به‌ڵام به‌ ڕوخساری جیاواز سه‌ر ئاو که‌وتنه‌وه‌ و ناوی هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ (ره‌دده‌) یان لێ نراوه‌.

ئه‌وی پێوه‌ندی به‌ بابه‌تی زانستی که‌لامه‌وه‌ هه‌یه‌ قورئان که‌ سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌کی ئایینه‌که‌یه‌ هه‌ندێک بابه‌تی به‌کراوه‌یی هێشتۆته‌وه‌ و چاره‌سه‌ری نه‌کردوون. بۆ نموونه‌ له‌وێدا باسی دوو ئایه‌ت کراوه‌ (محکمات و متشابهات) خه‌ڵک پرسیویانه‌ ئه‌مانه‌ ڕوون نین و لێیان تێ ناگه‌ین، به‌ڵام وه‌ڵامێکی وایان ده‌ستگیر نه‌بووه‌ بابه‌ته‌که‌یان بۆ ڕوون بکاته‌وه‌. وه‌ڵامه‌که‌ وابووه‌: ئه‌و ئایه‌تانه‌ی تێیان ده‌گه‌ن کاریان پێ بکه‌ن (اعملوا بها) ئه‌وانه‌ش تێیان ناگه‌ن باوه‌ڕیان پێ بهێنن. هه‌مان شت بابه‌تی گیان و خواستی ئازاد ده‌گرێته‌وه‌. ئیتر لێره‌وه‌ پیاوانی ئایینی هه‌ستیان به‌وه‌ کردووه‌ که‌ ده‌بێ ده‌ست به‌ توێژینه‌وه‌ی ئازاد و شرۆڤه‌ کردن (ئیجتیهاد) بکه‌ن. به‌و پێیه‌ زانستی که‌لام ئه‌نجامێکه‌ له‌ سێ هۆکار که‌وتۆته‌وه‌:

– هۆکاری ناوه‌کی قورئان به‌ تایبه‌تی و ئایینه‌که‌ به‌گشتی وا پێویستی کردووه‌ هه‌ندێک بابه‌ت یه‌کلایی بکرێته‌وه‌.

– هۆکاری ده‌ره‌کی که‌ لایه‌نێکی بریتی بووه‌ له‌ بڵاوبوونه‌وه‌ی ئایینی ئیسلام له‌ ده‌ره‌وه‌ی دوورگه‌ی عه‌ره‌ب و هاتنی میلله‌تانی تر بۆ نێو ئیسلام، ئه‌مه‌ش پێوه‌ندی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری فراوانتر کردووه‌. لایه‌که‌ی تری، دوای مردنی ڕابه‌ری ئیسلام ڕێوشوێنێکی دیاریکراو نه‌بوو خه‌ڵکه‌که‌ په‌یڕه‌وی بکات بۆ هه‌ڵبژاردنی جێگر (خه‌لیفه‌). ئه‌و لایه‌نه‌ سیاسییه‌ کوشتار و خوێن ڕشتنێکی سنوور به‌زێنی لێکه‌وته‌وه‌ و له‌ ئه‌نجامدا دوو گرووپی سه‌ره‌کی زانستی که‌لام (شیعه‌ و خاریجییه‌کان) ده‌رکه‌وتن.

– وه‌رگێڕانی فه‌لسه‌فه‌ و زانستی یۆنان و کولتووری فارس و هیندستان و میلله‌تانی دیکه‌ بۆ سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه‌ پرۆسه‌یه‌کی پێشکه‌وتووی شارستانی و کولتووری له‌سه‌رده‌می عه‌باسییه‌کان به‌ زمانی عه‌ره‌بی دروست کرد، پریشکێکی به‌ر ئه‌و زانسته‌ که‌وتووه‌ که‌ دواتر به‌ زانستی که‌لام ناوبراوه‌. ئیتر که‌وابوو:

زانستی که‌لام بابه‌تێکه‌ له‌نێوان ئایین و فه‌لسه‌فه‌دا. له‌وه‌دا شرۆڤه‌ی ئه‌و خاڵانه‌ ده‌کات که‌ له‌ قورئاندا هاتوون و به‌ که‌لامی خوا (گوته‌ی خوا) ناوده‌برێ به‌لای ئایینیدا ده‌چێ و ناوه‌که‌شی له‌و که‌لام (گوته‌یه‌وه‌) وه‌رگیراوه‌. له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ ئه‌و بابه‌تانه‌ی کێشه‌یان له‌سه‌ر بووه‌ کۆشاوه‌ ڕاستی، یان نادروستییه‌که‌یان به‌سه‌لمێنه‌ و به‌ڵگه‌ی ژێر پشت ڕاست بکاته‌وه‌ له‌و لایه‌نه‌دا به‌لای فه‌لسه‌فه‌دا هه‌نگاو ده‌نێ.

وه‌ک له‌ سه‌رچاوه‌ کۆنه‌کاندا هاتووه‌، زانایانی ئایینی له‌ سه‌ره‌تاوه‌ هه‌وڵیان داوه‌ بابه‌ته‌کانی باوه‌ڕ و ئیمان لێک بده‌نه‌وه‌ و ڕوون بکه‌نه‌وه‌ په‌نایان بردۆته‌ به‌ر

ئایەتەکانی قورئان و حەدیس و سوننەت، کاتێک لە بارەی (عەقیدەوە) ناکۆکی و جیاوازی کەوتۆتە نێو بیروبۆچوون و لێکدانەوە و بڕیارەکانیان پەنایان بردۆتە بەر سەلمێنە و بەڵگەی ژیر بەو پێیە لەو هەلوێستەوە زانستی کەلام پەیدابووە. ئەو پەیدا بوونە لەوەوە بووە ئایا کەلامی خوا کۆنە، یان نوێیە؟ خۆ ئەگەر فەیلەسووفەکان ئەو جۆرە هونەر و تەکنیکەی خۆیان بە لۆژیک ناوبردبێ لە بەرانبەر ئەمەدا ئەوان بابەتەکەیان گوتە (کەلام) بووە(٩) کەلام و لۆژیکیش لەیەکەوە نزیکن. ئەگەر مرۆڤ لە ناوەرۆکی ئەو بابەتانە وردبێتەوە کە زانایانی کەلام کردوویانن بە کەرەسەی توێژینەوە، هەر لە خەسڵەت و خود (زات)ی خوا تاوەکو چارەنووس و قەدەر و چاکەکاری و پاداشت و سزا و بەدکاری بۆی دەردەکەوێ کە قسەی سەرچاوە کۆنەکان تەنیا سێ گرووپی موعتەزیلە و ئەشعەرییە و مورجیئە دەگرێتەوە، بەڵام دوو گرووپەکەی دیکە: شیعە و خاریجییەکان (شورات) بەلای سیاسەت و ئیمام و خەلیفە، چوون و هۆکارەکانی پەیدابوونیان سیاسەت بووە نەک ئایین.

**میتودە**

– زانایانی کەلام لە توێژینەوەکانیاندا پەنایان بردۆتە بەر جۆرە میتودەیەک کە لە دوو بەش پێکهاتووە:

١- سەلمێنەی ژیرەکی- کەلامی:

لەو جۆرە وتوویژەدا زانای کەلام قسەی ڕکەبەر و ناحەزانی دەکات بە پێشەکی و لێیەوە هەنگاو دەنێ، قسەکەشی تاووتو دەکات بۆ ئەوەی لەناو قسە- گریمانەکەی ڕکەبەرەکەیدا ناکۆکی و ناتەبایی بدۆزێتەوە و نەگونجاوی و ناتەباییەکەی پشت ڕاست بکاتەوە. ئەو سەلمێنەیە هەوڵ دەدات لە پێشەکییەوە ئەنجامێک بە دەست بهێنێ و ساغی بکاتەوە کە ئەو ئەنجامە بەدەست هاتووە کە لەخۆیدا ناکۆکە و لەگەڵ پێشەکییەکەدا نایەتەوە! ئەو سەلمێنەیە دوو نیشان دەشکێنێ:

– ئەو گریمانە- پێشەکییەی ڕکەبەرەکە ناکۆکە و ناگونجێ(١٠).

– ناچارە دەستبەرداری بیروڕاو بۆچوونەکەی بێ.

ئەگەرچی ئەو بەڵگەیە لەخۆیدا پشت بە بیرکردنەوەی لۆژیکی و ژیر دەبەستێ و بەپێی سەردەمی خۆی و ئەو بابەتەی بۆ داکۆکی کردن لێی بەکارهێنراوە زیرەکی و دەسترەنگینی نیشان دەدات، ئەوە دوو خاڵ هەڵدەگرێ بخرێنە پارسەنگییەوە:

– ئەو بەڵگەیە بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە زانایانی کەلام و پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمە ئاگاداری فەلسەفەی یۆنانی بوون و شتیان لە بارەی دیالۆگ و لۆژیکی ئەو فەلسەفەیەوە زانیوە.

– پرسیارێک دەربارەی بابەتی باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) و ژیر دەوروژێنێ. ئایا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ – دەستیاوی لەنێوان ئیمان و قەناعەت هێنانی ژیرەکیدا هەیە؟ بابەتی باوەڕهێنان و پشت ڕاست کردنەوەی ئەو باوەڕە ئایینییە بە سەلمێنە و بەڵگەی ژیر ئەوە دەگەیەنی کە جیاوازی سنوور بەزێنی نێوان دوو بابەت پشتگوێ بخرێ. عەقیدە و ئیمان و دەقی ئایینی بابەتی دڵ و ناخی دەروونن و ناکرێ لەگەڵ بابەتی ژیردا بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

مرۆڤی ئیماندار بە چاوی دڵ و ناخی دەروون سەرنج دەدات و بڕیاری ژیر بە هەند نازانێ. مرۆڤێکی عیسایی ئیمان و باوەڕی بەوە هەیە کە عیسا (ڕۆڵەی ڕەببە!) هەموو دنیا قسەی بۆ بکات و بەڵگەی ژیریی و لۆژیکی بۆ بهێنرێتەوە تۆزقاڵێک کاری تێ ناکەن! چ کەسێک لە دنیادا پشت ئەستوور بە ژیر ئایین و باوەڕ و عەقیدەکەی خۆی هەڵبژاردووە؟! ئیمان و ژیر تەواوکەری یەکتری نین!

٢- بەشی دووەمی میتودەی توێژینەوەی زانستی کەلام بریتییە لە شرۆڤە کردن و لێکدانەوە کە لە عەرەبیدا وشە و چەمکی (تەئویل)ی بۆ بەکارهێنراوە:

لە قورئاندا ئایەت، چەمک و بابەت هەبوون، ڕوون نەبوون و خەڵک وا بە ئاسانی لێیان تێنەدەگەیشتن، بە تایبەتی ئەو ئایەتانەی بە (موتەشابیهات) ناودەبرێن. لە پەیامبەری ئیسلام پرسیار کراوە گیان (ڕوح) چییە؟ لە قورئاندا وتراوە: بڵێ گیان (من أمر ربی)! زانایانی ئایین ناچار بوون پەنابەرنە بەر شرۆڤەکردن و لێکدانەوە، چونکە ئەو ئایەتانە لە ڕوخسار و ڕواڵەتدا بە جۆرێک هاتوونەتە بەرچاو و گوێ کە لەگەڵ گەوهەر و ناوەرۆکیاندا جیابن، لێرەوە دەبێ ڕوون بکرێنەوە و پەنا بۆ شرۆڤە کردن ببرێ.

بە ئاشکرا لە قورئاندا گوتراوە: هیچ شتێک لە وێنەی خوا نییە (لیس کمثله شیء)، بەڵام لە هەندێک شوێنی دیکەدا گوتراوە خوا بەسەر تەختی عەرش ئارامی گرتووە، خوا لە کەسانی دیکە دەست ڕۆیشتووترە (یدالله فوق أیدیهم)... لێکدانەوەی ئەو جۆرە دەقانە دەرگای

پەیدابوونی زانستی کەلامیان خستۆتە سەر پشت و کەشوهەوایەکی وتوویژ و توێژینەوەی ئازاد و نووسین و لێکۆڵینەوەی دەستەبەر کردووە.

– دوای تەواوبوونی داگیرکردنی وڵات و میللەتانی تر کە بە عەرەبی (غەزاو جیهاد)ی پێ گوتراوە، میللەتی عەرەب بوو بە نەتەوەیەکی دەست ڕۆیشتووی ئەو سەردەمەی جیهان، جۆرە ئارامی و ئاسایش و ئاشتی و هێمنییەک دەستی بەسەر وڵاتانی ئیسلامدا گرتووە کە عەرەب حوکمی کردوون. چەند شار و مەڵبەندی کولتووری و زانست و نیشتەجێ بوون لە وڵاتە داگیرکراوەکان دروست کراون و عەرەبی تێدا نیشتەجێ بوون. شاری بەغداو کوفەو بەسرە و شام و چەندین شاری تر ڕاستی ئەو قسەیە ساغ دەکەنەوە. عەرەب لەو وڵاتە تازە داگیرکراوانەدا ئەوەندە دەوڵەمەند بوون و سامان و داراییەکی لە ژماردن نەهاتوویان دەستگیر بووە، لەوپەڕی خێر و خۆشیدا ژیاون، تەنانەت ساڵی جارێک نەبێ (بۆ حەج) مەکە و مەدینەیان وەبیر نەکەوتۆتەوە. لەو هەلومەرج و کەشوهەوایەدا، بێجگە لە کێشەی ئایینی، لەو وڵاتانە بەهۆی تێکەڵ بوونی عەرەب بە میللەتانی تر، کێشەی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرئاو کەوتوون لە ئەنجامی کۆشش کردن بۆ تاووتو کردنی ئەو کێشە فرە ڕەهەندانەدا پێنج گرووپی سەرەکی کە بە گرووپەکانی زانستی کەلام ناسراون چالاک و دەست بەکاربوون:

١- موعتەزیلە.
٢- خاریجییەکان (شورات).
٣- شیعە.
٤- ئەشعەری.
٥- مورجیئە.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

١- ت. ج. دی بور: تأريخ الفلسفة في الاسلام. ترجمة: د. محمد عبدالهادي أبوريدة. دارالنهضة العربية. بدون تأريخ. ص٦٦ وفي اماكن اخرى.

2- Ignaz Goldzieher: Vorlesungen uber den Islam. Heidelberg. 1910.

ئەو شاکارە کراوە بە عەرەبی:

– أغناتس غولدتسيهر: العقيدة والشريعة في الاسلام. ترجمة محمد يوسف موسى. منشورات الجمل. بيروت– ٢٠٠٩، ص١٩ فما بعد. وفي اماكن متعددة.

٣- أحمد أمين، فجر الاسلام. نوابغ الفكر– القاهره– ٢٠٠٨، ص٢٩٣.

4- Ignaz Goldzieher: Ebenda.

– لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەدا: ل١١٣ و لە چەند شوێنێکی تریشدا.

٥- حسين مروه: النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية. المجلد الاول. دارالفارابي. بيروت ٢٠٠٨، ص٤٨٠.

٦- احمد أمين: فجر الاسلام. ل٢٢٩ و لە چەند شوێنێکی تردا.

٧- حسن حنفي: التراث والتجديد. المؤسسة الجامعية.. بيروت ٢٠٠٢، ص٥٥ وفي اماكن متعددة.

٨- ديمتري غوتاس: الفكر اليوناني والثقافة العربية. ترجمة: د. نقولا زيادة. بيروت ٢٠٠٣، ص٣١ وفي اماكن اخرى ايضا.

٩- الشهرستاني: الملل والنحل. دارالكتب العلمية بيروت ٢٠٠٧، ج١، ص٢٣ وفي اماكن اخرى.

١٠- الدكتور محمد علي أبو ريان: تأريخ الفكر الفلسفي في الاسلام. دار النهضة العربية– بيروت ١٩٧٣، ص١٣٤ فما بعد.

١١- ابن خلدون: المقدمة. دارالشرق العربي بيروت ٢٠٠٤، ص٤١٦.

# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

## کێشەی نێوان حزبی بەعس و یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لەدوا دوای ساڵی ۱۹۷۸دا کەوتبووە نێوان کاربەدەستانی حزبی بەعس و دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتیمان ئاگادار کردەوە و بۆ چارەسەرکردنی سەرۆکی یەکێتیی نووسەران د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لە بەغدا چاوی بە خالید عەبد عوسمان وەزیری هەماهەنگی کردن لەنێوانی حکوومەتی بەغدا و ئۆتۆنۆمی کوردستان کەوت کە بە سەردان چووبووە بەغدا، دەنا بارەگاکەی لە هەولێر بوو، ئەویش پێی گوتبوو هەفتەی دادێ وەرنە هەولێر و لەگەڵ لقەکانی یەکێتیی نووسەران کۆدەبینەوە تا بزانین ئەو کێشەیە چییە و چۆن چارەسەر بکرێت؟

بۆ ئەم کارەش لە مانگی شوباتی ۱۹۷۹دا دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی لەگەڵ دەستەکانی بەڕێوەبردنی لقەکانی هەولێر و سلێمانی لە بارەگای وەزارەتی هەماهەنگی (تەنسیق) لە شاری هەولێر ئامادەبوون و وەزیر لە دوای بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی کاروباری باکوور و ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان عەبدولغەفار سائیغی نارد و ئامادەبوون، هەموویان لە دژی دەستەی بەڕێوەبەر بوون و لەجیاتی کێشەکە چارەسەر بکەن ئاڵۆزتریان کرد، بۆیە من وەک سەرۆکی لق و سەرجەم ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەر لە کۆبوونەوەیەکی خۆماندا وازهێنانی خۆمان لە کارەکەمان ڕاگەیاند، تا دەستەیەکی نوێ بێت و ڕێکخراوی بەعس لە دژی نەبێت.

لە سەرەتای مانگی ئاداری ۱۹۷۹دا دەستەی گشتیی

لقی یەکێتیی کۆکرایەوە و لیستێک بەناوی پاڵێوراوانی ئەندامانی دەستەی هەشتەمی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر خرایە بەردەم دەستەی گشتی و دەنگیان لەسەردرا و بوون بە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری لق و بەم جۆرە کاروباریان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد:

١- خوالێخۆشبوو مەولوود (مەم) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر
٢- خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر جێگری سەرۆک
٣- سەعدوڵڵا پەرۆش سکرتێری بەڕێوەبردن
٤- خوالێخۆشبوو سامی شۆڕش سکرتێری ڕۆشنبیری
٥- جەوهەر کرمانج ژمێریار
٦- فەرید زامدار ئەندام
٧- تەڵعەت سامان ئەندام

یەکەم کاری دەستەی بەڕێوەبەری هەشتەم دانانی بەرنامەی وەرزێکی ڕۆشنبیری بوو، گەلێک کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پتەویان پێشکەش بە جەماوەری ئەدەب دۆست کرد و بەشدارییان لە دووەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە شاری سلێمانی لە ڕۆژانی (٢٩ و ٣٠ی ئاداری ١٩٧٩دا کرد.

## دووەمین میهرەجانی شیعری کوردی لە سلێمانی

بەچاودێری پارێزگاری ئەوسای سلێمانی، یەکێتیی نووسەرانی کورد بە بۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزەوە لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی ئاداری ١٩٧٩دا دووەمین میهرەجانی شیعری کوردی ساز کرد.

لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٩ ئادار میهرەجانەکە لە هۆڵی سەندیکای کرێکارانی سلێمانی کرایەوە. دوای ئەوەی بەڕێوەبەرانی بەرنامەکەی میهرەجان کەمال میراودەلی و ڕەئووف بێگەرد و جیهان عومەر بەخێرهاتنی میوان و بەشداربووانی میهرەجانەکەیان کرد، ئینجا سەرۆکی ئەوسای یەکێتیی نووسەرانی کورد پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ وتاری بەخێرهاتنی بە زمانی کوردی خوێندەوە و دوا بەدوای ئەویش مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم بەعەرەبی وتاری دەستەی بەڕێوەبەری میهرەجانەکەی خوێندەوە، ئینجا لە یەکەم کۆڕی شیعر خوێندنەوەدا ئەم شاعیرانە هۆنراوەکانیان پێشکەش کرد:

١- خورشیدە بابان (سلێمانی)
٢- محەمەد عەلی مەدهۆش (سلێمانی)
٣- سەبری بۆتانی (دهۆک)
٤- کەریم شارەزا (هەولێر)
٥- محەمەد ئەمین پێنجوێنی (سلێمانی)
٦- سەلاح شوان (بەغدا)
٧- تەها مایی (دهۆک)
٨- جەلال بەرزنجی (هەولێر)
٩- میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی (سلێمانی)
١٠- موئەیەد تەیب (دهۆک)
١١- حەسیب قەرەداخی (سلێمانی).

بۆ ڕۆژی دووەم لەکاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی دووەم کۆڕی شیعر خوێندنەوەکە دەستی پێکرد و ئەم شاعیرانە تێیدا بەشدار بوون:

١- ع.ع. شەونم (سلێمانی)
٢- لەتیف هەڵمەت (کەرکووک)
٣- موحسین ڕەشید ئاوارە (هەولێر)
٤- جەوهەر کرمانج (هەولێر)
٥- ئەژی گۆران (سلێمانی)
٦- هاشم کۆچانی (کەرکووک)
٧- حەمە سەعید حەسەن (سلێمانی)
٨- سەگڤان عەبدولحەکیم (دهۆک)
٩- عوسمان شەیدا (سلێمانی)
١٠- ناسر حەفید (سلێمانی)
١١- داری ساری حەیدەر (بەغدا)
١٢- ئەحمەد شوکری (سلێمانی)

سێیەم کۆڕی شیعر خوێندنەوەش لە کاتژمێر چواری سەر لە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٣٠ی ئاداری ١٩٧٩دا بەڕێوە چوو و ئەم شاعیرانەی خوارەوە هۆنراوەکانیان تێدا خوێندەوە:

١- خەلیل محەمەد دهۆکی (دهۆک)
٢- شێرکۆ بێکەس (سلێمانی)
٣- نەژاد عەزیز سورمێ (هەولێر)
٤- کاکەی فەللاح (سلێمانی)
٥- حەمەدەمین کاردۆخی (سلێمانی)
٦- سەعدوڵڵا پەرۆش (هەولێر)
٧- ع. ح. ب (سلێمانی)
٨- محەمەد بەدری (بەغدا)
٩- هەڤاڵ کوێستانی (سلێمانی)

١٠- کەریم دەشتی (هەولێر)
١١- خەبات عارف (سلێمانی)
١٢- محەمەدی مەلا کەریم (بەغدا)

دوای تەواوبوونی میهرەجانەکە پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ وتەی ماڵئاوایی و کۆتایی چالاکییە ئەدەبییەکەی پێشکەش کرد، دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین کە یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی ڕۆڵێکی باشی لە ئامادەکردنی میهرەجانەکە و ئەرکی بەڕێوەبردنی بینی.

لە پەراوێزی میهرەجانەکەدا هەندێک کێشە دروستبوون وەک ئەوەی کاک حەمە سەعید حەسەن ئەو هۆنراوەیەی دابووی بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بەلاوەی ناو هۆنراوەیەکی تری پێشکەش کرد کە پەلامارێکی زۆری تێدا بوو بۆ سەر ڕژێمی بەعس وەک ئەوەی بەعسی بە قوتابی قوتابخانەی هیتلەری حزبی نازی ئەڵمانی دانابوو وتبووی:

**ورووژاوە... ورووژاوە**
**هەر قوتابی و قوتابخانەکەی هیتلەرە و**
**گەریان لەم ناوە ئالآوە.**
**زەردەواڵە بە شانەکان**
**بەو سنوورەش ڕازی نابن**
**باپیریان نەخشەی کێشاوە**
**لایان وایە مێژوو عارەبانەیەکەو**
**بەپاڵی ئارەزووی ئەوان**
**ئەگەڕێتەوە بۆ دواوە!!**

لەسەر خوێندنەوەی ئەم هۆنراوەیە، لە بەغدا بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی عیراق بەدوای د. عیزەددین-یدا نارد و پێی وت: چۆن ڕێگە دەدەن هۆنراوەی ئاوا بخوێنرێتەوە کە دژی ئێمە بێت. هەرچۆنێک بوو د. عیزەددین ساردی کردەوە و وتی: «جارێکی تر شتی وا ڕوونادادتەوە».

**کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغدا**

کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ڕۆژانی (٥) و (٦)ی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بەغدا بەسترا بە ئەندامانی مەڵبەندی گشتی و لقەکانی یەکێتیی نووسەران بەشدارییان تێدا کرد و لەو کۆنگرەیەدا لە لقی هەولێر کەریم شارەزا و کەمال غەمبار بە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەکە لەگەڵ چەند ئەندامێکی دی هەڵبژێردران. ئەندامانی کۆنگرە گلەییەکی زۆریان لە محەمەد مەولوود (مەم) کرد کە چۆن بەپێی ئارەزووی بەعس سەرۆکایەتی دەستەیەکی بەڕێوەبردنی لقی هەولێری دوای لادانی دەستەی پێشووی بە سەرۆکایەتی من قەبووڵ کردووە.

لەدوای کۆتایی کۆنگرەکە لقەکانی یەکێتیی کەوتنە خۆ بۆ بەستنی کۆنفرانسی خۆیان. وابوو لە ١٦/١١/١٩٧٩دا کۆنفرانسی لقی هەولێر بەسترا و بە چاودێری سەرۆکی مەڵبەندی گشتی پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم و دادوەر و نوێنەری پارێزگا هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی لقی هەولێر سازدرا و بەم جۆرە کاروباریان لەناو خۆیاندا دابەش کرد:

١- کەریم شارەزا سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەر
٢- خوالێخۆشبوو د. نافیع ئاکرەیی جێگری سەرۆک
٣- خوالێخۆشبوو مامۆستا عومەر شێخەڵلا سکرتێری بەڕێوەبردن
٤- مومتاز حەیدەری سکرتێری ڕۆشنبیری
٥- خوالێخۆشبوو جەمال عەلی خدر ژمێریار
٦- حەمەکەریم هەورامی ئەندام
٧- خوالێخۆشبوو پیربال مەحموود ئەندام

ئەم بەڕێزانەش بوون بە ئەندامی یەدەگ: نەژاد عەزیز سورمێ و خوالێخۆشبوو مەغدید سۆران.

یەکەم کاری ئەم دەستەیە نوێیەش دانانی لیژنەیەکی ڕۆشنبیری بوو بە سەرۆکایەتی سکرتێری ڕۆشنبیری و چوار ئەندامی دەستەی گشتی کە ئەمانە بوون.

١- مومتاز حەیدەری سەرۆک
٢- عەزیز ڕەشید هەریری ئەندام
٣- جەوهەر کرمانج ئەندام
٤- سەعدوڵلا پەرۆش ئەندام
٥- موحسین ئاوارە ئەندام

ئەم دەستەیەی بەڕێوەبردنیش دیسان تەگەرەی هاتە پێش، چونکە لقی حزبی بەعس ئەم جارەش لە پێکهاتەی دەستەی هەڵبژێردراو ڕازی نەبوو، دەیان گوت: «ئێمە لە وادەی هەڵبژاردنەکە ئاگادار نەکراوینەوە و لەسەر سندووقی هەڵبژاردنەکە نەبووین و ئێمە وەک دەستەیەکی

یاسایی دانتان پێدا نانێین!»
منیش وەک سەرۆکی لق پێم ڕاگەیاندن کە بیست و پێنج ڕۆژ بەر لە دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکە پارێزگامان ئاگادار کردووەتەوە کە کۆنفرانس دەبەستین، دەبوایە ئەوان ئاگاداریان بکردبانەوە.
مانگ و نیوێک دەستەڵاتدارانی بەعس چ وەک حزب و چ وەک حکوومەت دانیان بە دەستەی بەڕێوەبردندا نەنا و ماوەیان نەدابن هیچ چالاکییەکی ئەدەبی، یان ڕۆشنبیری بنوێنین، بەڵام دوای ماوەیەک خۆیان لەو هەڵوێستەیان پەشیمان بوونەوە و لە دواڕۆژی ساڵی ١٩٧٩دا ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان داوای کردین و عوزری بۆ هێنانەوە و گوتی: بمانەوێت و نەمانەوێت ئێوە نوێنەری نووسەرانن و ماوەی داین چالاکیی ئەدەبی بنوێنین.
ئینجا لیژنەی ڕۆشنبیری کەوتە خۆ بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەکی پتەو و پێشکەش کردنی. وابوو لە وەرزی ڕۆشنبیریی زستانەیدا ئەم زاتانەی خوارەوە لە هۆڵی ژووری بازرگانیی هەولێر بابەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی بەپێزیان پێشکەش کرد:
١- خوالێخۆشبوو مامۆستا شاکر فەتاح
٢- کەریم شارەزا
٣- عومەر ئیبراهیم عەزیز
٤- ڕەئووف حەسەن
٥- خوالێخۆشبوو مەحموود زامدار
٦- کەمال میراودەلی.
لە وەرزی ڕۆشنبیریی بەهاریش ئەم چالاکییانە پێشکەش کران:
١- کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە ڕۆژی ١٩/٣/١٩٨٠ بە بۆنەی جەژنەکانی ئادار و نەورۆزەوە سازدرا و ئەم شاعیرانە شیعریان تێدا خوێندەوە: مەدحەت بێخەو، مەغدید حاجی، عەبدولسەتار خدر، د. نافیع ئاکرەیی، سەعدوڵڵا پەرۆش، ڕزگار شێخانی، جەوهەر کرمانج، ئەنوەر مەسیفی، نەژاد عەزیز سورمێ.
٢- لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بارەی فۆلکلۆری کوردی، لەلایەن د. هیوا عومەر ئەحمەدەوە.
٣- ئەدەبی کوردی لە بادینان چۆن بوو و چۆن دەڕوات لەلایەن د. نافیع ئاکرەییەوە.
٤- چەپکێک گوڵ لە باغچەی ڕۆژنامەگەریی کوردی- لەلایەن مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم-ەوە لە ڕۆژانی ١٧/٤/١٩٨٠ بە بۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە پێشکەش کرا.
٥- هەستی نەتەوایەتی لە فۆلکلۆری کوردیدا- لەلایەن مامۆستا خوالێخۆشبوو عومەر شێخەڵڵاوە لە ڕۆژی ٢٠/٤/١٩٨٠ پێشکەش کرا.
٦- کۆڕێکی چیرۆک خوێندنەوە: لە ڕۆژی ٩/٥/١٩٨٠دا لەلایەن لقی یەکێتیی نووسەرانەوە سازدرا و ئەم چیرۆکنووسانە چیرۆکی خۆیان تێدا خوێندەوە: ڕەزا سەیدگوڵ، ئازاد جوندیانی، شێرزاد حەسەن، ڕەخنەگران حوسێن عارف و کەمال میراودەلی هەڵیان سەنگاندن.
هەروەها ئەندامانی لقی هەولێر بەشدارییەکی باشیان لە بەڕێوەبردنی بابەتەکانی ئەو میهرەجانە ڕۆشنبیرییەدا کرد کە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ڕۆژانی ٢٠ تا ٢٦ی نیسانی ١٩٨٠ لە شاری هەولێر سازی دابوو.
لە چالاکییەکانی دیکەی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم لقەی هەولێریش دەرچوواندنی ژمارەیەکی پوختی گۆڤاری (نووسەری نوێ) بوو. ژمارەی چوارەمی دەستەی بەڕێوەبەری پێشوو ئامادەیان کردبوو، بەڵام بۆیان چاپ نەکرابوو، دەستەی نوێ شانی دایە بەر مەسرەفی چاپکردنی و دەریچوواند و دەستەی ئامادەکار و نووسەرانی ئەو ژمارەیەش ئەم نووسەرانەی خوارەوە بوون:
(کەریم شارەزا، مومتاز حەیدەری، جەوهەر کرمانج، سامی شۆڕش، سەعدوڵڵا پەرۆش) و لەدوا دوای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا دەرچوو و ١٨ بابەتی بەپێزی لە وتار و شیعر و لێکۆڵینەوە لەخۆ گرتبوو.
هەروەها دوای نۆ مانگ ژمارە (٥)ی (نووسەری نوێ)یشی لە بەرگێکی قەشەنگ لە ئەیلوولی ١٩٨٠دا دەرچوواند و دەستەی نووسەرانی بریتی بوون لەم زاتانەی خوارەوە:
(کەریم شارەزا، مومتاز حەیدەری، عەزیز هەریری، جەوهەر کرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش).
ئەگەر سەرنج بدەینە پێکهاتەی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نووسەری نوێ) لە هەر پێنج ژمارەکانی دەوری یەکەم و دووەمیدا دەبینین:
١- کەریم شارەزا لە هەر پێنج ژمارەکانیدا بەشداری

کردووە.
٢- خوالێخۆشبوو عیزەددین فەیزی لە ٣ ژمارەدا.
٣- مومتار حەیدەری، مەدحەت بێخەو، مەغدید سۆران، سەعدوڵڵا پەرۆش، جەوهەر کرمانج لە ٢ ژمارەدا.
٤- (عەزیز گەردی، جەمیل ڕەنجبەر، یووسف دەرگەڵەیی، ئەحمەد شەریف، سامیە شاکر چاوشلی، سامی شۆڕش، جەلال مەدحەت خۆشناو، عەبدوڵڵا حەداد، مەجید هێرش، جەمال عەلی خدر لە یەک ژمارەدا بەشدارییان کردووە.

## هەوڵەکانی ڕژێمی بەعس بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد

حکوومەتی بەعس لە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول پەیتا پەیتا ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هەڵوەشاندەوە و تێکەڵی ڕێکخراوە مەرکەزییەکانی دەکردن، لە سەرەتادا یەکێتیی قوتابیان و لاوانی کوردستان و یەکێتیی مامۆستایانی تێکەڵ بە ڕێکخراوە گشتییەکانی خۆی کرد، ئینجا نۆرە هاتە سەر کۆڕی زانیاری کورد و کردی بە دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاریی عیراق و دوا هەنگاویش یەخەی یەکێتیی نووسەرانی کوردی گرت و هەوڵێکی زۆری دا نووسەرانی کورد بە ئارەزووی خۆیان بچنە ناو ڕێکخراوی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق، کەچی کەس ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات و چەند شاندی سەرۆکایەتی یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق هاتن بۆ هەولێر بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری لق، چونکە وایان دەزانی هەروەک هەولێر پایتەختی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانە، دەبێ مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش لەم شاری هەولێرە بێت، یان نووسەرانی هەولێر ڕۆڵێکی تەواویان لەو بڕیاردانەدا هەبێت.

شەفیق ئەلکەمالی جێگری سەرۆکی یەکێتیی ئەدیبانی عیراق و سەرکردەیەکی ڕژێمی بەعس هاتە هەولێر و لەگەڵ ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان حەمەدەمین شەمبی هاتنە سەردانی دەستەی بەڕێوەبەر و بەتایبەتی من وەک سەرۆکی دەستەکە، داوایان لێ کردین بچینە ناو یەکێتیی ئەدیبان و نووسەرانی عیراق، منیش و هەموو ئەندامان قایل نەبووین. لێرەدا شەفیق ئەلکەمالی گوتی:

«منیش غەریب نیم لە کورد و لە نەژاددا کوردم، دایکم کوردی دیاربەکرە و باوکیشم خەڵکی شاری (ئەلبوکەمال)ی سوورییایە و بە ڕەچەڵەک کوردە. من حەز دەکەم ئێوەی ئەدیبی ناسراوی کورد بێنە ناو یەکێتییەکەمان، دەنا دەتوانین چەند کەسێک لەم لاو لەولا بێنین و بڵێین ئەوانە ئەدیبی کوردن و بیانخەینە یەکێتییەکەمانەوە. منیش لە وەڵامدا گوتم: «ئێمە دەمانەوێ یەکێتیی نووسەرانی کورد وەک خۆی بمێنێتەوە و مەرکەزی خۆی هەبێت، بەڵام با وەک ڕێکخراو بەشێک بێت لە یەکێتیی ئەدیبانی عیراق.» ، کەچی کەمالی بەمە ڕازی نەبوو و گوتی: دەبێ یەک یەک بێنە ناو یەکێتییەکەمانەوە و بەم جۆرە نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک و تەنیا ئەوەم پێ گوت: ئێمە لقێکین لە مەڵبەندی گشتیمان کە مەرکەزەکەی لە بەغدایە و پرۆفیسۆر د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ سەرۆکایەتی دەکات، ئێوە لەگەڵ ئەواندا گفتوگۆ بکەن، دوابەدوای کەمالیش عەبدولئەمیر موعەلەش هات و هەمان وەڵاممان دایەوە.

ئەو شاندانە کە گەڕانەوە بەغدا و وایان کرد لە ساڵی ١٩٨٢ بڕیارێکی ئەنجوومەنی گۆڕ کراوی سەرکردایەتی شۆڕش دەربچێ بە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بەڵام یەکێتیی نووسەران چ لە مەڵبەندی گشتی و چ لە لقەکان بڵاوەیان لێ نەکرد و بارەگاکانی خۆیان چۆڵ نەکرد، بەڵام لە هەموو لایەکەوە پاڵەپەستۆ دەخرایە سەر نووسەرانی کورد بۆچوونە ناو یەکێتیی ئەدیبانی عیراق و لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا پرۆفیسۆر د. عیزەددینی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد لەگەڵ کاکە حەمەی مەلا کەریمی سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی هاتنە هەولێر و لە بارەگای لق کۆبووینەوە و گوتیان لە بەغدا وادەیان پێداوین کە لەناو یەکێتیی ئەدیبانی عیراقدا، نووسەرانی کورد بە تایبەتی لە پارێزگا کوردییەکاندا لق و چالاکی خۆیان بمێنێ و گرنگی بە ئەدەبی ڕەسەنی کوردی بدرێ، تەنانەت د. عیزەددین مستەفا گوتی: لە ڕێگەی نێوانی عەربەت و هەڵەبجەش چاوم بە لێپرساوێکی گەورەی پێشمەرگە کەوتووە و ئەو زەختەم بۆ باس کردووە کە دەکرێتە سەر نووسەرانی ناو شار بۆ چوونە پاڵ یەکێتیی ئەدیبانی عیراق. ئەویش نامەیەکی تایبەتی پێداوە و تێیدا هاتووە کە نووسەرانی

کورد لە شارەکاندا دەژین باری ژیانی ناو شار لە ئیمە چاکتر دەزانن و هەر کەسە باری هەڵسوکەوتی خۆی باشتر تێدەگات و سەربەستە و ئێمە لێیان ناگرین و ڕێزێکی زۆریشمان هەیە بۆیان. کە د. عیزەددین مستەفا گەڕایەوە بەغدا گەلێک گەفی لێکراو تاریق عەزیز هەڕەشەی لێکرد، بەو ناوەی ئەو ڕێگە لە نووسەرانی کورد دەگرێت بچنە پاڵ یەکێتیی ئەدیبانی عیراق.

ئینجا دوای چەند هەفتەیەک، د. عیزەددین مستەفا و کاکە حەمەی مەلا کەریم و د. عەبدولسەتار تاهیر شەریف و عەبدولئەمیر موعەلە هاتنە هەولێر و دوو ڕۆژ لە هۆڵی چاودێری زانستی لەگەڵ ئەندامانی لقەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کۆبوونەوە و مشتومڕێکی زۆر کرا لەسەرچوونە پاڵ یەکێتیی ئەدیبانی عیراق و لە دواییدا زۆربەی زۆری نووسەرانی کورد وا ڕێککەوتن کە فۆرمی چوونە پاڵ یەکێتیی ئەدیبان پڕ بکەنەوە و لە ژێرەوە تێبینییەک بنووسن، ئەگەر لە کۆنگرەی ئەدیبانی عیراق بەندێکی وا دانەنرێت «کە تایبەتمەندی ئەدەبی کوردی دەپارێزرێت و گرنگی بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی دەدرێت» دەشێت نووسەرانی کورد لەو ڕێکخراوە بکشێنەوە.

کەچی کاتێک کە لە هاوینی ١٩٨٣دا کۆنگرە لە بەغدا بەسترا زۆربەی ئەندامانی مەڵبەندی گشتی و لقەکانی هەولێر و بادینان و کەرکوک بەشدارییان تێدا کرد، کەچی بینییان کۆنگرەکە بریتییە تەنیا لە کرداری هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر و ئەنجوومەنی ئەدیبان کە لە ٢٩ ئەندام پێکهاتبوو لەوانە ٧ ئەندامیان کورد بوون و هیچ باسی بەندەکانی یاسا و پێڕەوی ناوخۆ نەکرا کە گرنگی بە ئەدەب و کولتووری کوردی دەدرێت، بۆیە کە بەشداربووانی کورد گەڕانەوە پارێزگاکانیان، زۆربەیان خۆیان لەو یەکێتییەی ئەدیبانی عیراق کێشایەوە، بەڵام کەمێکیان مانەوە و لقیان لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک کردەوە کە ڕاستەوخۆ سەر بە مەڵبەندی گشتی یەکێتیی ئەدیب و نووسەرانی عیراق بن. لەو چالاکییە ئەندامی دیاری ئەو دەستەیە خوالێخۆشبووان د. نافیع ئاکرەیی و مەحموود زامدار و محەمەد بەدری و چەند ئەندامێکی تر بوون، بەڵام ئەو چالاکییە ئەدەبییانەیان پێ نەنوانرا و مەڵبەندی گشتیش ئەو گرنگییەی پێ نەدان و پشتگیریی دارایی نەدەکردن، بەڵام هەرچۆنێک بێت توانییان چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری نووسەری کورد دەربچوێنن.

باری ئەدەبی و یەکێتیی نووسەران بەو جۆرە مایەوە، بۆیە نووسەرانی کورد هەر چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک بوون لە ڕەوشی سیاسی عیراق و کوردستان و لە ئەنجامدا ئەو خەونەی چاوەڕوانییەشیان هاتە دی و ڕاپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری کوردستان بە پشتگیریی پێشمەرگەی قارەمان لە بەهاری ١٩٩١ی سەرکەوت و نووسەرانی کورد کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد و لە ئەنجامدا گەیشتنە ئەو ئاواتەیان.

# زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عیراق و دەستووری هەرێمی کوردستاندا

د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
(زانکۆی ڕاپەڕین - کۆلێژی پەروەردە)

(٢ - ٢)

**٥: زمانی کوردی لە دەستووریساڵی ١٩٧٠**

سەرەتاکانی کارکردن لە دەستووری ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە بۆ لیژنەیەک کە لە سەرۆکی کاروباری یاسایی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و ئەندامێتی دوو مامۆستای کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی بەغدا پێکهاتبوو، ئەم لیژنە سێ کەسییە چەند کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا(٧٥)، لە ٩/٦/١٩٧٠ دا ڕەشنووسی پرۆژەیەکی دەستووری کاتی ئامادەکرد و بەرزیان کردەوە بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە ئەوسا (سەدام حوسێن) بوو، ئەویش دوای تاووتوکردن و لێوردبوونەوە، ڕازی نەبوو، لەبەر ئەوە لیژنەیەکی تری پێکهێنا، بێجگە لەو لیژنە سێ کەسییەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، لیژنەکە دوو مامۆستای تری کۆلێژی یاسا و ڕامیاری زانکۆی بەغدا و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری لەخۆ گرتبوو، پاش چەندین کۆبوونەوە، بەو جۆرەی کە بۆچوونی حزبی بەعس دەیویست، پرۆژەی دەستووری کاتی ئامادەکرا و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بڕیاری (٧٩٢)ی لە ڕێککەوتی ١٦/١١/١٩٧٠دا پەسەندی کرد(٧٦). ئەم دەستوورە (٢٤) جار هەموارکراوە، دوا هەمووارکردنی بە بڕیاری ژمارە (٨٥)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ساڵی ١٩٩٥ کراوە(٧٧).

ئەوەی پەیوەست بێت بە کورد و زمانەکەی، ئەوە لە مادده (٥) لە برگەی (ب)دا لە پاڵ نەتەوەی عەرەب ئاماژە بە نەتەوەی کورد دەکات، هەروەها دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی دەنێت، تێیدا هاتووە: «گەلی عیراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێکدێت، ئەم

دەستووره دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد و مافە ڕەواکانی هەموو کەمینەکاندا دەنێت لەناو یەکێتیی عێراقدا» (٧٨)، هەروەها لە ماددەی (٧) لە بڕگەی (ب)دا، ڕاستەوخۆ زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا بە زمانێکی فەرمی دادەنێت، بۆ ئەوەی لە بوارەکانی خوێندندا بەکاربهێنرێت، هەروەک لە ماددەکەدا هاتووە: «زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا» (٧٩).

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە دەستووری ساڵی ١٩٧٠ بە یەکەم دەستوور دادەنرێت، کە لەڕووی تیورییەوە بەشێوەیەکی فەرمی دان بە زمانی کوردیدا دەنێت وەک دووەمین زمانی فەرمی لە عێراق، بەڵام تەنیا لە ناوچە کوردییەکاندا.

دەبێ ئەوەش بوترێت، کە ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورەبوو لە مێژووی گەلی کورد، چونکە بەهۆی شۆڕشی کوردەوە توانرا (حوکمی زاتی) بۆ گەلی کورد بسەلمێنرێت و بچێتە نێو دەستووری عێراقەوە، هەروەک لە ماددەی (٨) لە بڕگەی (ج) هاتووە: «دان بە ئۆتۆنۆمیدا دەنێت بۆ گەلی کورد لەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانی کوردن، کە بەپێی یاسا دیاری دەکرێت» (٨٠)، بۆیە لێرەدا دەبێت هەڵوەستە لەسەر ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بکەین، چونکە یەکەمین خاڵی ڕێککەوتننامەکە سەبارەت بە ناسینی زمانی کوردی بوو لەعێراقدا.

ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار کە لە ئەنجامی خەباتی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە سەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو (مستەفا بارزانی) بەدی هاتووە، لە مێژووی نوێی کورددا شوێنێکی پڕ بایەخی گرتووە و بە دەستکەوتێکی گەورەی سیاسی لەقەڵەم دراوە، هەڵبەت بایەخی ئەو ڕێککەوتننامەیەش لەوەدابوو کە بۆ یەکەم جار لە بەڵگەنامەیەکی فەرمی و یاساییدا لەلایەن یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە بەشێکی کوردستانی لەتکراوی پێوە لکێنراوە، لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا دان بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورددا بنرێت(٨١).

کەواتە یەکەم جاربوو لەمێژووی تازەدا بە بەڵگەی یاسایی لەلایەن دەوڵەتەوە دان بە مافی سیاسی گەلی کورد هێنرا(٨٢)، ئەم دانپێدانانەش ئەوسا و ئێستاش بۆ کورد گەلێک گرنگە، چونکە خرایە نێو دەستووری عیراقەوە.

ئەوەبوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١٩٧٠/٣/١١ بە بڕیاری ژمارە (٢٨٨)دا، لەچوارچێوەی عێراق دانی بە مافی گەلی کورد نا، ئەم ڕێککەوتننامەیەش (١٥) خاڵی لەخۆوە گرتبوو، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبی لەو ناوچانەی کە زۆربەی زۆری دانیشتوانیان کوردن و زمانی کوردیش لەو ناوچانەدا زمانی خوێندن و فێرکردن دەبێت و زمانی عەرەبیش لەهەموو ئەو قوتابخانانەدا دەخوێنرێت کە بە کوردی دەخوێنن، لەهەمان کاتیشدا زمانی کوردی وەک زمانی دووەم لەو سنوورەی یاسا دایدەنێت لەهەموو لایەکی عیراقدا دەخوێندرێت.

٢- بەشداری کردنی برا کوردەکانمان لە حوکم و جیاوازی نەکردن لەنێوان کورد و کەسانی دیکە لە فەرمانی گشتی گرتنە دەستدا، لەوانەش پایەی گرنگ و بایەخدار لە دەوڵەتدا وەک وەزارەت و سوپاو هی دیکەیش... ئەوانە هەموویان لەو کارە گرنگانەن کە ئامانجی شۆڕش بوون بۆ وەدیهێنانیان و حکوومەت لە کاتێکدا کە دان بەو بنەمایەدا دەنێت، جەخت لەسەر پێویستی کارکردن بۆ وەدیهێنانی ئەو بنەمایە بە ڕێژەیەکی عادیلانە دەکاتەوە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بنەمای لێهاتوویی و ڕێژەی دانیشتوان و ئەو بێ بەشییەی برا کوردەکانمان لە ڕابردوودا دووچاری بوون.

٣- لەبەر ئەو دواکەوتووییەی کە لە ڕابردوودا لەهەردوو لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە، پلانێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم دواکەوتووییە دادەنرێت لە ڕێگەی:

أ- پەلەکردن لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ڕووی زمان و مافی ڕۆشنبیرییەوە بۆ گەلی کورد و بەستنەوەی ئامادەکردن و ئاراستەکردنی بەرنامەی تایبەت بە کاروباری نەتەوەی کورد لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردی.

ب- گـەڕاندنەوەی ئەو قـوتابییـانەی دەرکـراون بۆ قـوتابخـانەکـانیـان، یان لەبەر بارودۆخی توندوتیـژی لەناوچەکـە ناچاربوون واز لەخـوێندن بێنن، بەچاوپۆشی کردن لە تەمەنیـان، یان دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ گیروگرفتەکانیان.

جـ- کردنەوەی قـوتابخانەی زۆر لە نـاوچەی کوردیدا و بەرزکردنەوەی ئاستی پەوەردە و فێرکردن و قبوولّ کردنی قوتابیی کورد لە زانکۆ و کۆلێژی سەربازی و (بەعسە و زەماله)ی خوێندن بە ڕێژەیەکی عادیلانە.

٤- فەرمانبەرەکان لەو یەکە کارگێڕییانەی کە بەشی زۆریان کـوردن، دەبێت کـوردبن، یان لەو کـەسـانە بن کـە کـوردی باش دەزانن، ئەگـەر ژمـارەی پێـویسـتـیـان لی پەیدابوو و بەرپرسە بنچینەییەکان (پارێزگار، قائیمقام، بەڕێوەبەری پۆلیس، بەڕێوەبەری ئاسـایش (ئەمن) و هی دیکەی لەم جـۆرە) دادەمـەزرێن و دەسـبـەجێ دەست دەکرێت بە پەرەپێدانی دامودەزگای دەوڵەت لە ناوچەکە بە ڕاوێژکردن لەچوارچێوەی لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەو شێوەیەی کە جێبەجێ کردنی مسۆگەر دەکات و یەکێتیی نیشتمانی و ئارامی لە ناوچەکەدا بەتین دەکات.

٥- حکومـەت دان بە مـافی گەلی کورددا دەنێت لە پێکهێنانی ڕێکخراوی قوتابییان و لاوان و ئافرەتان و مـامۆسـتـایانی تایبـەت بە خـۆیان و ئەو ڕێکخـراوانە ئەندامی ڕێکخراوە نیـشـتـمـانیـیـە عـیـراقـیـیـەکـانی هاوشێوەی خۆیان دەبن.

٦- بڕگـەی (أ): کـارکـردن بەهەردوو بڕگـەی (١) و (٢)ی بڕیاری ژمـارە ٥٩ی مـێـژووی ١٩٦٨/٨/٥ی ئەنجـوومـەنی سـەرکـردایەتیی شـۆڕش هەتا مـێـژووی دەرچوونی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەمەش هەموو ئەوانەی بەشـداریـیـان لە کـاری توندوتیـژیی ناوچەی کـوردیدا کردووە، دەگرێتەوە.

بڕگەی (ب): کـرێکار و فـەرمـانبـەر و خزمـەتگوزارە مەدەنی و سەربازییەکان دەگەڕێنەوە بۆ خزمەت، ئەمەش بەبێ خۆبەستنەوە بە بوونی (میلاک) جێبەجێ دەکرێت و سوودیش لە خەڵکی مەدەنی لە ناوچە کوردییەکان بەپێی پێویستی ئەو ناوچانە پێیان، وەردەگیرێت.

٧- بڕگـەی (أ) دەسـتـەیەک لە کـەسـانی خـاوەن تایبـەتمەندایەتی پێک دەهێنرێت بۆ ئەوەی بەوپەڕی خێراییەوە ناوچەکە لەهەمـوو ڕوویەکەوە هەڵسێتەوە و قەرەبووی ساڵانی ئەم دواییەی بەسەرهاتەکانی بکرێتەوە و بودجـەیەکی تەواویشی بۆ تەرخان بکرێت بۆ جێبەجێ کـردنی ئەم کـارە و ئەو دەسـتـەیەش سـەر بە وەزارەتی کاروباری باکوور دەبێت.

بڕگەی (ب) ئامادەکردنی پلانی ئابووری بەشێوەیەک کـە پەرەسـەندنی هاویەکی و یەکـسـانی لەهەمـوو لایە جیـاجیـاکـانی عـیـراق دابین بکات بەچاودێری کـردنی بارودۆخی دواکەوتوویی لە ناوچەی کوردیدا.

بڕگەی (جـ) تەرخـان کـردنی مـووچەی خـانەنشـینی بۆ خێـزانی ئەو کـەسـانەی لە بارودۆخی داخـباری شـەڕ لە بەشداربووانی بزاڤی چەکداریی کورددا شەهیدکراون و بۆ خـەڵکی دیکە و بۆ ئەوانەی بەهۆی ئەو بارودۆخـەوە تووشی شـێـواوی هاتوون، بەپێی یاسـایەکی تایبـەتی لەسەر شێوەی یاسا کارپێکراوەکان.

بڕگەی (د) کارکردنی خێرا بۆ فریاکەوتنی خەڵکی زیان لێکەوتوو و دەسـتـکورت لە ڕێگەی تەواوکـردنی پرۆژەی خـانوو دروست کـردن و شـتی دیکە کـە کـار بۆ بێکاران دابین دەکـات و پێشـکەش کـردنی یارمـەتیی کـەلوپەل و پارە بەشێوەیەکی گونجاو و قـەرەبوویەکی مـاقـووڵ بدرێت بەو زیان لێکەوتووانەی پێـویسـتـیـیـان بە یارمـەتیـیـە، ئەمـەش بە لیـژنەی باڵا دەسـپـێـررێت و ئەوانەی لی هەڵدەهاوێژرێت کە بڕگەی پێشوو گرتوونییەوە.

٨- گـەڕاندنەوەی دانیـشـتـوانی گـوندە عـەرەبی و کوردییەکان بۆ شوێنەکانی پێشوویان، بەڵام ئەو گوندانەی کەوتوونەتە ئەو ناوچانەی ناکرێت بکرێن بە ناوچەی لێ نیشـتـەجێ بوون، ئەوە حکومـەت بۆ مەبەستی سوودی گـشـتی بەپێی یاسـا دەیانکات بە مـوڵکی خـۆی و لەناوچەی نزیک ئەوێ نیشـتـەجێیان دەکات و هەر زەرەر و زیانێکیش بەهۆی ئەوەوە لێیان کەوتبێت، قـەرەبوویان بۆ دەکاتەوە.

٩- پەلەکـردن لە پیـادەکـردنی یاسـای چاک کـردنی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردی و هەمـوارکردنی بەشێوەیەک کە پاکتاوکردنی پێوەندیی دەرەبەگایەتی مسۆگەر بکات و، هەمـوو جووتیـارەکـانیش پارچە زەویی گونجاویان پێ ببڕێت و لەو باجە کشتوکاڵییەش کە لە ماوەی ساڵانی

شەڕی داخبار لەسەریان کۆبووەتەوە، ببەخشرێن و لێیان خۆش بن.

١٠- ڕێککەوتن لەسەر هەموارکردنی دەستووری کاتی وەک ئەمەی خوارەوە کرا:

أ- گەلی عیراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردن، ئەم دەستووره دان دەنێت بە مافی نەتەوەیی گەلی کورد و مافی هەموو کەمایەتییەکان لە چوارچێوەی یەکێتیی عیراقدا.

ب- زیادکردنی ئەم برگەیەی خوارەوە بۆ ماددەی چوارەمی دەستوور:

«زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچە کوردییەکاندا شان بەشانی زمانی عەرەبی».

ج- چەسپاندنی ئەوەی پێشەوە لە دەستووری هەمیشەییدا.

١١- گەڕاندنەوەی ئێزگەی ڕادیۆ و چەکە قورسەکان بۆ حکومەت، ئەمەش بەند دەبێت بەجێبەجێ کردنی قۆناغە کۆتاییەکانی ڕێککەوتنامەکە.

١٢- جێگرێکی سەرکۆمار کورد دەبێت.

١٣- یاسای پارێزگاکان بەشێوەیەک هەموار دەکرێت کە لەگەڵ ئەم ڕێککەوتننامەیەدا بگونجێت.

١٤- دوای ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە، بە ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە، کاری پێویست ئەنجام دەدرێت بۆ یەکخستنی ئەو پارێزگا و یەکە کارگێڕییانەی زۆربەی زۆری کوردیان تێدا دادەنیشن بەپێی ئەو ئامارە ڕەسمییانەی دەکرێن و دەوڵەت هەوڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی ئەو یەکە کارگێڕییانە و قووڵ کردنەوە و فراوان کردنیان، بۆ ئەوەی گەلی کورد پەیڕەوی سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات بۆ دەستەبەرکردنی شادبوونی بە ئۆتۆنۆمی، تا ئەو یەکە کارگێڕییەش دێتەدی، هاوئاهەنگیی کاروباری نەتەوەیی کورد لە ڕێگەی کۆبوونەوەی دەوری دەکرێت کە لەنێوان لیژنەی باڵا و پارێزگارەکانی ناوچەی باکوور دەبەسترێن و لەبەر ئەوەی کە ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی کۆماری عیراقدا جێبەجێ دەکرێت، بێ گومان وەبەرهێنانی هەموو سامانێکی سروشتی لەم ناوچەیەدا تایبەتە بە دەسەڵاتداریی ئەم کۆمارە.

١٥- گەلی کورد بە ڕێژەی دانیشتوانی لەچاو دانیشتوانی عیراق، بەشداری لە دەسەڵاتی یاسادانانـدا دەکات(٨٣).

ئەگەر سەیرێکی خاڵەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بکەین، دەبینین بەپێی خاڵی (١)ی ڕێککەوتننامەکە، نایەکسانییەک لەنێوان بەکارهێنانی هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە قوتابخانەکاندا نیشان دراوە، زمانی عەرەبی لە هەموو قوتابخانە کوردییەکاندا لە پاڵ زمانی کوردیدا سەپێنراوە، بەڵام خوێندنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی دیکەی عیراق وەک زمانی دووەم بەو ئاستەی کە یاسا دیاری دەکات، دانەنراوە(٨٤).

دواتر پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمیی ناوچەی کوردستان لە ١٩٧١/١/١٩ دەرچوو، کە لە (٢٠) مادده پێکهاتووە، ماددەی (٢) تایبەت بە زمان کە تێیدا هاتووە(٨٥):

مادەی دوو:

أ- زمانی کوردی شان بەشانی عەرەبی زمانی فەرمی دەبێت لە ناوچەکەدا.

ب- زمانی کوردی بۆ کورد لە ناوچەکەدا زمانی فێرکردن دەبێت و خوێندنی زمانی عەرەبیش لەهەموو قۆناغەکانی فێرکردن و بەشەکانی، بەپێویست دادەنرێت.

ج- بەشی فێرکردن بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ناوچەکەدا پێکدەهێنرێت، کە فێرکردن تێیدا بە زمانی عەرەبی دەبێت و زمانی کوردیش بە پێویست دادەنرێت کە بخوێنرێت.

د- هەموو ڕۆڵەکانی ناوچەکە مافی هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانانەیان هەیە کە دەیانەوێت تێیدا بخوێنن، بێ لەبەرچاوگرتنی زمانی دایکیان.

هـ- فێرکردن لەهەموو قۆناغێک لە ناوچەکەدا دەکەوێتە ژێر باری سیاسەتی پەروەردەیی و فێرکردنی گشتی دەوڵەت.

پاشان لە ١٩٧٤/٣/١١، بڕیاری ژمارە (٢٤٧)ی هەموارکردنی دەستووری کاتی لەلایەن (ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە دەرچوو، کە تێیدا لە (٢٠) ماددەوە گۆڕرا بۆ (١١٥) مادده. ماددەی (٢) کە تایبەتە بە زمان، گۆڕانکاری بەسەرداهات، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێهات(٨٦).

ماددەی (٢):
أ- زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی، زمانی ڕەسمی دەبێت لە ناوچەکەدا.
ب- زمانی عەرەبی و کوردی زمانی فێرکردن دەبن لەهەموو قۆناغ و بەشەکاندا، ئەمەش بەپێی برگەی (ﻫ)ی ئەم ماددەیە جێبەجێ دەبێت.
جـ- بەشی فێرکردن لەناوچەکەدا بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب دادەمەزرێت و فێرکردن تێیدا بە زمانی عەرەبی دەبێت و کوردیی بەخورتی تێدا دەخوێنرێت.
د- هەموو ڕۆڵەکانی ناوچەکە مافی هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانەیان هەیە، کە حەز دەکەن تێیدا بخوێنن، بەچاوپۆشی لەزمانی دایکیان.
ﻫ- فێرکردن لەهەموو قۆناغەکانی ناوچەکەدا، سەر بە سیاسەتی پەروەردەیی فێرکردنی گشتی دەوڵەت دەبێت.
هەروەها ڕێککەوتننامەی (١١) ئادار بوو بەهۆی ئەوەی دەرگایەک بە ڕووی ڕۆشنبیریی کوردیدا بکرێتەوە، چونکە شەپۆلێکی زۆر فراوانی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی دەرچوون، لەوانە:
١- گۆڤاری بەیان.
٢- ڕۆژنامەی هاوکاری.
٣- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری.
٤- گۆڤاری برایەتی.
٥- گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵ.
٦- گۆڤاری زانیاری.
٧- گۆڤاری گێتی پوول.
٨- گۆڤاری خەباتی قوتابیان.
٩- گۆڤاری پەروەردە و زانست.
١٠- گۆڤاری نووسەری کورد.
١١- ڕۆژنامەی ڕێگای یەکێتی.
١٢- ڕۆژنامەی دەنگی جووتیار.
١٣- گۆڤاری ڕۆژی کوردستان.
١٤- گۆڤاری ڕوانگە.
١٥- ڕۆژنامەی برایەتی.
١٦- ڕۆژنامەی بیری نوێ.
١٧- گۆڤاری هۆشیاری کرێکاران.
١٨- گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات.
١٩- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد.
٢٠- گۆڤاری ئامانج.
٢١- گۆڤاری خەباتی لاوان. و......تاد(٨٧).

ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە ڕۆڵێکی دیاریان لە پێشخستنی زمانی کوردیدا بینی، لەم بارەوە گۆڤاری (برایەتی) لە یەکەم ژمارەیدا (گۆشەی زمانەوانی) گۆشەیەکی بەردەوامی کردووەتەوە، یەکەم بابەتیش هی (د.نەسرین فەخری)یە لەژێر ناونیشانی (زمانی کوردی)دایە(٨٨)، هەروەها (د.عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ)یش بە زنجیرە وتارێک سەبارەت بە (شێوەی یەکگرتووی زمانی ئەدەبی) نووسیوە(٨٩).

هەر لەم سەردەمەدا چەندین خولی ڕاهێنان و بەهێزکردنی زمانی کوردی بۆ مامۆستایان کرایەوە، ئەم خولانەش لە بنکە ڕۆشنبیرییەکان و ڕێکخراوە ئەدەبی و پیشەییەکانی کورد، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی خوێندنی کوردی و وەزارەتی کاروباری باکوورەوە دەکرانەوە(٩٠).

گۆڤار و ڕۆژنامەکانی (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (هاوکاری) و (برایەتی) و (ڕۆژی کوردستان)... تاد. نەک درێخیان لە بڵاوکردنەوەی بابەتی زمانەوانی نەکردووە، بەڵکو گرنگی زۆریان پێداوە، هەر ئەوەشە زمانەکەمانی پێ خزمەت کراوە و ئێستا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ، نموونەیەکی بچکۆلەی ئەو بایەخدانە لە وەڵامی گۆشەی (داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان) لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا بۆ بەڕێوەبەری ناحیەی کەندێناوە (حوسێن خۆشناو) کە بابەتێکی بە زمانی عەرەبی ناردووە، ڕۆژنامەکە لێدوانێکی بۆ نووسیوە و دەڵێت «ئێمە لەکاتێکدا ئەو ڕوونکردنەوەیەی کاک حوسێن خۆشناو بڵاودەکەینەوە، داواکارین لەهەموو ئەو بەڕێزانەی لەکوردستانەوە ڕوونکردنەوەمان بۆ دەنێرن بە زمانی کوردی بنووسن، ئەگەر لەمەولا بە کوردی بۆمان نەنووسن دەیانخەینە پشتگوێ.. بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا کە زمانی کوردی بووە بە زمانی ڕەسمی» (٩١).

وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆی کرد یەکێک لە دەستکەوتە گەورەکانی ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ١٩٧٠، چەسپاندنی چەند مافێکی گرنگی ڕۆشنبیریی کوردی بوو، لەوانە دامەزراندنی (کۆڕی زانیاری کورد)،

کە بەپێی یاسای ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٧٠ یەکێک بوو لە ڕووە هەرە دیارەکانی(٩٢). کۆڕی زانیاری کورد هەر لە دەستپێکی دامەزراندنییەوە تاکو ئێستاکەش، چەندین جار ناوەکەی گۆڕاوە، لە دەستپێکدا ناوی (کۆڕی زانیاری کورد) بوو، دواتر ناوەکەی بۆ (کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد) گۆڕدرا، ئێستاکەش ناوەکەی بەم شێوەیە (کۆڕی زانیاری عیراق- لیژنەی کوردی) (٩٣).

یەکەمین کۆبوونەوەی کۆڕی زانیاری کورد لە ڕۆژی ١٩٧١/٣/٢٧ بوو، ژمارەی ئەندامانی کارا یازدە کەس بوون لە ناوەوەی کوردستان و عیراق و دوو کەسیش لەدەرەوە و چەندین ئەندامی شەرەف و ئەندامی یاریدەدەری هەبوون(٩٤).

کۆڕی زانیاری کورد هەر لە سەرەتای دەست بە کاربوونییەوە گۆڤاریکی دەردەکرد، ئەم گۆڤارە بەرگی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ دەرچوو، دوا بەرگی (٣١) ساڵی ٢٠٠٦ دەرچوو، کۆڕی زانیاری کورد بایەخێکی زۆری دا بەدانانی ڕێبازی نووسینی یەکگرتووی کوردی و هەڵبژاردن و داڕشتن و داتاشینی زاراوە بەگشتی و زاراوەی بەگوێرەی مەرجەکانی زانستی نوێ، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی دیکە(٩٥).

کۆڕی زانیاری کورد لە مێژووی خۆیدا خزمەتێکی گەورەی بە زمانی کوردی گەیاند، چونکە چەندین کتێبی دەگمەنی لەسەر زمانی کوردی و ئەدەبی کوردی و بابەتەکانی تری پەیوەست بە کورد دەرکرد، زمانی یەکەمی نووسینی کتێب و وتارەکانی نێو گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، زمانی کوردی- کرمانجی ناوەڕاست بوو، بە دەگمەن و بە تاکوتەرا وتارێک بە کرمانجی سەرووت تێیدا دەدۆزییەوە، لەبەر ئەوەی زمانی نووسینی قوتابخانە و بەشی کوردی زانکۆی بەغدا ئەوسا تەنیا کرمانجی ناوەڕاست بوو، ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە زمانی کوردی تاکو پێش ڕاپەڕین لە ناوچە کوردییەکاندا بە کرمانجی ناوەڕاست بوو، بەو واتایەی زمانی نووسین تەنیا کرمانجی ناوەڕاست بوو.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، کە بە پێی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ دەبوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستاندا، لەوانە پارێزگای دهۆک، بە کوردی بێت. ئەوکاتە دەوڵەتی عیراق و دەستەیەکی دیالێکت پەروەری بادینان ویستیان خوێندن لەو دەڤەرە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بگۆڕن بۆ دیالێکتی کرمانجی سەروو شێوەزاری بادینانی، تاکو بادینان لە ڕووی کولتوورەوە بە دابڕاوی لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بهێڵنەوە، بەڵام بارزانی وەک سەرکردەیەکی دووربین ئەو داواکارییەی ڕەتکردەوە(٩٦)، پێشتریش کۆمەڵێک لە مامۆستایان و شارەزایانی زمانی کوردی سەردانی ڕەحمەتی (مستەفا بارزانی)یان کرد، داوایان لێکرد پاڵپشتیان لێ بکات، لەم بارەوە (مستەفا بارزانی) گەرەنتی ئەوەی پێدان، کە شێوەی یەکگرتووی نووسینی ئێستای زمانی کوردی تەنیا ئەو شێوەیەیە، کە ئێستا بەکاردێت، کە ئەویش کرمانجی ناوەڕاستە، لە هەمان کاتیشدا (مستەفا بارزانی) دژی ئەوە بوو زمانی یەکگرتووی کوردی لەتبکرێت و ببێتە جووت ستاندارد، بۆیە خوێندن لەم دەڤەرە هەر بە کرمانجی ناوەڕاست مایەوە، تا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، دوای ئەم ساڵە دەڤەری بادینان گەڕانەوە سەر زمانی عەرەبی.

هەروەها ڕژێمی بەعسی، ئەگەرچی لە دەستوور مافی ئەوەی بە کورد دابوو بە زمانی کوردی بخوێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ژێرەوە بە بەرنامە کاری دەکرد بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی زمانی کوردی، بۆ نموونە لە نووسراوی ژمارە (٧١) لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٣/١٨، کە ئاراستەی ڕێکخستنی هەولێری سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی کراوە، تێیدا داوا دەکات بۆ ساڵی ١٩٨٩- ١٩٩٠ (٧٠٪) زمانی کوردی لەناو ببرێت و بۆ ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ ڕێژەکە بگات بە ١٠٠٪، دیارە لە نووسراوەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە حەفتاکان لە شاری دهۆک ئەم پرۆژەیە جێبەجێکرا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بۆیە دەبێت لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی لە قۆناغی دووەم جێبەجێ بکرێت، هەروەک لەخوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

«بەناوی خوای گەورە و میهرەبان»

پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی نەتەوەی عەرەب یەکە

هەرێمی عیراق پەیامەکەشی لەناو ناچێت

سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور
ژمارە: ٧١
بەروار: ١١ی شەعبان ١٤٠٩ک
بەرانبەر: ١٩٨٩/٣/١٨

زۆر نهێنی و زۆر بە پەلە
و لەلایەن هاوڕێ ئەمینداری
سەرکردایەتی لق دەکرێتەوە
بۆ / سەرکردایەتی لقی هەولێری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالستی
ب/ خوێندنی کوردی
سلاوێکی هاوڕێیانە
ئاماژە بە ڕاسپاردەکان و ئەو فەرمانانەی پێمان گەیشتووە و فەرمانەکانی هاوڕێ ئەمینداری سەرکردایەتی هەرێم (سەددام حوسێن) خوا بیپارێزێت لە کاتی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی هەرێم، ئەم بڕیارانەی دا:

١- ئەو ناوانەی کە لە خوارەوە هاتوون، پێداچوونەوە بە پڕۆژەی خوێندندا دەکەن، کە لە حەفتاکان لە پارێزگای دهۆک ئامادەکرا و جێبەجێ کراوە بۆ گۆڕینی خوێندنی کوردی بۆ خوێندنی عەرەبی و کۆبوونەوەکانیش دەبێت لە بارەگای نووسینگەکەمان ببەسترێت بە سەرۆکایەتی هاوڕێ ئەمینداری سەرکردایەتی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور، بە جۆرێک لەگەڵ بارودۆخی دەروونی دانیشتووانی پارێزگای هەولێر و سلێمانی بگونجێت و لەسەر شێوازی تازە لە ساڵی ١٩٨٩- ١٩٩٠ ڕێژەی (٧٠٪) جێبەجێ بکرێت و بۆ ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ ڕێژەی (١٠٠٪) جێبەجێ بکرێت، بە مەبەستی لەناوبردنی ڕەوتی ڕەگەزپەرستی شۆڤینی لە ناوچە کوردییەکان و دەرنەکەوتنیان لە دواڕۆژدا، بە جۆرێک پرۆسەی ئەنفال ئەو بزووتنەوە سەربەخۆخوازو ڕەگەزپەرستییەی لەناوبرد و بۆ دەرەوەی سنوورەکانی هەرێم دووری خستنەوە. لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی بەشداربووانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە نهێنی پاراستنی ئەم بابەتە و پێویستە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ماوەی یەک مانگدا کۆتایی پێ بێت.
١- سوبحی محەمەد ڕەشید جاف
٢- نامیق ڕەقیب سورچی
٣- محەمەد سەعید عەبدولڕەحمان
٤- حوسام داود خدر
٥- حوسامەددین سادق
٦- خدر شەوکەت محەمەد
٧- غازی محەمەد ئیسماعیل
٨- حازم عەزیز عەبدوڵڵا
٩- حەکیم ئەنوەر مەولوود
١٠- خالس جەواد مەعرووف
١١- ئیبراهیم محەمەد ئەمین
١٢- خەسرۆ عوسمان
١٣- عەبدوللەتیف جەلال
١٤- ئەحمەد عومەر شێروانی
١٥- ماجید حەیدەر
١٦- کاکل حەمەد
١٧- محەمەد پیرۆز ڕۆستەم
١٨- عەبدولڕەزاق مەرعی حەسەن
١٩- بورهان ئەحمەد وەحید
٢٠- حەسەن حوسێن ئەڵڵا داد
٢١- حوسێن محەمەد قەدری عەبدولقادر
٢٢- غازی حەمید یوونس
٢٣- ئەنوەر حەمەد باول
٢٤- عادل مستەفا ئیسماعیل
٢٥- حوسام شاکر
٢٦- ئەحمەد عەبدولڕەحمان ئاکرەیی
٢٧- عەبدولڕەحمان ئەمین ساڵح
٢٨- ئیسماعیل حەمەسوور
٢٩- غەنی ڕەشید قۆجە

٢- بڕیاردرا بە بەخشینی پاداشتێکی باش، کە شایستەی ئەم کارەیە بە بەشداربووانی (١) لەسەرەوە و (٣) لە خوارەوە.
٣- ئەم ناوانەی کە لە خوارەوە هاتوون، لە کاتی جێبەجێ کردنی لێکۆڵینەوەکە لە هەردوو پارێزگاکە بەشداری دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی کە سەرکردایەتی لقی سلێمانی دەیانپاڵێوێت.
١- عەتا محەمەد ڕەشید

٢- مەجید نورەددین یوونس
٣- گەلاوێژ سادق
٤- عومەر تاهیر مەعروف
٥- سەلاح ڕەشید
٦- نەوزاد جەمال
٧- قادر شەریف قادر
٨- سوڵتان عەبدوڵڵا
٩- محێدین نافیز ئیسماعیل
١٠- عەبدولمونعم عەزیز عەلی
١١- بەکر سەعدی ئەسعەد
١٢- حەیدەر ئەیووب
١٣- محەمەد عومەر ئۆمەر
١٤- عەبدوڵڵا موختار

وەک لە نووسراوەکە دەردەکەوێت، ئەم کارە بە هاریکاری کۆمەڵێک لە کوردە بەعسییەکانی ئەو کاتە ئەنجام دەدرێت، ئەگەرچی هەندێکیان کە لە نێو ئەم لیستە ئەمڕۆ پۆستی گەورەیان هەیە و هەندێکی دیکەیشیان بە پۆستی گەورە خانەنشین کراون، واتە لەجیاتی ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت، کەچی پاداشت کراون!

## ٦: زمانی کوردی لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق ساڵی ٢٠٠٤

لە ٢٠٠٣/٤/٩ هێزە هاوپەیمانەکان بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، توانییان حزبی بەعس لە عیراق بڕووخێنن و دەوڵەتی عیراقیان لە چنگی بەعسی خوێنڕێژ ڕزگارکرد و لە ٢٠٠٣/٥/٦ (پۆل بریمەر) بووە بەڕێوەبەری مەدەنی عیراق، ئەویش لە یەکەمین هەنگاویدا ئەنجوومەنی حوکمی لە عیراق پێکهێنا، کە دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی هەبوو(٩٧).

دواتر ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ٢٠٠٣/٥/٢٢دا بڕیاری ژمارە (١٤٨٣)ی دەرکرد، بە پێی ئەم بڕیارە دەوڵەتی عیراقی بە داگیرکراو دانا و لێپرسراویەتی بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی کاتی خستە ئەستۆی هێزە هاوپەیمانەکان، تا ئەو کاتەی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی دیموکراتی دەگوێزرێتەوە بۆ خودی عیراقییەکان(٩٨).

جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەنجوومەنی حوکم لە ٢٠٠٣/٨/١٢دا لیژنەی ئامادەکاریی بۆ دانانی دەستووری دەوڵەت لە (٢٥) ئەندام پێکهێنا، و (د. فوئاد مەعسووم) وەک کەسایەتییەکی کورد بە سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی دەستووری عیراق هەڵبژێررا(٩٩). دوای چەندین دانیشتن و سەردانی پارێزگاکان، لە ٢٠٠٤/٣/١ یاسای بەڕێوەبردنی عیراق لەلایەن ئەنجوومەنی حوکمەوە دەنگی لەسەر درا. لە ٢٠٠٤/٣/٨ یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراقی بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرچوو، ئەم یاسایەش بە دەستووری کاتی دادەنرێت(١٠٠).

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق لە (٦٢) مادده پێکهاتبوو، و تەنیاش لە قۆناغی گواستنەوەدا کاری پێ کرا و لە ٢٠٠٥/١٢/٣١ کۆتایی پێ هات(١٠١).

ئەوەی پەیوەست بێت بە زمانی کوردی، ئەوە لە ماددەی (٩)دا ئاماژەی پێ دەدات و دەڵێت: «زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی ڕەسمین لە عیراقدا، مافی عیراقییەکان دەستەبەر دەکات تا ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی، یان سریانی، یان ئەرمەنی لە دامەزراوە فێرکارییەکانی حکومیدا مسۆگەر دەکات بە پێی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە تایبەتییەکانی فێرکردندا» (١٠٢). ئەوەی لەم ماددەیەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبی هەژمار دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە خوێندن بە زمانی دایک دەکات، کە ئەمەش مافێکی ڕەوای هاوولاتیانی عیراقە، هەروەها ئەو ماددەیە چوارچێوەی ڕەسمی بوونی زمانەکە و چۆنیەتی جێبەجێکردنی بە یاسا لەو بوارانەی، کە دەیانگرێتەوە باس دەکات، وەک(١٠٣):

١- دەرچوونی ڕۆژنامەی فەرمی (ڕووداوەکانی عیراق- الوقائع العراقية) بە هەردوو زمان.

٢- قسەکردن و لێدوان و گوزارشت کردن لە بوارە فەرمییەکاندا، وەک ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەنجوومەنی وەزیران، دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان بەهەر یەک لەم دوو زمانە بێت.

٣- دانان بە بەڵگەی فـەرمی و نووسـراوەکـان و دەرکردنی بەڵگە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

٤- کردنەوەی قـوتابخانەکان بە هەردوو زمـان بە پێی ڕێوشوێنە پەروەردەییەکان.

٥- هەر بوارێکی دیکە کە پرەنسیپـەکانی یەکسانی تێدایە، وەک دراوی کاغەز و پاسپۆرت و پوول.

٦- دامـەزراو و دەزگـاکـانی فـیـدراڵی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردێنن.

بە وردبوونەوە لەو ماددەیە جیاوازییەکی یەکجار گەورە دەبینرێت لە نێـوان ئەوەی لە یاسـای ئۆتۆنۆمی سـاڵی ١٩٧٤ بڕیاری لی درابوو، چونکە پێشکەوتنێکی گەورە دەبینرێت سـەبارەت بە زمـانی کـوردی، سـەرەڕای ئەو بنەمایانەی دەستوورەکانی پێشتر لە بارەی زمانی کوردی دانیان پێدانابوو، کە لە بوارێکی تەسک و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو جێبـەجێ کراون، یان هەر نەکـراون، بەوەش کورد هەلێکی باشی بۆ ڕەخسا بۆ پێشکەوتنی زمانەکەی هاوشانی زمانی عەرەبی، لە هەمان کاتدا عیراقی کردە دەوڵەتێکی ناوچەکـە، کـە دوو زمـانی ڕەسـمی هەبێ. لەگەڵ ئەو ئەرێنییـەی لە مـاددەی (٩)دا هەیە(١٠٤)، کەموکورییەکیشی تێدایە، چونکە دەبوایە دەقێکی ئەو یاسایە (یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق) بە زمانی کوردی بوایە، واتە دەقە ڕەسـەنەکە، بۆ ئەوەی لە کـاتی ڕوودانی هەر ناکـۆکـیـیـەکـدا لە نێـوان دەقی هەردوو زمـانەکـە، تەنیـا بۆ زمـانێک نەگـەڕێتـەوە، بەڵکو بۆ هەردوو زمـان، یان ئەو کـات ناچار دەبوون پەنا بۆ دادگا ببەن(١٠٥).

### ٧: دەستووری هەمیشەیی عیراق ساڵی ٢٠٠٥

وەک پێـشـتـر ئامـاژەمـان بۆی کـرد، کـە یاسـای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عـیـراق کـە لەلایەن ئەنجـوومـەنی حوکمەوە دانراوە تا ٢٠٠٥/١٢/٣١ کاری پێ دەکرێت، ئەوەبوو لە ٢٠٠٥/١/٣٠ دا هەڵبـژاردنی گـشـتی لە عیراق ئەنجام درا و لە ٢٠٠٥/٤/٦ (جەلال تاڵەبانی) بە سەرۆک کۆماری عیراق هەڵبژێررا و لە ٢٠٠٥/٤/٧ ئیبراهیم جەعفـەرییـان ڕاسپارد بۆ ئەوەی ئەنجـوومـەنی وەزیرانی عیراق پێکبهێنێ(١٠٦).

لە ٢٠٠٥/٥/١٠ ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراق لە کـۆبوونەوەیەکی تایبـەت بە دارشـتنی دەسـتـووری هەمیشەیی عیراق، کۆمیتەیەکی هەڵبژارد، کە ژمارەیان (٥٥) ئەندام بوون(١٠٧). دوای چەندین دانیـشـتن و ڕاوێژکـردن، ئەوەبوو هەمـوو لایەنەکـانی گـفـتـوگـۆ لە هەندێک ئیمتیـازاتی خۆیان دابەزین و هەموو ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لە سەری ڕێککەوتن و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٨/٢٢دا کـۆمـیـتـەی نووسـینەوەی دەستوور، ڕەشنووسی دەستووریان تەواوکرد و پێشکەشی بە ئەنجـوومـەنی نیـشـتـمـانی عـیـراق کـرا و ئەویش ڕەزامەندی لەسەر نیشـان دا، دواتر پڕۆژەی دەستوورەکە بۆ وەرگـرتنی ڕەوایەتی لەلایەن گـەلانی عـیـراقـەوە لە ٢٠٠٥/١٠/١٥ لە ڕیفـرانـدۆمـێکی سـەرتاسـەریدا پەسەند کرا(١٠٨).

دەسـتـووری هەمـیـشـەیی عـیـراق (٢٠٠٥)، لە ١٣٥ مـاددە پێکدێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە زمـانی کـوردی لەم دەستوورەدا، ئەوە لە ماددەی (٤)ی ئەم دەستوورەدا باسی زمانی کوردی دەکات وەک زمانێکی فەرمی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا.

ماددەی (٤) لە دەستووری عیراق(١٠٩)

**یەکەم:** زمانی عـەرەبی و کوردی دوو زمانی فـەرمین لە عـیـراقـدا، مـافی سـەرجـەم عـیـراقـیـیـەکـان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەک تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دەزگاکـانی فێرکردنی دەوڵەتدا مسۆگەر دەکات بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بەهەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

**دووەم:** چوارچێـوەی زاراوەی زمـانی فـەرمی دیاری دەکـرێت، چۆنیـەتی جێـبـەجێکردنی حوکـمـەکـانی ئەو مـاددەیەش بە یاسـا دیاری دەکـرێت و ئەم خـاڵانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قـسـەکـردن و وتوێژ و دەربڕین لـە بـوارە فـەرمـیـیـەکـاندا بە هەر یەک لەم دوو زمـانـە، وەک ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

ج- دانان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و نووسراوەکان بە هەردوو زمان و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

د- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.
هـ- هەر بوارێکی دیکە، کە بنەمای یەکسانی بگرێتەوە، وەک دراو و پەساپۆرت و پوول.
**سێیەم:** دامەزراو و دەزگاکانی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.
**چوارەم:** زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی دیکەن لەو یەکە ئیدارییانەدا کە تێیاندا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.
**پێنجەم:** هەر هەرێم، یان پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوچەیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا.
ئەم ماددەیە گرنگی و کاریگەرییەکی بەهێزی یاسایی و سیاسی هەیە، چونکە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمییە لە عیراقیدا، هەروەها دەبێت هەردوو زمانەکە لەلایەن دەزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بەکاربێن، لێرەدا دەبینین زمانی کوردی لە پلە و ئاست و لە هەموو بوارەکاندا هاوتای زمانی عەرەبییە، ئەمەش ئەو ئەنجامەی لی دەکەوێتەوە، کە کورد بە نەتەوەیەکی سەرەکی دانراوە، بەمەش لە عیراقدا لە ڕووی دەستوورییەوە گۆڕانێکی دیکەی هێنایە ئاراوە بە بەراورد لەگەڵ دەستوورەکانی دیکەدا، چونکە دەستوورەکانی پێشووتر، کە دانیان بە زمانی کوردیدا ناوە، تەنیا بۆ ئەو ناوچانە بووە، کە زۆرینەیان کورد بوون. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە ئەم ماددەیەی دەستووری هەمیشەیی عیراق بە تەواوی جێبەجێ ناکرێت، ئەگەرچی چەند لایەنێکی جێبەجێ کراوە، لەوانە دەرکردنی پاسپۆرت بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی، سوێندخواردنی ئەندامانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بە زمانی کوردی، بەڵام قسەکردن بە زمانی کوردی لە نێو هۆڵی پەرلەمان تا هەنووکە جێبەجێ نەکراوە. لەم بارەوە ڕێکخراوی زمانناسی(١١٠)بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی لە گۆڤاری زمانناسی لە ژمارەکانی (٨) و (١١) داوای ئەوەیان کرد، کە ئەندامە کوردەکان لە پەرلەمانی عیراقدا بە زمانی کوردی بدوێن و لەم بارەشەوە ئامێری وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە پەرلەمانی عیراق بەکاربهێنرێت، تاکو زمانی عەرەبی وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەوە زمانی کوردی وەرگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، دواتر هەریەک لە لیستەکانی کوردستانی و گۆڕان بە نووسراوی فەرمی داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد ئەم هەنگاوە جێبەجێ بکات و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ڕەزامەندی نیشان دا(١١١). بۆ پەیڕەوکردنی دەستووری هەمیشەیی عیراق، لەسەر سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق پێویستە بە زمانی کوردی قسە بکەن، یان لێدوان بە زمانی کوردی بدەن، چونکە ئەگەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەرلەمانی عیراقی نەچەسپێت، ئەوە کورد (شەڕی زمانی) لە خولێکی دیکەی پەرلەماندا بۆ دروست دەبێت و لە کۆتاییشدا دەبێت ئەوە بوترێت کە بەکارهێنانی زمانی کوردیمان کردووەتە هۆکارێک بۆ ساغکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی جێ ناکۆکەکان(١١٢).

### ٨: زمانی کوردی لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عیراق ساڵی ٢٠٠٩

دوا بەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و کشانەوەی هێزەکانی حکومەتی عیراق لە شارە کوردییەکانی کوردستان، هەڵبژاردن ئەنجام درا، دواتر پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێنرا، گەرەک بوو ئەم هەرێمە وەک پێویستییەک دەستوورێکی تایبەت بەخۆی هەبێت، دوای چەندین خولی پەرلەمان، ئەوەبوو پەرلەمانی کوردستانی عیراق لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عیراقی پەسەندکرد، ئەم پرۆژەیە لە (١٢٢) ماددە پێکهاتووە، جێگەی داخە دەستووری هەرێم تاکو ئێستا پرۆژەیە و ڕیفراندۆمی لەسەر نەکراوە تاکو لە پرۆژەوە بگۆڕدرێت بۆ دەستووری هەمیشەیی هەرێمی کوردستان.
لە ماددە (١٤)ی ئەم دەستوورەدا ئاماژە بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ یەک لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بکات، کە ئاخۆ کامە دیالێکت، یان شێوەزار لەنێو زمانی کوردیدا فەرمییە.

مـــاددەی (١٤)ی پرۆژەی دەســـتـــووری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە(١١٣):

**یەکەم:** کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن و ئەم دەستووره مافی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر دەکات لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە دامودەزگا فـێرکارییـەکـانی حکوومـەتدا بەپێی مـەرج و ڕێککارییەکانی پەروەردەیی بە زمانی زگماکی خۆیان، ئەمـەش زمـانەکـانی تورکـمـانی و سریانی و ئەرمـەنیش دەگرێتەوە.

**دووەم:** زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمین لەتەک زمـــانی کـــوردی و عـــەرەبیـــدا، لەو یەکـــە کارگێڕییانەدا کە ئەوانەی بەو زمانانە دەدوێن، زۆرینەی دانیـــشـــتـــووان پێکدێنن، ئەمـــەش بە یاســایەک ڕێک دەخرێت.

**سێیەم:** لەهەرێمی کـوردسـتـان کـار بە حوکـمـەکـانی ماددەی (٤)ی دەسـتـووری فـیـدراڵی دەکرێت لە بارەی زمـانی فـەرمـیـیـەوە لە هەر جێـیـەک بواری یاسـایی بۆ جێبەجێکردنی هەبێت.

کەواتە ئەم ماددەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە زمانی کوردی زمانی فەرمـیـیە، لە هەمان کاتیـشـدا ئاماژە بە ماددەی (٤) دەسـتـووری عـیـراقیش دەکات وەک پابەندبوونێک بۆی، کــە ئەمـــەش ئامـــاژەیەکـە بۆ ئەوەی کـە زمـانی عـەرەبیش لە پاڵ زمـانی کوردیدا زمـانی فـەرمـیـیـە لە هەرێمی کـوردسـتـانی عـیـراق، بەو واتایەی دەکـرێت لە فـەرمانگە میرییـەکـانی حکوومەتی هەرێمی کـوردسـتـان نووسـراو بە زمـانی عـەرەبیش بنووسـرێت و کــاری پێ بکرێت.

ئەوەی جێگەی سـەرنجە لەم مـاددەیەدا ئاماژە بە هیچ شێـوەیەکی زمـانی کوردی ناکـات، واتە بە ڕاشکاوانە ناڵێت ئاخـۆ زمـانی سـتــانداردی حکوومــەتی هەرێم کرمانجی ناوەڕاستـە، یان کرمانجی سەروو، بەڵکو تەنیا ئامـاژە بە زمـانی کـوردی دەکـات، کــە ئەمــەش ڕەنگە جـــۆرێک بێت لە خـــۆدزینەوە لە بڕیاردان لەســـەر بە ستانداردکردنی زمانی کوردی بە شێوەیەکی دەستووری و یاسـایی، یانیش حکومـەت دەزانێت کـامـە شێـوە بەرەو سـتـانداردبوون ڕۆیشـتـووە، بۆیە بەم جـۆرە ئامـاژەی بۆ کـــردووە، بەو واتایەی ڕەنگە داڕێژەرانی ئەم یاســـایە ئەوەیان لەلا ڕوون بێت، کە کرمانجی ناوەڕاست شێوەی ڕەسمی حکوومەتە، بۆیە گەرەک ناکات ناوی بهێنرێت، کە ئەمەش بۆچوونێکە ڕەنگە ڕاست بێت، یان هەڵە.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


٧٥- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٨٦.

٧٦- صـالـح جـواد کـاظم(د) و اخـرون (١٩٩٠)، النظام الدسـتوري في العراق ١٩٨٠- ١٩٨١، وزارة التعليم العالي، جامعة بغداد، بغداد، ص٩٥- ٩٦.

٧٧- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٨٦- ٨٧.

٧٨- الدستور العراقي المؤقت الصادر في ١٦ تموز ١٩٧٠.

٧٩- هەمان سەرچاوە.

٨٠- الدستور العراقي المؤقت الصادر في ١٦ تموز ١٩٧٠.

٨١- فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا (٢٠٠٨)، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عیراق- ١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ ی مارتی ١٩٧٤، نامەی ماستەر- بلاوکراوە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل٨٠.

٨٢- مـسـعـود البـارزاني (٢٠٠٢)، البـارزاني و الحـركـة التحررية الكردية، ج ٣، مطبعة التربية، اربيل، ص٥٤٩.

٨٣- مـــســـعـــود بارزانی (٢٠٠٤)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١- ١٩٧١، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل٣٣٨- ٣٤١.

٨٤- فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵلا (٢٠٠٨)، بارودۆخی سیاسی کوردستانی عیراق ١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤، ل٨٠.

٨٥- مسعود بارزانی، هەمان سەرچاوە، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل٣٤٥- ٣٤٦.

٨٦- مسعود بارزانی، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل٣٦٥- ٣٦٦.

٨٧- ئیسمـاعـیل ئیبراهیم سەعـید (د) (٢٠٠٧)، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردی، بەغدا ١٩٧٠- ١٩٧٤ قۆناغێکی نوێ، (نامەی دکتۆرا- بلاوکراوە)، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ل٨٤٢.

٨٨- ئازاد عوبێد، هەمان سەرچاوە، ل٢٠٦- ٢٠٧. گۆڤاری برایەتی، ژ (١)، ١٩٧٠/٦/١، ل٢٤.

٨٩- ڕ. برایەتی، ژمـارە (٧)، تشـرینی یەکـەمی ١٩٧٠،

ل٢٠.

٩٠- بڕوانە: ئازاد عـوبێـد(٢٠٠٧)، کـاریگەری شـۆڕشی ئەیلوول لەسـەر ڕۆژنامـەوانیی کـوردی ١٩٦١- ١٩٧٥، نامـەی ماسـتەر- بڵاوکراوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێـر، ل٢٠٦- ٢٠٧. جـريدة التـاخي، عـدد ٥٥٦، ١٩٧٠/١٠/٥، عـدد ٦٠٣، ١٩٧٠/١١/٢٩، عـدد ٨١٨، ١٩٧١/٨/٢٥، عـدد ١٠٧٧، ١٩٧٢/٧/٤، عـدد ١١٧١، ١٩٧٢/١٠/٢٤.

٩١- بڕوانە: ئازاد عوبێد، هەمان سەرچاوە، ل٢٠٨، ڕۆژنامەی نوێ، ژ (٣٨)، ١٩٧٣/٣/١٣.

٩٢- ئیحسان شێرزاد (١٩٧٣)، دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەغدا، ل٣.

٩٣- جـێگای ئاماژە پێکردنە لە بەغـدا تاکو ئێسـتـا ئەم لیژنەیەی کۆڕی زانیاری کوردی هەر ماوە، بەڵام وەک پێشتر کارا نییە، چونکە لە ساڵی (١٩٩٦)ەوە لە کوردستان (کۆڕی زانیاری کوردستان) دامـەزراوە، کە ئێستاکە ناوەکەی گۆڕاوە و بووە بە (ئەکادیمیای کوردی)، وەک ئەلتەرناتیـڤێک بۆ کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا و پێوەندیشیان لەگەڵ ئەو کۆڕە نییە.

٩٤- کەمال مەزهەر(د)(١٩٧٣)، پوختەی کارەکانی کۆڕ لە خولی یەکەم و دووەمیـدا، گۆڤاری کۆڕی زانیـاری کـورد، بەرگی یەکەم، ل٣٢٢- ٣٢٤.

٩٥- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٦.

٩٦- ڕەفـیق سـابیـر(د)(٢٠٠٨)، هەمـان سـەرچاوەن ل٤٦- ٤٧.

٩٧- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٩٨.

٩٨- قاضي نبيل عبدالرحمن حياوي (٢٠٠٦)، قرارات سلطة الائتلاف المؤقتة في الادارة والقانون والقضاء، بغداد، ص٣.

٩٩- حميد حنون خالد(٢٠٠٥)، دراسات دستورية عراقية، المعهد الدولي لحقوق الانسان، كلية الحقوق بجامعة ديبول، الطبعة الاولى، ص٤٢٨.

١٠٠- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل٩٨.

١٠١- هەمان سەرچاوە، ل١٠٤.

١٠٢- منذر الفـضل(د)(٢٠١٠)، مـشكلات الدسـتـور العراقي، الطبعة الاولى، منشورات اراس، اربيل، ص٢٨١.

١٠٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٨١.

١٠٤- ڕێبین محەمەد سۆفی، هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

١٠٥- شەفیق حاجی خدر، ماددەی (٥٨)، ڕ. کوردستانی نوێ، ئۆرگـانی (ی. ن. ک)، ژ. (٣٦٩٩)، ٢٠٠٥/٦/١٦، ل٦.

١٠٦- ڕێبین محەمەد سۆفی، ل١٢٩.

١٠٧- هەمان سەرچاوە، ل١٣٠.

١٠٨- کەریم بەحری برادۆست (٢٠٠٦)، چەند وێستگەیەک لە نووسینەوەی دەستووری فیدراڵی بۆ عیراق، چاپی یەکەم، ل١٢.

١٠٩- دەستووری کۆماری عیراق، ئابی ٢٠٠٥.

١١٠- ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ٢٠١٠/١/٢٥ وەک ڕێکخراوێکی تایبەت بە بوارەکانی زمانی کوردی فەرمانی وەزاری لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پێ دەرچووە و ئەم ڕێکخراوە گۆڤارێک بەناوی گۆڤاری (زمانناسی) دەردەکات، ئەم گۆڤارە هەموو بابەت و لێکۆڵینەوەکانی تایبەتن بە بوارەکانی زمان.

١١١- بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر ئەم باسە بڕوانە: گۆڤاری زمـانناسی، ژ (٨)، شـوباتی ٢٠١٠، و ژ. (١١)، ٢٠١١، ڕ. ئاسـۆ، ژ (١٣٦٧)، ٢٠١١/١/١٩ و ڕ. ڕۆژنامـە، لە ٢٠١١/١/١٨.

١١٢- سەلام ناوخۆش، دانانی ئامێری وەرگێڕی ڕاستەوخۆ لە پەرلەمانی عیراقیدا نە پرۆژەی لیستی کوردستانییە و نە لیستی گـۆڕان، بەڵکو پرۆژەی ڕێکخـراوی زمـانناسی کـوردییـە، گ. زمانناسی، ژ (١١)، ٢٠١١، ل٣- ٦.

١١٣- پرۆژەی دەسـتـووری هەرێمی کـوردسـتـان لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ لەلایەن پەرلەمانی کوردستان- عیراقەوە پەسەند کراوە.

# مووساسیر، ڕووگەی ئوورارتوو‌ییەکان "گۆمان و دوودڵی هاوڕێی باس کردن لە دیرۆکی کۆنە"

شاڕوخ حەسەن زادە
(شنۆ)

نیشتمانی ئوورارتوو بەشێکی بەرین لە کوێستانەکانی ئاسیای خۆرئاوا لەخۆ دەگرێ کە بریتییە لە بانی ئەرمەنستان، هەروەها نێوان دوو بەرزایی ئێران و ئاناتۆلی هەڵکەوتووە، ئەم ناوچەیە بە گشتی چیا و کوێستانی گەلێک هەن و لووتکەی شاخەکان هەوری ئاسمان ئازار دەدەن! (ئاگری) دۆڵ و گەلیی ئەم ناوچەیە یەکجار زۆر سەخت و چەتوونە و ڕووبار و گۆلی پڕ ئاوی لێ دەبینرێ (ئاراز و...تاد)، ئەو ناوچە کوێستانی و پڕ پیت و بەرەکەتە سێ گۆل لە خۆ دە گرێ، زەریاچەی وان (نائیری، تووپیتیس، توشپا). گۆلی ورمێ. زەریاچەی کوێستانی سوان (گوکچە) کە لەوبەری قەوقاز هەڵکەوتووە، لێرەوار لە ئەرمەنستان کەمە، بەڵام لە زنجیرە کێوەکانی تەنیشتی بونتۆ و کوردستان دارستانی چڕوپڕ دەبینرێ، کانگای زێڕ و ئاسن، مس و...تاد لێیەو کەشوهەوای بە گشتی لە وەرزی زستان زۆر ساردە و هاوینیش کەشێکی فێنک و لەباری هەیە.

## مێژووی ئوورارتوو

لاپەڕەی مێژوویی بۆ ناساندنی ئەم شانشینە پڕ سەروەرە بەپێی بەڵگەنامە ئاشوورییەکان کە شوناسی ئەم ناوچەیەمان بۆ دەردەخات، ساڵژمێرەکانی ئاشوور کە باسی شەڕ و لەشکرکێشییەکانی ئاشوور بۆ لای باکوور دەکات لە نێوان سەدەکانی نۆ تا شەشی پێش زایینە، لە کۆتاییەکانی تەمەنی ئوورارتوو سەرچاوەی بابلیش باسی ئەم شارستانیەتە دەکات.

ساڵەکانی نێوان سەدەی نۆی بەر لە زایین هێرش، کاول کردن و ڕووتکردنەوەی خەڵکی ئاشوور بە دژی هاوسێکانیان دڵتەزێنە، خەڵکی ناوچەکە لە ژێر تەوژم و

ئەوپەڕی گـوشـار دەسـەڵاتی ئاشـوورییـەکـانیـان پەسـەند کـردووە و ناچار بوونە بەشـێـوەیەکی زۆرەملێ باج و خەراجێکی زۆر بدەنە ئەم دەسەڵاتدارە، کە پێی دەوترا " داتوو کابیتۆ" (باجی زۆر گران و تاقەت پڕووکێن)، بە دوای هەر هێرشێکدا بۆ سەر هاوسێ و دەوروبەریان جا چ شـار با چ لادێ بە ئاو و ئاگـر دەڕژانە سـەریان و بە توندترین شێوە لە ناویان دەبردن و بەوپەڕی بێ بەزەییەوە ماڵیان دەسووتاندن و سەریان دەبڕین، وێنەیەک لە باسی لەشکرکێشـانی سـەلمانسـەری سێـیـەم بۆ سـەر جینار و دەوروپشـتی خـۆی لە زمـانی خـۆیەوە " من لە ئاریدۆوە (aridu) بەڕێ کـەوتم، بە کولێنگی مـەفرەقی و مـسی ڕێگە سـەخت و دژوارەکـانی کـوێسـتـانم بڕی و ئەو قـەڵا سەرکەشانەی لەبەردەم ڕێگەم بوون وێرانم کردن، لە پێش سـەرباز و پیـاوەکـانم بەهێـزی ئەرابەکـان گـەیمە خـووبووشکیـا ، ئەم ناوچەیەم بە سـەدان مـاڵ و حەشیمەتەوە ئاگردا، کاکیا kakia سەرۆکی نابیری و پاشماوەی سەربازەکانی لە شێر و گورزی بە سامی من ترسان و بۆ لای کێوەبەرزەکان هەڵاتن، منیش بە دوایان کەوتم و لەسەر لووتکە قنجەکان دەستم بەسەرداگرتن و تێکم شکاندن، ئەرابە و پیـاوی شـەڕکـەر و ئەسپی بە هێزم کۆکردنەوە، سام و گەورەیی خواوەندی من ئاشوور، ترس و دڵەڕاوکـەیی خسـتـە ناو دڵیـان و لە شـاخـان داگەڕان و خۆیان هاویشتە بەر پێم و پێڵاویان ماچ کردم، باج و خەراجم بەسەردا سەپاندن.لە خوبووشکیا بەرەو سـوگـوونیـا (sugunia)، قـەڵای ئارامـۆ، ئوورارتووییەکانم ڕاونا و پاش گەمارۆدان و شەڕ، دەستم بە سەر شارەکـەدا گرت، گەلێک لە پیاوە شەڕکەرەکانم کوشت و لە کەلەی سەری ئەو خەڵکە چیایەکم بەرانبەر بە شـارەکـەیان چێ کـرد، دەسکەوتی زۆرم بوو، چواردە وشـتـرم ئاگـر دا، لە سوگـونیا جـووڵەم بە سوپا کـرد و لەتەنیشت زەریای نابیری، چەکی خوێناویم شووشتەوە و بۆ خوای خۆم قوربانیم کرد"

هەر ئـەم زوڵـم و زۆرداری و هێـــرشی بێ بـەزەیی و ناجوامێریانە بوو کە پۆل پۆل خـەڵـک لێـیـان وە دەنگ هات و ئەم جارە بەرگرییـان لە خـۆ دەکـرد تا ساڵەکـانی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆی بەر لە زایین هێـزێکی یەکگرتوو لە باکووری وڵاتی ئاشوور سەری هەڵدا و بوو بە چقڵی چاوی هێرشبەران.

کۆنترین سەرچاوە هی سەدەی سێزدەی بەر لە زایینە کە سـەلمانسـەری سێـیـەم دەسـەڵاتداری مـەزنی ئاشـوور بە ئورواتری (uruatri) وەک کـۆمـەڵێکی یەکگرتووی نەتەوەیی ناوی دەبات.

لە بەردەنووسی ئاداد نیـراری دووەم (سەدەی دە و نۆی پ.ز) زاراوەی ئوراتری (u-ra-at-ri) دەنووسرێتەوە و لە سەدەی نۆ بەو لاوە تا کۆتایی دەسەڵاتیان بە ئوورارتوو دەناسـرێن، لە تەوراتدا بە ئارارات ناوی هاتووە دەڵێ: ئەم پاپۆڕە ڕۆژی حەڤدەی مانگی حەوت لەبان یەکێک لە کـێـوەکـانی ئارارات نیـشـتـەوە"(وەرزی هەشـتـەم ئایەتی چوارەم)، هەروەها لە کتێبی ئەشعیای نەبی (وەرزی سی و حـــەوت ئایەی ٣٨) هاتووە کـــە پاش کـــوژرانی سـەنحـاریب خـونکاری ئاشـوور منداڵەکـانی بۆ لای نیشـتـمانی ئارارات هەڵاتن، لە کتێبی یەرمیا (وەرزی شەش ئایەی ٢٧) دەسەڵاتی مینی و ئەشکەناز لە وڵاتی ئاراراتەوە هاتوون، هیـرۆدۆت باوکی دیرۆکنووسـان، ئوورارتووەکـــانی بە نـاوی ئالاروودی (alarodi) ناو بردووە.

یەکەم پاشا دوای سەدەی سێزدە کە بە فەرمی لەلایەن ئاشـووره تەپڵی شـەڕی بۆ کـوترا ئارامـۆ بوو، کـە سەلمانسەری سێیەم ساڵی (٨٦٠ پ.ز) بە گژیدا هات.

یەکـێک لە بەهێـزترین سـەرۆکـەکـانی ئوورارتـوو کـە سەرچاوە ئاشوورییەکان دانیان پێدا نەناوە مینۆوا بووە، کە لە سـەردەمی شـامـورامـات (شـووی سـەمـیرئـەمـیس) شاژنی ئاشوور ژیاوە.

ناوی ئیشپۆئینی (ispuini) کوڕی ساردووری تەنیا جارێک لە نووسراوە ئاشوورییەکان هاتووە لە سەردەمی دەسەڵاتی شـەمـشی ئەداد، لە ڕەوتی هێرش بردنەکی بۆ سەر نائیری بە ساڵی ٨٢٤ پ.ز ناوی ئارگیشتی کوڕی مـینۆوا چەند جـارێک لە لایەن شـەمـشی ئیـلـــووی ئاشـوورەوە هاتووە، بەم شـیـوەیە ناوی دەسـەڵاتدارانی ئوورارتوو کـەم و زۆر لەلایەن کاربەدەسـتـانی ئاشوورەوە هاتووە، تا دەگاتە ساڵی ٧٣٠ بەر لە زایین ڕووداوەکانی دەورانی شـا ڕوسـا (rusa) کـوڕی سـاردووری زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا، تەنانەت چۆنیـەتی مـردنی ئاشکرا دەکات.

ناوی سـەرۆک و پاشـاکـانی ئوورارتوو بە ڕیزبەند بەم شێوەیە.

١- ئارامۆ (aramu) سەردەمی سەلمانسەری سێیەم (٨٢٥- ٨٦٠ پ.ز) ناوبراو لە ساڵەکانی ٨٦٠- ٨٥٨ و ٨٤٦ لە ساڵنامە ئاشوورییەکاندا ناوی هاتووە.

٢- ساردووری(sarduri) کوڕی لوتیپری (lutipri) کەتیبە، یان نووسراوێک بەم ناوە لەسەر قەڵای وان هەڵکەنراوە و هاوسەردەمی سەلمانسەر سێیەم بووە.

٣- ئیشپۆئینی (ishpuini) کوڕی ساردووری لە تەک شەمشی ئەداد (٨٢٥- ٨١٢ پ. ز) خونکاری ئاشوور لە یەک کات و ساتدا سەرۆکایەتی کردووە ناوی ئەم دەسەڵاتدارە لە نووسراوەی ساڵی ٨٢٤ دا هاتووە.

٤- مینۆوا (menua) (٧٨١-٨١٠پ.ز) کوڕی ئیشپۆئینی لە سەردەمی سەمیرئەمیس شاژنی ئاشوور (٨١٢- ٨١٣ پ.ز)، ئاداد نێراری سێیەم (٨١٢- ٧٨٣ پ.ز) و سەلمانسەری چوارەم (٧٨٣- ٧٧٣) شای ئاشوور ژیاوە.

٥- ئارگیشتی (argishti) کوڕی مێنۆوا (٧٨١- ٧٦٠ پ.ز) هاوکات لەگەڵ سەلمانسەری چوارەم و ئاشووردانی سێیەم (٧٧٣- ٧٥٤ پ.ز) ڕۆڵی گێڕاوە.

٦- ساردووری کوڕی ئارگیشتی (٧٦٠- ٧٣٠) سەردەمی ئاشووردانی سێیەم (٧٧٣- ٧٥٤ پ.ز)، ئاشوور نیراری چوارەم (٧٥٤- ٧٤٥ پ.ز) و تیگلات پیلیسێری سێیەم (٧٤٥- ٧٢٧ پ.ز) بە پێی بەڵگەنامەکانی ئاشووری ساڵەکانی (٧٤٣- ٧٣٥) هێرش کراوەتە سەر نیشتمانی ئوورارتوو.

٧- ڕۆسا (rusa) (٧١٤- ٧٣٠ پ.ز) کوڕی ساردووری هاوکاتی تیگلات پیلیسێری سێیەم (٧٤٥- ٧٢٧)، سەلمانسەری پێنجەم (٧٢٧- ٧٢٢ پ.ز) و سەرگۆنی دووەم (٧٢٢- ٧٠٥ پ.ز)، ئەمەیە کە بەڵگەیەکی زۆری لە لایەن ئاشوورییەکانەوە لەسەر نووسراوە، تەنانەت چۆنیەتی مردنیشی باس کراوە.

٨- ئارگیشتی (٧١٤- ٦٨٥) کوڕی ڕۆسا، سەردەمی سەرگۆنی دووەم (٧٢٢- ٧٠٥ پ.ز) و سەنحاریب (٧٠٥-٦٨١ پ.ز).

٩- ڕۆسا کوڕی ئارگیشتی (٦٨٥- ٧١٤ پ.ز) سەردەمی ئەسەرحەدوون (٦٨١- ٦٦٨) و ئاشوور پانیپاڵ (٦٦٨-٦٢٤) ناوی ئەمە ساڵی (٦٥٤) لە ساڵنامە ئاشوورییەکاندا هاتووە.

١٠- ساردووری کوڕی ڕۆسا (٦٥٤-٦٢٥ پ.ز)سەردەمی ئاشوور پانیپاڵ (٦٦٨-٦٢٤) و ئاخرین شای ئاشوور لە ساڵنامەی ئاشووری ساڵی ٦٣٩ یادی کراوەتەوە.

١١- ئێریمێنا (erimena) (٦٠٥- ٦٢٥ پ.ز) ئەم ناوی تەنیا لە نووسراوەکانی کوڕەکەیدایە.

١٢- ڕۆسا (٦٠٥- ٥٩٠) کوڕی ئێریمێنا دوایەمین شای ئوورارتوو کە لەو سەرۆکە بەردەنووسی بزماری بەجێ ماوە.

یەکێک لە پڕشەنگدارترین دەورانی دەسەڵاتی ئوورارتووییەکان لە سەردەمی شا مینۆوادا بووە ئەم خونکارە بە هێز و زانا و بیرتیژە، توانی حەفتا ساڵ دەسەڵاتی هەبێ و حکوومەتی خۆی بکاتە یەکێک لە مەزنترین دەسەڵاتی ئاسیا، لە سەردەمی ئەم کەڵە پیاوەدا بایەخێکی زۆر بە کەرتی ئاوەدانی و ئاوەدانکردنەوە درا، بە تایبەتی لە ناوەندی ژێر دەسەڵاتی، زیاتر لە سەد بەردەنووس بە ناوی مینۆوا دۆزراوەتەوە، کە زۆربەیان باسی ئاوەدانکردنەوە و ئیشی بیناسازی و جۆگە و جۆماڵ و ئاوەڕۆ دەکات.

ماوەی دەسەڵاتی ئوورارتوو زیاتر لە ئاشوورییەکانی خایاند، حکوومەتێک کە لەسەدەی حەوتی پێش زایین ناوچە داگیرکراوەکانی لە دەست دەرهات و لە شەڕێکی قورس لە تەک مادەکان کە بەرەو هێزێکی مەزنی ناوچەیی دەچوون و بابل کە لە خۆی جیا ببووەوە تووشی شەڕهات. یەکگرتن لە تەک میسر نەیتوانی ئاشوور لەم دۆخە ڕزگار بکات، ساڵی (٦١٤ پ.ز) مادەکان دەستیان بە سەر ئاشووردا گرت و تێکیان شکاند، ساڵی (٦١٢ پ.ز) بە هاوبەشی ماد، بابل و سەکایەکان نەینەوا دووەم پایتەختی ئاشوورییەکان داڕما و ئاشوور ئوبالیت دوایەمین خونکار ناچار بە پاشەکشە بوو، توانی تا ساڵی (٦١٠پ.ز) خۆی لە حەڕان بپارێزێ، بەڵام ساڵی (٦٠٥ پ.ز) پاش تێکشکانی کارکمیش، ئیمپراتۆری ئاشوور بۆ هەمیشە دەستی لە تاڵان و کوشتن و زوڵم و زۆری بڕا و مێژوو چی دیکە ئەم دەسەڵاتەی بە خۆوە نەدیتەوە.

هەندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە کۆتایی کاری ئوورارتووییەکان، داڕمانی شاری تووشیپا و دەسەڵاتی مادەکان بە وڵاتی ئوورارتوو ساڵی (٦٠٩ پ.ز) بووە،

هەڵبەت ئەوە نە تەنیا کۆتایی دەسەڵاتی ئوورارتوو نەبووە و تێک دانەرما، بەڵکو یەکگرتنەوەیەک بووە، کە بە ناوێکی دیکە (شانشینی ماد) بە سەر نیشتمانی خۆیاندا پاشایەتییان کردووە.

بۆ باسی لێکۆڵینەوەی دێرینناسی و دۆزینەوەی ئاسەواری ئەم دەسەڵاتە مەزنە، کەسانێکی زۆر تێکۆشاون و توانیویانە بە زۆر شت بگەن، لەوانە ئەکادیمیای دێرین ناسی زانستی ئەرمەنستان، کەسانی وەک کلایتۆن، ڕینۆلدز، ڕەسام و...تاد.

پڕ بەهاترین ئاسەواری دیتراوە لە مۆزەکانی بەریتانیا، بەرلین و لۆوێری فەڕەنسا و ئارمیتاژی ڕووسیا و گورجستان و...تاد.

کۆی گشتی شوێنەواری بەردینی نووسراوە بە ڕێنووسی بزماری کە دۆزراوەتەوە ٣٨٠ دانەیە.

یەکەم کۆمەڵە بەردەنووسی ئوورارتووی لە ساڵی (١٨٨٢ز) بە دەستی سایس کۆ کرانەوە، ناوبراو بوو کە توانی ٥٧ بەردەنووس تا ئەوکات بناسێنێت، هاوکات لە ڕوویان بنووسێتەوە و وەریانگێڕێتەوە و بڵاویان بکاتەوە، ئەم کارە لە لێکۆڵینەوەی ئەمڕۆدا بایەخی نەماوە.

ساڵی ١٨٩٨ یەکەمین پۆلی کەونی ناسان بە سەرۆکایەتی لێمان هاوپت بۆ شاری وان نێردران، کارێکی مەزن لەو بارەوە کە کرا ساڵی ١٩٢٨ بوو کە لێمان هاوپت، ١٩٣ بەردەنووسی لە ڕووی نووسیوە و بڵاوی کردەوە، ناوبراو لە وەرگێڕانی ئەم شوێنەوارانە خۆی بوارد و وزەی خۆی بۆ لەڕوو هەڵگرتنەوە و وێنە و نیگاری شوێنەوارەکان تەرخان کرد، بەداخەوە ئەم کارە بە بڵاوبوونەوەی بەرگی دووەمی لە ساڵی ١٩٣٥ ڕاگیرا.

ساڵی ١٩٥٣ کۆمەڵێکی دیکە ئاسەوار، بڕی ٣٧٠ بەردە نووسی ئوورارتوویی بە ڕوونوس و وەرگێڕانەوە و بە دەستی میلیشکیلی بڵاو بووەوە، ساڵی ١٩٥٥ یەکەم بەرگی لێ دەرچوو.

ئێمە لەم چەند لاپەڕەیەدا ناتوانین باسی گشت ئاسەوارە دۆزراوەکان بکەین، هەربۆیە ئاماژە بەو بەردەنووسانە دەکەین کە پێوەندییان بەم بابەتەوە هەیە.

لە وڵاتی ئەرمەنستان ٤٩ شوێنەوار لە دەورانی ئوورارتوویییەکان دۆزراونەتەوە کە زۆربەیان قەڵاو گۆڕستان و بورج و بەردەنووسن (یەکێک لە سەرچاوە هەرە مەزنەکان تایبەتە بە شوێنی دێرینی کارمیربلوورە کە کەونی ناسی مەزن بۆریس پیۆترۆفێسکی خۆی بۆ ماوەی بیست و شەش ساڵ سەرۆکایەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەی کردووە و گرنگترین زانیارییەکانی لێ بەدەست هێناوە و زۆرێک لە کەلوپەلەکانی بۆ مۆزەخانەی ئارمیتاژی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران گواستەوە).

لە هەرێمی نەخچەوانی باکووری ئازەربایجان ٤ ئاسەوار تۆمار کراوە.

وڵاتی تورکیای ئەمڕۆ بەهۆی ئەوەی کە ناوەندی دەسەڵاتداری ئوورارتوویییەکان بووە و شاری توشپا "وان"ی ئەمڕۆ پایتەختیان بووە، ١٧٩ ئاسەواری جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە.

لە خاکی کوردستانی ئێران و بەشێک لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات گەلێک ئاسەوار هاتوونەتە ناسین کە ژمارەیان دەگاتە ٩٢ ئاسەوار.

بە سەرنجدان لەم شوێنەوارە مێژووییانە کە لە سنووری ئەمڕۆی تورکیا و ئێران هەڵکەوتوون، سوپای ئەو شانشینە بە درێژایی مێژوو بە سەرۆکایەتی هەر یەک لە سەرکردەکانیان بەم مەڵبەندەدا هاتوون و شوێنەواریان لە پاش خۆیان بە جێ هێشتووە، هەر لە ماکۆوە تا ئەهەر، سەراب و جولفا تا دەگاتە خوی، سەڵماس، میاندواو و مەهاباد کاری لە سەر کراوە و ئاسەواریان لێ دۆزیوەتەوە، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین ناوی ئەو بەردەنووس و شوێنەوارانەی کە دەکەونە سنوور، یان نزیک سەر سنووری شاری شنۆ، کە وەک کەوانێک بە لای باشووری شنۆدا لێ داڵێتەوە و بەرە و ڕۆژئاوا دەڕوات و لە ئاکامدا بە مووساسیر دەگا ناو بێنین، ڕەنگبێ ئەمە ببێتە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ڕووگەی ئوورارتوویییەکان لەم ناوچەیەدا.

تا کاتێک کلایس مابوو ٨٤ ئاسەوار لە ئێران تۆمار کران، دواتر لە ساڵی ١٣٥٦. بەولاوە ٨ شوێنی دیکە دۆزرانەوە، کە پرۆفیسۆر دکتۆر ساڵوینی ئیتاڵی چالاکییەکی زۆری کردووە، هەڵبەت کەسانی وەک خەتیبی شەهیدی لە زانکۆی ڕاهێنانی مامۆستایان بەشی کەونناسی هەوڵێکی زۆریان داوە و جێی پێ زانینە.

ئەگەر بمانەوێ بەڕیزبەند ناوی ئەم شوێنانە بێنین، ئەوە دەتوانین بەم شێوەیە دەست پێ بکەین.

بە شاری (ورمێ)دا کە بەرەو شنۆ دەکەویە ڕێ، یەکەم

شوێنەوار دەکەوێتە گەلی قاسملوو، کە بە ئەشکەوتی فەرهاد ناسراوە.

ئاوبەندی ئوورارتوویی گەلی خانێ هەڵکەوتوو لە گەلی قاسملوو دوو شوێنەوار لە نزیک یەک کە ئەمڕۆ بە ناوی کانی عەینەڕۆم ناسراوە و لە ڕاستیدا کانی ئەژدیها بووە، بەردەنووسێک لە سەردەمی مینۆوا لەسەر ڕێگەی ورمێ بۆ شنۆ تەپۆڵکەی مەحموودئاوێ (٢٥ ک.م) ورمێ بۆ شنۆ قەڵاتی زیندان (٣٠ ک.م) ڕێگەی ورمێ بۆ شنۆ نزیک قەڵای بەرزی دمدم، قەڵای پاسەوانی ئوورارتوویی‌یەکان لە باراندز، پاسەوانخانەی ئوورارتوویی‌یەکان نزیک ڕووباری باراندز (٦ ک.م.) تەپۆلکەی مەحموودئاوێ بە ناوی سێچان، یان سووچان، تەپۆلکە قەڵا جوق ١٢ ک.م باشووری ڕۆژئاوای مەحموودئاوێ لە زەوییەکانی کانی سپی.

کانی تەلی کە بە زمانی ئازەری پێی دەڵێن تەلی بولاغ ١٢ ک.م لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەحموودئاوێ دەکەوێتە هاوینە هەواری گوندی حەسار.

بەردەنووسی دوو زمانەی ئاشوور ئوورارتوویی گوندی ماوانێ، دەقی ئەم نووسراوە بە بەردەنووسی مێرگە کاروان و تۆپزاوا دەچێ، ئەمڕۆ لە موزەخانەی دیرۆکی ورمێ دەپارێزرێ. شوێنەکی مانەوە و حەسانەوەی سوپا (٨ ک.م)، کانی ئەژدیها قەڵایەکی گچکە (٨ ک.م) سەر ڕێگەی شنۆ بۆ ورمێ، قەڵاتگە (سەیرانگەی ڕیکاوێ) سەر ڕێگەی شنۆ بۆ نەغەدە گردی بەدرەددین، شوێنی حەسانەوە و پێگەی سەربازەکانی ئوورارتوویی سەر بە شارۆچکەی نەڵوسی شنۆ.

قەڵایەکی بچووک سەر ڕێگەی شنۆ بۆ پیرانشار بە ناوی گردە سوور نزیک گوندی سۆفیان، قەڵایەک بۆ کۆنترۆڵی هاتوچۆ نزیک گوندی کیسەکلاویی ئەمڕۆ سەر ڕێگەی کێلە شین (ڕەنگ بێ بۆ لێکۆڵینەوە لەو کەسانە بێ کە ویستوویانە بۆ پەرستگەی مووساسیر بچن!؟).

قەڵا و شوێنی مانەوەی پارێزەران و پاسەوانانی ڕێگەوبان لە سەر چیایەکی بەرانبەر بە گوندی دروو ڕێک لە سەر ڕێگەی چوون بۆ کێلە شین و ئەو شوێنەی کە ڕەنگبێ مووساسیر بێ!؟

بەردەنووسی مێرگەکاروان (٧ ک. م) خۆرهەڵاتی بەردی کێلە شین بە دوو زمانی ئاشوور و ئوورارتوویی نووسراوە، ساڵی (١٣٥٥ ک.ه) لەلایەن دکتۆر خەتیبی شەهیدی دۆزرایەوە، ئەم بەردەنووسە پرۆفیسۆر ساڵوینی خوێندییەوە و بڵاوی کردەوە، ڕۆسای یەکەم نووسیوبەتی و هەروەک بەردی تۆپزاوا وایە.

## بەردی ناسراوی کێلە شین

پرۆفیسۆر وۆلفرام کلایس پاش ئەوەی کە نێردرایە ئێران و بوو بە سەرۆکی ئەنجوومەنی دێرینناسانی ئەڵمانیا لە ئێران، چالاکییەکانی خۆی لە سەر باسی ئوورارتوو چڕ کردەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە دوازدە ساڵی خایاند، بەو کاتە زۆرەی کە لە ئێران بەسەری برد هیچ کات نەیتوانی سەردانی بەردەنووسی کێلە شین بکا، ئەم بەردەنووسە یەکێک لە گرنگترین نووسراوەکانی ڕێنووسی بزمارییە، یەکەم نووسراوی ئوورارتوویی‌یە لە ئێران کە شۆلتز لە ڕووی هەڵگرتەوە و بلەک لە ساڵی ١٩٠٤ توانی بیخوێنێتەوە و بڵاوی کاتەوە بە دوو زمانی ئاشووری و ئوورارتوویی نووسراوە و باسی پەرستگەی مووساسیر دەکا و...تاد ئەم نووسراوەیە بە فەرمانی ئیشپوئینی و کوڕەکەی مینۆوا بە هێمای سەرکەوتن لە شەڕەکان و گرتنی مووساسیر هەڵکراوە و ڕووی ئاشووری لە لای عێراقە و بەری ئوورارتوویەکەی بۆ لای ڕۆژهەڵات، واتە ئێرانە، هەڵکەوتەی شوێنی ئەم شوێنەوارە کەوتووەتە سەر سنووری ئێران و عێراق، هەربۆیە کلایس بە هەڵە ناوی ئەم بەردە نووسەی خستووەتە ناو لیستی ئاسەواری ئوورارتوویی لە عیراق.

دوای ئەم بەردەنووسە کە لە وڵاتی عێراقی ئەمڕۆ دۆزراوەوتەوە، چوار شوێنی دیکە دەخرێنە ناو ئاسەواری دۆزراوەی ئوورارتوو لە وڵاتی عیراق (خاکی کوردستانی باشوور) کە بە جۆرێک دەبێتە سەری باریکی کەوانەکە! بە کورتی باسێکیان لێ دەکەین.

بەردەنووسی تۆپزاوا لوویدێل پزیشکی بانگەشەکاری ئایینی ئەمریکاییەکان، ساڵی ١٨٥٥ کە بە دوای ئاسەواری دێرین لە ناوچە کوێستانییەکانی باشووری ڕۆژئاوای گوڵی ورمێ دەگەڕا، ئەم بەردە نووسەی دۆزییەوە خەڵکی ناوچەکە بە کێلی جاور ؟ ناویان بردووە، ئەم شوێنەوارە کەوتووەتە ٢٥ ک.م باشووری ڕۆژئاوای بەردی کێلە شین و (٥٠ ک.م) ڕەواندز، لە (٢/٥ ک.م) ناوچەی سیدەکان و (١/٥ ک.م) گوندی تۆپزاوا، جارێکی دی ساڵی ١٨٩٩ بە سەردانێکی واپت

و بلەک بۆ کێلەشین بینرایەوە و بابەتەکەی لەلایەن ئەو لێکۆڵەرانەوە بڵاو بووەوە، لە ڕەوتی گەشتەکەی سەردانی ڕۆسای یەکەم بۆ مووساسیر لەم بەینە چەقاوە و هەر بە شێوەی بەردی مێرگە کاروانی دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، نووسراوەکە باسی هێرشی نیزامی ڕۆسای دووەم بە دژی ئۆرزانۆ (urzanu) قایمەقامی مووساسیر دەکا، کە بۆ لای ئاشوور گەڕاوەتەوە و بە دژی پاشای ئوورارتوو هەستاوەتەوە، ئۆرزانۆ لەم شەڕە تێک دەشکێ و بە دیل دەگیرێ، پاشان وەبەر لێبوردەیی دەکەوێ و ئەو ناوچەیەی پێ دەسپێرنەوە.

موجێسیر (mudjesir) ئەم شوێنە دیرۆکییە دەکەوێتە باکووری ڕەواندز و پێنج کیلۆمەتری خۆرئاوای سیدەکان، ئاسەواری بەجێماو باسی قەڵا و سەنگەر و بورجێک دەکا، نزیکی ناوی مووساسیر لە تەک ئەم ناوە جێی سەرنجە، ئەگەرچی ئەو جۆرەی باسی پەرستگەی مووساسیر دەکرێ لە تەک ئەو شوێنەوارە گەلێک لێک جیاوازن.

شکنە (schkenna-shkenne) ئاسەواری بەجێماو لەم بەرزاییە زۆرێک لە دێریناسان دەخاتە بیری مووساسیر.

هوویلا (huwela) دەکەوێتە باکووری ڕەواندز دوو ک.م ی باشووری موجێسیری، لەم شوێنە گەلێک خشتە و سوفالی ئوورارتوویی دۆزراوەتەوە، بەو پێیە لێکۆڵینەوە و سەرنجدان بەو بەشەی ناوچەی دەسەڵاتداری ئوورارتوییەکان دەتوانرێ زۆر شوێنەواری دیکە بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتە بدۆزرێتەوە.

### مووساسیر

مووساسیر لە ناوچەیەکی هەستیاری کوێستانی زۆر گرنگ هەڵکەوتبوو، ئەمە ببووە هۆی بایەخدان بەو ناوچەیە، کە ئوورارتووییەکان بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لەم سنوورە بە دژی ئاشوور بپارێزن، بوونی کوێستان، چیای سەرکەش، دۆڵ و ڕەوەز بە لای ئاشووردا زۆر چەتوون بووە کە دەستی بە سەردا بگرێ، نیشتمانی مووساسیر لە باشووری دەسەڵاتداری ئوورارتوو هەڵکەوتبوو، لە نووسراوەی بەردی تۆپزاوادا باسی دەست پێ ڕاگەیشتنی سوپای ئوورارتوو بە خاکی ئاشوور دەکا، تا وای لێ هاتووە لەمەڵبەندی مووساسیر پەرستگەیەک بۆ خواوەندی ئوورارتووەییەکان بە ناوی (هالدی، خالیدی، یان خالدی) چێ بکەن، بە درێژایی تەمەنی شەڕی نێوان ئاشوور و ئوورارتوو ئەو وڵاتە کەوتووەتە بەر دەستڕێژ و زۆرجار دەست بە دەست کراوە لە شەڕێکدا کە بە درێژی باسی کراوە هێرشی سەرگۆنی دووەم لە ساڵی ٧١٤ پ.ز بووە، کە ساڵنامە ئاشوورییەکان بە جوانی باسی دەکەن، بەڵگەیەکی دیکە لەسەر ئەم باسە لێکۆڵینەوەکانی ساڵی ١٨٤٢ و ١٨٤٣ بوو تا سەر قونسوڵی فەڕەنسا لە مووسڵ، لە کاولەکانی کۆشکی سەرگۆن لە خورساوێ (دوور شارۆکین dur-sharukin)ی کۆن، دوو هۆڵی ڕازاوە بە نەخشونیگاری هەڵکەنراو دەرکەوت یەکەمیان شەڕەکانی ساڵی ٧١٦ ی مانا و لێواری گۆلی ورمێ (هۆلی چاردەم) و هێرشی ساڵی ٧١٤ بۆ سەر مووساسیر (هۆلی سێزدەم) دەبینرێ، بەداخەوە ئەم هۆلانە بە زۆری شێوێنران، ئەوەی کە کاری لە سەرکرا لە کاتی ڕاگوازتن بۆ فەڕەنسا لە ناو ئاوەکانی دیجلە نوقم و خەسارەکی مەزن لەم لێکۆڵینەوانە کەوت، باسی چۆنیەتی لەشکرکێشی ئاشوور بۆ سەر ئوورارتوو و وێران کردنی مووساسیر گەلێک لە زانا و پسپۆڕانی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە لە وانە توور دانژێن، مەیسنێر، لێمان هاوپت، پینێکس، وایدنێر، ڕایت و...تاد.

باسی ئەم هێرش کردنە گەلێک دووروودرێژە و لەم بابەتە جێی نابێتەوە، هەربۆیە من تەنیا باسی گرتنی شاری مووساسیر دەکەم کە وەک هەرێمێکی نیوە سەربەخۆ لە ژێر سێبەری شانشینی ئوورارتوودا بووە.

لە نێوان نووسراوە ئەرشیڤی کویونجیک نامەیەک لە ئۆرزانۆ دەبینرێ (ژمارە ٤٠٩) کە تێیدا شای مووساسیر لە سەر داوای نێردراوێکی خونکاری ئاشوور، داوای لێ کراوە جێی پاشای ئوورارتوو و ژمارەی سەربازانی و ئەگەری سەردانی شا بۆ مووساسیری پێ بڵێ، لە وەڵامدا " ئۆرزانۆ دەڵێ: ڕۆسا تا ئێستا نەگەیشتووەتە مووساسیر، بەڵام چاوەڕێی هاتنی دەکەین".

لە وەڵامی ئەم هەڕەشەی ئاشوور کە دەڵێ: کەس ناتوانێت بەبێ پرسی من هێز ڕەوانەی ئەو ناوچەیە بکا دەڵێ" ئایا کاتێک شای ئاشوور بۆ ئێرە هات، من پێشم پێگرت؟ هەرکارێک کە شای ئاشوور بتوانێ بیکا سەرۆکی ئوورارتووش پێی دەکرێ، من چۆن بتوانم پێشی پێ بگرم؟") .

شەڕی ئەم دوو زلهێزە زۆرتر لە سەر وڵاتیماننا و دەوروبەری گۆلی ورمێ بووە، ئاشوورییەکان دوای مردنی ئیرانزوو شای ماناکان، کوڕەکەیان بە ناوی ئازا لەسەر تەختی خونکاری دانا، ڕۆسا بەو کارە هەڵوێستی وەرگرت و دژی ئازا شۆڕشی کرد و پاش کوشتنی ئازا، براکەی تری بە ناوی ئۆلۆنسۆی لەجێی دانا و بە پشتیوانی لەو کەسە ٢٢ شار و دێهاتی پێ بەخشی. ئەم ئاکارە بوو بە سەرەتای شەڕێکی خوێناوی، بە کورتی دوای گرتنی مانا و پێشوازی شا ئۆلۆنسۆ و...تاد.

سەرگۆن هێرشیکی مەزنی دەست پێکرد و توانی لەکاتی شەودا گورزێکی کاری لە ڕۆسا بدات، هەروەک خۆی دەڵێ" پێی دوژمنی سپڵەم لە ماننا بڕی" ئاشوور بە لێواری گۆلی (ورمێ)دا هەر شوێنێک دەستی پێڕاگەیشت وێرانی کرد و بە تاڵانی برد، لە گەڕانەوەدا بەلای باکووری گۆلی ورمێ بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، دوای گرتنی قەڵا و شاری ئوایائیس، یان ئواسی بە خۆی و بە هەزار سوار سەرمەست لە سەرکەوتن و فراوانی دەسەڵاتەکەی هێرش دەکاتە سەر مووساسیر و بەم شێوەیە باسی دەکا " تەنیا بە عەرەبانەیەکی ژێر پێم و هەزار کەس لە کەوان دارەکانم و پیاوانی تەیار بە سوپەر و نێزە، شەڕکەرانی کارامەی من، کە لە شەڕەکاندا ئەزموونی باشیان بە دەست هێنابوو، ڕێگەی دژواری مووساسیرم گرتە بەر، بە سەر کوێستانی ئارسیو(arsiu) ئەو شوێنە سەخت و چەتوونە کە لووتکەکانی وەک سەرە نێزە تیژ و بە سام بوون ڕۆیشتم. لە ڕووباری زێی سەرێ، کە دانیشتوانی نائیری و کیلهوو بە ئالامونیای دەناسن، من بەسەر کێوەکانی شیاک، ئاردیکێشی و ئیلایائوودا تێپەڕیم، لەم نێوە ڕێگە بۆ ڕۆیشتن نییە، دەنگی کەوتنی ئاوی تاڤگەکانی...تاد وەک لافاو دەگرمێنێ، ئەو شوێنە بەدار و لێرەوار و ڕەز داپۆشراوە، جێگەیەکە کە تا ئێستا هیچ پادشایەک وێی نەکەوتووە و هیچ شایەک پێش من نەیدیوە، من دارەکانم بە مشاری مسین بڕی، ڕێچکەیەکی باریکم کردەوە و سوارەکانم بە تەنیشتەوە تێپەڕین، عەرەبانەکەم بە سەرشانی پیاوەکانم هەڵگرت و خۆم لە پێشیان بە سواری ئەسپ دەهاتم".

لە بارەی هەڵکەوتەی جوگرافی شاری مووساسیر کە بە زاراوەی ئوورارتوویی، یانی شاری خوای ئاردا (شاری هەتاو) هێشتا دڵنیایی و ڕێککەوتن نییە - لێمان دەڵێ وشەی "مووساسیر" بە مانای لانەی مارە ئەمە لە تەک وەسفی مۆری ئۆرزانا ڕێکە، ئەو دەڵێ، شاری مووساسیر لەنزیک بەردەنووسی کێلە شین و تۆپزاوا هەڵکەوتووە و ئەم بەردەنووسانە بە بەڵگە دێنیتەوە(؟) لە بەرانبەر ترۆ دانژێن پێی وایە شاری مووساسیر دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای ڕشتە کێوەکانی گۆلی ورمێ کە دیجلە لێک دادەبڕێنێ و دەکەوێتە نزیک شاری زێوە، یان گەلێک بۆچوونی دیکە وەک بوونی مووساسیر لە نزیک سەردەشت، یان ڕەبەت؟

پاش دەست بەسەرداگرتنی مووساسیر لەلایەن سەرگۆنەوە ئەم شایە ئەوها دەڵێ"... هاوسەری (ئۆرزانا) و منداڵەکانی و گشت کەسوکاریم بە دیل گرت، من ٦١١٠ کەسم ژمارد لە تەک ١٢ ئێستر، ٣٨٠ گوێ درێژ، ٥٢٥ مانگا، ١٢٣٥ مەڕ، گشتی ئەمانەم بۆ ناوەندی دەسەڵاتی خۆم نارد، من شوێنی خوای خالدیم سەرکەوتوانە گرت و لە کۆشکی ئۆرزانا وەک سەرۆکێک دانیشتم".

لە نووسراوەی تابلۆکەدا بەڕوونی باسی دەست بە سەرداگرتنی خەزێنە دەکا و دەڵێ"مۆری دەرگەی خەزێنەم شکاند و توانیم بەتەنیا زیاتر لە ١٠٤٠ کیلۆ زێڕ، ٥٠٦٠ کیلۆ زیو، هەروەها لە کۆشکی شا مسی پاک، قورقوشم، ئەقیق و بڕێکی زۆر بەردی بە نرخ بە دەست بێنم".

پاش تاڵانی خەزێنەی کۆشک، فەرماندە سوپاکانی بە هاوڕێیەتی هەندێ سەرباز ڕەوانەی پەرستگەی مووساسیر خوای خالیدی دەکا، لە نەخشونیگاری کۆشکی دوور- شارۆکین گرتنی پەرستگەی مووساسیر کێشراوەتەوە کەسێکیش وەک خەزێنەدار ئاماردەگرێ.

بەپێی ڕاپۆرتی موزەی لۆوێر لەم پەرستگەیە بڕێکی زۆر زێڕ (بە ڕوونی دیار نییە)، ٥٠٠ کیلۆ زیو، زیاتر لە سەد تۆن شمشی مس، هەروەها چەند پەیکەری مەفرەقی لە شایەکانی ئوورارتوو(ساردووری کوڕی ئیشپۆئینی کە لە سەرچاوە ئوورارتووییەکان نەناسراو ماوە و بە گومان حاکمی مووساسیر بووە)پەیکەری ئارگیشتی و ڕۆسا لە سەر ئەرابەتەک ئەرابەچی، پەیکەری کانزایی گرنگ وەک "پاسەوانی مەزن" کۆمەڵێک بریتی لە جوانە گایەک، گامێش، پاڵاغ و...تاد.

سەرگۆن دەڵێ"خەزێنەی کۆشکی ئۆرزانا و پەرستگەی خـوای خـالدیم بەو سـامـانە مـەزنە بە دەست هێنا و گشتیانم بە سوپایەکمدا بۆ ئاشوور بەرێ کردەوە، خەڵکی مـووساسـیـرم نـاردە ئاشـوور و تێکـەڵم کـردن هەروەک ئاشوورییەکان کاری بیناسازی و شەڕم پێ سپاردن".

بەم دەسـتکەوتە شـانشـینی ئوورارتوو بە توندی تێکشکا و لاواز بوو، ئاشـوور توانی دوژمنێکی تێکۆشەری یەکگرتوو لاواز بکات.

لە سـاڵنامـەی ئاشووریدا هاتووە، کـاتێ ڕۆسا شـای ئوورارتوو زانی کـە مـووسـاسـیـر کـاول کـراوە و خـوای خالدیان لە شار بردووەتەدەر، خەنجەرێکی ئاسنی لە نێو قەدی دەرهێنا و بەدەستی خۆی کۆتایی بە ژیانی هێنا و لەکۆتاییدا دەڵێ" پێشکەشی من بۆ گشت ناوچەکانی ئەو مەڵبەندە وێرانی و چارەڕەشی بوو، کارێکم کرد ئەو کەسانەی لەم ناوەندەدا دەژیان بە کوڵ بگرین"

بەو پێیە لەشکرکێشی سەرگۆن لە ساڵی ٧١٤ کە بە دژی ئوورارتوو گەلێک سەرچاوەی باوەڕ پێکراو ئاماژەی بۆ کراوە کۆتایی پێدێ.

ئەگـەرچی بەو سـەرکـەوتنە ئوورارتوو لاواز بوو، بەڵام دەوڵەتی ئوورارتوو توانی بۆ مـاوەی ١٣٠ سـاڵی دیکە لەسـەرپێ بێ، تەنانەت لە دوژمنی دێرینی خـۆی کـە مـاوەی سـەدسـاڵ دوای هێـرشی هەشـتـەمین سـاڵی دەسەڵاتداری سـەرگۆن لە ژێرسـمی ئەسـپـەکـانی سـوپای یەکگرتووی مـاد و بابل و سـەکـاییـدا لەناو چوو، زیاتر بژیت.


**سەرچاوەکان:**

**١- تاریخ ماد.دیاکونوف، کریم کشاورز**

**٢- تاریخ ایران مشیرالدوله**

**٣- امپراتوری اشور دان ناردو، مهدی حقیقت خواه**

**٤- مێژووی ڕیشـەی نیـژادی کـورد، احسـان نوری پاشـا، وریا قانع.**

**٥- مـعـانی بعـضی از اسـامی کـهن و ایرانی در زبان کـردی، رحیم اشنویی محمودزاده.**

**٦- ایران از آغاز تا اسلام، د. گریشمن، د. معین.**

**٧- کورد و مێژوو د.عە لی تەتەر نێرەوەیی.**

**٨- تاریخ هرودوت دانشگاه تهران، د. هادی هدایتی.**

**٩- قوم ایرانی امیر حسین خنجی (قبل از ماد).**

**١٠- ایران در سپیده دم تاریخ جورج کمرون، حسن انوشه.**

**١١- نیـاکـان باسـتـانی کـردها، لرها و... انی کـاظمی، جـواد مفرد کهلان.**

**١٢- سرزمین مانائیها منصور حمدالله زاده.**

**١٣- کشف اسل اورارتویی مرگه کاروان، دکتر حمید خطیب شهیدی.**

**١٤- شارستانیەتی کۆنی کورد Kurdistan.net.**

**١٥- گـــرنگـتـــرین ســـەرچاوەم " تمدن اورارتـو، بۆریس پیوتروفسکی، د. حمید خطیب شهیدی.**

# سەدەی ڕابردوو، بارودۆخی نووسین و کاری دراماتۆرگی!

مەهدی ئومێد

سـەدەی بیســـتـەم یەکـێکە لەسـەدە دەوڵـەمـەند و پڕ لەچالاکییە جۆراو جۆرەکانی بواری ڕۆشنبیری، هاوکات ئەم سەدە هاروهاجە دوو جەنگی جیهانی سەرمایەداریانە و چەندین شۆڕشی پرۆلیتاریانە لە ڕوسیا و لە ئەڵمانیا و ئیسـپـانیا و وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و چین و کۆریا و زۆر شوێنانی دیکەی ئەم گۆی زەوییەی بەخۆوە بینی.

لە هەمـــان کـــاتدا لای ئەوان (تەکنۆلۆژیا) و لای خۆشمان (تەکیەلۆژیا) هاوشانی یەکدی پەرەیان دەسەند، دیاردە ترسناکـەکـانی دەسـپـێکردنی یەکـەمین جـەنگی جیهانی، ئەنفالکردنی یەک ملیۆن و نیو ئەرمەنی و کورد و داگـیــرکـردن و کـوشتن و بڕین و ترسـاندنی مـرۆڤ و بازرگـانیی چەک و برسـیـەتی، نەخـوێندەواری ڕواڵەت و سیمای ئەم سەدە پڕ کارەساتەی دەنەخشـاند، دۆڕاوەکانی وەک ئێـمـەی دووره فـەرهەنگێکی پـتەو، بەدرێژایی ئەو سـەدەیەی کـە تێـیـدا مـیللەتان تێکەڵ بەیەکدی دەبوون، نەمـــانتـــوانی یەک نووســەری بلیــمــەتی شــانۆ، یان دراماتۆرگێک پەروەردە بکەین، بۆیە کە باس لە مێژووی شانۆی کوردی دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ مـێژووی شانۆی داهێنەرانەو چاونەترسـانەی خـاوەن بنەمـا ڕاسـتـەکـانی داهێنانی گـەلانی دیکە، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئێـمـە هیچـمان نەکردووە و هیچ مـێژوویەکیـشـمان لەم ڕووەوە نییە.

باسکردنی ئەم ڕاستییانە، نەشەرمەو نەدرۆیە، چونکە شانۆگەرییەک لێرەو کتێبێک لەوێ و ڕەخنەیەکی سواو و بێ تام لە فـلانە بلاوکـراوەو پچڕ پچڕ و بەبێ بەردەوامی نابنە هۆی دارشـــتنی بنەمـــایەکی زانســـتـــیـــانەی باوەڕپێکراو، هەرچۆنێک بێت، چەند کـەسێکمـان هەیە کە خەریکی ئەم کارەبوون و ئەوانیش هەر ئەوەندەیان پێ

کراوە کە کردوویانە، تائێستاش هەرخەریکن، جا جەنگ هەر جەنگە، چی لێرە بێ، یان لەوێ، بۆ نموونە لە ئەوروپا ئازاری شەڕ دەکرایە هونەر و داهێنانی شانۆیی و گۆڕانکاری بەرەو دوارۆژی پاک و تەمیز و خۆشگوزەران، لای خۆشمان دەکرایە بۆڵەبۆڵ و گلەو گازەندە و زیکر و دوعاو نزا... گیاش لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ، ئەوکاتەی کاوێس ئاغا لە کوردستان بۆ شێخی گەورە لاوکی دەچڕی و دەیگوت کوردان خاینە، یان خالیسی کوڕی شێخ ڕەزا بۆ مەلیک مەحموودی دەنووسی و ڕەخنەی لە دەسەڵاتە کزولاوازەکەی کوردستان دەگرت (بە شیعر نەک بە شانۆنامە)، هاوکات لە ئەوروپاو شوێنانی دیکە شانۆ و هەراوهۆریای گۆڕانکارییەکانی، لە ستایل و ڕێبازە هونەرییەکاندا، لە لایەکەوە شۆڕشی چەکداری بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ، لەلایەکی دیکەیشەوە شۆڕشی نوێخوازەکانی شانۆ بەسەر ڕێچکەو ڕێرەوی کۆن و شکاندنی ئەو باولە داخراوانەی کە نەوەی تازە لێیان بێزاربووە، بەرپاببوون. نەوەی نوێی یاخی، نەوەی نێوان جەنگەکانی ئەوروپا، شانۆ و هونەرە جوانەکانی دیکەی فەرامۆش نەکرد، هەر لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە نەوەیەکی بێزار لە شەڕ، بێزار لە ئاشتی، بێزار لە برسیەتی، لە دەوڵەمەند و سەرمایەداران، نەوەیەکی ئاگرین و زۆربەشیان شەرم و دابونەریت و ڕەوشتیان بە تەواوی پشتگوێ خستبوو، نەفرەتیان لەو سەرکەوتنە پڕ شکستە خانەوێرانەیە دەکرد، دادایییەکان لە هەڵبەستێکدا کە لە شەست دێڕ پێکدێ، لە هەر دێڕێکدا دە جار دەڵێ (نەفرەتی)، واتا شەش سەد جار سیاسەتی شەڕخوازیی بەنەفرەت دەکەن.. ئەوان بەم هەڵسوکەوتەیان دەیانویست بڵێن هێشتا ماوین و زیندووین، گاڵتەیان بە چاک و خراپ دەکرد، ئەگەر لای ئەوان دادایییزم شۆڕشێکی گاڵتەجاڕی لە ئەدەب و هونەری بێ چاودێر و بەربەست خستە ڕوو، لای خۆشمان شێخ ڕەزای تاڵەبانی بێزار لە دواکەوتن و بارودۆخی سیاسەت و کۆمەڵگە، بە هێستره شەکەت و برسی و تەمبەڵەکەی وەک هێماو تەشەر بە هێسترێکی ڕووت و قووت و بێ دەسەڵات دەڵێ (.....کلکیم دەرهێنا لەبن ئینجا بە ئاستەم گوێی بزووت)، هەر ئەم هەستی بەربەرەکانێیە لەگەڵ مەرگ و مان و نەمانەدا وا لە دڵدار دەکات کەمێک گەشبینیمان پێ ببەخشێ و هاواربکات و بڵێ (کەس نەڵێ کورد مردووە...) ڕاستە کەس نەڵێ کورد مردووە، بەڵام چۆن، زیندوویەک، بەچی دەچێ، کە بەدەیان شۆڕش تا ئەمڕۆش خۆی ڕاست نەکردووەتەوە، مانێک بەبێ داهێنان و بەرهەمی مەزن.. ئەو مەزنییەی کە تەنیا بە مرۆڤی مەزن و جەربەزە و خوێندەوار دەکرێت.. نەوەی ڕابردوو لە دەردەسەری و ژێرخان و سەرخانی وێران زیاتری نەبوو، هەر ئەوەشی بۆ نەوەی دوای خۆی بەجێ هێشت. ئەوەتا وڵاتێکی دابڕاوی نایەکگرتوو، زمانێکی پەژموردەی نایەکگرتوو، ئابوورییەک بەدەست داگیرکەر و بێگانەوە دژ بەخۆی بەکاردێت، نەخوێندەواری، سیستمی خێڵایەتی، گەلێکی تووڕەو شەرمن و بێ نەخشەو پلان و لەرزۆک، وڵاتێکی داخراوی بێ دەروازەی دەریایی، گەلێکی بێ دەستەڵات و بێ دەوڵەت، لەگەڵ یەکدیدا خراپ، ناوخۆیەکی نائارام و جاروبار ئارام، ئەمانە هەر هەموویان بابەت و کەرەستەی گرانبەهای شانۆن، بەڵام مرۆڤی نوستووی خەواڵوو نەیانتوانیوە هەلومەرج و بارودۆخی نووسین برەخسێنن وەک ئەوروپاییەکان (بیانبەرهەمێنن) و زەخیرەیەکی هونەریمان بۆ سازدەن کە ئەمڕۆ شانازی پێوە بکەین، هەرچەندە لە سەرەتای هەفتاکاندا لە ئەنجامی ئەم شکستی و کەموکورتییانەدا بزووتنەوەی (ڕوانگە) پەیدا بوو، بەداخەوە جێگای شانۆی تێدا نەبووەتەوە، بەڵام وەک شێخ ڕەزا دەڵێ (بە ئاستەم گوێی کۆمەڵگە بزووت).

بارودۆخی نووسین، بۆ نووسەری شارەزا، مێز و کورسی و پێداویستییەکانی نووسین نییە، بەڵکو ئەو هەلومەرجانەیە کە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی شەڕوشۆڕ و نائارامی، یان بەپێچەوانەوە ئاشتی و ئارامی و بەرزبوونەوەی ئاستی دارایی و پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا وشیاربوونەوەی خەڵک نووسەر هان دەدەن بۆ گەڕان بەدوای ماتیریاڵ و بابەت بۆ بەرهەمهێنانی کاری دراماتۆرگی و جیاکردنەوەی لە بەرهەمی سەردەمەکانی پێش خۆی، ئەگینا جوینەوە و لاسایی کردنەوەی بێ تام و ناهونەری و دزی دەست پێ دەکات، هەروەک لە گۆرانی و موزیکی ئەم ڕۆژگارە و هەندێک زنجیرەی تەلەڤزیۆنی خۆماڵیدا هەستیان پێ دەکرێت، ئەوەتا ئەرشیڤی سەدەی ڕابردوومان لەبەردەستە، نە خۆمان و نە نووسەرانی پێشکەوتووخوازانی دەوروبەر لە ئاستی ڕووداو و

کارەسات و گۆڕانکارییەکانی کوردستاندا نەبووین، بەتایبەت لە بواری شانۆدا نە ساعیدی و نە بەهرامی بەیزایی و نە نازم حیکمەت و نە چەپ و پێشکەوتووخوازانی عەرەب بۆیان نەکرا شانۆگەرییەکی تایبەت بۆ بارودۆخە نالەبارەکانی کوردستان بنووسن. ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئەو سەردەمانەشمان وەک (کوردستان) و (تێگەیشتنی ڕاستی) و ئەوانی دیکە کە لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووی پڕ گۆڕانکاری ئاوڕیان لە بابەتی هونەری، بەتایبەت شانۆ نەداوەتەوە، تەنانەت وتارێک، یان هەواڵێکی هونەریشمان لەو بڵاوکراوانە بەرچاو ناکەوێت، کە باس لە شانۆکارێکی کورد بکات، چونکە نەبووە، کەچی لەهەمان کاتدا لای ئەوان لەودیوی سنوورەکانی دیکەوە لەژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە سیاسی و پێشکەوتن و داتەپین و شۆڕش و بنیادنان و وێرانکاری و جەنگە جیهانییە سەختانەدا زەخیرەو زادی شانۆییش پەرەی دەسەند و کارەساتێک، ڕووداوێک نەما نەکرێتە بابەتی شانۆیی، بەدوای شێوازی نوێ و تازەبابەتدا دەگەڕان، بە دوای شێوە نمایشێکدا وێڵ بوون کە زیاتر ئازادییان پێ ببەخشێ، یەکەمین جەنگی جیهانی و دووەم گەورەترین پەژارە و مایەپووچی و نیگەرانی بۆ ئەو نەوانە بەجێ دەهێشت، تا دەهات چەپڕەوی و دژە سەرمایەداری لەنێو ڕۆشنبیراندا پەرەی دەسەند، مارکسیزم لە فەلسەفەیەکی ئابووری و کۆمەڵناسی زانستییانەوە بوو بە حزبێکی چەکدار و پرۆلیتاری ڕووسی بۆ کودەتا هان دراو ملیۆنان مرۆڤی سەرنگوم کرد و چەپڕەوانی ئەوروپاو جیهان بە دوای پاشەڕۆژێکی جوانتر بۆ مرۆڤایەتی پشتگیرییان لەم سیستمە دەکرد، ڕووسەکان خۆیان دەڵێن کەپیتالیستەکان شۆڕشەکەی ئەڵەمانیایان دامرکاند و وڵاتەکەی ئێمەیان لە ڕێگەی لینین و دەستەکەیەوە تووشی گەورەترین بەڵای کۆمۆنیزم کرد، دەشڵێن مارکسیزم لە ڕێگەی شۆڕشەوە نایەت، بەڵکو پاش سەدان ساڵ خۆی بۆ خۆی دێت نەک بەشەڕ و شۆڕش،. ئەم هەموو هەراو پشێوییە لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەمدا لەناخەوە مرۆڤیان دەهەژاند و هونەرمەندانیان بۆ کردنەوەی دەروازەی نوێخوازی ڕادەکێشا، مرۆڤ دەتوانێ لیستێکی دوورودرێژ بە ناوی دەیان نووسەر و شانۆکاری داهێنەر دروست بکات، کە توانییان سوود لە هەراو ئاژاوەی سەدەی ڕابردوو وەربگرن و بیانکەنە بەرهەمی شانۆیی نەمر. چەندین شانۆکاری ئەڵمانی وەک تولەر بەشدارانی ئەو شۆڕشەی کە لە میونشین بەرپابوو دەستگیرکران، تەنانەت برێختی تەمەن ٢٠ بیست ساڵانی یاخی لە کۆنە هەواری هونەر، پاڵەوانی یەکەم بەرهەمی شانۆکەی (باڵ) میز بە شانۆکەدا دەکەن. وەک هەوڵێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و شکاندنی کۆنەپەرستی لە هونەر و سیاسەتدا لای خۆشمان لەگەڵ شۆڕشی ئوکتۆبەری ١٩١٧، ئینگلیز لە باشوورەوە عیراق داگیر دەکات، لە کوردستان دەنگی ئازادی بەرزدەبێتەوە، بەڵام شانۆ هیچ ڕۆڵێک نابینێ، چونکە نەبووە، ئەگەر هەشبێت زۆر لاواز بووە، هاتنی ئینگلیز بۆ ئەم ناوچەیە، واتا هاتنی کولتوورێکی نوێ و شانۆشیان بۆ عیراق هێنا و درەنگتر گەیشتە کوردستان.

سەردەمانێک پاش نسکۆی (١٩٧٥) بۆ شاری کوت نەفی کرابووین، کابرایەکی عەگال بەسەری بێزار لە ژیان هەمیشە دەفتەر و قەڵەمێک و چەند کتێبێکی پێ بوو، پێیان دەگوت - - حوسێن مخەبەڵ، یان، مسۆدن، ئەم کابرا مەجنوونە لە شوێنێکدا ئارامی نەدەگرت، لەگەڵ هیچ کەسێکدا دۆستایەتی نەبوو، لە چایخانەی سەر ڕووبارەکە چەند چایەکی لەسەریەک دەخواردەوە و پارەی نەدەدا، چونکە چایچییەکە برای بوو، کە ڕۆژێکیان یەکترمان ناسی و ماوەیەک پێکەوە دانیشتین. وتی ئینگلیزەکان هێڵی شەمەندەفەریان لە مووسڵەوە بۆ بەسرە ڕادەکێشا، هەزاران کرێکار ئیشیان تێدا دەکرد، بۆ ئەوەی کرێکاری شیعەو سوننەکان لەیەکدی جیاکەنەوە جەمەدانی سووریان بە شیعەکان دەداو ڕەش و سپیش بە سوننەکان، وتی بابەتێکی سەرنجڕاکێشە بۆ شانۆ. ئەوە چەند ساڵە بە دەست ئەم (مەسرەحیەوە) گیرم خواردووە، نازانم چۆن دەستی پێبکەم و چۆن یەکەم لاپەڕە بنووسم).

من لەو ماوە کورتەدا هەر فریای ئەوە کەوتم پێی بڵێم دۆزینەوەی بابەت، بەردەبازێکە بۆ دۆزینەوەی کەرەستەکانی دیکەی شانۆ وەک کەس، یان کەسەکانی دیکە، (عەمو حوسێن) نەیهێشت لەوە زیاتر بڵێم، خۆی کوردی شاری کوت بوو، دەستی بۆ ڕیزە چیاکانی نێوان ئێران و عیراق درێژکردو بە کوردی وتی ئەو لووتکەو دۆڵە ناویان (جامەماستە) بەیانیان زوو پێش ئەوەی بگەیتە نێو دارەکانی گارچیە بە جوانی شاخی

جامەماست دیارە، بە زاراوەی فەیلییانە گوتی، (بەڵام ئەی عەرەبیلە، باوک سەگیلە ناوەکەیان گۆرییە) دانیشتوانەکەی کوردن و هەمووشمان تەعریب کراوین.. وتم باشە سوپاس بۆ ئەم زانیارییانەت. عەمو حوسێن لەژێرەوە هەر سەیری دەکردم، لەناکاو گوتی بیرۆکەی شانۆنامەیەکی مێژووی کوردستانت دەدەمێ ئەگەر توانایی نووسینت هەیە بینووسە، دەستی بەگێڕانەوە کرد، گێڕانەوەش پایەیەکی گرنگی دراماتۆرگییە، کاتی خۆی کە ئینگلیزەکان بەسرە داگیردەکەن، لەشکرێکی هەزاران سوارەی کوردستانی بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموود دەگاتە شوعێبە و دژی ئینگلیزەکان شەڕ دەکەن، دەیان ساڵ جاسووسێکی بەریتانی بەخزمەتکاری لە کوردستان دەژیاو ناوی خۆی مێجەرسۆن بوو گۆڕیبووی بۆ غولام حوسێن و دەڵێت، کوردینە (دژی ئێمە شەڕ مەکەن ئازابن بەسرە داگیرکەن و خۆتان بەهێز کەن، ئێمەی ئینگلیز لەگەڵ خەڵکی بەهێزدا ڕێک دەکەوین، بێ هێزەکان پشتگوێ دەخرێن، تکایە یارمەتی دوژمنەکانی ئێمە مەدەن، سوارەکانتان لەبەلاش بەکوشت مەدەن، ئێوەش فێری داگیرکردن و تۆڵەسەندنەوە بن، ئەگینا بە کەڵکی هیچ نایەن، دەی داگیریان کەن، پێش ئەوەی ئەوان داگیرتان کەن، خۆتان ببنە حاکم و با ئەوان حوکمڕانتان نەبن، ئێمەش لەگەڵ ئێوە گفتوگۆ دەکەین، چونکە خەڵکی لاواز بەکەڵکی ئێمە نایەت) وتی ئەوکاتەی غولام حوسێنی ئینگلیز لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ ئەم دیو لەهاتوچۆدا بوو، لەشاری کرماشانی ئەم کوردستانەی خۆمان کابرایەکی ئینگلیز دەژیاو کارمەندی بانکێکی نێودەوڵەتی دەبێت، ساڵی ١٩١٩ هەر لەکرماشان کچێکی دەبێت، سەرەتای منداڵی لەم شارە کوردستانییە بەسەر دەبات، دواتر سی ساڵی لاوی لە ڕۆدیسیا، واتا لە ئەفریکا بەسەر دەبات، ها ئەو کتێبە بخوێنەوە و بۆم بێنەوە، پاشان زانیم کە ئەو کچە ئینگلیزە کرماشانییە (دۆریس لیسنگە)، بەناوبانگترین شانۆنووسی چەپڕەوی بەریتانیاکەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووە. پاش هەفتەیەک کتێبەکەم بۆ بردەوە لە چایخانەکە زۆر دانیشتم و ئەو هەر نەهات، کابرای چایچی بەگوێمدا چپاندی (عەمو حوسێن پۆلیس گرتی و خوای لەگەڵ.. ئاگاداربە نەتگرن، هەڵسەو بڕۆ) بارودۆخی هونەر و نووسین چی لای دۆریس لیسینگ بێ، یان لای عەمو حوسێن هەریەکە. هەردووکیان هەوڵیان داوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان سەردەم و کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانی دەوروبەری خۆیان و ئەوەی بەلایانەوە گرنگە و لێی تێدەگەن وێنەیان بکێشن و تۆماریان بکەن، عەمو حوسێن بۆی نەلوا گەشە بکات، چونکە لەنێو ڕژێمێک و سیستمێکی بۆگەن و کۆمەڵگەیەکی بێ هۆشدا دەژیا. خۆی و بەرهەمەکانیشی سەرنگوم کران، واتا ئەنفال کران و کەس نەیدەوێرا پرسیار بکات، ئەم کابرا بەستەزمانە چی بەسەرهات، ئەو خانمە نووسەر و هونەرمەندە بەریتانییە لە دایکبووی کوردستان و پەروەردەی نێو هەژار و ڕەشوڕووتی ڕۆدیسیای داگیرکراو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە و بەرەنگاری بوونەوەی ئەم خانمەو هاوڕێکانی دژ بەو زوڵم و زۆرەی کە دەرهەق بە خەڵکانی ئەفریکا دەکرا. ڕۆژبەڕۆژ ئەم خانمە پەرەی سەندو ڕێزی لێدەگیراو خەڵاتی (نۆبل)یشی وەرگرت وەک خانمە چەپڕەوێکی نەیاری سیستمی سەرمایەداری وڵاتەکەی و ئەزموونی ژیانی خۆی. لە شانۆنامەو نووسینەکانی دیکەیدا زۆر شتی درکاندووە کە سیاسەتی وڵاتەکەی خۆی دەگرتەوە.

ئەگەر بەرهەمە شانۆییەکانی سەدەی ڕابردوو بەسەر ڕێبازەکاندا دابەش بکەین. ڕەنگە لیسینگ وەک ریالیستێک، یان وەک لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو شەپۆلێکی هونەری تووڕە و توندوتیژی لەندەنی خۆی بە جەماوەر ناساند کە لیسبۆرن دەستی پێکرد، ئەم خانمەش یەکێک بێت لەوان. هەڵبەتە زۆربەی ئەوانەی کولتوورێکی دژە بۆرژواو سەرمایەداران یەکی دەخستنەوە هاوبیری یەکتربوون، ئەگەر کۆمونیست نەبووبێ، ئەوە مارکسی بووە، یان چەپڕەو. هاوشانی ئەمانەش ڕۆشنبیرانێک کە بڕوایان بە ئابسوردی و هیچوپووچی و بێ مانایی ژیان و ون بوونمان لە بوون و نەبوونیداو گاڵتەجاڕی فەلسەفییانەی پڕ مەخسەرەو درامیکۆمیکی بێهوودەی وەک مەحوی دەڵێ (لە مالایعنیا یعنی)دا دەژیان.

یونسکۆ لە هەندێک دۆکیومێنتدا ساڵی لەدایکبوونەکەی ٢٨ - ٣ - ١٩٠٩یە، واتە ڕۆژێک دوای ڕۆژی جیهانی شانۆ، کەچی لە هەندێک شوێندا ساڵی ١٩٠٩ دەستنیشان کراوە، کە زەمەن خۆی لەخۆیدا بەلایەوە بێ بایەخە. یونیسکۆ دیوی دیکەی شاراوەی

ئەرکەکانی شانۆ دەردە خات. برێختیش ئەو کەسەیە کە کارەکانی جێگای ڕەزامەندی یونسکۆ نەبووە. برێخت چواردە ساڵ لە یونسکۆ گەورەترە، یەکەم بەرهەمی شانۆیی خۆی لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا نمایش کرد، یونسکۆش لەتەمەنی سێزدە ساڵیدا یەکەم بەرهەمی خۆی نمایش کرد، پاش ئەوە گاڵتەی بەهەموو نمایشێکی شانۆکارانی جیهان دەکرد و زۆر بە کەمی سەردانی دەکردن، بۆ سینەماو بالێ و ئۆپەرا دەچوو، گوێی لە موزیک دەگرت، دەیخوێندەوە، سەردانی پێشانگا و گەلەرییەکانی دەکرد، هەموو شانۆ و شانۆکارانی پێش خۆی لا پەسەند نەبوو، بەڵام لە سەردەمی منداڵیدا شەیدای شانۆی بووکەڵەی زارۆکان بوو، کەسانێک بەسەرو شکڵی سەیر و لووتی درێژ و چاو دەرپەڕیو، مێشک ئەستوور. سەرنجیان ڕادەکێشا، دایکی بە زۆر دەیبردەوە بۆ ماڵ.. و.. لە نمایشەکەی دادەبڕاند.

شانۆی برێخت بەرەبەرە دەبووە شانۆیەکی فێرکاری و وتنەوەی وانەیەک دەربارەی ژیان و سیاسەت. کە لای یونسکۆ بەتەواوی داستانی، یان نامۆگەری ناپەسەند بوو. ئەگەر برێخت پاش تەواوبوونی یەکەمین جەنگی جیهانی، یەکەم شانۆگەری خۆی نمایش کردبێ، ئەوە یونسکۆ پاش تەواو بوونی دووەمین جەنگی جیهانی دەستی پێ کردو دەست پێکردنەکەشی بیرکردنەوەیەکی زۆری نەویستووە، لە کاتێکدا خەریکی خوێندن و فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەبێ، کتێبێکی سادەو ساکاری فێربوونی زمانەکەی لەبەردەستدا دەبێ، هەموو ڕۆژێک ئەم ڕستانە چەند جارێک دەخوێنێتەوە، بۆ نموونە هەفتەیەک هەفت ڕۆژە، لە ژوورەکەدا بەرپێمان زەوییە، سەرەوەمان بنمیچە. ئەم ڕاستییانەی زۆر بە چاکی دەزانی، بەڵام بەچاکی بیری لێ نەکردبوونەوە. هەڵسا هەموو ئەو دیالۆگ و دواندنانەی تۆمار کرد، کە لە نێوان دوو خێزاندا دەبیستراو بەرچاوی دەکەوتن، پاشان دەستکاری و مۆنتاژی کردنەوە، وەک، لەهەفتەیەکدا سێ ڕۆژ هەیە کە پێکدێت لە سێ شەممەو پێنج شەممەو دیسان سێ شەممە، لە فەرهەنگۆکە بچکۆلەکەیدا زۆر شتی لەم بابەتانەی دەستکەوت، مسز سمیث و مستەر سمیث باسی ئەوە دەکەن کە چەند منداڵیان هەیە و چەند برادەریان هەیە و باسی خزمەتکارەکەیان دەکەن. ئەم شتانەی کە دەیزانن و بۆ نووسینی ستایلێکی نوێ سوودی لێ بینین. بەگوێی خەڵکیدا بدەی چێژێکی دیکەی دەبێت. لە دەرسی پێنجەمی خوێندندا ئەم ژن و مێردە میوانیان دێ و گفتوگۆی سادەتر و خۆشتر ڕوودەدا وەک:

– ژیانی لادێ ئاسانتر و خۆشترە.

– ڕاستە، بەڵام شار چالاکی و دەر و بازاڕ و شوێنی خۆشی تێدایە. یونسکۆ دەڵێ هەردووکیان ڕاستن، ئەمە پەیامێک بوو لە خۆیەوە بۆی دابەزی، شانۆ دەبێ دیکتاتۆری (ئەقڵ و مەنتیق – لۆژیک) لەناوبەرێ و شانۆیەکی نوێ دەست پێ بکات، کلێشەکان بشکێنێ کە زەمەن تێیدا ڕیسواو بێ مانایە، ڕابردوو بارگرانییەکی مردووە بە کۆڵمانەوەیە و لە شانۆگەری (خانمە سترانبێژ) هەست بەم ڕاستییانە دەکرێن...بەم شێوەیە دەستی لەجیاتی فێری زمانی ئینگلیزی بێت و فێری نووسین و کاری شانۆیەک بوو سەدەی ڕابردووی بەوپەڕی تواناییەوە بەدوای خۆیدا ڕاکێشا، شانۆیەک لە سەردەمی منداڵییەوە خەونی پێوە دەبینی. چۆن دەست پێ دەکات بەو شێوەیەش بە کۆتا دێ، تێکشکاندنی مەرجە باوەکانی کارێکتەر و کات، تەنانەت ئەرکی زمان و زمانەوانیشی هەپروون بە هەپروون کرد، کەچی ئەرکی کەرەستەو پێداویستییەکانی دەوروبەری مرۆڤی زیاتر کرد، ئەو کەرەستانەی کە مرۆڤ بەدەستی خۆی دروستیان دەکات و دەیانکاتە بارگرانی و بێزاری، گەر لێیان بپرسیایە چۆن خۆت بۆ نووسینی شانۆگەرییەکانت ئامادە دەکەیت و بەچی شێوەیەک بیریان لێدەکەیتەوە دەیگوت نەخێر سەرپێیی دەست پێ دەکەم و بەسادە و ساکاری دەنووسم پێویستیم بە خۆماندوو کردن و بیرکردنەوە نییە، لە دنیایەکی سەیروسەمەرەو پڕوپووچدا هەندە ناهێنێ ژیان و هونەر هەندە قورس و گران بکەین، کوردیش لە سادەیی خۆی فەرموویەتی (دنیای هیچوپووچ کاروان سەرارا) جا پڕوپووچ، یان هیچوپووچ هەردووکیان یەک مەبەست دەگەیەنێ، هەموومان کۆڵکێشی مەرگی خۆمانین، یونسکۆ بە ڕاشکاوانە دەڵێت من لە مردن دەترسم، لە تەمەنی چوار ساڵیمەوە ئەم هەستەم لا دروست بووە لە (گیانەڵای شا)دا ماریا بە شا دەڵێ (ئازیزەکەم ئەی خاوەن شکۆ نە ڕابردوو هەیە نە دوارۆژ، تاکۆتایی هەر ئێستا هەیە هەموو شتێک ئێستایە، تۆش لە ئێستادا بژی) ئەم تاکە ڕستەیە (دنیای هیچوپووچ)

لای ئەوان دەبێتە ڕێبازێکی هونەری و دنیا دەهەژێنێ، لای خۆشمان هێدی هێدی لەبیر دەچێتەوە. مرۆڤ بە گشتی لای یونسکۆ کامڵ و سەراپا نییە، بەڵکو کەموکوڕی زۆرە مەگەر لە خەون و خەیاڵدا خۆی ڕاست بکاتەوە. مرۆڤ ڕاستییەکانی خۆی لەو ڕێبازەدا نادۆزێتەوە، کە پێی دەڵێن (ڕیالیزم - واقعی) و بوونێکی پڕ ساختە.

برتۆڵد برێخت، زووتر ڕێبازی هونەری خۆی دۆزیبووەوە و بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە شانۆ دەتوانێت وانەبێژی کۆمەڵگە بێت و فێری ئەو بابەتەی کات کە شانۆکار دەیەوێت، لەگەڵ پەیدابوونی نازییەکان و هەوڵدانیان بۆ لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان و وێرانکردنی بیروباوەڕی مارکسیزم کە برێخت یەکێک بوو لە وان، بە تەواوی بووە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی ببێتە ئەندامی ئەو پارتە، وەک ئەگیتاتۆرێک، خۆی و کارەکانی تەرخانی ئەو ڕێبازە بکات و بەتەواوی شانۆی داستانی باسی ڕاستییە ڕووکەشەکانی ژیان و گیروگرفتەکانی مرۆڤ و سیاسەت و فەلسەفەیەکی تایبەت بکات و ئەو سەرجەمەی دروست کرد کە دژایەتی لەگەڵ کار و بۆچوونەکانی یۆنسکۆ و سامۆییل بیکێت و لایەنگرانی ڕێبازی (بێهودەیی)دا هەبوو. ئەوان بنکەشی ڕاستییە شاراوەکانی مرۆڤ، لە دەروونەوە دەهەژێنن، ڕیالیستەکانیش بەپێچەوانەوە، واتا دوو سەرجەمی دژ بەیەک و هەرلایەکیان جەماوەر و لایەنگری خۆی هەیە، هەروەک سیاسەت و بیروباوەڕ و ئایینەکان و هونەریش دووبەرەکی تێدەکەوێ، مرۆڤ داهێنەرەو دەتوانێ ماوەیەک دوای بیروباوەڕێک، یان ڕێبازێک، یان ئایین و ئایدلۆژیایەک بکەوێ، پاشان لێی بێزار دەبێت و بەدوای گۆڕانکاریدا دەگەڕێت، فەلسەفەی دیالێکتیکی دەمێکە ئەم ڕاستییانەی خستووەتە ڕوو هەموو شتێک لە گۆڕاندایەو هەموو شتێک لەبەردەم گفتوگۆدا یەکسانە تاکو زانست ڕاستییەکان دەسەلمێنێت. شانۆ پێداویستییەکە لە هەموو سات و زەمانێک و هەموو ڕێبازەکانی لەئاستی پێداویستییەکانی مرۆڤدان و نابێتە هۆی ئاژاوەو شەڕوشۆڕ، بەڵکو هۆیەکە بۆ کات بردنەسەرو کەمێک بیرکردنەوە لە ڕاستییە ڕوون و دیارەکان و بەرچاوەکان، هەروەها ڕاستییە شاراوەکان کە دەبێ بەدوایاندا بگەڕێی لەژێر دەیان توێژ و چینە

کەڵەکەبووی هەزاران ساڵ، یان ئەوەتانێ نزیکەو لەبەرچاوە و لەبرژانگەکانمان نزیکترن، کەچی یان هەستیان پێ ناکەین، یان خۆمانیان لێ گێل دەکەین. سەدەی ڕابردوو هاوبەند لەگەڵ ئەم سەدە نوێیەدا کانزای داهێنان و جوانکارییەکان لە مرۆڤی داهێنەر نزیک بووەتەوە، کەچی ئێمە هێشتا لێیان ڕادەکەین و جاروبار بەدوای ڕاستییەکاندا دەگەڕێین و دەیاندۆزینەوە و سەرلەنوێ دەیانشارینەوە و جارێکی دیکە بەدوایاندا دەگەڕێین و سەرلەنوێ خۆمانیان لێ بزر دەکەین و چاوەڕوانین داهێنان خۆی بەدواماندا بگەڕێت، کە داهێنان و شاراوەکان و شتە ونبووەکان دەبنەوە بەنامۆ، جارێکی دی بەدوایاندا دەگەڕێین، لێرەوە (بێهودەیی و نامۆیی) لە ناخماندان و ئێمەش بەدوایاندا وێڵێن و سەرلەنوێ بەهەموومانەوە دەکەوینەوە چاڵی ئەو فەلسەفەیەی کە سارتر و ئەلبێرت کامو و بیکێت و یونسکۆ، تەنانەت مارکسیش بەدوایدا وێڵ بوون، بارودۆخی نووسین و داهێنان لەژێر کاریگەری ڕووداوەکانی سەردەمدا دەبووژێنەوە، ئەو سەردەمەی کە نووسەرەکە تێیدا دەژیت. کە بەتەواوی لەلای دراماتۆرگانی سەدەی ڕابردووی پڕ کارەسات بەرجەستە بووە.

**سەرچاوەکان:**

**(١) لە ڕوسییەوە Richard N Coe - - - Ionesco TheTheatre of the absurd، کۆمەڵە وتار.**

**(٢) شانۆگەرییەکانی بریخت، دۆریس لسینگ (بە ڕووسی)**

**لە عەرەبییەوە - د.ئەنوەر لۆقا - چۆن لە شانۆی یونسکۆ بگەین.**

# دوالیزمی سەرەتا و کۆتایی

## «ئەزموونی هونەریی یادگار عەلی خەیات»

وەهبی ڕەسووڵ
(سلێمانی)

یادگار عەلی خەیات پەیکەرسازێکی هێمنی ساڵانی نەوەدەکان و خوێندکار و هونەرمەندێکی بێ دەنگی ئەمێستای ئەکادیمیای (لیدز)ـە لە زانکۆی (میترۆپۆلیتان)ی ئینگلتەرا، هونەر بۆ ئەو لە بەراییەکانی تەمەنییەوە سەرچاوەی گرتووە و دەرباری منداڵیی خۆی دەڵێت: "هەر لە منداڵیمەوە زۆر خولیای کاری هونەری و نیگارکێشان و یاری کردن بە قوڕی دەستکرد بووم. ئەم ئارەزووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەلام گەورە دەبوو و تا دەهات زیادی دەکرد، دیارە سەرچاوەی ئەمەش بۆ ئەو تێکەڵاوبوونە خێزانییە دەگەڕێتەوە کە من بەکاری بەرگدروویی (خەیاتی) هەمە و ئەو وردەکاریانەی لەم کارەدا هەیە بوونە یارمەتیدەر بۆ خۆ دۆزینەوەم لە بواری هونەریدا بە گشتی" پێگەیشتنی ئەم خولیایە وای کرد لەگەڵ تەواوکردنی قۆناغی ناوەندیدا ڕووبکاتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، "پەیمانگە بووە ئەزموونێکی نوێ و پەروەردەکردنێکی هونەری و قاڵبوونێکی زیاتر بۆ کارکردنم لە بواری هونەری شێوەکاری بەگشتی و هێڵکاری و پەیکەرسازی بەتایبەتی" بەرەنجامی پێگەیشتنی توانایی کارکردنی لە پەیکەرسازیدا، وەک هاوکارێک لەلایەن مامۆستاکەی (دارا حەمەسەعید)ی هونەرمەندەوە هەڵدەبژێردرێت تا لە کارە پەیکەرییەکانی ئەو دەمەی بەردەرکی سەرا و پەیکەری پیرەمێرد و مەولەوی و مامەڕیشەدا هاوکاری بکات.

هەر ئەو ساڵانەش وەک نیگارکێشێک لە ژمارە سەرەتاییەکانی گۆڤاری (پەپوولە)دا کار دەکات و هاوشان لە زۆرێک لە پیشانگە هاوبەشەکانی ئەو ساڵانەی سلێمانیدا بەشداری دەکات. سەرجەم ئەم کارکردن و ئەزموون و بەشدارییانە بوونە هاندەرێک بۆ



هەرچی زیاتر خواستی قووڵبوونەوە و بەدواداچوونی کارکردن و ئەزموونی نوێی هونەری، دەربارەی کارکردنی ئەو ساڵانەی (ساڵانی نەوەد) دەڵێت "هەموو ئاڵۆزی و سەختییەکانی ئەو دەمەی ژیانم نەبوونە بەربەست و ڕێگر لەبەردەم خۆشەویستی و بەردەوام بوونی هونەریم، لە پێناو نوێگەری و بەردەوامیدا بیرم لە چوونە دەرەوەی وڵات کردەوە، هەر لەسەرەتای سەفەرەکەم تا کۆتایی، هونەر بەشێکی گەورەی ژیانم بوو، هەموو ئەو ویستگانەی پێیاندا تێپەڕ بووم، کار و چالاکی هونەرییان دەوڵەمەند دەکرد، ئەزموونی سەفەر بووە دەروازەیەک بۆ بیرۆکەی کارەکانم، تەنانەت لەخوێندن و توێژینەوە هونەرییەکانیشمدا..." هەر بۆیە ساڵانی (١٩٩٧ - ١٩٩٨) بەرەنجامی بەشداری کردنی لە پیشانگەی هونەرمەندانی کورد لە یۆنان/ئەسینا، ناسنامەیەکی هونەریی باڵای لەو وڵاتەی پێ دەبەخشرێت، هەر ساڵی (١٩٩٩) بەشداری فیستیڤاڵی هونەری کەمپی (خلزە) دەکات لە هۆڵەندە، ئەم بەردەوامییە لەسەر چالاکی و کارکردنی هونەری وامان لێدەکات بڵێین، کەمن ئەو خوێندکارە هونەرییانەی دەچنە دەرەوەی وڵات و خۆشەویستیان بۆ هونەر و خوێندنی هونەری، بێ دەربەستیان دەکات لە کایە جۆراوجۆرەکانی گوزەران و ژیانی ئاسایی، تەنانەت خودی خۆشیان، ئەوان بە عەشقەوە بەرابەری ژیان دەکەن بۆ هونەر، (یادگار)ی هونەرمەندیش یەکێکە لەو کەمینە لاوانەی لە دوالیزمە لێکدژەکەی نێوان هونەر و ژیانی ئەوێدا، هونەری هەڵبژاردووە و لەدوای ساڵی دوو هەزارەوە، ساڵانێکە لە وڵاتی ئینگلتەرا، لە خوێندن و کاری هونەری و بەشداری چالاکی جیاجیا لەم بوارەدا بەردەوامە، ساڵی (٢٠٠١) کۆرسێکی تایبەتی لە کۆلێژی (برادفۆرد) خوێندووە لە بواری بۆتە (قاڵب) و داڕشتنی شووشەدا (glass casting- Bradford college - craft center) و ساڵی (٢٠٠١) بۆ (٢٠٠٢) بووەتە خاوەنی بڕوانامەیەکی تایبەت لە بواری (Life Drawing)، و ساڵانی (٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٦) لە هەمان کۆلێژ، پلەی یەکەمی لە خوێندنی (دەروازە بۆ کولتووری باڵا لە هونەر و دیزاین Access to high-er Education in Art & Design-)دا بەدەست هێناوە، ئەمێستاش (وەک ئاماژەمان پێ دا) لە ساڵی (٢٠٠٦)وە پلەی بەکالۆریۆس لە ئەکادیمیای لیدز دەخوێنێت (UK - Leeds - Metropolitan University, BA Fine Art) لە بواری هونەر و دیزاین (Art & Design)دا.

هاوکاتی خوێندن و کاری هونەری خۆی، سەرقاڵی خزمەتکردنە بە بواری کولتووری نەتەوەیی کورد، بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (٢٠٠٦)وە بە بەردەوامی وەک سەرپەرشتیار و پێشکەشکاری بەرنامەی (دەنگی کورد) بە زمانی کوردی لە ڕادیۆی ( BRADFORD COMMUNITY ROADCASTING BCB) لە ڕۆژانی پێنج شەممان بۆ ماوەی سی خولەک کاردەکات.

ئەو خاوەنی کۆمەڵێ کارکردن و ئەزموونی هونەری تایبەتە لە نێو بوار و پێگەی کارکردنی ئەمێستایدا و بۆ ئەو مەبەستەش بەردەوام لە هەوڵ و گەڕان و چوونە پێشەوەیەکی دیاردایە، کە زۆرجار ئەم کۆشینە بەردەوامە وای کردووە ئاراستەکانی کارکردنی هونەری ئەو، سنوور و نەخشەی ژانرە هونەرییەکانی نێو خودی هونەری شێوەکاری ببەزێنێ و لە گوتارێکی بینەیی ئیستێتیکی هاوچەرخ و جیاوازدا تێکەڵ بەیەکی بکات و جارێکی تر بە ئاراستەی بینەر پەخشیان بکاتەوە، بۆ بەدی هێنانی مەبەستێکی وەها، باکگراوندی خوێندنی ئەو هاوکار و پشتگیرییەکی دیار و کارایەتی. لە نموونەی ئەو کارانەی کە شایستەی لەسەر وەستانە، پرۆژەیەکە بەناوی (سەفەری تاریک).



**پرۆژەی (سەفەری تاریک – Dark Journey):**

ئەم پرۆژەیە کاری دروست کردنی نیوە چاکەتێکە و لە بیرۆکە، یان هونەری پراکتیزەکراوی (artist book) سەرچاوەی گرتووە، کە هونەرمەند لەم جۆرە کارەدا چیرۆکێ لەرێی کۆمەڵێ کاری (جزوبەند) کراو لەیەکەیەکی کتێب ئاسا کە ناوزەد دەکرێت بە کتێبی هونەرمەند (artist book) دەگێڕێتەوە، هونەرمەندیش چیرۆکی سەفەرەکەی خۆی، کە ناوونیشانی (سەفەرێکی تاریک)ی پێ بەخشیوە، هەڵبژاردووە و گێڕاوەتەوە لەم ئەزموونە هونەرییەیدا کە ساڵی (٢٠٠٥) سەرقاڵی کارتێداکردنی بووە. بە دەستپێک بە چەندان کاری هێڵکاری بەرایی چەندان وێنەی ئەندێشەکراوی تایبەت بەو بابەتە، پاشان گواستنەوەیان بۆ پراکتیزەکردنیان بە تەکنیکێکی تر کە ئەویش چاپکردنی سکرینە (screen print) لەسەر قوماش و ڕووی ماددەی جیاوازی دیکە، نزیک بوونەوە لە قوماش نزیک بوونەوەیە لە کەرەستەیەک کە بە کەرەستەیەکی دروست کراوی ئامادە (ready made) دادەنرێت، هاوکات نزیک بوونەوەیە لە کەرەستەیەک کە هونەرمەند باکگراوندێکی درێژ و پڕ مامەڵەی کارامەیی لەتەکدا هەیە، لێرەوە هونەرمەند پارچە قوماشێکی گەورە هەڵدەبژێرێ تا سەرجەمی ئەو وێنە و یادەوەریانەی لەسەر چاپ و تۆمار بکات و بیکاتە ماددەیەکی خاویش بۆ دوورین و دروست کردنی نیوە چاکەتێک، کە سەفەر نیوەی تەمەنی هونەرمەندی بەدوای خۆدا ڕاکێشاوە، ئەو دوا نیوەیەی کە کۆتاییەکەی، کۆتایی خودی ژیانە، لێرەدا کەرەسەی قوماش لەیەک کاتدا هەڵگری بیرەوەرییەکانی سەرەتاکانی ژیانی هونەرمەندە و حیکایەتخوانی تۆماری کۆتاییەکانیشیەتی، بەواتایەکی دی هەڵگری دوالیزمی لێکدژی (سەرەتا/منداڵی/ژیان/بوون x کۆتایی/پێگەیشتن/مەرگ/نەبوون)ە، هەرچۆن ئەم پێوەندییە دوالیزمە لە یەکەی ئەم دەقە هونەرییەدا بە ئاراستەیەکی تریشدا ئامادە دەبێتەوە لە (سەرەتا/بوون/بەرگدروویی x کۆتایی/ڕێزاڵبوون و نەمان/هونەر) جارێکی تریش لێکدانەوەیەکی هەردووک لە هونەرە پیشەییەکان و هونەرەجوانەکانە لە یەکەیەکی دەقی هونەریدا و گۆڕاندنیەتی بەرەو کایەیەک کە بینەر تێیدا دەکەوێتە دڵەڕاوکێی ڕیزبەند کردن و پۆلاندنییەوە وەک کارێکی چاپ لەسەر قوماش، پارچەیەکی دووراو، یان (دیزاینی جلوبەرگێک بۆ بەکارهێنان)، پەیکەرێ لە قوماش،(3D)، یان کارێکی ئینستلەیشن.

هونەرمەند بەرانبەر بەم کارەی وەها دەدوێت" نیوە چاکەت (Dark Journey) باس لە کۆمەڵێ ساتەوەختی جیاوازی سەفەرەکەم دەکات و لە هەمان کاتدا ئەوە پیشان دەدات، کە مرۆڤ چۆن بەرەنجامی دیوە نەرێتییەکانی ژیان و ساتە سەختەکانییەوە، بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا بەرەو ونبوون و نەمان دەچێت".

**لم گوتارێکی زەمەنی لە کەرەسە:**

دوا ئەزموونی هونەری ئەم هونەرمەندە بە هاوبەشی هونەرمەندان (Jamie Wardley, Nicola Wood) و بە هاوکاری هونەرمەندان (Andy Moss, Sarah Jane Maylor, Thomas Bolland & Asha Wrightson)، لەم ساڵدا، کارێکی هاوبەشی هونەرییە بە کەرەسەی لم، کە بریتییە لە پۆرترێتێکی گەورەی (چارلس داروین) کە بەرزییەکەی(١٠) مەترە، لە سەنتەری شاری برادفۆرد و

لەسەر داوای شارەوانی ئەو شارە، بۆ یادی دووسەد ساڵەی لە دایک بوونی ئەم زانایە و تێپەڕبوونی (١٥٠)ساڵ بەسەر کتێبەکەیدا، لەگەڵ چەند پەیکەر و کارێکی تری هاوشانی ئەم کارە، ئەم پرۆژەیە لە دەستپێشخەری هونەرمەند (جەیم واردلی)یە و لەمانگی تەمموزدا وۆرک شۆپێکی پێنج رۆژەی بۆ ئەم نمایشە بۆ پێنج کەس سازداوە، دواتر هەرکام کارێکیان ئەنجام داوە و ئەم کارە گەورەیەش کە (١٢٢) تەن لمی تێدا بەکارهاتووە، بە هاوبەشی ئەو سێ هونەرمەندە بەدی هێنراوە و بۆ ماوەی دو هەفتە نمایش کراوە.

وەک لای کەسانێکی شارەزای ئەم بوارە ئاشکرایە، کارکردن بە کەرەسەیەکی وەها، شتێکی ئاسایی نییە وەک مامەڵەکردن بە کەرەسەکانی تری بواری پەیکەرسازی وەک قوڕ، یان بۆرەک و گەچ و...تاد، بەڵکو کارکردن لەم کەرەسەیەدا ئەزموون و شارەزایی تایبەتی دەوێت، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەم جۆرە کارانە لە جێگە گشتییەکاندا و بۆ جەماوەرێکی گشتی بە ئەنجام دەگەیەنرێت و تەمەنی هونەری کارەکە وەک خودی خۆی تەمەنێکی کورتە و هەڵگری گوتاری مانەوە و جێگیریی نییە وەک لە مۆدێرنەدا پەیڕەوکاریی بۆ دەکرێت، بە واتایەکی دی، جۆرێکە لە کارکردن لە نێوان بە شوێن/مکان بوون و بە کات/زەمەن بووندا، سیفەتی بە زەمەنی بوون هەڵدەبژێرێت، هەر بۆیە کارەکە لە کاتێکی کورتدا دروست و نمایش دەکرێت و دواجاریش لادەبرێت، هەرچۆن دیسان ئەم کارە هەڵگری دوالیزمێکی نێوان سەرەتا و کۆتاییە، سەرەتا لە خودی (داروین) خۆیدا، جارێک وەک یادی لە دایک بوونی و جارێکیش وەک کتێبەکەی کە لە سەرەتای چۆنیەتی پێکهاتە و بوونی مرۆڤ دەدوێت، کۆتاییش وەک گوتاری زەمەنی بوونی توانایی کەرەسەی لمە لە مانەوەدا و دواجار تێکچوون و نەمانی فۆرمی پێکهاتووە لەم کەرەسەیەدا. گوتاری زەمەنی بوون و وەختێتی دەق و هەڵوەشاندنەوە و دواجار نەمانی، گوتارێکە هەڵگری خەسڵەتی پۆست مۆدێرنە، چون دەق لەم کایەیەدا هەڵگری هەمان خەسڵەتی ژیانە لە زەمەنی و ڕێ زاڵبوون و نەمان، ئەمە هاوکاتی دوو سیمای تری گوتاری هونەری لە قەبارە/پێوانەی گەورەی نائاسایی و ئاراستەکردنی ڕاستەوخۆیانەی لەناو پانتایی جەماوەرەوە بە ئاراستەی هەمان پانتایی، کە دوو سیمان هاوشانی خەسڵەتی پێشووتر بەها و ڕەهەندگەلێکی پۆست مۆدێرنانە بەم کارە هونەرییە دەبەخشن.

لە دواجاردا دەستخۆشی تایبەت بۆ هونەرمەند و خوێندکار (یادگار عەلی خەیات) بە هیوای هەڵکشان و چوونە پێشەوە لە هەردوو بواری ئەزموونی کارکردن و خوێندنی هونەریدا.

# هونەری هەورامان لە تەرازووی بەراورددا

دارا محەمەد عوسمان
(سلێمانی)

هونەر واتایەکی فراوانی هەیە، ئەگەر نووسەران و توێژەران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بچنە بنجوبناوانییەوە، ئەوەی منی خستە سەر کەڵکەڵەی نووسینی ئەم بابەتە، هەندێک وتەی، یان ئاوازی، یان شیعری نەشیاو بوون کە بە شێوەیەکی گشتی، لە بارەی هونەر و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی هەورامانەوە وتراون، کە ئەوەش هەموو ڕاستییەکان ژێراو ژوور دەکەن.

هەندێک خەڵک، یان نووسەر نووسیویانە گوایە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر، سەرچاوەکەی لە ئەدەبی فارسییەوە قەراری گرتووە، دیارە ئەوەش زۆر لە ڕاستییەوە دوورە، یان دەڵێن پاشماوەی زمانێکی کۆنی فارسییە. هەڵبەتە ئەو بەیت و باڵۆرانە، کە هەندێک نووسەر نووسیویانە، زۆر لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە ئەو بەشە زمانانە کە لە کوردستاندا ئاخاوتنیان پێ دەکرێت زۆر لە زمانی تێکەڵوپێکەڵی ڕۆژهەڵاتی دوورە، بەڵام زمانی فارسی، ئەگەر شێوەزارە هەورامییەکەی لێ بکرێتەوە، ئەوە هەموو وشەکانیان دەچنەوە سەر زمانی عەرەبی، چونکە زمانی پەهلەوی زۆر لە هەورامییەوە نزیکە نەک فارسی، وەختێک خەڵکی ئێرانی کۆن ئاخاوتنیان کردووە، بە زمانی ئاریانڤاچەکان بووە.

لەم دوا دواییەدا زمانی فارسی وشەی عەرەبی و هەندێک جار هیندییان هێناوەو کردوویانە بە زمانێکی فەرمی بۆ خۆیان، ئەگینا هەر قسە کردنیان بە پەهلەوی کۆن بووە، ئەوەش دیسان زێد زادەیان هەر ئاریانڤاچەکان بووە، هەروەها سەردەمی ساسانییەکان، کە هونەر پێشکەوتووە، بە هەورامی ئەو ساسانیانە ئاواز و گۆرانییان وتووە، میللەتێک ئاواز و گۆرانی بە هەورامی بچڕن، ئیدی چۆن ئەدەب و هونەر و فەرهەنگی ئێمە، هی

ئەوانە؟ دیارە ئەوەش سەردەمی ساسانییەکان، کە بە هەورامی قسەیان کردووە، بەسەردەمی زێڕینی هونەرەکەیان دادەنرێت. (وەختی بیر و ڕای زانستییانە جێگای بڕوا و متمانە دەبێت و بەکارێکی زانستییانە لە قەڵەم دەدرێت، کە بەڵگەی زانستییانەی وەهای لە پێشەوە هەبێت، کە کەس نەتوانێت باڵادەستیی بووەستێ، بە تایبەتی بەڵگەی زمانی، کە پێویستە زۆر ئاشکرا و ڕۆشن و پاراو بن..)(١) بڕوانە زاری بەراورد لاپەڕە (٥).

نابێ هەرچی ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە لە بارەی ئەدەب و هونەری نەتەوەکەمانەوە وتبێتیان، ئێمە بە تەواوی لێیان دڵنیابین تا بە تەواوی و بە چاوێکی وردبینانە، تەماشای ئەو سەرچاوانە نەکەین، نابێ خۆمان بە تەواوی ڕادەستی ئەوان بیکەن، چونکە مەرج نییە هەرچییان وتبێت ڕاستودروست بێت، دەبێت بە بەڵگەی تەواو و باوەڕ پێکراو بن، ئینجا بڕیار لەو بارەیانەوە بدەین، نابێت تا سەرچاوەیەک بە تەواوی نەخوێنرێتەوە، لە خۆمانەوە گەواهی بۆ بدەین، چونکە زۆرجار سەرچاوەی وا هەیە، خەڵکی داخ لە دڵ، کە ڕقی لەنەتەوەکەمانە، یان ڕەگەزپەرستە خوا خوایەتی بەبێ بەڵگە شتی لاوەکی لەسەر فەرهەنگ و هونەری نەتەوەکەمان بنووسێت، لەوانەیە ڕای وەها هەبێت مرۆڤ بخاتە گومانەوە. ڕاستییەکان بە شەپۆلی گوماناوی ببات، کە ئەوەش وا لە نووسەر و هونەرمەند بکات سارد ببێتەوە. (بۆ نموونە، تەماشای: (ل٢٥٤)ی کتێبی تراث فارس بکە، تێیدا وا دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی وەچەزارێکی زمانی فارسییە...)(٢) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧، هەردەم ئەو وڵاتانەی کە دراوسێی کوردن هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدان زمان و ئەدەب و فەرهەنگی ئەو میللەتە گەشە نەکات، ئیدی نازانن ئەو نەتەوانەی ئێستا باڵا دەستن، بە هەزاران ساڵ پێش ئەوان بوونیان لەسەر خاکی خۆیان هەبووە. کەچی ئەوان بوونەتە خاوەن ماڵ و ئێمەش تازە دراوسێی ئەوان، بۆیە نووسەر و هونەرمەند، تا بتوانێت پشت بەسەرچاوەکان و توێژینەوەی خۆیان ببەستێ باشترە، تا سەرچاوەی باوەڕ پێنەکراو، بە تایبەتی ئەو سەرچاوانەی داگیرکەری وڵاتی کوردانن.

(لە کۆنەوە هۆنەرەکانی ناوچەی هەورامان بە بۆنەی سەختیی ناوچەکەیانەوە، وەبوونی دەرامەتی ژیان بەبێ کەموکوڕی لەو ناوچەیەدا، ناچار نەبوون کە هۆنراوە، بە زمانی داگیرکەران و فەرمانڕەوای بێگانە بلێێن)(٣) بڕوانە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتی، لاپەڕە(٣).

هەستی نەتەوایەتی لە دەڤەری هەورامانداا ڕەنگدانەوەی ئەو بەرگرییەیە و زۆر لە مێژەوە پەرەی سەندووە، هەر ئەوەش وای کردووە بۆ یەکەم جار چ هونەر چ هۆنراوە، چ پەخشان، لەوێ سەرهەڵبدات، هەموو ئەو سامانە گەورەیە لە چنگ داگیرکەران بپارێزێت.

نموونەی ئەو بەرگرییەش، هۆنراوەی (هورمزگان)ـە بەم شێوەیە:

**(هورمزگان ڕمان ئاتران کژان**
**ویشان شاردەوە گەورە گەورەکان**
**زۆرکاری ئارەب کردنە خاپوور**
**گنائی پاڵە هەتا شارەزوور**
**شەن و کەنیکا وە دیل بشنیا**
**مەرد ئازا تلێ وە ڕووی هوینا**
**ڕەوشتی، زەردەشت مانۆوە بێ کەس**
**بزیکا نیکا (هورمزد) وە هیچ کەس)**

ئاتەشگەدەکان ڕووخان، ئاگرەکان کوژانەوە، گەورەکان خۆیان شاردەوە، پیاوە ئازاکان کوژران و لە ناو خوێندا تلانەوە؛ زۆر کاری عەرەب هەر لێرەوە تێی کەوتن تا شارەزوور، ژن و کچیان بە دیل گرت، ئیدی ئایین و ڕەوشتی زەردەشت بێ کەس دەمێنێتەوە. هورمز بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە زەردەشت ئاگرپەرست نەبووە، بەڵکو خاوەنی ئایینی خواپەرستی بووە)(٤) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٨-٩) ئەو شیعرە کە شیعرێکی بەرگرییە، ئەوەش دیاردە و ڕوخساری هونەری وڵاتی ئاریانشاچەکانە، هەر لە بوونی مرۆڤایەتییەوە، ئەو هونەر و فەرهەنگە، هەر بە نەمری توانیویەتی شیرازەی وڵات بە ئاقارێکی ئاوەدان و ئاوا کردنەوە ببات، هەروەها هونەرمەندان و نووسەرانیش توانیویانە خۆیان قۆڵی لێ هەڵماڵن و ڕێگە نەدەن بەو شتانەی وەک بەڵگە و دۆکیومێنت، کە بە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆر و کوێرەوەری و ڕەنجەڕۆیی و دەردی سەری لەناو ئەشکەوت و سەر کێلە بەردەکان و مەزاری پیرەکان و لە کون و کەلەبەری ئەو چیا و کەشانەدا پارێزراون و تا ئەم سەردەمە بە ئێمە گەیشتوون، زۆر بە زەحمەت پارێزراون، بۆیە ڕێگەنەدان بەو سەرچاوانەی کە

بەهەڵە شتی نابەجێ لەسەرمان تۆمار بکەن. لە کەشکۆڵی هەورامان لە لاپەڕە (٥)دا هاتووە! (ماوەیەکە هەندێک شیعری شاعیرانی ڕابردوومان کەوتوونەتە بەردەست، زۆربەیان لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپ کراودا نەمدیون، هەندێکیشیان هەتا شاعیرەکانیشیان بە نەناسراوی ماونەتەوە، هاتمە سەر ئەو باوەڕەی نابێت لەوە زیاتر بکەونە بارگێن و مۆری لەبیر چوونەوە لەنێو چاویان بدرێت...)(٥).

ئەم نووسەرە هەستی مرۆڤایەتی و بیری نەتەوایەتی و بیرکردنەوەی بۆ ئەو سەرچاوانە، هەنگاوێکی باشی پەنا هێندە قەرار داوە و نووسینەوەی ئەو کەشکۆڵە هەندێک دۆکیومێنتی بە پێزی بۆ مێژووی هونەر و ئەدەب تۆمار کردووە و بە باشی ژیانی چەندین شاعیری بە چین و توێژی نەتەوەکەمان ئاشنا کردووە.

لە هەمان سەرچاوەدا، لەلاپەڕە (٥)دا هاتووە: (لەبەر ئەوەیش زۆربەی شیعرەکان، هی شاعیرانی ناوچەی هەورامانن، وام بە باش زانی ناوی بنێم (کەشکۆڵی هەورامان)، دیارە ئەو ئاسارانەش لەیەک بەرگ و دوو بەرگدا تەواو ناکرێن، کە یەکێک لە ئاواتەکانم ئەوەیە بتوانم تەواوی ئەو پاشماوانەی کەوتوونەتە دەستم، ڕۆژێک بێتە پێشێ، هەموویان لە چاپ بدرێن و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکەن)(٦) لەبەر ئەوەی کە وڵاتی (خڤەنیرەتە) لەم سەردەمەی دواییدا داگیرکەرەکانی لە هەموو لایەکەوە، شاڵاوی فەرهەنگی و مێژوویی کراوەتە سەر، بەڵام لەبەر ئەوە هەر بن بەردێکی، یان هەر ئەشکەوتێکی تەماشا بکەین، ئەو بەڵگە مێژوویی و جوگرافیانە، وەڵامی دەمکوتکارانەی نەیارانی وڵات دەداتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، وڵاتی کوردانیش لە سایە و پەنایدا زمانێکی پاراو و فرە دیالێکتە، بەهۆی ئەو دابونەریت و کولتوور و هونەرە بەرزەی، توانیویەتی ناسنامەی خۆی بسەپێنێت. (سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتی و بڵاوبوونەوەی کیاستەکانی... دەشێت دابنرێت و بە سەرەتای وەگەڕخستنی بەساز و ڕەزمی بەزمیو (بە بەزم) بە چەشن و ڕەنگێکی وەها پیرۆز و سپەنتا (موقەددەس) و بەهادار کە شیاوی دەرباری ئاهورامەزدا بێت..)(٧)

بڕوانە فەرهەنگی موزیک، لاپەڕە (٣). هەڵبەتە پاراستنی ناسنامەی هەر میللەتێک، سەرچاوە و بوونی بەندە بە چەند سپەنتا و بەها گرنگەکانی، کە بوونی مرۆیی لەسەر زێد و نیشتمانی نەتەوەیی خۆی بە باشی دەهێڵێتەوە، هەروەها لە هەمان سەرچاوەدا لە لاپەڕە (٣)دا هاتووە: (پێدەچێت کە هەر ئەم ڕەوشە ئایینییە بووبێتە سروەیەکی هونەری بۆ کەسانی بەهرەمەند، کە ئەوەندەی دیکە بایەخ بەو لایەنە هونەرییە بدەن و بیکەنە هەوێنی کارەکانیان)(٨) ئەگەر هونەر، یان دابونەریتی نەتەوە، بوونی ئایینی فرە، ئەو ستەم و زۆردارییە بەرپەرچی ئەو هەموو پڕوپاگاندانە دەداتەوە، کە نکوڵی لە نەتەوەیەک دەکەن. هونەر و ئەدەب ئەگەرچی لەبندەستی داگیرکەراندا بێت، بەڵام بەهۆی ئەو سرووتە ئایینییانەوە، یان ئەو ستران و هونەرە بەرزەوە، کە دەماودەم بۆمان ماوەتەوە بناغە و بارگەی خۆی بۆ سپی کردنەوەی هەموو سەرچاوە ڕەسەنەکان ڕۆشن کردووەتەوە. هونەر بە تایبەتی هونەری گۆرانی، یان ستران، دەبێتە مایەی هێشتنەوەی زمان و بەرگریش لە زمان دەکات. هانا بردن بۆ هونەری ڕەسەن میللەت لە ماکی خۆی دەهێڵێتەوە، بەڵام لادان لە هونەر و ئاواز و ستران، نەتەوە بەرەو هەڵدێر دەبات. (پارێزگاری کردن لە ڕەسەنایەتی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیمان لە ئەستۆی کێدایە؟ بەڕای ئێمە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای هونەرمەندان و دەزگای ڕاگەیاندن، بە تایبەتی ڕادیۆ و (tv)یەکان)(٩) بڕوانە گۆڤاری ڕامانی ژمارە (١٨٧)، لاپەڕە (١٦٠).

چەندین جار وتمان، دەیان جار هاوارمان بڵند کردەوە، هەزاران جار بە ڕاگەیاندنەکانمان وت، ئیتر بەسە کەم هانا بۆ چەواشەکاری ببەن، هانامان بۆ گیانی مرۆڤ پەروەرانی پەروەردە و بۆ دەسەڵاتی باڵا برد، هەموویان بە پەرۆش نەبوون، تەنیا توێژێکی کەم نەبێ، ئەوانیش ئەو نووسەر و هونەرمەندە ڕەسەنانە بوون هاواریان کرد و دەیان جار و سەدان جار و هەزاران جار وتیان با بایەخ بە فەرهەنگ و هونەری خۆمان بدەین، لە هونەری خۆمانەوە دەست پێ بکەین، تاوەکو گەلان هونەری وڵاتی ئاریانڤاچەکان بناسن و بزانن نەتەوەی ئێمە خاوەنی ئامێری تەمبوورە، کە مێژووەکەی بۆ چل هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کە ئەویش گەورەترین ڕێکخراوی یونسکۆ، کە سەر بە (UN)ـە، بە بەڵگە ئەوەی سەلماند

و لە ڕۆژنامەی هەولێر بەدوو زنجیرە لەلایەن برای ڕۆشنبیر فەلەکەددین کاکەییەوە نووسرا و بڵاوکرایەوە. (ئەو بەرهەمانەی لە زۆر ڕووەوە هونەریان تێدا بەدی ناکرێت، بێ گومان کاردانەوەی خراپیش دەکەنە سەر زەوق و سەلیقەی خەڵکی بەگشتی و منداڵ و هەرزەکارانیشمان بە تایبەتی..)(١٠) بڕوانە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٨٧)، لاپەڕە (١٦٠).

ئەگەر ئەو هەموو دامودەزگایانە، هەروا بە پەرشوبڵاوی کار لەسەر بیروبۆچوونی خۆیان بکەن، ئەوە دەبێت لە سوورەتی فاتیحەوە، فاتیحە بۆ هونەر و فەرهەنگ و ئەدەبی ڕەسەنمان بدەین، هەروەها ئەگەر کار وا بڕوات ئەوە تەرازووی بەراورد بەلای زمانی دووەمدا لاسەنگ دەبێت و زمانی یەکەمیش، کە زمانی زێد زادەی ئاریانڤاچەکانە سەنگی بە ئاسمانەوە دەبێت، بۆیە پەنابردن بۆ سپەنتا ئەوە هونەر و ئاواز و گۆرانی لەو پاشاگەردانییە ڕزگاری دەبێت. (لەو بەرهەمە ناحەز و ڕەزا قورسانەی بەناوی گۆرانی کوردییەوە ئەمڕۆ بە خەڵکی بێ گوناهی کوردستان دەفرۆشرێن، بەرانبەر بەو تاوانانەی دەرهەق بە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیمان دەکرێت، ئەگەر ئەو لایەنانە تا دوایی ئاوا بێ دەنگیی هەڵبژێرن، ئەوە داهاتووی ئەو هونەرە شێوا و ئاڵۆز دەبێت..)(١١) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەرچەندە ناحەقی و کاری نالەبار و ناڕەوا بەرانبەر بە هونەرمان بکرێت، ئەوە چوار قوتابخانەی هونەر و ئاواز و سترانمان هەن، کە هەزاران سەرچاوەی نالەبار بهێنرێتە ناو ئەو هونەرەوە، ئەو چوار بنەمایە هونەری نەتەوەییمان هەر بە نەمری دەهێڵێتەوە. قوتابخانەی هونەری ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، قوتابخانەکانی؛ هۆرە و لاوک و حەیران و هونەرەکانی قەتار و ئەڵڵاوەیسی گەرمیان ئەو هونەرە بە تەرازوو سەنگەکەی بۆ زەوی دەگەڕێتەوە، سەرچاوەی نالەباریش تای تەرازووەکەی بۆ ئاسمان، بێ سەنگ دەمێنێتەوە، چونکە ئەو چوارینە موزیکییە ڕیشە و زادەیان، لە وڵاتانی ئاریانڤاچەکانەوە سەرچاوە و ئارام دەگرن، بۆیە هەردەم تای تەرازووی هونەری ڕەسەن بەلای ئێمەدا، واتە لە دەوڵەتی (خڤەنیرەتە) بە سەنگێکی سەنگ گران دەوەستێت. (مۆرفیمی ئاریان) بە واتای خەڵکی ئاریان (ئەو خەڵکانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلەوە، یان لە چەم و دۆڵەکانی زاگرۆس بەشێوەیەکی گشتی و حەوزی سیروان بە شێوەیەکی تایبەتی ژیاون..)(١٢) بڕوانە وڵاتی کەیانیان و زەردەشت و هەورامان لە ئاڤێستادا، لاپەڕە (٣٦).

هەندێک لەو سەرچاوانە کە لەسەر ئەدەب و هونەری هەورامانیان نووسیوە، بە تایبەتی ئەو نووسەرانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زۆر بە باشی سەرچاوەکانیان پێکهێناوە. بۆ پەنا بردن بۆ ئەو سەرچاوانە وەجاخی هونەر و ئەدەبی هەورامان ئەوەندەی دیکە ڕۆشن دەکاتەوە. لە هەمان سەرچاوەدا لە لاپەڕە (٣٦)دا هاتووە: (ئەم وشە ناساکارە (ئاریانڤاچ)، لەم جۆرە فریزانەدا، بەرچاو دەکەون، زمانی (ئاریانڤاچ) بەو شێوە زمانە دەوترێ، کە ئارییەکانی (ئاریزانت) ناوچەکانی (زاگرۆس) بەشێوەیەکی گشتی و ناوچەکانی (حەوزی سیروان) بەشێوەیەکی تایبەتی ئاخاوتنیان پێ کردووە..)(١٣).

نەتەوەیەک ئەوەندە سەرچاوە و بوونی خۆی هەبێت ئیدی بۆچی سەرچاوەکانی وڵاتی خۆمان، بەدەستی ڕۆشنبیری وڵاتمان نەنووسرێتەوە. دیارە بایەخدان بەو سەرچاوانە، ئەوە هونەر و ئەدەبی وڵاتی ئاریانڤاچ زیاتر گەشە و نەشونما دەکات، کە ئەوەش کاروانی هونەری وڵات بە وڵاتانی جیهان زیاتر ئاشنا دەکات، زاراوەی ئاریانڤاچ، چاوگی (ڤەچ= ڤاچ= ڤەکە= ڤاک) لە (ئاڤێستا و دەفتەری ڕەش ڕەگڤیداو سەرەنجام و یارسان)دا، بۆ چەندان جار بۆ بەدەستەوەدانی واتای (واتە، واچە، وێژە، ڤێچە، ڤاچە، ئاخافتن، حاچۆ...تاد) بەکارهێنراوە، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، وەک ناوێکی دینی پیرۆز بۆ بەدەستەوەدانی وشەی (کەلام، ئینجیل، تەورات، قورئان، ئاڤێستا، ڤێدا...تاد) بەکاردێت.)(١٤) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

ڕۆشن کردنەوەی ئەم هەموو سەرچاوە و بناغەکەیان بۆ ئەو وشە فەرهەنگییە دەگەڕێتەوە، کە هەزاران ساڵ لە (هەورامان)دا ڕەگی داکوتاوە، پیرۆزیی ئەدەب و هونەریش بۆ سەرچاوە فەراهەم دەبێت، بۆیە هانا و پەناگای سەرچاوەی هونەری فەرهەنگیمان هەورامانە.

نموونەش بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە، لە هەمان

سەرچاوەدا لەلاپەڕە (٢٤)دا هاتووە:

**(کتێبی زەردەشت کە ئاڤێستایە**
**وەک باقی کتێب خەڵاتی خوایە**
**بە زوان هەورامی هاتە سەر بەشەر**
**پانی ها زەردەشت بووی بە پێغەمبەر..)**

کەواتە خاڵی پاراستنی زمانی هەورامی هەر لەدێرینەوە بۆ سەر لەبەرینی قەڵای سەخت و حەشارگە ڕەنگی هەورامان، ئەمیش بەم جۆرە هاتووەتەوە دەنگ دەڵێت:

**(شاخی هەورامان هەرچەند ڕەنجەڕۆم**
**زۆر چاک بزانە کە مەمنوونی تۆم**
**چونکە پاراستت تۆ ئەو زمانە**
**تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە)** (١٥)

قەڵغان پارێزی و زمان و ئەدەبی نەتەوەییمان بۆ ئەو چەرخانە دەگەڕێتەوە، کە زۆرداران بە زۆری، یان بە پێشێلکاری هەوڵی زۆریان داوە بۆ تواندنەوەی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی هونەریمان، بەڵام سەرچاوەیەک، لانە و پەنای هەورامان بووبێت ئیدی چۆن ئەو زمانەی وڵاتی (خڤە نیرەتە) و ئاریانڤاچ لەناو دەچێت؟ یان ئەو چەمک و بەیازانە کە چەندین ساڵە، لە وەتەی مرۆڤ هاتووەتە سەر زەوی، ئەو فەرهەنگ و هونەرەیان بە زیندوویی هێشتووەتەوە.

سەرچاوەیەکی دیکە بۆ فەرهەنگ و هونەر، بەپێی ناوەرۆکی کەلام= سەرەنجام (وەهامان بە دەستەوە دەدرێ کە ئەم (دینە) لەناوچەکانی هەوراماندا، یەکەم لەناوچەی (شنرویَ)دا، کە کەوتووەتە ناوچەی (هاوار)ەوە و وەک (تویَکردنەوە و بنج بەستنی) لە ناوچەی (پردیوەر) و (تەشار) و (زاوەر)، کە سەرپاکیان بەناوچەکانی (نەوسوود) سەرژمێر دەکرێن(١٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤.

ئەگەر سەرپاک خاکی هەورامان بگەڕێین و توێژینەوەی مەیدانی بکەین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم وڵاتە شادەماری سەرچاوە ئەدەبییەکانمانە پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر تا دەگاتە ئەم تاژە. هەر لە شیعری گاتەکان، شیعری دەفتەری کەلام= سەرەنجام پەردیوەر دیوانی شاعیران، ئەمانە هەموویان سەرچاوەیان بۆ زمانێکی دێرین دەگەڕێتەوە کە ئەویش ئاریایی دێرین (ئاریانڤاچ)ە.

(یەکێ لەو چل تەنانەی شاهـ سەهاک، کە ناوی (هەورام- کوڕی مەردان) بووە و خۆی بەنازناوی (مانۆش) ناسیوە (بەپێی ناوەڕۆکی چلتەنی ئەهلی هەق) بەو پێیەی کە شاخی مانۆش لە ناوچەی (دزاوەر)ە.

ئەمەش وەرگرتەیەکە، لەو هۆنراوەی کە باسی (مانۆش)ی تێدایە و لەناوچەی دزاوەرە:

**(نامیما مانۆش، نامێما مانۆش**
**نە قوللەی هەرە بەرز، نامێما مانۆش**
**نۆزدەم هەڵقەم، نە دیجلە چوار گۆش**
**بەندی زنجیر بیم، نەیانەی شێردۆش)** (١٧)

بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٣٥٦).

هێنانەوەی ئەو هەموو سەرچاوانە بۆ ئەوەیە، کە نووسەر و هونەرمەندان و شوێنە ئەکادیمییەکانی وڵاتی کوردان بزانن، کە پەنا بردن بۆ سەرچاوەکانی خۆمان ڕاژەی زیاتر دەکرێت بەو هونەر و ئەدەبەمان، کە سەدان ساڵە چاوەڕێی قەڵەمی، یان خامەی هونەردۆست و ئەدیبانی وڵاتە. دیارە ئەوانەی کە خامە بەدەستیانەوە دەگرن. ئەگەر بە دڵسۆزی ئەو خامەیە بەکاربهێنن و پێی بنووسن ئەوە ئەو خامەیە دێڕەکانی وەک گەوهەر سەنج دێڕەکان دەنووسرێن، بەڵام ئەگەر ئەو خامە بەدەستانە نەزان بن خامە بەدەستەوە بگرن، ئەوە وەک ئەو هونەرمەندە نەزانانە وان، کە خامەکەی دەستیان هاوار و ناڵەیەتی، هەروەها وەلام دەڵێت: نابێت نەزان بە خامە بنووسێت، چونکە خامە تەنیا مرۆڤ و هونەرمەندی ڕەسەن و نووسەری بیر فراوان، دەتوانێت بەو خامەیە بنووسێت، هەروەک لە دیوانی (مەولەوی)دا، لە لاپەڕە (٢٢٦) مەولەوی دەڵێت:

**(خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە**
**زار زار مەناڵۆ وە دەم دەردەوە)** (١٨)

قەڵەم لە داخی نەزان شەقی بردووە، دەمی دەکردەوە و بەدەم دەردەوە عاجزە و دەناڵێنێت و دەڵێت: ئەی دۆست و ئاوات خوازەکەم ئەی گیرسێنەرەوەی ئێسقانی شکستەم، من کام دەردم تووش نەهات، کەچی تۆیش وەفات بۆ بەدکار هەبووە، بۆ من هەر ئێشوئازارت هەبووە. بەسە بە فیرۆدانی نەزانی بەسە ئەی ئەو کەسانەی کە ڕاژەی هونەر و فەرهەنگی بێگانە دەکەن، ئاوڕێک بدەنەوە بەلای گەنجینەی هونەری و سەرمایەی ئەدەبیمان. ئەی ئەوانەی کە هونەرمەند و نووسەرن،

ولاتی خۆمان سەرچاوەی هونەر و ئەدەبە، با هەموومان بە شوێن ئەو بنەما موزیکیانەدا بگەڕێین، کە هەر ئاوازێکی، یان سروودێکی داستانێکی پڕ سەمەر و بە بەرهەم بۆ داهاتووی هونەرمان سەرچاوە دەنەخشێنێت.

ئێمە دەبێت ئەو سەرچاوانە، کە بە ناڕێکی لەسەر هونەر و ئەدەبی ولاتیان نووسیوە، بەرپەچ بدەینەوە، چیدی ڕێگە نەدەین ئەو سەرچاوانە، کە تەرازوویان بەلای هونەر و فەرهەنگی خۆیاندا قورسە، هەوڵ بدەین ئەو قورساییە یەکسان بکەینەوە. (وتەی مینۆرسکی کە (سترابۆ) جوگرافی زانی یۆنانی لە ڕۆیشتنەکەی (زینەفۆن)دا دیونی لەسەرچاوەیەکی ڕاستەوە نییە) شایانی باسە بۆ چەند جارێک (ڕۆشتنە دە هەزارییەکەی زینەفۆن)مان خوێندەوە هیچ جۆرە ناوێکی وەها ناونەهێنراوە..)(١٩) بڕوانە زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، لاپەڕە(٤٠). وردەکاری وردبوونەوە لەو سەرچاوە بیانیانە، کە بیانییەکان هاتوونەتە ولاتی ئێمە دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو سەرچاوانە بکەین، مەرج نییە هەرچی ئەوان وتوویانە ڕاستیان وتووە، دەبێت بەراوردێکی زانستی بۆ ئەو سەرچاوانە بەڕاستی بکرێت، لە خۆمانەوە داد نەدەین، تا بۆمان ڕۆشن نەبێتەوە.

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا لە لاپەڕە (١٩١) هاتووە: (هیرۆدۆت، کە خۆی بەشێک لە شەڕەکانی ئێران و یۆنانی دیوە، باسی خوێندنی ئاوازگەلێک دەکات کە لە کاتی مەراسیمی گاو گەردووندا گوتوونیانن! ئانتیووسی ڕۆژئاوایی بە پشتبەستن بە گوتەی (دینۆن)، لە (ئانگارێس)ی (بەرزترین بەیتبێژی) مادەوە لە ئێرانی گەورەدا کە خاتوو ماری بۆ پیس نووسیویەتی و لە کتێبخانەی لەندەن هەیە، نووسراوە (ئانگارێس) بەیتبێژی سەردەمی مادو لە دیوەخان، یان بارگای (ئەژدەهاک)دا بووە، کاتێک کە کۆرشی هەخامەنشی ویستوویەتی هێرش بکاتە سەر ئاژدەهاک، ئەنگارێس بە بەیت هێرشی کۆرشی بۆ سەر ئەو ئاشکرا کردووە و گوتوویەتی بەڕاژێک..)(٢٠) بڕوانە سێیەمین فیستیڤاڵی کامەران موکری.

هەڵبەتە دەوڵەتی (ماد) کە پایتەختەکەی ئەکباتان بووە لەسەردەمی ئەو دەوڵەتەدا هونەر باوی بووە، بۆیە مرۆڤی هونەرمەند وەک ئەنگارێس وتەبێژی فەرمی دەوڵەتی ماد بووە. ئەو ڕاز و چیرۆکانەی خوێندووەتەوە کە هونەری بەرگری بەرخودانی نەتەوەیی بووە.

هەر لە هەمان سەرچاوەدا، لە لاپەڕە (١٩١) هاتووە: (هێرۆدۆت دەڵێت: لە ئێرانی کۆندا موغەکان کە لە مادەکانن، لە کاتی نوێژ و سپاسی یەزداندا، سازیان ژەندووە و ئاوازیان چڕیوە! لە موزیک، یان سروودە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەدا، دەتوانین ئاماژە بە (گاتا) بکەین کە کۆنترین ئاوازی سەردەمی تەنانەت پێش مادەکانیش بووە...)(٢١) ئەو نوێژانەی کە لەو سەردەمەدا مەلا و موغەکان ئەنجامیان داوە لەبەردەمی ئاتەشگەدەکاندا بووە، هەروەها ئەو ئاوازانەش کە بە شیعری گاتاکان فەرموویانە هەر هەمان سیاچەمانە، یان هۆرەی ئاهورایی بووە، کە تائێستاش ئەو ئاوازگەلە هەر ماونەتەوە.

لە هەمان سەرچاوەی پێشوو لەلاپەڕە (١٩٥) هاتووە: (لە سەردەمی ساسانییەکاندا نەکیسا، بێجگە لەوەی کە بەیتبێژ، یان (هۆنیاواچ)ێکی زەردەشت بووە، باشترین هۆرەچڕی ئەو بارەگایە بووە، لەو سەردەمەدا! ئەمانە هەموو بەڵگەن کە کورد هەر لە کۆنەوە گۆرانی حەماسی هەبووە و لاوک و هۆرەی ئەو سەردەمەش سەرەڕای زاڵبوونی ئایینی ئیسلام هەتا ئێستاش هەر شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی خۆیان هەر لەدەست نەداوە و بە جۆرێک سروود، یان هەر بە سروود دێنە ئەژمار..)(٢٢).

[نەکیسا، یان بارەبوود] ئەم دوو گۆرانیبێژە، یان سروود چڕانە هەردووکیان لەبەردەمی ئاتەشگەدەی زەردەشتیدا ئاوازی بەرزە چڕی سیاچەمانە، یان هۆرەیان چڕیوە، خۆ ئەگەر لاوک و حەیرانیش کە دواتر لە دەشتی هەولێر و دەڤەری کرمانجی ژووروو سەریان هەڵداوە، ئەو ئاوازانەش هەر لەبەردەمی ئاتەشگەدەی زەردەشتیدا چڕاونەتەوە، چونکە ئایینی زەردەشتی سەردەمی خۆی سەرتاسەری ولاتی کوردان ئەو ئایینەیان پەرستووە و سنووری ئەو ئایینە تا ولاتی هیند و لە باشووری پاکستان و نیپاڵ پەیڕەو کراوە و تا نزیک شاری مەکەی پیرۆز، لە ولاتی عەرەبستانی سعوودی لە برەودا بووە، بۆیە یەکێک لەو ئامانجە پیرۆزانە یەکتاپەرستی بووە، هەروەها ئەو ئاوازانەش کە چڕاونەتەوە بە سروودی ئایینی، بە تایبەتی موغەکان لەبەردەم ئاتەشگەدەکاندا لە

یەزدانی مـــــەزن، ئاهورامـــــەزدا پاراونەتەوە، یان لالاونەتەوە. ئەو سروودانە چ ئایینی چ نیشتمانی، لە پەیڕەودا جۆش و سۆزێکی باش بەو مرۆڤە ئایینی و نیشتمان پەروەرانەی داوە.

لەهەمان سەرچاوەدا، لە لاپەڕە (١٩٦) هاتووە:

(بۆ سەلماندنی بانگەشەکەشمان چەند جۆر لە جۆرەکانی پەیتا، کە بە لاوک و هۆرە و سیاچەمانە و حەیران دەگوترێن بەم شێوەیەی خوارەوە ناونووس دەکەین بەیتی وەیس و ڕامین، بەیتی مەم و زین، بەیتی قەلای دمدم، بەیتی پاشاکۆرەی ڕواندز، بەیتی عەزیز تەکش، بەیتی باوەمووریی ناوچەی ئیلام، بەیتی ئەژدەهاک، بەیتی شەودێز، بەیتی زرێنسەر، بەیتی خولەپیزە و هی دیکە کە پێشینەی هەندێکیان زۆر کۆنن، هەندێک لەو داستانانە لە کۆندا گوتراون، لە وێنەی وەیس و ڕامین و شانامەی کوردی و خوسرەو و شیرینی خانای قوبادی و هی دیکەش..)(٢٣).

ئەو بانگەشەیە کە لەم سەرچاوەیەدا هاتووە، ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، کە بە بەیت وتراون، یان چڕاونەتەوە، بەڵام ئەو چڕانەوەیە بە شیعری بڕگەیی، چونکە بەیت لە کلاسیکەوە دوورە، سەرچاوەی ئەو بەیتانە لەناو جەرگەی وڵاتی ئاریانڤاچەکاندا سەری هەڵداوە، لەبەر ئەوەی واچە واچ میراتگری هەورامان ئاهورامەزدایە کە، تا ئێستاش قەرانپووە کۆنەکانی هەر لە هەورامانـدا سەرچاوەیان گـرتووە و بە تەمـای خـامـەی ڕەنگینی نووسـەرە ڕەسەنەکانی وڵاتە.

شیعری گاتاکان، یان گاسەکان ئەو شیعرانە پێشینەیان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، کە لە وڵاتی هونیاواچ وەک سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ کردووە، واچە ڕەگوریشەی وشەکە لە سەرچاوەی ڕەسەنەوە، وچانی گرتووە، بۆیە ئەدەب و فەرهەنگی هەورامان شاڕەگ و شادەماری فەرهەنگ و ئەدەبی وڵاتی ئاریانڤاچەکانە، چونکە ڤاچ، یان واچ، یان واچە. تەنیا لە هەوراماندا سەری هەڵداوە، بۆیە پەنا بردن بۆ سەرچاوەی نەمر ئەوەندەی دیکە فەرهەنگ و هونەرمان گەشەدار دەبێت.

لە سەرچاوەی مێژووی هەورامان بەشی زمانناسی، بەراوردی زمانی کوردی و ئاڤێستا، لە لاپەڕە (٨٩) هاتووە: مەلا عومەر ڕەنجووری دەڵێت:

**(بەخارانەوە...**

**قیبلەم وەس، سفتەم بەخارانەوە**
**وەس جەرگم بدەن بە خارانەوە**
**با وەس دڵ مار بۆ، وەخارانەوە**
**عەرزە و وەفابەین وە پەیمانەوە**
**با هەر بمانۆ بەو پەیمانەوە**
**نەوا ناغافڵ، جەرگەی بەدواچان**
**جەرووی بێ بەینت، حەرفی بە دواچان**
**لەیل ئاسای قەدیم، وەرچە ڕووی جەفات**
**با عام بزانان، وەشەرت و وەفات**
**ڕەنجووری ڕەنجس، وە ڕەنجانەوە**
**هەنی، وەس دڵش، بڕەنجانەوە)**(٢٤)

ئەم شیعرەی ڕەنجووری لە شێوەزاری هەورامانی ئێستاوە نزیکە، خۆ ئەگەر لەگەڵ کتێبی ئاڤێستادا بەراورد بکرێت، زۆربەی ئەو مۆرفیم و پیتە بزوێن و دەنگی ناوازەدارە، ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە کە هەورامی نزیکترین ڕستە و گرێ و وشە و بڕگە و پیتەکانی لە ئاڤێستاوە سەرچاوە دەگرن، بۆ وتنی، یان چڕینی ئاواز و گۆرانی، ئەوە بە شیعری بڕگەیی چڕینیان ئاسانترە، هەروەها لە سەرەتای وشەوە هەرگیز پیتی بزوێن نایەن، بەڵکو بە پیتی (ناوازەدار= کۆنسۆنانت) سەرژمێر دەکرێت، بۆیە لە زمانی کوردیدا ڕێگە نادات دوو بزوێن بە شوێن یەکدا بێن، هەر ئەوەش وای کردووە گۆرانی بە شیعری بڕگەیی، یان پەنجەیی بچڕێن ئاسانترە، چونکە زمان بەرەو ئاسانی دەچێت و ئاواز و گۆرانیش بۆ خەڵکی دەوترێت، بۆیە تا واتای ئاسان بێ میللەت زیاتر لێی تێ دەگات. هونەریش تا سانا بێت نرخ و بەهاکەی دەردەکەوێت و خەڵکیش پەرۆشی دەبێت.

میللەتی ئێمە لەسەر خاک و خۆڵی زێدزادەی خۆی جانیشتە بووە، زمانەکەشی بە نەناسراوی ماوەتەوە، هەرچەندە داگیرکەران هەوڵیان داوە، زمانەکە پەرشوبڵاوبکەنەوە، بەڵام بوونی جوگرافیایەکی یەک بابەت، هەزاران ساڵ تا ئێستا ئەم زمانە بە خۆرسکی لە زێدی خۆی بە زیندوویی ماوەتەوە. لە هەمان سەرچاوەدا، لەلاپەڕە (٤٣) هاتووە: لە سـەردەمی سـەرەتای فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندا ڕابەری ئایینی و ئاڤێستا، گەڕایەوە و پەرەی سەندەوە و لە کوردستانیش (کوردستانی دێرین)دا، وەک زمانی ئایینی و شانبەشان شێوە زمان لەناو خەڵکی کوردستاندا وەک کوردی

(شێوە) بەرەو ناسیاوی چوون و لە دەوری ئیسلامدا، کزبوونەوەی شێوەی ئایینی بەرەو نەمان، هەنگاوی ناو شێوە زمانی کوردیش، بەپێی دەوروبەری جوگرافیایی و رامیاری و ئابووری بەرەو جیاوازییەکی زۆر هەنگاوی نا، تا وای لێ هاتووە، مەگەر زمانناس، بێجگە لە شێوەکەی خۆی لە شێوەیەکی دیکە تێ بگات!!)(٢٦)، بۆیە من زۆر هەوڵ دەدەم کە سەرچاوەی خۆمان بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەندانمان چیدی کەم بڵێت: ئێمەی کورد سەرچاوەمان کەمە، دیارە ئەوە رایەکی هەڵەیە، هەروەها توێژینەوەی مەیدانیی کەم کراوە، هەروەها ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانە تەماشای چەمکی خۆمان بکەن و لێی وردببنەوە، ئەوەندە سەرچاوەمان هەیە، کە بە باشی بەکاری بهێنن. دیارە ئەوەش ژیری و ئاوەز و عەقلگەرایی بۆ تاکی نێو کۆمەڵگە زۆر گرنگە، چیدیکە خۆمان بە کەم نەزانین و بە بیروهزری مرۆڤایەتییەوە تەماشای سەرچاوە و کولتووری خۆمان بکەین. لە سەرچاوەیەکی دیکەوە هاتووە، لەلاپەرە (١٨٦)دا: (ئێمەی کوردی چەوساوە، لەبەر ئەوەی بندەستین و بۆ خۆمان نین، وەک پێویست ژیان و ژیارمان لەباری مێژوویی و فەرهەنگی و هی دیکەوە نەخراوەتە ژێر توێژینەوەیەکی زانستیانەوە، لەلایەن داگیرکەرەکانیشەوە بەژێر لچەوە کراوین، رێ نەدراوین لەو وار و باوانەی کە تێیدا ژیاوین بکۆڵینەوە! بەنێوی ئێرانیی رەسەن و تورکیی چیانشین و....تاد)(٢٧).

زۆر بۆچوونێکی ورد و سەرنجراکێشە، بۆ ئەوەی ئێمەی ئاریانڤاچ نشین چیدی کەم باسی ئەم لاو ئەولا بکەین و بیروهۆشمان بەلای سامانی نەتەوەیی و کولتووری خۆمانەوە بێت، کەسایەتی خۆمان بەکەم نەزانین، چونکە ئێمەش وەک گەلان هەموو بنەمای نەتەوەیی و مرۆڤایەتیمان بە زیادەوە هەیە، هەروەها هونەر، یان فەرهەنگ گەورەترین چەکە، کە بەگژی ستەم و زوڵموزۆرداریدا دەوەستێتەوە، بۆیە هونەری هەورامان لە تەرازووی بەراورددا سەنگی مەحکی هەبووە و دەبێت، چونکە هەموو بەها پیرۆزەکانی ئێمەی ئاریانڤاچی پاراستووە. لەهەمان سەرچاوەدا هاتووە، لەلاپەرە (١٨٩)دا: (زمانی کوردی خاوەن پێنج زاراوەی سەرەکی و چەندین زاراوەیە کە زاراوەکان بریتین لە: ١- گۆرانی (هەورامیی). ٢-پاڵەیی (کەڵوڕی)، ٣-کرمانجی، ٤-(موکری) کە بە هەڵە وشەی (سۆرانی) جێگای گرتووەتەوە، ٥-(لوڕی). هەر کام لەم زاراوەگەلە خاوەنی گۆرانی و فۆلکلۆری تایبەت بە خۆیەتی، کە کۆنترینیان سروودی (گاتا)کانی زەردەشتە.)(٢٨) ئەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی وڵاتی کوردان، تا ئێستاش بە شێوەیەکی راستودروست راگەیاندنی کوردی زۆر بەلاوازی باس و توێژینەوە، لەسەر ئەو دیالێکتە گەورانەی وڵات دەکات، خۆ ئەگەر بەرنامەیەک لەسەر هەورامان، یان لوڕستان بکات، ئەوە ئەو دوو شێوەیە وەک هەژارێکی لاکۆڵان وان کە خێریان پێ دەکرێت، چونکە نەزان و نەشارەزا زۆرن لە راگەیاندنەکانماندا ئەگینا سەرچاوەی هونەر و فەرهەنگ لەو دوو شێوەیە بنە و بارگەی خۆی خستووە.. من زۆر لەسەر راگەیاندن ناڕۆم، با مێژوو دادی خۆی بدات... ئەگەر مێژووی ناوداران، عارفان و زانایان، وێژەوانان، شاعیران بخوێنینەوە هەزار و پێنج سەد لەو ناوانە کە ناوم هێنان، هەریەکەیان خاوەنی چەندان کتێب و بەرهەمە ئەی ئەمانە سەرچاوە نین! ئەی ئەمانە چین؟ بۆیە سەرچاوە و فەرهەنگ و ئەدەبی ئێمە دەوڵەمەندە.

ئەو هونەرەی لە هەوراماندا هەیە، هێشتا لە سەدا پەنجاوپێنجی هەر بەدەستنووس و کتێبی زۆر کۆنن، کە مێژوویان بۆ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، بۆیە هانا بردن بۆ زیندووکردنەوەی ئەو فەرهەنگ و هونەرە بەرفراوانە بە هەموو بەشەکانییەوە کارێکی زۆر رەوایە لە نەمان رزگار بکرێن. لە کتێبی وڵاتی کەیانیان و زەردەشت و هەورامان لە ئاڤێستادا، لە لاپەرە (١٧٩)دا، هاتووە: (بابا تاهیر (٩٣٥- ١٠١٠ز) یەژێ:

**(پەنج رویی هەنیی، خوررەم کەهان بی**
**زەمینی خەندان، بەرمان ئاسمان بی**
**پەنج رویی هەنیی، هازەید و سامان**
**نە جێنان نام و (ژ) ئانان نیشان بی)**(٢٩)

(بەراستی ئەم چوارینەی سەرەوە، هەروەها چەند چوارینەیەکی دیکەی لەم شێوەیە و لەم بۆ و بەرامەیە زمانی رەسەنی کوردی بوون بەهۆی رۆشن کردنەوەی شناسنامەی باباتاهیر کە لەلایەکەوە کوردی رەسەنە و فرە دوورە لە فارسییەوە، هەروەها جۆری رواڵەتە زمانە ئایینییە کوردییەکەی سەرانسەری کوردستان، کە لە هۆنراوەکانی باباتاهیردا، رەنگیان داوەتەوە، بێجگە

لەوەی کە خۆی لە خۆیدا، عارفێکی ئایینی ئەو سەردەمە لە قەڵەم دەدرێت، بە تایبەتی لە دەوروبەری ئایینی یارسانیان و شاه موبارەکدا. بە هەرچۆنێک بێت، لەم وێنانەی باباتاهیری هەمەدانیدا، کە نزیکەی نۆسەد و هەشتا ساڵی لەمەوبەر بووە...)(٣٠) بڕوانە هەمان سەرچاوە. لاپەڕە (١٧٩).

بەڵگە و بوونی هونەر و ئەدەب و فەرهەنگی وڵاتی کوردان فرە لەمەش کۆنترە، کە لە درەختەی زمانی کوردیدا ئاماژەم پێ دا، هەروەها ئەو هونەرە بەرزەی سیاچەمانە، کە ئەویش تەرازووی هونەری ڕەسەنمان زۆر بە سەنگی قورس نیشان دەدرێت، بوونی هۆزانی پەنجەو لانەدان لەو ڕێ و ڕێچکەیە تا ئەمڕۆ بەرەو هەزارەی سێیەم، ئەوەش نیشانە و بەڵگەی زیندوون ئەو وڵاتە بە سەربەستی دیاری دەمێنێتەوە.

**سەرچاوەکان:**


**١- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨١ زایینی، بەغدا، لاپەڕە (٥)**

**٢- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٧.**

**٣- دانا محەمەد بهاءالدین ساحب، پیرشالیاری زەردەشتی، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٦٨، سلێمانی، لاپەڕە (٣).**

**٤- دانا محەمەد بهاءالدین ساحب، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٨-٩.**

**٥- محەمەد ڕەشیدی ئەمینی، کەشکۆڵی هەورامان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٢زایینی، هەولێر، لاپەڕە (٥).**

**٦- محەمەد ڕەشیدی ئەمینی، هەمان سەرچاوە، ل٥.**

**٧- ئەسعەد قەرەداغی، فەرهەنگی موزیک، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٠ زایینی، هەولێر، لاپەڕە (٣).**

**٨- ئەسعەد قەرەداغی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٣).**

**٩- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٨٧)، وتار: پارێزگاری ڕەسەنایەتی هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیمان، وریا ئەحمەد، ساڵی ٢٠١٢ زایینی، هەولێر، لاپەڕە (١٦٠).**

**١٠- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٨٧)، هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.**

**١١- گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (١٨٧)، هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.**

**١٢- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، وڵاتی کەیانیان و زەردەشت و هەورامان لە ئاڤێستادا، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١١ زایینی، هەولێر، لاپەڕە (٣٦).**

**١٣- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٣٦.**

**١٤- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.**

**١٥- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٢٤.**

**١٦- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٣٨٤.**

**١٧- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل٣٥٦.**

**١٨- مەولەوی دیوان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپی یەکەم، ساڵی (١٣٨٩) هەتاوی، سنە، لاپەڕە (٢٢٦).**

**١٩- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨١ زایینی بەغدا، لاپەڕە (٤٠).**

**٢٠- چەند بابەت و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سروودی کوردی، وتار: پێناسەی سروود، نووسینی: ناسری ڕەزازی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٢ زایینی سلێمانی، لاپەڕە (١٩١).**

**٢١- ناسری ڕەزازی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٩١).**

**٢٢- ناسری ڕەزازی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٩٥).**

**٢٣- ناسری ڕەزازی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٩٦).**

**٢٤- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، بەراوردی نێوان زمانی کوردی و ئاڤێستا، چاپی یەکەم، ساڵی (٢٠٠٥) زایینی، سلێمانی لاپەڕە (٨٩).**

**٢٥- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل(٤٤).**

**٢٦- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل(٤٣).**

**٢٧- چەند بابەت و لێکۆڵینەوەیەک لەسەر سروودی کوردی، وتار: پێناسەی سروود، نووسینی: ناسری ڕەزازی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٢ زایینی سلێمانی، لاپەڕە (١٨٦).**

**٢٨- ناسری ڕەزازی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٨٩).**

**٢٩- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، وڵاتی کەیانیان و زەردەشت و هەورامان، لە ئاڤێستادا، چاپی یەکەم، ساڵی (٢٠١١) زایینی هەولێر، لاپەڕە (١٧٩).**

**٣٠- د. محەمەد ئەمین هەورامانی، هەمان سەرچاوە، ل(١٧٩).**

# خۆشیی دەق

هاشم سەڕاج

«خۆشی دەق» کتێبێکی بەناوبانگی «ڕۆلان بارت»ـە، دکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی لە فەڕەنسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە و پێشەکییەکیشی لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانی ڕۆلان بارت [ ١٩١٥- ١٩٨٠] نووسیوە، سەرەتا هەوڵ دەدەم لە میانی پێشەکییەکەی وەرگێڕەوە چەند وێستگەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی ڕۆلان بارت دیاری بکەم.

- ڕۆلان بارت ساڵی ١٩١٥ لە شاری شێربورگی فەڕەنسی لە دایک بووە.

- لە تەمەنی حەوت ساڵان، بە خاووخێزانەوە ڕوودەکەنە پاریس و لەوێ درێژە بە خوێندنی دەدات، بەڵام بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی - سیل- ماوەیەک لە هەوارگە و کوێستانەکانی بناری «پیرێنێ» ژیان بەسەر دەبات، دواتر بڕوانامەی لیسانس لە وێژە وەردەگرێت، چەند ساڵ وەک مامۆستای یاریدەدەر لە بوخاریست- پایتەختی ڕۆمانیا- و شاری ئەسکەندەرییە - لە میسر- وانە دەڵێتەوە، لەناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوەی زانستی GNRS سەرەتا وەک وشەناس، پاشان وەک کۆمەڵناسێک دادەمەزرێت.

بارت ساڵی ١٩٦٢ دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی پیشەیی لێکۆڵینەوەکانی باڵا، ساڵی ١٩٦٢ نامەی دکتۆراکەی بەناوی سیستمی مۆد پێشکەش دەکات، بارت وردە وردە بیروبۆچوون و ڕوانینە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی لەمیانەی کۆڕ و بۆچوون و ڕوانینە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی لەمیانەی کۆڕ و سیمینار و بازنەی بەستراوی قوتابخانەکانییەوە پێشکەش دەکات و لە ساڵەکانی پەنجاوە دەبێتە یەکێک لە کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی ڕەخنەی نوێ، بارت شێوازێکی ڕەخنەیی لەسەر بناغەی زمانناسی، دەروونتوێژی و پێکهاتەناسی «سترۆکتۆرالیزم» دادەمەزرێنێت، ئەمەش مشتومڕێکی توند لەگەڵ نوێنەرانی ڕەخنەی کۆنی زانستگەیی بەرپا دەکات، بە تایبەتی لەگەڵ «ڕەیمۆن پیکار»ی مامۆستای سۆربۆن و پسپۆڕی بەرهەمەکانی- ڕاسین شاعیر و شانۆنووسی سەدەی حەڤدە، ڕەیمۆن پیکار لە نووسینێکدا بەنێوی ڕەخنەی نوێ، یان فێڵبازی نوێ، ڕۆلان بارت



بەوە تاوانبار دەکات کە وتەکانی گشتبێژین و وردبینانە نین.

وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکەیدا داتا و زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی بارت دەخاتە ڕوو و ئاماژە بە هەندێک لە کتێبەکانی بارت دەدا، میشلە لە زمان خۆیەوە «١٩٥٤»، لە مەڕ ڕاسین «١٩٦٣»، وتاری ڕەخنەیی «١٩٦٤»، ڕەخنە و ڕاستی «١٩٦٦»، هەروەها یەکەمین بەرهەمی گرنگی بارت کەناوی «پلەی سیفری نڤیسار»ـە وا دیارە مەبەستی وەرگێڕی کوردی لە وشەی «نڤیسار».. نووسین-ـە، هەروەها دەڵێت: نڤیسار کردارە، پێوەندی نێوان ئافەراندن و کۆمەڵگەیە، زمانی ئەدەبییە کە ئامانجی کۆمەڵایەتی دەیگۆڕێت، لە ڕوویەکی دیکەوە ساڵانی شەست کە سەردەمی نوێبوونەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕۆمانی نوێ، ڕەخنەی نوێش سەرهەڵدەدات.

بارت وەک نیشانەناسێک بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو، کە پێی وایە دەق وەک سیستمێکی پێکهاتوو لە نیشانەکان بەرچاو دەگرێت کە دەکرێت بەردەوام لێک بدرێتەوە، هەروەها دکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی وەرگێڕی کوردی لە هەمان پێشەکیدا ئاماژە بە کتێبی گوتاری عاشقانەی بارت دەدات کە پێوەندی بە کتێبەکەی «ستاندال»ـەوە هەیە بەناوی لە بارەی ئەوینەوە.

هەروەها دکتۆر محەمەد ڕەحیم کتێبی «خۆشیی دەق» لە بیرکردنەوە و ڕوانینەکانی «بارت»دا بەوەرچەرخانێک لە قەڵەم دەدات، پێشی وایە بارت هیچ کتێبێکی لێک ناچن، بۆ نموونە «پلەی سیفری نڤیسار» لەژێر کاریگەری ڕەخنەی کۆمەڵناسیدایە، «لە مەڕ ڕاسین» هەڵگری بۆچوونگەلێکی دەروونتوێژانە و بەکاربردنی بوارەکانی خەیاڵە، پاشان بارت ڕوو دەکاتە بوارەکانی زمانناسی و هێماخوازی.

بەڵام کتێبی «خۆشی دەق» خۆ دەربازکردنە لە تێکڕای ڕێبازە ئایدیۆلۆژییەکان و گەڕانەوەیە بۆ دەق خۆی، وا دیارە دکتۆر محەمەد ڕەحیم وشەی خۆشی بەرانبەر بە وشەی «چێژ، لەززەت» بەکاربردووە، وشەی «سەرخۆش»یش بەرانبەر بە «موتعە»، چونکە لای «بارت» دەق لەشە، زۆرتریش لە لەشی ژنێکی جوان دەکات، ئەو خۆشییەی کە دەماندات هاوشێوەی خۆشی لەشێکی ژنانەیە، هەروەها ئەو دەقەی خۆشی دێنێت، ئەو دەقەیە لەخۆشیدا نووسراوە، بارت جەخت لەوە دەکا کە چۆن دەق بەپێی مەیلی خوێنەر دەکرێتەوە، بەڵام نڤیسار لای بارت «یانی ئەو شتە، زانستی سەرخۆشییەکانی زمان»، سەرخۆشی دەق تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێت کاتێک بنیادەکانی زمان، هەروەها تێکڕای بنیادە ئایدیۆلۆژییەکان تێک بشکێنرێن، چونکە لای بارت سەرخۆشی شتێکی ناکۆمەڵایەتییە، کەواتە تەنیا پێوەری دەق سەرخۆشییەکەمان دەداتێ.

بارت لە دەستپێکی ئەم کتێبەدا، سەبارەت بە زمان و خوێنەر، لە شاری «بابل»ی بەختەوەر دەدوێت، کە چۆن بەهۆی پێکەوە ژیانی زمانەکان کە شان بە شانی یەک کاردەکەن، دەگاتە حاڵەتی خۆشی، شاری بابلی بەختەوەر، کەواتە دەقی چێژ، یان خۆشی لای بارت بابلی بەختەوەرە، هەروەک لە ئەفسانەی کۆنی کتێبی پیرۆزدا باسی لێوە کراوە کە مرۆڤ دوای هێوربوونەوەی لافاو «تۆفان» هەوڵی دا ڕووە و ئاسمان بورجێک ڕۆبنێت و لەگەڵ خوداوەندا یەکسان بێت، ئەمەیش لە نزیک- شنعار- و لە دەشتی نێوان دیجلە و فورات «میزۆپۆتامیا» بە بەکاربردنی لگبن و جۆرێک لە «قیر- زفت» شاری بابل و بورجی بابل دروست کرا، تا مرۆڤەکان لە کاتی تۆفان و هەڕەشەکانی خوداوەند وەک پەناگەیەک بۆ خۆپاراستن بەکاری بێنن.

قدیس ئۆگستین دەڵێت «نەمروود» شاری بابل و بورجەکەی چێکرد، خوداوەند لە دەرەنجامی ئەم کردەوەیە مرۆڤەکانی سزادا و پشێوی و بەلبەلەی خستە نێو زمانەوە، فرەیی و جۆراوجۆری و جیاکاری لە خودی زماندا بەرپا کرد، ئاخر سەرەتا مرۆڤەکانی سەر زەوی بەیەک زمان دەدوان و سەرزەوی خاوەندی یەک زمان بوو، بەهۆی گوناهەکانی مرۆڤەوە پشێوی و جیاکاری زمانی ڕووی دا، بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی «بورجی بابل». لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە سوودم لە چەند سەرچاوەیەک وەرگرتووە، بەڵام لای ڕۆڵان بارت بابەتی فرە زمانی و جیاکاری زمانی بە گوناه و سزا لە قەڵەم نادرێت، یان بەشێوەیەکی تر فرەیی و جۆراوجۆری لەنێو دەقدا بە گوناه دانانرێت.

رۆلان بارت لە کتێبی خۆشی دەقدا، زۆرتر جەخت لەسەر خوێنەر و کردەی خوێندنەوە دەکات و هاوکات کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێت، [ئەگەر من ئەو ڕستەیە ئەو چیرۆکە، یان وشەیە بە خۆشی و چێژەوە دەخوێنمەوە، بەهۆی ئەوەیە کە لە خۆشیدا «ئەو خۆشی لەگەڵ سکاڵا و ناڵەکانی نووسەر دژایەتی نییە» نووسراونەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەش نووسین لە خۆشیدا، ئاخۆ دەتوانێت خوێنەریش بۆ من دەستەبەر بکات، ئەو خوێنەرە دەبێت من بەدوایدا بگەڕێم.. «دەبێت فریوی دەم» بێ ئەوەی بزانم لە کوێیە].

بەڵام بارت بۆ وەڵامدانەوەی هەمان پرسیار جەخت لەسەر ئەوکات و شوێنە دەکات.. کە پێی وایە لەو کاتەدایە کە شوێنێکی سەرخۆشی دەخولقێنێت.. لێرەدا ئەوەی لای بارت گرنگە بۆ سەرخۆشی شوێنی نێو دەقە، هەروەها دەبێت، یان پێویستە یارییەک لە ئارادا بێت، مەبەست لەو یارییەیە کە لەنێوان خوێنەر و دەقدا ئەنجام دەدرێت. لێرەدا بارت ئاماژە بۆ دەقی وەڕسکەر و زۆربلێ دەدات، «زۆربلێیی دەق تەنیا بریتییە لەو پاشماوە زمانییەی کە لەژێر کارتێکەری پێویستی ساکاری نووسین پێکدێن لێرە نەک لاڕێبوون»، چونکە دەقی چەنەبازی لای بارت، دەقێکی ساردوسڕە و دوور لە هەر سەرخۆشییەک نووسراوە [هەروەک هەموو داوایەک پێش ئەوەی مەیل و دەروون پەشێوی [نێڤروز] بچێتە نێو ناخی، هەروەها نێڤروز سەبارەت بەو نەگونجانەی کە «باتای» باسی دەکات، چارەیەکی ناچارییە، نێڤروز [یانی هەستی گوماناوی قووڵاییەکی نەشیاو بوون]، بەڵام لای بارت ئەم چارە ناچارە تەنیا ڕێگەیە بۆ نووسین و «خوێندنەوە»، ئەوساتە دەگەینە ئەو پارادۆکسە دەقەکان وەک هی باتای-یان دەقی دیکە کە دژ بە نێڤروز و لەناخی شێتییەوە دەنووسرێن.

دواتر هەمدیس ئاماژە بە «باتای» دەدرێ کە دەڵێت «من بۆیە دەنووسم شێت نەبم».. ئەو شێتی دەنووسێت، بارت دووپاتی دەکاتەوە کەوابوو هەر نووسەرێک دەڵێت: ناتوانم شێت بم، بۆم قبووڵ ناکرێت ساغ بم، من دەروون پەشێوم، دواتر بارت لە زمانی [مارکیزدی ساد ١٧٤٠-١٨١٤] لەخۆشی خوێندنەوە دەدوێت، [ئاشکرایە کە خۆشی خوێندنەوە لە هەندێک دابڕان، یان پێکدادانەوە سەرچاوە دەگرێت]، هەڵبەتە «ساد» لە ڕووی تاکەکەسییەوە هەوڵی دەدا موتعەی ڕەها دەستەبەر بکات، موتعەیەک کە دەکەوێتە دەرەوەی کۆت و پێوەندی (ئیتیکی، ئایینی، یاسایی)یەوە، بەڵام بارت لە هەمان ڕوانگەی «ساد»ەوە ساردوسڕی و بێ کەڵکی ئەو جۆرە پێکدادان و دابڕانانە دەخاتە ڕوو، کە ڕستێک وشە و زاراوەی ناتەبا لە تەک یەکدی ڕیز دەکرێن و ڕەنگە «هەندێک پەیامی پۆرنۆگرافی بخرێتە قاڵبی هەندێک ڕستە کە ئەوەندە پەتی و جوانن دەڵێیت نموونەی نووسراوی ڕێزمانین، لایەنێکی دیکە کە بزۆز و بۆشە تەنیا شوێنی کارتێکەری خۆیەتی، ئەوە شوێنێکە کە مەرگی زمانی تێدا بەدی دەکرێت» هەردوو لایەن کە بارت دەستنیشانیان دەکات پتر لە چەشنێک ڕێککەوتن دەکەن، چونکە «فەرهەنگ و لەناوچوونی هیچ کامیان هەوەسبزوێن نین». بەر لەوەی بزانین دەقی خۆشی و دەقی سەرخۆشی لای بارت چۆن دەستنیشان دەکرێن.

حەز دەکەم لە دەرەوەی ئەم کتێبەوە ئاماژە بەو پۆلێن کردنەی ڕۆلان بارت بدەم کە بۆ خودی دەق ئەنجامی داوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێمەوە بۆ نووسینێکی دکتۆر بەختیار سەجادی بەناوی [وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان] کە لە ژمارە «١٨٨»ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوبووەتەوە، ڕۆلان بارت لە پۆلێن کردنی نووسیندا باسی دوو جۆر دەق، یان نووسین دەکات، دکتۆر بەختیار سەجادی بۆ ئەم دابەشکردنەی بارت زاراوەی «دەقی خوێنەرانە» و «دەقی نووسەرانە»ی بەکاربردووە.

١- دەقی lisible «لیسیبل» دەقی خوێنەرانە، مەبەستی بارت لە دەقی لیسیبل، ئەو دەقە سادە و ساکار و هەندێک جار بانگەشەییەیە کە تەنیا یەک ڕاڤە و لێکدانەوەی لێکدەکرێت.

٢- دەقی Scriptibl سکغیپتیبل، دەقی نووسەرانە مەبەستی بارت لە دەقی «سکغیپتیبل» ئەو دەقە فرە لایەن و قووڵ و چەند واتاییەیە، کە هەڵگری زیاتر لە یەک لێکدانەوە و ڕاڤەیە، بەڵام بارت لە کتێبی خۆشی دەقدا بە زمانێکی بروسکەیی ئاماژە بە کۆمەڵێک کتێب و زاراوە لەوانە

کتێبی کۆبرا، زاراوەی ئیرۆتیکی ستریپ- تیز «خۆ ڕووتکردنەوە، چرکە نائارامەکانی خۆشی دەق، هەوەسبزوێن، هەوەس هەڵسێن- ئاخۆ هەوەس هەڵسێنترین شوێنی لەشێک ئەو جێیە نییە کە کراس دەترازێت «لادەدرێت» لەلا ڕێبوونی ئەخلاقیدا «کە گۆڕەپانی خۆشی دەقە» ، هەروەها ئەوەی هەوەسبزوێنە مەودایە، ڕەنگە خۆشیی جۆرێک لە ناخۆشی و بێزاری تێدا بێت، سەرخۆشیش جۆرێک هەستی لە دەستچوون لە ڕوویەکی دیکەوە، ڕەنگە چرکەکانی خۆشی و سەرخۆشی لەلایەک پێوەندی بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و خەیاڵی خوێنەرەوە هەبێت، لەلایەکی دیکەوە بە توخمی شیعرگەراییەوە، یان ئەو ترازان و لادانە زمانییەی لە جەستەی شاراوەی دەقدا بەرجەستە کراوە و هاوکات هەڵگری جۆرێک لە درز و کەلێنی درەوشانەوەی سپییە، ئەو لادان و ترازانە زمانییە لای «جان کوهین» پابەندە بە توخمی شیعرگەراییەوە، هەروەها ئەو کەلێن و بۆشاییەی ناو دەق لای «ئایزەر» هەم هانی خوێنەر دەدا، بۆ بەدواداچوون و ڕاڤە و لێکدانەوە، هەم خوێنەر هەوڵی پڕکردنەوەی دەدات، هەڵبەتە چەمکی بۆشایی ناو دەق لای «لاکان» زۆر بە قووڵی و وردبینییەوە جەختی لەسەر کراوە، دەقی خۆشی لای بارت «ئەو دەقەی ڕازی دەکات، پڕ دەکات، گەشکەگەیەنە و لە فەرهەنگەوە دێت و پێوەندی لەگەڵ چەشنێک کردەوەی ئاسوودەیی خوێندنەوە هەیە، دەقی سەرخۆشی، ئەو دەقەی هەستی لە دەستچوون دەدات، دڵساردت دەکاتەوە «ڕەنگە تا ڕادەی چەشنێک وەڕەز بوون» بنەماکانی مێژوویی، فەرهەنگی و دەروونی خوێنەر دەلەرزێنێ. پتەوی هەست و سەلیقە و بایەخەکان و بیرەوەرییەکانی، پێوەندی ئەو لەگەڵ زمان تووشی قەیران دەکات» .

ڕۆلان بارت لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبەدا لە جەستەیەکی نادیاری تێکست دەدوێت کە لە پێوەندی گەلێکی هەوەس بزوێنی شەهوەتی پێکهاتووە، واتە ئەو جەستە بەرچاو و دیارە نییە کە وشەناس و ڕێزماناناس و ڕەخنەگر و ڕاڤەکاران دەیبینن، ئەو جەستە شاراوە و شەهوەتییە جیاوازە نەخشە و ناوێکی تری هەیە، بۆیە لای بارت «دەق شتێک نییە، بێجگە لە پێرستێکی کراوەی چراکانی زمان [هەروەک چۆن خۆشی لەش لە مەیلی فیزیۆلۆژیک کورت ناکرێتەوە] کەواتە خۆشی دەق، ئەو ساتەیە کە لەشی من بەدوای بیرەکانی خۆی دەکەوێت، چونکە بیرەکانی لەشی من لەگەڵ بیرەکانی من یەک نین» ، کەواتە خوێنەر هەمیشە لەنێوان دەقی خۆشی و دەقی سەرخۆشیدا گینگڵ دەدات و سەرەڕای چێژبردن هەوڵی پڕکردنەوەی درز و کەلێن و بۆشاییەکانی دەقیش دەدات، بەتایبەتی دوای دۆزینەوە و دەستنیشان کردنی بنیادی شەهوەت ئامێزی دەقی کراوە، چونکە دەقی کراوە پانتاییەکی زمانییە سەرجەم کۆتوبەند و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئیتیک و مۆراڵی تێدا تێک شکێنراوە، زۆرجاریش خوێنەر لە ڕێگەی پڕشنگەکانی دەقەوە خەیاڵ دەیباتەوە و لەگەڵ چرکە تایبەتییەکانی خۆی دەژیت و هاوکات مەرگی دانەر «نووسەر» ڕادەگەیەنێت و حەز و ویست و ئارەزووەکانی خۆی دەنووسێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مەرج نییە هەموو لادان و ترازانێکی زمانی شیعرگەرایی لێ بکەوێتەوە، مەبەستم تێکستی جوان و سەرسوڕمێنە کە تێیدا زمان خەریکی گوزارەکردن و پڕشنگدانە، بەڵام سەبارەت بە خۆشیی دەق ڕۆلان بارت پێی وایە؛ خۆشیی دەق، دەقی خۆشی، ئەم زاراوانە لێڵ و دوو لایەنن، چونکە لە زمانی فەڕەنسیدا، وشەیەک نییە کە هاوکات خۆشی (دامرکاندن) و سەرخۆشی (لەخۆچوون) بگرێتەوە، کەوابوو لێرەدا، خۆشی بێ ئەوەی بتوانین ڕێگەی لێ بگرین «جاری وایە ئاوەڵایە بە ڕووی سەرخۆشی، جاری واشە لە بەرانبەری ڕادەوەستێت» . دواتر بارت لە میان ئەو لێڵییەی نێوان خۆشی و سەرخۆشییەوە کۆمەڵێک تەوەر و پرسیار دەورووژێنێت و هاوکات ئاماژە بە شێوازی گێڕانەوەی مێژووی مۆدێرنیتە دەکات، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی چەمکی خۆشی لەسەرخۆشی، چرکەکانی ڕاتەکان، ڕاوەشان، لە کیسچوون دەخاتە پاڵ سەرخۆشییەوە، بەڵام چەمکی خۆشی لای بارت نە سەر بە ئەفسانەی ڕاستڕەوەکانە نە چەپڕەوەکان، بەڵکو «خۆشی شتێکی بێ لایەن و بێ ڕەنگە، دەبینین کە خۆشیی دەق ڕیسواکەرە، نەک لەبەر ئەوەی نا ئەخلاقییە، بگرە بەهۆی ئەوەی بێ شوێن و بابەتە» ، لەلایەکی دیکەوە

بارت وەک دامەزراوەی تێکست باسی مەرگی «دانەر» دەکات نەک هەر مردووە، بەڵکو شوناسی کەسایەتی و ئەوینداری و ژیاننامەشی لەنێو چووە، ئیدی ئەو دەسەڵاتە باوکانە و مێژووییەی ئەدەبیات و نوێکردنەوە کە پێی سپێردرابوو نەماوە، ڕەنگە خوێنەر لە فەزای دەقدا بەدوای سیمای دانەردا بگەڕێت، بەڵام «سیمایەک کە نە وێنەی ئەوە نە تیشکی ئەو»، هەروەها خۆشیی دەق، یان دەقی خۆشی بەهۆی لاڕێبوونی گوێ ناداتە لایەنی ئایدیۆلۆژی، لە هەندێک دەقی خۆشیشدا بە پێچەوانەوە بۆ نموونە لە ڕۆمانی «وەچەخستن»ی «ئێمیل زۆلا»دا خەسڵەتی ئایدیۆلۆژی زۆر زەقە، وەک سروشتخوازی، خێزان ویستی، کۆلۆنیالیزم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش درێژە بە خوێندنەوەی کتێبەکە دەدرێت، ڕۆلان بارت زۆر بە وردی لە دۆزینەوەی بوارەکانی خەیاڵی زمان دەدوێت، وشە وەک یەکەیەکی تایبەت و سیحراوی، گوتار وەک دەربڕی بیر، ڕستە وەک پێوانەیەکی ژیربێژانە و تەواوکراو...تاد هەموو ئەو بەرهەمە دەستکردە هونەرییانە بوارەکانی خەیاڵی زانست لە ئەستۆی خۆی دەگرێ «زانست وەک بواری خەیاڵ». لێرەدا بارت لە ڕوانگەی «نیتشە»ـەوە ئاماژە بە چەندین بوار دەکات کە دراونەتە پاڵ زانستی زمان. لەوانە نیشانەناسی، شێوازناسی، ڕەوانبێژی...تاد ڕاهێنان، کردەی ئەخلاقی، تین و جۆش، کاری دووەم بریتییە لە دانانەوەی ئەو شتە لەنێو زانست کە دژیەتی... واتە دەق، دەق یانی زمان بێ بواری خەیاڵ، واتە ئەو شتەی زانستی زمان نییەتی تا بتوانێت گرنگی گشتی ئاشکرا بێت، یان هەر شتێک کە زمانناسی ڕەتی دەکاتەوە گوایە ناکەونە خانەی «زانستی پەسەندکراو و سەلمێنراو بەپێی ئەزموون» وەک گوزارەخوازی، سەرخۆشی، ئەوانەیە کە بە ڕاستی دەق لە بوارەکانی خەیاڵی زمان جیادەکاتەوە، چونکە دەق وێڕای سەرجەم کۆسپەکان خوێنەر سەرخۆش دەکات.

بارت زۆر بە وردی لە دەقگەلێکی مارسێل پروست دەدوێت و دەڵێت: ئەوە بە هیچ جۆرێک ماناکەی ئەوە نییە کە من پسپۆڕی پروست بم، پروست ئەو شتەیە کە بۆ لام دێت، نەک من بانگی بکەم، بۆ من دەسەڵاتێک نییە، تەنیا یادێکی بازنەییە، چونکە پێی وایە ژیان بەدەر لە هەر دەقێکی بێ سنوور مانا بەخشە، ماناش ژیان. دەکرێت پرسی گوزارەخوازی و خەیاڵی زمان و چەمکی خۆشی و سەرخۆشی لای ڕۆلان بارت لەم دەستەواژەی «ژاک لاکان»ـەوە سەرچاوەی گرتبێت کە سەبارەت بە نائاگایی دەڵێت: [پێکهاتەی دەروونی ناهۆشیار وەک پێکهاتەی زمان وایە] هەڵبەتە کردەی نووسین، بە تایبەتی شیعر کە زۆرتر دەکەوێتە خانەی داڕژانی نائاگاییەوە، کە زمان بۆ خۆی لەبنەڕەتدا سەر بەو خانەیەیە، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە حاڵەتی خۆشی و سەرخۆشی زۆرجار پێوەندی بە میزاج و جۆری خوێنەرەوە هەبێت، چۆن جوانی زۆرجار پێوەندی بە چاو و بینین و چۆنیەتی دەرکەوتنی جوانییەوە هەیە، بارت لە کتێبی «خۆشیی دەق»دا کاری لەسەر چەندین بیروبۆچوونی بیرمەند و ڕەخنەکار و دەروونشیکار و کۆمەڵێک دەقی ڕۆمانیش کردووە، ناکرێت لەم خوێندنەوە کورتەدا ئاماژە بە سەرجەم بیروبۆچوون و تێکستەکان بدرێت، بۆ نموونە وتەیەکی «لاکان» بەم شێوەیە لە بارەی «مارکیز دی ساد»ـەوە دەخرێتە ڕوو، هیچ شتێک لە پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆشیدا نییە، بەڵام بۆ نووسەر ئەو شتە بوونی هەیە، هەڵبەت «زمان» نییە، بگرە «زبان»ـە.. زبانی دایک، نووسەر ئەو کەسەیە کە لەگەڵ لەشی دایکی کایە دەکات، «بڕوانە وتەکانی «پلەینیت» لەمەڕ لۆترێنامۆن و ماتیس.. بۆ پەرستن و گەیاندنی ئاستی ئەو شتەی چیتر شێوەی لەشی پێوە نەبینم، دەڕۆم تا پلەی سەرخۆشبوون لە تێکچوونی ڕوخساری زبانی دایک، یان «باشلار» توانی ڕەخنەیەکی پەتی خوێندنەوە دامەزرێنێت، ڕەخنەیەک لەسەر بناغەی خۆشی دامەزراوە، خوێندنەوە- خەیاڵ بردنەوە، کە تێیدا جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکات، خلیسک، گەشکەداری، هەوەس بزوێن، یەکپارچە، دڵخۆشکەر...تاد، بەڵام هەرکە ئاسەوار چووە ژێر باری چەشنەکانی نڤیسار، خۆشیی جیرەی دێ و سەرخۆشی چەکەرە دەکا و «باشلار لێمان دوور دەکەوێتەوە»، بارت ئاماژە بە ڕۆمانگەلێک دەکات.

لە ڕووی خوێندنەوەوە دەڵێت: ئەمە خۆشیی منە، بەڵام سەرخۆشیم نییە، سەرخۆشی لای بارت پەیوەستە بەدەرکەوتنی شتێکی

تەواو تازە و نوێ، چونکە تەنیا نوێ دەتوانێت دەروونی ئاگا بورووژێنێت و لاوازی بکات»، بەڵام شتی تازە مۆدە نییە، بایەخە، بناغەی هەر ڕەخنەیەکە، هەڵبەتە ئەو ڕوانینەی «بارت» سەبارەت بە خۆشی و سەرخۆشی جەخت کردنە لەسەر چەمکی زمان، لای بارت هەر زمانێک کاتێک تووشی دووپاتبوونەوە بێت کۆن دەبێت، لێرە ئاماژە بە ماشێنی دووپاتکردنەوەی زمان دەدات لە دامودەزگا فەرمییەکانی دەسەڵات، قوتابخانە، وەرزش، ڕیکلامی بازرگانی...تاد هەردەم یەک پێکهاتە و یەک مانا کاوێژ و دووپات دەکەنەوە، یان لە کلێشەی ڕاستییەکی ڕامیاری و ئایدیۆلۆژیدا دەخولێنەوە، بەڵام تازەیی هەمیشە پابەندی سەرخۆشییە، فرۆید (لە مرۆڤی «باڵغ»دا، تازە بوون هەردەم مەرجی سەرخۆشی-یە). ڕەنگە مەبەستی «بارت» لە بابەتی کلێشە و دووپاتکردنەوەی وشەی بەدەر لە ئەفسوون و گونجان و جیاوازی، کاریکی نالەبار لە سیحری دەق بکات، هاوکات بارت لەم کتێبەدا کار لەسەر ئەم دەستەواژەیەی «نیتشە» دەکات کە دەڵێت: «حەقیقەت، شتێک نییە، بێجگە لە قایمبوونی خوازە کۆنەکان»، بۆیە بارت بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە دەڵێت «واچاکە لە بیری زانستێکی نوێی زمانناسیدا بین، ئەم زانستە نەک تەنیا لە سەرچاوەی وشەکان «ئیتیمۆلۆژی»، بەڵکو لە پێشکەوتن و چربوونەوە و وتاری مێژوویی بکۆڵێتەوە، لێرەدا ئەگەر هەمدیس بگەڕێینەوە لای بارت و لە حاڵەتی خۆشی و سەرخۆشی بدوێین، هەست دەکەین لای بارت خۆشیی دەق زۆر فەرهەنگییە «ڕۆشنبیرییە» [بەرهەمی دەستکردی ڕەوانبێژان] ڕێزمانناسان، زمانناسان، مامۆستایان، نووسەران، دایک و باوکان...تاد ئەو بەرهەمە هونەرییە دەسکردە کەم تا زۆر وەک گەمەیەک لاسایی دەکرێتەوە]، بەڵام [دەقەکانی سەرخۆشی، خۆشی پچڕ پچڕ، زمانی پیس پیس، فەرهەنگی پچڕ پچڕ، ئەو دەقانە لەو شتەدا لاڕێکەرن کە بەدەر لە هەر چەشنە مەبەستێکی ڕێ تێچوو.]

لای بارت دەقی سەرخۆشی بە تەواوی تێنەپەڕە، بەڵام لاڕێ بوون تەنیا ناتوانێت پێناسەی سەرخۆشی بێت، ئەوە دوا ئاستی لاڕێبوونە کە پێناسەی سەرخۆشی دیاری دەکات، هاوکات لای بارت هەموو یارییەکە، هەموو سەر خۆشییەکە لە نیگای یەکەم ڕوودەدات، واتە نیگای یەکەم دەسپێک و دەسپێشخەرە بۆ فەراهەم کردنی باری سەرخۆشی، ڕەنگە لە بینینی جوانی ناوازەشدا هەمان حاڵەتی سەرخۆشی ڕوودبدات، بارت بە شێوازێکی تێکچڕژاو لە هەردوو چەمکی خۆشی و سەرخۆشی دەکۆڵێتەوە، هەندێک جار کەشی خۆشی بە گەمەی شەترەنج دەچوێنێت، لە لایەکی دیکەوە بارت پێی وایە بۆ دەربازبوون لەو مەترسی و تەنگژە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە، دەکرێت هونەرمەند، یان نووسەر بوارەکانی بگۆڕێت، نووسەر ببێتە سینەماکار، یان نیگارکێش، یان نیگارکێش وتاری ڕەخنەیی دوورودرێژ لەسەر سینەما و نیگارکێشی بنووسێت، دەشتوانێت دەست لە «نقیسار» هەڵگرێت بۆ هەموو کات و تەنیا باسی بابەتی ئەخلاقی بکات، یان چیتر نەنووسرێت و کار و پیشە و حەز و هیوای بگۆڕێت-، ئەم حاڵەتانە لای بارت جۆرێک لە لێکدانەوەیە بۆ «ڕووخانی هونەر»، دواتر ئاماژە بە ژۆرژ باتای دەدات «کە لە بەرانبەر شەرم و حەیا، نەک ئازادی سێکسی، بگرە پێکەنین دادەنێت».

بارت پێی وایە کە خۆشی پەرستی کەم تا زۆر لەلایەن هەموو ڕێبازە فەلسەفەییەکانەوە دەمکوت کراوە، تەنیا لای هەندێک فەیلەسووفی پەراوێز خراو نەبێت وەک ساد، فووریە...تاد» لای نیتشە خۆشی پەرستی چەشنێک ڕەشبینییە، بارت بە وردی باسی مەیل و خۆشی و سەرخۆشی و جوانناسی و سەرخۆشییەکانی دەق و ژیان دەکات.

بارت زۆرجار بە شێوازێکی هێمایی لە بابەتەکان دەدوێت و ڕاستەوخۆ واتاکان نادرکێنێت، [سەرخۆشی بێ ئەوەی بتوانێت شتێک لە دەقدا بدرکێنێت، موچڕکی هەڵوەشانەوەی خۆی بەسەردا تێپەڕ دەکات]، یان ئەو نموونانە دەخاتە بەرچاو کە ئاماژەن بۆ وتەکانی بیرمەندگەلێک، [هەر جارێک هەوڵ دەدەم دەقێک شی بکەمەوە کە خۆشی بە من داوە، ئەوە خۆیەتی، خۆم نییە کە دەیدۆزمەوە، بگرە تاکی خۆمە، بەشێکی بنەڕەتی کە لەشی من پێکدێنێت، جیا لە لەشەکانی تر و ژان، یان خۆشی دەداتێ، ئەوە لەشی سەرخۆشییەکە دەدۆزمەوە، ئەو لەشی سەرخۆشییە، هەروەها بکەری مێژوویی منە].

بەرلەوەی لە پۆلێنکارییەکانی خوێنەر بدوێین، کە ڕۆلان بارت لەم کتێبەدا پۆلێنی کردوون، پێم باشە. چەمکی «Hedonism» پێناسە بکەم، کە بەشێکی زۆری نووسینەکانی «بارت»ی داگیر کردووە، هەروەها زۆرجار خوێنەر لای بارت کەسایەتییەکی هیدۆنییە، یان شەهوانییە، چونکە هیدۆنیزم تیورێکی ڕەوشتییە و چێژ و بەختەوەری بە خێری مەزن و ئەوپەڕی مەبەست دەزانێت، بۆیە لای بارت لە بنەڕەتدا دوو جۆر خوێنەر بوونی هەیە، یەکەمیان ئەو خوێنەرەکە کە چێژ و موتعە لە تێکستەکەی بەردەستی وەردەگرێت، دووەمیان دەقەکە وەلا دەنێت و لە ڕێگەی خەیاڵ بردنەوە ڕووە و جیهانی شیمانەکراو «ممکنات» هەنگاو دەهاوێت، لەبەر ئەمەشە کە چێژی خوێندنەوە، یان خۆشی و سەرخۆشی کردەی خوێندنەوە لای بارت زۆرجار دەگاتە حاڵەتی «غەیبووبە» و خوێنەر بە هەستێکی هیدۆنیزم لە جەستەی مێینەی دەق نزیک دەکەوێتەوە و بەدوای چێژی ئیرۆتیکیدا دەگەڕێت، بە تایبەتی دوای دەستنیشان کردنی بنیادی سێکسی، بەڵام بارت لە کتێبی «خۆشی دەق»دا، بەم شێوەیەی خوارەوە جۆرەکانی خوێنەر پۆلێنبەند دەکات.

١- خوێنەری فتی شیست: خۆی لەگەڵ دەقی کونکراو، پارچە پارچە بوونی وتە وەرگیراوەکان، ڕستە قاڵبییەکان، پیتە چاپییەکان و خۆشی وشە ڕێک دەخات.

٢- خوێنەری خولیایی: حەزی لە واژە دەبێت، لە زمانی ناسەرەکی و دەست لێبردراو «دەستبەتاڵ» سەر زمانەکان «ئەم پۆلە هەموو زمانناسان، هێماناسان و پسپۆڕانی وشەی کۆن، لێک خڕ دەکاتەوە» هەموو ئەو کەسانەی کەڵکەڵەی زمانیان هەیە.

٣- خوێنەری پارانۆیا: دەقی پڕ پێچوپەنا، بەسەرهاتی بەڵگەخواز، شا ڕستەی پڕ لە یاری و یاساوڕێسای شاراوە بەرخۆر دەکات، یان بەرهەم دێنێت،

٤- خوێنەری هیستیریک: تەواو پێچەوانەی خوێنەری خولیاییە، ئەوکەسە کە زۆر گەوجانە باوەڕ بەو شتانە دەکات دەق دەیڵێت، دێتە نێو کایەی بێ بناغە و ناڕاستی زمان ئیدی بکەری هیچ نیگایەکی ڕەخنەیی نییە و خۆی داوێتە نێو دەق، «هەڵبەت ئەو خۆ هاویشتنە زۆر جیاوازە لەخۆدانە پاڵ دەق»، بەڵام لای بارت خوێنەر بەگشتی بوونەتەوەرێکی پاک و بێگەرد «بریء»، یان بێبەری نییە، چونکە خوێنەر مرۆڤە و مرۆڤیش لە چرکەکانی حەز و ئارەزووکردن و خۆشی بردن و سەرخۆشی و بڕیارداندا بارستاییەکە لەنائاگایی، کەواتە مرۆڤ ئەو بوونەوەرە ڕەوشتپەروەر و پایەدار و ئەقڵگەراو بلیمەتە نییە کە وەک ڕووکارێکی بەرچاو و دیار خۆی دەردەخات، بە پێچەوانەوە لە ناخدا هیدۆنییەکی ڕەفتار دڕندەگەرایە و زۆربەی حەز و ویست و ئارەزووەکانی لە غەریزە هاروهاجەکانییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام تێکست (بە مانای پارچەی چنراو)، یان ئەو پارچە چنراوە زمانییە وەک بەرهەمێک، کە لای ڕۆلان بارت لە پشت ئەو پەردە چنراوە دیار و بەرچاوە مانا خۆی حەشار داوە و بکەر لە ناخی ئەو چنراوە ونبووە، هەڵدەوەشێن، «وەک جاڵجاڵۆکەیەک کە لەنێو دەردانەکانی دروستکەری جۆلانەی خۆیدا دەتوێتەوە»، لێرەدا بارت ئاماژە بە تیوری دەق دەدات، وەک هیفۆلۆژی «هیفۆس یانی تەنراوە داوی جاڵجاڵۆکە.. هەروەها تیوری واتاخوازی دەق لای ژولیا کریستیڤا، چەمکی خۆشی و سەرخۆشی لای ئێپسکۆر و دیدرۆ و ساد و فووریە، کە هەریەکێک بە شێوازی خۆی لە کەشی خۆشی و سەرخۆشی دەڕوانێت، ڕۆلان بارت لە کۆتایی بابەتی خۆشی و سەرخۆشی دەقدا کۆمەڵێک تێمەی دیکە دەوروژێنێت کە پێوەندییان بە دەق و خوێنەرەوە هەیە، لەوانە نڤیسار بە دەنگی بەرز، یان ئەو نڤیسارە دەنگییە کە لەگەڵ وتە جیاوازە کە «ئارتۆ» پێشنیاری کردبوو، نووسین، ناولێنان، گۆڕینی ڕێنووس و ڕشانەوە، دەربڕین و دەقی دیار و نادیار، زمان و هونەری میلۆدی و سینەما. لە کۆتایی کتێبەکەدا دکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی فەرهەنگێکی تێروتەسەلی لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی ئەو بیرمەند و ڕۆماننووسانە ئامادە کردووە و کە ڕۆلان بارت لە کتێبەکەدا ئاماژەی پێ داون.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: خۆشیی دەق**

**ناوی نووسەر: ڕۆلان بارت**

**وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە: دکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی**

**کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١٥**

**چاپی یەکەم: ٢٠١١، چاپخانەی ئاراس**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر**

# به ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

ئەحمەد حەقناس
(بۆکان)

شیعر خەوێکە کە دێت و دەبێتە میوانی ڕوحیانییەتی چاو و هۆنەر و بیرکردنەوە. وا دەکا ئێمە بۆ لای بچین، بە نێوان گەڵاکانی سەرنجەوە تێدەپەڕێ و لەسەر لقی هەست، وشە دەپێچێتەوە بۆ ئێوارانی خەیاڵی ڕاماندەکێشێ، لەسەر فەرشی دەغدەغەی نوێبوونەوە و ئایندەلۆژی دامانئەنیشێنێ. وەک ژیان لەسەر چوارڕێیانی چاوەڕوانی سەوز بوونەوە، لەسەر فەرشەوە بیر و خەیاڵ بۆ سەر عەرشی گردبوونەوە دەبا.

**انسان**
**خیلی وقت ها قشنگ است**
**مانند دریا و**
**قناری و بهشت**
**و خیلی وقت ها... نه**
**من همیشه در کمینم**
**من شکارچیم**
**من...!**

"وەرگێڕ: حەقناس، ل١٦١، ادب هنر - تهران، ژ ٢١٢"



سێبەری خۆتم لێ حەرام مەکە، کۆمەڵە شیعری- حەمە عەباس- شاعیرە بڕوا بە بوونەوەی نوێبوونەوە، جا لە هەر ئاستێکدا بێ، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا پلەیەکی گەورەیە، زیندوو بوونی ماهییەتی شیعرە. دەغدەغەی ڕاستی زاکیرەی مرۆڤە کە لە پشت پەنجەرەی وشەکانەوە، سەیری دەنگەکان دەکات و شیعر دەخاتە لەنجە و سەمایەکی نوێبوونەوە تا زمانی شیعر زیندوو بوونی خۆی لە دەست نەدا.

**لە خۆم تووڕە دەبم و**
**لەگەڵ خۆم ئاشت دەبمەوە**
**لە تووڕە بوونا... خوێن**
**لە ئاشتیدا... بەفر**
**بەفرەخوێن بەژنی تەمەنمی تەنیوە**
- ل٣

شاعیر لێرەدا باس لە تووڕەییەک دەکا، ڕەنگە زۆر کەس نەتوانێ ئەم تووڕەییەی پێ تامڵ بێ، یان شتەکان بە پێچەوانەوە پێوانە بکا. ڕەنگە زوو ئاشت بوونەوە زۆرجار ڕەنگەکان بە قازانجی کەسی تووڕە بەرز بکاتەوە، بەڵام شاعیر ئەمەی زانیوە، بۆیە زۆر بە جوانی توانیویەتی لەم - تەسویرە - ڕەنگالەییەیدا ئەوە بە خوێنەر بڵێ دەتوانرێ بە ئارامی هەموو شتەکان ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ. لەسەر ئەم

چەمکخوازییە بە فۆرم و بنیادی زمانی تایبەتی شیعر گەیشتووە.

**سەدان لاپەڕەی لەسەر نووسرا و**
**هەزارانی تریش**
**هەموویان زێدەگۆیین**
**هەڵبجە**
**تەرمێکە واق وڕماو**
**لە خۆی نەبێ، لە هیچ ناچێ... -** ل١١٧

لە پاڵ ئەم بیرۆکە جوان و خەیاڵییەدا، زامی شارێک دەخاتە چوارچێوەی شیعرێکەوە. پڕ بە گەرووی مرۆڤایەتی هاوار دەکا و کەسایەتی هەڵبجە بە مەزنایەتی دەنرخێنێ. پێچ بە پێچ و ڕێگا بە ڕێگا و مۆم بە مۆم، هەزاران ڕێ و مۆم و پێچ، گیانی پڕپڕ کردووە لە مۆم تا ڕووناکی بە هەڵەبجەی شیعری ببەخشێ. بە هەڵخلیسکانێکی چکۆلە توانیویەتی نهێنی ڕابردووی شارێک بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە.

**تامی سێوم لە دەم خۆشە**
**کرمەی سێو لە بن ددانما**
**وەک مەستییەکی ڕەها تێرم دەکا**
**سێو**
**ئەگەر لەبن کراسێکی بەتاڵی**
**کچانەش بێ**
**پێی شاگەشکە دەبم -** ل١١٥

شاعیر لەم کۆپلەدا تامو چێژ و جوانی کچی تێکەڵ دەکا و لەگەڵ یەکتردا لە ڕووی جوانی و تامەوە لێکی چواندووە. وێنە جوانەکانی شیعری بەربڵاوتر کردووە. دۆزینەوەی دیمەنی جوانی سروشتەکە وا دەکا تا سەرنجی خوێنەر و ڕەخنەگر بۆ نێو نوێبوونەوەی شیعر ڕادەکێشێ و خۆشییەک بە خوێندنەوەی دووبارە بوونەوە دەناسێنێ.

**سێو**
**ئادەم ناحەقی نەبوو خواردی**
**من حەقی خۆمە شەیدای بم**
**سێو... بەهەشتێکی لە دەست دام**
**سێو بەهەشتێکی لە دەس نام**
**سێو -** ل١١٦

دەیەوێ هەر بەو زمانەوە داوا بکا کە ڕۆژانە خەڵک بۆ ئاخاوتن بە کاری دێنن، هەر ئەو وشانەی بە کار هێناوە کە لە وتووێژی ڕۆژانەدا بە کار دێن، بەڵام شاعیر مانایەکی تری پێ بەخشیون و فەرهەنگێکی بۆ ئامادە کردوون، جیا لەو فەرهەنگەی ڕۆژانەی جەماوەر. ئەوەیش دەرخەرێکە بۆ سەلماندنی توانایی شاعیر بۆ زاڵبوون بەسەر دەسەڵاتی شیعرییەتی تایبەت.

**ڕەنگ نییە بە بنار گوڵی کێوی**
**خەونێکما هەڵگەڕێم**
**دەنگ... دەنگ**
**زریزەی پەراسووەکانم**
**لێکدەترازێنن**
**بە سەر چەرمە قەپێلکما**
**نەرمە گۆشتم دادەڕژێننە سەر**
**کوانووی ئەفسوونی نەفرەت و**
**شەختە بەندی تابووت -** ل٢٣

ئەم وێنە شیعرییە بەربڵاو و فراوانە لە لایەن شاعیرەوە شازدراوە ئازار و خەمێکی ئەوەندە بە بڵێسەیە لە دەروونیدا، لەبەر تینی گڕدا سووتاوە و بۆ دەربازبوون پەراسووەکانی شکاندووە. شەختە بە خاڵی تابووت دەشوبهێنێ و گەمەی زمانی شیعری پێ خولقاندووە.

**چیتان داوە بە سەر منا**
**ئەژنۆکانم کلیل دەدەن**
**بووکە شووشەی نێو کەژاوەی**
**ڕوحی چەماوە و شپرزەی ئایندەم**
**بە بزماری سنوورەکان بسمیل**
**دەکەن -** ل٢٣

تا بۆی کراوە لە دیاردەوە دیمەنی جوانی لەشی مرۆڤ بوون، وێنەی کێشاوە، کردوویەتی بە شیعر، کە بەوپەڕی وردەکارییەکی جوانەوە تاودانی هزری شاعیر پیشان دەدات. بەم جۆرە توانیویەتی هونەری ڕەسەن و ناڕەسەنیەتی هۆنراوە بپارێزێت. وەک باخەوانێ باخەکەی ڕازاندووەتەوە و تا بێ تەماشاچی زیاد دەبێت.

**پەنجەرە**
**دەرگا**
**کولانکە**
**درزە چکۆلە و**
**قەڵەشە زلەکانم گرتن.**

لێرەدا خەم و دۆخی ڕوحی و ڕەوانی - حەمە عەباس - بە هۆی نەبینینێ کرانەوەیەک بۆ خوێنەر دەردەکەوێت. ئەگەر شاعیر زۆرجار دەکەوێتە گەڕ، دوای تەنگ و چەڵەمە و کردنەوەی ماتەمینەوە بە هۆی نا ئازایی لە یەک گەیشتن بووە کە وەک ئاسکی سرک و کێوی، ڕەمی کردووە، بە جارێ تووڕە بووە و دەڵێ:

**چەند ساتێ**
**چەند هەناسەیێ**
**پاک وەک هەوایی پێش ئادەم و**
**پاش وەجاخی تێک شکاوی**
**نەفرەتیان لێ بێ**
**ساپیتەی ژوورەکەمیان**
**وەک کڵاوێکی زلی**
**سەرێکی بچووک ڕفاند**
**هەوایی بۆن داری مرۆڤیان**

**له دنیای خۆمیان دابڕی** - ل٩

دەبینرێ ئەم تووڕە بوونە هیچی لە ماهییەتی شیعری کەم نەکردووەتەوە. پێوەندییەکی فەلسەفەیی و دیالەکتیکی لە هەستی شاعیردا دەبینرێ و لە تەک هەستی خۆیدا دەکەوێتە وتوویژ و لێکدانەوە و دەگاتە ئەنجامی موناقەشە، ئەوەمان نیشان دەدا بەرەو خەملاندن و پێگەیشتنی شیعری هەنگاو دەنێ.

**هەمیشە بە ڕەنگ دەست پێدەکەم**
**وەک ئەوەی لە هەموو ڕەنگەکانی دنیا**
**ڕەنگێکم نەبێ**
**کە دەزانم شینایی ئاسمان هی منە**
**بڵقە سپییەکانی باران و**
**ڕەشایی پەچی یار و**
**زەردایی خۆرەتاو**

شاعیر لێرەدا باس لە ڕەنگێ دەکا کە بتوانێ پێی بنووسێ و لەسەر هەستێک وەک نیشتمانی پێی بگەشێتەوە، نەک ئەو ڕەنگە خەیاڵییە نیگار کێشەی کە بۆ کردنەوەی فلچە و پەنجەی ئاوێنەی کێشانەوە دەکا تا بتوانێ دەرگایەک لە هونەر بکاتەوە.

**خەونە سەوز سەوزەکانی بەرەبەیان هی منن**
**خوێنێکی سوور سووریشم هەیە**
**بە بێ دەنگی دەست بە ڕەنگەکانمەوە دەگرم**
**نەبا کاڵ ببنەوە و**
**لە بێ ڕەنگیا بمرم** - ل١٤٧

هەموو خەوێک ڕاستییەکی تێدایە کە شاعیر زۆر جوان تەعبیری ئەم خەونە شیعرییەی لێک داوەتەوە تا نەهێڵێ ئەو خوێنەی جارێک ڕژاوە، جارێکی تر برژێتەوە. هەموو ساتێ تۆزی سەر ڕەنگی ئاڵاکەی ڕادەماڵێ، تا ڕێ لە کاڵبوونەوەی بگرێ دەنا لە دواڕۆژدا خۆی و نەوەکانی بێ دەنگ لە پاڵ ڕەنگە کاڵ بووەکانەوە هەڵدەوەرن. زۆر زیرەکانە توانیویەتی ئەم ڕێنماییە جوانە لە شیعرێکی سەرکەوتوودا، وەک هۆیەکی مێژوویی بە خوێنەر ڕابگەیەنێ.

**فریشتەی تاوانەکان هاتن**
**ڕوویان لە تەنیمۆک گرتم**
**گوڵی نەفرەتیان**
**بە سەر سەنگی دۆزەخیما هەڵواسی**
**ئۆخخەی... خۆ ماچیان نەکردم.** - ل٣٨

ئەم دێڕە شیعرە بە ئۆخەیەکی خوێندنەوە جێ دەهێڵن. بۆ خوێنەری خوێندنەوەی هەموو شیعرێکی سەرکەوتووە. هەر ئەوە ماوە بڵێین - حەمە عەباس - لەو شاعیرە دەگمەنانە دێتە ژمار، هەمیشە دەرخەری ڕاستییەکانە و هەرگیز بە ئارەزووی درێژ بوونەوە، بە زۆر خۆی نەخزاندووەتە سەر فەرشی شیعر.

**بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە**
**لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە**
- گۆران -

**بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی هەژدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە**

# (ڕامان) گۆڤاری قەڵەمە جیاوازەکان

**نەژاد عزیز سورمێ**

لە ساتە خەمناکە تاریکەکاندا هەمیشە خولیای ئەوە دێ زۆرجار مرۆڤ گۆرانی بچڕێ وەک بەشێک لە خۆدزینەوە و لە هەمان کاتدا ئاشت بوونەوە لەگەڵ خود..

گۆڤاری (ڕامان) و هاوشێوەکانی کە بەداخەوە لە ناو هەرای بێ سەروبەری ڕۆژنامەگەریماندا لە پەنجەی دەستێک ڕەت ناکەن، هەمیشە ئەو مەقام و ئازیزە و گۆرانییە بووە زۆرمان تەنیایی خۆمان پێ دەستەمۆ کردووە.

ئەگەر نەخشەی تەمەنی (ڕامان) لەولا دابنێین کە چەندین ساڵە بۆ خۆی کێشاوە و لەسەری دەڕوا، ڕامان لەوەدا سەرکەوتوو بووە ئاوێنەی کولتووری و نموونەی ڕۆژنامەگەریی کولتووریمان بێ، لە ڕۆژگارێکدا گێژەنێک بەرەنگاری زمان و ئەدەبی کوردی بووەتەوە بزەی بە کوێستانانەوە نەهێشتووە و هاژەی لە ڕووباران بڕیوە..

ئەمە ڕاستییە.. تۆمارێکی بە سەنگە بۆ ئێستاو بۆ مێژوویش کە تێکستەکانی (ڕامان)ی تێدا دەمێنێتەوە، بەوەی گۆڤاری هەموو قەڵەمە جیاوازەکان بووە.

لای من بەردەوامی بڵاوبوونەوەی (ڕامان) بەو قەوارەیە و لەکاتی خۆیدا گرینگی خۆی هەیە، ئەگەرچی لەهەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆی دنیای ڕۆژنامەوانیی، بە تایبەتیش (ڕۆژنامەگەریی یەک بابەت- متخصص) کە (ڕامان)یش وەک گۆڤارێکی تایبەت بە ئەدەب و کولتوور دەچێتەوە هەمان خانەوە، لێ جێی داخە بازاڕیان لەچاو بڵاوکراوەی ناقابیل و ناجیدی دیکەدا کزبێ، بەڵام

وەک وتم بە تەنیا بەردەوامیی ڕامان شەوقی ئامادەییەکی نکوڵی لێنەکراوی پێداوە، ئەگەر لەو ڕوانگە سادەیەوە لێی بڕوانین کە زۆر بڵاوکراوەی دی هی خۆمان و هی دەوروبەریش کە هەندێکیان تەمەنێکیان هەبووە خۆیان لەبەرانبەر لێشاوی بێ ئامانی نەبوونی و بێ خاوەنی و بێ دەرفەتی ڕۆژگاردا پێ ڕانەگیراوە..

ئێستاش پێم سەیرە بۆچی گۆڤاری لە چەشنی (نووسەری کورد) و (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (کاروان) و (ڕۆژی کوردستان) و (ئاسۆی فۆلکلۆر) و هی تر لە وەشاندن وەستێنران و کەس لێی نەپرسینەوە! ئەمە لە حاڵێکدا ئەمڕۆ بەدەیان گۆڤاری دیکەی بێ کەڵک بە باشترین شێوە لەم لاو لەولادا بڵاودەکرێنەوە، لە کاتێکدا هەر هیچ نەبێ ئەو گۆڤارانەی ناوم هێنان ڕۆڵی بەرچاو و مێژووییان لە بزاڤی ڕۆشنکردنەوەی



کولتووریی و ئەدەبی و ڕووناکبیریماندا دیوە.. ئەو ڕۆژە لە شوێنێکدا خوێندمەوە کە گۆڤاری ناسراوی (الآداب)ی بێرووتی بەهۆی نەبوونییەوە بە مەرەدی هەردوو گۆڤاری (الکرمل)ی مەحموود دەروێش و (الآخر)ی ئەدۆنیس چووە کە لەلایەن کچی خوالێخۆشبوو (د. سوهێل ئیدریس)ەوە تا ئەم دوا دواییانەش بەردەوامی پێ درابوو..

تۆ وەرە بپەڕەوە ئەم بەرو ئاوڕێک لە ڕۆژنامەگەریی لەو جۆرەی فارسی بدەوە، ڕەنگە ئێستا گۆڤار و بڵاوکراوەی کولتووریی چاک لە ئێرانێ دەربچن، بەڵام دیسان گۆڤاری (سخن)ی ڕۆژگاری خۆی نیشانە و نموونەیەکی بەرجەستە بوو لە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی هاوچەرخدا، یان گۆڤاری (الکلمة) و (الاسفار)ی بەغدایی و زۆری دیکەش کە لە نیوەی ڕێگادا مانەوە..

کەواتە بەردەوامی (ڕامان) لە خۆیدا مەسەلەیەکە دەخوازێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ و بەهەند بگیرێ.

لایەنێکی بەبایەخی دی ڕامان کرانەوەی بێ پەروایەتی بۆ لەباوەش گرتنی قەڵەمی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵات؛ شانازییە بۆ ڕامان کە بووە بە پردی ڕووبارە زوڵاڵەکە..

لە ڕووی هەمەڕەنگی و هەمەلایەنی و هەڵەچنی و هەڵبژاردنی بابەتیشەوە لێم نەخوێندۆتەوە تافتەی درشتی بڵاوکردبێتەوە، یان دواکەوتبێ، هەرچەندە ئەوە ناشارمەوە، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا ستایلێکی تایبەت بەخۆی لە دیزاندا پاراستووە، بەڵام پێم وایە ئیتر وەختی هاتبێ لە ڕووی تەکنیکی نەخشەکێشان و ڕازاندنەوەدا، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی وێنە و مۆنتێڤ و قەڵەمکێشی هەمەجۆر و تایپۆگرافیاوە پێویستی بە دەستێوەردانێک هەبێ تا زیاتر سەرنجی گەنجان ڕابکێشێ و بەلای خۆیدا ڕایان بکێشێ کە دەبینم زۆر قەڵەمی تێدا هەڵکەوتووە.

پێم خۆشە ڕامان بەردەوام بێ و هەمیشە ئەو گۆرانییە بێ تەنیایی پێ دەستەمۆ بکرێ.

با وەچە بیداتە دەست وەچە و هەمیشە کامی ساتە تاریکەکان و ئەفسوونی فەنتازیا و گۆڤاری قەڵەمە جیاوازەکان بێ.






# لە بێ تەعەسوبی کوردان

د. هیوا شەمسی بورهان
(لیل - فەڕەنسا)

* لەو چەند ساڵەی کە هەرێمی کوردستان لە باکووری عیراقدا پێکهاتووە و وردە وردە لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی گەشەی کردووە، زۆرجار ڕووناکبیران و زماناسەکانی کوردی ڕۆژهەڵات گلەییان دەربڕیوە لەسەر شپرزەیی و بایەخ نەدانی پێویست بە ڕێزمانی کوردی لە میدیاکان و لە نووسراوەکاندا. زۆربەی ڕەخنەکان و گلەییەکان لە ڕووی دڵسۆزی و بێ گومان بەجێ بوون. بەرپرسان و کەسایەتییەکانی باشووریش سەرنجیان بۆ ئەو مەسەلەیە ڕاکێشرا. نموونەی ئەو ڕەخنانە زۆرن: «فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی» ، بەکارهێنانی وشەی «بەرداش» لە باتی بۆچوون و تێ گەیشتن، باو بوونی «گفتوگۆ» لەباتی وتوویژی ڕەسەن... تاد زۆربەی ئەو ڕەخنانە دروست و پێویستە ئەکادیمیای کوردی هەڵوێستیان لەسەر بگرێ و خەڵک بزانن چ دروستە و چۆن دەبێ بنووسن تا بەرە بەرە زمانێکی پاراو و ڕەسەن و پتەو لە منداڵییەوە فێری خەڵک بکرێ و پێناسەی زمانی کوردی بە باشی جێی خۆی لە دنیادا بکاتەوە. ئەو کارە کە ئێستا کورد لە باشووری کوردستان مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە شتێکی گونجاوە و دەکرێ، هەربۆیەش کوردی کوردستانەکانی تر چاوەڕوانی سەقامگیری کوردییەکی ستاندارد و کەم عەیبن. ئەو شتەی لێرەدا دەمەوێ باسی بکەم زۆرتر گۆڕانکاری بەسەر زمانی کوردی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا شتێک کە سەرنجی ڕاکێشاوم، فارسی کرانی زمانی کوردییە، بە تایبەتی لەنێو توێژی گەنجی کوردستانی ئێراندا، ئەویش نەک لە باری ڕێزمانەوە، بەڵکو لە باری فۆنێتیکەوە. شتەکە هێندە زەق و بەربڵاو بووە کە هێندێک قەڵەم بەدەستی کورد بابەتی تەنزی پێ ساز دەکەن، بەڵکو خەڵک لە ناشیرینی ئەم گۆڕانکارییە بگا و وازی لێ بێنێ.

* ئەوانەی زماناسن و دەرسی ئەم بوارەیان خوێندووە زۆر باشتر دەزانن کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەر زمانێک فۆنێتیکی زمانەکەیە، ئەگەرچی زمانی کوردی زاراوە و دیالێکتی جیاجیای هەیە، بەڵام بەگشتی فۆنێتیکی زمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەم لایەنە لە زمانەکانی دیکە دەناسرێتەوە. هەروەک چۆن عەرەبی و فارسی و تورکی فۆنێتیکی تایبەتی خۆیان هەیە و لێک جیاوازن. بۆ نموونە زۆر وشەی عەرەبی هاتوونەتە نێو زمانی فارسی، بەڵام هەموویان جلی فۆنێتیکی فارسیان دەبەرکردووە تا لە زاران بێگانە نەبن. لە عەرەبیدا «ض» لە باتی «دال»ێکی قەڵەو بەکاردەهێنرێ، «ظ» وەک «ز»ێکی قەڵەو گۆ دەکرێ، «ذ» دەنگی «ز»ێک دەدا کاتێک زمان بە دوو ددانی پێشەوە نووسابێ. ئەو چوار پیتە هەر کام دەنگی خۆیان هەیە، کەچی لە فارسیدا هەموویان بە دەنگی «ز» گۆ دەکرێن، واتە فۆنێتیکی عەرەبی و فارسی لێک جودان.

* لە کوردی ناوچەی موکریاندا دەنگی «ڤ» [بەرانبەر vی ئینگلیزی] لە چەند وشەیەکدا (وەک: حەڤدە، گۆڤار... تاد) نەبێ زۆر کەم وەبەرگوێ دەکەوێ، بەڵام گەنجی ئێستای مەهاباد کە دڵی موکریانە و مرۆڤی وەک هەژار و هێمن و دەیان مامۆستای دیکەی پێشکەش بە ئەدەبی کوردی کردووە، لەبەر لاسایی کردنەوەی زمانی فارسی تاران کە بە هەڵە زمانی مۆدێرنی ئێرانە، زۆر فۆنێتیکی کوردیان وەلا ناوە. زۆر «و»ی کوردی کە بەرانبەری دەنگی Wی ئینگلیزییە بە «ڤ» گۆ دەکرێن، چەندین جارم گوێ لێ بووە: ڤەرە، ڤامەکە، ڤەخشەتناکە،...! ئەوە سەرەڕای کۆمەڵێک وشەی فارسی کە خزیونەتە زاری لاوان و لە کوردیدا بەرانبەرمان بۆیان هەیە، بەڵام ئەوان دەکاریان ناهێنن. لەوەی لە ئێراندا خوێندن بە کوردی نییە و ئیمکانیات بۆ فێربوونی کوردی زۆر بەرتەسکە، هیچ گومانێک نییە، بەڵام گۆڕینی فۆنێتیکی زمانێک بەدەستی خودی خەڵک بێ هیچ زەبرێکی دەرەکی، دیاردەیەکی سەیرە.

* ئەوەی کە بۆ زمانی گەنجانی مەهاباد لە چەند ساڵی ڕابردوودا تووشی ئەو خۆ دۆڕانە بووە، بابەتێکی زۆر قووڵە و توێژینەوەی سیاسی- کۆمەڵایەتی خۆی دەوێ و لە توانایی مندا نییە. تەنیا پێم باشە لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە قەڵەم بەدەستان و ڕووناکبیرانی کورد زۆرتر لەو بابەتە ورد بنەوە و بە هێندی بگرن. بەڕاستی ئەگەر وا بڕواتە پێش، توێژی گەنج بە تەواوەتی لە فۆنێتیکی ڕەسەنی زمانی دایک و بابیان هەڵدەبڕن و لە کوردی دەوڵەمەند و ڕەسەنی موکریانی، زمانێکی شڕی بێ سەروبەر بەجێ دەمێنێ کە نە فارسییە، نە کوردییە.

* لە گۆڤار و نووسراوەکانی کوردستانی ئێراندا قەت بابەتێکی باش و پتەوم نەدیوە هێندێک لەو مەترسییە وردبێتەوە و بیەوێ خەڵک ئاگادار کاتەوە، ئەگەرچی مافی خوێندن بە زمانی دایک هەتا ئێستا نەدراوە بە کورد و گەلانی دیکەی ئێران، بەڵام مەسەلەی گۆڕینی فۆنێتیکی زمانی ئاخاوتن، بەڵایەکی تازەیە کەوتۆتە گیانی زمانەکەمان و دەبێ زۆر وریا بین، بەجێی دەزانم هەموو دڵسۆزان و کاربەدەستانی ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتدا بایەخ و گرینگی زۆرتر بدەن بەو ڕەوتە بەرلەوەی ڕەخنەکانمان لە دۆخی کوردی لە باشووردا هێندە زۆربن کە هێندێک کەس گومانیان بۆ دروست بێ لە ئامانجی ئەو ڕەخنە دڵسۆزانە و خێرخوازانە.

* بە ناشکوری ناڵێم ئەو شتەی کورد خەریکە بەسەر زمانی خۆی دێنێ باوەڕ ناکەم دوژمنی قەستەسەریشی توانیبێتی بیکا. چەندە جوانی فەرمووە حاجی قادری کۆیە:

**وەکو جۆلایێ کە ڕازی نەبێ بەسەردڕی خۆی**
**مەڵێن فەساحەتی کوردی بە فارسی ناگا**
**بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانێ نایگاتێ**
**لە بێ تەعەسسوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەها**